17

# ڕۆژنامەنووسی

گۆڤارێکی وەرزیی تایبەتە بە کولتووری ڕۆژنامەنووسی

## ڕاپۆرتی سێیەمی لیژنەی داکۆکی
## لە ئازادی ڕۆژنامەنووسیی و مافی ڕۆژنامەنووسان

## ڕاگەیاندراوێك لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە

## نوێترین بنەمای ئاکاری ڕۆژنامەنووسیی

# با..چی دیکە ئەشکەوتی ((جاسەنە)) لەبیر نەکرێ...!

فەرهاد عەونی

رووداوە سیاسی و سەربازییەکانی بەهاری ساڵی ١٩٢٣، هەرچۆنێک بووبێ، بوو بەهۆی پاشەکشێی لەشکری کوردستان، لە سلێمانی پایتەختەوە بۆ ناوچە شاخاوییەکانی دەوروبەر بە سەرکردایەتی شێخ مەحموودی نەمر ئەویش بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوە بە جۆرێکی دیکە لەگەڵ لەشکری ئینگلیزی داگیرکەر. دیارە ئەوسا لەبەر نەبوونی هاوسەنگی **(تکافۆ)** لەنێوان هێزی دوژمن و هێزی کوردستان، ناچاربوون شار لە رۆژگارێکی دژوار و تاریکی بەجێبێڵن و لەوێ سەرقاڵی بەرەکانی شەڕ و پێکدادان ببن، بەڵام چونکە گیانی سەردەمییانەی بیری نەتەوایەتی لە بیروهۆشی مەلیکی کوردستاندا بەشێوەیەک سەقامگیری هەبووە، سەرەڕای ئەو بارودۆخە یەکجار نالەبارە بەهەموو لایەک ویستوویانە بەهەموو شێوازێک بەردەوامی بە بیری کوردایەتی و گیانی بەرەنگاربوونەوە و شۆڕش بدەن دیارە یەک لەو ڕێگایانەش بڵاوکردنەوەی رۆژنامەیەکی وەکو دەستە خوشکەکانی پێشووتری وەکو **(بانگی کوردستان)** و **(رۆژی کوردستان)** بوون کە پێشتر لەشار بانگەشەی ناساندن و سەقامگیری حکومەتی **(کوردستانی جنوبی)**یان دەکرد، سەرەڕای بارودۆخە شەڕاویەکە لە شاخ نەدەکرا پەیامی رۆژنامەوانی، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت، لە کاروانی شۆڕشدا دوابکەوێ بۆیە هەر زوو **(ئەشکەوتە)** بێ نازەکەی **(جاسەنە)** بوو بە **(مەکۆی)** ئەو دەستە رۆشنبیرەی کە لەژێر چەتری **(قەرارگاهی عموومیی کورد و کوردستان)** **(بانگی حەق)**یان دەرکرد، دیارە ئەم رۆژنامەیەش لاپەڕەیەکی پرشنگدارە لە مێژووی کاروانی رۆژنامەگەری کوردی، کە لە قۆناغی دوای راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ وەکو رۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەم، هەروەها پێشووتر و دواتریش، جارێکی دیکە بەجوانترین شێوە لەچاپ دراونەتەوە و لە ترسی فەوتاندن و دڵەڕاوکێ سووتان رزگاریان بووە، بەڵام ئەوەی جێگای داخە تاکو ئێستاکە ئێمەی **(رۆژنامەنووس)**ان نەمانتوانیوە ئەو **(مەکۆی بانگی حەق)**ە، کە بریتیە لە ئەشکەوتە دێرینەکەی **(جاسەنە)** بەشێوەیەک بەسەربکەینەوە کە شایانی رۆڵی قارەمانەکانی ئەوسای ئەم شوێنە بێت، بێ گومان ئێمە لە ئەنجوومەنی سەندیکا دەمانەوێ لە ئایندەدا ئەم مەبەستە بکەینە پرۆژەیەکی دیکەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان تاکو ئەم ئەشکەوتەش ئەوەمان بۆ بسەلمێنێ کە شاخەکانمان سەرەڕای ئەوەی کە ئەمڕۆ **(باعیسی کەیفو سرورن)** هەردەم ئامرازی خۆڕاگری مانەوەمان بوون....!

# "17"

# رۆژنامەنووس

گۆڤارێکی وەرزیی تایبەتە بە کلتوری رۆژنامەنووسیی
سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەری دەکات

www.kurdistanjournalists.com govar111@yahoo.com


**خاوەنی ئیمتیاز:**
- فەرهاد عەونی

**سەرنووسەر:**
- عەبدوللا زەنگەنە

**جێگری سەرنووسەر:**
- خالید بەکر ئەیوب

**سکرتێری نووسین:**
- دوکتۆر ئازاد عوبێد

**دەستەی نووسەران:**
- رەفیق ساڵح ئەحمەد
- موسەدەق تۆڤی
- هەژار حاتەم
- هێرش رەسووڵ

**تایپ و نەخشەسازی:**
- کاوە فاروق
- هەوار محەمەد عەلی
- گۆران جەمال
- یادگار زوار



<u>ناونیشان</u>: هەولێر- شەقامی کوردستان
"شەست مەتری"- گەڕەکی زانیاری

Tel: +964 66 229 4800
Mobile: +964 750 456 8886 سەرنووسەر

# بابەتەکانی ئەم ژمارەیەی [illegible]


| | |
|---|---|
| - دیاریـــی ژمارە..................................کوردێکـــی یەک رەنگ | ٣ |
| - نووســـینی ســـەردێر..........................................د. سەپان | ٣٧ |
| - لایەنێکـــی دیکەی فەرامۆشـــکراو.......................... رێناس نەورۆزی | ٥٥ |
| - رۆڵـــی پەیامنێـــر...............................................رزگار فایەق | ٧٨ |
| - پێکهاتە زمانییەکان................. د. ئازاد رەمەزان و د. یوسف شەریف | ٩٥ |
| - شـــێوازەکانی دەرهێنانی رۆژنامە...........................محەمەد بابۆڵی | ١٠٦ |
| - چەمک، بەها و رەگەزەکانی هەواڵ.................... و/ کارزان محەمەد | ١١٧ |
| سیســـتەمی راگەیانـــدن............................... د. حەبیب کەرکووکی | ١٢٩ |
| - وتاری رۆژنامەنووسـیی.......................................تاژان دڵشـــاد | ١٣٤ |
| - دیـــدارا رۆژنامەڤانی..........................................حەســـەن فەتاح | ١٣٩ |
| - بنەماکانـــی ســـەردێر.................................. و/ رەحیم ســـورخی | ١٦٣ |
| * وێستگەی [illegible] | |
| - نوێترین بنەمای ئاکاری رۆژنامەنووسیی............ و/ پشدەر قەڵادزەیی | ١٧١ |
| - بۆچی لە ژمارە پێشووی [illegible] دا.............. هێرش رەسوول | ١٧٣ |
| - دڵنیابن بابەتـــی هیچ کەسێک..............................سەرنووســـەر | ١٧٤ |
| - ئەم هەموو زاراوە بیانییانە.................................محەمەد وەســـمان | ١٨٢ |
| - حەمـــەڕەش رەشۆ..........................................ئیســـماعیل تەنیا | ١٨٦ |
| - (**ئاسۆ**) یەکەمین گۆڤاری.................................نەوزاد عەلی ئەحمەد | ١٩١ |
| - بیبلیۆگرافیای گۆڤاری (**پێشـــکەوتن**)....................ئاکۆ ئاکۆیی | ٢٠١ |
| - ژمارە (٢)ی (**رێبازی نوێ**)...................................باوکی شـــانوو | ٢١١ |
| میدیـــا و دەسەڵات...........................................راســـتی باوەکر | ٢١٣ |
| گوڵی کێـــوی ماڵئاوایـــی لێکردین..........................ئازاد زیارەتی | ٢١٦ |
| - خراپی رۆڵی رۆژنامەوانـــی عیراق...........................ئەکەدە مراد | ٢١٩ |
| - من دەزانم رۆژنامەنووســـم...............................ئیدریس عەبدوڵڵا | ٢٢٢ |
| - لەگەڵ (**جەلال بەرزنجی**) لە (**کەنەدا**) ............دیمانە: شـــوانە سەرابی | ٢٢٥ |
| - وتووێژێک لەگەڵ (**مالمیســـانژ**)دا.......................جووتیار هەورامی | ٢٣٧ |
| - ســـەرنج....................................................رۆژنامەنووس | ٢٥٢ |
| هەواڵ و چالاکییەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان............ | |
| .......................................ئا/ دیار خالید و جەمال حوسێن | ٢٥٣ |
| - مستەفا ســـالح کەریم: دوکتۆر عیزەدین مستەفا رەســـووڵی هاوڕێم نازیشی | |
| هەیە و بازیشـــی هەیە.............................................!! | ٣١٩ |
| – (ژین)یش خەرمان بەرەکەت...!......................................... | ٣٣٨ |
| راگەیێندراوێک لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە.............. | ٣٤١ |


ریزبەندی بابەتەکان پەیوەندییان تەنیا بە لایەنی هونەرییەوە هەیە

هەواڵنامەی کتێب

وێستگەی

ڕۆژنامەنووسی

هەواڵنامەی کتێب



# هەواڵ و
# چالاكییەكان

ئامادەکردنی: سکرتێری نووسین

دیاریی
ژمارە

هەواڵنامەی کتێب

# راپۆرتی گشتی ئەنجوومەنی سەندیکای
# رۆژنامەنووسانی کوردستان
# بۆ کۆنگرەی دووەم

ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییە کۆنانەی هەر جار کۆپییەکییان وەکو خۆی لە (**ڕۆژنامەنووس**) بڵاو دەکەینەوە، زۆربەیان دەبنە جێی سەرنج و بایەخی تۆژەر و ڕۆشنبیرانمان، بەڵام بەداخەوە هەندێ جار ئەو نەخشەسازانەی بۆ گۆڤارەکەمان کاریان کردووە، وەکو ئێمە مەبەستمانە، فێرنابن ئەوەندە بایەخ بەم لایەنەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی بدەن، بۆیە هەندێ جار کۆپی بڵاوکراوەکانیان عەیبدار کردووە، ئەوەتا لە ژمارە (١٦)ی (**ڕۆژنامەنووس**)دا، ژمارە (٣)ی (**باوەگڕگڕ**)مان بڵاوکردبۆوە، وادیاربوو تێکەڵوپێکەڵییەک لە دانانی لاپەڕەکانی رووی دابوو، ئەوە جگە لەوەی یەک لە لاپەڕەکانی گۆڤارەکە هەر دانەنرابوو، هەروەها ئەو پێناسەی کە هاوکارمان، (**نەوزاد عەلی ئەحمەد**)ی خاوەنی ئەم ژمارەیەی (**باوەگڕگڕ**)، لەبارەی دانەیەکی دانسقەی ڕۆژنامەی (**خەبات**) نووسیبووی لەگەڵ یەکدی تێکەڵ کرابوو، هەرچەندە ئەم بێسەروبەرییەی ئێمە هاوکارەکەمانی نیگەران کردبوو، بەڵام وادیارە ئەم جارە چاوپۆشی لەو خەوشەی (**ڕۆژنامەنووس**) کردووە، بۆیە هیچ روونکردنەوەیەکی بۆ نەناردووین - ئەوەتا ئێمە نامانەوێ ئەم ژمارە دانسقەیەی ئەم گۆڤارە بەم خەوشەوە بخەینە بەردەم تۆژەران، بۆیە جارێکی دیکە لەگەڵ هەردوو پێناسەکەی هاوکارمان (**کوردێکی یەک ڕەنگ**)، دووبارە بڵاودەکەینەوە.

**باوەگوڕگوڕ**

لە ژمارە (١٥)ی (**ڕۆژنامەنووس**)دا ژمارە (١)ی گۆڤارێکمان بەناوی (**باباگوڕگوڕ**) بڵاو کردۆتەوە، لەوێدا نووسیومانە ژمارە (٢)یشی گوایە لە ساڵی ١٩٧٤دا لە تەوێڵە دەرچووە، هەرلەوێدا ئومێدمان خواستبوو نەوزاد عەلی ئەحمەدی هاوکارمان کە دەچێتەوە سوید گفتەکەی خۆی بەجێبێنێ و ژمارە (٢)کەیمان بۆ بکاتە (**دیاریی ژمارە**) بەڕاستی خۆشە کە ئەو هاوکارەمان زوو بە زوو گفتەکەی خۆی هێنایە دی، بەڵام هەقتانە بپرسن چۆن؟

ئەوەتا ئەو بڵاوکراوەیەمان ژمارە (٣)یە نەک (٢) وەکو پێشبینیمان کردبوو هەروەها ناوەکەی (**باوەگڕگڕ**)ە نەوەک (**باباگوڕگوڕ**) کە لەسەر سینگی ژمارە (١) نووسراوە، لەلایەکی دیکەوە دەمەوێ ئەوە بەبیر خوێنەران بێنمەوە کە لەژمارە (٢)ی گۆڤاری (**نەوشەفەق**)ی ئایاری (٢٠٠٣)دا ئێمە وتارێکمان لەژێر ناوونیشانی (**شەفەق و شوێنی لەڕۆژنامەنووسیی کوردی لە کەرکووکدا**) بڵاوکردۆتەوە و لەوێدا نووسیومانە باباگوڕگوڕ زاهیر ڕۆژبەیانی سەرنووسەری بووە. بەقسەی سەرنووسەر (١٠) ژمارەی لێ دەرچووە و قەوارەی بەتاڵ بووە، دیارە ئەو ژمارە (١٠)یەمان لەسەرەوە نووسراوە دەبێ هەڵەی چاپ بووبێ و لەئەسڵدا ژمارەکە (٥) بووبێ کە لەسەرچاوەکەمدا وا نووسراوە و سەرچاوەکەشم ژمارە (٤)ی باوەگوڕگوڕی ئاداری ١٩٩٧ بووە.

بەڵام دواتر هاوکارمان (**وریا جاف**) دڵی بەم زانیارییانەی ئێمە ئاوی نەخواردۆتەوە و زۆر بە بڕوا بەخۆبوونەوە لە ژمارە(٥)ی گۆڤاری (**نەوشەفەق**)ی



تەموزی ٢٠٠٤دا لەبارەی ئەم بڵاوکراوەیەی **(باباگوڕگوڕ)** ئیمەشی بەسەر چیغ بردووە، کاتێ دەنووسێ:

**((بەهەر حاڵ چونکە باش ئەو رۆژانەمان لەبیرە و لەنزیکەوە ئاگاداری دەرچوونی ئەم گۆڤارە بووین تەنانەت (٢) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە نەزۆر نەکەم.**

**لەژمارەی یەکەمی کاک زاهیر رۆژبەیانی بەشداربووە بەڵام لە ژمارە (٢) بەشداری نەکردووە چونکە فەرمانی گرتنی بۆ دەرچوو کەرکووکی بەجێهێشت و لە سنووری لقی (٣) بوو کاک محەمەد عەزیز لەساڵی ١٩٧٣ تا نسکۆکەی ١٩٧٥ بەرپرسی لقی کەرکووکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوو))**

پاشان دەنووسێ:

**((ئەبێ ئەوەش بڵێم لە ئازاری ١٩٧٤ شارەکانمان بەجێهێلا و چووینە ناو شۆڕشی ئەیلوول بەڕابەرایەتی بارزانی نەمر لقی کەرکووکی ی.ق.ک لەنێوان چەمچەماڵ ـ ئاغجەلەر ـ رانییە لەمانگی ئابی ئەو ساڵەدا لە (تەوێڵە) دامەزرا تا نسکۆکە من کاتبی لق بووم. بڕیار درا ژمارە (٣)ی گۆڤاری باباگوڕگوڕ بڵاوبکرێتەوە بۆ ئەم مەبەستە هەرچی هەبوو کۆکرایەوە و من چوومە کرماشان (ستنسل)م کڕی و ئامادەی چاپ کردنی بووین بەڵام لەبەر هۆیەکی مەوزوعی بڵاونەکرایەوە جارێکی تریش دووپاتی ئەکەمەوە گۆڤاری باباگوڕگوڕ تەنیا و تەنیا** (٢) **ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە))** لێرەدا ئەوەندە دەڵێم لەبەرامبەر ئەو نووسینە و ئەو چاکەیەی کە هاوکارمان نەوزاد عەلی ئەحمەد لەگەڵی کردووین حەپەساوم.

ئەوەی شایانی باسیشە ناوەکەی بە **(باوەگوڕگوڕ)**ی لێرەدا بڵاوکرایەوەتەوە بەڕەنگی **(سوور)** نووسراوە **باوەگڕگڕ**

**نەوزاد عەلی ئەحمەد- سوید**
Nawzad.ali@hotmail.com

سەرەتاکانی خەباتی خوێندکارانی کورد، لەو کاتە چەکەرەی کردووە، کە خوێندەوارانی کورد دەرکیان بە چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و نیشتمانی کردووە، بە تایبەتیش دوای ئەمە دەستیان بە دامەزراندنی کۆمەڵە و یانە و گروپی بچووک بچووک لە پێناوی بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوایەتیدا کردووە، بە گوێرەی زانیاری من خوێندەوارانی کورد پێش ئەوەی بیریان لە دامەزراندن و راگەیاندنی کاری حزبی کردبێتەوە بیریان لە دامەزراندنی کۆمەڵە و گروپی ناحزبی کردۆتەوە.

ئەگەر سەرەتاکانی سەدەی رابردوو، لە کوردستاندا بە تایبەتیش لەکوردستانی باکوور، زۆر بە تایبەتیش لە شاری ئەستەنبۆڵی تورکیا بە کوانوو و ئاگردانی سەرەتای بیرۆکەی کۆمەڵە و دەستەی کوردی و کوردستانی لەسەر بنەمایەکی رێکخراوەیی بدەینە قەڵەم، ئەوە لە هەمان شوێن و چەند ساڵێک بەرەو ژوورتر بە مێژووی دامەزراندنی یەکەمین کۆمەڵەی تایبەت بە خوێندکارانی کورد لە ژێر ناوی" هێوی" واتە "هێڤی" دێتە ئەژماردکردن، هەروەهاله کۆماری کوردستانیشدا گرنگی بە کاری پیشەیی خوێندکاریی دراوە، ئینجا لە ساڵی ١٩٥٣، پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، یەکێتی قوتابیانی کوردستان- ی دامەزراند، ئەگەرچی، پێش ئەم رێکخراوە، هەر لە کوردستانی خواروو لە لایەن کوردەکانی ناو حزبی شیوعی عێراق چەند هەوڵێک دراوە بۆ دامەزراندنی رێکخراوی تایبەت بە قوتابیان، بەڵام وەک یەکێتیی قوتابیانی کوردستان نەیتوانی هەر زوو جێگەو رێگەی خۆی بە هێز و پتەو بکات، کە لێرەدا بوار نییە ئاماژە بەو هۆکارانە بدەم.

یەکێتی قوتابیانی کوردستان، سەرەڕای ئەوەی کە خاوەنی ئەندامێکی زۆر و بنکە فراوان بوو، بەڵام تا دوای دواییەکانی شۆڕشی ئەیلوول گرنگی بە بواری رۆژنامەگەریی نەداوە، بە داخەوە ئەو یەکێتییە لەگەڵ دوولەتبوونی پارتی لە ساڵی ١٩٦٤ دا، ئەویش دوو لەت بوو، ئەگەر بەراوردی چالاکی بواری رۆژنامەگەریی قوتابیانی هەردوو باڵەکەی پارتی بکەین، بە گوێرەی سەرچاوە دۆزراوەکان، یەکێتی قوتابیانەکەی باڵی مەکتەبی سیاسی پڕ بەرهەمترن.

لەم کورتە نووسینەدا ناکرێت، ئاماژەی ورد بە رەوتی رۆژنامەگەریی خوێندکاران " قوتابیان " بدرێت، بەڵام ناتوانرێت ئەوە فەرامۆش بکرێت، کە یەکێتی قوتابیانی کوردستان، دوای ساڵی ١٩٧٠ بە گوڕو تینێکی رێکخراو گرنگی بە بواری رۆژنامەگەریی داوە، نەک هەر لە راگەیاندنی ناوەندییان، بەڵکو زۆربەی هەرە زۆری لقەکان دەستیان بە دەرکردنی بڵاوکراوە و گۆڤار کرد، بە تایبەتیش لقەکانی کەرکووک و هەولێر لە هەموو لقەکانی تر چالاکتر بوون.

" **باوەگڕگڕ**" گۆڤارێک بووە، لە لایەن یەکێتی قوتابیانی کوردستان- لقی کەرکووک دەرچووە و ژمارە ١ لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی١٩٧٣ دەرچووە و نازانرێت چەند ژمارەی لێ دەرچووە و من ئەمڕۆ وەک دیارییەک بۆ گۆشەی " **دیاریی**

**ژماره"** ی گۆڤاری **" ڕۆژنامەنووس"** وا ژماره " ٣ " تان پێشکەش دەکەم، کە هیوادارم هەموو ژمارەکانی ئەم گۆڤاره بدۆزرێنەوە و جارێکی تر چاپبکرێنەوە.

ژماره ٣ ی باوەگرگر، بریتیە لە ١٨ لاپەڕە و لە قەبارەی ٣٣ سم بە ٢١ سم دایە و زۆربەی هەره زۆری بابەتەکانی بە تایپێکی سادە تایپکراون پاشان بە ڕۆنیۆ ڕاکێشراون، تەنیا چەند بابەتێک نەبێت، کە بە دەستخەت لەسەر ستێنسل نووسراون و پاشان بە ڕۆنیۆ ڕاکێشراون، بابەتەکان بە زمانی کوردی و عەرەبین، وا هەست دەکەم، ئەم ژمارەیە جارێکی تر لە ئەورووپا بە چەند دانەیەک چاپکراوەتەوە، چونکە لە دوا بەرگی گۆڤارەکەدا وێنەیەک داندراوە و بە چەند زمانێک داوای کۆمەک و پشتیوانی بۆ شۆڕشی کورد دەکات.

ئەوەی سەرنجم داوە، کە لە نێوان ژماره ١ و ژماره ٣ دا گۆڕانکاری لە ناوی گۆڤارەکەدا کراوە، لە ژماره ١ دا، کە ئۆرگیناڵەکەی لە ژماره ١٥ ی گۆڤاری ڕۆژنامەنووس دا بڵاوکراوەتەوە، لەسەر بەرگی گۆڤارەکەدا نووسراوە **" گۆڤاری باباگورگور"** بەڵام لە ژماره ٣ دا، کە وەک دەبینین ناوی گۆڤارەکە کراوەتە **" باوەگرگر"** کە نازانم لە ژماره ٢ دا چۆن ناوی گۆڤارەکە نووسراوە!، ئەمەو مرۆ دەتوانێت جیاوازی تر لە نێوان ژماره ١ و ٣ بدۆزێتەوە، بە تایبەتیش لە میتۆدی کارکردن و بڵاوکردنەوە و ئاراستەی ئیشکردندا، بەڵام ئەم کورتە نووسینە شوێنی ئەو جۆره لێکدانەوانە نییە، بە هەر حاڵ هیوادارم ئەم ژمارەیە بەشێک بێت لە زنجیرە ژمارەکانی گۆڤاری باباگورگور، نەک دوو گۆڤاری جیاوازبن!

**ڕێگای کوردستان**


بەدڵنیاییەوە دەڵێین: مێژوویی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە هەڵکەوتەی مێژووی هەمووو نەتەوە و وڵاتانی دیکە جیایە، ئەوەتا بەدرێژایی ئەوەندە ساڵەی تەمەنی ڕۆژنامەنووسیی ئەو میللەتە کۆمەڵێک ڕۆژنامە و گۆڤار هەن، لە یەک کاتدا، بەیەک ناو دەرچوون. لەساڵی ١٩١٨ ـ ١٩٢٠دا بوو، هەمزە موکسی، دواتر مەمدوح سەلیم بەرپرسیارێتی گۆڤاری **(ژین)**ی ئەستەنبۆڵیان لە ئەستۆدا بوو، دواتر هەر بەناوی **(ژین)** ڕۆژنامەیەک دەرچووە و **(مەمدوح سەلیم)** سەرنووسەری بووە، قسە زۆر لەبارەی ئەم دوو گۆڤار و ڕۆژنامەیە دەکرێ، تاوەکو ئێستا نەزانراوە ڕۆژنامەکە درێژەپێدەری گۆڤارەکە بووە و دوای دووکەرتبوونی **(کوردستان تعالی جمعیتی)** و جیابوونەوەی کۆمەڵێک بەناوی **(کرد تشکیلات اجتماعیه جمعیتی)** هەمان ناوی وەرگرتووە یان شێوەیەکی تر بووە لە خەباتی ئەوسای دەستەبژێری کورد.

لەساڵی ١٩٣٩دا، یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی **(زیان)**ی شارەوانی بەناوی **(ژیان)** دەرچوو، ئەوە لەکاتێکدا ئەوسا **(ژیان)**ی پیرەمێرد بەڕەسمی لە مەیدانی ڕۆژنامەنووسیدا بوو.

لەساڵی ١٩٥٩دا تێکەڵ و پێکەڵییەک لەناوی **(شەفەق)** و **(بەیان)**دا هەیە، لەهەموو ئەو پەرتەوازەیی و مێژووانە زەقتر، لەساڵی (١٩٦٤ ـ ١٩٦٩)دا ڕۆژنامەی **(خەبات)**ی سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول لەژماره (٤٧٤)بەدواوە و بەهەمان ناو و زنجیره و هاوتەریبی یەکدی دەردەچوو، لەژمارەی پێشووی **(ڕۆژنامەنووس)**یشدا وێنەی کلێشەی هەردوو **(خەبات)**ی (٤٧٤)مان خستۆتە بەردەم خوێنەر و تۆژەران، ئەم پەرتەوازەیییە یاسای کاری ڕۆژنامەنووسیش لە کوردستان چاری نەکردووە، ئەوەتا لەم چەند مانگەی ڕابوردوو دوو ڕۆژنامەی دووباڵی جیای حزبەکانی کوردستان **(ئاڵای ئازادی)**، **(کوردستان)**ی دیموکراتی ئەودیو بەیەک ناو دەردەچن.

کاتی **(حیزبی شیوعی عیراقی)**یش ببووە دوو کەرت. هەردوولاشیان **(ڕێگای کوردستان)**یان دەرکردووە، ئەوەتا لەم ڕۆژانەدا کە مامۆستا جەمال خەزنەدار لە کوردستان بوو، ژماره (١)ی ٢٧ی تەمووزی ١٩٧٢ی ئەو ڕۆژنامەیەمان لێی وەرگرتووە و دەیکەینە دیاریی ئەم ژمارەیەی **(ڕۆژنامەنووس)**، ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکە هەرچییەکی تێیدا نووسرابێ، ئەوە بۆتە بەشێک لە مێژوومان، ئێمەش زۆر بە ئاسایی وەرمان گرتووە، ڕێز و خۆشەویستی تایبەتیشمان بۆ هەموو ئەو کەسانەی ئەوسا و ئێستاش هەر یەکە لە بوارەکەدا کار دەکەن، ئەم ژمارەیەی **(ڕێگای کوردستان)**یش هەندێ سەرچاوەی باوەڕپێکراو باس لەوە دەکەن گوایە لەلایەن مامۆستامان د. عیزەددین مستەفا ڕەسول سەرپەرشتی کراوە، هەر ئەو زاتەش لەم ڕۆژانەدا لەلایەن ئەو حیزبەوە ڕێزی لێ گیرا و هەواڵی ڕێزلێنانیشی لەم ژمارەیەی **(ڕۆژنامەنووس)** و لەدووتوێی **(هەواڵ و چالاکییەکانی سەندیکا)**دا بڵاوکراوەتەوە.

ئەوەی شایانی باسە ژمارەیەکی دیکەی ڕۆژنامەکە هەر بەم ناوەوە دەرچووە و لە **(بنکەی ژین)** پارێزراوە، بەداخەوە بۆ ئەم ژمارەیەی **(ڕۆژنامەنووس)** فریانەکەوتین بیخەینە بەردەست ئێوەی بەڕێز.





**راستی**

وەکو لە وێنە و کلێشەکەی دیارە مەڵبەندی رۆشنبیری (الارز)ی وەرزشی و رۆشنبیری لە لوبنان دەریان کردووە، ئەو ژمارە (١)ەکەی لەساڵی ١٩٧٣دا دەست بە بڵاوکردنەوەی کراوە، ئەو کلێشەیەی بەردەست ژمارە (١)ی گۆڤارەکەیە، ئێمە تا ژمارە (٧) چەند ژمارەیەکی دیکەی جیامان دیوە.

**الأذاعة الكردية**

بڵاوکراوەیەکی خولەکی بووە، بەڕێوەبەرایەتی ئێزگەی کوردی بەسەرپەرشتی لیژنەی پێشخستنی بەرنامەکانی ئێزگە دەریان کردووە، ژمارە (١)ی لە کانوونی یەکەمی ١٩٧٣دا دەرچووە، ئەوسا نزیکەی (١٠) ژمارەی لێ دەرچووە.

ناوی هیچ کەسێکی، وەکو سەرپەرشتیکار، لەسەر نەنووسراوە.



**شؤون**
**الثقافة الكردية**

بڵاوکراوەیەک بووە مانگانە بەزمانی عەرەبی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری کوردی دەرچووە.

ژمارە (١)ی لە کۆتایی ١٩٧٥دا دەرچووە، **(بەشی ئەرشیف)** لە بەڕێوەبەرایەتییەکە سەرپەرشتی کردووە، لەوانەیە لەژێر چاودێری **(جەمال خەزنەدار)** دەرچووبێ، ئەو ژمارەیەی بڵاوکراوەکە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە بۆ ناسینی پەیکەری بەڕێوەبەرایەتییەکە، بەقسەی مامۆستا جەمال بڵاوکراوەکە (١٢) ژمارەی لێ دەرچووە و ئەوەی شایانی باسە تا ئەوسا خوالێخۆشبوو **(د. ئیحسان فوئاد)**، کە لەم ژمارەیەی **(رۆژنامەنووس)**دا یادی کراوەتەوە، لەم دەزگایەدا، وەکو بەڕێوەبەر، چالاکییەکی بێ وێنەی نواندوە، هەر لەسەردەمی ئەویشدا بڵاوکراوەی **(رۆشنبیری نوێ)**، کە دواتر بووەتە یەک لە گۆڤارە دەوڵەمەندەکان، دەرچوو، هەروەها گۆڤاری **(ئەستێرە)**ی منداڵانیان دەرکردووە کە ئەمیش (٢) ژمارەی لێ دەرچووە و ژمارە (٢) دوای تەواوبوونی لە چاپخانە هەر لەوێدا دەستی بەسەردا گیراوە و بۆ کارگەی کاغەز نێردراوە، ژمارە (٣)یشی لە چاپخانە مایەوە و بەم دواییە هەندێ لە فیلم و پرۆڤەکانیمان لای مامۆستا **(جەمال خەزنەدار)** بینیوە.



**سەرنج:**

ژمارە ئۆرژیناڵەکانی **(رێگای کوردستان)** و **(راستی)** و **(الأذاعة الكردية)** و **(شؤون الثقافة الكردية)** لە **(سەنتەری ئەرشیف و لێکۆڵینەوەی رۆژنامەگەری کوردستان)** لە ئەڵمانیا پارێزراون.

هەروەها کۆپی رۆژنامەو گۆڤارەکان لە لایەن **(عوسمان پیرداود)** لە بەریان گیراوەتەوە.


باوەگرگر



# كلمة العدد

[illegible] الاتحاد الوطني الكردستاني [illegible] العراق [illegible]

[illegible] العدد [illegible]

[illegible] هذا العدد [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible] هذا الأمل [illegible]

[illegible]

[illegible]

كردستان العراق

الهيئة الثقافية والاعلام

فرع كركوك

هەوالنامەی کتێب

# رسالة البارزاني الى مؤتمر دول عدم الانحياز

[illegible]



# بيان
# اتحاد طلبة كردستان - العراق

بمناسبة العام الدراسي الجديد ٧٣ - ٧٤

أيها الزملاء
أيتها الزميلات
أيتها الجماهير الطلابية

[illegible]

(٦)

ايتها الرفيقات .. ايها الرفاق الاعزاء

[illegible]

والى الامام

اتحاد طلبة كردستان العراق

[illegible]

[illegible]



(٨)

# ظواهر سلبية

في يوم الاحد المصادف ... نظم اتحاد طلبة كردستان العراق فرع الكويت [illegible]

[illegible]

مكتب سكرتارية
اتحاد طلبة كردستان
[illegible]

(٩)

# تحرر المرأة



کاروانی شەهیدان

# قصة عذراء

[illegible]



ومن حافة الأشياء هنا
ومن حولنا ...
أشياء أحياء
حقيقة إنسان
حقيقة إيمان
حقيقة شاردين من الأوطان
بل وحقيقة أحياء في الأكفان
قصة ..... حكايتهـــــا
قصة قهر ... عهدا من
دراسات محتشمات ..... أحياء أموات
ووصول بلا نهاء ...
ونهاية قصة ستكون بلا
بلا الإيلهم
ومع أحسسر
السلان السعر
نهاية القصة ...
عودة الشباب
بعد الشيب
ومن أسفار ... بعد التعطب
في التعريف
نهاية القصة ... حوار وحقيقة
حقيقة إحســـان
حقيقة إيمـــان
حقيقة شاردين من الأوطان
بل وحقيقة أحياء في الأكفان

لماذا ....؟

أين آية محاولة منع هذا النوع ......؟

# من نشاطات فرعنا

[illegible]







هەواڵنامەی کتێب




LIBERATION
SOLIDARITY WITH KURDISH REVOLUTION
SOLIDARITE AVEC LA REVOLUTION KURDE



# ریگای کوردستان









شؤون الثقافة الكردية



[illegible]

[illegible]



( ٤ )

– مديرية الثقافة –

ب– الجزء الثاني من ( حضارة الدولة الدوستكية ) تأليف السيد عبد الرقيب يوسف .

( ٥ )

١ـ اعيدت سوية بعض الكتب الى الخبراء لبيان ملاحظاتها او تصحيحها .

٢ـ من سلسلة ادب الاطفال «بدر كرابي – شيركو الباسل – بالالوان [illegible]
تأليف السيد محمد عبده وقد تم [illegible] الفنان [illegible] .

٣ـ ترجمة قصيدة [illegible] من اللغة الفرنسية الى العربية وقد تم نشرها في مجلة المكتشف
الجديد .

٤ـ اعادة ٦ قصص للاطفال مترجمة من اللغة العربية الى اللغة الكردية الى خبير للنظر
في ملاحظاتها للطبع او تصحيحها .

٥ـ وضع الصيغة النهائية لترجمة كتاب ( تاريخ الاكراد ) لمؤلفه الاديب [illegible]
[illegible] وهو من ترجمة السيد [illegible] .

هەواڵنامەی کتێب

مديرية الادارة والحسابات

تقسم مديرية الادارة والحسابات الى الشعب الآتية :

١ـ شعبة الاوراق

٢ـ شعبة الحسابات

٣ـ شعبة الطابعة

٤ـ شعبة المخازن

تقوم هذه الشعبة بأعمال المخابرات الرسمية وجميع امور الحسابات واصدار الاوامر
الادارية وكذلك تقوم هذه الشعبة بواسطة شعبة المخازن بتجهيز المديريات الاخرى
بجميع الاحتياجات التي تحتاجها .

الامضاء /

# نووسینی سەردێڕ و دانانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا



**توێژینەوەیەکی زانستییە بەمەبەستی باشترکردنی ڕاگەیاندنی کوردی نووسراوە**

**دکتۆر سەپان***

**پێشەکی:**

ڕاگەیاندنی کوردی پاش ڕاپەڕین، کەوتە قۆناغێکی زۆر گرنگ و نوێ لەمێژووی خۆیدا. لە کورتترین کات کورد، بۆ یەکەم جار لە مێژوو بووە خاوەنی دەیان ڕۆژنامە و گۆڤار. ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانەش هەموو ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی گرتەوە. بۆ ئەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، بەباشی دەربچن، پێشتر، سوود لە سێ جۆر ئەزموون وەرگیراوە. یەکەمیان، ئەو ڕۆشنبیرانەی لە گۆڤار و هەفتەنامەکانی ڕژێم کاریان دەکرد و ئەو تۆزە ئازادییەی هەبوو، بە باشترین شێوە بۆ خزمەتکردن لە بواری فەرهەنگی و ئەدەب و زمانی کوردی توانیبوویان بەکاری بهێنن. ئەزموونی دووەم، ئەزموونی شاخ بوو، کە کۆمەڵێک ڕۆشنبیر و شۆڕشگێڕ بەو توانا کەمە، لە گوند و ئەشکەوت، چاپخانەیان دانابوو، کاریگەرترین بەرهەمیان دەگەیاندە جەماوەر و بەکاری پیرۆزی ڕۆژنامەنووسی هەڵدەستان. ئەزموونی سێیەم، ئەو کادرانەی لە دەرەوەی کوردستان گەڕانەوە، لەگەڵ خۆیان ئەزموونێکی باشی ڕۆژنامەگەرییان لە بوخچەیان هەڵگرتبوو و لە کوردستانی ئازاد بە باشترین شێوە، بۆ گەلەکەیان خزمەتیان پێی دەکرد.

ئەو کادرانەی سەرەوە، زۆربەی هەرەزۆریان، لە ڕێگای ئەدەب یان سیاسەتەوە هاتبوونە ناو ڕاگەیاندن بۆیە، ئەو کارەی پێی هەڵدەستان، زیاتر لە خۆشەویستی ئەوان بوو بۆ ڕاگەیاندن، نەک فێربوون بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی.

ئێستا لە کوردستان، ڕۆژنامە و گۆڤار لە

پێشان زیاتر دەردەچن، ئەوانیش بە ناوەڕۆک، دەوڵەمەندتر، بە نەخشەسازی جوانتر و بە زمان، باشتر، دەکەونە بەردەست خوێنەران. هەر هەمووشیان، یارمەتی لە حکومەت یان حیزبەکان وەردەگرن.

ئەو کارەی ئێمە بەناوی: **"نووسینی سەردێڕ و دانانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا"** بۆ جاری یەکەمە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی دەنووسرێ و بەو ئامانجەی لە داهاتوویەکی نزیک، ئەگەر کەموکورتییەک لەو بوارە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان هەبێ، چاک بکرێ، یان هەرنەبێ، ببێتە پەنجەرەیەک بۆ پسپۆرانی بواری ڕاگەیاندن زیاتر بایەخی پێبدەن و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن. گرنگی ئەو بابەتە لەوەدایە، بابەتێکی هەنووکەییە و بۆ ڕاگەیاندنی کوردی زۆر پێویستە. ئامانجی نووسەر، لەم توێژینەوەی، خزمەتکردنی ڕۆژنامەنووسی کوردییە، بۆ ئەوەی لەداهاتوودا، ئەو سەردێڕانە بنووسرێن، کە ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکی نووسینەکانن، نەک بۆ ڕۆژنامە یان گۆڤار ساغکردنەوە.

بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە، سوود لە کۆمەڵێک سەرچاوەی گرنگ، بە زمانەکانی، ڕووسی، سویدی، کوردی، وەرگیراوە و لەهەمان کاتدا، ئەو نموونانەی بەکار هێندراون، هەموویان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان دەرهێندراون.

**پێناسەی سەردێڕ:**

**سەردێڕ بریتییە لە نووسینی چەند وشە یان ڕستەیەک، لە پێش گوتار، هەواڵ یان هەر نووسینێکی دیکەی ڕۆژنامەوانی، بە فۆنتی قەڵەو و ڕەش و گەورە دادەندرێ تا لە نووسینەکانی دیکە جیا بکرێتەوە.**

**نووسینی سەردێڕ یان "ناوی گوتار":**

هەموو نووسین و بڵاوکراوەیەک لە ڕۆژنامەو گۆڤاردا دەبێ سەردێڕێکی بۆ دابندرێ بۆ ئەوەی نووسینەکەی پێ بناسینەوە، جگە لەوەش سەردێڕ دادەندرێ بۆ ئەوەی یارمەتی خوێنەر بدا تا باشتر لە ناوەڕۆکی نووسینەکە بگات. ئەگەر سەردێڕ بۆ نووسین دانەندرێ، ڕۆژنامە بەو قەبارە گەورانەی هەیانە ناخوێندرێنەوە، لەکاتی دەرکردنیان هیچ مانایەک نابەخشێ، چونکە ناتوانێ پەیامی خۆی بگەیێنێت. ئەگەر پەیامیش نەگەیێندرێ، دیارە دەرکردنی ئەو ڕۆژنامە یان گۆڤارە پێویست ناکات، چونکە بەهۆی سەردێڕەوە، نووسینی نووسەرێک لە نووسینی نووسەرێکی دیکە بەئاسانی جیا دەکرێتەوە و خوێنەر مافی بڕیاردانی خوێندنەوەی ئەو نووسینە یان یەکێکی دیکەی دەبێ. بەو شێوەیەی سەرەوە، سەردێڕ دەکاتە کلیل یان کۆدی نووسین، کە خوێنەر نووسینەکەی پێدەناسێتەوە و نووسەریش بابەتی خۆی لەناو بابەتەکانی دیکە لێ تێکەڵاو نابێ.

سەردێڕ لە نووسیندا لەگەڵ وێنە، لە لاپەڕەی ڕۆژنامەی چاپکراو سەرنجی زۆرترین خوێنەر بۆ خۆیان ڕادەکێشن، بۆیە سەردێڕ ئەگەر قسەی بکردایە، بە خوێنەری دەگوت: تکایە گوتارەکەشم بخوێنەوە! بەهۆی شێوە و جۆری نووسینی سەردێڕیشە، خوێنەر بڕیار دەدات، ئایا ئەم نووسینە شایانی خوێندنەوەیە یان نا[١]؟ سەردێڕ باشترین ڕەنگدانەوەی لەسەر خوێنەران دەبێ، ئەگەر فاکت بەرز بکاتەوە و ئەو فاکتەش کار بکاتە سەر ژیانی خەڵکێکی زۆر، چ بە باشە یان بە خراپە[٢].

ئەگەر بۆ ئەم نووسینەی سەرەوە نموونەیەک بهێنینەوە، دەکاتە ئەوەی سەردێڕێک لەم جۆرەی خوارەوە دەخوێنیتەوە: **"مووچەی مامۆستایانی کوردستان ٥٠٪ زیاد دەکرێ" یان "نەخۆشخانەی ڕزگاری لە هەولێر دادەخرێ"** بەڕای ئەنتۆن کارلگرێن، سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی داگینس نیهێتەری سویدی لە ١٩٠٩- ١٩٢٣: سەردێڕ دەبێ دوو ئامانجی هەبێ، یەکەمیان: کار بکاتە سەر خوێنەر، کە گوتارەکە

بخوێنێتەوە دووەمیان: خوێنەر لە ناوەڕۆکی گوتارەکە ئاگادار بکا[٣]. بۆ ئەوەی سەردێڕ لەگەڵ نووسینەکانی دیکەی گوتار لێک جیا بکرێتەوە، بە فۆنتی گەورە و پیتی ڕەش دەنووسرێ.

ئاشکرایە و هەموو لایەکمان دەزانین، کە ڕۆژنامە بەهۆی سەردێڕەوە دەیەوێ بەرهەمەکەی بفرۆشێ. سەردێڕ بۆ تێگەیشتنی نووسین زۆر گرنگە. لە ڕۆژنامەکانی کوردستان زۆربەری جار ڕۆژنامەنووس یان کەسی نووسەر خۆی سەردێڕ بۆ نووسینەکەی دادەنێت و لە زۆربەی جارەکانیش ئەو سەردێڕە ئەو دایناوە، پەسند دەکرێ. هەربۆیەش لەکاتی لێکۆڵینەوە لەسەر سەردێڕ لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا، ئاشکرا دەبێ، کە چەند جۆرەکییان پێوە دیارە و هیچ پێوانەیەک پەیڕەو نەکراوە، چونکە ئەو سەردێڕانە لەلایەن کەسانی جیاوە نووسراون. لەکاتی نووسینی سەردێڕ گرنگە و چاکە فێڵ لەخوێنەر نەکرێ، جگە لەوەش واباشە مەبەستی سەردێڕ لەکۆتایی بنووسرێ.

لە دانانی سەردێڕ، ڕۆژنامەنووس هەن، دوای نووسینی گوتار ناوونیشان بۆ نووسینەکەیان دیار دەکەن، هەشە لە سەرەتادا ناو بۆ نووسینەکەی دادەنێ، ئینجا دەست بە نووسینی گوتارەکەی دەکات. بەڵام ئەوەی تا ئێستا زۆرتر باوە، ئەوا شێوەی یەکەمە. گوتار دەنووسرێ ئینجا ناوونیشانی بۆ هەڵدەبژێردرێ. گرنگ نییە ئەو سەرناوەی جاری یەکەم بەمێشکدا دێ، بنووسرێ و لێی پەشیمان نەبییەوە. بۆ ئەوەی سەردێڕی باش دەست بکەوێ، دەبێ زۆر جۆر بنووسرێ تا لەناو ئەوان یەکێکی شیاو هەڵبژێردرێ. لەو ژمارەیەی سەرەوە زۆر جار تەنیا یەک وشە دەگۆڕێت یان پێش و پاشی بۆ دەکرێت، بەم شێوەیە تەواوی مانای سەردێڕەکە دەگۆڕدرێ و سەردێڕی نوێ دەست دەکەوێ. وەک لەسەرەوە نووسیمان، ڕۆژنامەنووس بە گشتی چەند ناوونیشانێک دەنووسێ، پاش بیرکردنەوەی زۆر یەکیان هەڵدەبژێرێ. گرنگیشە بزانین کە نابێ پەلە لە نووسینی سەردێڕ بکرێ. چونکە ئەگەر ناوێک، کە شایانی گوتارەکەیە نەنووسرێ و مافی خۆی پێ نەدرێ، بە دوور نازانرێ، هەموو هەوڵی ڕۆژنامەنووسەکە بەخۆڕا بڕوا و نووسینەکەشی تێک بدا. لەو کاتەشدا وەک دەزانین کەمتر خوێنەران دەیخوێننەوە ئەوانەی دەشی خوێننەوە، لەوانەیە بەئاسانی هەست بە کەموکورتی دارشتنی نووسینەکە بکەن. ئەمەش دەکاتە ئیفلیج بوونی تەواوی نووسینەکە.

بەڕای زۆر لە ڕۆژنامەنووسانی سویدی و بە تایبەتی ئەوانەی کە لەسەر تیۆری ڕۆژنامەنووسی کتێب و بڵاوکراوەیان زۆرە وەک: Rune Pettersson، Soran Larson، Lars J Hulten لە سەرگوتاردا دەبێ هەوڵ بدرێ، وشەی **(خراپ)** بەکار نەهێندرێ و ئەم وشانەش وەک: لەت لەتکردن، چاودەرهێنان، فیشەک، سووتان یان هەموو ئەو وشانەی هەستی مرۆڤ دەبزوێنن و کاری تراجێدیا و ناخۆش دێننەوە بیر خوێنەران چاکە ڕۆژنامەنووس لە سەردێڕی خۆیان لێ دوور بخاتەوە. ئاشکرایە لە هەر ژمارەیەکی ڕۆژنامەدا و دەیان نووسین، وەک: هەواڵ، گوتار، ڕیپۆرتاژ، چاوپێکەوتن...هتد. بڵاوکراونەتەوە. هەموو نووسەرێک، ئاواتە خوازە، زۆرترین خوێنەر نووسینەکەی ئەو بخوێنێتەوە، بۆیە بێ ئەوەی ڕۆژنامەنووس پێی بزانێ و هەستی پێ بکا، پێشبڕکێیەک لە نێوان نووسینەکانی ناو ڕۆژنامەکە دەست پێ دەکات. بۆ ئەوەی خوێنەر نووسینێک بخوێنێتەوە، سەرگوتارەکە بڕیار دەدا. بۆئەوەی ماندووبوونەکە بەخۆڕا نەڕوا، لەسەر ئەوە وەستاوە، کە سەردێڕەکە چەند توانیویەتی سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕابکێشی[٤].

سەردێڕ دەبێ سەرنجی خوێنەر بۆلای

نووسینەکە ڕابکێشێت، کە ئەو نووسینە نووسینێکی باشە و زانیاری پێویستی تێدایە. سەردێڕ دەبێ دەوری لە گەورەکردن، بەڵام لە هەمان کات سەرنجڕاکێشان هەبێت و بەچەند وشەیەک بنووسرێ وا لەخوێنەر بکات، تەواوی نووسینەکە بخوێنێتەوە.

لە نووسینی سەردێڕ دەبێ سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت و لەهەمان کاتدا وا لەخوێنەر بکات، نووسینەکە بخوێنێتەوە. نووسەرانی سەردێڕ دەبێ لە نووسینی سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت و ڕەنگدانەوەی نووسینەکەشی تێدا بێت، چونکە سەرنجڕاکێشان زۆر گرنگترە لەوەی تەنیا ڕەنگدانەوەی نووسینەکە بێت یان لەوەی ناوەڕۆکی نووسینەکە باس بکەیت. ڕوودەدات، دەستەی نووسەران، سەردێڕێکی ئەوەندە باش و سەنجڕاکێش بۆ نووسینەکە دادەنێن، بەمەش گرنگی ناوەڕۆک لەدەست دەدات.

سەردێڕ دەبێ خوێنەر بۆ نووسینەکە گلبداتەوە و دەشبێ ئاشکرا و ڕوون بێ کێ چی گوتووە. زۆر جار دەبێ گوتار یان ئەو بابەتەی ڕۆژنامەنووس نووسیویەتی، لەسەر ئەو سەردێڕەی بۆی داندراوە بگۆڕدرێ و هەندێک جاریش پێویستە سەردێڕ لەسەر نووسینەکە بگۆڕدرێ(٥). سەردێڕ بەگوێرەی نووسین و درێژی بابەت دەنووسرێ. نووسینی کورت، سەردێڕی کورتی هەیە و نووسینی درێژتر سەردێڕی درێژی هەیە. ئەو ڕۆژنامەی بەردەوام بۆ نووسینی هەواڵی بچووک سەردێڕی گەورە دادەنێ، لەلایەن پسپۆڕان و خوێنەرانی جیددی، بە ڕۆژنامەی هەرزان و خراپ سەیر دەکرێ. سەردێڕی کورت لەوانەیە هەندێک جار پڕ زانیاری نەبێ، بەڵام دەبێ خوێنەر لەناوەڕۆکی نووسینەکە ئاگادار بکاتەوە و دەشبێ ڕاست و دروست و دوور بێ لە درۆ. گەورەیی سەردێڕ دەبێ بەو جۆرە بێ، کە خوێنەر لێی ڕاهاتووە(٦).

سەردێڕ سەرنجی خوێنەر بۆ خوێندنەوە ڕادەکێشێ، بەڵام لەهەمان کات خوێنەر تووڕە **(غەمبار)** دەکات. ئەوان هەست دەکەن، فێڵیان لێ کراوە، بەوەی سەردێڕ بەڵێنی زۆرتر دەدات، لەوەی لە نووسینەکان هەیە(٧). بۆ نموونە تۆ سەردێڕێک دەخوێنیتەوە و نووسراوە: **"مووچەی فەرمانبەران ٥٠٪ لە بەهاری ئەمساڵ زیاد دەکات"**. پاش خوێندنەوەی ئەم سەردێڕە، ڕوون دەبێتەوە، کە ئەمە جاری تەنیا پێشنیازی حکومەتی هەرێمە و هیچ وەڵامێک لە بەغدا نەهاتووە. لێرە خوێنەر هەست دەکات فێڵی لێ کراوە، چونکە نووسینەکە ڕەنگدانەوەی سەردێڕ نییە و سەردێڕ زۆر زیاتر بەڵێن دەدات، لەوەی لە نووسینەکەدا هاتووە. سەردێڕ دەبێ یارمەتی خوێنەر بدات، کەچی سەردێڕی زۆر هەیە، سەر لە خوێنەر دەشێوێنێ.

وێنە و سەردێڕ بەیەکەوە یارمەتی خوێنەر دەدەن لە نووسینەکە بگات. ڕۆژنامەنووسان زۆر بایەخ بە نووسینی ژێر وێنە دەدەن، ئەگەر خەڵک گوتارەکەش نەخوێنێتەوە، کۆمێنتارەکە دەخوێنێتەوە. بۆ هەموو نووسینێک سەردێڕ + لید + وێنە + کۆمێنتاری ژێر وێنە زۆرترین سەرنجی خوێنەران ڕادەکێشن و ئەوانیش بەیەکەوە بڕیار دەدەن، ئایا ئەو نووسینە بخوێندرێتەوە یان نەخوێندرێتەوە.

**جۆرەکانی سەردێڕ:**

سەردێڕ لە ڕۆژنامە و گۆڤار چەند جۆرێکی هەیە و هەموو جۆرەکانیش بەکار دێن. ئەگەرچی لە کوردستاندا نەتواندراوە بۆ نووسین سوود لە هەموو جۆرەکانی سەردێڕ وەربگیرێت. لە ڕۆژنامەی وڵاتە پێشکەوتووەکان، ئەم جۆرانەی خوارەوە بەکاردێن: مقەسی، ناوەڕاستی، لای ڕاست، لای چەپ، خەتی پڕ، یەک خەتی، سەر سەردێڕ، ژێر سەردێڕ لەگەڵ سەردێڕی ناوەوە.

**سەردێڕی مقەسی:**

مەبەست لەم جۆرە نووسینە ئەوەیە، کە سەردێڕ لە شێوەی مقەسی دادەندرێ. لەم جۆرەیان لەناو ڕۆژنامەکانی کوردی، تەواو پشتگوێ خراوە و هیچی پێ نانووسرێ[8]. هۆی بەکارنەهێنانیش لە ڕۆژنامەکانی کوردی، لەوانەیە لەبەرئەوەبێت، چونکە ئەوانەی کاری نەخشەسازی ڕۆژنامەکان دەکەن، لە هونەری نەخشەسازی وڵاتانی دیکەی جیهان شارەزاییان کەمترە، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی دیکەش، زۆربەی هەرە زۆری نەخشەسازەکان، خۆیان خۆیان فێری ئەم پیشەیە کردووە و ناشوێرن، بەجۆری نوێ بابەتەکان بەسەر لاپەڕەکاندا دابەش بکەن، چونکە زۆربەی سەرنووسەران و بەرپرسی لاپەڕەکان دەست دەخەنە ناو کاروباری ئەوان، بۆیە ڕێگایان پێ نادرێ و ناوێرن، جۆری نوێی سەردێڕ لە لاپەڕەکان، هەرنەبێ بۆ هەمەجۆری و جوانی تاقی بکەنەوە و دابنێن. ئەگەر ئەوان دەرچووی پەیمانگا، کۆلێژ، بەشی ڕاگەیاندن یان بەشی نەخشەسازی بووان، ئازادانەتر یارییان بە نووسینەکان دەکرد و ترسیان نەدەبوو، لەوەی بەرپرسی لاپەڕە یان سەرنووسەر گلەیی لێ بکات، چونکە ئەوکات، دەگوترا بەشێوەی ئەکادیمی فێر کراوە. جگە لەو هۆیانەی سەرەوەش، ئێمە بەگشتی سەرچاوەمان لەسەر نەخشەسازی و نووسینی سەردێڕ بە زمانی کوردی نەک کەمە، بەڵکو ئەگەر هەشبێ لەچەند گوتارێک زیاتر نییە. دانانی سەردێڕی لەوجۆرە نوێیانە لە ڕۆژنامەکاندا، لەسەرەتا تا خوێنەر چاوی ڕادێ، باشە بۆ بابەتی کۆمەڵایەتی و وەرزش سوودی لێ وەربگیرێ، چونکە بەدانانی جوانییەکی دیکە بەڕۆژنامە و لاپەڕەکان دەبەخشێت. لەبەر ئەوەی لە ڕۆژنامە کوردییەکان لەم جۆرە بەکار ناهێندرێ، بەپێویستمان زانی بەم شێوەیەی خوارەوە بینووسین، تا وەک نموونەی زیندوو بدەینە بەردەست خوێنەر و کەسانی پسۆڕ.

XXX XX XXXXX
XXXXX XXXX
XXXX XXXX XX

**سەردێڕی ناوەڕاست:** مەبەست لەم جۆرە سەردێڕە ئەوەیە، کە سەردێڕ لەناوەڕاستی ئەو ڕووبەرەی بە نووسینەکە دراوە دادەندرێ. ئەمەش دەکرێ یەک دێریان زیاتر بێت. ئەم جۆرە سەردێڕە کۆنترین جۆری دانانی سەردێڕە و لە ساڵی ١٧٠٠ لە ڕۆژنامە ئینگلیزییەکاندا بەکار هاتووە و تا ئێستاش بەکار دەهێندرێ[9].

**بەشەش**
**مانگ**
**پاڵاوگەی**
**دووەمی نەوت**
**لە سلێمانی**
**تەواو کرا**[10]

**خێزانە عەرەبەکان ئاسایشی هەرێمیان بە**
**دیکتاتۆر لە قەڵەم داوە**
**ئەوانەی ئەم دەنگۆ و هەواڵانە بڵاو دەکەنەوە**
**بوغزاوین**[11]

**بەرپرسانی ئەمریکا پێیان گوتین**
**کەرکوک ناخرێتە سەر هیچ هەرێمێک**[12]

لەم جۆرە سەردێڕانە لە نێو ڕۆژنامەکانی کوردی: هەفتەنامەی میدیا، کوردستانی نوێ و ڕۆژنامەی ڕۆژنامە لەگەڵ هاوڵاتی کەمتر بەکار دێ.

**سەردێڕی لای چەپ:**

سەردێڕی لای چەپ یان دەستەچەپ، لە ڕۆژنامەکانی کوردی تەواو پشتگوێ خراوە و بەهیچ شێوەیەک نووسینی پێ ناکرێ. (لێرە مەبەستمان ئەو ڕۆژنامانە نییە، کە بەپیتی لاتینی دەردەچن). بەڵام لەو ڕۆژنامانەی نووسینیان لەلای چەپەوەیە، زۆر بڵاوە و کاری پێدەکەن.

XXX XX XXXXX
XXXXX XXXX
XXXX XXXX XX

**سەردێڕی لای ڕاست:**

مەبەست لە سەردێڕی دەستە ڕاست ئەوەیە، کە نووسینەکە هەمووی لە دەستە ڕاستەوە دادەندرێ و دانەر گوێ بەو بۆشاییە نادات، کە لە دێرەکانی دووەم و سێیەمی سەردێڕ دێن. ئەگەر لەچەند خەتێکیش داندرابن، هەموویان لە دەستە ڕاستەوە دەست پێدەکەن. لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا سەردێڕی لای ڕاست لەتەواوی جۆرەکانی دیکە بڵاوترە و لە هەموو لاپەڕەکان و بابەتەکان وەک یەک بەزۆری بەکاری دەهێنن.

**چەند نموونەیەک:**

**حکومەتی هەرێم بە نهێنی و نایاسایی خزمەتی ئاوارەیی و پێشمەرگایەتی بۆ چەند کادیر و فەرمانبەرێک هەژمار دەکات**[١٣]

**پشووەکانی مانگی ئادار تەنیا وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەگرێتەوە**[١٤]

**کۆمپانیایەک شارێکی گەورەی غاز لە کوردستان دادەمەزرێنێ**[١٥]

**سەردێڕی خەتی پڕ:**

مەبەست لە خەتی پڕ ئەوەیە، کە سەردێڕ بەچەند دێرێک دەنووسن و هەموو دێرەکانیش درێژییان وەک یەکە یان ژمارەی پیتەکان زۆر لەیەک نزیکن. ئەمەش دەکاتە ئەوەی دوو یان سێ دێر وەک یەک پڕ و درێژن[١٦]. لەم جۆرە سەردێڕە لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا بەڕێژەیەکی کەم بڵاوە و لە هەموو ژمارەکان بەکەمی بەرچاو دەکەوێت. لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی لە ڕۆژنامەکانی دیکەی کوردی زیاتر پێی دەنووسرێت. لە ڕۆژنامەکانی سویدی لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە لەم جۆرە سەردێڕە بەکار دێت.

**پەکەکە ئامادەی جەنگە و هەرێمی کوردستان بەجێ ناهێڵێت**

**پێشمەرگە لە ئامادەباشیدایە بۆ وەڵامدانەوەی هێرشی تورکیا**

**لە ئەڵمانیا کوردێک بەتاوانی کوشتنی هاوسەرەکەی بە هەتاهەتایی حوکمدرا**[١٧]

**سەردێڕی یەک خەتی:**

مەبەست لەم جۆرە سەردێڕە، ئەوەیە، کە بەیەک دێر تەواوی سەردێڕەکە دەنووسرێ. لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا لەم جۆرە سەردێڕە زۆر بەکار دێت و زۆر بەربڵاوە. هەندێک جار ئەو تاکە خەتانە لە ناوەڕاستن و هەندێک جاریش لە دەستە ڕاستن. هەردووک جۆر پێیان دەگوترێ سەردێڕی یەک خەتی.

**بارزانی داوا لە سەلاحەدین بەهادین دەکات نەچێت بۆ تورکیا**[١٨]

**پارتی و یەکێتی ڕێگە نادەن ئۆپۆزیسیۆن دروست بێت**[١٩]

**بەبڕی ٩٠٠ ملیۆن دینار پەناگەیەک بۆ ژنان دروستدەکرێت**[٢٠]

**١٥٠ دۆنم زەوی لە هەولێر دەدرێتە مەکتەبی سیاسی و بارەگاکانی یەکێتی**[٢١]

**سەردێڕی ناوەوە:**

مەبەست لە سەردێڕی ناوەوە، ئەو نووسینەیە، کە لە ناوەوەی نووسینەکە بەخەتێکی ڕەش و کەمێک گەورەتر و قەڵەوتر لەو فۆنتەی دەقەکەی پێ نووسراوە دادەندرێ. لەم جۆرە سەردێڕە دادەندرێ بۆ ئەوەی یارمەتی خوێنەر بدات ئاسانتر لە نووسینەکە بگات. ئەم جۆرە سەردێڕە کەم لە ڕۆژنامەکانی کوردی بەکار دێن و زیاتریش لە گۆڤارەکان سوودی لێ وەرگیراوە. بۆ ڕۆژنامە زیاتر لە ڕیپۆرتاژ یان چاوپێکەوتن یان گوتاری درێژ دادەندرێ.

سەردێڕی ناوەوە هەمان ئامانجی سەردێڕی گەورە یان سەرەکییەکان هەیە. ئەوانیش باس لە نووسینەکە دەکەن و سەرنجی خوێنەر بۆلای ئەو بەشەی گوتار ڕادەکێشن. نووسینی سەردێڕی ناوەوە ئاسان نییە و دەبێ یەک یان دوو دێر زیاتر نەبن(٢٢).

سەردێڕی ئەم چاوپێکەوتنە بەم جۆرەی خوارەوە نووسراوە:

**حەز دەکەین لە تەلەفزیۆنەکانەوە بەرنامە لەسەر نەخۆشخانەکەمان ببینین تا ئەگەر کەموکوڕییەکمان هەبوو بتوانین چارەسەری بکەین**

سەردێڕەکانی ناوەوە بەم جۆرە نووسراوە:

بەشی تاقیگە – ئامێری کۆن باشترە لە ئامێری نوێ

منداڵبوون پێویستی بە مامانی هەست ناسکە

مەرجی سەختی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشخانە

پاسەوانی بە پەرۆش و ناشارەزا[٢٣]

**هەرێمی کۆسۆڤۆ لە ئاستانەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆبوونیدا**

سەردێڕی ناوەوە بەم جۆرەی خوارەوە نووسراوە:

**لە چاوەڕوانی گڵۆپی سەوزدا**
**پلانێکی تۆکمەی نێودەوڵەتی**
**بڵاوکردنەوەی هێزێکی ئەورووپی**
**بەرهەڵستی سەرسەختانەی رووسیا**
**ئەمەریکا پاڵپشتی سەربەخۆبوونە**[٢٤]

لە زۆربەی ڕۆژنامەکانی کوردستان چ لەوانەی قەبارەیان بەتاڵە وەک ڕۆژنامەی: خەبات، ئاسۆ، هاوڵاتی، جەماوەر.. هتد. یان ئەوانەی قەبارەیان تابلۆیدە یان لە تابلۆید نزیکە: هەولێر، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، کوردستانی نوێ .. هتد. سەردێڕ بە چەند دێڕێک دەنووسرێ. لە وڵاتانی ئەورووپا بەزۆری لە قەبارە بەتاڵەکان ئەم جۆرە سەردێڕانە بەکار دێت و ئەویش ڕەگی بۆ ساڵەکانی ١٨٠٠ دەگەڕێتەوە و تا ئێستاش لە بەکارهێنانی بەردەوامن[٢٥].

**سەرۆکی کوردستان سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات**
**ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسییەکانی کوردستان خۆشحاڵی لە ڕەزامەندی پەرلەمانی فیدراڵ**
**لە هەرسێ یاسای بودجە و پارێزگاکان و لێبوردنی گشتی دەردەبڕێ**[٢٦]

**چالاکییەکانی سەرۆکی حکوومەتی کوردستان لە کۆریای باشوور**
**نێچیرڤان بارزانی: بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی هەرێمی کوردستان دوو یاداشتنامەی لێکگەیشتنمان لەگەڵ ٢ کۆمپانیای کۆریای باشوور ئیمزاکرد**[٢٧]

**سەر سەردێڕ:**

مەبەست لە سەر سەردێڕ، ئەو نووسینەیە، کە بە فۆنتی کەمێک بچووکتر لە فۆنتی سەردێڕ دەنووسرێ و لە پێش سەردێڕ دادەندرێ. دانانی سەر سەردێڕ زیاتر بۆ بەهێزکردنی سەردێڕە. دانانی سەر سەردێڕ لە تەواوی ڕۆژنامەکانی کوردی زۆر بە بەربڵاوی و فراوانی بەکار دێت. ڕۆژنامەنووسان جیاوازی لەنێوان سەر سەردێڕ لەگەڵ سەردێڕ دەکەن. سەر سەردێڕ نووسینی گشتییە و سەردێڕیش نووسینی دەقیقە. ڕۆژنامەنووسان ڕقیان لە سەر سەردێڕ دەبێتەوە و ئەوان سەردێڕ دادەنێن[٢٨]. سەردێڕ دەبێ شتێکی تایبەت بڵێ. بۆنموونە لەسەر سەر سەردێڕ دەنووسرێ:

**هەڵبژاردن لە کوردستان**

لێرە سەردێڕ دەبێ بەم شێوەیەی خوارەوە بنووسرێ:

**پارتە بچووکەکان بڕیار لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردن لە کوردستان دەدەن".**

**مووچە زیادکردن تەنها بۆ دوو ساڵ**
**ساڵی ٢٠١٠ دووبارە مووچەی**
**فەرمانبەران زیاد دەکرێتەوە**[٢٩]

**سەرۆک تاڵەبانی پێشوازی کرد لە د. ئەیاد عەللاوی**
**لەبارەی پێویستی ئەنجامدانی چاکسازییە سیاسی و حکومییەکان گفتوگۆ کرا**[٣٠]

**لەنێوان بێنەوبەرەی ئیدارەی گەرمیان و پارێزگای کەرکوکدا**
**بنکەیەکی تەندروستی بە نایاسایی دادەخرێت**(٣١)
**بەپێی چەند بەڵگەیەکی بەریتانی**
**لە حەفتاکان بەریتانیا چەکی بە ڕژێمی بەعس فرۆشتوە**(٣٢)

**سەردێڕی ژێر سەردێڕ:**

لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا و بەتایبەتیش لە گوتارە سیاسییەکاندا سەردێڕی ژێر سەردێڕ زۆر بەکار دێت. ئەمەش بۆ ئەوەی یارمەتی خوێنەر بدات، باشتر لە سەردێڕ بگات. Ostrander لەگەڵ Omandar، Andersson لە ساڵی ١٩٧٨ موناقەشە لەسەر چوار ئاستی (لیڤل) سەردێڕ دەکەن. سەردێڕی سەرەکی، سەردێڕی خوارتر، سەردێڕی خوارتر لەگەڵ سەردێڕی خوارتر. سێ لەو ئاستانە وەک یەکن(٣٣).

**جڤاکی کوردی و بزاڤە بازنەییەکانی**
**دیدی هێگل لەمەڕ نەگۆڕیی دەستەڵاتە نەریتگەرەکانی ڕۆژهەلاتیدا**
**دزیکردن لە هەڵەبجەی تازەدا بووە بە پیشە و وەک پەتا بلاو بووەتەوە**
**بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی هەڵەبجەی تازە**(٣٤)

**سەردێڕ بۆ هەواڵ:**

ڕۆژنامە لەبەر ئەوەی پێی دەڵێن ڕۆژنامە، چونکە هەواڵی تێدا. ئەگەر هەواڵ لە ڕۆژنامە نەمینێ، هەمان لاپەڕەچاپکراوەکان بڵاوکراوەیان پێدەگوترێ. کورتە هەواڵیش نابێ ٣٠ – ٤٠ وشە زیاتر بێت. لە ڕۆژنامە کوردییەکان، بەدەگمەن ئەو پێوەرەدا جیهانییە پەیڕەو دەکرێ. زۆربەی هەواڵەکان درێژن و بەدەگمەنیش لەلاپەڕە یەک تەواو دەبن و هەر هەمووشیان خوێنەر بۆ لاپەڕەکانی دیکە ڕەوانە دەکەن. بۆیە ئەگەر لەلاپەڕەی یەک یان لاپەڕەکانی دیکە کورتە هەواڵ هەشبێ، زۆربەی جار سەردێڕەکان لەگەڵ ناوەڕۆک ناگونجێن. ناگونجێن لەلایەک لە زۆر وشە پێکدێن، لەلایەکی دیکەش بە خوێندنەوەی، ئەگەر نووسینەکە نەشخوێنیتەوە، هیچ زانیاری لەدەست نادەیت، چونکە ئەو سەردێڕەی بۆیان داناوە، کاکڵی بابەتەکەی پێدایت و تەواوی زانیارییەکانی پێبەخشیت. ئەمەش هەڵەیە و بەهیچ شێوەیەک نابێ لەمجۆرە سەردێڕانە دابندرێ.

**"سەرۆک کۆماری ئێران، سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات**(٣٥)**"** ئەم هەواڵە ٦٠ وشەیە و لە گرنگترین شوێنی

> **پیشەی پەیامنێریی لەرۆژنامەوانی گشتی و تایبەتمەندا جیاوازییەکی زۆری هەیە، لە رۆژنامەوانی گشتیدا پەیامنێر ئیش لەسەر زۆربەی جۆرەکانی رۆنامەوانی دەکاتن**

هەوار کتێب

لاپەڕە داندراوە. گرنگترین شوێن دەکاتە، لای ڕاستی سەرسەرەوەی ڕۆژنامە. لەنووسین بۆ ڕۆژنامە، نووسەر دەبێ ئاگای لەتەواوی نووسینەکە هەبێ تا بۆی بکرێ مەبەستی بە کورتی و زمانێکی ئاسان دەربڕێ. بەچەند وشەیەکی کەم زیرەکی و توانای ژیربێژانەی خاوەنەکەی پیشان دەدات. ئەمەش لە دانانی سەردێڕەوە دەست پێدەکات، تا دەگاتە نووسینەکە خۆی. ئەو سەردێڕەی بۆ ئەم هەواڵە داندراوە، لەلایەک تەواوی زانیارییەکانت پێدەدات، بۆیە ئەگەر هەواڵەکەش نەخوێنیتەوە، تۆ زۆر شتت لەدەست نەچووە و لە زانیاری بێبەش نەبوویت، لەلایەکی دیکەش ئەم هەواڵە کورتە ئەم سەردێڕە درێژە هەڵناگرێ. دەکرا بنووسرابا: "ئەحمەدی نەژاد دێتە کوردستان" یان "**ئەحمەدی نەژاد سەردانی کوردستان دەکات"یان "سەرۆک کۆماری ئێران دەگاتە هەولێر" "ئەحمەدی نەژاد دێتە هەولێر" "ئەحمەدی نەژاد لە هەولێر بارزانی دەبینێ".** ئەوانەی سەرەوە هەمووی تەواون و جگە لەوانەش، دەکرا وشەی سەرۆک کۆماری ئێران وەک سەر سەردێڕ بنووسرابا و سەردانی کوردستان دەکات، بە ڕەشی و گەورەی بنووسرابا. ئەوکات پێویستی نەدەکرد، فاریزەش بۆ ئەم سەردێڕە داندرابا. ئەگەر بکرێ یەک وشە کەمتر بۆ ئەو کورتە هەواڵانە لە سەردێڕ دابندرێ باشە و ئەو وشە کەمە پسپۆرییەک بە نووسینەکە و هونەری نووسینی سەردێڕ دەبەخشێ.

لە لاپەڕە دووی هەمان ژمارە، چەند کورتە هەواڵێک نووسراون، بۆ هەمووشیان سەردێڕی درێژ داندراوە بۆ نموونە: "**جێگری سکرتێری گشتی، پێشوازی لەو منداڵە کرد کە چارەسەری نەخۆشی شێرپەنجەی ئێسکی بۆ کرا**" ئەم سەردێڕە زۆر درێژە و بەئاسانی دەتواندرا کورت بکرێتەوە. وەک لە جیاتی جێگری سکرتێری گشتی، کە هەموو کەس دەزانێ مەبەست کاک کۆسرەت ڕەسولە، دەکرا بنووسرابا: "**کۆسرت ڕەسول ڕۆزە ساڵحی بینی**" وشەی پێشوازی بۆ کەسانی دەستەڵاتدار لە حکومەت دادەندرێ و وشەیەکی زۆر ڕەسمییە. ئەو منداڵە هیچ پۆستی سیاسی نییە، بۆیە لەجیاتی پێشوازی، بینین بەکار دێت. دواتر لەدرێژەی نووسینەکەدا دەکرا بنووسرابا، ڕۆزە ساڵح بۆ چارەسەری نەخۆشی شێرپەنجە ڕەوانەی نەمسا کرا و پاش چاکبوونەوەی سەردانی بەڕێز کۆسرەت ڕەسولی کرد.

"**تۆمەتباری ڕووداوی باتە ئازاد کرا**[٣٦]" ئەمە سەردێڕێکی زۆر باش و سەرنج ڕاکێشە، بۆ ئەو نووسینەی سەرەوە داندراوە. "**گۆڕێکی بەکۆمەڵ دەدۆزرێتەوە**[٣٧]" ئەم سەردێڕەش بۆ ئەو هەواڵەی بڵاوکرابۆوە زۆر باشە.

لە ڕۆژنامەکانی کوردستان، کورتە هەواڵ زۆر کەم دەنووسرێ و نووسینەکان، زیاتر لە هەواڵی درێژ دەکەن، ئەگەرچی زانیاریدان بە کورتە هەواڵ و بە ٣٠ -٤٠ وشە بۆ ڕۆژنامەکان زۆر پێویستە. نووسینی کورتە هەواڵ، بەو شێوەیەی ئێستا لە ڕۆژنامەکانی کوردی پشتگوێ خراوە، لەوانەیە زیاتر لەبەر تێنەگەیشتنی ئەوان بۆ چۆنێتی نووسینی هەواڵ یان زەرووری بوونی هەواڵ بێت. زۆربەی، ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا کار دەکەن، خۆیان خۆیان فێری پیشەی ڕۆژنامەنووسی کردووە، ئەوانیش نازانن، مەبەست لە دەرکردنی ڕۆژنامە یان بڵاوکردنەوەی هەواڵ زۆر پێویستە. لەبەر کەم شارەزایی ئەوان لە پیشەی ڕاگەیاندن، بەم شێوەیەی سەرەوە کاری لەسەر دەکەن. چەند ئێمە ڕاگەیاندنمان بەرەو پسپۆری بچێ ئەوەندە زیاتر سەردێڕی کورت و کورتە هەواڵ ڕۆژنامەکانمان دەنووسین و دەخوێنینەوە.

## سەردێڕ بۆ گۆتار:

گۆتار دەبێ سەردێڕ، لید، وێنە و کۆمێنتاری

هەبێ. لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا، بابەتی گوتار لە تەواوی بابەتەکانی دیکە پێشکەوتووترە و کەم هەڵەترە. ئەمەش لەوانەیە، لەبەر ئەوەی زۆربەی نووسینەکانی تەواوی ژمارەکان، گوتار بن، جگە لەوەش، زۆربەی نووسەرەکان بە نووسینی گوتار دەست بە پیشەی ڕۆژنامەنووسی دەکەن. هەر بۆیەش ئەو سەردێڕانەی، کە بۆ گوتار دادەندرێن لە زۆربەی نووسینەکانی دیکە باشترن. لەوانەشە لەبەر ئەوە بێت، ئەوانەی گوتار دەنووسن، بە زۆری کەسانی بەتوانا و خاوەن ئەزموونن، بۆیە لەم بابەتە بوونەتە پسپۆر و کارەکە بەڕێکوپێکی ئەنجام دەدەن.

**"فراوانکردنی دیموکراسی" "لەدایکبوونی دەوڵەتێکی نوێ" "خراپ تێگەیشتن لە دیموکراسی[٣٨]"**

**"لەگەڵ خودی خۆماندا پێویستمان بە دیالۆگە" "ڕۆژی خۆشەویستی و کورد[٣٩]"** سەردێڕی یەکەم باشە و خوێنەر بۆلای نووسینەکە ڕادەکێشی و زانیارییەک لەسەر ناوەڕۆک دەبەخشی. لە سەردێڕی دووەم، دیسان خوێنەر دەزانێ مەبەست لەم نووسینەدا چییە، بەڵام بۆ گوتارێک زۆر سەردێڕێکی زەق و گەورەیە. سەردێڕی سێیەم زیاتر لە بەرزکردنەوەی پرسیارێکی سیاسی دەکات تا لەباسکردنی مانای خۆشەویستی لە کوردستان. ئەم جۆرە سەردێڕانە بۆ گوتار زۆر گەورەن، زیاتر بۆ نووسنی گوتاری درێژ بۆ گۆڤار یان لەوەش باشتر بۆ ناوونیشانی تێزی ماستەر و دکتۆرا چاکن. لەجیاتی ئەو ناوونیشانە، نووسەر دەیتوانی بنووسێ: **"یادکردنەوەی ڕۆژی خۆشەویستی لە ناو کورد" "ڤالەنتاین لەناو گەنجانی کورد لە کوردستان" "یادکردنەوەی ڤالەنتاین لە کوردستان" "ڕۆژی ئاشقان"**. ئەو سەردێڕانەی من نووسیومە، بۆ ئەوجۆرە گوتارانە دەشێن و خوێنەریش باش تێی دەگات. لە خوێندنەوەی سەردێڕی لەو جۆرە، خوێنەر دەڵێ: یەک ڕۆژمان هەبوو دوور لە سیاسەت، ئەویشیان لێتێکداین و بۆیاغێکی سیاسییان لێدا. ئەو سەردێڕە زۆر سیاسییە و بەهیچ شێوەیەک بۆ نووسینی گوتارێک، کە باس لە خۆشەویستی دەکات ناشێ و ناگونجێ.

### سەردێڕ بۆ چاوپێکەوتن:

لە بابەتی چاوپێکەوتن **(ئینتەرڤیو، هەڤپەیڤین، دیدار...)** باشترین سەردێڕ ئەوەیە، کە ڕستەیەک لە قسەی قارەمانی چاوپێکەوتن بکرێتە سەردێڕ و دابندرێ. لێرە نیشانی دەدات، تۆ بایەخی زۆر بە قارەمانی چاوپێکەوتنەکە دەدەیت و لەلایەکی دیکەش زۆربەی کات ڕستەکان کورتن. "لەبەر

لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا، بابەتی گوتار لە تەواوی بابەتەکانی دیکە پێشکەوتووترە و کەم هەڵەترە. ئەمەش لەوانەیە، لەبەر ئەوەی زۆربەی نووسینەکانی تەواوی ژمارەکان، گوتار بن، جگە لەوەش، زۆربەی نووسەرەکان بە نووسینی گوتار دەست بە پیشەی ڕۆژنامەنووسی دەکەن. هەر بۆیەش ئەو سەردێڕانەی، کە بۆ گوتار دادەندرێن لە زۆربەی نووسینەکانی دیکە باشترن

ئەوەی هزری موئەسەساتیمان کەمە، بۆیە هەنگاوی کەممان بۆ ناوە[٤٠]" ئەمەی سەرەوە قسەی مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، لەکاتی چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە گوتبووی. لە هەمان ڕۆژنامە، بەڵام لاپەڕەیەک دواتر نووسراوە: "پەکەکە گەلی کوردی تووشی وەستان کردووە" ئەمە قسەی یاشار کایایە لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ڕۆژنامە گوتوویەتی.

دەشکرێ لە چاوپێکەوتن، تۆ باس لەو تەوەرە بکەیت، کە تۆ چاوپێکەوتنت لەسەری کردووە و ناونیشانی تەوەرەکە یان باسەکە بکەیتە سەردێڕ، بەڵام لەزۆربەی ڕۆژنامەکانی جیهانیش بۆتە باو، پارچەیەک لە کۆپلەی قارەمانی چاوپێکەوتن وەک سەردێڕ دادەندرێ.

**سەردێڕ بۆ ڕۆژنامەی بەیانییان و ئێواران:**

دوو جۆر ڕۆژنامەی کاغەز هەیە و یەکیان بەناوی: "ڕۆژنامەی بەیانییان" و ئەوەی دیکەش بەناوی "ڕۆژنامەی ئێواران" لە زۆربەی وڵاتانی جیهان دەردەچن. ڕۆژنامەی بەیانییان بە شێوە لە ڕۆژنامەی ئێواران گەورەترە و زۆربەی جار بە قەبارەی بەتاڵ دەردەچێ، ڕۆژنامەی ئێوارانیش بچووکتر و بە قەبارەی تابلۆید دەردەچێ. ڕۆژنامەی بەیانییان لەبەر ئەوەی بەیانییان دەردەچێ، هەموو بەیانییەک لە وڵاتانی پێشکەوتوو ئەو کەسەی ئابۆنەی هەیە، کاتژمێر پێنجی بەیانی ڕۆژنامەکەی بەدەست دەگات. ئەو پێش ئەوەی بچێتە سەر کار، کە زۆربەی جار حەوتی بەیانی دەبێ لەسەر کار بێت، لەگەڵ قاوە خواردنەوەی سەیری ڕۆژنامەش دەکات، بۆ ئەوەی بزانێ ئەو شەوە چی لە وڵاتی ئەو و جیهان ڕوویداوە، بۆیە بەلای ئەوانەوە هەواڵ لە ڕۆژنامە زۆر گرنگە.

ڕۆژنامەی بەیانییان، بە بەراورد لەگەڵ ڕۆژنامەی ئێواران سەردێڕیشیان لە لاپەڕە یەک بچووکترە و لە کەمترین وشە پێکدێت. ڕۆژنامەکانی ئێواران بەردەوام و بەگشتی شێوازی گەورەتریان لە لاپەڕەی یەکەم لە ڕۆژنامەی بەیانییان هەیە، بەڵام ناوەڕۆکیان وەک یەکە[٤١]. لە وڵاتانی پێشکەوتوو جیاوازی زۆر لەنێوان ڕۆژنامەی بەیانییان و ئێواران هەیە و هەر یەکە و خوێنەری خۆی هەیە. ڕۆژنامەی ئێواران زۆربەی کات دوای نیوەڕۆ دەردەچێت و تەواوی هەواڵ و ڕووداوەکانی شەو لەگەڵ بەرەبەیانی تێدا. ڕۆژنامەی ئێواران سەردێڕی زۆر و نووسینی کەمە[٤٢].

لە کوردستان ئێمە جارێ نە ڕۆژنامەی بەیانییانمان هەیە

**ڕۆژنامەی بەیانییان، بە بەراورد لەگەڵ ڕۆژنامەی ئێواران سەردێڕیشیان لە لاپەڕە یەک بچووکترە و لە کەمترین وشە پێکدێت. ڕۆژنامەکانی ئێواران بەردەوام و بەگشتی شێوازی گەورەتریان لە لاپەڕەی یەکەم لە ڕۆژنامەی بەیانییان هەیە، بەڵام ناوەڕۆکیان وەک یەکە**

و نە ڕۆژنامەی ئێوارانیشمان هەیە. ڕۆژنامەکانی خەبات و کوردستانی نوێ، لەڕاستیدا ڕۆژنامەی بەیانییانن، بەڵام لەبەر هەندێک گرفتی تەکنیکی و چاپ و چاپخانە لەکاتی خۆی دەرناچێت و زۆربەی ڕۆژ دوای کاتژمێر هەشت دەگەنە دەست خوێنەر. باس لەوە هەرناکرێ، جارێ لە کوردستان ڕۆژنامە بۆ ماڵەکان ناچێ و زیاتر دامودەزگاکان ئابۆنەیان هەیە. لەوانەیە ڕۆژنامەکان کەمێک زووتر تەواو ببن، بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵک لەماڵەکان ئابۆنەیان نییە و دامودەزگاش دوای کاتژمێر هەشتی بەیانی دەستبەکار دەبن، درەنگتر دەگاتە دەست خوێنەران، ئەگینا لە کوردستان زۆبەری جار دوا لاپەڕە لە نزیک کاتژمێر ١٢ –تا ١ ی بەیانی دەگاتە چاپخانە. لە وڵاتانی پێشکەوتووش، دوا لاپەڕەکان نزیک کاتژمێر یەکی بەیانی دەگەنە چاپخانەکان.

لە کوردستان ئەگەر ڕۆژنامە بەیانیانیش دەربچێ، لەبەر خراپی سیستێمی دابەشکردن و خراپی هاتوچۆ، زۆر درەنگ دەگاتە ناوچەکان. ڕۆژنامەی خەبات دوای کاتژمێر هەشتی بەیانی زۆربەی جار ١٠ی بەیانی دەگاتە سولەیمانی و دهۆک و زاخۆ و ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ" ش بەهەمان شێوە لەبەر ئەوەی لە سولەیمانی چاپ دەکرێ درەنگتر دەگاتە هەولێر و دهۆک. لە کوردستان گوند و شارە بچووکەکان، لە ڕاگەیاندنی نووسراو تەواو بێبەشن و هیچیان بۆ ناچێ. بۆیە سەیر نییە، لە شارۆچکەیەکی وەک شەقڵاوە ڕۆژانە جگە لەئابۆنە، چوار ڕۆژنامەی خەبات یان کوردستانی نوێ لە ساڵی ٢٠٠٥ لێ نەدەفرۆشرا. ئەگەر شارێکی وڵاتی سوید لەگەڵ شەقڵاوە بەراورد بکەین، دەبینین دانیشتوانی شاری کارلستاد نزیکەی ٨٠ هەزار کەسە، ڕۆژانە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی بەیانییانی هەیە.

**سەردێڕ لە شێوەی پرسیار:**

نووسینی سەردێڕ لە شێوەی پرسیار لە ڕۆژنامەکانی کوردی زۆر بڵاوە، بەڵام ئەم شێوە نووسینە لەلایەن نووسەرانی پسپۆری بواری ڕاگەیاندن بەتوندی ڕەت دەکرێتەوە. ئەو سەردێڕەی دێتە ناو مێشکت، لەوکاتەی خەریکی کۆکردنەوەی فاکتەکانیت، نابێ ئەو پرسیارە بێت، کە تۆ دەستت بەکارکردنی کردووە. سەردێڕی پرسیار هیچ ناڵێت[٤٣]. بۆ نموونە تۆ ناتوانی بنووسیت: بەرنامەی وەزیری پەروەردە بۆ خوێندن چییە؟ لەجیاتی ئەوە بنووسە: وەزیری نوێی پەروەردە بایەخی زۆر بە ناردنە دەرەوەی خوێندکاران دەدات. یان لەجیاتی ئایا گەشتە زانستییەکانی کۆلێژی ئاداب

نووسینی سەردێڕ لە شێوەی پرسیار لە ڕۆژنامەکانی کوردی زۆر بڵاوە، بەڵام ئەم شێوە نووسینە لەلایەن نووسەرانی پسپۆری بواری ڕاگەیاندن بەتوندی ڕەت دەکرێتەوە.

بەردەوام دەبێ؟ چاکترە بنووسیت: مامۆستاکان گەشتە زانستییەکانی قوتابییان ڕادەگرن. "ئایا خەڵکی کوردستان پشتیوانی دەسەڵاتی کوردی دەکەن[٤٤]؟"لەجیاتی ئەو شێوە نووسینە زۆر چاکتر دەبوو بنووسرابا: "خەڵکی کوردستان لە پرسە گرنگەکان پشتگیری لە سەرۆک دەکەن" یان، "خەڵکی کوردستان لە دەسەڵات تووڕەن". چونکە لەو کاتەی تۆ سەردێڕ لەشێوەی پرسیار دەنووسیت، ڕێک دەکاتە ئەوەی تۆ پرسیار لە خوێنەر دەکەیت. بۆیە هەوڵ مەدە سەردێڕ لە شێوەی پرسیار بنووسیت، چونکە خەڵک لە بەرزترین دەنگ باشتر تێناگات! ڕۆژنامە نابێ پرسیار لە خەڵک بکات، دەبێ وەڵامی پرسیاری پەیامنێری تێدابێت، کە پێشتر لە قارەمانی خۆی کردووە. لەوکاتە نەبێ، کە پەیامنێر لە نووسینەکەی هەندێک لاوازی پێوە دیارە و هەندێک زانیاری بۆ ڕوون نەبۆتەوە. بەهۆی ئەمجۆرە سەردێڕە یانی سەردێڕ لە شێوەی پرسیار، نووسینەکەی بەهێزتر دەکات.

ئەگەر تۆ ناچار بکرێیت، بەم شێوەیە بنووسیت، لەوکاتە دەبێ بەهۆی وێنەوە یان لەگەڵ وێنە دابندرێت، کە کاریگەری زۆر دەبێ و لەگەڵ خوێنەر پەیوەندی دروست دەکات. لەگەڵ ئەوەش نیشانەی پرسیار دەبێ زۆر بەهۆشیاری مامەڵەی لەگەڵ بکرێ و بەکار بهێندرێ[٤٥]. هەمان بۆچوونی سەرەوە لەلایەن ڕۆژنامەنووسی سویدی Rune Pettersson پەسند دەکرێ. پیاو دەتوانی نیشانەی پرسیار لە سەردێڕ دابنێ، چونکە بۆ نووسینەکە زۆر گرنگن. بەڵام خاڵ و هێڵ دانادندرێ[٤٦].

**هەوڵ مەدە سەردێڕ لە شێوەی پرسیار بنووسیت، چونکە خەڵک لە بەرزترین دەنگ باشتر تێناگات!**

### سەردێڕ لە ڕۆژنامە کوردییەکان:

ئەو کەسەی سەردێڕ دەنووسێ، دەبێ زۆر باش بزانێ بۆچی ئەو بەو شێوە نووسیویەتی ڕازییە و نایەوێ بیگۆڕێ. ئەگەر ئەو کەسەی لەڕۆژنامە کاری سەردێڕ نووسینە، دەبێ تەواوی نووسینەکە زۆر بە وردی بخوێنێتەوە و ئینجا یەک سەردێڕی بۆ دابنێ.

لە ڕاستیدا چەند بایەخ بە نووسینەکە دەدرێ، باشە ئەوەندەش بایەخ بە سەردێڕ بدرێ، چونکە ئەگەر سەردێڕەکە باش نەبێ، دیارە نووسینەکە هیچ مانای نابێت و بەمەش تۆ نەتتوانیوە پەیامت بە خوێنەران بگەیێنیت.

واچاکە سەردێڕ لە شەش وشە زیاتر نەبێ، بەڵام لە ڕۆژنامە کوردییەکان و لە زۆربەی نووسینەکان ئەو پێوەرە پەیڕەو نەکراوە. **"وێڵبوون بەدوای خەونێکی بێ پلان و لە بارودۆخێک مانای دەستکەوتنی بەختەوەری نییە**

**ئەگەر نابەختەوەر بوویت و راتکرد، دڵنیابە بۆ هەر شوێنێک بڕۆیت لەگەڵ خۆتدا ئەو نابەختەوەرییە دەبەیت (٤٧)"**

**"فەلاح مستەفا: سەرۆکی حکوومەتی کوردستان جەختی لەوە کردەوە کە**

**ئێمە دەمانەوێ سوود لە ئەزموونی دەوڵەمەندی کۆریای باشوور وەربگرین**

**ئەوەی تا ئێستا حکوومەتی کوردستان کردوویەتی لە چوارچێوەی یاساو مافە دەستووریەکانمان بووە(٤٨).**

بەگوێرەی خوێندنەوەی ڕۆژنامە کوردییەکان، دیارە پەلەکردنێک یان نەزانینێک لە نووسینی سەردێڕدا هەیە. تا ئێستا بەچەند جۆرێک دەنووسن و ئەوانەی دیکەیان زۆر پشتگوێ خستووە. ئەوان بۆ هەواڵ سەردێڕی درێژ دەنووسن، ئەمەش تەواو لەگەڵ نووسین و دانانی سەردێڕ ناگونجێ. **"کوردێک بەدەست باڵوێزخانەی عێراقەوە لە لەندەن، دوچاری نەخۆشی دەروونی دەبێت(٤٩)"** ئەمەی سەرەوە جگە لەوەی لە ١١ وشە پێکهاتووە، یەک فاریزەش بۆ ئەو سەردێڕە داندراوە، لەکاتێکدا لە نووسینی سەردێڕ باش نییە فاریزە یان نوقتەی هەبێ.

سەردێڕێک بەناوی: "گەنج و کۆمەڵگا و ئایندە" لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامە ڕۆژی ١٨ – ٢ – ٢٠٠٨ نووسراوە. ئەم سەردێڕە لەراستیدا زیاتر بۆ ناوونیشانی گوتاری زانستی یان نامەی ماستەر و دکتۆرا یان کتێب دەگونجێ لەوەی ٣/١ ی لاپەڕەی ڕۆژنامەی پێبدرێ.

سەردێڕ دەبێ کڵاوی نووسینەکە بێت، ئەمەش دەکاتە ئەوەی کە سەردێڕ نابێ وردەکارییەکانی گوتارەکەی تێدا بێت، کەوا لەخوێنەر بکات، پێویست بە خوێندنەوەی گوتارەکە نەکات. بەڵکو ئەو دەبێ لە ئەنجامی خوێندنەوە وردەکارییەکانی بۆ ڕوون بێتەوە، چونکە ئەمە ڕاستە، کە زۆربەی خوێنەران تەنیا سەردێڕ دەخوێننەوە و زۆر کەمتریش گوتارەکە دەخوێننەوە. لە سەردێڕ دەبێ ئاماژە بە گرنگترین باسی گوتارەکە بکرێت.

سەردێڕ نابێ هەندێک وشەی توند یان گەرم بەکار بهێندرێ بۆ نموونە: **"پەنجەی خۆی بڕی بۆ ئەوەی یەک ملیۆن وەربگرێ(٥٠)"** بەڵام ئەم جۆرە نووسینە یان بنەمایە لە ڕۆژنامەکانی کوردی بەهیچ شێوەیەک یان زۆر بەکەمی پەیڕەو دەرکرێ. **"کچێکی ٨ساڵان هەردوو چاوی دەردەهێندرێن و بەتەورداس دەکوژرێ(٥١)" "لە هەفتەیەکدا ٧ ژن دەکوژرێن و ٥ ی دیکەش دەسووتێن و ژنێکیش خۆی دەکوژێت(٥٢)" "هەفتەی ژنکوژی لە کوردستان(٥٣)"**

> **سەردێڕ دەبێ کڵاوی نووسینەکە بێت، ئەمەش دەکاتە ئەوەی کە سەردێڕ نابێ وردەکارییەکانی گوتارەکەی تێدا بێت، کەوا لەخوێنەر بکات، پێویست بە خوێندنەوەی گوتارەکە نەکات. بەڵکو ئەو دەبێ لە ئەنجامی خوێندنەوە وردەکارییەکانی بۆ ڕوون بێتەوە**

**کێ لە مەرگ و ژیانی ئەم کۆمەڵگەیە بەرپرسە[٥٤]؟!" "پیاوێک بە چەقۆ لەلایەن خاڵیەوە دەکوژرێت[٥٥]" "دابەشبوون یان خوێنبەربوونی بەردەوام[٥٦]" "خواردن و توندوتیژی[٥٧]" "ئەفریقا و دیموکراسیەتی فیشەک[٥٨]"**

ئەو جۆرەی ئێستا نووسینی پێدەکرێ مەرج نییە، گۆڕانکاری بەسەر دانەیەت و لەداهاتووش بەهەمان شێوە پەیڕەو بکرێ. نووسینی سەردێڕیش لە ڕۆژنامەکانی کوردی، وەک لە ڕۆژنامەکانی ئەوروپایی گۆڕانکاری تێدەکرێت و لە داهاتوو بەو شێوە دەنووسرێ، تا زۆرترین خوێنەر لەخۆی کۆکاتەوە.

سەردێڕ لە ڕۆژنامەکانی سویدی پێش چەند ساڵێک ئاسایی بوو، ئەگەر لەچەند دێرێک پێکهاتبا، یەک سەردێڕ لە ١٠ دێر پێک دەهات، ئێستا زۆربەی سەردێڕەکان ٢-٣ دێرن[٥٩]. هەندێک لەو دێرانە تەنیا یەک وشە بوون.

لەسەردێڕدا دەبێ، هەوڵبدرێ وشەی کورتکراوە زۆر بەکار نەهێندرێ، تەنیا لەو کاتانە نەبێ، کە وشەکان لەلایەن تەواوی خەڵک ئاشکرا و ڕوونە و دەناسرێتەوە[٦٠]. دانانی سەردێڕ لە ڕۆژنامە گەورەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو، سوێد بەنموونە، ڕۆژنامەنووس ناینووسێ، بەڵکو نووسەرەکان دەینووسن. ئەوان لەبەر ئەوەی تەواوی بابەتەکانی لاپەڕەکەیان لایە، دەزانن چەند شوێنیش بۆ ئەو سەردێڕە هەیە و زۆربەی جار بەگوێرەی ڕووبەری لاپەڕە ژمارەی وشەی بۆ دادەندرێ. سەردێڕ لەو شوێنەی بۆی داندراوە دەبێ جێگای ببێتەوە. ڕۆژنامە قەبارەی خۆی دیارە و بەشێکیشی بۆ سەردێڕ تەرخان دەکرێ. سەردێڕ دەبێ دیاربێ و سەرنجی خوێنەر بۆلای خۆی ڕابکێشێ. بۆ ئەمەش دەبێ زۆر گەورە بێ. ئەوەش دەکاتە ئەوەی، کە زمان کاریگەری خۆی دەبێت[٦١].

زۆر لە دەستەی نووسەران چەندین کاغەز فڕێی دەدەن، تا سەردێڕێکی ڕاست و دروستیان وەگیر دەکەوێ. پاش نووسینی بیرۆکەی یەکەم، هەندێک جار تەنیا یەک وشە دەگۆڕدرێ.

لەکاتی دانانی سەردێڕ نابێ لەیەک لاپەڕە بەچەند جۆرە فۆنتێک بنووسرێ، بەڵکو لە تەواوی ڕۆژنامە لە

٣ – ٤ جۆری فۆنت زیاتر ڕەوا نییە بۆ لاپەڕە و ڕۆژنامە دابندرێ، چونکە ئەگەر ئەو پێوەرە پەیڕەو نەکرێ، لەوانەیە ڕۆژنامەکە بینینی زۆر بێزارکەر بێت. بە قسەی پاشای نەخشەسازی ڕۆژنامە ماریۆ گارسیا ڕۆژنامەیەکی باش دەبێت: بچووک بێت، جوان بێت، خوێندنەوەی ئاسان و خۆش بێت. ڕۆژنامە بەهیچ شێوەیەک نابێت، سەیرکردنی بێزارکەر بێت. ئەو دەڵێ سێ شت هەن، بەردەوام خەباتیان بۆ دەکەم، پیتەکان دەبێت گەورە بن، بۆ ئەوەی بەئاسانی بخوێندرێنەوە، دابەشبوونی نووسینەکان ڕێکوپێک بێت، تاکو ئەوەی بەدوای دەگەڕێیت، بەئاسانی بیدۆزیتەوە[٦٢]. لە پرسیاری باشترین سەردێڕ چییە؟ دەڵێین ئەو سەردێڕەیە، کە زۆرترین خوێنەر بۆ نووسینەکە پەیدا دەکات. ئەوەش تەنیا تۆ وەک خوێنەر دەتوانی بڕیاری لەسەر بدەیت[٦٣].

هەموو نووسینێک لە ڕۆژنامە و گۆڤار ناوێکیان هەیە و ئەو ناوەش سەردێڕی پێدەڵێن. لەوکاتەی خوێنەر پەیوەندی بە ڕۆژنامە دەکات، بۆ ئەوەی کارمەندانی ڕۆژنامە لەمەبەستی بگەن، ئەو ناچار دەبێ ناوی سەردێڕی گوتار، ڕیپۆرتاژ، هەواڵ...هتد بهێنێ. سەردێڕ دەکاتە ناوی نووسینەکە و بەهۆی ئەوەوە نووسینەکان دەناسرێنەوە. "ئەوان گوتاریان خوێندۆتەوە، بەڵام بەچاو خوێندنەوە **(ڤیسوێل)** وێنە و سەردێڕ و نووسینەکان بەیەکەوە بووە". بۆ ئەوەی نووسین بخوێندرێتەوە دەبێ

جگە لە سەردێڕی باش، وێنە و کۆمێنتاری ژێر وێنەش هەبێ. کۆمێنتاری باش تەنیا زانیاری لەسەر ناوەڕۆکی وێنەکە نادات، بەڵکو یارمەتی سەردێڕ و لید دەدا، باشتر لە نووسینەکە بگەن[٦٤]. ئێمە نابێ کۆمێنتار تەنیا لەژێر وێنە بنووسین، لە ژێر وێنەی پۆرترێت.

**ئەنجام:**

ئەو ئازادییەی لە کوردستان هەیە، ڕاگەیاندنی کوردی توانیویەتی، زۆر بە باشی سوودی لێ وەربگرێ. حکومەتی هەرێم لەگەڵ هەموو حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، خاوەنی ڕۆژنامە، گۆڤار، ئێزگەی ڕادیۆی خۆیانن. ئەو زۆرییە، بۆتە دروستکردنی پێشبڕکێیەکی گەورە لە نێوان تەواوی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، کە لەئەنجامدا، زۆربەی دانیشتوانی کوردستان سوودمەند بوون.

جەماوەری کوردستان، ئەمڕۆ زۆرتر لە پێشان، مەرجی بۆ ڕاگەیاندن داناوە، بەوەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، فراوانترین زانیاری بە خوێنەران بدەن، دانانی ئەو مەرجانەی سەرەوەیە، کەسانێکی ناچار کردووە، وەک پێشان، نەتوانن ڕاستییەکان لە جەماوەر بشارنەوە یان خەفەی بکەن.

لە بازاڕی کتێبی کوردیدا، سەرچاوەی زۆر لەسەر ڕاگەیاندن پەیدا بووە، بەڵام زۆر بەدەگمەن، لەوان باس لە گرفتەکانی ڕاگەیاندنی کوردی ئەمڕۆ دەکات. لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لەسەر "سەردێڕ" گەیشتینە ئەوەی، ئەو کەسانەی سەردێڕ بۆ نووسینەکانیان دادەنێن، زۆربەی جار، لەبەر هەڵبژاردنی سەردێڕی خراپ یان زۆر زەق، خەڵک نووسینەکە ناخوێننەوە، ئەگەر بشی خوێننەوە، پاش تەواوبوونی بریندار دەبن و پەشیمانن لەوەی، کە ئەو کاتەیان بۆ خوێندنەوەی تەرخان کرد، بۆیە هەست دەکەن فێڵیان لێ کراوە. دیارە لەو جۆرە نووسینانە، ئەخلاقی ڕاگەیاندن بیری لێ نەکراوەتەوە. زۆربەی ئەو سەردێڕانەی بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانیش دادەندرێن، تا ئێستا لە ئاستی پێویست نین.

*** زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر - بەشی ڕاگەیاندن**

## پەراوێزەکان

١- سەپان مەغدید، دکتۆر. ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە (١٤٥٠-١٥٠٠). هەولێر، ٢٠٠٥ .- ل. ١١٢

2- Björn Nöljer، Så snickar du en tidningsartikel. Borås، 1994.- p.16

3- Åke Edwardson، Kenth Andreasson، per andersson-Ek. Göra tidning. Värnamo، 1998. – p.46

٤- سەپان مەغدید، دکتۆر. ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە (١٤٥٠-١٥٠٠). هەولێر، ٢٠٠٥ .- ل. ١١٨

5- Rune pettersson. Rubriker. Nyköping، 2003 –p. 25

6- Sören Larsson. Att skriva i tidning. Stockholm، 1985 –p. 168.

7- Rune pettersson. Rubriker. Nyköping، 2003 –p. 7

٨- بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە ئەم ڕۆژنامانەی خوارەوەم لەبەر دەست بوون: ڕۆژنامەی خەبات ڕۆژانی: ١٤، ١٥، ١٦- ٢ - ٢٠٠٨، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ڕۆژانی: ١٤، ١٩، ٢٠ – ٢ - ٢٠٠٨، هەفتەنامەی میدیا ڕۆژی: ١٢ – ٢- ٢٠٠٨، ڕۆژنامەی جەماوەر ڕۆژی: ٧ -١ - ٢٠٠٨، ڕۆژنامەی هاوڵاتی ڕۆژانی:١٧ – ١٠ لەگەڵ ٢٨ – ١١ – ٢٠٠٧، ڕۆژنامەی ئاوێنە ڕۆژی: ١٢ – ٢ – ٢٠٠٨، ڕۆژنامەی "ڕۆژنامە" ڕۆژانی: ١٢، ١٣، ١٨، ٢٠ - ٢ – ٢٠٠٨، ڕۆژنامەی هەولێر ڕۆژانی: ١٣، ١٩ - ٢- ٢٠٠٨، ڕۆژنامەی هەواڵ ڕۆژی: ١٦ - ٢ - ٢٠٠٨، ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت ڕۆژی: ١ – ١٢ – ٢٠٠٧ ڕۆژنامەی بارزان ڕۆژی: ١٧ – ٢ – ٢٠٠٨ لەگەڵ ڕۆژنامەی ئاسۆ ڕۆژی: ٩ – ١٠ – ٢٠٠٧، هیچ لەو ژمارانەی سەرەوە سەردێڕی مقەسییان بەکار نەهێناوە.

9- Åke Edwardson، Kenth Andreasson، per andersson-Ek. Göra tidning. Värnamo، 1998. – p.50

١٠- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ. ل. ١، ٢٠ – ٢ – ٢٠٠٨

١١- ڕۆژنامەی هەولێر. ل. ١، ١٩ – فێبریوەری ٢٠٠٨

١٢- هەفتەنامەی میدیا. ل. ١، ١٢ – ٢ – ٢٠٠٨
١٣- ڕۆژنامەی ڕۆژنامە. ل.١، ١٢ – ٢ –٢٠٠٨
١٤- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ. ل. ١، ٢٠ – ٢ – ٢٠٠٨
١٥- هەفتەنامەی میدیا. ل. ١٨، ١٢ – ٢ – ٢٠٠٨
16- Åke Edwardson، Kenth Andreasson، per andersson-Ek. Göra tidning. Värnamo، 1998. – p.50
١٧- ڕۆژنامەی هاوڵاتی. ل. ١، ١٧ – ١٠ –٢٠٠٧
١٨- ڕۆژنامەی ئاوێنە. ل.١، ١٢ – ٢- ٢٠٠٨
١٩- ڕۆژنامەی بارزان. ل.١، ١٧ – ٢- ٢٠٠٨
٢٠- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ. ل.١٢، ١٩ – ٢ – ٢٠٠٨
٢١- هەفتەنامەی میدیا. ل. ١، ١٢ – ٢ – ٢٠٠٨
22- Söran Larsson. Att skriva i tidning. Stockholm، 1985 –p. 168.
٢٣- ڕۆژنامەی هەواڵ. ل.٤، ١٦ – ٢ – ٢٠٠٨
٢٤- ڕۆژنامەی خەبات. ل. ٣، ١٦ – ٢ – ٢٠٠٨
25- Åke Edwardson، Kenth Andreasson، per andersson-Ek. Göra tidning. Värnamo، 1998. – p.50
٢٦- ڕۆژنامەی خەبات. ل. ١، ١٤ – ٢- ٢٠٠٨
٢٧- ڕۆژنامەی خەبات. ل. ١٦ – ٢ – ٢٠٠٨
28- Söran Larsson. Att skriva i tidning. Stockholm، 1985 –p. 161.
٢٩- ڕۆژنامەی جەماوەر. ل. ١، ٧ – ١ – ٢٠٠٨
٣٠- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ. ل. ٢، ٢٠ – ٢ – ٢٠٠٨
٣١- ڕۆژنامەی ڕۆژنامە. ل. ٢، ١٢ – ٢ – ٢٠٠٨
٣٢- ڕۆژنامەی جەماوەر. ل.٧، ٧ – ١ – ٢٠٠٨
33- Rune pettersson. Rubriker. Nyköping، 2003 –p. 12
٣٤- ڕۆژنامەی هاوڵاتی. ل. ٦ – ٧ / ١٠ – ٢٠٠٧
٣٥- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ. ل. ١، ٢٠- ٢ – ٢٠٠٨
٣٦- هەفتەنامەی میدیا. ل.٢، ١٢ – ٢ – ٢٠٠٨
٣٧- ڕۆژنامەی جەماوەر. ل.٢، ٧ – ١ – ٢٠٠٨
٣٨- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ. ل. ٦ – ٧ / ٢ – ٢٠٠٨
٣٩- ڕۆژنامەی خەبات. ل. ٥، ١٤ – ٢ – ٢٠٠٨
٤٠- ڕۆژنامەی ڕۆژنامە. ل. ٥، ١٨ – ٢ – ٢٠٠٨
41- Söran Larsson. Att skriva i tidning. Stockholm، 1985 –p. 165.
4342- Rune pettersson. Rubriker. Nyköping، 2003 –p. 9
43- Söran Larsson. Att skriva i tidning. Stockholm، 1985 –p. 162.
٤٤- ڕۆژنامەی ڕۆژنامە. ل.٥، ١٨ – ٢- ٢٠٠٨
45- Söran Larsson. Att skriva i tidning. Stockholm، 1985 –pp. 4858-.
46- Rune pettersson. Rubriker. Nyköping، 2003 –p. 24
٤٧- ڕۆژنامەی هاوڵاتی. ل. ١٠، ٢٨ – ١١ – ٢٠٠٧
٤٨- ڕۆژنامەی خەبات. ل.٣، ١٥ – ٢ – ٢٠٠٨
٤٩- ڕۆژنامەی جەماوەر. ل. ٢، ٧ – ١- ٢٠٠٨
50- Åke Edwardson، Kenth Andreasson، per andersson-Ek. Göra tidning. Värnamo، 1998. – p. 47
٥١- هەفتەنامەی میدیا. ل. ١، ٤ – ١٢ – ٢٠٠٧
٥٢- هەفتەنامەی میدیا. ل. ١، ١٢ – ٢ – ٢٠٠٨
٥٣- هەمان سەرچاوەی پێشتر ل. ١٣،
٥٤- ڕۆژنامەی هەواڵ. ل. ٨، ١٦ – ٢- ٢٠٠٨
٥٥- ڕۆژنامەی ئاوێنە. ل. ١٦، ١٢ – ٢ – ٢٠٠٨
٥٦- ڕۆژنامەی هاوڵاتی. ل. ١٣، ١٧ – ١٠ – ٢٠٠٧
٥٧- ڕۆژنامەی هاوڵاتی. ل. ١٢، ١٧ – ١٠ – ٢٠٠٧
٥٨- ڕۆژنامەی خەبات. ل. ١٣، ١٥ – ٢ – ٢٠٠٨
.59- Söran Larsson. Att skriva i tidning. Stockholm، 1985 –p. 165
60- Åke Edwardson، Kenth Andreasson، per andersson-Ek. Göra tidning. Värnamo، 1998. – p. 48
٦١- هەمان سەرچاوەی پێشتر.ل. ٤٩
٦٢- ڕۆژنامەی ێتەبۆری پۆستن . ل.٣٤. ١٧ – تەموزی ٢٠٠١ (بەزمانی سوێدی)
63- Åke Edwardson، Kenth Andreasson، per andersson-Ek. Göra tidning. Värnamo، 1998. – p. 58
64- Söran Larsson. Att skriva i tidning. Stockholm، 1985 –p. 174

## سەرچاوە لەگەڵ ئەو کتێبانەی بۆ ئەم توێژینەوەی سوودم لێ وەرگرتوون

**بەزمانی سوێدی:**

1- Björn Nöljer. Så snickar du en tidningsartikel. Borås، 1994
2- Catharina Grunbaum. Språkbladet. Borås، 1998
3- Fredric Bagge. Grafisk industri. Stockholm، 1940
4- Göran Rosenberg. Journalstik. Prisma،. 2000
5- Jarl Backman. Att skriva och läsa vetenskapliga rapporter. Lund، 1985
6- Lars J Hulten. Journalistikens villkor. Borås، 1993
7- Maria-Pia Boethuius. Mediernas svarta bok. Falun، 2001
8- Marshall McLuban. Media. Falun، 1999
9- Rune pettersson. Rubriker. Nyköping، 2003
10- Stig Hadenius، Lennart Weibull.

Massmedier. Falun، 2003
11- Söran Larsson. Att skriva i tidning. Stockholm، 1985
12- Åke Edwardson، Kenth Andreasson، per andersson-Ek. Göra tidning. Värnamo، 1998

**بەزمانی رووسی:**

1- Ворошилов В. В. Журналистика. СПб.، 1999
2- Головня И. А. С чего начиналась фотография. М.، 1991
3- Гуревич С. М. Номер газеты. М.، 2002.
4- Засорина Т، Федосова Н. Профессия – журналист. Ростов н/д; 1999
5- Корконосенко С. Г. Основы творческой деятелъности журналиста. СПб.، 2000
6- Лазутина Г. В. Профессионалъная этика журналиста. М.، 1999
7- Лазутина Г. В. Основы творческой деятельности журналиста. М.، 2000
8- Мельник Г. С. Mass-media: Психологические процессы и эффекты. СПб.،- 1996
9- Михайлов С. А. Журналистика стран северной европы. СПб.، 2003
10- Накорякова К. М. Литературное редактирование. М.، 1994
11- Самолетов С. А. Дизайн современной газеты. СПб.، 1998
12- Сапан М. Печать курдской диаспоры: история и современное состояние. СПб.، 1998

**بەزمانی کوردی:**

١- سەپان مەغدید، دکتۆر. ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە (١٤٥٠-١٥٠٠). کۆڕی زانیاری کوردستان- هەولێر، ٢٠٠٥
٢- سەپان مەغدید، دکتۆر. ئاژانسەکانی دەنگوباس. ئاراس – هەولێر، ٢٠٠٦
٣- سەپان مەغدید، دکتۆر. ئەگەر ڕۆژنامەنووس هات. سەردەم- سولەیمانی، ٢٠٠٧
ڕۆژنامە بە زمانی سوێدی:
ئیلڤە ماندرسۆن. ڕۆژنامەی پێتەبۆری پۆستن، ١٧ – تەموزی ٢٠٠١، ل. ٣٤.

# لایەنێکی دیکەی فەرامۆشکراوی رۆژنامەنووسیی کوردی



رێناس نەورۆزی/ برۆکسل

**رێناس نەورۆزی، یەکێکە لەو رۆژنامەنووسە چالاکانەی کە دەستێکی بالایان لە تۆژینەوە و ساغکردنەوەی مێژووی رۆژنامەنووسیی کوردیدا هەیە، لە یادی (١٠٩) ساڵەی رۆژنامەنووسیی کوردیدا پێشانگایەکی فراوانی بۆ رۆژنامە کوردییەکانی سالانی پێشوو لە بارەگای پەرلەمانی ئەوروپایی کردبۆوە، بەم کارەش پرسی نەتەوەکەمانی بەزۆر لایەن ناساندبوو. لەو سەردانەی دوایی بۆ کوردستان بۆ دەستخستنی ژمارەکانی گۆڤارەکەمان سەردانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی کرد، گفتیشی داینێ بەچەند لێکۆڵینەوەیەک هاریکاری گۆڤارەکەمان بکات، دوای گەڕانەوەی بۆ ئەوروپا ئەو چوار بابەتە بەپێزەی بەسەریەکەوە بۆ ناردووین، کە مایەی سوپاس و دەست خۆشییە.**

**ئێمەش بەباشمان زانی دوای پاش و پێشکردن بە ژمارەی پەراوێزەکان، هەرچواریان بەسەریەکەوە لەژێر ئەم ناوونیشانانەی سەرەوە بڵاوبکەینەوە.**

(١)

**رەفعەت مەولان زادە (١٨٧٠-١٩٣٠)**
**رۆژنامەنووس، رووناکبیر، سیاسەتمەدار**

### رەفعەت مەولان زادە کێ بوو؟

رووناکبیر و سیاسەتمەدار و رۆژنامەوان **(رەفعەت مەولان زادە)** یەکێکە لە کەسایەتییە کاریگەر و دیارەکانی کورد لە سەرەتای سەدەی بیستەم کە لە مێژووی هاوچەرخی کورد خاوەن شوێن و رۆڵێکی گرنگە، بەڵام تا ئێستا وەکو پێویست لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لەسەر ژیان و کەسایەتی رەفعەت مەولان زادە و کارە رۆشنبیری و رۆژنامەوانییەکانی ئەم پیاوە، بەتایبەتیش لایەنی رۆژنامەوانی کە ناوبراو خاوەن و دامەزرێنەری چەند رۆژنامەیەک بووە نەکراوە و ئەنجام نەدراوە و هیچ شتێکی روون و پێویست لەسەر ژیانی

بڵاونەکراوەتەوە. مرۆڤ کاتێک کە ئەو نامەیەی رەفعەت مەولان زادە دەخوێنێتەوە کە لە دووەمین ژمارەی گۆڤاری هەتاوی کورد دا بۆ بەرپرسیارانی گۆڤارەکەی نووسیوە، باش تێدەگە و دەزانێ ئەم مرۆڤە سەدەیەک لە مەوبەر چۆن لە خەم و ئەندێشەی نەتەوەکەی دابووە و چەندە کەسایەتیەکی زانا و نیشتمانپەروەر بووە.

**(رەفعەت مەولان زادە)** = **(رەفعەت)**ی نەوەی (**مەولانا**) لە سەرچاوەکاندا بەو جۆرانەش ناوی هاتووە وەک: **(مولان زادە رفعت)**، **(رفعت بگ مولان زادە)**، **(مەولانا زادە رەفعەت بەگ)**.. ئەو پیاوە ناوی تەواوی خۆی **(رەفعەت)**ە و پاشناوی بنەماڵەکەشیان **(مەولانا زادە)** یان **(مەولان زادە)** بووە. بەگوێرەی سەرجەم سەرچاوە و بەڵگەنامە تورکییەکان **(رەفعەت مەولان زادە)** بە بنچە کوردە و خەڵکی شاری (سلێمانی)یە[١]. بەڵام ناوبراو لە ساڵی ١٨٧٠[٢] لە ئەستەنبوڵ لە دایکبووە[٣]! ئەو پیاوە کە بەرەگەز خەڵکی میرنشینی بابان و ویلایەتی شارەزوور و شاری سلێمانییە!. بە گوێرەی هەموو ئەو سەرچاوانەی کە من بینیومن و ناوی ئەو پیاوەی تێدا هاتووە، بەهیچ شێوەیەک **(رەفعەت مەولان زادە)** رەگەزەکەی ناچێتەوە سەر بابان زادەکان.

وەک دەزانرێت لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم ئەستەنبوڵ گەورەترین و پێشکەوتووترین شاری رۆژهەڵاتی ناوین بووە، هەروەها پایتەختی گەورەترین ئیمپراتۆریەتی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم بووە، بۆیەکە خەڵکی هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەو ئیمپراتۆریەتە بۆ خوێندن، بازرگانی، کار... هتد روویان لە پایتەختەکەیان **(ئەستەنبوڵ)** کردووە، کوردیش کە یەکێک لە گەورەترین نەتەوەکانی ناو سنووری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بووە، هەر لە سەدەی پازدە و شازدە بەدوا بەتایبەتیش لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم هامووشۆی بەردەوام و نیشتەجێبوونی بەردەوامیان لە ئەستەنبوڵ هەبووە و لە رۆژی ئەمرۆشدا ئەستەنبوڵ بە گەورەترین شاری کورد دادەندرێت لە جیهاندا کە ژمارەی کوردەکانی ئەستەنبوڵ لە پێنج ملیۆن زیاتردەبێت....!

دووای رووخانی میرنیشینی **(بابان)** لە ساڵی ١٨٥١ کە شاری سلێمانی ناوەندەکەی بوو، لە نیوەی دووەم و کۆتایی سەدەی نۆزدە **(سەعید پاشای خەندان ١٨٢٦-١٩٠٩)** و دوای ئەویش **(مستەفا زهنی پاشای بابان ١٨٥٠ سلێمانی - ١٩٢٩ ئەستەنبوڵ)** و چەند کەسیتر لە ناسراوەکانی سلێمانی روویان کردۆتە ئەستەنبوڵ. زۆربەی **(بابان)**ەکانی ئەستەنبوڵ لە



**رەفعەت مەولان زادە**

نەوەی **(مستەفا زهنی پاشای بابان)**ن[٤] لەوانە: ئیسماعیل حەقی بابان ١٨٧٦-١٩١٣، حوسێن شوکری ١٨٨٨-١٩٨٠، حیکمەت بەگی بابان، عاسیم بەگی بابان، ئەحمەد بەگی بابان، مەحمود بەگی بابان، جیهاد بابان و سەلیم بابان **(کوڕانی حیکمەت بابان)**.

**(ڕەفعەت مەولان زادە)** بابان زادە نەبووە و بە هیچ شێوەکیش ڕەگەزەکەی ناچێتەوە سەر **(بابان)**ەکانی سلێمانی، وەک ئاماژەم پێکرد تەنیا بە بنەچە خەڵکی پایتەختی میرنشینی بابان **(سلێمانی)** بووە و ناوبراو تەنیا پەیوەندییەکی سیاسی و نەتەوەیی و ڕۆشنبیری هاوبەشی لەگەڵ بەشێک لە **(بابان)**ەکانی ئەستەنبوڵ هەبووە، بەتایبەتیش پەیوەندی لەگەڵ کوڕانی **(مستەفا زهنی پاشا)** پتەو و بەهێز بووە و کۆمەڵێک کاری هاوبەشی لەگەڵ ئەواندا ئەنجام داوە. هەروەها **(ڕەفعەت مەولان زادە)** پەیوەندی پتەوی لەگەڵ **(شەریف پاشای خەندان ١٨٦٥-١٩٥١)** کوڕی سەعید پاشای خەندان هەبووە، کاتێک کە **شەریف پاشا** لە ساڵی ١٩٠٩ پارتێکی سیاسی لە پاریس دامەزراندووە[٥]، ڕەفعەت مەولان زادەش بووەتە ئەندامێکی دیاری ناو پارتەکەی شەریف پاشا. هەروەها ڕەفعەت مەولان پەیوەندی پتەوی لەگەڵ بەدرخانییەکان هەبووە بەتایبەتیش کوڕانی بەدرخان پاشا **(ئەمین عالی بەدرخان و خەلیل رامی بەگ بەدرخان)**. جگە لە بابانەکان و بەدرخانییەکان، ڕەفعەت مەولان زادە پەیوەندی پتەوی لەگەڵ زۆربەی ڕۆشنبیر و زانا کوردەکانی ئەو ساتەی ئەستەنبوڵ هەبووە وەک **(جەمیل پاشازادەکانی دیاربەکر)** و **(مەمدوح سەلیم)** و **(هەمزە بەگی موکسی)** و **(دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت)** و **(ئیبراهیم حەیدەری)** کە یەکێک بووە لە خەلیفەکانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی.

بۆ دڵنیا بوون لەوەی کە ئەم پیاوە ناوی **(ڕەفعەت مەولان زادە)**یە، نەوەک **(مەولان زادە ڕەفعەت)** وەک هەندێک جار لە سەرچاوەی کوردیدا بە هەڵە ئاماژە بە ناوەکەی دەکەن، بەڵگەنامەکان زۆرن وەک نمونە لە گۆڤارە کوردییەکانی ئەو سەردەمە و سەرچاوە تورکییەکانی ئەوسا زۆربەی ناوەکان ئاوا دەنووسراون، سەرەتا پاشناو و دواتر ناوی یەکەم دەنووسران وەک: **(بابان زادە اسماعیل حقی = واتا: ئیسماعیل حەقی بابان زادە)، (دیاربکری فکری نجدت = واتا: فیکری نەجدەتی دیاربەکری)، (سلیمانی عبدلکریم = عەبدولکەریمی سلێمانی)، (سلیمانیی توفیق بگ = تۆفیق بەگی سلێمانی)، (مولان زادە رفعت = واتا: ڕەفعەت مەولان زادە، یاخود ڕەفعەتی نەوەی مەولان)**. لەلای دەستە ڕاستی



**شەریف پاشا**

سەرەوەی رۆژنامەی **(سەربەستی ١٩٠٨-١٩٢٠)** نووسراوە: **(صاحب و مدیری: مولان زادە رفعت)**، بەڵام لەسەر رۆژنامەی **(کادینلەر دونیاسی = جیهانی ژنان)** و رۆژنامەی **(ئەرکەکلەر دونیاسی = جیهانی پیاوان)** نووسراوە: **(مدیر مسئول: رفعت)**.

پاشناوی وەک **(مەولان زادە)** بۆ رووناکبیر و زانایەکی کوردی کارزان لە سەرەتای سەدەی بیستەم کە بە بنەچە خەڵکی سلێمانی بووە کۆمەڵێک پرسیار و گومانمان لەلا دروست دەکات. بە گوێرەی لێکۆڵینەوە و لێگەڕینەکانم **(رەفعەت مەولان زادە)** تەنانەت رەگەزەکەی ناچێتەوە سەر **(بەگزادە و هۆز و تیرەکانی ئەمرۆی سلێمانی)** و **(شێخەکانی سلێمانی)** و دەوروبەریشی، بەڵام پاشناوی **(مەولان زادە)** جێگەی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی زیاترە. ئەگەرچی من هیچ بەڵگەنامە و سەرچاوەیەکم بەدەستەوە نییە، کە ئەوە نیشان بدات **(رەفعەت مەولان زادە)** نەوە یان کورەزا یاخود برازای تاکە **(مەولانا)**ی گەورەی کورد**(مەولانا خالیدی نەقشبەندی)** بووبێت!، بەڵام هەبوونی پاشناوی وەک **(مەولان زادە)**ی خەڵکی سلێمانی دەمانخاتە ئەوەی کە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی زیاتر لەسەر **(مەولانا خالیدی نەقشبەندی)** و نەوەکانی بکرێت! زۆرم هەوڵدا شەجەرەی مەلانا خالیدی نەقشبەندی و دەوربەرەکانی پەیدا بکەم، بەڵام دەستم نەکەوت، هەموو ئەو سەرچاوانەشی کە تا ئێستا دەربارەی مەولانا خالیدی نەقشبەندییان نووسیوە و من بینومن، زۆربەیان لەسەر رێباز و کاریگەرییە ئایینییەکەی و کەسایەتییەکەی و ناوەرۆکی بەرهەمەکانی ئەویان نووسیوە!

وەک دەزانرێت **(مەولانا خالید)** کە بڵاوکەرەوەی رێبازی **(نەقشبەندی)** بووە لە کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوین، ئەو لە ساڵی ١٧٧٦ لە ناوچەی قەرەداخ لە دایکبووە و دەچێتەوە سەر هۆزی جاف. مەولانا خالید لەلای میرەکانی بابان بە تایبەتیش لای عەبدولڕەحمان پاشای بابان خاوەن رێزێکی تایبەتی بووە و بە جێگری دەسەڵاتەکەی خۆی زانییوە[٦]، هەروەها مەولانا خالید لەلای میرەکانی ئەردەلان و دیاربەکر و دەسەڵاتدارانی شام و بەغدا و زۆر شوێنیتری کوردستان و عوسمانی خاوەن پایەیەکی تایبەتی بووە، خەلیفە و پیاوانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە ئەستەنبوڵی پایتەختی عوسمانی زۆربوونە و کاریگەرییان بەسەر سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانییەوە هەبووە و بەجۆرێک کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە کەسایەتییەکی وەک **(مەولانا خالیدی نەقشبەندی)** و خەلیفە و پیاوەکانی ترساوە. ئەمرۆکەش لە سەرتاپای کوردستان و ئێران و تورکیا و سوریا کەم کەس هەیە کە ناوی **(مەولانا خالیدی نەقشبەندی - شارەزووری)** نەبیستبێ، پەیڕەوانی رێبازی نەقشبەندی لە سەرانسەری کوردستاندا ژمارەیان زۆرە و ناسراون. مەولانا خالید هەر تەنیا کەسایەتییەکی گەورەی ئایینی نەبووە، بەڵکو شاعیر **(هۆنەر)** و پەخشاننووسیش بووە و خاوەن دیوانێکی تایبەتی خۆیەتی. نامەوێت زیاتر بڕۆمە ناو ژیان و بەسەرهاتەکانی مەولانا خالید و پەیڕەوانی نەقشبەندی، ئەوەی مەبەستمە ئەوەیە کە **(مەولانا خالید)** لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوین بە خەڵکی سلێمانی و شارەزوور ناسراوە، لە دوایین ساڵەکانی تەمەنیدا روویکردۆتە دیمەشق و تا کۆچی دوایی لە ساڵی ١٨٢٧ بە یەکجاری لەوێ نیشتەجێبووە و هەر لەوێش نێژراوە. ئەوەی هەیە سەبارەت بە **(رەفعەت)**یش لە هیچ سەرچاوەیەکدا نەگوتراوە کە **(رەفعەتی مەولانا زادە)** لە نەوەی مەولانا خالید بێت، بەڵکو ئەوەی هەیە کە لەسەر ناوبراو گوتراوە **(مەولان زادە)**یە. ئایا رەفعەتی مەولان زادە، نەوەی کام مەولانایە؟ ئایا لە سەدەی هەژدە و نۆزدە جگە لە مەولانا خالیدی نەقشبەندی هیچ مەولانایەکیتر لە سنووری میرنشینی بابان هەبووە؟ تەنانەت **(رەفعەت مەولان**

**زادە)** ئەو ماوەیەی کە لە ئەستەنبوڵ بووە هیچ یەکێک لەو کوردە رۆشنبیرانەی سلێمانی کە لە ئەستەنبوڵ ژیاون وەک: **(حاجی تۆفیق بەگ-پیرەمێرد، محەممەد ئەمین زەکی بەگ، مستەفا پاشای یامولکی و عەبدولعەزیز یامولکی و زۆریتر....)** لە نووسین و یاداشت و وتارەکانیاندا ئاماژەیان بە ژیان و بنەچە و بنەی ئەم پیاوە نەکردووە. وەک لە سەرچاوەکاندا دەردەکەوێت کە شوێنی لە دایکبوونی **(رەفعەت مەولان زادە)** ئەستەنبوڵە و کار و چالاکییەکانیشی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەم لە ئەستەنبوڵ دەست پێدەکات، بەڵام هێشتا هیچ بەڵگەیەکی روون و ئاشکرا نەدۆزراوەتەوە کە ناوونیشانی ماڵباتی رەفعەت مەولان زادە بسەلمێنێت! بەدڵنیاییەوە و بەبێ هیچ گومانێک دەڵێم خەباتکار و کەسایەتییەکی وەک رەفعەت مەولان زادە هەر دەبێت لە ماڵباتێکی زانا و دانا لە دایک بووبێت! هاوسەرەکەی **(رەفعەت مەولان زادە)**ش واتا خاتوو **(نووررییە عولوییە)** کە بە **(عولوییە مەولان زادە)** و **(ن. عولوییە مەولان)** ناسراوە خەڵکی سوریا بووە و کچی **(حاجی مەحموود)**ی جووتیارە[٧]!. ئەم خانمە هێشتا نەببوو بە ٢٠ ساڵان کە شووی بە **(رەفعەت مەولان زادە)** کردووە و بەهۆی ناوبانگی ماڵباتی هاوسەرەکەیەوە پاشناوی هاوسەرەکەشی هەڵگرتووە و بووەتە بە **(نووررییە عولوییە مەولان)** و **(عولوییە مەولان زادە)**.

وەک دەزانرێت دوای رووخانی دەوڵەتی عوسمانی و راونانی کوردە ئازادیخوازەکانی ئەستەنبوڵ و تێکچوونی باری سیاسی لە تورکیا، زۆربەی کەسایەتییە ناسراوەکانی باشووری کوردستان ناچار بوون ئەستەنبوڵ بەجێبهێڵن و بگەڕێنەوە زێد و واری سەرەکی خۆیان وەک نموونەی گەڕانەوەی مستەفا پاشا یاموڵکی و عەبدولعەزیز یاموڵکی و پیرەمێردی شاعیر و زۆریتر بۆ سلێمانی. **(رەفعەت مەولان زادە)**ش کە بەرەسەن خەڵکی سلێمانییە، بە یەکجاری نەگەڕاوەتەوە سلێمانی، بەڵکو چووەتە سوریا **(ئەو وڵاتەی کە دوا هەوارگەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی)**یە و تا کاتی کۆچی دوایی لە ساڵی ١٩٣٠ هەر لە سوریا بووە!. لێرەشدا پرسیارێکی ترمان لەلا دروست دەبێت کاتێک کە جەمیل پاشازادەکانی دیاربەرکر ئاوارەی سوریا بوون و بەدرخانییەکان ئاوارەی میسر و سوریا و ئەردەن بوون و کوردە ناسراوەکانی سلێمانی گەڕانەوە سلێمانی، ئایا بۆچی **(رەفعەت مەولان زادە)**ی بەرەگەز خەڵکی سلێمانی بە یەکجاری نەگەڕایەوە سلێمانی و چوو لە سوریا نیشتەجێ



**پیرەمێرد**

بووا؟ ئایا کەس و کار و خزمانی **(رەفعەت مەولان زادە)** ئەوساتە نیشتەجێی سلێمانی بوونە یان سوریا و شوێنیتر؟! دڵنیام لەبەر ئەوەش نییە رووی کردۆتە سوریا کە هاوسەرەکەی خەڵکی سوریا بووە، چونکە دوای ئەوەی **(رەفعەت مەولان زادە)** تورکیای بەجێهشتووە هاوسەرەکەی لە ئەستەنبوڵ بە تەنیا بە جێماوە!

**پوختەیەک لە وێستگەکانی ژیانی رەفعەت مەولان زادە:**

– رەفعەت مەولان زادە لە ساڵی ١٨٧٠ لە ئەستەنبوڵ لە دایکبووە و بەرەسەن خەڵکی میرنشینی بابانە.

– قۆناخەکانی خوێندنی لە ئەستەنبوڵ تەواوکردووە.

– سەرەتا وەک **ئیسحاق سکوتی و عەبدوڵڵا جەودەت–ی هاورێی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە بە (عوسمانچیەتی)** دەست دەکات بە خەبات، بەڵام ئەو وەکو تورکە گەنجەکان بیری نەدەکردەوە کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تەنیا هی تورک و هی موسلمانە! ئەو پێی بوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە تەنیا هی تورک و هی موسلمان نییە، بەڵکو هی هەموو ئەو نەتەوە و ئایین و ئاینزایایانەیە کە لە ناویدا دەژین. لەم بارەیەوە هیچ کاتێک نەدەترسا و دژی سیاسەتی بە تورککردن دەوەستایەوە، هەر بۆچوون و هەڵوێستێکی هەبووایە دەری دەبڕی!

– ساڵی ١٨٩٦ بەهۆی هەڵوێست و بۆچوونەکانییەوە دژ بەدەسەڵاتی عوسمانی، لەلایەن سولتان حەمیدی دووەم بڕیاری ١٢ ساڵ زیندانیکردن و دوورخستنەوەی دەدرێت و دەگوازرێتەوە بۆ زیندانی شاری **(سەنعا)**ی یەمەن.

– رۆژی ١٩٠٨/٧/٢٣ دوای ئازادبوونی، دەگەرێتەوە بۆ ئەستەنبوڵ[٨] و یەکەم هەنگاو دەست دەکات بە خەبات و تێکۆشان لە پێناوی رووخانی دەسەڵاتی سولتان حەمیدی دووەمدا.

– یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی **(کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد).**

– خاوەن و دامەزرێنەری رۆژنامەی **(سەربەستی)**یە کە یەکەم ژمارەی لە رۆژی ١٩٠٨/١٠/١٢ لە ئەستەنبوڵ دەرچووە.

– بەهۆی بوێری و هەڵوێست و نووسینە رەخنە ئامێزەکانی لە دەسەڵاتدارانی تورک، بڕیاری کوشتنی بۆ دەردەچێت و بۆیە رۆژی ١٩٠٩/٤/٦ بە ئامانجی کوشتنی **(رەفعەت مەولان زادە)** ئیتحاد و تەرەقییەکان بە هەڵە سەرنووسەری سەربەستی **(حەسەن فەهمی)**ی هاورێ و هاوکاری رەفعەت



**عەبدوڵڵا جەودەت**

هەواڵنامەی کتێب

مەولان زادە لەسەر پردی گەلەتەی ئەستەنبوڵ دەکوژن! هەر بۆیە دوو هەفتەی دوای ئەو رووداوە و لە رۆژی ١٩٠٩/٤/٢١ بەهۆی هەڕەشەی کوشتنی لە بەرانبەر هەڵوێستی ئازادیخوازانەی بە ناچاری ئەستەنبوڵ بە جێدەهێڵێ و روو دەکاتە پاریس.[٩]

– لەساڵی ١٩٠٩ بەبێ ئامادەبوونی خۆی لەلایەن دیوانی حەربییەی ئەستەنبوڵ بڕیاری ١٠ ساڵ دەرکردن و دوورخستنەوەی بۆ دەردەچێت.[١٠]

– لە ساڵی ١٩٠٩ دەبێتە ئەندامی پارتە سیاسییەکەی **(شەریف پاشای خەندان)** کە لە پاریس دایمەزراندبوو.

– هەر لە ساڵی ١٩٠٩ بە هاوکاری و لەسەر ئەرکی (شەریف پاشای خەندان) درێژە بە دەرچوونی رۆژنامەی سەربەستی دەدات.[١١]

– لە ساڵی ١٩١٢ لە دەرفەتێکدا گەڕاوەتەوە ئەستەنبوڵ و تا بڕیاری داخستنی رۆژنامەکەی لە ١٩١٣/٢/١٩ دووبارە لە ئەستەنبوڵ درێژەی بە دەرچوونی سەربەستی داوە.

– هەر لە ساڵی ١٩١٢ ژیانی هاوسەری لەگەڵ **(نوورییە علوییە)** پێکهێناوە.

– لە ساڵی ١٩١٣ پشتگیری و پشتیوانی **(نوورییە عولوییە مەولان)**ی هاوسەری کردووە بۆ دامەزراندنی یەکەم رێکخراوی ژنان و دەرخستنی یەکەم رۆژنامەی ژنان لە مێژووی رۆژهەڵاتی ناوین بەناوی **(کادن دنیاسی = جیهانی ژنان)** کە زمانحالی ژنانی سەرجەم نەتەوەکانی ناو سنووری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بووە.

– لە ساڵی ١٩١٤ بەمەبەستی رێزگرتن و هاوکاری کردنی ژنان لە لایەن پیاوانەوە و هاندانی پیاوان بۆ یارمەتیدانی ژنان یەکەم رۆژنامەی تایبەت بە پیاوان بەناوی **(ارککلر دنیاسی = جیهانی پیاوان)** دامەزراندووە.

– بە نووسین و وتار بەشداری لە گۆڤارە کوردییەکانی ئەو سەردەمەی ئەستەنبوڵ کردووە وەک گۆڤاری **(ئیجتیهاد)** و گۆڤاری **(هەتاوی کورد)**.

– ساڵی ١٩١٨ بەشداری لە دامەزراندنی رێکخراوی **(رادیکال ئەعوام فیرقەسی)** کردووە و بە سەرۆکی رێکخراوەکە هەڵبژێردراوە، کە هەریەک لە **(ئەمین عالی بەدرخان، محەممەد فایەق – بازرگان، راغیب –خاوەنی رۆژنامەی مودافەعە، مەزلوم –نووسەر)** ئەندامانی ئەو رێکخراوە بوونە.[١٢]

– هەر لە ساڵی ١٩١٨ رۆژنامەی **(انقلابی بشر)** وەک (ئۆرگانی رادیکال ئەعوام فیرقەسی) دادەمەزرێنێت.



هەتاوی کورد

– ساڵی ١٩١٨ بە هاوکاری بەدرخانییەکان سەرلەنوێ دەست دەکات بە دەرچوونەوەی ڕۆژنامەی **(سەربەستی)**.

– ساڵی ١٩١٨- ١٩١٩ بەشداری لە دامەزراندنی ڕێکخراوی **(کوردستان تەعالی جەمعیەتی = کۆمەڵەی بەرزی کوردستان)** کردووە، کە (سەید عەبدولقادری شەمزینی ١٨٥١-١٩٢٥) سەرۆکی ڕێکخراوەکەبووە.

– بەهۆی جیاوازی بیروبۆچوونەوە، کە **(سەید عەبدولقادری شەمزینی)** سەرکێشی باڵی **(ئۆتۆنۆمیخوازەکان)**ی کردووە و (ڕەفعەت مەولان زادە)ش سەرکێشی باڵی (سەربەخۆییخوازەکان)ی کردووە،(١٣) بۆیە لە ساڵی ١٩٢٠ لەگەڵ دەستەیەک لە هاوبیرەکانی جیابۆتەوە و ڕێکخراوی **(تەشکیلات ئیجتماعی جەمعییەتی = کۆمەڵەیا ڕێکخستنا جڤاکی)**یان دامەزراندووە، کە (ئەمین عالی بەدرخان ١٨٥١-١٩٢٦) بە سەرۆک هەڵبژێردراوە و ئەندامانی دامەزرێنەر بریتیبوون لە: **(ڕەفعەت مەولان زادە، دکتۆر عەبدوڵلا جەودەت ١٨٦٩-١٩٣٢، نەجمەدین حوسێن کەرکوکی، ئەکرەم جەمیل پاشای دیاربەرکری ١٨٩١-١٩٧٤، حیکمەت بابان، دکتۆر شوکری محەممەد ١٨٨١-١٩٦٠، فوئاد بابان، حوسێن شوکری بابان ١٨٩٠-١٩٨٠، مەمدوح سەلیم ١٨٨٠-١٩٧٦، فەرید بەگ، کەمال فەوزی... هتد)**. ئەو کەسانە داوای سەربەخۆیی کوردستانیان کردووە و هەر ئەو ڕێکخراوەش بوو کە ڕەنگەکانی ئاڵای ئەمڕۆی کوردستانیان دارشتووە. ڕەنگی سوور لە سەرەوە ڕەنگی سەوز لەخوارەوە، ڕەنگی سپی لە ناوەڕاستدا و لە ناو ڕەنگە سپیەکەشدا خۆرێکی درەوشاوەی زەرد هەبووە.(١٤)

– بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ئەفسەری باڵای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا **(ئەمیراڵ برستۆل Amiral Bristol)** کە ڕۆژی ١٩٢٢/١/٢٦ بۆ ئەستەنبوڵی ناردووە، ناوی **(ڕەفعەت مەولان زادە)** وەکو یەکێک لەو کەسانەی کە ڕابەرایەتی **(بزووتنەوەی سەربەخۆیی کوردستان)** دەکەن ئاماژەی پێکراوە.(١٥)

– لە ساڵی ١٩٢٢ لەگەڵ **(مەیجەر نوئێل)** سەردانی سلێمانی کردووە و ئامادەی ڕێورەسمی ڕاگەیاندنی **(حکومەتی خوارووی کوردستان)** بووە بە ڕێبەرایەتی **(شێخ مەحمود)**.(١٦)

– ڕەفعەت مەولانا زادە کە هەمیشە بە کەسێکی ئۆپۆزیسۆن و ڕەخنەگر ناسرابوو، بە تاوانی سوکایەتیکردن بە مستەفا کەمال **(ئەتاتورک)**ەوە، لە لایەن خودی مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە لە دادگادا سکاڵا دژ بە ڕەفعەت مەولانا زادە تۆمارکراوە و دراوەتە دادگا.(١٧)

– لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٢٤/٤/٢٣ی ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی گەورەیی میللی تورکیا **(پەرلەمانی تورکیا)**دا بڕیاری سەندنەوەی مافی وڵاتنامە و دەرکردنی ١٥٠ کەس دراوە لە تورکیا، کە لە ناویاندا **(ڕەفعەت مەولان زادە)** و **(خەلیل رامی بەدرخان)** و **(عەلی عیلمی فانی زادە)** و **(زەین ئەلعابدینی ڕەواندوزی)** و **(حەقی سلێمانی)** و **(مەسعود فانی زادە)** و **(حەمدی پاشای کورد)** و ژمارەیەکی زۆر کورد و ئەرمەنی و چەرکەس و کەسانیتر هەبوونە.(١٨) دوای ئەوە بە یەکجاری لە تورکیا کۆچی کردووە و لە سوریا نیشتەجێبووە.

– ساڵی ١٩٢٥ لە سەروبەندی دادگاییکردن و لە سێدارەدانی **(شێخ سەعیدی پیران)** و هاوڕێکانی، ڕەفعەت مەولان زادە و مەمدوح سەلیم بەگ و زۆریتر لە کەسایەتییەکانی کورد و نەتەوەکانیتری ناو تورکیا سەردانی بەغدایان کردووە. بەگوێرەی هەواڵێکی ژمارە: (٧)ی گۆڤاری **(دیاری کوردستان)** کە لە ڕۆژی ١٩٢٥/٦/١٨ دەرچووە، نووسیویەتی: "لە ئەشراف کورد ڕەفعەت بەگ مەولان زادە صاحب غەزەتەی **(سەربەستی)**ی مەشهور و لە ئەمرای میلەت چەرکس ئەدهم بەگ و

یوسف زیا بەگ خزمی تەشریفیان هاتۆتە بەغدا لە ئوتێل ماجیستیک دانیشتوون"[١٩]. وەلێ تا ئێستا روون نەبۆتەوە کە ئامانجی ئەو سەردانەی بۆ بەغدا چی بووە! رەنگە بۆ ئەوە بووبێت بە ڕێگای هێزە نێودەوڵەتییەکانەوە هەوڵی رزگارکردنی شێخ سەعیدی پیران و هاوڕێکانی بدات لە ژێر پەتی سێدارە!

- لە ساڵی ١٩٢٧ بەشداری لە دامەزراندنی ڕێکخراوی خۆیبوون کردووە و یەکێک بووە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر.[٢٠]

- لە ساڵی ١٩٢٩-١٩٣٠ پاڵپشت و پشتیوانی لە ڕاپەڕینی چیای ئاگری کردووە.

- لە ئەنجامی خەباتی سیاسی و ڕۆژنامەوانییەکانی لە ماوەی تەمەنیدا چەندین جار رووبەرووی گرتن و ئەشکەنجەدان ودوورخستنەوە و ئاوارەیی بۆتەوە.


- لە ساڵی ١٩٣٠ لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدا لە شاری حەلەب کۆچی دوایی کردووە.[٢١]

- **(رەفعەت مەولان زادە)** تەنیا یەکجار ژیانی هاوسەری پێکهێناوە لەگەڵ **(نورییە عولوییە مەولان)** کە لە دوای خۆیاندا هیچ منداڵێکیان نەبووە.[٢٢]

- مەولان زادە لە ماوەی ٦٠ ساڵەی تەمەنیدا، جگە لە دامەزراندن و دەرخستنی چەند ڕۆژنامەیەک چەندین کتێبشی نووسیووە، کە بە تەواوی نازانرێت سەرجەم بەرهەمەکانی چەند کتێبن و دەربارەی چین، ئێمە زانیاریمان تەنیا دەربارەی سێ کتێبی ئەو لەبەر دەستە کە لەو دەیەی دواییدا لە تورکیا چاپکراون.

**کتێبی یەکەم:** ٣١ی ئادار. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە بۆ تورکی: بەریرە ئولگەنجی. لە بڵاوکراوەکانی وەشانخانەی (پنار)ە، ١٩٩٦ ئەستەنبوڵ. ئەم کتێبە ١٩٤ لاپەڕەیە و ئاماژە بە مێژوو و گۆڕانکارییەکانی عوسمانی دەکات لە نێوان ١٦٠٠-١٩٢٠.

**کتێبی دووەم:** رووی راستی کودەتای تورکیا. لە بڵاوکراوەکانی وەشانخانەی **(پنار)**ە، ٢٠٠٠، ئەستەنبوڵ. ئەم کتێبە ٣٢٨ لاپەڕەیە باس لە کۆمەڵێک رووداو و کردەوە خراپەکان و نهێنییەکانی دەسەڵاتدارانی ئیتحاد و تەرەقییەکان دەکات. ئاماژە بە کۆمەڵکوژی و توند و تیژی و ناڕەوایەتی دەسەڵاتدارانی ئەو کاتەی تورک دەکات بەرانبەر بە ئازادیخوازان. رەفعەت مەولان زادە لەو کتێبەیدا سیاسەتی ئیتحاد و تەرەقییەکان بەرامبەر بە کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکان شەرمەزار دەکات و بۆیەکەمین جار و بە



چاپکراوێکی مەولان زادە

فراوانی ئەوە ئاشکرا دەکات کە چۆن لە کۆبوونەوەیەکی نهێنی دەستەی سەرۆکایەتی ئیتحاد و تەرەقیدا پیلانی بە کۆمەڵ کوشتنی ئەرمەنییەکان و چۆنییەتی جێبەجێکردنی ئەو کۆمەڵکوژییە دارێژراوە...!!!

– **کتێبی سێیەم:** یادداشتەکانی رەفعەت مەولان زادە، ئامادەکردنی: مەتین مەرت، لە بڵاوکراوەکانی وەشانخانەی **(ئارما)**، ١٩٩٢، ئەستەنبوڵ. ئەم کتێبە ١٠٤ لاپەڕەیە. زیاتر لە کۆکراوەیەک دەچێت لە سەرنج و بۆچوون و بە چاوبینینیەکانی رەفعەت مەولان زادە بەرانبەر بە دەسەڵاتدارانی تورک و هەڵوێستەکانی بەرانبەر بە سیاسەتی ئیتحاد و تەرەقییەکان. رەنگە ئەو سەرنج و بەچاو بینینیانەی رەفعەت مەولان زادە، کەلەلایەن کەسی ئامادەکارەوە ناوی لێنراوە یادداشت، چەند وتارێکی کۆکراوەی رۆژنامەی **(سەربەستی)**بێت!!

– چالاکوانی مافی مرۆڤ و رۆژنامەوانی ناسراوی تورک **(راغب زاراکئۆلو)** لە وتارێکی تایبەتیدا سەبارەت هەڵوێست و بۆچوونەکانی **(رەفعەت مەولان زادە)** کە لە رۆژی ١٩٠٨/١٠/١٢ لە رۆژنامەی **(ئەڤرەنسەل)**ی تورکیدا بڵاویکردۆتەوە، یەکەم دێری وتارەکەی بە: "ئەویندای ئازادی، رۆژنامەوانی جوامێر و رۆشنبیری کورد رەفعەت مەولان زادە......" دەستپێدەکات، دواتر دێتە سەر بەشێک لە کار و هەڵوێستە بوێرییەکانی بەرانبەر بە دەسەڵاتدرانی تورک، هەروەها ئەو چالاکوانەی مافی مرۆڤ ئاماژە بەوە دەکات کە کاروانی خەباتی رەفعەت مەولان زادە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە کە بە**(عوسمانچییەتی)** دەستپێکردبوو، رووە و **(سەربەخۆیی بۆ کوردستان)** چووە.....!!

مەبەستم لەم چەند دێرەی سەرەوە تەنیا هەوڵدان و زانینێک بووە بۆ دۆزینەوەی سەرەداوی رەگەز و بنچینەی رووناکبیر و رۆژنامەوانی کورد **(رەفعەت مەولان زادە)** و هەڵدانەوەی لاپەڕەیەک لە ژیان و بەشێک لە تێکۆشان و هەوڵەکانی لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان و کورد.

(٢)

## رۆژنامەی سەربەستی

**١٩٢٠-١٩٠٨**

یەکێک لە کارە سەرەکی و گەورەکانی رووناکبیر و رۆژنامەوانی گەورەی سەرەتای سەدەی بیستەم رەفعەت مەولان زادە (١٨٧٠-١٩٣٠) دامەزراندن و دەرخستنی رۆژنامەی




سەربەستی

**(سەربەستی)**یە. ڕۆژنامەی سەربەستی بە یەکەم ڕۆژنامەی بەرهەڵستکار دادەندرێت لە مێژووی دەسەڵاتدارانی تورکدا، چونکە یەکەم ڕۆژنامەیە لە مێژوودا کە ڕەخنەی لە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە و هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی تورک گرتووە، هەڵبژاردنی ناوی **(سەربەستی)**یش لەلایەن خاوەنەکەیەوە بۆ ڕۆژنامەکە، بەهۆی توند و تیژی و گرتنی ئازادیخوازان و نەبوونی دیموکراتی و سەربەستی بووە لە سەردەمی دەسەڵاتی ئتیحاد و تەرەقییەکان.

**(سربستی = سەربەستی):** ڕۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانە بووە کە خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەری بەرپرسیارەکەی ڕەفعەت مەولان زادە خۆی بووە و یەکەم سەرنووسەریشی: حەسەن فەهمی (١٨٤٧-١٩٠٩) بووە. ژمارە: (١)ی ئەم ڕۆژنامەیە لە ڕۆژی ١٩٠٨/١٠/١٢ لە ئەستەنبوڵ دەرچووە.[٢٣] ڕۆژنامەی سەربەستی هەر لەسەرەتاوە بانگی ئازادی داوە و ڕەخنەی لە سیاسەتی حکومەتی **(ئیتیحاد و تەرەقی)**یەکان گرتووە. دەسەڵاتدارانی تورک بەگوێرەی یاساکانی ئەو کات نەیاندەتوانی ڕۆژنامەکە بە ئاسانی دابخەن، بۆیە بڕیاری کپکردنی دەنگی ڕۆژنامەوانە بوێرەکان دەدەن، چەند مانگێک دوای دەرچوونی ڕۆژنامەی سەربەستی، ئیتحاد و تەرەقییەکان بڕیاری کوشتنی **(ڕەفعەت مەولان زادە)**ی خاوەنی ڕۆژنامەکەیان داوە، بۆیە بە بەرنامەیەکی داڕێژراو لە ڕۆژی ١٩٠٩/٤/٦ لەسەر پردی گەلەتە-ی ئەستەنبوڵ بە هەڵە لە بری کوشتنی خاوەنەکەی یەکەم سەرنووسەری سەربەستی **(حەسەن فەهمی)** دەکوژن.[٢٤] لە سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکانی تورکیا و لە ئینسکلۆپیدیا کۆن و تازەکانی تورکیادا گەڕام، ئاماژە بە ناوی (حەسەن فەهمی) نەکراوە و ژیاننامەی ئەو پیاوە نەنووسراوە، بەڵام لە ڕێکخراوی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی تورکیادا و لە لیستی ڕۆژنامەنووسە تیرۆرکراوەکان لە تورکیا ناوی **(حەسەن فەهمی)** لە زنجیرەی یەکەم دانـدراوە.[٢٥] لەو لیستەیەدا زۆربەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لە ساڵی ١٩٠٨ تا ٢٠٠٧ تیرۆرکراون زۆربەیان کورد و ئەرمەنین کە بە سەرنووسەری سەربەستی**(حەسەن فەهمی)** دەستپێدەکات و بە ڕۆژنامەنووسی ئەرمەنی **(هرانت دینک)** کە لە ساڵی ٢٠٠٧ لە ئەستەنبوڵ تیرۆرکرا، کۆتایی دێت. لە ناو ئەو لیستەدا ڕۆژنامەنووسە کوردەکانی وەک: موسا عەنتەر، جەنگیز ئالتون، مەتین گۆکتەپە، کەمال کلیچ، حوسێن دەنیز، سەیفەدین تەپە، فەرهاد تەپە و دەیانیتر هەن...! لە سەرچاوەی ڕێکخراوەکانی ڕۆژنامەنووسی لە تورکیادا بەهیچ شێوەیەک


حەسەن فەهمی

ناسنامە و ڕەگەزی حەسەن فەهمی دیاری نەکراوە، کە ئایا ناو براو ڕەگەزی نەتەوەکەی کورد بووە یان تورک، یاخود نەتەوەیەکیترا!؟، ئەوەندە هەیە کە نزیکترین هاوڕێی ڕەفعەت مەولان زادە بووە! بەڵام لە ماڵپەڕی **(ئەنیستیتوی رسالەی نورسی)** کە لایەنگرانی ئاییندار و زانای کورد **(مەلا سەعید نورسی)**[٢٦]ن وتارێکی فراوانیان لەسەر ژیانی ناوبراو و هەڵوێستی خراپی ئەو سەردەمی ئیتحاد و تەرەقییەکان بڵاوکردۆتەوە.[٢٧]

تۆفیق بەگ-پیرەمێردی ڕۆژنامەوان و شاعیر (١٨٦٧-١٩٥٠) کە بۆ خۆی ئەو کاتە لە ئەستەنبوڵ بووە و سەرنووسەری ڕۆژنامەی **(کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد)** بووە لە یەکێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی **(ژین)**دا[٢٨] دەربارەی تیرۆرکردنی حەسەن فەهمی دەڵێت: ئەو دەمەی کە ئێمە لە ڕووبەڕووبوونەوە بووین لەگەڵ ئیتحاد و تەرەقییەکان، بۆیە ئیتحاد و تەرەقییەکان بۆ چاوترساندنی ڕۆژنامەوانەکانی وەک ئێمە **(حەسەن فەهمی)**یان کوشت...!

تەنیا دوو هەفتە دوای تیرۆرکردنی**(حەسەن فەهمی)**، لە ڕۆژی ١٩٠٩/٤/٢١ **(ڕەفعەت مەولان زادە)** ڕوویکردۆتەوە فەرەنسا و چووەتە لای **(شەریف پاشای خەندان)**. ناوبراو لە پاریس بووەتە ئەندامی پارتە سیاسییەکەی شەریف پاشای خەندان و بە بەشداری و لەسەر ئەرکی ماددی **(شەریف پاشا)**[٢٩] درێژەی بە دەرچوونی ڕۆژنامەکەی داوە و چەند ژمارەیەکی لە پاریس و پاشان چەند ژمارەیەکیشی لە قاهیرە دەرکردووە و لە ساڵی ١٩١٢ لە دەرفەتێکدا دووبارە گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەنبوڵ و درێژەی بە دەرچوونی سەربەستی داوە. هەر لەو ماوەیەدا ژمارە (١٩٢) تا ژمارە (١٩٧)ی ڕۆژنامەکە بەناوی **(اهالی)** دەرچووە و پاش ئەوە لە ژمارە (١٩٨) بەدوا جارێکیتر ناوەکەی بۆتەوە **(سەربەستی)** و ئەمجارە لە ڕۆژی ١٩١٣/٢/١٩ بە بڕیاری حکومەتی **(ئیتحاد و تەرەقییەکان)** ڕۆژنامەکە داخراوە.[٣٠] ئەم ڕۆژنامەیە بە بانگەشەکردن بۆ سیاسەتی ڕۆژئاوا و ڕەخنەگرتن لە حکومەتی تورک تاوانبارکرابوو.

پاش چەند ساڵێک لە دەرچوون وەستان ئەمجارە ڕۆژنامەی سەربەستی لە ساڵی ١٩١٨ هەر لەلایەن خاوەنەکەیەوە و بەهاوکاری بەدرخانییەکان دامەزراوەتەوە و لە ئەستەنبوڵ درێژەی بەدەرچوونی داوە. لە سەرلەنوێ دەرچوونەوەی ئەمجارەی**(سەربەستی)**دا بەدرخانییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە[٣١] بەتایبەتیش خەلیل رامی **(خەلیل رامی بەگ بەدرخان)** وەک دامەزرێنەر و هاوکاری بەردەوام



مەلا سەعید نورسی

و جەلادەت بەدرخان وەک جێگری سەرنووسەر و کامەران عالی بەدرخان وەک نووسەر بەشداریان لە رۆژنامەکەدا کردووە و نموونەی هەرە بەرچاویش وتارێکی کامەران عالی بەدرخانە لە ژمارەی رۆژی ١٩١٩/١/٢ بە ناوونیشانی **(کوردستان)**.[٣٢]

ئەم رۆژنامەیە هەر لە سەرەتای دەرچوونییەوە تا وەستانی وتاری سەبارەت بە پرسی کورد و کوردستان تێدا بڵاوکراوەتەوە و جگە لە نووسینەکانی **(رەفعەت مەولان زادە)**ی خاوەنی رۆژنامەکە، هەروەها ژمارەیەک لە رۆشنبیرانیتری ئەو سەردەمەی کورد هەندێکیان بەناوی خوازراو و هەندێکیان بەناوی راستەقینەی خۆیان بە نووسین و وتارەکانیان بەشداریان لەو رۆژنامەیەدا کردووە. ئەگەرچی تا ئێستا سەرجەم ژمارەکانی ئەم رۆژنامەیە نەدۆزراونەتەوە و لەبەردەستی کورد دانین، بەڵام دۆزینەوە و کۆکردنەوەی سەرجەم ژمارەکانی سەربەستی لە نێوان ١٩٠٨ تا ١٩٢٠ بە دڵنیاییەوە لە رێگای ژمارەکانی ئەم رۆژنامەیەدا زۆر زانیاری گرنگی ئەو سەردەمەی کوردمان دەست دەکەوێت، رەنگە یادەوەری و هەندێک لایەنی ژیانی تایبەتی **(رەفعەت مەولان زادە)** و **(بەدرخانییەکان)** و زۆر کەسایەتیتری کوردی ئەو سەردەمە بەدەربکەوێت. رۆژنامەی سەربەستی تا رۆژی ١٩٢٠/١١/٢٠ بەردەوام بووە لە دەرچوون و دوای ئەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکەوە داخراوە. رۆژنامەی سەربەستی بە پێوانەی (٤٨,٥×٣٥,٨) سم دەرچووە و سەرجەم ژمارەکانی سەربەستی لە ئەستەنبوڵ لەم چاپخانانە چاپکراون: **(چاپخانەی سەربەستی، چاپخانەی سەلەنەک، چاپخانەی ئیقبال میللەت، چاپخانەی خانملەر مەخسوس غەزەتە)**.[٣٣]

ئەفسەری ئینگلیز مەیجەر نوێل (١١٨٦ ـ ١٩٤٠) (Edward William Charles Noel) پەیمانگای سەربازی لە بریتانیا خوێندووە و لە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا – کاروباری سیاسەتی دەرەوە وەک کاربەدەست کاریکردووە بە تایبەتیش لە هیندستان و رۆژهەڵاتی ناویندا.[٣٤] ناوبراو لە ساڵەکانی دوای یەکەم جەنگی جیهانی چووەتە ناو کۆمەڵگای کورد و هەوڵیداوە سەرۆک هۆز و خەڵکی کورد بۆ لای ئینگلیزەکان رابکێشێت. بۆ ئەو مەبەستەش گەلێک ناوچە و هەرێمی کوردستان و تورکیای بەسەر کردۆتەوە، هەر یەک لە **(جەلادەت بەدرخان و کامەران بەدرخان و ئەکرەم جەمیل پاشای دیاربەرکری)** هاورێیەتی و هاوبەشیان لەگەشتەکەی کردووە. گەشتەکەشی لە یاداشتێکی تایبەتیدا نووسیوەتەوە



مەیجەر نوێل

که لە ساڵی ١٩٢٠بە زمانی ئینلگیزی بەناوونیشانی Diary of Major E.M. Noel، C.I.E.، D.S.I.، on) Special Duty in Kurdistan، from June 14th to September 21st، 1919). چاپکراوه، که ساڵی ١٩٨٤ کراوەتە کوردی و لە ساڵی ١٩٩٩ کراوەتە تورکی. ئەوەی لێرەدا زیاتر مەبەستمە ئەوەیە کە مەیجەر نوییل لە چەندین بەشی یادداشتەکانیدا ئاماژە بە رۆژنامەی سەربەستی و رۆڵی بەدرخانییەکان دەکات لە دامەزراندن و دەرچوونی ئەم رۆژنامەیەدا. مەیجەر نوییل کە رۆژی ١٩١٩/٩/٣ چاوی بە خەلیل رامی بەگ بەدرخانی پارێزگاری مەلاتیە **(مامی جەلادەت و کامەران بەدرخان)** کەوتووە بە دامەزرێنەری رۆژنامەی سەربەستی و یانەی کوردی ئەستەنبوڵ باسی دەبات.[٣٥] هەروەها لە بەشێکیتری یاداشتەکەیدا ئاماژە بە ژیاننامە و بیبلیۆگرافیای بەشێک لە بەدرخانییەکان دەکات سەبارەت بە **(جەلادەت بەدرخان)** کە لەگەشتەکەیدا بۆ باکووری کوردستان نزیکترین هاورێ و هاوشانی بووە دەڵێت: **(جەلادەت:- یاریدەدەری سەرنووسەری رۆژنامەی سەربەستی-یە لە ئەستەنبوڵ، ئەم رۆژنامەیە رێبازێکی هاوسۆزی هەبوو لەگەڵ ئینگلیزەکاندا....)**.[٣٦] زانیارییەکانی مەیجەر نوییل دەربارەی رۆڵی بەدرخانییەکان و بوونی جەلادەت بەدرخان وەک یاریدەدەری رۆژنامەکە راستییەکە، چونکە بۆخۆی لە نزیکەوە لەگەڵ بەدرخانییەکان بووە بە تایبەتیش لەگەڵ جەلادەت و کامەران بەدرخان. ئەگەرچی مەیجەر نوییل لە یادداشتەکانیدا کە تایبەتە بە ساڵی ١٩١٩ باس لە **(رەفعەت مەولان زادە)** ناکات، بەڵام لە سەرەتای ساڵانی ١٩٢٠دا پەیوەندی سیاسیان بەهێز بووە.

**مەیجەر نوییل** و کوردناسانی رۆژئاوا پێیان وایە کە ئەم رۆژنامەیە ئۆرگانی یانەی کوردی ئەستەنبوڵ بووە کە لەلایەن بەدرخانییەکانەوە دامەزرا بوو. ئەگەرچی لەو سەردەمەدا هیچ شتێک نەبووە بەناوی یانەی کوردی لە ئەستەنبوڵ، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە ئەم رۆژنامەیە لە ساڵی ١٩١٨-١٩٢٠ بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان نا راستەوخۆ ئۆرگانی رێکخراوی **(کوردستان تەعالی جەمعییەتی = کۆمەڵەی بەرزی کوردستان)** بووە کە **(ئەمین عالی بەدرخان)** و **(خەلیل رامی بەدرخان)** و **(رەفعەت مەولان زادە)**ش لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر و باڵای ئەو رێکخراوە بوونە. ئەگەرچی **(رەفعەت مەولان زادە)** لە بەدرخانییەکان نییە، بەڵام لە زۆر سەرچاوەدا ئەو پیاوە هەمیشە لە **(بەرەی بەدرخانییەکان)**[٣٧] داندراوە و بەوە



جەلادەت عالی بەدرخان



گۆڤاری جیهانی ژنان

ناسراوە کە لە کار و خەبات و پەیوەندی سیاسی و رۆشنبیریدا هەمیشە لە بەرەی بەدرخانییەکان بووە.

جگە لە ئەفسەری ئینگلیز (**مەیجەر نوییڵ**)، هەروەها کوردناسانی هۆڵەندی Silvio Van Rooy و Kees Tamboer ئەوە پشت راست دەکەنەوە و دەڵێن: رۆژنامەی سەربەستی لە ساڵی ١٩١٨ لەلایەن بەدرخانییەکانەوە دەرچووە. هەروەها چاپخانەی رۆژنامەی سەربەستی بەر لەو ساڵە و زووتر واتا لە ساڵی ١٣٢٩ی رۆمی (١٩١٣-١٩١٤) کتێبێکی بۆ برایان (**جەلادەت عالی بەدرخان و کامەران عالی بەدرخان**) بەناوی (**ادرنە سوکوتونون اچیئوز = راستی خۆبەدەستەوەدانی ئەدەنە**) چاپکردووە.[٣٨]

لە مانگی ١٩٩٨/١٠ بەبۆنەی (٩٠) ساڵەی دەرچوونی رۆژنامەی سەربەستی، دەستەیەک لە رۆشنبیرانی کورد لە ئەستەنبوڵ بە هەمان ناوی (**سەربەستی**) یەکەم ژمارەی گۆڤارێکی مانگانەی سیاسی حزریان بڵاوکردۆتەوە. بەڕێوەبەری گۆڤارەکە (**محەممەد سانری**) لە سەروتاری یەکەم ژمارەی گۆڤارەکەیاندا ئاماژە بەوە دەکات کە خۆیان بە میراتگر و درێژە پێدەری رێبازی رووناکبیری کورد (**رەفعەت مەولان زادە**) و رۆژنامەی (**سەربەستی**) دەدانێن.[٣٩] هەر لەم ژمارەیەیگۆڤارەکەدا وێنەیەکی رەفعەت مەولان زادە و ئەو نامەیەی ئەو بڵاوکراوەتەوە کە ساڵی ١٩١٣ بۆ دەستەی دامەزرێنەرانی گۆڤاری (**هەتاوی کورد**)ی نووسیبوو.[٤٠] هەروەها لە چەند وتارێکیتری ژمارەکانی سەربەستیدا ئاماژە بە هەوڵەکانی رەفعەت مەولان زادە و رۆژنامەی سەربەستی کراوە بۆ بەدەستخستنی مافەکانی کورد و چارەسەرکردنی پرسی کورد. زۆربەی ژمارەکانی گۆڤاری سەربەستی بە زمانی تورکین و تەنیا لە چەند ژمارەیەکدا بابەت بە زمانی کوردی بڵاوکراوەتەوە. ژمارە: (١٢)ی گۆڤاری (**سەربەستی**) لە مانگی ٢و٢٠٠٣/٣ دەرچووە.

(٣)

## رۆژنامەی جیهانی ژنان و جیهانی پیاوان

### رۆژنامەی (کادینلەر دونیاسی = جیهانی ژنان)

جگە لە کار و خەباتی سیاسی و دەرخستنی رۆژنامەی سەربەستی، رەفعەت مەولان زادە لە پێناوی بەرەو پێشبردن و وشیاکردنەوەی چینەکانی کۆمەڵ دوو رۆژنامەی تایبەتی دامەزراندووە بۆ هەردوو توێژی ژنان و پیاوان بە ناوەکانی رۆژنامەی (**جیهانی ژنان**) و رۆژنامەی (**جیهانی پیاوان**). ئاماژەکردن و لێکۆڵینەوە بەو دوو رۆژنامەیەم بە کارێکی گرنگ و پێویست زانی، چونکە بەشێکن لە ژیان و خەباتی رەفعەت مەولان زادە. ئەگەرچی رۆژنامەی (**جیهانی ژنان**) رۆژنامەیەکی کوردی نییە، بەڵام لە ناوەڕکی ئەم رۆژنامەیەدا ئەوەش بە روونی دەردەکەوێت کە ئەم رۆژنامەیە پەیوەست نییە بە مێژووی رۆژنامەوانی تورکەوە. هەر کەسێک ئەگەر ناوەڕۆکی ژمارەکانی رۆژنامەی جیهانی ژنان ببینێت، بە دڵنیاییەوە دەزانێت کە ئەم رۆژنامەیە بە هیچ شێوەیەک ناکەوێتە ناو خانەی مێژووی رۆژنامەوانی تورک، چونکە وەک لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەکە ئەوە دیاریکراوە، کە ئەم رۆژنامەیە دەربڕی ژنانی سەرجەم نەتەوەکانی ناو سنووری ئیمپراتۆریەتی عوسمانییە، بەبێ جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی و ئاینزایی. ئەگەر بەیانی سەرجەم ژمارەکانی ئەو رۆژنامەیە بکەونە دەستی لێکۆڵەرەوانی کوردەوە، ئەوا راستی زیاترمان دەربارەی ناوەڕۆک و ئامانجی ئەم رۆژنامەیە بۆ بەدەردەکەوێت.

رۆژنامەی (**قادینلر دنیاسی = کادینلەر دونیاسی، واتا جیهانی ژنان**): لە ژێر کلێشەی

ناوەکەیدا بە تورکی نووسراوە: **(بڵاوکراوەی کۆمەڵەی بەرگری لە مافەکانی ژنانی عوسمانی)**، **(ڕۆژنامەیەکی وێنەدارە، هەموو ڕۆژانی شەممە دەردەچێت)**. لەسەرەوەی کلێشەی ڕۆژنامەکەش نووسراوە خاوەنی ئیمتیاز: **(ن.عولوییە مەولان)**. مەبەست لە **(نوورییە عولوییە مەولان)**ی خێزانی ڕووناکبیری کورد ڕەفعەت مەولان زادەیە، کە بە دەستپێشخەری ئەو پیاوە کوردە ئەم ڕۆژنامەیە دامەزراوە، نوورییە عولوییە مەولانی خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەکە لە چاوپێکەوتنێدا لەگەڵ ڕۆژنامەوانێکی ئەڵمانی بە ناوی (Odette Feldmann) ڕادەگەیەنی کە بیرۆکەی دەرکردنی **(جیهانی ژنان)** بۆ یەکەمجار لەلایەن هاوسەرەکەیەوە هاتۆتە گۆڕێ. هەر لە سەرەتاوە **(ڕەفعەت مەولان زادە)** ڕۆڵێکی سەرەکی لە دەرکردنی ئەم ڕۆژنامەیە هەبووە، بەڵام لە ژمارە (١٦٣) بەدوا هاوسەرەکەی واتا **(ڕەفعەت مەولان)** بەرەسمی بووەتە **(مودیر مەسئول)**ی ڕۆژنامەکە.

ڕۆژنامەی **(جیهانی ژنان)** بە زمانی تورکی بووە و پاشکۆیەکیشی بە زمانی فەرەنسی بەناوی (Le Monde Feminin) واتا **(جیهانی ژنان)** لەگەڵدا بڵاوکراوەتەوە. ژمارە: (١)ی ساڵی یەکەمی لە ڕۆژی ١٩١٣/٥/٢٨ دەرچووە. ژمارە: (١٤)ی ساڵی یەکەم لەڕۆژی شەممە ١٣٢٩/١٠/١٩ی ڕۆمی بەرامبەر ١ی زیلحەجەی ١٣٢١ی کۆچی، بەرامبەر بە ١٩١٣/١١/١ی زایینی دەرچووە. ژمارە: (١٦٣)ی لە ڕۆژی ١٩١٨/٣/٢ دەرچووە. ژمارە: (١٢١)ی لە ڕۆژی ١٩٢١/٥/٧ دەرچووە. ژمارە: (٢٠٥) دوا ژمارەیەتی لە هەمان ساڵی ١٩٢١ دەرچووە. دانەی ئەم ڕۆژنامەیە بە (٦٠) پارەی عوسمانی بووە. شوێنی دەرچوون: ئەستەنبوڵ. پێوانە: ٢٨،٥×٤٠ سم و ١٦ لاپەڕەیە. سەرەتا لە چاپخانەی ڕۆژنامەی سەربەستی، دواتر لە چاپخانەیەکی تایبەت بە خۆی بە ناوی چاپخانەی **(کادینلەر دونیاسی)** چاپکراوە.

لە ڕۆژنامەی **(جیهانی ژنان)**دا، باس و خواسی کورد و ڕەوشی ژنانی کوردستان نیشاندراوە. لە یەکێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەکەدا ئاماژە بە ڕوونەپۆشینی ژنانی کورد و جلوبەرگی ژنان و جیاوازییەکانی لە کوردستاندا کراوە. هەر لەو سەردەمەدا بۆ یەکەمجار کچێک بەناوی **(بەلقیسە خانم)** سواری فرۆکە بووە و بە ئاسمانی ئەستەنبوڵدا فڕیوە. ئەم ڕووداوە بۆ ئەو سەردەمە ڕووداوێکی گەورە بووە. بەگوێرەی یەکێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی **(جیهانی ژنان)** ڕەفعەت مەولان زادە و سورەیا عالی بەدرخان پەیوەندییان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عوسمانی


نوورییە علوییە مەولان

دروستکردووە و کارئاسانیان کردووە بۆ فڕینی یەکەم ژن لە مێژووی ناوچەکەدا بە ناوی (بەلقیسە خانم). هەروەها لە ڕۆژنامەی جیهانی ژناندا باس لە ژنە ناودارەکانی کوردی وەک **(قەرە فاتیمە)**کراوە و وێنەی ئەم ژنە کوردە بۆتە وێنەی سەر بەرگی یەکێک لە ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە و کوردبوونی **(قەرە فاتیمە)** سەلمێنراوە. هەروەها لە هەندێک لە ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا گرنگی و شوێن بەلێدوان و ئاخاوتنی کەسایەتییە ناسراوەکانی کورد کراوە لەوانە **(ئەحمەدی خانی)** کە وەکو هەڵبەستوانێکی کورد ئاماژەی پێکراوە. هەروەها ئاخاوتنی ڕووناکبیرە کوردەکانی ئەو سەردەمەی وەک **(دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت)** و (کامەران بەدرخان) لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکراوەتەوە. لە ژمارە (١٢٢)ی **(جیهانی ژنان)**دا وتاری خانمێکی کورد بەناوی **(فاتۆ نالی)** بڵاوکراوەتەوە، **(فاتۆ نالی)** لە وتارەکەیدا باس لە کوردێکی بەدیلگیراو دەکات بە ناوی **(قاسم)** کە لە جەنگی بەلکاندا بە دیلی کەوتۆتە دەستە بولگارەکان، فاتۆ نالی لەگەڵ بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی قاسم دەیەوێت سەرنجی ئەوە رابکێشێت کە ئەو نیگەرانییەی تووشی قاسم بووە و لە وێنەکەی قاسمدا بە باشی دیارە، فاتۆ دەیەوێت سەرنج بۆ ئازارەکانی قاسم و ئازاری مرۆڤەکانی وەکو ئەو بکێشێت. **(ئەمینە خانم ١٨٦٨-١٩٢٦)**ی خێزای شەریف پاشای خەندان کە سەرۆکی یەکەمین ڕێکخراوی ژنانی کورد **(کۆمەڵەی بەرزی ژنانی کورد)** بووە پشتیوانی و پشتگیری لەو ڕۆژنامەیە کردووە. هەروەها بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی **(کۆمەڵەی بەرزی ژنانی کورد)** هەر لەلایەن چاپخانەی ڕۆژنامەی **(کادینلەر دونیاسی = جیهانی ژنان)** چاپ و بڵاوکراوەتەوە. نوورییە علوییە مەولانیش بۆ خۆی خاوەن گۆشەیەکی تایبەتی بووە لە ڕۆژنامەکەیدا بە ناوی **(من بیر دەکەمەوە)**. ڕۆژنامەی جیهانی ژنان گرنگییەکی زۆری بە بڵاوکردنەوەی وێنەی ژنە بەناوبانگەکانی جیهان داوە. هەروەها لە ڕۆژنامەکەدا ناو بەناو ئاگاداری و ریکلامی گشتی بڵاوکراوەتەوە.

چاپەمەنییەکانی ئەوسای ئەوروپا گرنگییەکی زۆریان بە ناوەڕۆکی ئەو ڕۆژنامەیەداوە لەوانە ڕۆژنامەی (The Times) کە لە لەندەن دەردەچوو، هەروەها چاپەمەنییەکانی فەرەنسا و ئەڵمانیا و سوێد و زۆر شوێنیتریش باسیان لە گرنگی و بەرزی ناوەڕۆکی ڕۆژنامەی **(جیهانی ژنان)** کردووە.

پوختیەک لە وێستگەکانی ژیانی **(نوورییە علوییە مەولان)**

- نوورییە علوییە حەوتەمین کچی حاجی مەحمودی



گۆڤاری جیهانی ژنان

**(جووتیار)**ە و ساڵی ١٨٩٣ لە سوریا لە دایکبووە.
- لە تەمەنی منداڵییەوە بردراوەتەوە سەرای ئەستەنبوڵ و لەوێ خوێندوویەتی.
- بەر لەوەی تەمەنی ببێت بە ٢٠ ساڵان شویکردووە بە رووناکبیری کورد **(رەفعەت مەولان زادە)** و پاشناوی **(مەولان)**ی خستۆتە سەر ناوەکەی خۆی و بووەتە بە **(نوورییە علوییە مەولان)**.
- ساڵی ١٩١٣ بە دەستپێشخەری هاوسەرەکەی (رەفعەت مەولانا زادە) یەکەم رێکخراو بۆ ژنانی سەرجەم نەتەوەکانی ناو سنووری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دامەزراوە بە ناوی **(عوسمانلی مودافەعەی حقوق و نسوان جەمعییەتی)** واتا:**(کۆمەڵەی بەرگری لە مافەکانی ژنانی عوسمانی)** کە **(نوورییە علوییە مەولان)**یش سەرۆکایەتی رێکخراوەکەی کردووە.
- ساڵی ١٩١٣-١٩٢١ خاوەن ئیمیتازی رۆژنامەی **(کادینلەر دونیاسی - جیهانی ژنان)** بووە کە بە دەستپێشخەری و هاوکاری هاوسەرەکەی دامەزراوە.
- دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٢٤ بە بریاری پەرلەمانی تورکیا هاوسەرەکەی واتا **(رەفعەت مەولان زادە)** ولاتنامەی لێ سەندراوەتەوە و ناچارکراوە تورکیا بەجێبهێڵێت، نورییە علوییە مەولان بە تەنیا لە تورکیادا ماوەتەوە!
- دوای ئەوەی رەفعەت مەولان زادە لە ساڵی ١٩٣٠ لە حەلەب کۆچی دواییکردووە، تەنیا یەک ساڵ دوای کۆچی دوای هاوسەرەکەی نوورییە علوییە مەولان شویکردۆتەوە بە مامۆستایەکی زانکۆ بەناوی **(دکتۆر عەلی جیڤەلەک ١٩٠٤-١٩٨٥)**.
- نوورییە لە ساڵی ١٩٦٤ لە تەمەنی ٧١ ساڵیدا لە ئەستەنبوڵ بە یەکجاری ماڵئاوایی لە ژیانکردووە.

**رۆژنامەی** (**ئەرکەکلەر دونیاسی = جیهانی پیاوان**)

سەرچاوە رۆژئاواییەکان دان بەو راستییە دادەنێن کە رەفعەت مەولان زادە هاوکار و هاندەری هاوسەرەکەی بووە بۆ دەرخستنی رۆژنامەیەکی تایبەت بە ژنان. دیارە رەفعەت مەولان تەنیا بە هاوکاریکردن و دامەزراندنی رۆژنامەیەکی تایبەت بە ژنان نەوەستاوە، بەڵکو بەردەوام لە هەوڵی یەکسانی نێوان ژن و پیاو بووە و هانی پیاوانی داوە بۆ رێزگرتن لە ژنان و هاندانی هاوسەرەکانیان بۆ هاتنە ناو پێشکەوتنەکانی جیهان، هەروەها بە ئامانجی لەیەک نزیکردنەوەی **(جیهانی ژنان و جهیانی پیاوان)** یەکەمین



**جیهانی پیاوان**

هەوارنامەی کتێب

رۆژنامەی تایبەت بە پیاوان لە مێژووی رۆژهەڵاتی ناوین بەناوی **(ارككلر دنیاسی = ئەرکەکلەر دونیاسی، واتا جیهانی پیاوان)** دامەزراندووە.

لەسەر رۆژنامەی **(جیهانی پیاوان)** نووسراوە: مودیر مەسئوڵ: رەفعەت، شوێنی دەرچوون: ئەستەنبوڵ. ژمارە: (١)ی ساڵی (١) لە رۆژی دووشەممە ٦ی کانوونی دووەمی ١٣٢٩ی رۆمی بەرامبەر ١٩ی کانوونی دووەمی ١٩١٤ی زایینی دەرچووە و تەنیا ئەم تاکە ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە و وەستاوە. پێوانە: ٢٨×٣٩ سم و وێنەدارە.

(٤)

## نامەیەکی رەفعەت مەولان زادە بۆ گۆڤاری هەتاوی کورد

**بۆ دامەزرێنەرە بەڕێزەکانی رۆژنامەی (هەتاوی کورد)**

کار و چالاکییەکانی هەتاوی کورد سەبارەت بە پێشخستنی کورد و گەشەپێدانی کۆمەڵگاکەی و بەهێزکردنی بنەماکانی مانەوەی کۆمەڵایەتی کورد، شایستەی رێزلێنانە. بێگومان کاتێک کە ئەم گۆڤارە پڕ بەهایە کارەکانی خۆی رێکخست و بەردەوام بوو لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی، ئەو کاتە نەتەوەی کورد "زیندوو دەکرێتەوە" و دەگاتە ئامانجی دوارۆژی خۆی.

بە چاوی خۆمان هەموو گەلان دەبینین کە چۆن بازنەیەکی نەتەوەییان بۆ خۆیان دروستکردووە و رێگای پێشکەوتن و گەشەسەندنیان گرتۆتە بەر. ئەو گەلانەی کە ئاگایان لە نەتەوەکەی خۆیان نییە و خاوەنی ئایدیالێکی نەتەوەیی نین، دواکەوتوون و لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە جێماون و رۆحیان تێدا نەماوە. بێ رۆح بوون و زیندوو نەبوونی میللەتێک، شتێکی بە ئازارە. لە راستیدا زۆر سەخت و پڕ لە ئازارە کە خەڵکێک مەحکوم کرابێت بە مردن و نەمان لە نێو دنیای شارستانیدا.

هەتاوی کورد هەوڵی جێبەجێکردنی ئەرک و ئامانجێکی دوارۆژی زۆر بەرز و پیرۆز دەدات. هەوڵی رێگرتن لە فەرامۆشکردن و نەمانی کوردەکان دەدات کە ژمارەیان شەش – حەوت ملیۆن دەبێ و پشتیان یەکە و لە یەک بنچەوە هاتوون. هەر لەبەر ئەوەش بە ئەرکی خۆمی دەزانم کە بەناوی کوردایەتییەوە پیرۆزباییتان لێ بکەم.

هەست بەوە دەکرێ کە کار و چالاکییەکان سەبارەت بە دەستپێشخەری بۆ باشترکردنی بارودۆخی پارێزگاکانی رۆژهەڵات روویان لە زیاد بوون کردووە، ئەرمەنەکان کە هاونەژادی ئێمەن بەدوای هەبوون و کەسایەتی خۆیاندا دەگەڕێن، پێویستە ئاگاداری ئەو هاونەژادانەمان بین و چاومان لە کارو چالاکییەکانیان بێت.

وەکو دەزانرێت کورد و ئەرمەنەکان هاونەژادن و لەگەڵی **(ئورد-ئورارتوو)**ە وە سەرچاوەیان گرتووە. مێژووی کۆنی ئوردوەکانیش لە شاخەکانی فەلەستینەوە هەتاکو شاخەکانی ڕواندوز تێپەڕ بووە. پیتەکان و ئەدەبیات و زمان و نەژاد و نەریتمان لەگەڵ ئەرمەنەکاندا یەک بووە، بەڵام دواتر ئەوان ئایینی مەسیحیان هە ڵبژارد و خۆیان لە ئێمە جیاکردەوە. بەم دواییانەش ئەوان پێشکەوتن وبۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی نادیار هەنگاویان هەڵگرت. هەر ئەم جموجۆڵانەش بوونەتە هۆی ئەوەی کە ئەمڕۆ ئێمەی کورد و ئەرمەن لە یەکتری جیاببینەوە.

من حەزم دەکرد کە ئەم دوو هاونەژادە، واتە کورد و ئەرمەن دەست بدەنە دەستی یەک و پێکەوە بنەمای ژیانێکی باش دابنێن. بەڵێ کورد دواکەوتوون و ئەرمەنەکان تۆزێک پێشکەوتوون، بەڵام با کەس شیمانەی ئەوە نەکات کە هیچ کات ئەو داخوازییەی ئێمە نایەتە دی، با ئێمەی کورد تۆزێک خۆمان دەرخەین و جوولەیەک بکەین، دوای ئەوەش

گومانتان نەبێت کە کات ئێمە یەک دەخات.

ئەرکی ئێمەی کورد ئێستا ئەوەیە کە خۆمان بیر لە ڕەوشی خۆمان بکەینەوە و چارەی خۆمان بدۆزینەوە. دیارە هیچ کوردێک نایەوێت لەلایەن هاونەژادەکەیەوە بتوێنرێتەوە و قووت بدرێت، هیچ کورد نایەوێت نەژادەکەی کۆتایی پێ بێت و لە نێو دنیای مرۆڤایەتیدا دیار نەمێنێ. لەبەر ئەوەش پێویستە هەر کوردێک لەگەڵ ئەوەدا بێت کە دەبێت "کورد بۆ خۆی بیرێک لە ڕەوشی خۆی بکاتەوە و چارەیەک بۆ خۆی بدۆزێتەوە".

باشە، وشیارکردنەوەی کوردەکان و پێناساندنی مافەکانی ژیان و بە وان و دیاریکردنی ڕێگای گەشەسەندنی کۆمەڵگاکە و پێشکەوتنی خۆیان پەیوەندی بەچی شتێکەوە هەیە؟ من لەم بارەوە وەکو بەڕێز دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت بیر ناکەمەوە. بەبێ ئەوەی هیچ ئامانجێکی دیاریکراو هەبێت، بۆچی گەنجەکانی کورد ڕەوانەی ئەنادۆڵ بکرێن؟ هێشتا زووە بۆ ئەوەی ئامۆژگاری وەها بکرێت، چونکە هیچ ئەنجامێکی لێناکەوێتەوە. بەر لە هەموو شتێک بۆ وشیارکردنەوەی کورد و پێناساندنی مافەکانی ژیان بەوان و پیشاندانی ڕێگای پێشکەوتن و گەشەسەندن، پێویستیمان بە زمان هەیە. پێشخستنی زمانیش لە ڕێگای گۆڕانکاری و چاکسازی زمان و هەمەگیرکردنی زمانەوە مومکین دەبێ، کە بە شێوەیەک کە خزمەتی ئامانجی دواڕۆژ بکات. بۆ سادەکردنی نووسین بە زمانی کوردی و ئاسانکاری لەبەردەم دەربڕینی کوردیدا، پێویستیمان بە زیندووکردنەوە و باشترکردنی پیتەکانی ئوردو هەیە کە پیتی کۆنی ئێمەن. نووسینی زمانی کوردی بەو پیتانەی، کە ئەمڕۆ بەکاریان دەهێنین، کارێکی مومکین نییە و بەهۆی ئەوەشەوە ناتوانین بە دوای بەدیهاتنی ئامانجەکەماندا بکەوین، چونکە بێ سوودە و ئەنجامێکی ئەوتۆی لێناکەوێتەوە، ئەگەر بتوانین پیتە کۆنەکانمان زیندووبکەینەوە و بەپێی ڕێبازە تازەکان بەکاریان بهێنین، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێزمان وفەرهەنگێکی کوردی پێشکەش بە خەڵکی کورد بکەین کە دواکەتوو ماوەتەوە، ئەو کاتە دەتوانین بڵێین کە ڕێگای گەیشتن بە ئامانجمان گرتۆتە بەر. بڕوا ناکەم ئەنجامدانی ئەو ئەو شتانە کارێکی سەخت و زەحمەت بێت، چونکە سوپاس " بۆ خودا" کە ئەمڕۆ ژمارەی زانا و کەسانی ڕەوشت بەرز و شارەزای زمان ڕوویان لە زیادبوون کردووە و زۆرن. پێویستە ئەمانە کۆبکرێنەوە و دەزگایەکی زانستیان بۆ دابمەزرێنرێت. گومانیش لەوەدانییە کە هەموو جۆرە کارێک لە قسەکردن بەهێزترە. هیوادارم کاربەدەستانی هێڤی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە نەتەوەییەش بکەنە ئامانجی خۆیان. ئەگەر ئەو دەزگا زانستییە لە ئەستەنبوڵ دابمەزرێت سوودی زیاتری لێدەکەوێتەوە. لەو بارەیەشەوە دەتوانم ئاماژە بە ئەزموونی ئەرمەنە هاو نەژادەکانمان بکەم.

ئەوان کاتێک هەستیان بە پێویستی شۆڕشی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی کرد، یەکسەر گەنجەکانی خۆیان ڕەوانەی گوندەکان و ئەنادۆڵ نەکرد، بەر لە هەموو شتێک لە شارێکی ئەوروپاییدا زاناکانی خۆیان کۆکردەوە و بیریان لە ئامانجەکەی خۆیان کرد و سەبارەت بەوەش بڕیاریان وەرگرت، دواتریش بۆ بڵاوکردنەوەی بڕیارەکان و جێبەجێکردنیان، بەرەو دەوروبەری ئێمە هاتن. دەبا ئێمە وەها بکەین، بەر لە هەموو شتێک پێویستە ئامانجەکانمان یەکبخەین و دوای ئەوەش بگەڕێینەوە کوردستان.

**ڕەفعەت مەولان زادە**

ئەم نامەیەی **(ڕەفعەت مەولان زادە)** بە زمانی تورکی عوسمانی لە لاپەڕە ٢-٣ی ژمارە (٢)ی گۆڤاری هەتاوی کورد، کە لە ڕۆژی (٤ی موحەڕەم ١٣٣٢، ٢١ی تشرینی دووەم ١٣٢٩) "١٩١٣"ی زایینی کە لە ئەستەنبوڵ دەرچووە، بڵاوکراوەتەوە.

## سەرچاوەو پەراوێز:

١- لە ماڵپەڕی (sozluk.sourtimes.org)ی بە زمانی تورکی وەک سیاسەتمەدار و رۆژنامەوان ناوی رەفعەت مەولان زادە هاتووە و نووسراوە: بەرەسەن خەڵکی سلێمانییە،"ئەوەی ئەستەنبوڵ نا، سلێمانییەکەی باکووری عیراق...!".

٢- بەگوێرەی وتارێکی رۆژنامەوانی تورک **(راغب زارکئۆلو)** رووناکبیری کورد رەفعەت مەولان زادە لە ساڵی ١٩٣٠ لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدا کۆچی دوایکردووە، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە ئەم پیاوە کوردە دەبێت لە ساڵی (١٨٧٠) لە دایک بووبێت. براوانە:

Ragıp Zarakolu: Ergenekon anlayışını 80 yıl önce mahkum eden bir Kürt aydını، Evrensel Gazatesi، Say: 102008/09/، Istanbul.

٣- د. وليد حمدى: الكرد و كردستان فى الوثائق البريطانية، دراسة تاريخية وثائقية، مطابع سجل العرب، لندن ١٩٩٢، ص١٣٧.

٤- أسرة بابان الكردية، شجرتها التاريخية وتسلسل أجيالها، اعداد: اياد بابان، دار الزمان، بيروت، ٢٠٠٨، ص١٢١.

٥- د.فەرهاد پیربال: ژەنەراڵ شەریف پاشا (١٨٦٥-١٩٥١)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠١، لاپەڕە٢٢.

٦- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی، بڕوانە: وتاری حەمەی حەمە باقی: مەحوی میراتگری پەیام و هەڵوێستی جوامێرانەی مەولانا، گۆڤاری ئاییندە، ژمارە: (٨٠) لاپەڕە ٢٠-٢٧. هەروەها بڕوانە: وتارێکی ئەیوب رۆستەم لە گۆڤاری هەورامان، ساڵی ٢٠٠٤؟.

7- TARİHTEN KADIN SESLERİ: Hazırlayan Yard.Doç.Dr. Serpil Çakır İstanbul Üniversitesi Siyasal Bilgiler Fakültesi. Petrol-İş Kadın Dergisi I Sayı 2، Mart 2003.

8- Ragıp Zarakolu: Ergenekon anlayışını 80 yıl önce mahkum eden bir Kürt aydını، Evrensel Gazatesi، Say: 102008/09/، Istanbul.

٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١١- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٢- ماڵپەڕی دەزگای تەساف(tesav.org.tr) – بەشی مێژووی پارتە سیاسییەکان.

13- Ragıp Zarakolu: Ergenekon anlayışını 80 yıl önce mahkum eden bir Kürt aydını، Evrensel Gazatesi، Say: 102008/09/، Istanbul.

14- Zinar silopi (Qedri Cemil Pasa): Doza Kurdistan، Oz-Ge Yayinlari، Ankara،1991.

15- Ragıp Zarakolu: Ergenekon anlayışını 80 yıl önce mahkum eden bir Kürt aydını، Evrensel Gazatesi، Say: 102008/09/، Istanbul.

١٦- رەمزی قەزاز: بزووتنەوەی سیاسی و رۆشنبیریی کورد لە کۆتایی چەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی چەرخی بیست، چاپخانەی ژین، سلێمانی ١٩٧١، لاپەڕە ٢٠١-٢٠٢.

١٧- رۆهات ئالاکۆم: کوردەکانی ئەستەمبووڵی کۆن (١٤٥٣-١٩٢٥)، و: لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٥، هەولێر، لاپەڕە١١٣.

١٨- دەربارەی ئەو ١٥٠ کەسەی کە بڕیاری مافی سەندنەوەی هاوڵاتێتی و دەرکردنیان لە تورکیا درا بڕوانە: ماڵپەڕی:

-tr.wikipedia.org/ Yüzellilikler .

١٩- گۆڤاری **(دیاری کوردستان)**، بەغدا، ژمارە: (٧)، رۆژی ١٩٢٥/٦/١٨.

٢٠- رۆهات ئالاکۆم: خۆییبوون و شۆڕشی ئاگری، شوکور مستەفا کردوویە بە کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٠، هەولێر، لاپەڕە ٢٠و٢٢.

21- Ragıp Zarakolu: Ergenekon anlayışını 80 yıl önce mahkum eden bir Kürt aydını، Evrensel Gazatesi، Say: 102008/09/، Istanbul.

TARİHTEN KADIN SESLERİ: Hazırlayan Yard.Doç.Dr. Serpil Çakır İstanbul Üniversitesi Siyasal Bilgiler Fakültesi. Petrol-İş Kadın Dergisi I Sayı 2، Mart 2003

(٢٣) دەربارەی رۆژنامەی سەربەستی بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

مالمیسانژ و مەحموود لەوەندی: رۆژنامەگەریا کوردی ل کوردستانا باکوور و ل ترکیا، چاپی دووەم ١٩٩٢ تورکیا، ل ٧٤ و **(پاشکۆی کتێبەکە بە زمانی تورکی)** ل ٤٦٠-٤٦٢.

- MEHEMET BAYRAK: KURT SORNU ve DEMOKRATIK COZUM، Oz Ge yayinlri 1999، Istanbul، S 418-

419.

ماڵپەڕی کتێبخانەی موعەلیم نوری (muallimnurikutuphanesi.com).

(24)- Ragıp Zarakolu: Ergenekon anlayışını 80 yıl önce mahkum eden bir Kürt aydını, Evrensel Gazatesi, Say: 102008/09/, Istanbul.

(٢٥) بڕوانە ماڵپەڕی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی تورکیا (tgc.org.tr).

(٢٦) مەلا سەعیدی کوردی نوورسی = مەلا سەعیدی کوردی بەدیع ئەلزەمان (١٨٧٣-١٩٦٠) بە نووسین و وتار بەشداری لە ڕۆژنامە کوردییەکانی ئەو سەردەمە کردووە. هەروەها بەگوێرەی بەڵگەنامەیەک کە لەم دواییە لە تورکیا دۆزراوەتەوە مەلا سەعیدی کوردی نەورسی لە ساڵی ١٩٠٩ بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی ڕۆژنامەیەکی کوردی داخوازینامەیەکی پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی ئەوکاتەی تورک کردووە. بە گوێرەی داخوازینامەکە ئەو داوای کردووە مۆڵەتی پێبدرێت بۆ دەرخستنی ڕۆژنامەیەک بەناوی **(مەعریفە و ئیتیحادی ئەکراد = زانست و یەکێتی کوردان)** بە دوو زمانی کوردی و تورکی، سەرەتا هەفتانە و دواتر بیکات بە ڕۆژانە، بەڵام تا ئێستا دیار نییە، کە ئایا حکومەتی ئیتحاد و تەرەقی تورک مۆڵەتنامەی داوە بە ناویرا بۆ دەرخستنی ڕۆژنامەکە؟! ئایا لەو سەردەمە ڕۆژنامەیەک بەناوی **(مەعریفە و ئیتحادی ئەکراد)** دەرچووە؟!.

(٢٧) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی **(حەسەن فەهمی)** بڕوانە ماڵپەڕی ئەنیستیتوی **(رسالەی نوور)**ی ئایندار و زانای کورد مەلا سەعیدی کوردی - نوورسی ڕۆژی ٢٠٠٧/٤/٢٠ (risaleinurenstitusu.org).

(٢٨) کاتی خۆی لە یەکێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی **(ژین)**دا ئەم تێبینیانەم لەلای خۆم ڕوونووس کردبوو، بەڵام ئێستا دەقی ڕوونووسی بابەتەکەم لەلا نییە.

(29) Ragıp Zarakolu: Ergenekon anlayışını 80 yıl önce mahkum eden bir Kürt aydını, Evrensel Gazatesi, Say: 102008/09/, Istanbul.

(٣٠) مالمیسانژ و مەحموود لەوەندی: ڕۆژنامەگەریا کوردی ..... ل ٧٤.

(٣١) یادداشتەکانی مەیجەر نوئێل لە کوردستاندا، وەرگێڕانی حوسێن ئەحمەد جاف، حوسێن عوسمان نێرگسەجاری، ١٩٨٤، بەغدا.

(٣٢) مالمیسانژ و مەحموود لەوەندی: ل ٧٤ و **(پاشکۆی کتێبەکە بە زمانی تورکی)** ل ٤٦٠-٤٦٢.

(٣٣) مالمیسانژ و مەحموود لەوەندی: **(پاشکۆی کتێبەکە بە زمانی تورکی)** ل ٤٦٠-٤٦٢. هەروەها بڕوانە:

- MEHEMET BAYRAK: KURT SORNU ve DEMOKRATIK COZUM, Oz Ge yayinlri 1999, Istanbul, S 418-419.

(٣٤) ئینسیکلۆپیدیای ئازاد - بەشی زمانی ئەڵمانی (wikipedia.org).

(٣٥) یادداشتەکانی مەیجەر نوئێل لە کوردستاندا، ل ٦٠.

(٣٦) یادداشتەکانی مەیجەر نوئێل لە کوردستاندا، ل ١٥٢.

(٣٧) ڕۆهات ئالاکۆم: خۆیبوون و شۆڕشی ئاگری، شوکور مستەفا کردوویە بە کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٠ هەولێر، لاپەڕە ٢٢.

(٣٨) مالمیسانژ و مەحموود لەوەندی: ... ل ٧٤.

(٣٩) گۆڤاری **(سەربەستی)**، ژمارە: (١)، مانگی ١٠/١٩٩٨، ئەستەنبوڵ، ل ٤.

(٤٠) هەمان سەرچاوە ل٧٠.

(٤١) ڕۆهات ئالاکۆم: کوردەکانی ئەستەمبووڵی کۆن (١٤٥٣-١٩٢٥)، و: لە تورکییەوە ئەحمەد تاقانە. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٥ هەولێر. ل ١٤٩-١٥٢.

(42) A BIOGRAPHICAL DICTIONARY OF women's movements and feminisms, Central, Eastern, and South Eastern Europe, 19th and 20th Centuries, Edited and with an Introduction by: Francisca de Haan, Krassimira Daskalova and Anna Loutfi. CEU PRESS, Hardcover 2006, Page 336339-.

(43) Encyclopedia of Feminist Theories Door Lorraine Code Bijdrager Lorraine Code Gepubliceerd door Taylor & Francis, 2000, page 343.

(44) TARİHTEN KADIN SESLERİ: Hazırlayan Yard.Doç.Dr. Serpil Çakır İstanbul Üniversitesi Siyasal Bilgiler Fakültesi. Petrol-İş Kadın Dergisi I Sayı 2 (Mart 2003).

وێنەی بەرگی ڕۆژنامەی **(جیهانی ژنان)** و هەندێک لە زانیارییەکانی لەم دوو ماڵپەڕە وەرگیراوە، ماڵپەڕی کتێبخانەی هونەر:

(٤٥) (sanatkitabevi.com.tr) و ماڵپەڕی کتێبخانەی موعەلیم نووری: (muallimnurikutuphanesi.com).

(٤٦) هەواڵی سیمیناری دکتۆرە سەرپیل

چاکر سەبارەت بە **(ن. علوییە مەولان)** لە رۆژی ٢٠٠٨/٥/٢٨ لە ماڵپەڕی (iskenderun.org) بڵاوکراوەتەوە.

(٤٧) سەرچاوەی نامەکە: مالمیسانژ: جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان، لە تورکیەوە وەرگێڕانی: زریان رۆژهەلاتی، پێشەکی و پێداچوونەوەی: عەبدوڵڵا زەنگەنە. بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٨، لاپەڕە ٣٣٨-٣٤٢.

زۆر سوپاس بۆ بەڕێزان:

- **(جووتیار تۆفیق هەورامی)** لە وڵاتی سوێد، کە بە سەرنج و تێبینییەکانی و ناردنی رونووسی لاپەڕەکانی گۆڤاری دیاری کوردستان و کتێبەکەی رەمزی قەزاز و د.ولید حمدی هاوکاری کردم.

- **(ژیان ئەرسەلان)** کارمەند و وەرگێڕ لە پەرلەمانی ئەوروپا، کە لە وەرگێڕانی دەقێکی تورکی عوسمانی هاوکاریکردم.

- **(ئەنیستیتوی کوردی لە ئەستەنبوڵ)** و دەستخۆشی لە **(گرووپی کاری کوردی لە سەرچاوەکانی عوسمانیدا)** کە ئێستا بە ئاشکراو بە نهێنی لە سەر ئەرکی خۆیان خەریکی کۆکردنەوەی سەرچاوە و بەلگەنامە و رۆژنامە و بڵاوکراوەی کۆنی سەردەمی عوسمانین لە ئەرشیفخانە و کتێبخانە تۆزلێ نیشتووەکانی تورکیا. ئەو گرووپە پێکهاتوون لە کۆمەڵێک رۆشنبیر و نووسەری کورد و ژمارەیەک لە خوێندکارە کوردەکانی زانکۆکانی تورکیا.

ئاژانسی کوردستان AK NEWS لە هەواڵەکانی رۆژی ٢٠٠٩/٦/٤ دا تێکۆشان و کارەکانی ئەو گرووپەی پشت راستکردۆتەوە و لەم بارەیەوە راپۆرتە هەواڵێکی بە ناوونیشانی **(ئەو خۆبەختکەرانەی کە بە دەرزی مێژوو هەڵدەکۆڵن)** بڵاوکردۆتەوە.

# ڕۆڵی (پەیامنێر) لەگەیاندنی (هەواڵ)دا



ڕزگار فایەق*

**پێشەکی**

یەکێک لەئەرکە گرنگەکانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بەبینراو و بیستراو و نووسراوەوە گەیاندنی هەواڵە بەوەرگر، چونکە لەسەردەمی ئەمڕۆدا مرۆڤەکان تینووی وەرگرتنی هەواڵ و زانیارین، بەهۆی زۆری لەرادەبەدەری گۆڕانکاری و ڕووداو و زانیاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەموو بوارەکانەوە کە لەجیهاندا ڕوودەدەن، جەماوەر پێویستی بەخێرا وەرگرتنی ئەو هەواڵ و زانیاریانەیە، لەم ڕوانگەیەشەوە ڕۆڵی **(پەیامنێر)** دەورێکی کاریگەرو گرنگی هەیە بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان بەکەناڵەکەی، پەیامنێر سەرچاوەیەکی سەرەکییە کە دەبێت جێگای متمانەی کەناڵەکە بێت، هەر ئەمەشە وا دەکات متمانەی وەرگرەکان زیاد بکات بۆ ئەو کەناڵە، زۆری ژمارەی پەیامنێرەکان لەشوێنە جیاجیاکانی جیهان لەهەر کەناڵێکدا وا دەکات کە ئەو کەناڵە ببێتە بانکێکی زانیاری و فرەجۆری هەواڵەکان، کە ئەمەش دەبێتە فراوانی و زۆربوونی جەماوەری تایبەت بەو کەناڵە. لەم باسەدا کە بەشێکە لەتوێژینەوەی دەرچونم لەساڵی ٢٠٠٧–٢٠٠٨ پێشکەش بەبەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، باسی پەیامنێر کراوە بەشێوەیەکی گشتیی وەکو ئەرک و سیفاتەکانی تا **(پەیامنێر)**ێکی تەندروست و پرۆفیشناڵ دروست بێت، بۆ ئەوەی پەیامنێر زانیاری تەواوی لەبارەی کارەکەی خۆی هەبێت و ئەو ڕێگایەنەیش باسکراوە کە پەیامنێر بەمەبەستی گەیشتن بەزانیاری و هەواڵەکان پێویستی پێیدەبێت، لەبارەی پەیامنێری تەلەڤزیۆنیشەوە لەکۆتایی ئەم باسەدا پەیوەندی نێوان پەیامنێر و وێنەگر ڕوونکراوەتەوە.

**پێناسەو چەمکی پەیامنێر**

پەیامنێر، یان(( Reporter)) ڕاپۆرتنووس :ئەو ڕۆژنامەوانەیە، کە دەنگوباس پەیدا دەکات، بەوەی ڕۆژنامەکە یان ئێستگە پەخشییەکە بۆ هەواڵ و چالاکییەکی دیاریکراو تەرخانی دەکات. زاراوەکە، بەهەواڵەنوێنەر **(هەواڵنێر)**ی تەلەفزیۆنیش دەوترێت.

هەواڵنێر، پێشیدەوترێت پەیامنێر، ئەو کەسەیە کە کاری کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاری دەکات و ئامادەی دەکات بۆ ڕۆژنامە، یان تەلەفزیۆن، یان ڕادیۆ.

پەیامنێر ئەو کەسەیە کە هەواڵ کۆدەکاتەوەو داپۆشینی رووداوی گرنگ بۆ رۆژنامە یان گۆوار یان ئێستگە یان ئەو تۆڕە هەواڵدەرییەی کاری تێدا دەکات، دەگرێتە ئەستۆ.

پەیامنێری رۆژنامەنووسی یەکێکە لەسەرچاوەکانی راپۆرتی رۆژنامەنووسی و زانیاری و راستی بنیاتەکانی راپۆرتی لێ هەڵدەهێنجێنرێت.

**المراسل :correspondent**

پەیامنێری رۆژنامەوانی: پەیامنێر نوێنەری رۆژنامەکەیەتی لەدەرەوەی ئەو شوێنەی کە رۆژنامەکەی تێدا دەردەچێت، ئەگەریش لەناوخۆی ئەو وڵاتەدا بێت کە رۆژنامەکەی تێدا دەردەچێت، بەڵام لەدەرەوەی ئەو شارەدا بێت، کە بنکەی سەرەکی رۆژنامەکەی تێدایە پێی دەوترێت پەیامنێری رۆژنامەوانی ناوخۆیی یان هەرێمیی، پەیامنێری رۆژنامەوانی رووماڵی هەموو ئەو چالاکی و رووداوانە دەکات کە لەچوارچێوەی ئەو شارە، یان ئەو هەرێمەدا روو دەدەن کە تێیدا نیشتەجێیە.

**پەیامنێری سەرکەوتوو هەمیشە بەدوای زانیاری تازەو زیندوودا دەگەڕێت و ئەگەرچی دەستکەوتنی زانیارییەکانیش ئاسان نەبێت**

پەیامنێری رۆژنامەوانی، لەرێگەی سەرچاوەکانی زانیاری و لەمیانەی رووماڵکردنی رووداو و کۆکردنەوەی زانیارییەکاندا کۆمەڵێک زانیاری و راستیی زۆر بەدەست دەهێنێت لەسەر رووداوەکان، کە دەبنە سەرچاوەیەکی بەهێزی نووسینی راپۆرتی رۆژنامەنووسی و بەکەرەستەیەکی خاوی ژانرەکانی تری رۆژنامەنووسیش دادەنرێن، چونکە راپۆرت، بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیەکی وردی رۆژنامەنووسی دەوێت و دەبێت راپۆرت پڕ زانیاری بێت، بۆ ئەوەش پێویست دەکات کە رۆژنامەنووس بچێتە شوێنی رووداو و ئەمەش ئەرکی یەکەم و سیفاتی پەیامنێری سەرکەوتووە، چونکە ئامادەبوونی پەیامنێر لەشوێنی رووداو راستییەکان باشترو راستترو وردتر بەرجەستە دەکات.

پەیامنێر یان رۆژنامەوان ئەو کەسەیە کە کاری رۆژنامەوانی بەهەموو لک و پۆپەکانییەوە کردووە بەپیشەی خۆی و بەردەوام خۆی بۆ تەرخانکردووە، بەتایبەتیش نووسینی هەواڵ و راپۆرت کە گرنگترین دوو کاری رۆژنامەوانین.

**ئەرک و بایەخی پەیامنێر**

ئەرکی رووماڵکردنی رووداوەکان و دەستکەوتنی زانیارییەکان و ناردنی هەواڵەکان لەجیهانی ئەمڕۆدا بەپلەی یەکەم کەوتۆتە سەر پەیامنێر، بۆیە زۆرجار لەرۆژنامەنووسی جیهانیدا بەپەیامنێر دەوترێت **(سەربازی**

**پیادەی هـەواڵ)** . واتـە پەیامنێر لەکاتی روودانـی هەر رووداوێـكـدا دەبـێـت وابـەسـتـەی رووداوەكــە بێت و ئامادەی شوێنی رووداوەكە بێت، بۆ ئەوەی لەنزیكترین و باوەڕپێكراوترین سەرچاوەوە رووماڵی زانیارییەكانی تایبەت بەرووداوەكە بكات، هەروەها پێشینە رووداوەكەو وردو درشتی زانیارییەكان كۆ بكاتەوەو لەسەر (یەكێك لەقاڵبەكان) شێوەكانی داڕشتنی هـەواڵ بینووسێتەوەو بینێرێت بۆ ئەو رۆژنامە یان ئەو ئاژانسەی كە كاری بۆ دەكات.

ئەركی پەیامنێر ئەركێكی قورسەو وا ئاسان نییە، كە هەندێك كەس بۆی دەچن، چونكە پەیامنێری راستەقینە هەمیشە لەگەڕاندایە بـەدوای زانیاریدا. ئەمەش هەوڵ و ماندووبونێكی زۆری دەوێت و زۆر جار پەیامنێری دووچاری گێرمەو كێشە و سەریەشە كردۆتەوە، تەنانەت هەندێ جار خۆشی بۆتە قوربانی كارەكەی .

پەیامنێری سـەركـەوتـوو هەمیشە بـەدوای زانـیـاری تـازەو زیـنـدوودا دەگـەڕێت و ئەگەرچی دەستكەوتنی زانیارییەكانیش ئاسان نەبێت، لێرەوە پەیامنێر دەبێتە ئامرازی وەرگری زانیاری و كۆكەرەوەو رێكخەرو نێرەری زانیارییە دروست و باوەڕپێكراوەكان لەسەر هەر رووداو هەواڵێك، بەكەناڵێك یان ئاژانسێكی راگەیاندن، هەروەها لێرەدا پەیامنێر دەبێتە دروستكەری گەیاندنی بەردەوام و ئەرێنی نێوان كەناڵ و جەماوەر.

بەدەستهێنانی هەواڵ و زانیاریی لەسەر رووداوە جۆر بەجۆرەكان، لەڕاستیدا یەكەمین قۆناغی كاری چاپەمەنییە، لەبەر ئەم هۆیە، ئەو كەسانەی پیشەكانی رۆژنامەوانی و پرۆسـەی پەیوەندیكردن هەڵدەبژێرن بـەرلـەوەی كە لەناوەندی هەواڵنێریدا، بەرپرسیاریتی نووسین و رێكخستنی هەواڵ و بابەتەكان بگرنە دەست، سەرگەرمی بەدواداگەڕان و كۆكردنەوەی هەواڵەكان بن، پێویستە ئەوە لەبەر چاو بگیرێت كە بۆ ئامادەكردنی هەوالەرۆژنامەوانییەكان، ئامادەیی هەواڵنێر لەشوێنی رووداوەكان و یاداشتكردنی كــرداری رووداوەكـــان بـەس نییە. واتــە ســەرەڕای ئاشنابوونی پەیامنێر بەشێوازی هەواڵنووسین، پێویستە پەیامنێری بەتوانا خاوەنی سەلیقەی زانستی هەڵبژاردنی سەرنجڕاكێشترین و پێویستتری هـەواڵ و زانیاریە كاریگەرو باوەڕپێكراوەكان بێت.

پەیامنێری لێهاتوو بەبەكارهێنانی تاكتیكی جیاواز دەربــارەی ئـەو هـەواڵانـەی كە ئاشكراكردنیان جێی

> **پەیامنێری لێهاتوو بەبەكارهێنانی تاكتیكی جیاواز دەربارەی ئەو هەواڵانەی كە ئاشكراكردنیان جێی رەزامەندی بەرپرسان و كاربەدەستان نییە، سەركەوتن بەدەست دەهێنێت**

ڕەزامەندی بەرپرسان و کاربەدەستان نییە، سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت. بۆ سەرکەوتن لە کرداری کۆکردنەوەو بەدەستهێنانی زانیارییە شاراوەکان و نهێنییەکان لەسەر بابەت و ڕووداوە گرنگەکان کە جێی بایەخپێدانی کەناڵەکان و ئاژانسەکانی ڕاگەیاندن و جەماوەرن، پێویستە پەیوەندییەکی بەردەوام و زیرەکانەی لەگەڵ کۆمەڵگە بەگشتی و کاربەدەستان و سەرچاوەکانی دیکەی زانیاریدا بەتایبەتی هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بەدواداچوونی وردو پڕ زانیاری ئەنجام بدات، بۆ دەستکەوتنی ئەو زانیارییە ڕاستەقینانەی کە پەیوەندییان بەبابەتەکەوە هەیە، بەڵام نابێت پەیامنێر لەو سنوورە لابدات کە ئەخلاقی کاری ڕۆژنامەنووسی کاری پێدەکات، چونکە پەیامنێر چاوی کۆمەڵگەیە، کەواتە دەبێت بابەتیانەو لەپێناو بەرژەوەندی گشتی هەڵسێت بەئەنجامدانی کاری پەیامنێری.

**"لەڕوانگەی ئەخلاقی ڕۆژنامەنوسییەوە، دەبێت پەیامنێر ئەوە بزانێت، کە کەسێکی بەرپرسە"**

لەڕوانگەی ئەخلاقی ڕۆژنامەنوسییەوە، دەبێت پەیامنێر ئەوە بزانێت، کە کەسێکی بەرپرسە، لەگەڵ ئەوەشدا کە چەند کەسێکی دیکە لە کرداری دیاریکردنی چۆنییەتی بڵاوکردنەوەی هەر هەواڵێکدا لەڕۆژنامەدا بەشدار دەبن، بەڵام دەبێت بزانین هەرخۆی ڕاستەوخۆ لەناو ڕووداوەکاندا دەبێت، بڕیار یاخود ئەو حوکمەی پەیامنێر دەیدات سەبارەت بەدیاریکردنی شتێک، ئاخۆ بەشێوەی هەواڵ ڕوومالّدەکرێت یان بەشێوەیەکی تر، خۆی لەخۆیدا بڕیارێکەو بایەخ و گرنگییەکی گەورەی هەیە، پەیامنێر، بەواتایەکی دیکە بڕبڕەی پشتی کرداری کۆکردنەوەی هەواڵ و بڵاوکردنەوەو دابەشکردنیەتی، لەڕاستیدا هەموو پەیامنێرێک نووسەریشە، بەپێچەوانەوە نووسەرە باشەکان بەدرێژایی ژیانی ڕۆژنامەوانیان ڕەچاوی ئەوە دەکەن کە ببن بەپەیامنێری باش.

هەروەها لەڕوانگەی بوون بەپەیامنێرێکی سەرکەوتوو، پەیامنێر پێویستە هەمیشە لەهەوڵدابێت بۆ فێربوونی زمانی بیانی، چونکە بەبێ زانینی زمانی بیانی ناتوانێت زۆر لەئەرکە ڕۆژنامەوانیەکانی جێبەجێ بکات، چونکە لەکارەکەیدا چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانێک دەکات کە ڕەگەزنامەیان جیاوازە، ئەمەش جگەلەوەی کە بەهۆی زانینی زمانی بیانییەوە دەتوانێت ئاگاداری میدیای بیانی بێت.

**بەدەستهێنانی زانیاری**

لەڕۆژنامەدا هەموو شتێک لەهەواڵنێر، پەیامنێرەکانەوە،

دەست پێدەکات. بۆیە پەیامنێر پێویستە سەرچاوەکانی هەواڵ دیاری بکات و پاشان بەشێوەی نووسراو و بینراو هەواڵەکە بگەیەنێت، هەروەها پێویستە پەیامنێر بەشێوەیەکی بابەتیانەو بەروونی راپۆرتەکانی ئامادە بکات، ئەوەش لەپێناوی دروستکردنی باشترین راوبۆچوون.

وەکو باسکرا زۆربەی کات تایبەتمەندی **(نێردراوی رۆژنامەوانی)** لەوەدایە کە رووماڵی ئەو زانیارییانە دەکات کەلەبوارێکی دیاریکراودا هەن، وەک کارکردن لەبواری وەزارەتەکانی دەوڵەت یان دامەزراوەو دەستە جۆراوجۆرەکان.

هەموو هەوڵ و کۆششەکانی پەیامنێر بۆ بەدەستهێنانی زانیارییە و بەردەوامیش پێویست دەکات بگاتە شوێنی رووداوەکان بۆ ئەوەی لەنزیکەوە ئاگاداری رووداوەکان بێت و زانیاری وردو باوەڕپێکراو لەسەرچاوەکانەوە کۆبکاتەوەو لەشێوەی هەواڵدا بینووسێتەوە.

هەندێک پەیامنێر تەواوی رۆژانی کارکردنیان بەبەدواداچوون و راوەدوونانی چەندین بابەت لەنووسینگە رۆژنامەگەرییەکانی سەر بەسەرکردایەتی پۆلیس، یاخود ئەنجومەنی شار، یان دەسەڵاتدارانی فیدراڵی یان ناوخۆیی، یاخود لەشوێنی دیکە دەگوزەرێنن، ئەم جێگا گرنگانەش لەزمانی ئینگلیزیدا پیان دەوترێت (beat) کە زنجیرەیەک جێگاو شوێنە بەشێوەیەکی رێکوپێک پەیامنێر سەریان لێدەدات بۆ کۆکردنەوەی هەواڵ، تا دەسپێشخەرییەکی رۆژنامەوانی دەست بخات، واتە ئەو پەیامنێر یان رۆژنامەوانەیە کە پێش هەمووان دەکەوێت بۆ ئەوەی هەواڵێکی نوێی دەستکەوێت و تەنیا رۆژنامەکەی ئەوان ئەو هەواڵە بڵاوبکاتەوە. ئەو دەستپێشخەرییەی کە پەیامنێر ئەنجامی دەدات بۆ بەدەستهێنانی هەواڵێک بۆ ئەوەیە کە هەواڵە بەدەستهاتووەکە تایبەت بێت بەکەناڵەکەو ببێتە خاوەن و سەرچاوەی یەکەمی بڵاوکردنەوەی هەواڵە بەدەستهاتووەکە. دەبێت ئاگاداری ئەوەیش بێت کە کۆکردنەوەی زانیاری پەیوەندیدار بەبابەتەکەو بەدەستهێنانی زانیاری ورد، دیتنەوەی تەن و بەرجەستەکردنی رووداوە، هەواڵێکی باش تەنیا بەسەرچاوەیەک پشت گەرم نییە، شەبەنگێک لەسەرچاوەکانی هەواڵگەیاندنی دەوێت، زانیارییەکان دەبێت لەرێی گفتوگۆو بینین و ئاماژە بۆ سەرچاوەکان دەستەبەر بکرێت.

بەمەبەستی دەسکەوتنی زانیاری دەتوانین بڵێین، پەیامنێری بریتییە لە**(کۆکردنەوەی بابەتی پەیوەندیدارو متمانەپێکراو**

> **لەرۆژنامەدا هەموو شتێک لەهەواڵنێر، پەیامنێرەکانەوە، دەست پێدەکات. بۆیە پەیامنێر پێویستە سەرچاوەکانی هەواڵ دیاری بکات و پاشان بەشێوەی نووسراو و بینراو هەواڵەکە بگەیەنێت**

**لەڕێی تێبینی کردن وچاوپێکەوتن و لێکۆڵینەوە)**. پەیامنێری مانای ئەوەیە بایەخ بەرووداوێک بدرێت لەلایەن کەسێکەوە کەلەوێ بەشتەکەوە خەریکە، پەیامنێر وەک چاوو گوێی رۆژنامە(**کەناڵەکان**)، راستییەکان و ناوەڕۆک دابین دەکات بەو جۆرەی کە لەگەڵ شێوازی رۆژنامەکەدا بگونجێت.

هەمیشە پەیامنێر لەسەر کاروبارو رووداوە هەنووکەییەکان سەبارەت بە مەسەلە دیاریکراوەکان یان سەبارەت بەناوچەیەکی جوگرافی زانیاری یان راپۆرت دەدات و لەهەوڵی جۆراوجۆری کۆکردنەوەی زانیاریدایە لەسەر بابەتی دیاریکراو.

پێویستە پەیامنێر لەخەڵکی دیکە زیاترو وردترو پێشتر ببینێت، و بەردەوام لەجوڵەدا بێت و دەبێت بزانێت چۆن پرسیار ئاڕاستە دەکات، بەشێوەیەک کەبەرهەمهێنی هەواڵ بێت و دەبێت سەرچاوەی زۆری هەبێت و نهێنی سەرچاوەکانیش بپارێزێت.

**هەندێک پەیامنێر تەواوی رۆژانی کارکردنیان بەبەدواداچوون و راوەدوونانی چەندین بابەت لەنووسینگە رۆژنامەگەرییەکانی سەر بەسەرکردایەتی پۆلیس، یاخود ئەنجومەنی شار، یان دەسەڵاتدارانی فیدراڵی یان ناوخۆیی، یاخود لەشوێنی دیکە دەگوزەرێنن**

### جۆرەکانی پەیامنێر

**أ- پەیامنێری جێگیر یان (بەردەوام) (المراسل الدائم):**

ئەو پەیامنێرەیە کە دەبێتە نوێنەری رۆژنامەکەی لەیەکێک لەپایتەختی ولاتە گەورەکانی جیهان و بۆ ماوەیەکی دووردرێژ لەو پایتەختەدا دەمێننەوە، گرنگی ئەم جۆرە پەیامنێرانە لەوەدایە کەلەو ماوەیەی لەو ولاتەدا دەمێنێتەوە چەندین پەیوەندی و هاوڕێیەتی لەگەڵ کەسایەتییە گرنگەکان و دەسەڵاتدارانی ئەو ولاتە پێکدەهێنێت، ئەمەش کارێکە کە لەڕێگەیەوە دەتوانرێت ئاڕاستە سیاسی و پێکهاتەکان لەهەموو بوارەکانیدا بزانرێت و لەرۆژنامەکەیدا(**کەناڵ**) بڵاوبکرێنەوە.

ئەم جۆرە پەیامنێرە پێشی دەوترێت پەیامنێری دەرەکی کە مەبەست لەپەیامنێری دەرەکی ئەو پەیامنێرەیە کە لەدەرەوەی ئەو ولاتەدا کار دەکات کە بارەگای کەناڵەکەی تێدایە. لێرەشدا پەیامنێر زانیاری بۆ کەناڵەکەی دابین دەکات، هەمیشەیش پەیامنێری دەرەکی لەو ولاتەی کە کاری تێدا دەکات دەبێتە باڵیۆزی دەزگاکەی، بۆیە پێویستە ئەو کەسە خاوەنی رۆشنبیری و مەعریفەیەکی باش بێت هەروەها زمان و کەلتوری باوی ئەو ولاتە بەباشی شارەزا بێت کە کاری تێدا دەکات. پەیامنێری دەرەکی لەلایەکەوە هەواڵنێرە و لەلایەکی ترەوە دەبێتە لێکدەرەوە شرۆڤە لێکدەرەوە و بۆ هەواڵ ئەکات لەبارەی هەواڵەکانی ئەو ولاتەی کە ئەوی لێیە.

**ب- نێردراو و پەیامنێری ناوخۆیی:**

ئەم جۆرە پەیامنێرە تەرخان دەکرێت بەرووماڵکردنی هەموو چالاکییە هەواڵییەکانی ناوخۆی ئەو وڵاتەی کە بارەگای دەزگاکەی تیایە. لێرەشدا جیاوازی دەکرێت لەنێوان پەیامنێرو نێردراو، نێردراو بە زۆری لەو شارە کار دەکات کە بارەگای دەزگاکەی تێدایە یان لێی نزیکە، بەڵام پەیامنێر لەهەرێم و پارێزگاکان کار دەکات.

**ج- پەیامنێری گەڕۆک (المراسل المتحرک):**

ئەو پەیامنێرەیە کە رۆژنامەکەی (هەر کەناڵێکی راگەیاندن بێت) دەینێرێت بۆ رووماڵکردنی رووداوێکی گرنگ لەهەر شوێنێکی جیهاندا رووبدات، کاتی مانەوەی ئەو پەیامنێرە لەو شوێنەدا کورتەو بەتەواوبوونی رووداوەکە دەگەڕێتەوە نووسینگەی سەرەکی رۆژنامەکە بۆ نووسین لەسەر رووداوەکە بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی لەو رۆژنامەیەی کە ئیشی تێدا دەکات. پەیامنێری گەڕۆک هەمیشە رۆژنامەنووسێکی بەتوانایەو پسپۆڕو شارەزایەو بەدوای هەواڵدا دەگەڕێت.

**د- پەیامنێری تایبەتمەند:**

بەهۆی ئەو بەرەو پێشچوونەی کە دەزگاکانی راگەیاندن بەخۆیانەوە بینویانە بەئاراستەی تایبەتمەند بوون و هەروەها بەهۆی فراوان بوون و تایبەتمەند بوونی چالاکییە هەواڵییەکان. ئەمانە وایان کرد کە زۆربەی کەناڵەکان پشت ببەستن بەپەیامنێری تایبەتمەند بۆ رووماڵکردنی هەواڵی بوارە تایبەتمەندەکان، بۆ نموونە ئەوەتا پەیامنێری تایبەتی ئابووری یان هونەر یان وەرزش هەیە....هتد، هەروەک ئێستا پەیامنێری تایبەتمەند بۆ بوارێکی تایبەتمەندی دەرکەوتووە، بۆ نموونە لەبواری وەرزشیدا ئەوەتا پەیامنێری تایبەت بەیاری تۆپی پێ هەیەو هەروەها هی یاری هۆکی...هتد. پەیامنێری تایبەتمەندیش لەناوخۆی وڵات یان دەنێردرێ بۆ دەرەوە بۆ رووماڵکردنی هەواڵێکی تایبەتمەند.

پیشەی پەیامنێریی لەرۆژنامەوانی گشتی و تایبەتمەندا جیاوازییەکی زۆری هەیە، لە رۆژنامەوانی گشتیدا پەیامنێر ئیش لەسەر زۆربەی جۆرەکانی رۆژنامەوانی دەکات، بەڵام لەرۆژنامەوانی تایبەتمەند پەیامنێری تایبەت بەبوارێک دادەنرێت و تەنیا لەو بوارەدا کاردەکات، وەکو ئەو جۆرانەی خوارەوە.

**١- پەیامنێری بواری ئافرەتان**

**٢- پەیامنێری بواری منداڵان**

**٣- پەیامنێری بواری خوێندکارو لاوان**

> **مەبەست لەپەیامنێری دەرەکی ئەو پەیامنێرەیە کە لەدەرەوەی ئەو وڵاتەدا کار دەکات کە بارەگای کەناڵەکەی تێدایە. لێرەشدا پەیامنێر زانیاری بۆ کەناڵەکەی دابین دەکات، هەمیشەیش پەیامنێری دەرەکی لەو وڵاتەی کە کاری تێدا دەکات دەبێتە باڵیۆزی دەزگاکەی، بۆیە پێویستە ئەو کەسە خاوەنی رۆشنبیری و مەعریفەیەکی باش بێت هەروەها زمان و کەلتوری باوی ئەو وڵاتە بەباشی شارەزا بێت کە کاری تێدا دەکات**

هەواڵنامەی کتێب

**٤- پەیامنێر بواری پەروەردەیی و زانست**
**٥- پەیامنێری بواری ئەدەب و رۆشنبیری**
**٦- پەیامنێری بواری تەندروستیی**
**٧- پەیامنێری بواری وەرزشیی**
**٨- پەیامنێری بواری کاروباری سەربازیی**
**٩- پەیامنێری بواری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری**
**١٠- پەیامنێری بواری هونەر**
**١١- پەیامنێری بواری مامۆستایان**
**١٢- پەیامنێری بواری کرێکاران**
**١٣- پەیامنێری بواری ئابووری**

**هـ- پەیامنێری پسپۆرو پیشەیی:**

ئەو پەیامنێرانەن کە لەڕێگەیەکی زانستییەوە و لەرێگەی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەوە پێگەیشتوون و لەبواری پراکتیکیشدا کاری پەیامنێری دەکەن.

لەکاتی پێویستدا هەردوو جۆری پەیامنێری ئارەزوومەندانەو پرۆفیشناڵ پەیوەندی بەیەکەوە دەکەن و کار لەگەڵ یەکتری دەکەن، چونکە لەئەنجامدا رۆژنامە پێویستی بەهەردوو جۆرەکەیانە، بۆیە بۆمان دەردەکەوێت کە رۆژنامەنووسیی ئارەزوومەندانەش دەتوانێت ببێت بەپرۆفیشناڵ و بەپێچەوانەوە ئەکادیمییەکانیش.

**و- پەیامنێری ئازاد یان سەربەخۆ (free):**

ئەو پەیامنێرەیە کە شوناس و شوێنی کارکردنی دیار نییەو بەشێوەیەکی سەربەخۆ کاردەکات، واتە پەیوەندییەکی بەردەوام و تایبەتی لەگەڵ هیچ دەزگاو ئاژانس و کەناڵێکی راگەیاندندا نییە لەرووی کارگێڕی مادییەوە و گرێبەست و مووچەی کارکردنی نییە، بەڵام رۆژانە و بەردەوام بەدوای هەواڵ و زانیاری و بابەتە شاراوەو نادیارەکاندا دەگەڕێت و رووماڵیان دەکات و دەیانکات بەکەرەستەیەکی راگەیاندن ولەسەرخواست و بەرژەوەندی خۆی بەدەزگایەک یان ئاژانس و کەناڵێکی راگەیاندن دەیفرۆشێتەوە.

**پیشەی پەیامنێریی لەرۆژنامەوانی گشتی و تایبەتمەندا جیاوازییەکی زۆری هەیە، لە رۆژنامەوانی گشتیدا پەیامنێر ئیش لەسەر زۆربەی جۆرەکانی رۆژنامەوانی دەکات، بەڵام لەرۆژنامەوانی تایبەتمەند پەیامنێری تایبەت بەبوارێک دادەنرێت و تەنیا لەو بوارەدا کاردەکات**

**سیفاتەکانی پەیامنێری سەرکەوتوو**

**١- گەڕان بەدوای هەواڵدا**

پەیامنێر پێویستە لەبری ئەوەی لەچاوەڕوانی بەدەستهێنانی قەزاو قەدەرانەی هەواڵدا بێت، خۆی بەدوای هەواڵدا بگەڕێت. هەروەها پێویستە رێگاکانی هەواڵ وەرگرتن و کاتە گونجاوەکەی بەباشیی بناسێت، بۆ نموونە

بۆ زانیاری پەیداکردن دەربارەی ئاگرکەوتنەوە، پەیامنێر پێویستە ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ئاگر کوژاندنەوە هەبێت تاوەکو بەڕاست و دروستیی و بەخێرایی ڕوودانی ڕووداوەکەی پێ ڕابگەیەنن.

پەیامنێر کونجکۆڵەو بەردەوام بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت تا لەبارەی بابەت و هەواڵەکانی ڕۆژەوە وەڵامێک بۆ کونجکۆڵییەکانی خۆی بدۆزێتەوە. ئەو لەڕێگەی وتوێژ لەگەڵ کەسانی کارناس و شارەزا، دۆستان و هاوکاری چاپەمەنی و دەستڕاگەیشتنی بەهەواڵەتایبەتەکان، کەمو کوڕی زانیارییەکانی خۆی قەرەبوو دەکاتەوە.

ئەگەر بابەتێکی بەدەستەوە بێت، لەپرۆسەی وەرگرتنی زانیاریدا، لەڕێگەی کونجکۆلی و پێداگری خۆیەوە، تاگەیشتن بەسەرنجام بەدوایدا دەڕوات. پەیامنێر هەوڵی سەرچاوە دەرەکییەکانی زانیاری و نووسەرانی دەرەوەی دەستەی کارگەران دەدات.

**٢- پسپۆڕی:**

لەم بوارەدا هەر پەیامنێرێک بەرەچاوکردنی پسپۆڕێتی خۆی لەیەک یاخود لەچەند بوارێکدا بەدوای بەدەستهێنانی هەواڵ و زانیاریدا دەگەڕێت، بەم شێوەیە هەندێک لەپەیامنێران بەشێوەیەکی جێگیر لەبازنەی هەواڵەکانی خۆیدا وەک **(دامەزراوە دەوڵەتیەکان و ئەنجومەن و وەزارەتەکان)** سەرگەرمی کارکردن دەبن، بۆ نموونە پەیامنێری بواری ئابووری لەوەزارەتی ئابووری، بۆرسە، بانکەکان، هۆڵی بازرگانی و هاوشێوەکانیدا سەرگەرمی چالاکیین. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی پەیامنێران بۆ بەدەستهێنانی هەواڵ بەر لەهەرشتێک پێویستە لەگەڵ خەڵکدا لەپەیوەندی دابن.

**٣- پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا:**

ئەگەر دەتانەوێت کاری پەیامنێرێک هەڵبسەنگێنن و توانای کاری مەیدانی ئەو بزانن چاو لەدەفتەری تەلەفۆن و ژمارەی ئەو ناو و ژمارانە بکەن کە لەدەفتەرەکەیدا هەیە.

واتە پەیامنێر دەبێت لەپەیوەندییەکی بەردەوامدا بێت لەگەڵ ناوەندە ڕەسمییەکانی دەوڵەت و کار ناسان و بەرپرسان و ناوەندەکانی هەواڵدا بەردەوام لەپەیوەندیدا بێت.

بەشێوەیەکی گشتی پەیامنێران پێویستە لەڕێگەی چوونە ناو دەستەو گروپ و کۆمەڵەوە، ئاگادار ببنەوە لەخواستەکان و پێداویستیەکانی خەڵک.

کاری پەیامنێر هاوشێوەی کاری ئەو کەسەیە کەلەبەشی

**پەیامنێر دەبێت لە پەیوەندییەکی بەردەوامدا بێت لەگەڵ ناوەندە ڕەسمییەکانی دەوڵەت و کار ناسان و بەرپرسان و ناوەندەکانی هەواڵدا**

پەیوەندی گشتیی دا کاردەکات و دەتوانێت بەئاسانی لەگەڵ ناوەندەکانی هەواڵ، کارناسان و بەرپرساندا پەیوەندی دابمەزرێنێت. هەر کات، بابەتێکی بەدەست گەیشت، هەرچەند پسپۆریش بێت، دەستبەجێ دەتوانێت پەیوەندی بکات بەدەیان سەرچاوەی هەواڵی و پسپۆرییەوەو زانیاری وەربگرێت.

**٤ - پاراستنی سەرچاوەی هەواڵ و دروستکردنی دڵنیایی:**

نهێنی پارێزی لەو تایبەتمەندییانەیە کە یارمەتی ریپۆرتەر دەدات تا سەرچاوەکانی هەواڵ باوەڕی پێ بکەن و هەر ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەردەوام دەستی بەکۆمەڵێک زانیاری بگات کە زۆرجار هاوکارەکانی دیکە لێی بێبەشن، هەروەها ڕیپۆرتەر لەکاتی قەیراندا سەرچاوەی زانیارییەکانی خۆی ئاشکرا ناکات.

دڵنیاکردنەوەی کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو کەسانەی کە بەهۆی کارو پلەو پایەکانیانەوە دەبنە سەرچاوەی هەواڵ، تەنیا لەبەر پەیوەندییەکی **(کەسی)** فەردی و دۆستانە نییە، بەڵکو بۆ ئەوەشە کە پەیامنێرەکان بتوانن لەرێگەیانەوە بچنە ناو هەموو سەرچاوەکانی هەواڵ وزانیارییەوەو لەکاتە هەستیارەکاندا زانیارییان لێوەربگرن، لەبەر ئەوەی پاراستنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لەوانەیە بتوانن هەواڵێک بخەنە بەردەست پەیامنێر، گرنگ و پێویستە.

بەندی شەشەم لە بنەماکانی کۆمەڵەی سەرنووسەرانی رۆژنامەکانی ئەمریکا داوا لەرۆژنامەوانان دەکات کە رێز لەپەیامەکانیان بگرن سەبارەت بەسەرچاوەی هەواڵەکانیان، لەرووی پارێزگاریکردن لەنهێنی ئەو سەرچاوانە، دەبێت ئەو پەیمانە تەنیا لەو کاتانەدا بخەنە پێش هەموو شتێکەوە کە پێویستییەکی روون و ئاشکراو چاک هەبێت بۆ ئەو شتە، ئەوەش بارێکی گران دەخاتە سەر شانی رۆژنامەوان کە ناکرێت فەرامۆش بکرێت.دەبێت پەیامنێر رێگەی خۆی لەتۆڕی گەورەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بدۆزێتەوەو بچێتە ناو سەرچاوەکانی هەواڵ و زانیارییەکانەوە، هەروەها بۆ ئەوی پەیامنێر سەرکەوتوو بێت لەپەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرچاوەکانی هەواڵدا دەبێت چەند سیفەتێکی گرنگی تێدابێت، لەم بارەیەشەوە گرنگترین سیفەتەکانی پەیامنێر دەبێت سەنگین بێت، نیازپاکی و لێکتێگەیشتنی هەبێت، بەڵام لەسەرووی هەموویەوە پاراستنی نهێنی و دڵنیاکردنەوە گرنگە.

> **پێویستە پەیامنێر لەکاتی ئامادەکردنی هەواڵ و بابەتە رۆژنامەوانییەکاندا تێبینییە تایبەتییەکان و بۆچوونەوەی حەزو ئارەزووەکانی وەلابنێت و هەواڵەکە بەشێوەیەکی بابەتیانە ئامادە بکات**

**٥- خێرایی لەکاردا:**

لەرووی گرنگییەوە، کات لە هۆیەکانی راگەیاندندا بەپلەی یەکەم دێت و نووسەران و ئامادەکارانی هەواڵ دەبێت هەمیشە هۆکارو هەل و مەرجەکانی کارەکەیان لەگەڵ ئەو کاتەی کەلەبەر دەستیاندایە بگرنە بەرچاو، ئەو هەواڵانەی کە پەیامنێرێکی وردبین و زیرەک ئامادەی دەکات، بەڵام درەنگ دەینێرێت بۆ بڵاوکردنەوە لەمیدیاکاندا، بەهاکەی کەمترە لەهەمان هەواڵ کە پەیامنێرێکی تر بەشێوەیەکی ناتەواو ئامادەی دەکات، بەلام لەکاتی خۆیدا بڵاویدەکاتەوە، بۆ خێرابوون لەکاردا پێویستە پەیامنێران شەو و رۆژ ئامادەی کاربن و گوێ بەکات نەدەن بۆ جێبەجێکردنی کارەکانیان و بیست وچوار کاتژمێر ئامادەی کاربن، بۆیە پێویستە پەیامنێرەکان تەندروستییەکی باشیان هەبێت.

**٦- لێکۆڵینەوە بەڵگەنامەکان:**

پەیامنێر بۆ ئاشکراکردنی رووداوە کۆمەلایەتییەکان هەمیشە پێویستیی بەزانیاری تەواوکەر هەیە، ئەم زانیارییانەش لەرێگەی سوود وەرگرتن لەبەڵگەنامەو ئەرشیفەوە دەبێت، وەرگرتنی ئامارێکی نوێی ئابوری لەبەرپرسێکی دیاری دەوڵەت بێگومان بۆ پەیامنێرێک بەهایەکی زۆری هەیە، بەڵام ئەگەر ئەو ئامارە لەگەڵ ئامارە کۆنەکەدا بەراورد نەکرێت و وەرگران لەگۆڕانکارییەکانی باری دارایی وڵات ئاگادار نەکرێنەوە، گرنگی ئەم هەوالەدەرناکەوێت، هەروەها پەیامنێر دەتوانێت سوود لەکتێبخانەو ئەرشیفە نەتەوەییەکان و بڵاوکراوەی کۆمەڵەو ئەنجومەنە زانستییە کۆمەلایەتییەکان وەربگرێت و زانیاری خۆی پێ دەوڵەمەند بکات.

**٧- بەهێزکردنی زانیاری:**

بۆ کاملکردنی زانیارییە گشتییەکان، پەیامنێر نابێت بەهیچ سنوورێک رازی بێت، پەیامنێر پێویستە لەکامڵکردنی زانیارییەکانی خۆیدا بەئەندازەیەک پێش بکەوێت کە خۆی بکاتە ئەنسکلۆپیدیایەکی هەمیشەیی و بزواو. هەروەها پەیامنێر دەتوانێت بەیارمەتی زانیاری و زانستە تایبەتییەکانی، سەرجەم لایەن و چوارچێوەکانی مەسەلەیەک هەڵدەسەنگێنێت و هەموو جۆرە ئاڵۆزییەک لەناوببات کەلەو هەواڵەدا دەیبینێت.

کەواتە دەتوانرێت بوترێت کە کۆکردنەوەی یەک لەدوای یەکی زانیارییەکان و تەواوکردنی زانیارییە گشتییەکان لەئەرکە زۆر گرنگەکانی پەیامنێرەو بگرە تەنیا رێگەیە بۆ کاری گەڕان بەدوای هەواڵدا، هەر پەیامنێرێک بەو شێوازە

> پەیامنێر لەو شوێنەی کەلەگەڵ سەرجەم کۆمەڵدا لەپەیوەندیی دایە پێویستە ئاشنابێت بەو نەریتە پێکەوە ژیانەی جێی پەسەندی کۆمەڵگە یاخود زۆربەی کەسەکانە

هەواڵنامەی کتێب

کار بکات، هیچ کاتێک بەهەلەدا ناچێت، چونکە ناتوانێت لەرێگەی شارەزاییەکانی خۆیەوە لەهەموو لایەنێکی بابەتەکە بەئاگا بێت و هەر جۆرە نهێنییەک لەهەواڵەکەدا ببینێت ئاشکرای بکات و هەواڵێکی راست بخاتە بەر دەستی خەڵک.

**٨- بێ لایەنی:**

پێویستە پەیامنێر لەکاتی ئامادەکردنی هەواڵ و بابەتە رۆژنامەوانییەکاندا تێبینیە تایبەتییەکان و بوژانەوەی حەزو ئارەزووەکانی وەلابنێت و هەواڵەکە بەشێوەیەکی بابەتیانە ئامادە بکات، خۆی لەدادوەریکردن دەربارەی بابەتەکە یان رووداوەکە بەدوور بگرێت و بسلەمێتەوە لەچوونە ناو ژیانی تایبەتیانەی خەڵک.

پاراستنی بێ لایەنی یەکێکە لەسیفەتە بنچینەییەکانی پەیامنێر، هەرچەندە دەربڕینی رای تایبەتی پەیامنێر لەهەندێک جێگادا گرنگە و خەڵک حەزی لێدەکات، بەلام دەبێت بزانێت کە هەواڵ جیاوازە لەنووسینی بابەت یان شیکردنەوەی بابەتێک، چونکە هەواڵ تەنیا پێویستیی بەگێڕانەوەی چۆنێتی روودانی هەواڵەکە هەیە.

بۆئەوەی پەیامنێر بتوانێت بێلایەنی بەدەست بهێنێت، دەبێت خاوەنی نەفسێکی بەرز بێت، ئەو لەوەرگرتنی هەر جۆرە پێشەکییەک کە رەنگ و بۆی بەرتیلی پێوە دیار بێت خۆی بەدوور دەگرێت.

ریپۆرتەر دادوەرێکی بێلایەنە، بێ لایەن بەم مانایە کە ئەگەر لەراپۆرتەکەیدا راستییەک بخاتە روو، بەلام لایەنگیری هیچ کەس و رەوتێک ناکات، بەچاوێکی کراوەوە کاری لێکۆڵینەوە دەکات و لەکاتی بڕیارداندا، تەنیا بیر لەراستی دەکاتەوە.

**٩- رەفتاری کۆمەلایەتی :**

پەیامنێر لەو شوێنەی کەلەگەڵ سەرجەم کۆمەڵدا لەپەیوەندیی دایە پێویستە ئاشنابێت بەو نەریتە پێکەوە ژیانەی جێی پەسەندی کۆمەڵگە یاخود زۆربەی کەسەکانە.

کۆمەڵێ بنەما هەیە کە بەلای هەموو یان زۆربەی کۆمەڵگەوە پەسەندە، پێویستە پەیامنێر ئاگاداری ئەو بنەمایانە بێت: **(رێزگرتن لەو کەسەی کەلەبەرامبەریدایەو شێوازی جلوبەرگ و رووخسار، رێزگرتن لەکار، گوێگرتن لەقسەی خەڵکانی تر، چۆنێتی هەڵسوکەوت و رێکردن، قسەی خۆش، خۆپاراستن لەبەکارهێنانی وشەی نابەجێ و بازاڕی، .... هتد)**، ئەمانە هەموو دەتوانن بەشداربن

> **زۆر جار وا پێویست دەکات پەیامنێر وەک بەرهەمهێنەری مەیدانی کار بکات و سەرپەرشتی ماوەو کات و گواستنەوە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بکات و جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە دەستەکە لە ئاستێکی باشدا کار دەکەن**

لەسەرکەوتن یان شکست هێنانی پەیامنێردا.

**١٠- رەخنە وەرگرتن:**

ئەو کەسانەی کە بریار دەدەن کاری ریپۆرتەری بکەن، ئەوا دەبێت رەخنە وەربگرن، چونکە رۆژانەو بەردەوام لەکارەکەیدا رووبەری رەخنە دەبنەوە.

ریپۆرتەر ئەگەر بەر لەبلاوبوونەوە یان دوای بلاو بوونەوەی راپۆرت و هەواڵ و زانیارییە ئامادەکراوەکانی، رووبەڕووی رەخنەی هاوکارانی بووەوە، نارەنجێت و هەواڵ دەدات رەخنەی دۆستانی بکاتە پالپشتێک بۆ بەرچاورروونی داهاتووی کارو پیشەکەی.

ئەگەر پەیامنێر رەخنەی بەرانبەرو سەرچاوەکانی هەواڵ و هاوکارو هاوپیشەکانی وەرنەگرێت ئەوا ناتوانێت لەکارەکەی خۆیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

**پەیامنێری تەلەفزیۆنی**

لەمەوبەر بەدرێژی و بەشێوەیەکی گشتی باس لەپەیامنێر کراوە، بەلام پەیامنێری تەلەفزیۆن ئەرکی لەپەیامنێرەکانی رادیۆ و رۆژنامە و سایت و کەناڵەکانی تری راگەیاندن قورسترە، چونکە پەیامنێری تەلەفزیۆنی جگە لەو ئەرک و ورياييەی کە هەموو پەیامنێریک هەیەتی، چەند کارێکی تری بۆ زیاد دەبێت، لەبەرئەوەی ئەو کارێک دەکات کە دەبێت بەدەنگ و رەنگ پەیامەکانی بنیرێت بۆ ئەو کەناڵەی کاری بۆ دەکات، بەمەبەستی پەخش کردن، کەواتە بۆ گواستنەوەی هەواڵ و راپۆرتە هەواڵ و هەر بابەتێکی تری تەلەفزیۆن پێویستە دەستەیەک ئەو کارە بکەن کە پەیامنێر وەکو دەرهێنەر کاری تێدا دەکات یان جگە لەپەیامنێر کەسێکی تر کاری دەرهێنان دەکات، زۆر جار وا پێویست دەکات پەیامنێر وەک بەرهەمهێنەری مەیدانی کار بکات و سەرپەرشتی ماوەو کات و گواستنەوە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بکات و جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە دەستەکە لە ئاستێکی باشدا کار دەکەن و ئایا لەکاتی دیاریکراودا کارەکەیان تەواو دەکەن یان نا؟

> **زۆر جار وا پێویست دەکات پەیامنێر وەک بەرهەمهێنەری مەیدانی کار بکات و سەرپەرشتی ماوەو کات و گواستنەوە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بکات و جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە دەستەکە لە ئاستێکی باشدا کار دەکەن**

**دەستەی ئامادەکردن و گواستنەوە(Coverage Team)**

دەستەی ئامادەکردن و گواستنەوە لەزۆربەی کەناڵەکانی تەلەفزیۆنیدا لەدوو کەس تێپەڕ ناکات **(پەیامنێر و وێنەگر)** کە چەند ئامێرێک و کەلوپەلێکی کەمیشیان پێیە، بەلام لەهەندێک کەناڵدا بەتایبەتی ئەوانەی (cable Tv)ن تەنیا یەک کەس دیاری دەکەن بۆ ئەنجامدانی هەردوو ئەرکەکە لەو کاتانەی کە دەستە لەدوو کەس پێک دێت گرنگە بزانن

هەواڵنامەی دێنێ

کە هەریەکەیان وەک رۆژنامەوان ئەرکێکی جیاوازو تایبەتی ئەنجام دەدەن، بەڵام لەبەر ئەوەی لەدواجاردا پەیامنێر بەرپرسە لەوردی و راستی و ئەو زانیاریانەی لەهەواڵێک یان راپۆرتێکدا پیشان دەدرێت، بۆیە دەبێت پەیامنێر لێپرسراوی دەستە بێت.

**– پەیوەندی و هاوکاری نێوان پەیامنێرو وێنەگر**

بەپێی ئەزمون و کارکردن لەکەناڵەتە

| پەیامنێر | وێنەگر |
|---|---|
| ١- خۆئامادەکردن و گواستنەوە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر | ١- خۆئامادەکردن و گواستنەوە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر. |
| ٢- کۆکردنەوەی زانیاری | ٢- وێنەگرتنی دیمەنەکان لەشوێنی کاردا. |
| ٣- دەرهێنەری مەیدانی خوێندنەوەی دەق و دوا وتەی راپۆرتەکە | ٣- وێنەگرتنی چاوپێکەوتنەکان. |
| ٤- گەڕانەوە بۆ بارەگای تەلەفزیۆن. | ٤- گەڕانەوە بۆ بارەگای تەلەفزیۆن. |
| ٥- راوێژ لەگەڵ دەرهێنەری هەواڵ. | ٥- ئامادەکردنی کاسێت بۆ بینینەوە. |
| ٦- سەیرکردنی دیمەنەکان و دیاریکردنی کاتی نووسینەوەی دەق و تۆمارکردنی راپۆرت. | ٦- نمایش کردنی کاسێت و پیشاندانی دیمەنەکان لەدوا یەکەکان. |
| ٧- بردنی کاسێت و دەق بۆ ئەو مۆنتێرەی مۆنتاژەکان، | ٧- مۆنتاژ |
| ٨- سەیرکردنەوەی راپۆرتەکە دوای تەواو بوونی لەکاری مۆنتاژ. | ٨- تەواوکردنی مۆنتاژ و ئاشکراکردنی ماوەی راپۆرتەکە. |
| ٩- چاودێریکردنی راپۆرتەکە لەکاتی پەخشدا. | ٩- چاودێریکردنی راپۆرتەکە لەکاتی پەخشدا |

لەفزیۆنییەکاندا دەردەکەوێت کە ئەگەر تەبایی و هاوکاری لەنێوان پەیامنێرو وێنەگردا هەبێت ئەوا لەزۆربەی کارەکاندا سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست دەهێنرێت، بۆیە پێویستە بەردەوام ڕێز لەیەکتری بگرن و بەشێوازێکی جوان گفتوگۆ بکەن و بیروڕا ئاڵوگۆڕ بکەن، خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە کە دەبێت پەیامنێر ڕەچاوی بکات ئەویش دوورکەوتنەوەیە لەفەرمان کردن بەشێوازێکی ناشیرین بەسەر وێنەگراندا، دەبێت پەیامنێرو وێنەگردا لەیەکتری تێبگەن و هەریەکەیان بزانن کە ئەوی تریان دەیەوێت چ ئەنجامێک بگاتە **(وێنەگر- پەیامنێر)** لەکاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکدا دەبێت زانیاریان لەسەر ئەم سێ خالەهەبێت.

١- بابەتی سەرەکی ڕاپۆرتەکە

٢- ماوەی پێشبینکراو بۆ بەرهەم هێنانی ڕاپۆرتەکە

٣- دوا کات (Dea line)ی دیاریکراو بۆ تەواوکردنی ڕاپۆرتەکە لەلایەن کەناڵەکەوە.

- ئەم هێڵکارییەی خوارەوە ئەرکی تەریبی پەیامنێرو وێنەگر دەردەخات لەبەرهەم هێنانی ڕاپۆرتە هەواڵدا.

**پەخشی ڕاستەوخۆ**

لەگەڵ دۆزینەوەی داهێنانی مایکرۆوەیڤ(microwave) داو گواستنەوەی دەنگ و ڕەنگ (audio& video) ڕاستەوخۆ و بەشێوەیەکی زیندوو لەرێگەی سەتەلایتەوە(satellite)وە کەناڵەکان توانیان پەخشی ڕاستەوخۆ لەناوچە دوورەکانەوە**(ناوچەی ڕووداو)** ەوە بکەن.

پەخشی ڕاستەوخۆ نوێترین ڕێگایە کە ئێستا لەسەرجەم جیهاندا پەیڕەو دەکرێت، چونکە بینەر ئاگادارەکاتەوە لەدوایین گۆرانکارییەکان و دەتوانێت بەردەوام ئاگای لەو ڕووداوانە بێت کە ئێستا ڕوودەدات.

**گرتەو گۆشەکانی وێنەگرتن**

**جۆرەکانی گرتە:**

باشترین جیاکردنەوە بۆ جۆرەکانی گرتە سینەماکارەکان جەستەی مرۆڤ دەکەن بەپێوەر بۆ دابەشکردنی جۆری گرتەکانە لەمانەی خوارەوە پێک هاتووە:

– گرتەی دوور extreme long shot :

ئەو گرتەیەیە کە پێکدێت لەژمارەیەکی زۆر لەزانیاری کە دەتوانین بیگەیەنین بەبینەر واتا خستنەڕووی دیمەنی سروشتی یان هەر شوێنێک بێت لەمەودایەکی دوورەوە کە مررڤ لەشێوەیەکی بچووک لەناو کادردا دەردەکەوێت، دەتوانین کە بزانین ئەو شێوەیە مرۆڤە، بەڵام زۆر زەحمەتە جیای بکەینەوە کە ئەوە نێرە یان مێیە، لێرەدا پێشاندان زانینی دیمەنەکە گرنگترە لەناساندنی دیمەنەکانی ناو کادرەکە چونکە مەبەست ئەوەیە کە ئێمە بزانین لەکوێیە نەک کێیە ئەوەش ئامرازێکە بۆ چوونە ناو کۆمەڵێک لەزانیاری بەبێ شیکاری وردەکارییەکان هەروەها ئەم گرتەیە بەگرتەی پانتایی دەناسرێت (the wide shot) یان لەگۆشەی پانتاییەوە (the angl wide) وە هەروەها بەگرتەی جوگرافیا یان شوێن دەناسرێت.

**-گرتەی زۆر گشتی: very long shot**

هەندێک جار وەکو گرتەی دامەزرێنەر بەکاردێت،لەدەست پێکی هەر دیمەنێک، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو شوێنەی کە وێنەی دەگیرێت دانانی هەر ئەکتەرێک لەناویدا بەم قەبارەیە وا دەکات ئێمە جلوبەرگ و ڕەگەزی کەسەکان دەناسین واتا لەچوارچێوەیەکی فراوان بەکاردێت بۆ جیاکردنەوەی شێوەی (جسم) بەگشتی بەبێ ڕووخساری کەسایەتی.

**-گرتەی گشتی long shot :**

ئەمەش پێکدێت لەوێنەی کەسێک بەتەواوی ئەو هەیکەلەی هەیەتی لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر بانگکراوندا شوێنی دەوروبەر، لەبەر ئەوەی لاشەکە گەورەیە لەگەڵ کردارو جوڵاندنەوەیەوە ئەوەش وا ئەکات کە جێگای سەرنج راکێشی بینەر بێت و هەروەها دەتوانین جوڵەی سەر بەڕوونی ببینین بەشێوەیەک کە ئێمە دەتوانین چاویش دیاری بکەین.

**-گرتەی گشتی ناوەند medium long shot :**

ئەو گرتەیەیە کە وێنەی کەسێک دەگرێت لەئەژنۆی تا سەری هەندێک جار بەگرتەی ئەمریکی ناو دەبرێت ئەمەش ئەو گرتەیەیە کە سنووری کادر جەستەی کەسەکە دەبڕێت.

**- گرتەی ناوەند medium shot :**

ئەم گرتەیە وێنەی کەسێک دەگرێت لەناوەندی کەسەکەوە تا سەری سەرەوەی، لەم گرتەیەدا دەتوانین تەمەن و رەنگی قژی کەسەکە دیاری بکەین.

**-گرتەی ناوەندی نزیک medium close shot :**

ئەو گرتەییە کە لەسنگی کەسەکەوە تا سەرەوەی سەری دەگرێتەوە، لەم گرتەیەدا رووخساری دەم و چاوەکان بەروونی دەردەکەوێت و هەروەها ئێمە دەتوانین کە جۆری رەنگی پێستی کەسەکە جیابکەینەوە.

**گرتەی نزیک close up :**

ئەم گرتەیە لەشانی کەسەکەوە تاکو سەری دەگرێتەوەو زیاتر دەم و چاوی کەسەکە دەبینرێت لەگەڵ کەمێک لەشانی کەسەکە دەکەوێتە ناو کادرەوەو بەشێوەیەکی زۆر روون رووخساری دەموچاوی کەسەکە دەرئەکەوێت.

**-گرتەی زۆر نزیک very cloes up :**

ئەو گرتەیەیە کە وێنەی بەشێکی زۆر نزیک لەدەموچاوی کەسەکە دەگرێت، لەم گرتەیەدا سنووری سەرەوەی برۆکانی کەسەکە دەبڕێت و لەبەشی خوارەوەی دەم و چاوەکەش چەناگەی کەسەکە دەبڕێت، لەمەشدا دەتوانین پێستی مرۆڤ زۆر بەجوانی ببینین، هەروەها لەگەڵ رەنگی چاوەکان و برۆکان زۆر بەروونی دەبینرێن لەم گرتەیەدا دەبێت زۆر ئاگاداری جوڵەی دەم و چاوی کەسەکە بین چونکە هەر جوڵەیەک دەبێت هۆی لەکادر دەرچوونی کەسەکە، ئەم گرتەیەش زیاتر بۆ پیشاندانی هەست و سۆز دەگرێتەوە، وەک پیشاندانی هەستی خۆشەویستی و توندو تیژی.

**- گرتەی زۆر زۆر نزیک extreme close up :**

ئەوەیە کە وێنەی بەشێکی زۆر زۆر بچووک دەگرێت لەدەموچاوی کەسووکە وەک گرتنی لووت یان چاوێک، لەکاتی بینینی چاوەکە رەنگەکەی زۆر زۆر بەروونی دەردەکەوێت، بەڵام کێشەکانی ئەم گرتەیە ئەوەیە کە ئەگەر بەشێوەیەکی دروست و لەلایەن وێنەگرێکی بەتواناوە نەگیرێت و لەمەبەستی وێنەگرتنەکە تێک دەچێت و وێنەکە بەشێواوی نادروستی دەردەکەوێت

گۆشەکانی کامێرا لەپێنج گۆشە پێکهاتووە کە بریتین لە:

**- گۆشەی ئاسایی (norml)** لەم جۆرە گۆشەیەدا کامێرا لەئاستی ئاسایی ئەو بابەتەی کە وێنەی دەگرێت وەستاو دەبێت واتە نە لە گۆشەی خوارەووە بەرەو سەرەوە وێنە دەگیرێت و نە بەپێچەوانەشەوەو نە لەملاولاشەوە.

لەم گۆشەیەوە تەواوی ئەو فیگەرەی کە وێنەی دەگرین دەکەوێتە ناو کادیرەوەو لەئاستی چاوی وێنەگری پیشان دەدرێ.

**- گۆشەی لەسەرێڕا (plong) – الغاطسة :** ئەم جۆرە گۆشەیە کامێرا لەسەرو ئاستی ئەو بابەتەوە وێنە دەگرێت کە هەیە، دیارە هەر کام لەم گۆشانە ماناو مەبەستی

دیاریکراوی هەیە، ئەم گۆشەیەش بۆ پیشاندان ئەو بابەتەیە بەگەورەیی کە وێنەی دەگیرێت بۆ نموونە پیشاندانی وێنەی پێشمەرگە بەگەورەیی.

– گۆشەی سێیەمی پێچەوانەی گۆشەی دووەمە و کە پێی دەوترێت (contre plong) ئەم جۆرەیان کامێرا لەژێر ئاستی ئەو بابەتەیە کە وێنەی دەگیرێت.

**– گۆشەی ڕووبەڕوو (پۆرترێت)**

**– گۆشەی لەلاوە (پرۆفایل)**

**سەرچاوە:**

– ئانا زایەر، زاراوەکانی بواری میدیا، بەغدا،هەولێر،٢٠٠٧.
– بەدران ئەحمەد حەبیب، فەرهەنگی زاراوەگەلی ڕاگەیاندن، هەولێر، ٢٠٠٦.
– د. فاروق عەلی عومەر، کلیلی دەسەلاتی چوارەم، و: هیوا ساڵح ئەحمەد، سلێمانی، ٢٠٠٥.
= د. عبدالجواد سعید ربیح، فن الخبر الصحفی.
– htt: //en:wikipedia.org/wiki/reporter
– کاروان عەلی، هونەری ڕۆژنامەنووسی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.
– فریبا سەیاد_ د. عەلی ئەکبەر فەرهەنگی، نەریتی ڕۆژنامەوانی،و: کارزان محەمەد، سلێمانی، ٢٠٠٦.
– مالکۆم. مالێتی، هاورێی ڕۆژنامەنووسان، و: ئازاد حەسەن فەتاح چاپی یەکەم، ساڵی، سلێمانی، ٢٠٠٣.
– بنەماکانی هەواڵنووسین، ل٢٣.
= تاتیان ریکۆڤا،نیوتایمز، و: محەمەد مستەفا قەرەداغی، ٢٠٠٦ .
– د. محەمەد ئەلدروبی، ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەنووسی هاوچەرخ، و: سۆزان جەمال_ لوقمان غەفور، سلێمانی٢٠٠٦.
– مەریوان مەسعود، پرۆفیشناڵی لەڕۆژنامەنووسی کوردیدا، ٢٠٠٦.
= د. یونس شوکرخوا، هەواڵنووسیی مۆدێرن، و: ڕەحیم سورخی، هەولێر، ٢٠٠٧.
– ئیبراهیم سەعید، الوظیفة الاخباریة للقنوات الفضائیة لأقلیم کوردستان، نامەی ماستەری بڵاونەکراوەیە پێشکەش بەبەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی کراوە، ٢٠٠٧.
– ئەحمەد تەوەکولی، چۆنییەتی ڕاپۆرتنووسین لەراگەیاندندا، و: جوامێر مارابی،چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان. سلێمانی٢٠٠٧.
– کازمی موعتەمەد نەژاد، ڕۆژنامەگەری، و: مەجید ساڵح.
– بوڵ ستاینلی، ڕێبەری کامێرامان و پەیامنێری تەلەفزیۆنی بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتە هەواڵ، و. لەعەرەبییەوە: محەمەد عەبدولکەریم ٢٠٠٧ .
– د. نسمە اجمد – جیهان یوسری، الکتابة للاذاعة والتلفزیون، برنامج بکالوریوس الاعلام لجامعة القاهیرة، ٢٠٠٠.
– محمد فەریق حەسەن، دەسەلاتی چوارەم و زمانی تەلەفزیۆن، ٢٠٠٧.

*** بەکالۆریۆس لەراگەیاندن**

هەواڵنامەی کتێب

# پێکهاتە زمانییەکانی پرۆگرامەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆن

د. ئازاد رەمەزان عەلی(*)
پ.ی.د. یوسف شەریف سەعید(*)

پێشەکی ئەگەر زمانی راگەیاندن خاوەنی تایبەتییە گشتییەکانی خۆی بێت و بەهۆیانەوە لە جۆرەکانی تری زمان جیا بێتەوە، کەواتە زمانی رادیۆ و راگەیاندن **(زمانی رۆژنامەنووسی، زمانی بڵاوکراوەکانی پێوەندییە گشتییەکان، زمانی بانگەواز...)** جیای دەکاتەوە. تایبەتمەندی ئەم زمانە لە تایبەتمەندی پێکهاتەکانیدا سەرچاوە دەگرێ، کە زمانەکە پێک دەهێنن، بۆ نموونە: **(پێکهاتەی بناغەیی لە زمانی تەلەفزیۆندا (گرتەکان)ن بە هەمووو شێوە و سووچە جیاجیاکانیان، پێکهاتەیی بناغەیی لە زمانی رادیۆشدا بریتییە لە دەنگییەکان ـ وەستانی دەنگی..)** (الشریف + ندا، ٢٠٠٤، ل ٦٩).

ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی تەکنەلۆژیای پێوەندی کردن، کە ئەمڕۆ لەبەرچاوە و راگەیاندنیش یەکێکە لە شێوەکانی ئەم پێوەندی کردنە، وامان لێ دەکات کە بپرسین: ئەو کاریگەرییە چۆنیەتییانە چین کە لە کرداری پێوەندی کردندا بە ڕەگەزە جیاجیاکانیشیەوە **(نێرەر، هۆکار، پەیام، وەرگر)** بۆسەر زمانی راگەیاندن و هۆکارەکانی؟ کاریگەری هۆکار بۆسەر ئەم زمانە چییە؟ ئایا زمان و سیما تایبەتمەندییەکانی خۆی لە تایبەتمەندییەکانی هۆکارەوە وەردەگرێ؟ ئایا هۆکار لە ریێگای چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان و ئاستەکانی گوزارشت کردنەوە دێتە ناو کردارەکەوە؟ چۆن دەتوانرێ ئەو بیروبۆچوونەی کە دەویسترێ بگوزارێتەوە بۆ وەرگر تێگەیشتوو بێت و دوور بێت لە ژاوەژاو؟ بەدەنگەوەهاتنی وەرگر لەژێر رۆشنایی زمانی بەکارهاتوودا چۆن دەبێت؟ کاریگەری ئاستەکانی زمانی هۆکارەکانی پێوەندی کردن بۆ سەر جەماوەر چییە؟ چۆن هۆکار دەتوانێ جەماوەری خۆی هەڵبژێرێ؟ هەروەها جەماوەر چۆن ئەو هۆکارە هەڵدەبژێرێ کە لەگەڵیدا گونجاوە؟

هەموو ئەو پرسیارانە و گەلێ پرسیاری تر هانمان دەدەن، کە لێکۆڵینەوە لەو پێشڤەچوونە گەورەیە بکەین، کە بەسەر هۆکارەکانی پێوەندیکردنی ئەم سەردەمەدا هاتووە و وای کردووە کە لەچوارچێوەی چاپەمەنیدا بچێتە چوارچێوەی بیستن و بینین، کە لە رادیۆ و تەلەفزیۆن و سینەما

و... سەرچاوە دەگرێ.

دەربـارەی رادیـۆ و تەلەفزیۆن، کە تـەوەری باسەکەی ئێمەن، ئەوەی پێویستە ئەمرۆ لە نووسەران و ئەدیبان و رۆژنامەنووسان، واتا ئەوانەی دەق **(تێکست)** بۆ ئەم دوو هۆکارە دەنووسـن ئەوەیە، کە دەبـێ شـارەزای هونەری لێکۆڵینەوەی جەماوەر بن و بزانن جەماوەر چی مەبەستە و چی دەوێت، هەروەها شارەزایی هونەری لێکۆڵینەوە لە ئامێرە هاوچەرخەکانی راگەیاندن و پێویستییە هونەرییەکانی ئەم ئامێرانە بن و لەگەڵ پێویستی ملکەچ بوون بۆ لایەنی تەکنەلۆژیا و پیشە و پەیام و ئامانجەکانی.

**(لەو هونەرانەی، کە لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو هۆکارە نوێیانە سەریان هەڵداوە: هونەری دەنگ و کاریگەرە دەنگییەکان و ئاواز و تۆن و چۆنیەتی بەکارهێنانیانە، هەروەها هونەری وێنە و پێکهاتەکەی و واتاکەی و هونەری دیکۆر و رەمز و مەبەستەکانی و هونەری جل و بەرگ و سەردەمەکەی و کاریگەری بەسەر واتا دەروونیەکانییەوە......)** هەموو ئەمانە لە ئەنجامی ئەو پێشکەوتنەی تەکنەلۆژیاوە هاتنە ئاراوە کە ئەمرۆ لەبەرچاوە. **(تیسیر أبو عرجە، ٢٠٠٥، ل ١٢٠).**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا رەگەز و پێکهاتە زمانییەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆن خراونەتە روو، کە بەشێوەیەکی گشتی لە چوار جۆر سەرچاوە دەگرێ بریتین لە: **(وشەی درکێنراو ـ کاریگەرە دەنگییەکان ـ مۆسیقا ـ گرتەکان)**، کە هەندێکیان هاوبەشن لە هەردوو هۆکاردا هەندێکی تریان تایبەتن بە یەکێک لە هۆکارەکان، لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە خراونەتە روو.

**ئەوانەی دەق بۆ رادیۆ و تەلەفزیۆن دەنووسن، پێویستە ئاگاداری ئەوە بن کە هەر هۆکارێکی راگەیاندن زمانێکی تایبەت بەخۆی بەکاردێنێ کە گونجاو بێت لەگەڵ تایبەتمەندی تەکنەلۆژی ئەو هۆکارە و وێڕای ئەو کاریگەرییانەی دەکەونە سەر دەرکردن و نووسین لەچوارچێوەی ئەم هۆکارە**

### رەگەز و پێکهاتە زمانییەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆن

گرنگترین رەگەز و پێکهاتە زمانییەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆن بریتین لە:

* وشەی درکێنراو
* کاریگەرییە دەنگییەکان
* مۆسیقا
* گرتەکان (الشریف + ندا، ٢٠٠٤، ل٦٩)

**یەکەم: وشەی درکێنراو**

وشەی درکێنراو لەو دەقە ئێزگەییانە سەرچاوە دەگرێ، کە بێژەر یان پێشکەشکاری بەرنامەیەک دەیخوێنێتەوە. کاریگەری وشـەی درکێنراو لە بەرنامەیەکی ئێزگەییدا لەسەر دوو بنەمای سەرەکی وەستاوە، کە یەکێکیان دەقەکە و ناوەڕۆکەکەیەتی ئەوی تریان کەسایەتی و توانای بێژەر

یان پێشکەشکارەکەیە.

بەگوێرەی دەقەکە، ئەوانەی دەق بۆ رادیۆ و تەلەفزیۆن دەنووسن، پێویستە ئاگاداری ئەوە بن کە هەر هۆکارێکی راگەیاندن زمانێکی تایبەت بەخۆی بەکاردێنێ کە گونجاو بێت لەگەڵ تایبەتمەندی تەکنەلۆژی ئەو هۆکارە و وێڕای ئەو کاریگەرییانەی دەکەونە سەر دەرکردن و نووسین لەچوارچێوەی ئەم هۆکارە، هەروەها گونجاو بێت بۆ ئەو بابەتانەی کە هۆکارەکە تاوتۆیان دەکات و بۆ شێوازی تاوتۆکردنەکەشی بۆ ئەم بابەتانە و کەسایەتی هۆکارەکە و ئەو جەماوەرەی مەبەستییەتی. (خضور، ٢٠٠٣، ل ٢٢٠)

بەڵام بەگوێرەی بێژەر یان پێشکەشکار، لایەنی کەسایەتی و تواناکەی لە وشەی درکێنراو لەوەدا سەرچاوە دەگرێ، کە هەوڵی گۆڕین و جۆراوجۆرکردنی دەنگی خۆی دەدات بە گوێرەی بڕگە دەنگییە جیاجیاکان و بەپێی شێوە و ناوەڕۆکی ئەو بەرنامەیەی پێشکەشی دەکات. بۆیە شێوازی خوێندنەوە لە رادیۆ و تەلەفزیۆندا زۆر گرنگە و سەرکەوتنی بەرنامەش زۆر جار پشت بە ریتمی ئەو بەرنامەیە دەبەستێت لە توانای بێژەر بۆ جۆراوجۆرکردنی دەنگی. سەرەتا بێژەر بەرنامەکە لە سەرەخۆ پێشکەش دەکات تاکو ماوە گوێگر بڕەخسێنێ لەسەر شێوازی ئاخاوتن و دەنگ و کەسایەتییەکەی رابێت، ئەمجا کاتێک بێژەر دەچێتە ناو ناوەڕۆکی بابەتەکە، پێویستە ریتمی دەنگی بە خێراییەکی رێژەیی دابەش بکات لەگەڵ جۆراوجۆر کردنی دەنگەکەی بەگوێرەی ئەو ناوەڕۆکە جیاجیانەی کە دەیان خوێنێتەوە. (الشریف + ندا، ٢٠٠٤، ل٧٠). بۆ نموونە بۆنەی خۆشی شێواز و دەربڕینی جیایە لەگەڵ بۆنەی ناخۆشی یان ئاسایی، لێرەدا پێویستە بێژەر ئاگاداری ئاواز و تۆن و چینەکانی دەنگی بێت، چونکە لەهەر بۆنەیەک لەم بۆنانەی سەرەوە دەنگ پێویستی بە جۆرە چینێک و ئاوازێکی تایبەت هەیە.

دەبێ بێژەر ئاگاداری وەستانی نێوان رستە و وشەکان بێت، ئاگای لە ئاواز و ستریسی ناو دەقەکە بێت لەکاتی خوێندنەوەدا گرنگییان پێ بدات. دەبێ کەسی بەئاگا لە زمان و کەسی ئەکادیمی دەقەکان بە زیندوویی پێش پەخش کردن لە بەردەمیاندا بخوێندرێتەوە، ئەو کەسەی بۆ رادیۆ و تەلەفزیۆن دەنووسێ دەبێ لایەنی رێنووس فەرامۆش نەکات و سنووری وشەکان بە تەواوی بزانێ.

وێڕای ئەوانەی کە لە پێشتردا ئاماژەیان پێ کرا، هەندێ تایبەتمەندی زمانی و شێواز هەن کە پێویستە لە دەقی رادیۆیی و تەلەفزیۆنیدا هەبن و لەگەڵ لایەنی تەکنیکی هەر

**بێژەر یان پێشکەشکار، لایەنی کەسایەتی و تواناکەی لە وشەی درکێنراو لەوەدا سەرچاوە دەگرێ، کە هەوڵی گۆڕین و جۆراوجۆرکردنی دەنگی خۆی دەدات بە گوێرەی بڕگە دەنگییە جیاجیاکان و بە پێی شێوە و ناوەڕۆکی ئەو بەرنامەیەی پێشکەشی دەکات**

یەکێکیان رێک بکەوێت، لەخوارەوە دەیانخەینە روو:

**أ - رادیۆیی:**

١ - پێویستە دەقی رادیۆیی وشەی ئاسان و سووک و روون و ئاشنا بە گوێی خەڵک لەخۆ بگرێ، تاکو لەکاتی بیستنیان بۆ تێگەیشتن دووچاری ماندووبوون و بێزاری نەبن. (أبوعرجە، ٢٠٠٥، ل١٢٧)، کە ئەمەیان یەکێکە لە تایبەتییە هەر گرنگەکانی زمانی راگەیاندن بەگشتی و هۆکارەکانیش کە بەشێکن لە راگەیاندنی بەتایبەتی، بۆ ئەمرۆش کە جەماوەر ئەو ماوە و کاتەی نییەو زۆربوونی کەناڵەکانی راگەیاندنیش وای کردووە کاتێ کە هەستی بە کەمترین بێزاری کرد هەر زوو لە کەناڵێکەوە بچێتە کەناڵێکی تر جا چ رادیۆ بێت یان تەلەفزیۆن.

٢ - دەقی ئێزگەیی لەسەر بنەمای بەستنەوەی وشە و رەگەزەکانی گوزارشت کردن و بەرجەستەکردنی هونەری تر بە مرۆڤێک کە قسە دەکات و قسەکانیشی دەگەیەنێتە خەڵک دادەمەزرێ، کە ئەمانە توانست و گەرمییەک دەدەنە زمان بۆ ئاوێتە بوون لەگەڵ هەست و هۆش بە شێوەیەکی راستەوخۆ. (خضور، ٢٠٠٣، ل ٢٢٢).

٣ - پێویستە نووسەری رادیۆ لە کاتی نووسیندا بەو جۆرە بیربکاتەوە کە بۆ هاورێیەک قسە دەکات، چونکە ئەمە وا دەکات لە نووسیندا دووچاری گرفت نەبێت بە زمانێکی پاراو و رەوان وشەکان دەربڕێ و بینووسێتەوە.

٤ - سروشتی رادیۆ و پشت بەستنی بەو وشانەی کە بە درکێنراوی یان بیستراوی پێشکەش دەکرێت، وا لە نووسەری رادیۆیی دەکات پەیرەوی شێوازێکی تایبەتی نووسین بکات، کە ئەویش ئاخاوتن یا قسەکردنە نەک ئەو شێوازەی بۆ هۆکارە چاپ کراوەکان بەدەردێت. (شلبی، ١٩٨٧، ل٣٦).

٥ - وا بەباش دەزانرێ، کە ژمارەی وشەکانی رستەیەکی نووسراو بۆ رادیۆ لە توانستی پشی یان هەناسەی بێژەر بەدەر نەبێت و لەهەمان کاتیشدا پێویستە بێژەری رادیۆ شارەزایی لە درکاندنی دەنگەکان و وشەکان و شوێنی وەستان و ....دا هەبێت. (جان جبران، ١٩٨٦، ل١٣٦). لێرەدا ئاستی گۆکردنی دەنگ و وشە رستەکان لەلایەن بێژەرەوە زۆر گرنگە، چونکە مرۆڤەکان لەم رووەوە جیاوازییان هەیە هەندێکیان ئاستییان لاوازە و هەندێک مامناوەندی و هەندێکی تریان باش، بۆیە پێویستە ئاست لاواز و مامناوەندییەکان هەوڵی چاکردنیان بەرەو باش و باشتر بدرێ بەتایبەتی ئەوانەی لەو بووارەدا کار دەکەن لە بێژەر و پێشکەشکار و پەیامنێر و ... هتد.

**دەبێ بێژەر ئاگاداری وەستانی نێوان رستە و وشەکان بێت، ئاگای لە ئاواز و سترێسی ناو دەقەکە بێت لەکاتی خوێندنەوەدا گرنگییان پێ بدات**

**ئەو کەسەی بۆ رادیۆ و تەلەفزیۆن دەنووسێ دەبێ لایەنی رێنووس فەرامۆش نەکات و سنووری وشەکان بە تەواوی بزانێ**

٦ ـ نووسەری رادیۆ دەبێ لە بەکارهێنانی رستەی ئاڵۆز و بکەر نادیار دوور بکەوێتەوە.

**ب ـ تەلەفزیۆن**

١ ـ وشە بە رەگەزێکی گرنگی بابەتی تەلەفزیۆن لەقەڵەم دەدرێت، چونکە زۆر جار وێنە ناتوانێ هەموو شتەکان بە روونی پێشکەش بکات، بۆیە وشە دەبێتە تەواوکەری وێنە. (خضور، ٢٠٠٣، ل٢٢٤).

٢ ـ تایبەتمەندی تەکنەلۆژی تەلەفزیۆن پشت بەستنە بە هەردوو هەستی بینین و بیستن لە دووتوێی پێشکەش کردنی وێنەی جووڵاو و وشەی درکێندراودا.

٣ ـ بینەری تەلەفزیۆن کاتێک پەیامە راگەیەنراوەکان وەردەگرێ کە لە بارێکی ئارام و حەوانەوەدایە لەناو خێزانەکەیدا، ئەمەش وا لە کرداری بینین و بیستن دەکات هەڵبژاردنی تێ بکەوێ.

٤ ـ پێوەری گرنگ بۆ نووسینی تەلەفزیۆنی جێبەجێکردنی گونجاندنە لەنێوان وشە و وێنەدا، ئەمەش وا پێویست دەکات کە نووسەری تەلەفزیۆن زانیارییەکی قووڵی هەبێت دەربارەی سروشتی وێنە و توانای پێوەندی کردنی و کاریگەری لە ئاراستە کردنیدا بۆ هەست و سۆز و هەڵچوونەکانی بینەر. (خضور، ٢٠٠٣، ل٢٢٨).

٥ ـ مەسەلەیەکی گرنگی تر هەیە، کە پێویستە نووسەری تەلەفزیۆن ئاگاداری بێت، ئەویش ئەوەیە کە تەلەفزیۆن پشت بە هەردوو هەست **(بینین و بیستن)** دەبەستێ و ئامرازەکانیشیان **(وێنە و وشە)**یە، بەڵام ناتوانێ بە شێوەیەکی چڕ هەردووکیان بەیەکەوە لەهەمان کاتدا و بەیەک ئاست بەکاربێنێ، واتە کاتێ بینەر گوێ لە شیکردنەوەی گوتەیی دەگرێ ناتوانێ سەرنجێکی تەواوی وێنە بدات و هەموو هۆشی لابێت و هەروەها بە پێچەوانەوەش.

٦ ـ تێگەیشتن لە تایبەتمەندییەکانی وشە و پێکهاتەکانی زمان لە رووی دەنگەوە بۆ یارمەتیدانی پێشکەشکار یان بێژەر لە پێشکەش کردنی هەر بابەتێک چونکە دەنگەکانی زمان بەپێی جۆرەکانیان لە رووی بزوێن و نەبزوێن و یان گڕی و کپی .. هەر یەکێکیان رێژەیەکی تایبەتی هەیە لە روونی و ناڕوونی، بۆ نموونە دەنگە نەبزوێنەکان روونییان کەمترە لە بزوێنەکان لەکاتی بەرگوێ کەوتنا. (شرف، ١٩٩١، ل ٢٤٠ ـ ٢٤١).

سەرەڕای هەموو ئەو خاڵانەی کە بۆ هەردوولا دەستنیشان کران، گەلێک تایبەتی تری هاوبەشییش هەن، پێویستە نووسەر رەچاویان بکات، وەکو: کورتبڕی لە رستە

**پێویستە دەقی رادیۆیی وشەی ئاسان و سووک و روون و ئاشنا بە گوێی خەڵک لەخۆ بگرێ، تاکو لەکاتی بیستنیان بۆ تێگەیشتن دووچاری ماندووبوون و بێزاری نەبن**

**پێویستە نووسەری رادیۆ لە کاتی نووسیندا بەو جۆرە بیربکاتەوە کە بۆ هاوڕێیەک قسە دەکات**

و دەستەواژە و وشەکان و دوورکەوتنەوە لە تەم و مژی واتایی و بەکارهێنانی دەم کاتی رانەبردوو بە تایبەتی لە نووسینی هەواڵدا و وا بە چاکیش دەزانرێ کە فرمانی کارای دیار بەکاربهێنرێ بە پێی پێویست.

**دووەم: کاریگەرییە دەنگییەکان.**

دەنگ وەک دیاردەیەکی زمانی، زمانیش وەک هۆکارێکی زۆر گرنگی پێوەندی کردن، هەر لەسەرەتای خوڵقاندنی مرۆڤەوە گرنگی و بایەخی خۆی هەبووە، لەو گریمانانەی باس لە پەیدابوونی زمان دەکەن، یەکێکیان دەنگە سروشتییەکان بەو سەرچاوەیە لە قەڵەم دەدات، کە مرۆڤ لە رێگایەوە زمانی پڕاوە و فێری ئاخاوتن بووە.

لەسەر ئاستی راگەیاندنیش، دەنگ هەر لە کۆنەوە هۆکارێک بووە مرۆڤ بە شێوازی جۆراوجۆر بۆ ئاگادارکردنەوەی دەوروبەر و راگەیاندنی هەواڵی جودا جودا بۆ کەسانی دەوروبەری خۆی بەکاری هێناوە.

لەو دەربرینە دەنگییانەی کە مرۆڤ ئەنجامیان دەدات دوو جۆر دەربرینی سەرەکین (الوافی، ١٩٧٢، ل٨١ ـ ٨٧):

یەکێکیان دەربرینی سروشتییە. کە لە پێکەنین و گریان و هاوارکردن و قیژە.... سەرچاوە دەگرێ، بێجگە لەو دیاردە دەنگییە خۆڕسکانەی کە لەکاتی خۆشی و ناخۆشی و ئێش و ئازار و ... دەردەکەون.

ئەوی تریان دەربرینی خۆویستە **(ارادی)**، کە ئەو دەنگانەن برگە وشەکانی زمان پێک دەهێنن.

ئەم دیاردەیە هەتا ئەمڕۆش لەگەڵ مرۆڤدایە، راگەیاندنیش وەک زانست و دیاردەیەکی مرۆیی کە هەردوو جۆری زمان **(ئاخاوتن و نووسین)** تیایدا بەکاردێن، لەو هۆکارانەی کە پشت بە لایەنی ئاخاوتن دەبەستن و کەرەستەی سەرەکی ئاخاوتنیش دەنگە، بۆیە بەکارهێنانی ئەم لایەنە بە شێوازێکی زانستییانە، کاریگەری خۆی بەسەر وەرگردا دەبێت.

مەبەست لە کاریگەری دەنگ لە هەردوو هۆکاری راگەیاندن **(رادیۆ و تەلەفزیۆن)** ئەو دیاردەیەیە کە لە رێگای بیستنەوە وەرگر وەریان دەگرێت و کاریگەری بەسەر هەست و دەروونییەوە دەبێت، لەم بارەوە شارەزایان دوو جۆر کاریگەری دەنگییان دەستنیشان کردووە: (شریف+ندا، ٢٠٠٤، ل٧).

**أ ـ کاریگەرییە زیندووەکان یان سروشتییەکان:**

ئەو لایەنەیە کە لە کاتی تۆمارکردنی کارێکی ئێزگەیی **(رادیۆ، تەلەفزیۆن)**، لەناو ستۆدیۆدا تۆمار دەکرێت، بۆ نموونە: وەکو دەنگی هەنگاوەکانی کەسێک کە لەسەر زەویدا

> **کاریگەرییە دەنگییەکان بەرنامە ئێزگەییەکان کاراتر دەکەن و هەندێ لایەنی روونتر دەکەنەوە و لایەنی سۆز و رۆحی گوێگر دەوروژێنن**

دەرِوات یان بەسەر پەیژەدا سەردەکەوێ یان دەرگا دەکاتەوە و دای دەخات یان تۆمارکردنی لە شوێنی رووداوەکەدا، بۆ نموونە: رووداوێکی هاتووچۆ لە رێگادا، لەو کاتەدا دەنگی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن و دەنگە دەنگی خەڵک، هەموو ئەمانە بە کاریگەری زیندوو یان سروشتی لەقەڵەم دەدرێن.

**ب ـ کاریگەرییە دەنگییە تۆمارکراوەکان:**

بریتییە لەو کاریگەرییە دەنگییانەی، کە پێشتر لەسەر کاسێت تۆمار کراون و ئامادەن بۆ بەکارهێنان، وەکو دەنگی شەپۆڵەکانی دەریا و باو و باران و هەورە تریشقە و ... هتد.

ئەم کاریگەرییە دەنگییانە هەندێ جار بەیەکەوە بەکاردێن، واتە هەندێ بەرنامە هەن پێویست بە بەکارهێنانی کاریگەری دەنگی زیندوو و تۆمارکراو هەیەی، هەندێ جاریش یەک جۆریان بەکاردێت بەگوێرەی پێویستی بەرنامەکە.

کاریگەرییە دەنگییەکان بەرنامە ئێزگەییەکان کاراتر دەکەن و هەندێ لایەنی روونتر دەکەنەوە و لایەنی سۆز و رۆحی گوێگر دەورووژێنن. هەموو ئەمانە لە گەلێک بەرنامەی جۆراوجۆردا بەکاردێن، وەکو: دراما و بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیەکی ئێزگەیی و بەرنامەی رۆشنبیری و ....... ئەمەش بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوەیە:

١ ـ ئیماژەکردن (ایحاء ) بۆ شوێن:

دەنگی ئامێر ئامادەژەی ئەوەمان دەداتێ کە لە کارخانەیەک داین و دەنگی ئۆتۆمبیل و ژاوەژاو ئەوە دەردەخەن کە لەسەر شەقامێکی قەرەباڵغ داین.

٢ ـ ئیماژەکردن بۆ کات:

دەنگی چۆلەکە و بولبول کاتی خۆرهەڵاتن دەنوێنێ و دەنگی با و باران کاتی زستان ... هتد.

٣ ـ ئیماژەکردنێکی نمایش کراو:

دەنگی تەنێک یان دەنگی بەیەک کەوتنی لەشی مرۆڤ و زەوی لە کاتی بەربوونەوەیدا لەپاشان دەنگی پێ لەکاتی راکردندا، ئەوەمان پیشان دەدات کە یەکێک تاوانێکی ئەنجام داوە و رادەکات ...... هتد.

٤ ـ ئیماژەکردنی دەروونی:

ترس و دڵەڕاوکێ و چاوەڕوانی .... لایەنی دەروونی لە مرۆڤدا دروست دەکەن، دەنگی چرکەژمێری کاتژمێر هەستی بێزاری و چاوەڕوانی لای مرۆڤ پیشان دەدات و بێدەنگییەکی زۆریش هەندێ جار هەست کردن بە ترس پیشان دەدات.

٥ ـ ئیماژەکردن بە سەرەتا و کۆتایی:

> **بەرنامەی ئێزگەیی بێ مۆسیقا نابێت. مۆسیقا کەشوهەوایەکی تایبەت بۆ بەرنامە دروست دەکات، تاکو ئەو رادەیەی زۆربەی بەرنامەکان بە مۆسیقاکانیانەوە دەناسرێن**

دەنگی تەقەتەقی تەختەی شانۆ ئاماژە بۆ لادانی پەردەی شانۆیە، دەنگە دەنگی جەماوەریش لە کۆتاییدا، هەستی کۆتایی هاتنی شانۆگەرییەکە پیشان دەدات.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین، کە دەبێ کاریگەرییە دەنگییەکان زۆر بەئاگایی بەکاریان بهێنین و زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانیاندا نەکەین، تەنیا لەکاتی پێویستدا نەبێت، بۆ ئەوەی یارمەتی وەرگر بدەین لەسەر راهاتنی دەروونی لەگەڵ بەرنامەکەدا. (شلبی، ١٩٨٧، ل٢٧٥).

**سێیەم: مۆسیقا**

مۆسیقا بەیەکێک لە رەگەزە گرنگەکان لە پێکهاتەکانی بەرنامەیی ئێزگەیی لەقەڵەم دەدرێت، واتە بەرنامەی ئێزگەیی بێ مۆسیقا نابێت. مۆسیقا کەشوهەوایەکی تایبەت بۆ بەرنامە دروست دەکات، تاکو ئەو رادەیەی زۆربەی بەرنامەکان بە مۆسیقاکانیانەوە دەناسرێن. هەروەها مۆسیقا لە بەرنامە ئێزگەییەکاندا وادەکات، کە گوێگر دووچاری بێزاری نەبێت.

لە بەرنامە ئێزگەییەکاندا مۆسیقا بۆ گەلێک مەبەست و بەشێوەی جۆراوجۆر بەکاردێت:

**١ ـ وەک بەرنامەیەکی سەربەخۆ، کە مۆسیقای زیندوو یان تۆمارکراوی تێدا بەکاردێت:**

مەبەست لە مۆسیقای زیندوو ئەو مۆسیقایەیە، کە راستەوخۆ لە ستودیۆدا تۆمار دەکرێت لەلایەن ئۆرکسترا یان تیپی مۆسیقاوە پێشکەوتن دەکرێت.

مۆسیقای تۆمارکراویش بریتییە لەو جۆرەی کە لەسەر کاسێت یان هەر ئامرازێکی تری تۆمارکردن، تۆمار دەکرێت. لەو حاڵەتەدا مۆسیقا ناوەڕۆکی بەرنامەکە پێکدەهێنێ و بە شێوەیەکی بناغەیی پشتی پێ دەبەستێت.

**٢ ـ وەک ئامرازێکی تایبەتی بە بەرنامەیەک:**

زۆربەی بەرنامە ئێزگەییەکان هەندێ پارچە مۆسیقا وەک ئامرازێکی تایبەت بۆ بەرنامە بەکاردەهێنن، جا ئەو بەرنامەیە هەواڵ یان دیالۆگ یان دراما .. هتد بێت. ئەمەش جۆرە ناسینەوەیەک لەلای وەرگر بۆ بەرنامەکان دروست دەکات.

**٣ ـ بۆ مەبەستی بەستنەوەی برگەکانی بەرنامەکە بە یەکترییەوە:**

لەم حاڵەتەدا مۆسیقا لەناو بەرنامەکەدا دەبێت و برگەکانی بەرنامەکە بە یەکترییەوە دەبەستێتەوە و دەبێتە دابرێکیش لەنێوان بەشەکانی بەرنامەیەک.

لەکاتی بەکارهێنانی مۆسیقای بەیەکتربەستنەوە پێویستە

**"زۆربەی بەرنامە ئێزگەییەکان هەندێ پارچە مۆسیقا وەک ئامرازێکی تایبەت بۆ بەرنامە بەکاردەهێنن، جا ئەو بەرنامەیە هەواڵ یان دیالۆگ یان دراما .. هتد بێت"**

نووسـەری دەقـەکە جۆرەکانی مۆسیقاکە دەست نیشان بکات، وا چاکیشە مۆسیقاکە لەگەڵ نـاوەڕۆک و کەشوهەوای دەروونی بەرنامەکەدا بگونجێ، تاکو گوێگر هەست بە لەیەکترترازانی ناوەڕۆکی بەرنامەکە و مۆسیقاکە نەکات.

**٤ ـ بـە مـەبـەسـتـی پـێشـکـەش کـردنـی ئیماژەیەکی دیاریکراو:**

هەندێ جار مۆسیقا بۆ پێشکەشکردنی ئیماژەیەکی دیـاریـکـراو دەربـارەی شوێن یان کات بەکاردێت، ئەم ئیماژە پێکردنەش پەیوەستە بە درێژی و جۆری مۆسیقاکە و بە زۆری لە بەرنامە ئێزگەییەکان و درامادا بەکاردێت.

**٥ ـ بەکارهێنانی مۆسیقا وەک باکگراوندێک (خلفية):**

دەکـرێ لـە بـەرنـامـەدا مـۆسـیـقـا وەک باکگراوندێک بەکاربێت. لەم حاڵەتەدا دوو دەنـگ لـە بـەرنـامـەکـەدا تێکەڵ دەبێت، بۆ نموونە: وەکو وشەی درکێنراو و مۆسیقا بە مەبەستی دروست کردنی کەشوهەوایەکی دیاریکراو لەناو بەرنامەکەدا.

بۆ نموونە: لە بەرنامەی شیعر خوێندنەوەدا دەکرێ مۆسیقاکە بە شێوەیەکی سووک و هێمن وەک باکگراوندێک بۆ دەنگی بێژەر بەکاربێت کە ئەمەش یارمەتی پێکهێنانی کەشوهەوایەکی شاعیرانە بۆ گوێگر دەدات. هەروەها هەندێ جار لە دراما ئێزگەییەکان بەکاردێت وەک باکگراوندێک بۆ دەرخستنی کەشوهەوای دەروونی بۆ کەسایەتییەکانی دراماکە.

**٦ ـ بەکارهێنانی مۆسیقا وەک کاریگەرییەکی دەنگی:**

جاروبار هەندێ جۆر ئامێری مۆسیقا وەک کاریگەرییەکی دەنگی بەکاردێت بۆ ئاماژە پێکردنێکی دیاریکراو، بەتایبەتی لە درامادا، یان مۆسیقا لەگەڵ کاریگەری دەنگی تردا بەکاردێت بۆ دروست کردنی کاریگەرییەکی پێویست لە گوێگردا، بەتایبەتی لە زنجیرە تەمسیلییە ئێزگەییەکاندا.

**٧ ـ وەک مۆسیقایەکی دەستپێک:**

لەم شێوەیەدا مۆسیقا کاتێک بەکاردێت کە ناوەڕۆکی بەرنامەکە وا پێویست دەکات ئامێرێکی مۆسیقای دیاریکراو بەکاربێت، بۆ نموونە: لەکاتی ئەنجامدانی بەرنامەیەکی تایبەت بە ژەنیارانی تازە پێگەیشتوو و یەکێک لەو ژەنیارانە دەزانـێ پیانۆ بژەنێ لەکاتی دەرخستنی ئەم پارچە مۆسیقایە لەلایەن ئەو کەسەوە بۆ گوێگر، ئەو پارچەیە دەبێتە دەستپێکێکی مۆسیقاکە و و ناوەڕۆکێکیش بۆ بەرنامەکە.

ناسین و زانینی نـاوەڕۆکـی کتێبخانەی مۆسیقا لە ئێزگەدا کارێکی پێویستە، بەتایبەتی بۆ بەرهەم هێنانی بەرنامە و پێویستە لەپێش بەکارهێنانی مۆسیقا لە بەرنامەیەکدا باش گوێی لـێ بگیرێ، تـاکـو بـزانـرێ تـا چەند شیاوی بەکارهێنانە لە بەرنامەکەدا.

**چوارەم: گرتەکان (اللقطات):**

ئەمەیان تەنیا پێوەندی بە تەلەفزیۆنەوە هەیە. گرتە بە داگرتنی پەنجە لەسەر شوێنی ئامێری تۆمارکەر دەست پێ دەکات و بە دووبـارە داگرتنەوەی کۆتایی دێت. بەڵام دیمەن لە کۆمەڵێک گرتەی یەک لە دوای یـەک و لەکاتێکی دیاریکراو و شوێنێکی دەستنیشان کراودا و کۆمەڵە دیمەنێک کاری درامی پێک دەهێنن. **((جووڵە بریتییە لە وشە و گرتەش لە رستە و دیمەنیش لە بڕگە، بۆ یەکخستنی گرتەکان و دانانیان لە شوێنی گونجاو و پێویست، دەکرێ بە دەستووری نووسینی رۆژنامەوانی لە قەڵەم بدەین))**. (شرف، ١٩٨٩، ل٢١٣).

وێـڕای هەبوونی هەندێ لایەنی کـەم و کوڕی لە وێنەی تەلەفزیۆنییدا لە رووی گوزارشـت کـردنـەوە، بـەڵام ئـەوەی کە لە وێنەدا دەردەکەوێ بەشێوەیەکی واقیعییە و ئاراستەی چاو دەکرێ و چاویش چاکترین هەستی واقیعە لـە مـرۆڤدا، ئـەمـەش ئـەوە

دەسەلمێنێ کە وێنە بەر لە هەموو شتێک راستییەکی زانستییانەیە. (شـرف، ۱۹۸۹، ل۵۱۱).

گرتە تەلەفزیۆنییەکان، بەو برە بابەتە تۆمارکراوانە دەناسرێن کە دەچنە چوارچێوەی شاشەوە، بەڵام لەکاتی ئەنجام دانی کارەکە جیاوازی لە ناونانی گرتەکاندا هەیە. بۆ نموونە: لای هەندێ دەرهێنەر گرتە هەیە بە مامناوەندی لەقەڵەم دەدرێ، کەچی لای هەندێکی تریان بەدرێژ، سەرەرای هەموو ئەمانە، بەشێوەیەکی گشتی ئەم جۆرانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

پۆلێن کردنێکی بنەرەتی بۆ دەست نیشانکردنی جۆر و قەبارەی گرتەکان لە ئارادایە، کە بریتین لە: (شریف+ندا، ۲۰۰٤، ل ٧٦ ـ ٧٩).

* گرتەی نزیک
* گرتەی مام ناوەندی
* گرتەی درێژ

بۆ چۆنیەتی دیاریکردنی قەبارەی گرتەکان، کامێرای ڤیدیۆ دەتوانێ لە رێگای زنجیرەیەک گرتەی دوور و نزیک ئەو شت و رووداوانە ئاشکرا بکات کە لە دیمەنێکدا هەن، بەتایبەتی ئەگەر زانیمان مەبەست چییە لە هەر جۆرێکی گرتە، هەروەک لە خوارەوە هاتووە:

**أ ـ گرتە نزیکەکان:**

* سەرنج بۆ شتی دیاریکراو و رادەکێشێ.
* جەخت کردن لەسەر شتە دەستنیشان کراوەکان
* کاردانەوە و گوزارشتەکانی دەم و چاو نیشان دەدات.
* درێژەی بابەت و شتەکان روون دەکاتەوە.

**ب ـ گرتە مامناوەندییەکان:**

گرتەی پێناوی نێوان گرتە دوور و نزیکەکانە، دەکرێ بەهۆیانەوە ئاماژە و جوولەکانی لەش، وەکو دەست و قاچ بناسین. هەروەها ناتوانین لە گرتە درێژەکان یان دوورەکان بچینە گرتە نزیکەکان بەبێ گرتەی مام ناوەندی، تەنها لە هەندێ دۆخدا نەبێ،

**ج ـ گرتە دوورەکان:**

بەشێوەیەکی گشتی لەسەرەتای دیمەندا بەکاردێت، بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە پەنای بۆ دەبەین:

- شوێنی رووداو و بارودۆخی گشتی شوێنەکەمان پێ دەناسێنێ.
- پێوەندی نێوان شتەکانمان پێ دەناسێنێ.

**د ـ گرتە زۆر دوورەکان:**

یارمەتی بینەر دەدات کە زانیارییەکی بابەتی لەسەر شوێنەکە بەدەست بهێنێ، زۆربەی جار هاوێنەی (Wide Angle) بۆ بەدەست هێنانی ئەم گرتانە بەکاردێت، وێرای ئەم مەبەستانەی خوارەوەش:

- یارمەتی بینەر دەدات لە شارەزابوون دەربارەی شوێنی زۆر فراوان و گەورە.
- شارەزا بوون لە بارودۆخی گشتی شوێنەکە.
- شارەزابوون لە پێوەندی نێوان کۆمەڵێک مرۆڤ.

**ئەنجامەکان**

لەم لێکۆڵینەوەیە گەیشتووینەتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١ ـ وێرای هەبوونی هەندێک تایبەتمەندی گشتی لە زمانی بەکارهاتووی هۆکارەکانی راگەیاندندا، بەڵام هەر یەکێک لەم هۆکارانە لایەنی تایبەتییان هەیە لە زمانی بەکارهاتوو تیایاندا.

٢ ـ نووسەرانی رادیۆ و تەلەفزیۆن دەبێت شارەزاییەکی تەواوی هونەرەکانی لێکۆڵینەوەی جەماوەری و پێویستییە هونەرییەکانی هۆکارەکانی راگەیاندنی هاوچەرخ بن، بەتایبەتی دەربارەی هەموو جۆرە رەمزە زمانییە بەکارهاتووەکان تیایاندا.

٣ ـ لە رادیۆ و تەلەفزیۆندا هەموو رەمزە

زمانییەکان (**لەخۆوە، وێنەیی، هۆیی**) بەکاردێن.

٤ ـ وشەی درکێنراو بناغەی زمانی رادیۆیە، بۆیە لەبەکارهێنانی وشەی درکێنرادا پێویستە رەچاوی ئەوە بکرێ کە بە بەردەوامی سەرنجی گوێگر بەلای بەرنامەکەدا رابکێشرێ، وێڕای رەچاوکردنی تێگەیشتنی گوێگر بۆ هەموو وشە و پەیڤی بەرنامەکە، کە ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی لەبەکارهێنانی وشەی سووک و ئاسان و ئاشنا بە گوێی گوێگردا دەستەبەر دەبێ.

٥ ـ رەگەز و پێکهاتە زمانییەکانی تەلەفزیۆن فراوانترە لە هی رادیۆ، ئەویش بە هۆی زیادبوونی وێنە تیایدا، کە ئەمەش ئەرکی گرانتر و ئاڵۆزتر دەکات.

٦ ـ هەندێ لەو رەگەز و پێکهاتانە هاوبەشن لەنێوان هەردوو هۆکاردا (رادیۆ، تەلەفزیۆن).

## سەرچاوەکان


١ـ أديب خضور، الاعلام المتخصص، الطبعة الاولى، دمشق ٢٠٠٣.

٢ ـ أكرم شلبي، فن الكتابه للراديۆ و التلفزيۆن، القاهرة، ١٩٨٧.

٣ ـ أيمن منصور ندا و سامى شريف، اللغة الاعلامية، مفاهيم ـ الاسس ـ التگبيقات، مركز جامعة القاهرة للتعليم المفتوح، ٢٠٠٤.

٤ ـ تيسير أبو عرجة، قضايا و دراسات اعلامية، دار جرير للنشر و التوزيع، عمان ـ الاردن، ٢٠٠٥.

٥ ـ جان جبران كرم، مدخل الى لغة الاعلام، دار الجيل ـ بيروت، ١٩٨٦.

٦ ـ عبدالعزيز شرف، اللغة الاعلامية، الطبعة الاولى، دار الجيل ـ بيروت ١٩٩١.

٧ ـ على عبدالواحد الوافى، علم اللغة، الطبعة السابعة، دار نهضه مصر للطبع و النشر، ١٩٧٢.

ئەم سەرچاوانەی خوارەوەش سوودی لێ وەرگیراوە:

1– Bliss، Edwards Jr. and John M Patterson، Writing News for Broadcast. N.Y. Colombia Univesity Press، 1971.

2 – Hilliard، Robert L، Writing For Television And Radio، N.Y. Hastings House، 1976.

10 – Willis، Edgar E، Writing Television And Radio programs، N.Y Halt Rinehart and Winston، 1967



(*) مامۆستا لە پەیمانگای تەکنیکی ـ هەولێر

(*) مامۆستا لە کۆلێجی زمان زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر

# شێوازەکانی دەرهێنانی رۆژنامە لەڕووی یاساییەوە



محەمەد بابۆڵی(*)

## پێشەکی

رۆژنامە، مێژوویەکی دووردرێژی هەیە، لەهەموو سەردەمەکاندا هەواڵ و زانیاری بەهاووڵاتیان داوە، لەگەڵ گۆڕانکارییەکانیشدا گەشەکردنی خێرای بەخۆیەوە بینیوە، بەجۆرێک ئێستاکە ژمارەی رۆژنامەکان هێندە زۆرن لەژماردن نایەن، تەنانەت رۆژنامەکان بواری تایبەتمەندێتیان گرتووە، تا ئەو رادەیەی هەموو چین و توێژێک رۆژنامەی تایبەت بەخۆی هەیە، وەک **(لاوان، خوێندکاران، ژنان، جوتیاران، کرێکاران،.....هتد)**، بەدەر لەوەیش رۆژنامەکان هێندە قوڵبوونەتەوە بوارێکی دیاریکراویان دیاریکردووەو تەنیا تایبەتە بەو بوارە. هەروەک چۆن یاسا بۆ زۆربەی بوارەکانی ژیان دانراوە، بەهەمان شێوەیش یاسایەک بۆ چۆنێتیی دەرچواندنی رۆژنامەکان هەیە، بەڵام هەر وڵاتەو بەپێی سیستمی خۆی یاساکەی داڕشتوەو دەبێت رۆژنامەکانیش پابەندی ئەو یاسایانە بن کە لەوڵاتەکانیان پەیڕەو دەکرێت.

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی شێوازەکانی دەرچواندنی رۆژنامە، هەوڵیشدراوە چەند بەندو بڕگەیەکی دەقی یاساکانی رۆژنامەنووسی و چاپەمەنیی وڵاتانی رۆژئاواو عەرەبی بهێنرێتەوە، لەگەڵ ئەو شێوازەی کە لەهەرێمی کوردستاندا پەیڕە و دەکرێت.

توێژینەوەکە، بەدەر لەپێشەکی، دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لەخۆ دەگرێت. بەشی یەکەم تایبەتە بەچەمک و مێژوو و تایبەتمەندییەکانی رۆژنامە، کە لەسێ باسدا خۆی دەبینێتەوە، باسی یەکەم بۆ مێژووی سەرهەڵدانی رۆژنامە تەرخان کراوە، کە رۆژنامەکان لەسەرەتاکاندا چۆن بوون و چۆن گەشەیان کردووە، باسی دووەمیش تایبەتە بەپێناسەی رۆژنامە، لەم باسەدا چەند پێناسەیەکمان بۆ رۆژنامە خستۆتەڕوو، لەدواباسیشدا کە باسی سێیەمە تایبەتمەندییەکانی رۆژنامە روونکراوەتەوە، هەروەک وتەی چەندین سەرکردەی دیارو رۆشنبیرو نووسەرمان دەربارەی بایەخی رۆژنامە هێناوەتەوە.

بەشی دووەمی توێژینەوەکە تایبەتە

هەواڵنامەی کتێب

بەشێوازەکانی دەرچواندنی ڕۆژنامەو لەسێ باس پێکهاتووە، باسی یەکەم تایبەتە بەشێوازی کۆن بۆ دەرچواندنی ڕۆژنامە، نموونەی چەند وڵاتێکی عەرەبیمان هێناوەتەوە، لەباسی دووەمیش شێوازی نوێمان شیکردۆتەوە، کە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا پەیڕەوی دەکەن، باسی سێیەمیش بۆ دەرچواندنی ڕۆژنامە لەهەرێمی کوردستاندا تەرخان کراوە، کە تا دەرچوونی یاسای کاری ڕۆژنامەگەری لەکوردستان ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ شێوازی کۆن پەیڕەو دەکرا، بەڵام لەدوای دەرچوونی ئەو یاسایەوە شێوازی نوێ پەیڕەو دەکرێت، بۆیە ئەو هەوڵانەیشمان خستۆتەڕوو کە کار بۆ گۆڕینی ئەم شێوازە کراوە.

لەکۆتاییشدا توێژەر بەچەند ئەنجامێک گەیشتووە، هەروەک لیستی سەرچاوەکانیش لەکۆتاییدا هاتووە، کە سوود لەکۆمەڵێک کتێبی کوردی و عەرەبی و چەند یاساو پرۆژە یاسایەک بینراوە.

## بەشی یەکەم
## چەمک و مێژوو و تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامە

### باسی یەکەم
### مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆژنامە

بیروبۆچوونی جیا سەبارەت بەمێژووی سەرهەڵدانی ڕۆژنامە هەیە، ئەمیش بەهۆی ئەو گۆڕانکاری و ڕووداوانەی بەدرێژایی مێژوو سەریانهەڵداوە، لەشارستانێتیی کۆندا چەند نمونەیەکی سەیر هەیە، کە هەریەکەیان بەجۆرو شێوازێک باس لەڕۆژنامە دەکەن، چەند هەزار ساڵێک لەمەوبەر فەرمانڕەوا کۆنەکانی میسر کاروباری وڵات و شەڕەکانی سوپاو گەلێک شتی تری لەو بابەتانەیان بەشێوەیەکی رازاوە لەسەر بەرد هەڵدەکەندو دوایی لەگەڵ خۆیان دەبردە ناو گۆڕەوە، یان بۆ نەوەی دوای خۆیانیان بەجێدەهێشت، سەرەڕای ئەوە زۆربەیان دەنگوباسیان لەسەر دیواری بتخانەکان هەڵدەکەند، بۆ ئەوەی خەڵک بیانبینن، هەرشتێکی گرنگ رووی بدایە لەسەر تاشەبەردی نوێ هەڵیاندەکەندو بەدیواردا هەڵیاندەواسی[1].

ئەم شێوازەی ڕۆژنامە زۆر سادە بوو، بەشێکی زۆریشی لەمۆزەخانەکان بۆمان ماونەتەوە.

دەربارەی یەکەمین ڕۆژنامە لەمێژوودا، مێژوونووسان و پسپۆرانی بواری مێژووی ڕۆژنامەنووسی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی کاری ڕۆژنامەنووسی بۆ کیشوەرە پان و بەرینەکەی ئاسیاو بۆ ساڵی (٩١١)ی پێش زایین دەگەڕێننەوە، کاتێک حکومەتی دەسەڵاتداری ئەوکاتەی چین لەپێناو دەستەبەرکردنی هەموو شێوازێکی کاریگەر بەئومێدی پایەدارکردنی پێگەی دەسەڵاتەکەیان، ڕۆژنامەی **(کین بان)**یان بڵاوکردەوە[2].

دوای ئەوەی لەساڵی (١٤٣٦)* لەلایەن زانای ئەڵمانی **(گۆتنبێرگ)**ی ئەڵمانی، چاپ داهێنراو بەوڵاتانی ئەوروپادا بڵاوبووەوە، ئیتر لەسەرەتای سەدەی حەڤدەمەوە ڕۆژنامەی ڕۆژانە لەئەوروپا دەستی بەدەرچوون کرد[3]. ڕۆژ بەڕۆژیش ڕۆژنامە گەشەکردنی بەخۆیەوە بینی، بەشێوەیەک ڕۆژنامەی وا پەیدابوو کە چەند هەزار دانەیەکی لێ چاپ دەکرا، ساڵی ١٦٦١ لەلایپزگی ئەڵمانیا بۆ یەکەمجار لەمێژوودا ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بەناوی (Lepziger Zeitung) کەوتە بازاڕەوە[4].

یەکەمین ڕۆژنامەیش بەزمانی کوردی، لەلایەن **(میقداد مەدحەت بەدرخان)**ەوە لەقاهیرەو لەوڵاتی میسر لە٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ بڵاوکراوەتەوەو تا ڕۆژی ١٤ی نیسانی ١٩٠٢ بەردەوام بووەو (٣١) ژمارەی لێدەرچووە[5]. دواتر ڕۆژ بەڕۆژ ڕۆژنامەنووسیی کوردی گەشەکردنی بەخۆیەوە بینیووە، تا لەساڵی ١٩١٣ ڕۆژنامەی **(ڕۆژی کورد)** و (هەتاوی

کورد)، ساڵی ١٩١٤ (بانگی کورد)، ساڵی ١٩١٨ **(تێگەیشتنی راستی و ژین)**، ساڵی ١٩٢٠ **(پێشکەوتن)** و ساڵەکانی دوای ئەوە (بانگی کوردستان، رۆژی کوردستان، بانگی حەق، ئومێدی ئیستقلال، رووناکی، دیاری کوردستان، نیشتمان، ئازادی، رزگاری، ... هتد) دەرچوون،[٦] دوای راپەرینی ساڵی ١٩٩١ یش یەکەم رۆژنامەی رۆژانە بەناوی **(کوردستانی نوێ)** لە ١٩٩٢/١/١٢ دەرچوو، دواتریش چەندین رۆژنامەی تری رۆژانەو هەفتانە دەرچوون، هەروەک چەندین رۆژنامەی ئەهلی وەک **(هاووڵاتی و ئاوێنە .. هتد)** دەرچوون.

## باسی دووەم
## چەمک و پێناسەی رۆژنامە

بەرلەوەی شێوازەکانی دەرکردنی رۆژنامە بزانین پێویستە بزانین رۆژنامە چییە، بۆ ئەوەی پێناسەیەکی تەواو بۆ رۆژنامە بکەین، ئەوا لەرووی شێوەو ناوەڕۆکەوە لێی دەدوێین:

**یەکەم: لەڕووی شێوەوە:**

رۆژنامە، بەکارهێنانێکی چاپکراو لەسەر بۆشایی لاپەڕەی سپی، کە دەچێتە چوارچێوەی هونەرەکانی تۆپۆگرافی (Typography) کە ئەمەیش شێوەی زانست و هونەری رۆژنامەکەیە، **(کە هێماو هێڵ... هتد)** لەخۆدەگرێت و بەناو لاپەڕەکانی رۆژنامەکەدا دابەشدەکرێت و وشەکانی لێکدراوەو لەوشەی (Type) وەرگیراوە[٧].

**دووەم: لەڕووی ناوەڕۆکەوە:**

رۆژنامە، هۆیەکە لەهۆیەکانی راگەیاندن و کەناڵێکە بۆ دەربڕینی بیروبۆچوون و گەیاندنی زانیاری لەڕێگەی شێوەکانی نووسینی رۆژنامەنووسی، کە پێکهاتوون لە**(هەواڵ، ریپۆرتاژ، راپۆرت، وێنە، ستوون، کاریکاتێر،...تاد)**[٨].

**(رفائیل بطی)** واپێناسەی رۆژنامە دەکات: کە بەکاری دروستکردن و دەرهێنانی رۆژنامە دەگوترێت رۆژنامەنووسی، هەروەها بریتییە لەکۆمەڵێک کاغەزی چاپکراو، هەواڵ و بیروڕاو زانیاری و شتی بەسوود بەگشت جۆرەکانییەوە لەهەندێ کاتی دیاریکراودا بڵاودەبێتەوەو لەوڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا، کە لەڕووی شارستانییەوە لەپێشەوەن و لەوێدا رژێمی حوکمرانێتی پشت بەگەل دەبەستێت و گەل سەرچاوەی رەوایەتییەکەیەتی. رۆژنامە هۆکارێکە لەهۆکارەکانی گوزارشتکردن لەبیروڕاو گۆڕینەوەی بیروڕا لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا[٩].

بەمشێوەیە دەتوانین وا پێناسەی رۆژنامە بکەین، چاپکراوێکە، کەبەشێوەیەکی زانستی و هونەری لەڕێگەی ئامێری چاپەوە جۆرەکانی رۆژنامە **(هەواڵ، ریپۆرتاژ، وتار، .... هتد)**ی تێدا بڵاودەکرێتەوە، لەڕێگەی چاپخانەوە چاپدەکرێت و لەکاتی خۆیدا دەگەیەنرێتە بەردەستی خوێنەران.

## باسی سێیەم
## تایبەتمەندییەکانی رۆژنامە

رۆژنامە یەکێکە لەو ئامرازانەی کاریگەریی گەورەی لەسەر مرۆڤایەتی و توانای دروستکردنی رای گشتیشی هەیە، هەلێکی باش بۆ گواستنەوەی بیروڕاو گفتوگۆکردن لەنێوان تاک و پێکهاتەکانی کۆمەڵگادا دەرەخسێنێت، رۆژانەیش بەنوێترین زانیاری دەبێتە میوانی خوێنەران، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا پێویستە ئەو زانیاریانەی دەخرێنەڕوو راست بن و دووربن لەزانیاری دروستکراو، هەروەک زمانی دەربڕینەکەی لەهەموو روویەکەوە شایستەو شیاوبێت و خوێنەران لێی تێبگەن و بەزمانی ئەوان بێت، لەگەڵ ئەمانەیشدا پێویستە لەخستنەڕووی رووداو و بابەتەکاندا نەبێتە هۆی بەهێزکردنی رۆحی دوژمنایەتیکردنی ئایدۆلۆژی و مەزهەبی و رەگەزی، یاخود چەوساندنەوەی هیچ کەسێک بەهۆی ئینتیماو تێڕوانینەوە،

نابێت دەستدرێژی بکرێتە سەرکەسایەتی هیچ مرۆڤێک و دەبێت کەسایەتی مرۆڤەکە لەپلەو کارەکەی جیابکرێتەوە، هەروەک نابێت ئەو وێنانە بڵاوبکاتەوە کە سوکایەتیکردنن بەکەرامەتی مرۆڤ و بەهاکانی، ناشبێت پێداویستییە سەرەتاییەکانی مرۆڤ بۆ مسۆگەرکردنی دەستکەوتی تایبەتی بوروژێنرێن،[١٠] هەروەها پێویستە رۆژنامە گوزارشت لەبەرژەوەندیی میللەت بکات، بەڵام ئەگەر نەیتوانی ئەمە بکات، دەبێ هەر هیچ نەبێت گوزارشت لەبەرژەوەندیی چینێک یاخود توێژێکی دیاریکراو بکات[١١]. ئەمەشە وایکردووە بوترێت: دیموکراسی و ئازادیی رۆژنامەنووسی دوو چەمکی لێک جیانەکراوەن و هەریەکەیان ئەویتر تەواو دەکات[١٢].

بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەی کە رۆژنامە هەیەتی، سەرکردەو رووناکبیرو نووسەران بۆچوونی جیاجیان لەسەر رۆژنامە هەبووەو هەیە، بۆ نموونە (دیاز)ی سەرۆک کۆماری مەکسیک کاتی خۆی وتوویەتی: "حەزم دەکرد خاوەنی ئەو کارگانە بومایە کە کاغەزو مەرەکەب دروستدەکەن تاوەکو هەموویانم بسوتاندایە". لەماری کریستین-ی شاژنی ئیسپانیایش دەگێڕنەوە کە وتوویەتی: "تەنانەت لەناو مارو مێرویشدا تووشی رۆژنامەنووس دێیت". دەڵێن حاکمی فەنزەوێلایش وتوویەتی: "لەوە ناترسم دەرگای دۆزەخم بۆ بکرێتەوە، بەڵام لەجیرەی قەڵەمی رۆژنامەنووسێک گیانم دێتە لەرزین". قسەکانی ناپلۆنیش هەر لەم بارەیەوە گەلێک مانا بەخشن: "سێ رۆژنامە لەسەد هەزار سەرباز زیاتر دەمترسێنن"، ڤۆلتێریش راست دەکات کە دەڵێ: "رۆژنامەنووسی دەزگایەکە بەکەس ناشکێ، بەڵام ئەو جیهانی کۆن دەڕوخێنێ بۆ ئەوەی جیهانێکی نوێ دامەزرێنێ"[١٣]. غاندی-یش (١٨٦٩- ١٩٤٨) دەڵێ: "ئەو کەسەی رۆژێ رۆژنامەیەک نەخوێنێتەوە بەنەزانی دەزانم"، سەعد زەغلول (١٨٥٧- ١٩٢٧) دەڵێ: "پێویستە ئێمە لەڕەخنەلێگرتنی رۆژنامەکان توڕە نەبین، بەڵکو دەبێ خۆمان وا لێبکەین کەماوەی ئەوە نەمێنێ رەخنەمان لێبگرن"، چیڤرسن-ی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا دەڵێ: "گەلێک لام خۆشترە لەوڵاتێک بژیم رۆژنامەی هەبێت و یاسای نەبێت، لەوڵاتێکدا یاسای هەبێت و رۆژنامەی نەبێ". رۆزڤەڵت (١٨٨٢- ١٩٤٥) سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمەریکا دەڵێت: "دەبێ لەنێوان هەر ١٠ کەس نووسەرێکی رۆژنامەنووس لەم وڵاتەدا هەبێت"[١٤].

## بەشی دووەم
## شێوازەکانی دەرهێنانی رۆژنامە

### باسی یەکەم
### شێوازی کۆن بۆ دەرهێنانی رۆژنامە

لویسی پێنجەم، پاپای رۆما یەکەم کەس بووە سانسۆری لەسەر چارەنووسیی رۆژنامەو تێکڕای شێوەکانی بڵاوکردنەوە داناوە، بەجۆرێک لەساڵی ١٥٦٠دا لەشاری رۆما لەهەڵوێستێکدا ئەو کەسانەی هەواڵنامەیان بڵاودەکردەوە، بڕیاری بەلەسێدارەدانی (نیکۆلۆ فرانکۆ Neccolo Franco)ی رۆژنامەنووسی سەپاند، دوابەدوای ئەو پاپا گریگواری سیازدەیەم لەمانگی ئەیلولی ١٥٧٢دا بڕیاری زیندانیکردنی هەتاهەتایی و لەسێدارەدانی بەسەر ئەو کەسانەدا کە بەهەر شێوازێک بێ کار بۆ ئاسانکردنی بڵاوکردنەوەی هەواڵنامە دەدەن، جا چ نووسەر بن یان هەواڵنێر یان کۆکەرەوەی هەواڵ، تەنانەت لەساڵی ١٩٨٧دا **(ئەنیبالی کابیلۆ)**ی سەردەستەی گروپێکی رۆژنامەنووسیان دەستگیرکرد، بەرلەخنکاندنی هەردوو دەستیان بڕی و زمانیشیان دەرهێنا،(١٥) بەڵام بۆچوونێکی دیکە هەیە کەلەساڵی ١٥٤٦ لەناوەڕاستی پاریس بەبەرچاوی خەڵکەوە دەسەڵاتداران

**(دۆلییە)**ی نووسەرو فەیلەسوف و خاوەن یەکێک لەچاپخانەکانی **(لیۆن)** ئەوکاتەی تەمەنی ٣٧ ساڵ بوو سووتاند، تاکو بیکەنە پەند بۆ ئەوانی تر[١٦].

بۆیە دەرکردنی رۆژنامە بەپێی تیۆرەکانی راگەیاندن گۆڕانی بەسەردا دێت، لەتیۆری دەسەڵات ئەوانەی مامەڵە لەگەڵ رۆژنامەنووسیدا دەکەن، دەبێت دەرکردنی رۆژنامە بەپێی رەزامەندیی دەسەڵات بێت، ئەگینا رێگە نادەن بەو رۆژنامانەی کەلەگەڵ سیاسەتی دەسەڵات یەکناگرنەوە بێنە ئاراوە،[١٧] هەروەها لەتیۆری سۆسیالیستیشدا بەهەمان شێوەی تیۆری دەسەڵات دەبێت بۆ دەرکردنی رۆژنامە دەسەڵات رەزامەندی لەسەر نیشان بدات، ئینجا دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە،[١٨] بەپێی ئەم تیۆرە هۆکارەکانی راگەیاندن بەشێکی دانەبڕاون لەدەسەڵات.

لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا یاسایەکی تایبەت بەرێکخستنی رۆژنامەنووسی نەبوو، تا ساڵی ١٨٥٨ یاسای سزادان دەرچوو،[١٩] بۆهەموو کەسێک هەبوو وابەستەی دەوڵەتی عوسمانی بێت، داوای مۆڵەت بکات بۆ دەرکردنی رۆژنامە، داوای مۆڵەتیش دەبوایە پێشکەشی والی ئەم ناوچەیە بکرایە، ئەویش ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی سەرووی خۆی دەکرد، مەرجی داوای مۆڵەتیش ئەوە بوو ئەو کەسەی دەیەوێ رۆژنامە دەربکات دەبێ تەمەنی لە ٣٠ ساڵ زیاتر بێت و پێشتر بەهیچ تاوانێک سزا نەدرابێت[٢٠]. ساڵی ١٨٦٣ سوڵتان عەبدولعەزیز یاسایەکی تایبەتی بۆ رێکخستنی کاروباری رۆژنامەنووسی دەرکرد، رۆژنامەکان دەبوایە باسی سوڵتان و دامودەزگاکانی بەچاکە بکردبایەو باسی کەموکوڕییەکان نەکەن و رەخنە نەگرن[٢١].

ئەم شێوازەی دەرکردنی رۆژنامە تا ئێستا لەزۆر وڵاتانی عەرەبیدا پەیڕەو دەکرێت، کە ئەویش داواکردنی مۆڵەتە لەدەسەڵات وەک وڵاتانی لوبنان، میسر، سوریا، عیراق... تاد.[٢٢] بەدەر لەمەیش پێویستی بەچەند هەنگاوێکە، لەوانە ناوو شوێنی ئەو کەسەی داواکارییەکە پێشکەش دەکات، لەگەڵ ناوی سەرنووسەرو بەرپرسەکانی رۆژنامەو شوێنی نیشتەجێبوونیان[٢٣].

بەپێی مادەی (٢٧)ی یاسای چاپەمەنی لوبنان لەساڵی ١٩٦٢ هاتووە کە بەهەموو شێوەیەک قەدەغەیە رۆژنامە دەربکرێت کە مۆڵەتی پێشوەخت لەوەزیری راگەیاندن وەرنەگیرێت[٢٤]. هەروەکو لەمادەی (٢٧)دا هاتوە: "دەرکردنی هەر چاپکراوێکی رۆژنامەنووسی بەر لەوەرگرتنی مۆڵەتی پێشەکی لەوەزیری راگەیاندن دوای راوێژکردنی سەندیکای رۆژنامەنووسی بەهەموو شێوەیەک قەدەغەیە"[٢٥].

هەندێک جار بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی دەرکردنی رۆژنامە پێویستە سەرمایەکی زۆر لەیەکێک لەبانکەکان دابنرێت، وەک ئەوەی لەیاسای رێکخستنی رۆژنامەنووسیی میسردا لەمادەی (٥٢)ی ساڵی ١٩٩٦ دانراوە،[٢٦] دانانی ئەم سەرمایە بۆ هەرمەبەستێک بێت نیشانەی ئەوەیە کە بەربەستێکە لەبەردەم دەرکردنی رۆژنامەداو تەنیا خاوەن سەرمایەکان دەتوانن رۆژنامە دەربکەن.

## باسی دووەم

### شێوازی تازە بۆ دەرهێنانی رۆژنامە

لەتیۆری لیبراڵدا هەر کەسێک توانای دارایی هەبێت بۆی هەیە رۆژنامە دەربکات[٢٧]. بەجۆرێک لەسیستەمە دیموکراتییەکاندا بۆ ئەوەی کاری رۆژنامەنووسی رێک بخرێت بەبێ دەستتێوەردانی دەسەڵات، ئەنجوومەنی رۆژنامەنووسی دامەزراوە، لەم چوارچێوەیەدا لەوڵاتانی بریتانیاو ئەڵمانیا ئەنجوومەنی رۆژنامەنووسی کاروباری رۆژنامەنووسان رێکدەخات، نەک دەسەڵات[٢٨].

بۆ نموونە لەفەرنسا کە مێژوویەکی دێرینی لەگەڵ ئازادیی رادەربڕیندا هەیە، لەساڵی

١٨٨١ەوە کاتێک یاسای ئازادی ئەم وڵاتە دەرچوو، جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە ئازادیی رۆژنامەنووسی دەبێت لەهەموو کۆتوبەندێکی سیاسی و ئیداری بەدوور بێت، لەم یاسایەدا هاتووە کە دەبێ چاپەمەنی و رۆژنامەنووسی ئازادبن و هەموو تاکێک مافی ئەوەی هەیە رۆژنامە دەربکات، بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی پێشوەخت و دانانی پێشینەی دارایی،(٢٩) بەڵام جیاوازی لەنێوان هاووڵاتیان و بیانیان کردووە، بەپێی مادەی پێنجەم و شەشەمی یاسای فرەنسی، دەکرێ هاووڵاتیان رۆژنامەیەک یان چاپەمەنیەکی خولەکی بەبێ مۆڵەت دەربکەن، بەڵام بۆ دەرکردن و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی بیانی کە بەزمانی بیانی لەفرەنسا دەردەچێت بەپێی حوکمی مادەی چوارەمی یاساکە دەبێ مۆڵەتی پێشەکی هەبێت، مەبەست لەم جیاوازییە پەرۆشییە بۆ پاراستنی سیستمی گشتی و ئاسایشی وڵات،(٣٠) هەروەها لەساڵی ١٦٩٥ لەبریتانیا تاکو ئێستا کار بەسیستەمی مۆڵەتدان ناکرێت، هەموو کەسێک بەئاسانی دەتوانێت رۆژنامە دەربکات(٣١).

ئەگەرچی لەوڵاتانی دیموکراتی و کراوەدا بۆ هەموو کەسێک هەیە رۆژنامەو گۆڤار دەربکات و پەخشی رادیۆو تەلەفزیۆن بڵاوبکاتەوە، بەڵام زۆر لەڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەئازادیی راگەیاندن دەبێت لەکاتی دامەزراندنی وێستگەی رادیۆو تەلەفزیۆن و سینەما دەوڵەت ئاگاداربکرێتەوەو رەزامەندی لێوەربگیرێت، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ رێکخستنی لایەنی تەکنیکی بۆ ئەوەی شەپۆلەکان تێکەڵ نەبن(٣٢). لێرەدا دەبینین ئاگادارکردنەوەی دەوڵەت تەنیا بۆ وێستگەی رادیۆو تەلەفزیۆن و سینەمایە، نەک رۆژنامەو گۆڤار، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت دەوڵەت دەیەوێت یارمەتیدەربێت بۆ رێکخستنی کارەکان و تێکەڵنەبونی شەپۆلەکان. دەستوری ئەمەریکی ساڵی ١٧٨٩ لەیەکەمین هەمواری ساڵی ١٧٩١دا لەژێر ناوونیشانی "بەڵگەنامەی مافەکانی مرۆڤ" جەختی لەسەر ئەم ئازادییە کردوەو تیایدا هاتووە: "کۆنگرێس بۆی نییە هیچ یاسایەک دەربکات سنور بۆ ئازادیی رۆژنامەنووسی دابنێت"، کەواتە دەسەڵاتی یاسادانان **(کۆنگرێس)** بۆی نییە تەنانەت یاسایش بۆ سنووردارکردنی ئازادیی رۆژنامەنووسی دەربکات و کۆتوبەند بخاتە رێگای ئازادی و دەرکردنی رۆژنامە(٣٣).

بەپێی دەستووره نوێکان، بەتایبەتی دەستووری وڵاتانی خۆرئاوا، گرنگی زۆر بەئازادیی رۆژنامەنووسی و ئازادیی دەربڕینی بیروڕا دراوە، ئەگەرچی بەپێی یاساکانی زۆربەی وڵاتانی خۆرئاواو دیموکرات ئازادی بۆ هەموو کەسێک فەراهەم کراوە بۆ دەرکردنی رۆژنامە، بەڵام ئەم ئازادییە ئازادییەکی بەرپرسە، دەبێت پابەندی هەندێ دیسپلینی بنەڕەتی بێت کە بەئادابی گشتی و ئاشتی جیهان و پەیوەندی نێودەوڵەتییەوە پەیوەستە(٣٤). بەمەیش دەبێت رۆژنامەکان وەک ئەرکێکی ئەخلاقی ئاگاداری بەها گشتییەکان بن و دووربن لەناوزڕاندن.

## باسی سێیەم
## دەرکردنی رۆژنامە لەهەرێمی کوردستان

لەساڵی ١٩٣٣ بەپێی یاسای چاپەمەنیی عیراق ژمارە (٥٧) کار بەسیستمی مۆڵەتدان بۆ دەرکردنی رۆژنامە لەعیراق دەکرێت(٣٥). بەحوکمی ئەوەی هەرێمی کوردستان بەشێک بووە لەعیراق ئەم شێوازەی بۆ دەرکردنی رۆژنامە پەیرەوکردوە، بەڵام بۆ گۆڕینی ئەم شێوازە هەوڵی زۆر هەبووە، چ لەلایەن سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان چ لەلایەن رۆژنامەنووسان خۆیان، ئەم هەوڵانە تا ساڵی ٢٠٠٧ بەردەوام بوون، لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای رۆژنامەنووسیی لەپەرلەرمانی کوردستان بڕیاری لەسەردرا، بەڵام سەرۆکی هەرێم بەهۆی گۆڕانکاری

لەچەند بڕگەو ماددەیەک کە لەبەرژەوەندیی خواستەکانی ڕۆژنامەنووسان نەبوو ئیمزای لەسەر نەکردو گەڕاندییەوە پەرلەمان، کە لەماددەی سێیەم ئاماژە بۆ شێوازی نوێی دەرکردنی ڕۆژنامە کراوە.

بۆ ئەوەی زیاتر شێوازی کۆنمان بۆ دەرکەوێت، یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستانی عێراق ساڵی ١٩٩٣ دەهێنینەوە، لەماددەی پێنجەم، بڕگە (١)دا هاتووە: "هەر هاووڵاتیەکی عێراقی نیشتەجێی هەرێم کەبیەوێ چاپکراوێکی خولەکی دەربکا، دەبێ داخوازییەک پێشکەش بەوەزیری ڕۆشنبیری بکاو تیایدا ناوی خۆی و ناوی سەرۆکی نووسین و ناوی چاپکراوەکەو زمانەکەی دیاری بکات"[٣٦]. دەربارەی ئەو داخوازییەی کەپێویستە پێشکەش بەوەزیری ڕۆشنبیری بکرێت، پێشتر لەکۆبوونەوەیەکدا حسێن عارف وەک نوێنەری لیژنەی یاسایی لەگەڵ چەند ئەندامێکی لیژنەی ڕۆشنبیریدا کۆدەبێتەوە لەوانە **(بارزان مەلا خالید)** و **(د. عیزەددین مستەفا رەسول)** لەوکۆبوونەوەیەدا **(بارزانی مەلا خالید)** پێشنیازی ئەوە دەکات **بۆ دەرکردنی بڵاوکراوەیەک یان ڕۆژنامەیەک دەبێت ئەو کەسەی بڵاوکراوەکە دەردەکات پێشوەخت مۆڵەتی بۆ وەربگیرێت، بەمەیش ئەم پێشنیارە بوو بەبڕگەی ماددەیەک و پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەرداو پەسەندکرا**، ئەمە لەکاتێکدا لەوڵاتێکی وەکو تورکیادا دەرکردنی ڕۆژنامە پێویستی بەڕەزامەندیی وەزارەتی ڕۆشنبیری یان حکومەت ناکات[٣٧].

بەمەیش بۆمان دەردەکەوێت یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان کاری بەسیستەمی مۆڵەتی پێشینە کردووە بۆ دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە، **(د. عەبدوڵڵا ئەلبوستانی)** واپێناسەی مۆڵەت دەکات، کە بریتییە لەڕێگەپێدانی ئیدارە بەکەسێک، یاخود چەند کەسانێکی دیاریکراو، بۆ دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەو چاپەمەنی، ئەگەر مەرجە یاساییەکانی تێدا بوو، یان ڕەفزکردنی بەگوێرەی بەرژەوەندیی خۆی.[٣٨] لێرەدا مۆڵەت بەشێکی بنەڕەتییە لەسیستەمی خۆپارێزی کەدەوڵەت بۆ ڕێگاگرتن لەو زیانانەی ئەگەری ڕوودانیان لێدەکرێ کە لەڕێگای ڕۆژنامەنووسییەوە لەکۆمەڵ دەکەوێ پەنای دەباتەبەر، بەم جۆرە ئەوکەسەی ئارەزووی دەرکردنی ڕۆژنامە یان چاپکراوی دەوری هەیە دەبێ چەند کردارێک ئەنجام بدات و ڕەچاوی ئەو مەرج و زانیاریانە بکات کە ئیدارە لەیاسای چاپەمەنی و ڕۆژنامەنووسیدا خستویەتیە ئەستۆی، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت مۆڵەتی پێشەکی لەڕووی ئەو مەبەستەی کە ئیدارە بۆی تێدەکۆشێت بەسانسۆری پێشەکی دەچێ، هەرچەندە سانسۆرو مۆڵەت دوو شتی لێک جیاوازن. لەبەخشینی مۆڵەتدا ئەو کەسەی دەیەوێ ڕۆژنامە یان چاپکراوەکە دەربکات جێگەی مەبەستە، کەچی لەخستنە ژێر سانسۆر ڕۆژنامەکە یان چاپکراوە خولەکییەکە جێی مەبەستە[٣٩].

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا بەهۆی ئەوەی کوردستان بەشێک بووە لەعێراق، هەموو بڕیارو یاساکانی حکومەتی ناوەندی جێبەجێکردووە، تەنانەت دوای ڕاپەڕین و دانانی یاسای چاپەمەنی ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵێک بڕگەو ماددە کۆپیکراوی یاسای چاپەمەنی عێراق ژمارە (٢٠٦)ی ساڵی ١٩٦٨ بووە، بۆ نموونە لەبەندی چوارەم بڕگە **(أ)**دا هاتووە: "داواکاری مۆڵەت بەم زانیارییانە پێشکەش وەزارەت دەکرێت، بەمەش دەبینین دەرکردنی ڕۆژنامە پێویستی بەمۆڵەت هەیە، هەروەک لەبڕگەی **(ب)** جارێکیتر باس لەوە دەکرێتەوە کە "لەگەڵ داواکەدا هەموو بەڵگەنامە ڕەسمیەکان هاوپێچ دەکرێت تا بسەلمێنرێت مەرجە یاساییەکانی بەندی سێیەم هەیە"،[٤٠] بەمەیش لەهەرێمی کوردستان بۆ دەرکردنی ڕۆژنامە پێویستی بەمۆڵەتی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەبووە.

هەولێرانەی کتێب

کەواتە هەردوو یاسای چاپەمەنیی عیراق و هەرێم لەو خاڵەدا سنوورەکانی ئازادیی ڕادەربڕین و کاری ڕۆژنامەنووسی لەڕێگەی بەرتەسککردنەوەی رووبەری ئازادیی دەرچواندن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و مافی خاوەندارێتیی میدیایی، بچوک دەکەنەوە(٤١).

بۆ ئەوەیشی میدیا لەکوردستاندا ئازاد بێت و ببێتە دەسەڵاتی چوارەم باشترین شت پێویست بوو مۆڵەتی پێشینە لاببرێت(٤٢) بۆیە لەگەڵ کرانەوەی هەرێمی کوردستان بەرووی جیهانی دەرەوەو ئاگاداربوون لەپرۆژەو یاسای وڵاتانی خۆرئاواو بوونی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لەپرۆژەی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی **(کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان گەڵاڵەی کرد)** لەمادەی سێیەمدا بڕگەی یەکەمدا هاتووە: "خاوەنی ئیمتیاز یان دامەزرێنەر، ڕاگەیاندنێک لەڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی هەرێم بڵاوبکاتەوە، کەناو و نازناوو وڵاتنامەو شوێنی نیشتەجێ بوونی خاوەن ئیمتیاز، یان دامەزرێنەری ڕۆژنامەکەو ناوی ڕۆژنامەکەو ئەو زمانەی کەپێی بڵاودەکرێتەوەو ناوی سەرنووسەرو ماوەی دەرچوونی تێدابێت، ئەم ڕاگەیاندنە بەبەیانی دەرچوونی ڕۆژنامەکە دادەنرێت(٤٣). لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت بەپێی ئەو پرۆژەیە، لەهەرێمی کوردستانیش وەک وڵاتانی خۆرئاوا کار بەشێوازی دەرکردنی تازە دەکرێت بۆ دەرکردنی ڕۆژنامە، بۆ ئەم مەبەستەیش پەرلەمانی کوردستان لەدانیشتنی ژمارە (٣٣)ی ڕۆژی ٢٠٠٧/١٢/١١ پرۆژە یاساکەی پەسەندکرد، مادەی سێیەمی بڕگەی یەکەمی وەکو خۆی هێشتەوە، بەڵام بانگەوازەکەی لەڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی هەرێم کرد و بەدوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە،(٤٤) بەمەیش یاسای ڕۆژنامەگەری لەکوردستان ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ئامادەکرا، لەبەشی دووەمی یاساکەدا کەتایبەتە بەمەرجەکانی دەرچواندنی ڕۆژنامەو هەڵوەشاندنەوەی و وازلێهێنان، لەماددەی سێیەمدا بڕگەی یەکەمدا هاتووە: "خاوەن ئیمتیاز یان دامەزرێنەرەکەی ڕاگەیاندنێک لەدوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە لەهەرێمدا بڵاوبکاتەوە کە ناوو نازناوو ڕەگەزنامەو شوێنی نیشتەجێ بوونی خاوەن ئیمتیاز یاخود دامەزرێنەری ڕۆژنامەکەو ناوی ڕۆژنامەکەو ئەو زمانەی کەپێی بڵاودەکرێتەوە لەگەڵ ناوی سەرنووسەرو ماوەی دەرچوونەکەی تێدا بنووسرێ. ڕاگەیاندنەکەش بەبەیانی دەرچواندنی ڕۆژنامەکە دادەنرێت"(٤٥). هەروەها کۆی ماددەکانی کرد بە(١٥) مادە، کە لەپرۆژە یاساکە (١٤) مادە بوو، هەروەک پێشتر باسمان لێوەکرد، بەهۆی ئەوەی لەمادە (١٠) سزای دارایی قورس بەسەر ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامە سەپێنراوە بەجۆرێک ڕۆژنامەنووس بەبڕی (٣ تا ١٠) ملیۆن دینار سزادەدرێت، ڕۆژنامەکەیش بە(١٠ تا ٢٠) ملیۆن دینار سزا دەدرێت،(٤٦) بەزیادکردنی ئەم سزایە ناڕەزایی زۆری لێکەوتەوە، بۆیە سەرۆکی هەرێم ئامادە نەبوو ئیمزا لەسەر یاساکە بکات، بۆیە پێشتر گەڕێنرایەوە پەرلەمان بۆ گفتوگۆکردنی زیاتر لەبارەیەوە.

**ئەنجام**

١- ڕۆژنامە یەکێکە لەو ئامرازانەی کاریگەریی گەورەی لەسەر مرۆڤایەتی هەیە و توانای دروستکردنی ڕای گشتیشی هەیە، هەلێکی باش بۆ گواستنەوەی بیروڕاو گفتوگۆکردن لەنێوان تاک و پێکهاتەکانی کۆمەڵگا دەرەخسێنێت، بۆیە دەبینین دەسەڵات لەڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووس ترساوە.

٢- هەموو ئەو بۆچوون و تایبەتمەندییانەی کە ڕۆژنامە هەیەتی پێویستی بەیاسایەک هەیە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەکان لەژێر ڕۆشنایی ئەو یاسایە کارەکان ڕاپەڕێنن، بەجۆرێک دەسەڵاتی دیکتاتۆری دەیەوێت یاسایەک دەربکات لەبەرژەوەندیی دەسەڵاتەکەی خۆی بێت و هەموو کەسێک مافی دەرکردنی

رۆژنامەی نەبێت، بەپێچەوانەوەیش دەسەڵاتێک هەیە کە دەسەڵاتی لیبراڵەو ئەو مافە بەهەموو هاووڵاتیەک دەدات کە رۆژنامە دەربکات.

٣- بۆدەرکردنی رۆژنامە بەپێی تیۆرەکانی راگەیاندن گۆڕانی بەسەردا دێت، لەتیۆری دەسەڵات ئەوانەی مامەڵە لەگەڵ رۆژنامەنووسیدا دەکەن، دەبێت دەرکردنی رۆژنامە بەپێی رەزامەندیی دەسەڵات بێت، ئەگینا رێگە نادەن بەو رۆژنامانەی لەگەڵ سیاسەتی دەسەڵات یەکناگرنەوە بێنە ئاراوە، هەروەها لەتیۆری سۆسیالیستیشدا بەهەمان شێوەی تیۆری دەسەڵات دەبێت بۆ دەرکردنی رۆژنامە دەسەڵات رەزامەندی لەسەر نیشان بدات، ئینجا دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام لەتیۆری لیبراڵدا هەر کەسێک توانای دارایی هەبێت بۆی هەیە رۆژنامە دەربکات.

٤- بەپێی دەستووره نوێیەکان، بەتایبەتی دەستووری وڵاتانی خۆرئاوا، گرنگی زۆر بەئازادیی رۆژنامەنووسی و ئازادیی دەربڕینی بیروڕا دراوە، ئەگەرچی بەپێی یاساکانی زۆربەی وڵاتانی خۆرئاواو دیموکراتی بۆ هەموو کەسێک هەیە، ئازادیی دەرکردنی رۆژنامەی بۆ فەراهەمکراوە، بەڵام ئەم ئازادییە ئازادییەکی بەرپرسە، دەبێت پابەندی هەندێ دیسپلینی بنەڕەتی بێت کەپەیوەستە بەئاداب و ئاکاری گشتی و ئاشتی جیهان و پەیوەندیی نێودەوڵەتی.

٥- بەهۆی ئەوەی کوردستان بەشێک بووە لەعیراق، هەموو بڕیارو یاساکانی حکومەتی ناوەندی جێبەجێ کردووە، تەنانەت دوای راپەڕین و دانانی یاسای چاپەمەنیی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵێک بڕگەو ماددە کۆپیکراوی یاسای چاپەمەنی عیراق ژمارە (٢٠٦)ی ساڵی ١٩٦٨، بەمەیش بۆ دەرکردنی رۆژنامە مۆڵەتی پێشینە وەرگیراوە.

٦- ساڵی ٢٠٠٦، ساڵی ٢٠٠٦ سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، پرۆژەیەکی بۆ رۆژنامەنووسی پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کردووە، بۆ ئەم مەبەستەیش پەرلەمانی کوردستان لەدانیشتنی ژمارە (٣٣)ی لە٢٠٠٧/١٢/١١دا پرۆژە یاساکەی بەکۆمەڵێک دەستکارییەوە پەسەندکرد، بەپێی ئەم یاسایە بۆ دەرکردنی رۆژنامە پێویستی بەمۆڵەتی پێشینە نیە، بەڵکو تەنیا راگەیاندنێک لەدوو رۆژنامەی رۆژانەی هەرێم بڵاو دەکرێتەوە، ئەم راگەیاندنەیش بەبەیانی دەرچواندنی رۆژنامەکە دادەنرێت.

## پەراوێزەکان

1) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: تێگەیشتنی راستی و شوێنی لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، 1978، ل19.

2) برایمی مەلا: رۆژنامەگەری لەسەرەتای سەرهەڵدانەکانەوە تا چەرخی نوێکاری، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری- هەولێر، هەولێر، 1998، ل10.

*بۆ مێژووی دۆزینەوەی چاپ لەلایەن زانای ئەڵمانی **(گۆتنبێرگ)**ەوە بۆچوونی جیا هەیە، بۆ نموونە کەمال مەزهەر پێی وایە لەدەوروبەری ساڵی (1445) چاپ لەلایەن هەمان زاناوە دۆزراوەتەوە، بڕوانە: (د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل-25 26).

3) نەوشیروان مستەفا ئەمین: چەند لاپەڕەیەک لەمێژووی رۆژنامەنووسیی کوردی -1898 1918، بەرگی یەکەم، چاپ و ئۆفسێتی دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2001، ل8.

4) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل29.

5) د. فەرهاد پیربال: چەند باسێک مێژووی رۆژنامەنووسیی کوردییەوە، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2007، ل21.

6) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (نەوشیروان مستەفا ئەمین: چەند لاپەڕەیەک لەمێژووی رۆژنامەنووسیی کوردی، بەرگی یەکەم، 1898، بەرگی دووەم، -1918 1938، بەرگی سێیەم، -1938 1958).

7) أحمد حسين الصاوى: الصفحة الاولى، فى الصحف الامريكية مع دراسة لتطور الصفحة الاولى فى الصحف المصرية، رسالة دكتورا، غير منشورة، جامعة القاهرة، 1958، ص2.

8) شێرکۆ میرزا مەنگوڕی: ئاستەکانی یەکەم لاپەڕە لەرۆژنامەدا، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک، 2007، ل44. وەرگیراوە لە: **(د. سمی ذبيان: الصحافة اليومية والاعلام)**، دار المسيرة، بيروت، ط2، 1987، ص-151 153.

9) د. کەمال سەعدی: چوارچێوەی یاسایی ئازادیی

رۆژنامەگــەری لەکوردســتانی عیراقــدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنــەوەی دەزگای ئــاراس، هەولێــر، 2006، ل11، وەرگیراوە لە: **(رفائیل بطي: صحافة العراق، اعداد سـامي رفائيل بطي، بغداد، 1985، ص26)**.

10) هەڵگــەوت عەبدوڵــڵا: ئازادیــی رادەربڕیــن لەرۆژنامەنووسیی کورددا رەهانییە، بەڵکو بەرپرسیارێتییە، کوردستانی نوێ (رۆژنامە)، ژمارە (3956)، یەک شەممە 2006/4/30، ل8.

11) حەمــە کەریم عارف **(سەرپەرشــتیار)**: راگەیاندن لەپەراوێزی دەســەڵاتدا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر، هەولێر، 2001، ل17.

12) هێــرش رەســوڵ: رۆژنامــەی ئەهلی لەباشــوری کوردســتان (1994 – 2002)، چ1، ســلێمانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، 2006، ل16.

13) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: ســەرچاوەی پێشــوو، ل18.

14) حەمــە ســاڵح فەرهــادی: چەنــد لایەنێکــی رۆژنامەنووســیی کــوردی، چاپخانەی الحــوادث، بەغدا، 1988، ل8-9.

15) برایمی مەلا: سەرچاوەی پێشوو، ل12.

16) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: ســەرچاوەی پێشــوو، ل-38 39.

17) د. عبداللطيــف حمزە: ازمــە الضمير الصحفي، دار الفكر العربي، مصر، 1960، ص98.

18) د. زكي حســين الــوردي، عامر ابراهيــم قنديلجي: الاتصالات، مطابع التعليم العالي، بغداد، 1990، ص124.

19) نەوشــیروان مســتەفا ئەمین: سەرچاوەی پێشوو، ل12.

20) د. ســعدي محمــد الخطيــب: القيــود القانونية على حرية الصحافە، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت- لبنان، 2006، ص13.

21) نەوشــیروان مســتەفا ئەمین: سەرچاوەی پێشوو، ل13.

22) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (د. سعدى محمد الخطيب: العوائــق امام حرية الصحافة في العالم العربي، منشــورات الحلبي الحقوقية، بيروت- لبنان، 2008.

23) د. ماجــد راغــب الحلــو: حريــة الاعــلام والقانون، الناشر منشــاە المعارف بالاسكندرية، مطبعة عصام جابر، 2006، ص193.

24) د. سعدى محمد الخطيب:......، المصدر السابق، ص 76.

25) د. کەمال ســەعدی: چوارچێوەی یاساییی ئازادیی رۆژنامەگەری ....، ل80.

26) د. ســعدى محمــد الخطيــب: العوائــق امــام حرية الصحافة ......، المصدر السابق، ص 73.

27) د. عصــام ســليمان الموســي: المدخل في الاتصال الجماهيري، ط5، الاردن، 2003، ص81.

28) د. جابر جاد نصار: حرية الصحافة، الطبعة الثانية، دار النهضة العربية، 2004، ل-233 244.

29) د. ماجد راغب الحلو: المصدر السابق، ص 90.

30) د. کەمال ســەعدی: چوارچێوەی یاساییی ئازادیی رۆژنامەگەری ....، ل-77 78.

31) د. عبداللە إســماعيل البســتاني: المصدر الســابق، ص127.

32) د. ســعدي محمــد الخطيــب: العوائــق امــام حرية الصحافة ........، ص35.

33) د. کەمال ســەعدی: چوارچێوەی یاساییی ئازادیی رۆژنامەگەری ....، ل79.

34) د. ابراهيــم الداقوقي: قانــون الاعلام، مطبعة وزارة الاوقاف والشؤون الدينية، 1986، ص151.

35) د. عبداللە اســماعيل البســتاني: المصدر الســابق، ص127.

36) بڕوانــە: (مــاددەی پێنجــەم، یاســای چاپەمەنیــی هەرێمی کوردســتانی عیراق، کە ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کوردســتانی عیــراق بەبڕیــاری (24)، لــە1993/4/25 بڕیاری لەسەرداوە.

37) مــەم بورهــان قانــع: ئازادیــی رۆژنامەنووســیی لەیاســی چاپەمەنیی هەرێمی کوردستاندا، چاپخانەی راز، سلێمانی، 2001، ل69، 81.

38) د. عبداللە اســماعيل البســتاني: حريــە الصحافە- دراسە مقارنە، القاهرە، 1959 ص126.

39) د. کەمال ســەعدی: چوارچێوەی یاساییی ئازادیی رۆژنامەگەری ....، ل75.

40) بڕوانە: (یاســای چاپەمەنی عیراق، ژمارە (206)ی ساڵی 1968).

41) هێــرش رەســوڵ: ئازادیــی رادەربڕیــن لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا (1993 – 2007)، ماستەرنامە، بەشــی راگەیاندنــی کۆلێــژی زانســتە مرۆڤایەتییەکانــی زانکۆی سلێمانی، 2008، چاپ نەکراوە، ل100.

42) هێــرش رەســوڵ (کودیــدار): میدیا و دەســەڵات، چ1، ســلێمانی، لەکتێبە چاپکراوەکانی رۆژنامەی چاودێر، 2008، ل135.

43) بڕوانە: **(دەقی پرۆژەی یاسای کاری رۆژنامەنووسی لەکوردستان)**. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (الصحفي **(مجلة)**، العدد، 23)، 1 تشرين الثاني، 2006، ص7.

44) بڕوانــە: (مــادەی ســێیەم برگــەی (1) یاســای کاری رۆژنامەگریــی لەکوردســتاندا ســاڵی 2007). وەرگیراوە لە: http://perleman.org/files/articles/ pkyj35rojnmewany.pdf(15.1.2008).

45) بڕوانــە: (یاســای ژمــارە (35)ی ســاڵی 2007 یاســای کاری رۆژنامەنووســیی لەکوردســتاندا). وەرگیــراوە لــە: http://perleman.org/files/ 2009-6-articles/160908060839.pdf(13)

46) بڕوانە سایتی پەرلەمان بەم ناوونیشانە:
http://perleman.org/default.aspx?page=articles&c=News-Meetings&id=641

**سەرچاوەکان**

**یەکەم: کتێب**

**1 – کتێبەکوردییەکان:**

1) برایمــی مــەلا: رۆژنامەگــەری لەســەرەتای ســەرهەڵدانەکانەوە تــا چەرخــی نوێــکاری، چاپخانــەی

وەزارەتی رۆشنبیری- هەولێر، هەولێر، 1998.
2) حەمە سالح فەرهادی: چەند لایەنێکی رۆژنامەنووسیی کوردی، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، 1988.
3) حەمـە کەریم عـارف (سەرپەرشـتیار): راگەیاندن لەپەراوێزی دەسـەڵاتدا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر.
4) شـێرکۆ میرزا مەنگوڕی: ئاسـتەکانی یەکەم لاپەڕە لەرۆژنامەدا، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک، 2007.
5) فەرهـاد پیربـاڵ (دوکتۆر): چەند باسـێک مێژووی رۆژنامەنووسـیی کوردییـەوە، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2007.
6) کەمـال مەزهـەر ئەحمـەد (دوکتـۆر): تێگەیشـتنی راسـتی و شوێنی لەرۆژنامەنوسـیی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، 1978.
7) مەم بورهان قانع: ئازادیی رۆژنامەنووسیی لەباسی چاپەمەنیی هەرێمی کوردستاندا، چاپخانەی راز، سلێمانی، 2001.
8) نەوشـیروان مسـتەفا ئەمیـن: چەنـد لاپەڕەیـەک لەمێـژووی رۆژنامەنووسـیی کـوردی 1898- 1918، بەرگـی یەکـەم، چـاپ و ئۆفسـێتی دەزگای سـەردەم، سلێمانی، 2001.
9) چەند لاپەڕەیەک لەمێژووی رۆژنامەنووسیی کوردی 1918- 1938، بەرگی دووەم، سلێمانی، 2003.
10) چەنـد لاپەڕەیـەک لەمێـژووی رۆژنامەنووسـیی کـوردی 1938- 1958، بەرگی سـێیەم، بەشـی یەکەم، سلێمانی، 2004.
11) هێـرش رەسـوڵ: رۆژنامـەی ئەهلی لەباشـوری کوردسـتان (1994 - 2002)، چ1، سـلێمانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، 2006.
12) میدیا و دەسەڵات (کۆدیدار)، چ1، سلێمانی، لەکتێبە چاپکراوەکانی رۆژنامەی چاودێر، 2008، ل135.

**2 - کتێبە عەرەبییەکان:**
13) ابراهیم الداقوقـی (دوکتۆر): قانون الاعلام، مطبعة وزاره الاوقاف والشؤون الدينيه، 1986.
14) احمد حسين الصاوى: الصفحة الاولى، فى الصحف الامريكية مع دراسـة لتطور الصفحـة الاولى فى الصحف المصرية، رسـالە دكتـورا، غير منشـورة، جامعة القاهرة، 1958.
15) جابر جاد نصار (دوکتۆر): حريە الصحافة، الطبعة الثانية، دار النهضة العربية، 2004.
16) زكـى حسـين الـوردى (دوکتـۆر)، عامـر ابراهيم قنديلجـى: الاتصـالات، مطابـع التعليـم العالـي، بەغـداد، 1990.
17) سعدى محمد الخطيب (دوکتۆر): العوائق امام حرية الصحافـة فى العالم العربي، منشـورات الحلبـي الحقوقية، بيروت- لبنان، 2008.
18) القيـود القانونيـة على حرية الصحافة، منشـورات الحلبي الحقوقية، بيروت- لبنان، 2006.
19) عبداللـە اسـماعيل البسـتاني (دوکتـۆر): حريـە الصحافة- دراسە مقارنة، القاهرة، 1959.
20) عبداللطيف حمزە (دوکتۆر): ازمة الضمير الصحفي، دار الفكر العربي، مصر، 1960.
21) عصـام سـليمان الموسـى (دوکتـۆر): المدخل فى الاتصال الجماهيرى، گ5، الاردن، 2003.
22) ماجد راغب الحلو(دوکتۆر): حريە الاعلام والقانون، الناشر منشـاە المعارف بالاسكندريە، مگبعە عصام جابر، 2006.

**دووەم: گۆڤارو رۆژنامەکان:**
23) الصحفـي (مجلـة)، العدد، 23)، 1 تشـرين الثاني، 2006.
24) هەڵکـەوت عەبدوڵـڵا: ئازادیـی رادەربڕیـن لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا رەهانییە، بەڵکو بەرپرسیارێتییە، "کوردسـتانی نـوێ" (رۆژنامـە)، ژمـارە (3956)، یـەک شەممە 2006/4/30.
سێیەم: تێزی دکتۆرا و ماستەرنامە:
25) کەمال سـەعدی (دوکتۆر): چوارچێوەی یاسـاییی ئازادیـی رۆژنامەگـەری لەکوردسـتانی عێراقـدا، تێـزی دکتۆرا، چاپکراوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2006.
26) هێـرش رەسـوڵ: ئازادیـی رادەربڕیـن لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا (1993 - 2007)، ماستەرنامە، بەشـی راگەیاندنـی کۆلێـژی زانسـتە مرۆڤایەتییەکانـی زانکۆی سلێمانی، 2008، چاپ نەکراوە.
چوارەم: یاساکان:
27) یاسـای چاپەمەنی عیراق، ژمارە (206)ی سـاڵی 1968.
28) یاسـای چاپەمەنیی هەرێمی کوردسـتانی عیراق، ساڵی 1993.
29) پـرۆژەی یاسـای کاری رۆژنامەنووسـی لەکوردستان.
30) یاسـای کاری رۆژنامەگریی لەکوردسـتاندا ساڵی (2007.

پێنجەم: سەرچاوە ئەلکترۆنییەکان:
31) http://perleman.org/default.aspx?page=articles&c=News-Meetings&id=641
32) http:// perleman.org/files/ articles/ pkyj35rojnmewany.pdf(15.1.2008)
33) http:// perleman. org/files/ articles/160908060839.pdf

*** خوێندکاری ماستەر لەراگەیاندن**

# چەمک، بەها و رەگەزەکانی هەواڵ

نووسینی: د. نەعیم بەدیعی، د. حسێن قەندی
وەرگێڕانی: کارزان محەمەد

ئەو هەواڵەی کە لەڕێگەی ماس میدیاوە بە خەڵک دەگات، دەبێ دروست(١)، ڕوون(٢) و کامڵ(٣) بێت. ئەم چەمکانە دەبێ لە قۆناغی کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی ڕووداوێک تا قۆناغی خستنەڕووی لەبەرچاو بگیرێت.

***دروستی هەواڵ**

یەکێک لە بەرپرسیاریتییە گرنگەکانی میدیاکانی هەواڵ، خستنەڕووی زانیاری دروستە بۆ وەرگرەکان. دڵنیابوون لە دروستی بابەتەکان، لە پێداویستییەکانی پیشەی ڕۆژنامەوانییە. هەواڵنێر دەبێ ڕووداوەکە بەو چەشنەی کە ڕوویداوە، نەک بەوچەشنەی کە حەزی کردووە واڕووبدات، بیگەیەنێتە وەرگرەکان.

چاپکردنی بەدرۆخستنەوەکان(٤) لە ڕێگەی کەس و دامەزراوە دەوڵەتی و تایبەتییەکان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا نیشانەی بایەخ نەدانە بە ئامادەکردنی هەواڵێکی دروست یاخود کامڵ لەلایەن هەواڵنێر، سەرنووسەر یاخود هەر بەرپرسێکیترەوە. لە زۆربەی کاتەدا، بڵاوبوونەوەی بابەتە نادروستەکان دەربارەی کەسە ڕاستەقینە یاخود یاساییەکان لەوانەیە ڕۆژنامەکە ڕووبەڕووی کێشەی یاساییە بکاتەوە.

بڵاوبوونەوەی بابەتە نادروستەکان یا هەڵەکان دەبێتەمایەی کشانەوەی متمانەی خەڵک لە ڕۆژنامە، گۆڤار یا هەر میدیایەکیتری هەواڵ و ئەوان بەرەو ژێدەرەکانیتری هەواڵ ڕێنما دەکات. بەم پێیە، دەبێ بەتەواوەتی توێژینەوە دەربارەی ڕووداوێک بکرێت و زانیارییە بەدەستهاتووەکان لەگەڵ ژێدەرەکانیتردا بەراوردبکرێت. هیچ کاتێک نابێ **(دروستی هەواڵ)** بکرێتە قوربانی **(خێرایی بڵاوبوونەوە)**.

***ڕوونی هەواڵ**

نووسراوێکی هەواڵیانە دەبێ بە ڕاشکاویی و ڕوونییەوە بنووسرێت. ئەو هەواڵنێرەی کە هەواڵ لە ڕووداوێکەوە ئامادە دەکات، ئەگەر نەتوانێ زانیاریی خۆی بە زمانێکی سادە، زۆر ڕوون و بێ ئاڵۆزی بنووسێت، ناتوانێ لە کارەکەی خۆیدا سەرکەوتوو بێت. زاراوە یاسایی، تەکنیکی، پزیشکییەکان و.. دەبێ بەجۆرێک بنووسرێن کە تێگەیشتنی بابەتەکە بەلای هەموانەوە ئاسان بێت.

هۆکارگەلێکی جۆراوجۆر دەبنەمایەی ناڕوونی هەواڵ(٥) کە ژمارەیەکیان لەدەرەوەی دەسەڵاتی هەواڵنێر دایە.

لە دەستەی نووسەراندا، خێرایی تێپەڕبوونی کات، هەمیشە ڕۆژنامەنوسان دەخاتە ژێر فشارەوە. هونەری هەواڵنێری لەمەدایە کە بتوانێ زانیاری دروست لە کەمترین کاتدا بەدەست بهێنێت و بەباشترین شێواز

ئۆرگانیزەی بکات. ئەگەر بۆ نووسینی ڕووداوێکی هەواڵیانە دوو ڕۆژ یاخود پتر کات بەهەدەر بدرێت، دیارە کێشەگەلێکی کەمتری دەبێت.

گرنگترین هۆکار کە دەبێتەمایەی ناڕوونی هەواڵ، دروست پەی نەبردنە بە بابەتی هەواڵەکە لەلایەن هەواڵنێرەوە. ئەم کێشەیە دەکرێ بە شرۆڤەکردنی زیاتر، دووبارە پرسیارکردنەوە لە ژێدەری هەواڵەکە و خراپی لە تێگەیشتنی بابەتەکە نەهێڵدرێت.

لە ڕاستیدا ئەگەر هەواڵێک بە دروستی لەلایەن هەواڵنێرەوە پەی پێ ببرێت، هەواڵنێرەکە دەتوانێ ئەو هەواڵە بۆ وەرگرەکان بگوازێتەوە.

**هەواڵ دەبێ سەرتاپاگیرو کامڵ بێت و وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە لەلای وەرگرانی هەواڵ دێتەئارا**

**٭کامڵێتی هەواڵ**

هەواڵ دەبێ سەرتاپاگیرو کامڵ بێت و وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە لەلای وەرگرانی هەواڵ دێتەئارا. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ هەوڵ بدرێت بەشێوەیەکی کامڵ وەڵامی پرسیارەکانی پەیوەندیدار بە **(ڕەگەزەکانی هەواڵ)**(٦) بدرێتەوە.

هەواڵنێر بۆ کاملکردنی هەواڵ، وێڕای دۆزینەوەی **(ڕەگەزەکانی هەواڵ)** دەبێ وەڵامی پرسیارە لاوەکییەکانیش بداتەوە. بۆ ئەم مەبەستە هەواڵنێر دەبێ خۆی بخاتە جێگەی وەرگرەکانەوەو دوای ڕێکخستنی هەواڵەکە سەرلەنوێ هەڵیبسەنگێنێتەوە و وەڵامێکی گونجاو بۆ ئەو پرسیارانە بدۆزێتەوە کە بۆ خودی خۆی دێتەئارا. سوود وەرگرتن لە زانیاریی ئەرشیف(٧) و ئاماژەکردن بە زەمینەی پێشینەی هەواڵ(٨) لە زۆرینەی هەلومەرجەکاندا یارمەتییەکی شایستەی کامڵبوونی هەواڵ دەدات.

**هەواڵنێر دەبێ خۆی بخاتە جێگەی وەرگرەکانەوەو دوای ڕێکخستنی هەواڵەکە سەرلەنوێ هەڵیبسەنگێنێتەوەو وەڵامێکی گونجاو بۆ ئەو پرسیارانە بدۆزێتەوە کە بۆ خودی خۆی دێتەئارا**

**٭ناسینی هەواڵ: هەواڵ چییە؟**

ئەرکی میدیاکان لە گواستنەوەی هەواڵەکاندا، کەم و زۆر یەکسانەو یەکەمین ئەرکی چاپەمەنی گەڕانە بەدوای زانیاری و هەواڵەکان و گواستنەوەشیانە. بەڵام هەرشتێ لە جیهانی دەوروبەری ئێمەدا ڕوودەدات ئایا **(هەواڵ)**ە؟ یەکەمین قۆناغ لە پرۆسەی ئامادەکردن و ڕێکخستنی هەواڵدا ناسینییەتی. دەبێ هەواڵ بناسرێت و ئاگاداری کرۆکی بین.

**٭ئەو پێناسە جۆراوجۆرانەی کە لە ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە بۆ هەواڵ خراوەتەڕوو:**

-هەواڵ گەیاندنی واقیعییەتەکانە، بەڵام هەموو واقیعێک ناتوانرێ ناوی بنرێت هەواڵ.

-هەواڵ پەیامێکە کە ئەگەری ڕاستی و درۆی تێدایە.

-هەواڵ تەنها گەیاندنی ڕووداوە هەنووکەییەکان **(تازەکان)** نییە. لەوانەیە ڕووداوێک کە ساڵانێک لەمەوپێش ڕوویداوە، بە هاتنەئارای زانیاری نوێ بەهای هەواڵ پەیدا بکات. **(وەک**

هەواڵنامەی کتێب

**هەواڵەکانی پەیوەندیدار بە دۆزینەوەی شوێنەوارەکان، چالاکییە سیخوڕییەکان و...)**

-هەواڵ ڕووداوێکە کە بڕیارە ڕووبدات، بەڵام هێشتا ڕوونەداوە. **(وەک هەواڵی پەیوەندیدار بە گەشتە، دیدار، کۆنفرانسەکان و...)**

-ڕووداوێک کە بۆ کەسێک یاخود دەستەیەک **(بەهای هەواڵ)**[9]ی هەیە، لەوانەیە بۆ کەسێکیتر یاخود دەستەیەکی بێ بایەخ بێت.

لە زۆرینەی کتێبە ڕۆژنامەوانییەکاندا، بۆ ناسینی هەواڵ نموونەگەلێک بۆ ئەم پێناسانە لەگەڵ نموونەی:"ئەگەر کەسێک گاز لە سەگێک بگرێت هەواڵە، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر سەگێک گاز لە کەسێک بگرێت هەواڵ نییە" هێنراوەتەوە. زۆرینەی ئەم پێناسانە، هەروەک ئەم نموونەیە تەنیا پشتیان بەیەک ڕەهەندی هەواڵەکە بەستووە کە لەم نمونەیەدا **(پێکدادانی مرۆڤە لەگەڵ گیانلەبەردا)**. بە تێپەڕبوونی ساڵانێک بەسەر توێژینەوە لە زەمینەی هەواڵدا، هێشتا پرسیاری **(هەواڵ چییە؟)** هەر هەیە. بەڕواڵەت کێشە سەرەکییەکە، نەبوونی تیۆرێکی نکۆڵی لێنەکراو بووە کە بتوانێ هەواڵەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی بابەتە جۆراوجۆرەکانی وەک سیاسی، ئابووری، کلتوریی و...لەخۆبگرێت.

لەم دوو دەیەی ڕابردوودا، توێژینەوەی بەرفراوان لە بواری ناسینی کرۆکی هەواڵدا ئەنجام دراوەو بەرهەمی ئەم توێژینەوانە، هەواڵ لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکان و بەها جیاوازەکانەوە پێناس دەکەن.

***بەهاکانی هەواڵ**

هەر ڕۆژەی سەدان و ڕەنگە هەزاران ڕووداوی بچووک و مەزن لە گۆشەو کەنارەکانی جیهاندا ڕوودەدات، بەڵام ئەگەری ئامادەکردنی ڕاپۆرت دەربارەی هەموویان بوونی نییەو ژمارەیەکی زۆر لە ڕووداوەکانیش بەهای هەواڵیانەی پێویستیان بۆ ڕیپۆرتکردن و گواستنەوەیان بۆ وەرگرەکان نییە. بەم پێیە بۆ جیاکردنەوەی ئەمەی کە چ ڕووداوێک بەهای ئامادەکردنی ڕاپۆرتی هەیە، پێویستی بەو پێوەرانەیە کە بە یارمەتی ئەو پێوەرانەوە بتوانرێ ڕووداوەکان بنرخێندرێن و ڕاپۆرتێکی کامڵ لەو ڕووداوەوە بۆ وەرگرەکان ئامادە بکرێت. ئەم پێوەرانە کە بەتەنیا یاخود هەندێک جار بە ئاوێتەکردنیان لەگەڵ یەکتردا، ڕووداوێک دەهێننەئارا و لە کرۆکی خودی ڕووداوەکەدا هەن بە **(بەهاکانی هەواڵ)** ناودەبرێن.

گرنگی ناسینی بەهاکانی هەواڵ لەمەدایە کە دەتوانرێ هەم یارمەتی هەواڵنێر بدات لە ناسین و تێگەیشتنی هەواڵ **(دۆزینەوەی بیرۆکە)**دا، هەم لە ڕێکخستنی هەواڵدا یارمەتی بدات و هەم دەتوانرێ وەک کۆمەڵە پێوەرێک بۆ بەراوردکردن، نرخاندن و هەڵبژاردنی ڕووداوە ڕۆژانەییەکان **(لەڕووی دانانی ڕیزبەندی، جێگەیان لە لاپەڕەدا، ئەندازەی مانشێت و...هتد)** بەکاربهێنرێت.

**١-لەخۆگری**

ڕووداوێک کاتێ خاوەنی بەهای **(لەخۆگری)**[10] یە کە لە ساتی ئێستادا یاخود لە ئایندەدا کاریگەریی لەسەر ژمارەیەکی زۆری تاکەکانی کۆمەڵگا هەبێت. **(لەخۆگری)** ڕووداوێک لەوانەیە ببێتەمایەی قازانج یاخود زیانی **(چ ماددی یاخود مەعنەوی)** تاکەکانی کۆمەڵگا. **(لەخۆگری)** سەبارەت بە وەرگرەکانی میدیایەک ڕێژەییە. بۆ نموونە ڕۆژنامەیەکی گشتی کە کۆمەڵە وەرگرێکی لەهەموو چین وتوێژێکی کۆمەڵگادا هەیە، لەئاست دەستنشانکردن و هەڵبژاردنی هەواڵدا لەنێوان چەند ڕووداوێکدا بۆ وەرگرە جۆراوجۆرەکان، سروشتییە کە بەگوێرەی بەهای **(لەخۆگری)**، هەواڵێک هەڵدەبژێرێت کە گروپێکی پتری وەرگر لەخۆبگرێت.

**-بڕوانە ئەم نموونانەی خوارەوە:**

١-ناسنامەی گشت هاووڵاتیانی وڵات دەگۆڕدرێت.

٢-پزیشکان لە وەرگرتنی باجی دامەزراندنی چارەسەرگە بەخشران.

٣-سەرجەم چین وتوێژەکان بیمەی ناچاریانە دەکرێن.

٤-باجی چوونەدەرەوە لە وڵات بەڕێژەی (١٠٪) زیادی کرد.

بەگوێرەی بەهای هەواڵی لەخۆگری **(سەرتاپاگیری)** ئەو کاریگەرییەی کە لە هەواڵی ژمارە (١)دا بۆسەر گشت خەڵک هەیەتی، جێگەی گومان نییەو بەم شێوەبە هەواڵەکانی ژمارە (٢)، ژمارە (٣) و ژمارە (٤) لە ڕوانگەی (لەخۆگری)یەوە بەڕیز دەچنە پلەکانی دواترەوە.

هەواڵی یەکەم، سەرجەم تاکەکانی وڵات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەخۆدەگرێت، لەکاتێکدا کە هەواڵەکانی دواتر کۆمەڵە خەڵکێک بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو کۆمەڵە خەڵکێکیتر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەخۆدەگرێت، بێگومان بەهای (لەخۆگری) لە هەواڵی یەکەمدا پترە.

لەگەڵ ئەمەشدا لەبارەی میدیاکانەوە، دانانی بەرایی جیاوازە. میدیایەکی تایبەت بە پزیشکان هەواڵی ژمارە (٢) دەخاتە پلەی یەکەمەوە و ئۆرگانێکی چین وتوێژەکانیش هەواڵی ژمارە (٣). کەواتە لەکاتێکدا کە هەواڵێک بەشێوەیەکی ڕەها دەتوانرێ بەهای لەخۆگری بۆ کۆمەڵێک میدیا هەبێت، بەلای میدیاکانیترەوە ڕێژەییە. ئەم خاڵە لەوڕووەوە ئاماژەمان بۆ کرد کە هەر هەواڵنێرێک بەگوێرەی ستراتیژی میدیاو ئەو وەرگرانەی هەیەتی، دەبێ بەهای هەواڵی (لەخۆگری) هەڵبسەنگێنێت.

**٢-ناسراوێتی**

کەسە ڕاستەقینەو یاساییەکان و تەنانەت هەندێ لە شتەکان، هەرکاتێ بەهۆی چالاکییەکان و ناسراوێتیانەوە لە کۆمەڵگای میللی و پۆست میللی ناسراو بن، بەهای هەواڵیانەیان هەیە.

ناسراوێتی[١١] لەوانەیە هەندێک جار مانای نەرێنی یاخود نەرێنی هەبێت. کەسەکان و ناوەندەکانی کۆمەڵگا و هەندێ لە شتەکان و بەشێوەیەکی کورت گیاندارو بێ گیان لە ناسراوێتیدا یەکسان نین، لەبەر ئەم هۆیە بەهای هەواڵی یەکسانیشیان نییە، کەسایەتییە مەزهەبی، سیاسی، کلتوریی، کۆمەڵایەتییەکان لەلایەکەوەو بێگیان و چەقبەستوو لەلایەکیترەوە یاخود دامەزراوەکان و بەڕێوەبەرایەتییە تایبەتی و دەوڵەتییەکان کە بەهۆی کارەکانیانەوە یاخود خزمەتەکانیانەوە لەناو خەڵکدا ناسرا بن، ئەم ڕەهەندی هەواڵییە لەخۆدەگرن. مردنی کەسێکی ئاسایی لەگەڵ کۆچی دوایی کەسێکی ناسراو بەهایەکی هەواڵیانەی یەکسانیان نییە. بینایەکی دێرین و بەناوبانگ و وەک نیشانەیەک لە شارێک یاخود وڵاتێکدا لەگەڵ ماڵێکی ئاسایی لە شار یا گوندێکدا لەڕوانگەی بەهای هەواڵییەوە جیاوازییەکی زۆریان هەیە. بەم پێیە بەهای ناسراوێتی لەبارەی گیانلەبەرو بێ گیانەوە بەگوێرەی ناسراوبوونی لای کۆمەڵگای میللی یاخود جیهانی، دەستنیشان دەکرێت و دەنرخێندرێت.

*بنۆڕە ئەم نموونانە:

١-وەزیری پیشەسازی سبەی بۆ ئەڵمانیا دەچێت.

٢-سەرۆک کۆمار بۆ ئەڵمانیا دەچێت.

٣-مامۆستایەک لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە گیانی سپارد.

لەم سێ نموونەیەدا بەهای ناسراوێتی دەردەکەوێت، بەپێی بەراورد لە دوو نموونەی یەکەمدا گەشتی وەزیری پیشەسازی و گەشتی سەرۆک کۆمار لە ڕوانگەی پلەوپایەوە بەدڵنیاییەوە سەرۆک کۆمار ناسراوییەکی زیاتری هەیە.

*نموونە:

١-بورجی ئیڤڵ بەرەو خراپ بوون دەچێت.

٢-بینایەک لە شەقامی پیرەمێرد بەرەو خراپ بوون دەچێت.

لەم نموونانەدا ناوبانگی بورجی ئیڤڵ وەک نیشانەی شاری پاریس بەهایەکی هەواڵیانە دەداتە هەواڵەکە، لەکاتێکدا کە بینایەک لە شەقامی پیرەمێرد بەهای ناسراوێتی تێدانییە.

**٣-پێکدادانەکان، ناکۆکییەکان، شەڕەکان، کێشمەکێشمەکان:**

ئەم جۆرە ڕووداوانە پێکدادان[١٢] (ناکۆکی، کێشمەکێش یا شەڕ)ی نێوان کەس، دەستە، میللەت و گیانلەبەران لەگەڵ یەکتر لەناو سروشتدا لەخۆگرێت. پێکدادان لەوانەیە

هەواڵنامەی کتێب

بەشێوەی جەستەیی **(فیزیکی)**[١٣] یا فکریی و ئایدۆلۆژی[١٤] بێت. ئەگەر کەسێک گومانی لە گرنگی ئەم ڕەهەندەی هەواڵ هەیە، پێویستە سەرنجێک بداتە رۆژنامەکان. هەر رۆژەی دەیان راپۆرت کە ئەم ڕەهەندە هەواڵیە لەخۆگرێت **(بە تەنیا یا بە ئاوێتەکردنیان لەگەڵ بەهاکانیتری هەواڵدا)** لە رۆژنامەکاندا چاپ دەکرێت. هەواڵەکانی دزین، کوشتن، تاوانی ڕووداوەکان، لافاو، بومەلەرزە، جەنگ، مانگرتن، گەندەڵی، مشتومڕە سیاسییەکان، خۆپیشاندان و...نموونەگەلێکن لەو ڕووداوانەی کە هۆکاری پێکدادان، ناکۆکی یاخود شەڕیان تیادایە. هۆکاری گرنگی ئەم بەهای هەواڵییە لەمەدایە کە لە پێکدادانەکاندا، هەمیشە ئەگەری تێکچوونی هاوسەنگی ئێستای کۆمەڵگادا لێدەکرێت کە کاریگەریی لەسەر ئاسایشی ماددی و مەعنەوی تاکەکان هەیە. هەروەها لەوانەیە پێکدادان ئەرێکی بێت وەک ململانێ وەرزشییەکان یاخود ململانێی تێڕوانین و بیروباوەڕەکان یاخود نەرێنێ بێت وەک جەنگ و شەڕو پێکدادانەکان.

*__نموونەکان__:

١-خۆپیشاندانە خوێندکارییەکان سەرتاسەری کۆریای باشووری گرتەوە

٢-نازییە نوێیەکان، ئۆردوگای پەنابەرە بێگانەکانیان سووتاند

٣-پێکدادانی دوو شەمەندەفەر (١٠٠) کوژراوی لێکەوتەوە

٤-بومەلەرزە لە تورکیا (٢٠) هەزار کەسی کوشت

٥-ململانێی پارتە سیاسییەکان لە لێواری هەڵبژاردنەکاندا توند دەبن

**٤-جیاوکەکان، سەرسوڕهێنەرەکان:**

ڕووداوە نائاسایی، جیاوک، سەرسوڕهێنەر[١٥] یاخود دەگمەنەکانە. هەندێک جار، ئەم ڕووداوانە بەپێچەوانەی پێشبینی یاخود چاوەڕوانییەوە ڕوودەدات. دزی نائاساییە، بەڵام سەرسوڕهێنەر نییە، لەوانەیە چۆنییەتی دزییەکە سەرسوڕهێنەر بێت، داهێنانەکان و دۆزینەوەکان دەتوانرێ وەک نموونەگەلێک بۆ ئەو ڕووداوانە ناوببرێت کە خاوەنی ئەم بەها هەواڵییەن.

*نموونەکان

شارباژێڕ- ئاژانسی هەرێمی کوردستان: ژنێکی تەمەن (٩٠) ساڵ لەناوچەی شارباژێڕی پارێزگای سلێمانی لە منداڵبوونێکی سروشتیدا، کۆرپەلەیەکی کچی هێنایە دنیا. **(باجی هەمین)**ی تەمەن (٩٠) ساڵ خاوەنی (٣٠) منداڵ و نەوەیەو هاوسەرەکەی (٩٢) ساڵە.

هەولێر- ئاژانسی هەرێمی کوردستان: پسپۆڕانی کۆلێژی پزیشکی زانکۆی سەلاحەدین ڕایانگەیاند کە هەوکردنە توند

**مردنی کەسێکی ئاسایی لەگەڵ کۆچی دوایی کەسێکی ناسراو بەهایەکی هەواڵیانەی یەکسانیان نییە. بینایەکی دێرین و بەناوبانگ و وەک نیشانەیەک لە شارێک یاخود وڵاتێکدا لەگەڵ ماڵێکی ئاسایی لە شار یا گوندێکدا لەڕوانگەی بەهای هەواڵییەوە جیاوازییەکی زۆریان هەیە**

و ڤایرۆسییەکان، هاوشێوەی ئەوانەی کە دەبنەمایەی هەڵامەتی توند، لەوانەیە ڕۆڵی لە سەکتەی دڵیشدا هەبێت.

هۆکاری گرنگی: سەرنجڕاکێشبوونی ڕووداوەکە، جوڵاندنی هەستی بەدواداگەڕان لە وەرگرەکاندا.

* **نموونەگەلێکیتر:**

١-ژنێک لە ئوستراليا (١٢) کۆرپەلەی لەسکدایە.

٢-هەزاران بۆق هێرشیان کردەسەر گوندەکانی نەهاوەند.

٣-شوێنەوارناسانی ئەمریکا ڕایانگەیاند ئێسکەپەیکەری دایناسورەکانی پەیوەندیدار بە (١٤٠) میلیۆن ساڵ لەمەوپێش لە خۆرئاوای ئەو وڵاتەدا دۆزرانەوە.

٤-ماڵێک لەشێوەی ڕۆمیدا کە پڕە لە کۆمەڵێک کەلوپەلی نانخواردن لەژێر بورجی بیزا لە ئیتاڵیا دۆزرایەوە.

٥-ژمارەی منداڵانی گوندنشینێک لە تورکیا گەیشتە (٤٠) کەس.

**٥-مەزنێتی[١٦] و فراوانی ژمارەو بڕ**

ئەم بەهای هەواڵییە پەیوەستە بە ژمارەو ئامارەوە. ژمارە لەوانەیە ژمارەی کەس یاخود ڕێژەی زیانە گیانی و داراییەکان بێت.

هەتاوەکو ژمارە یاخود بڕ زیاتر بێت، گرنگی ئەم بەهای هەواڵییە پتر دەبێت. ئەگەر لە ڕووداوێکی ئۆتۆمبێلدا (٥٠) کەس بکوژرێن، بەها هەواڵییەکەی شیاوی بەراورد کردن نییە لەگەڵ ڕووداوێکدا کە دوو کەسی تیادا کوژرابێت. دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە گرنگی ژمارەو ئامار ڕێژەییەو وابەستە بە بابەتی ڕووداوەکەوە.

***نموونەکان:**

١-گەردەلولی ئەندرۆ لە فیلادلفیا یەک ملیارد دۆلار زیانی هەبوو.

٢- ٧٠ کەس لە پێکدادانی دوو ئۆتۆمبێلیکی نەفەرهەڵگردا کوژران.

٣-هەڵاوسان لە بەرازیل گەیشتە ڕێژەی (٣٠٠٪).

٤-تیپی تۆپی پێی بەرازیل (١٢) گۆڵی لە تیپی بەریتانیا کرد.

٥-دوو ملیۆن کورد لە پشووەکانی کۆتایی هەفتەدا لە شار چوونەدەرەوە.

**٦-نزیکایەتی**

بەهەمان شێوەی کە ڕووداوێک بەلای کەسێکەوە هەواڵە، لەوانەیە بۆ کەسێکیتر هەواڵ نەبێت، ئەو ڕووداوانەی کە بۆ خەڵکی شارێک هەواڵە، لەوانەیە بۆ شارێکیتر بەهایەکی یەکسانی هەواڵی نەبێت. **(نزیکایەتی)**[١٧] دەکرێ بەدوو شێوە بەهای هەواڵیانەی بۆ وەرگرەکانی هەبێت: نزیکایەتی جیۆگرافی[١٨] و نزیکایەتی مەعنەوی[١٩].

وەرگرەکان لە پلەی یەکەمدا حەز دەکەن زانیاری دەربارەی ئەو ڕووداوانەی شار یاخود وڵاتێک وەربگرن کە تیایدا دەژین، پاشان وڵاتانیتر. لە ڕەهەندی ئەم بەهاهەواڵییەوە، هەتاوەکو مەودای ڕووداوەکە لەو شارە دووورتربێت کە وەرگرەکان تیایدا دەژین، ئەوا ڕەهەندی بەهاهەواڵییەکەی کەمترە. ئەگەر دزییەک لە دراوسێی ماڵی کەسێکدا ڕوویدات، ئەم ڕووداوە بۆ ئەم کەسە بەهای هەواڵیانەی زۆرتری هەیە لە هاوشێوەی ئەم دزییە کە لە وڵاتێکی دوورەدەستی وەک مەکسیک ڕوویدابێت.

ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە مەیدانی بەهاکانی هەواڵدا ئەنجام دراوە، نیشانی دەدات کە ڕەهەندی نزیکایەتی مەعنەویی لە زۆرینەی بوارەکاندا ئەگەر بۆ وەرگر بەهایەکی هەواڵی زیاتری بەبەراورد لەگەڵ نزیکایەتی جیۆگرافیدا نەبێت، ئەوا بەهایەکی هەواڵیانەی کەمتریشی نییە. ئەم بابەتە لەکاتێکدایە کە ڕووداوەکە بەهای هەواڵیانەیتریشی هەبێت. چالاکییە کوردییەکان یا بەرپرسە کوردستانییەکان لە دەرەوەی وڵات، لە زۆرینەی بوارەکاندا دەکرێ ڕەهەندێکی نزیکایەتی مەعنەویی بۆ وەرگرێکی کورد بهێنێتەئارا.

***نموونەکان:** (**نزیکایەتی جیۆگرافیایی**)

١-گەورەترین بەنداوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر ڕووباری زێی گەورە دروست دەکرێت.

٢-پارێزگاری نوێی سلێمانی داندرا.
٣-سەرۆکی شارەوانی دەستی لەکارکێشایەوە.
*نموونەکان: (نزیکایەتی مەعنەوی)
١-بیرمەندێکی کورد لە فەرەنسا، بووە پیاوی زانستی ساڵ.
٢-کوردەکانی نیشتەجێی ئەڵمانیا لە تەنگژەی داراییدا دەژین.
٣-گیانی کوردەکان لە تورکیا لەمەترسیدایە.

**٧-کات یاخود تازەیی ڕووداو**

کاتی ڕوودان یاخود تازەیی ڕووداو[٢٠] بەهایەکی تایبەتی بە بابەتی هەواڵەکە دەبەخشێت. ئەو ڕووداوەی کە ئەمڕۆ ڕوویداوە، ئەگەر ئەمڕۆ ڕانەگەیەندرێت، لەڕووی کاری ڕۆژنامەوانییەوە، چۆتە مێژووەوە.

لەڕوانگەی گواستنەوەی پەیامە هەواڵییەکانەوە، میدیاکان هەمیشە لەگەڵ یەکتردا سەرقاڵی ململانێن. ئەگەر هەواڵی ڕووداوێک لەکاتی خۆیدا بڵاونەبێتەوە، خوێنەر ڕوودەکەنە سەرچاوە هەواڵییەکانیتر و **(پێداویستی هەواڵ)**ی خۆیان لەم سەرچاوانەوە دابین دەکەن:

**میدیاکان هەمیشە لەگەڵ یەکتردا سەرقاڵی ململانێن. ئەگەر هەواڵی ڕووداوێک لەکاتی خۆیدا بڵاونەبێتەوە، خوێنەر ڕوودەکەنە سەرچاوە هەواڵییەکانیتر و (پێداویستی هەواڵ)ی خۆیان لەم سەرچاوانەوە دابین دەکەن**

وەزارەتی تەندروستی و داودەرمان و فێرکاریی پزیشکی، ساڵی ڕابردوو لە ڕاگەیاندنامەیەکدا واتەواتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کولێرای لە وڵاتەکەدا بەدرۆخستەوە

وادابنێ ئەمڕۆ ئەم هەواڵە لە میدیایەکدا بڵاوببێتەوە، ئەم هەواڵە بابەتێکی گرنگی بە بەهاکانی **(لەخۆگری)**، **(پێکدادان)**و **(ناسراویتی)**ەوە داخاتەڕوو، بەڵام لەبەرئەوەی کۆنە و تازەیی خۆی لەدەست داوە، بەبێ بەهایی هەواڵ هەژمار دەکرێت. هەنووکە لەبری **(ساڵی ڕابردوو)** زاراوەی (ئەمڕۆ) لەهەواڵەکەدا دابنێ و دووبارە بیخوێنەرەوە:

وەزارەتی تەندروستی و داودەرمانی پزیشکی، ئەمڕۆ لە ڕاگەیاندنامەیەکدا واتەواتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کولێرای لە وڵاتەکەدا بەدرۆخستەوە

ئەوەی لێرەدا خرایەڕوو، دەتوانرێ بەهاکان و پێوەرەکانیتریشی بۆ زیاد بکرێت، بەڵام لێکۆڵینەوە بەردەستەکان نیشانی دەدەن کە بۆ ناسین و نرخاندنی ڕووداوێک، بەها هەواڵییە ناوبراوەکان لەناو ڕۆژنامەنوساندا گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

ئەم خاڵەش دەبێ لەبەرچاو بگیرێت کە هەر ڕووداوێک لەوانەیە لەخۆگری ئاوێتەیەک لە بەهاکانی هەواڵ بێت و ئاستەکەی لەهەر ڕووداوێکدا ڕێژەیی و جیاوازە.

***ڕەگەزەکانی هەواڵ**

لە ڕێکخستنی هەواڵدا، ناسینی ڕەگەزەکانی هەواڵ بنەما سەرەکییەکەیەتی. بەبێ ناسینی ڕەگەزەکانی هەواڵ، کاری

ڕێکخستنی هەواڵ نەک تەنیا ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە بەڵکو لەکاتی ڕێکخستنەکەشدا نارِوونی هەواڵەکە بەشێوەیەکی بەرجەستە دەردەکەوێت و هەواڵنێر ناتوانێ سەرنجراکێشێتی هەواڵەکە بەشێوەیەکی دروست بۆ وەرگرەکان بخاتەڕوو. ناسینی ڕەگەزەکانی هەواڵ یاریدەی هەواڵنێر دەدات کە چۆن بەرلە نووسین و ڕێکخستنی هەواڵ، بەشێوەیەکی کاریگەر سوود لەو زانیارییە وەربگرێت کە لەبەردەستیدایەتی.

هەواڵنێر بەم ئاگاداربوون و زانینە، ئەوە دەستنیشان دەکات کە کام زانیاری و ئاگاداری بەدەستهێنراو، گرنگییەکەی پترەو کامیان گرنگییەکی کەمتریان هەیەو باشترین گۆشەنیگا کامەیە کە دەتوانرێ هەواڵەکەی پێبنووسرێت.

ڕەگەزەکانی هەواڵ (کێ؟[٢١] لەکوێ؟[٢٢] کەی؟[٢٣] چی؟[٢٤] بۆچی؟[٢٥] چۆن؟[٢٦] و بەهاکانی هەواڵ:**(ناوبانگ، لەخۆگری، تازەیی، نزیکایەتی، فرەیی، پێکدادان، سەرسوڕهێنەریی)** دەتوانن بۆ نووسین و ڕێکخستنی هەواڵ یارمەتی هەواڵنێر بدەن.

***کێ؟**

ڕۆژنامەنووس پێویستە بەوردیی بزانێت کە چ کەسێک، چ کەسانێک یاخود چ شتێ دەستیان لە پەیدابوونی ڕووداوەکەدا هەیە. واپێویستە ناو، ناوی خێزانی تەواو و ئەو زانیارییانەی کە یارمەتی وەرگرەکان بۆ ناسینەوەیان دەدات بۆ کاملکردنی هەواڵەکە، کۆبکرێتەوەو بیخەنەڕوو.

هەواڵنێر دەبێ ئەوە دیاری بکات کە ئایا پێویستە ناوی کەسەکە لە پەرەگرافی یەکەمی هەواڵ **(لید)** بوترێت یاخود تەنیا ناوهێنانی پلە یاخود پێگەکەی بەسە. زۆربەی کات، ناوی کەسەکە پێویست نییە. ناوهێنانی کەسەکە لە پەرەگرافی یەکەمی هەواڵ **(لید)**ەکەدا لەکاتێکدا پێویستە کە زۆرینەی خوێنەرانی ڕۆژنامەی وەرگرەکانیتری میدیاکانی هەواڵ بە خوێندنەوەو بیستنی ناوی کەسەکە **(ناوبانگییەکەی)** بتوانن قیافەو شێوەی کەسەکە لە زەینی خۆیاندا بەرجەستە بکەن. ناوهێنانی کورتکراوەی کەسە ڕاستەقینەکان تەنیا یەک جار لە هەواڵدا پێویستە.

ڕەگەزی **(کێ)** بەهەمان شێوەی کە لە باسی بەهاکانی هەواڵدا **(ناوبانگ)** وترا، تەنیا گیانلەبەر ناگرێتەوە بەڵکو بێ گیانیش لەخۆدەگرێت. لە ڕاستیدا ڕەگەزی **(کێ)** بەمانای **(چ کەسێ)** یاخود **(چ شتێ)** دێت، هەندێک جار ڕستەی هەواڵیانە بەشێوەیەکی زانراو یاخود بەشێوەیەکی نەزانراو دەنووسرێت. بەپێی دەستوری زمانی فارسی بکەر لە ڕستەدا دەکرێ بێ گیان بێت، واتا ناوەکە لە دۆخی بکەردا بێت. وەک ئەمەی کە بڵێین **(خوێندنگاکان کرانەوە)** لێرەدا **(خوێندنگاکان)** بکەری ڕستەکە

"

**ناسینی ڕەگەزەکانی هەواڵ یاریدەی هەواڵنێر دەدات کە چۆن بەرلە نووسین و ڕێکخستنی هەواڵ، بەشێوەیەکی کاریگەر سوود لەو زانیارییە وەربگرێت کە لەبەردەستیدایەتی**

"

یاخود ڕەگەزی (کێ)یە لە هەواڵەکەدا.

**نموونە: کێ (چ کەسێک) (کەسە ڕاستەقینەکان)**

١-چوار هەزار منداڵ لە ساڵی ڕابردووی زایینیدا بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی جۆراوجۆر لە دادگاکانی تورکیا دادگایی کران.

٢-وەزیرانی ژینگەی وڵاتانی ئەوروپایی لە کۆبوونەوەکانی ئەم هەفتەیەی خۆیاندا، بڕیاریان دا بەرهەمهێنان و بەکاربردنی ئەو گازانە ڕابوەستێنن کە دەبنەمایەی زیانگەیاندن بە چینی ئۆزۆن.

٣-ئیمپراتۆری یابان بەبۆنەی چلوحەوتەمین ساڵڕۆژی کۆتای هاتنی جەنگی جیهانی دووەم بەبڵاوکردنەوەی پەیامێک، یادی قوربانیانی ئەم جەنگەی بەرز ڕاگرت.

٤- فەرمانبەرانی هۆبەی زانیاری سلێمانی، سێ کەسیان بەتۆمەتی کوشتن و بەشداریی لە شەڕێکی بەکۆمەڵدا، دەستگیر کرد.

٥-سەرۆک کۆماری هیندستان لە دیدارێکدا لەگەڵ بەرپرسانی سوریا، خوازیاری زیادکردنی ژمارەی ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی دامەزراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بوو لە قارەی ئاسیادا.

**نموونە: کێ (چ کەسێک) (کەسە یاساییەکان)**

١-ئەندەنۆسیا سەرقاڵی شرۆڤەی کرینی موشەکە سکۆتەکانی ڕووسیایە لەپێناو بەهێزکردنی سوپای وڵاتەکەی.

٢-ئەنجومەنی کوردانی بەریتانیا ڕەخنەی لە سیاسەتە ڕەگەزپەرستییەکانی دەوڵەتی ئەم وڵاتە دژ بە کورد گرت.

٣-تیپی تۆپی پێی بەغداد لە چوارچێوەی پێشبڕکێکانی یانەکانی وڵاتدا، لەگەڵ تیپی یانەی سلێمانی بەئەنجامی یەک بە هیچ دۆڕا.

٤-سێ کۆمپانیای کۆمپیوتەریی ئەمریکا بەشێوەیەکی هاوبەش کۆمپیوتەرێکی نوێیان خستەبازاڕەوە کە لە بەرانبەر مۆدیلە باوەکاندا، خێراییەکی پتری لە کارکردندا هەیە.

٥- وەزارەتی کشتوکاڵ بڕیارە نوێیەکانی بۆ سپاردنی زەوییە بەیارەکان بە جوتیاران دارشت.

بەهەمان شێوەی کە ئاماژەی بۆ کرا، ڕەگەزی **(کێ)** تەنیا کەسە ڕاستەقینەو یاساییەکان وەک بکەری ڕووداوەکان ناگرێتەخۆی، بەڵکو ڕەگەزی **(کێ)** شتومەک و بەشێوەیەکی گشتی بێڕۆحیش لەخۆدەگرێت.

**نموونە: کێ (چ شتێ؟)**

١-نەخشەیەکی دێرینی کوردستان کە ماوەیەک لەمەوپێش دزرا بوو، لە فرۆشگایەکی کۆنەفرۆشیدا دۆزرایەوە.

٢-سیمیناری شرۆڤەکردنی مەسەلە ڕۆژنامەنووسییەکانی بەمەبەستی چارەسەری کێشەکانی ڕۆژنامەنوسان، ئەمڕۆ بەوتاردانێکی وەزیری ڕۆشنبیری لە ئوتێل پالاس کرایەوە.

٣-شەمەندەفەری هەڵگری ماددە سوتەمەنییەکان لە ڕێگەی دیمەشق- قامیشلی لە ڕێڕەوی خۆی لای دا.

٤-فڕۆکەیەکی گەشتبەر بە (١١٦) سەرنشینەوە لە کەنارەکانی ئیمارات کەوتەخوارەوەو (٦٠) کەس لە سەرنشینەکانی کوژران.

٥-شەرەفنامەیەکی دەستنووسی سەردەمی سەدەی هەژدەیەم لە مۆزەخانەی کوردستان نمایش کرا.

*** لەکوێ**

بەهەمان شێوەی کە لەبارەی بەهای نزیکایەتی **(جیۆگرافیایی- مەعنەوی)** وترا، شوێنی ڕوودان کاریگەریی لە بەخشینی بەها بە هەواڵەکە هەیە. زۆربەی کات، ڕووداوێکی شار یاخود وڵاتێک بەبەراورد لەگەڵ هەواڵێکی دەرەکی بۆ خوێنەر بەهایەکی هەواڵیانەی زیاتری هەیە. بۆ پتر ناسینی ئەم ڕەگەزە، ڕێنمایت دەکەین سەرلەنوێ ئەو بابەتەی دەربارەی **(نزیکایەتی)**یە، بیخوێنیتەوە.

بەهەرحاڵ شوێنی ڕوودانی ڕووداوێک، دەکرێ بە شێوەی جۆراوجۆر بنووسرێت:

-لە دەستپێکی هەواڵدا: **(کاتێک شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکەو ناردنی هەواڵەکە یەکێک بێت)**

**نموونە:**

پشدەر (**کوردستان**)- ئاژانسی هەرێمی کوردستان: بەڕێوەبەرانی خوێندنگا سەرەتاییەکانی پشدەرو دەوروبەری، بەمەبەستی زیادکردنی موچە، باشترکردنی بارودۆخی ژیان، کەمکردنەوەی کاتژمێری کارو سوودوەرگرتن لە وانەبێژییە تایبەتییەکان لە ئەمڕۆوە دەستیان بە مانگرتن کرد.

نمونە: سلێمانی، ڕادیۆی نەوا: پرۆژەی گەیاندنی کارەبای گوندی کانی پانکە بە بڕی نزیکەی (٤) ملیۆن دینار کۆتایی هات و خرایەگەڕ.

لەڕووداوەکانی شاردا، ناوهێنانی شوێنی ڕووداوەکە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، بەم پێیە دەبێ بەڕوونی شوێنەکە بخرێتەڕوو.

نموونە:

سلێمانی- کەناڵی کوردسات: تەقینەوەی بۆمبێک لە نزیک مادۆناڵ لە شەقامی سالم چوار کوژراو و (١٥) بریندراری لێکەوتەوە.

***کەی (کات)**

لە بەهاکانی هەواڵدا، کات یا تازەیی ڕووداو گرنگییەکی تایبەتی هەیە. ئامادەکردنی هەواڵ لە ڕووداوەکانی ڕۆژەوە یاخود لە ڕووداوەکانی ڕابردووەوە کە تازە بڵاودەبنەوە یا بە گۆشەنیگایەکی نوێترەوە دەخرێتەڕوو، بەشێکە لە کاری ڕۆژانەی هەواڵنێران.

ئەگەر کاتی ڕوودانی ڕووداوەکە شیاوی بایەخ بوو، هەواڵنێر دەبێ تازەیی هەواڵەکە لەهەمان سەرەتای هەواڵەکەوە بخاتەڕوو. لەو هەلومەرجانەدا کە ماوەیەک بەسەر ڕوودانی ڕووداوەکەدا تێپەڕیوە یا هۆکاری کات هێندە گرنگ نەبێت، ناوهێنانی کاتی ڕووداوەکە دەتوانرێ لە سەرەتای هەواڵەدا فەرامۆش بکرێت.

**نموونە(١):**

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر ئەمڕۆ ڕایگەیاند ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی کۆتایی خوێندکارانی پۆلی چوار، یەک هەفتە دواکەوتووە.

**نموونە (٢):**

پێکدادانی ئۆتۆمبێلێک لەگەڵ لۆرییەکی بارهەڵگری ماددە سووتەمەنییەکان لە یەکتربڕی شەقامی سەرچنار ڕۆژی ڕابردوو چوار کوژراو و سێ بریندراری لێکەوتەوە.

**نموونەی (٣):**

هەفتەی ئایندە وادەی تاقیکردنەوەی بەکالۆریای سەرتاسەری لەلایەن ڕۆژنامە پرتیراژەکانەوە ڕادەگەیەندرێت.

**نموونە (٤):**

ساڵی ئایندە سیستەمی فێرکردنی خوێندنگاکان لە قوناغی سەرەتایی و ناوەندی بەشێوەی ساڵێکی یەکگرتوو دەگۆڕدرێت.

**نموونەی (٥):**

سەدەی ئێستا لەلایەن دامەزراوەی لێکۆڵینەوەی سیاسی لە ئەوروپا وەک سەدەی گرژی و شەڕ ناوزەد کرا.

**نموونەی (٦):**

کاتژمێر (٨،٣٥،٤١)ی سپێدەی ڕۆژی سێشەممە (سبەی) ساڵی نوێی خۆری دەگۆڕدرێت.

***چی؟**

لە هەواڵنوسیندا ڕەگەزی (**چی**) پەیوەندیدارە بە (کرۆک و چییەتی)ی ڕووداوەکەوە جا کارەکە ڕوویدابێت یاخود ئەنجام نەدرابێت.

(**چی**) لەوانەیە بریتی بێت لە ڕووداوێکی ئۆتۆمبێل، ئاگرکەوتنەوە، دانان یاخود لابردنی پرۆژەیاسایەک، کردنەوەی کارگەیەک، گەشت و هەرشتێک پەیوەندیدار بێ بە کرۆک یاخود چییەتی ڕووداوێکەوە.

(**چی**) بەگشتی ئەگەر لە دەستپێکی هەواڵدا دابندرێت ئەوا سەرنجراکێشی و کێشکردنی هەواڵەکە پتر دەکات، بەڵام لەبارەی ڕووداوێکی هەواڵەوە هەواڵنووس دەبێ ئەوە دیاری بکات کە لەنێوان بابەتەکاندا یاخود ئەو ڕووداوە جۆراوجۆرانەی ڕووداوێک دەهێننەئارا، کامیان گرنگییەکی پتری هەیە، ئەمە بەم مانایەیە کە لە هەواڵێکدا دەکرێ چەند ڕەگەزی (**چی**) هەبێت.

لەناو بابەتە جۆراوجۆرەکانی (**چییەکان**)دا،

دەبێ ئەو بابەتە هەڵببژێردرێت کە خاوەنی زۆرترین بەهای هەواڵ بێت. بۆ نموونە ئەگەر ڕووداوێک بەهای **(لەخۆگری)** تێدابێت دەبێ هەوڵ بدرێ بەشێوەیەکی ڕوون لە **(لید)**ەکەدا نیشان بدرێت.

بنۆڕە ئەم نموونەیە کە هەڤپەیڤینێکە لەگەڵ بەڕێوەبەری پێشانگای بازرگانی کوردستان لە کوێت:

**کێ:** (ناو و نازناوی)ی بەڕێوەبەری پێشانگای بازرگانی.

**چی:** کۆتایی کاری پێشانگا

**چی:** فرۆشتنی پتر لە (٥) ملیۆن کاڵا لە شوێنی پێشانگاکە.

**چی:** ئیمزاکردنی ڕێککەوتنامەی ناردنی پتر لە (٤٥٠) ملیۆن دۆلار کاڵا بۆ کوێت.

**چی:** سەردانی پتر لە (٦٥٠) هەزار کەس لە خەڵکی کوێت بۆ پێشانگاکە.

**چی: (ڕاگەیاندنی هـەواڵ)**ی بەڕێوەچوونی پێشانگایەکیتر لە کوێت.

لە هەڤپەیڤینەکاندا، بەشێوەیەکی گشتی ڕەگەزەکانی **(کێ)** و **(چی)** بەبەراورد لەگەڵ ڕەگەزەکانیتردا گرنگییەکی تایبەتیانەیان هەیە، لەم نێوانەدا گرنگی ڕەگەزی **(چی)** لە ڕەگەزەکانیتری هەواڵ زیاترە.

لەم هەڤپەیڤینەدا، بابەتگەلێکی جۆراوجۆری **(چی)** خراوەتەڕوو، بەڵام بەگوێرەی بەهاکانی **(لەخۆگری)**، **(فراوانی)** و **(ژمارە و بڕ)**و **(تازەیی)** ئەوا بابەتی (فرۆشتنی پتر لە (٥) ملیۆن کاڵا لە شوێنی پێشانگاکە) و پاشان **(ئیمزاکردنی ڕێککەوتنامەی ناردنی پتر لە (٤٥٠) ملیۆن دۆلار کاڵا بۆ کوێت)** لە بابەتەکانیتر گرنگترە، بەم پێیە ئەم هەواڵە دەکرێ بەیەکێک لەم دوو شێوازەی خوارەوە بنوسرێت و ڕێکبخرێت:

*__نموونەی یەکەم:__

بەڕێوەبەری پێشانگای بازرگانی کوردستان لە کوێت لە هەڤپەیڤینێکدا ڕایگەیاند کە لە پرۆسەی بەڕێوەچوونی ئەم پێشانگایەدا پتر لە (٥) ملیۆن دۆلار کاڵای بەرهەمهێنراوی وڵاتەکە فرۆشراوە.

**(نـاو و نـازنـاو)**ی بـەڕێـوەبـەری یەکەمین پێشانگای بازرگانی بەرهەمە پیشەسازی، کانزایی و کشتوکاڵییەکانی کوردستان لە کوێت لەم هەڤپەیڤینەدا وتی:"سەرەڕای ئەمە، ڕێککەوتنامەی ناردنی پتر لە (٤٥٠) ملیۆن دۆلار کـاڵای جـۆراوجـۆر بـۆ کوێت لەگەڵ بازرگانانی ئەو وڵاتەدا ئیمزا کرا"

بـەڕێـوەبـەری پێشانگاکە وتـی:" لەمـاوەی بەڕێوەچوونی ئـەم پێشانگایەدا کە ڕۆژی ڕابــردوو کۆتـای هـات، (٦٥٠)هــەزار کەسی خەڵکی کوێت سەردانیان کردووە.".

**(نـاو و نـازنـاو)** لـەگـەڵ بـەسـەرکـەوتـوو هـەژمـارکـردنـی کـاری یـەکـەمـین پێشانگا وتـی:"بـڕیـاردراوە پێشانگایەکیتر لـەلایـەن ناوەندی گەشەپێدانی ناردەنییەوە لە کوێت بەڕێوەبچێت".

*__نموونەی دووەم:__

فرۆشتنی پتر لە (٥) ملیۆن دۆلار کاڵاو ئیمزاکردنی ڕێککەوتنامەیەک بۆ ناردنی پتر لـە (٤٥٠) ملیۆن دۆلار کـاڵای جۆراوجۆر لەگەڵ بازرگانانی کوێتیدا، لە دەرەنجامەکانی بەڕێوەچوونی یەکەمین پێشانگای بەرهەمە پیشـەسازی، کـانزایی و کشتوکاڵییەکانی کوردستانە لە کوێت.

**(نـاو و نـازنـاو)**ی بـەڕێـوەبـەری یەکەمین پێشانگای بازرگانی کوردستان لە کوێت لە کۆتایی کاری بەڕێوەچوونی پێشانگاکەدا، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەم مەسەلەیەدا وتی:"پتر لە (٦٥٠) هەزار کەسی خەڵکی کوێت سەردانی ئەم پێشانگایەیان کردووە".

نـاوبـراو وتـــی:"دوای سـەرکـەوتـنـی ئـەم پێشانگایە، بڕیاردرا پێشانگایەکیتر لەلایەن ناوەندی گەشەپێدانی ناردەنییەوە لە کوێت بەڕێوەبچێت".

*__بۆچی؟ چۆن؟__

ڕەگـەزی **(بـۆچـی)** هـۆکـار یـاخـود پاڵنەری هاتنەئارای ڕووداوەکە دەخاتەڕوو و ڕەگەزی **(چۆن)**، شێوە و چۆنییەتی و ڕێگەی ڕوودانی ڕووداوەکەیە.

لـە زۆریـنـەی هـەلـومـەرجـەکـانـدا هەواڵنێر

**(چۆنایەتی)** هاتنەئارای رووداوێکی هەواڵ بەدەست دەهێنێت، بەڵام ئاگاداری ئەو هۆو پاڵنەرە نییە کە لە پشتییەوە حەشاردراوە، یاخود هۆو پاڵنەرەکەی دەزانێت، بەڵام زانیاریی لەبارەی چۆنییەتی روودانی رووداوەکەوە نییە.

بۆنموونە لە هەواڵی کەوتنەخوارەوەی فرۆکەیەکدا، رەنگە لەهەمان کاتژمێرەکانی سەرەتاوە یاخود لە رۆژی یەکەمدا نەتوانرێ هۆکاری کەوتنەخوارەوەی فرۆکەکە بەدەستبهێنرێت. هۆکاری کەوتنەخوارەوەی فرۆکەکە کاتێک بەرەسمی رادەگەیەندرێت کە سندوقە رەشەکەی بەدەستدەهێنرێت کە کاسێتی گفتوگۆی فرۆکەوانەکەی لەگەڵ بورجی چاودێریی لەخۆگرتووە.

دوای شیکردنەوەو لێکدانەوەی قسەکانی فرۆکەوانەکە، لەبارەی دواساتەکانی ژیان و ئەو زانیارییەی کە لە شوێنی کەوتنەخوارەوەی فرۆکەکەوە بەدەستدەهێنرێت، پسپۆران دوای چەندین رۆژ، چەندین هەفتە یاخود چەندین مانگ هۆکاری کەوتنەخوارەوەکە رادەگەیەنن.

رەگەزی **(بۆچی)** و **(چۆن)** لەکاتی ئامادەکردنی راپۆرتە شیکاریی و لێکدانەوەییەکان یاخود لیدە شیکاریی و لێکدانەوەییەکان پتر لە ئەوانیتر بەکاردەهێنرێت، چونکە لەم جۆرە راپۆرتەهەواڵییانەدا هەواڵنێر کاتێکی زۆرتری بۆ بەدەستهێنان و شرۆڤەکردنی هۆکار، پاڵنەر یاخود شێوەو چۆنییەتی هاتنەئارای رووداوی هەواڵەکە لەبەردەستدایە.

*****نموونە** (**بۆچی**)

١-بارانی بەلێزمە بووەمایەی روودانی لافاو لە پارێزگای دهۆک و زیانێکی دارایی بەبڕی (١٠٠) ملیۆن دیناری بەدواوەبوو.

٢-بەهۆی پێکدادانی بەلەمێکی ماسیگریی لەگەڵ بەلەمێکی گەشتوانی لە رووباری **(دووکان)**، بەلایەنی کەمەوە (١٠) کەس کوژران.

٣-بەبۆنەی رۆژی نەتەوەیی دارفۆر، پەیامێکی پیرۆزبایی لەلایەن جێگری سەرۆک کۆمارەوە بۆ سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە نێردرا.

*****نموونە** (**چۆن؟**)

١-فرۆکەیەکی جەنگی هێزی ئاسمانی قەتەر لە جۆری **(میراژ F١)** لە پرۆسەی فڕینی ئەزموونیدا کەوتەخوارەوە.

٢-بەوتاردانی سەرۆک کۆمار، سبەی یەکەمین سیمیناری چارەسەری مەسەلەو کێشەکانی سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵات، دەکرێتەوە.

٣-یەکەمین پێشانگای بەرهەمە ناردەنییەکان، لە ڕێورسمێکدا بەوتاردانی بەڕێوەبەری گشتی بانکی پیشەسازی و کانزا لە پارکی ئازادی دەکرێتەوە.

**پەراوێزەکان:**

1 –Accurate.
2– Clear.
3– Complete.
4– Retraction.
5– News ambiguity.
6– News elements.
7– Archive information.
8– News background.
9– News values.
10– Impact.
11– Fame.
12– Conflict.
13– Physical.
14– Ideological
15– Oddity.
16– Magnitude.
17– Proximity.
18– Geographical Proximity.
19– Psychological Proximity.
20– Timeliness
21– Who?
22– Where?
23– When?
24– What?
25– Why?
26– How?

# سیستەمی راگەیاندن



د.حەبیب کەرکوکی(*)

**پێشەکی**

مرۆڤ بە چەندەها جۆر وەسف کراوە، وەکو: بوونەوەری مرۆیی، بوونەوەری کۆمەڵایەتی، بوونەوەری دەروونی، .... هتد، ئەمرۆش ئەگەر بەدوای گونجاوترین دەستەواژەدا بگەڕێین بۆ ئەوەی مرۆڤی پێ وەسف بکەین، لە زاراوەی "بوونەوەری گەیاندن" گونجاوتر نادۆزینەوە[١]، چونکە گەیاندن سیفەتێکی مرۆیی بەردەوامە، لە سەردەمی بەکارهێنانی هێماکان بەدەستی هێناوە، بۆ مەبەستی گواستنەوەی هەست و بیروبۆچوون و رایەکانی، پاشتر بە پێی قسەکردن و نووسین و بەکارهێنانی ئامرازەکانی گەیاندن.

پاش سەدان ساڵ، بۆ هەر کۆمەڵگایەک کەلتووری زانین لە رێگەی زمانەوە، دروست بوو، بەڵام زمان بە سێ قۆناغ تێپەری: قۆناغی تەعبیرکردن، کە تەعبیری لە شتەکان لە رێگەی وێنەوە دەکرد. قۆناغی هێمایی، کە وێنەکانیان لەبۆ تەعبیر کردن لە مانای شتەکان بەکار دەهێنا، قۆناغی ئەبجەدی، ئەمرۆ هەر نەتەوەیەک زمانی تایبەتی خۆی هەیە، وشەکان دوو شێوەیان هەیە: دەنگ و نووسین.

مێژووی گەیاندن پڕە لە ئامرازەکانی گواستنەوەی دەنگ و رەنگی مرۆیی، وەکو: تەلگراف، تەلەفۆن، نامە، رۆژنامە، گۆڤار، رادیۆ، تەلەفزیۆن، سینەما، ئینتەرنێت...هتد، هەروەها بە بۆنەی فرەنەتەوەیی بایەخ بە بەکارهێنانی ئەم ئامرازانە درا، بۆ مەبەستی دروستکردنی پەیوەندی لە نێوانیاندا، بۆ ئەوەی پێکەوە بژین، بۆیە زۆربەی زۆری ئامرازەکان پاش شەڕی دووەمی جیهان لە گەشەپێدانی کومەڵایەتی نێوان کۆمەڵگاکان بەشدار بوون، ئەو ئامرازانەش بریتی بوون لە رۆژنامە، گۆڤار، ئێزگە، تەلەفزیۆن، سینەما، ئەنیتەرنێت.

ئەگەر بەدواداچوون بۆ گەیاندنی مرۆیی بکەین، دەبینین پڕە لە چالاکی گەیاندن، کە مرۆڤ بەکاری هێناوە، تەنانەت پێش سەرهەڵدانی دەزگاکانی راگەیاندنیش، ئەو چالاکییانە بریتی بوون لە: راگەیاندن **(واتە گواستنەوەی زانیارییەکان و گەیاندنی بە جەماوەر)**، جەنگی دەروونی **(واتە نەهێشتنی**

**وره لای دوژمن)**، پرۆپاگەندا **(واتە بچووک کردنەوە یان گەورە کردنەوەی تواناکان)**، دەنگۆ ئیشاعە **(واتە هەواڵی ناڕاست)**، پەیوەندییە گشتییەکان **(واتە دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان دەزگایەک و جەماوەری ناوخۆیی و دەرەکی)**، ریکلام **(واتە بڵاوکردنەوەی زانیاری دەربارەی بەرهەمێک یان خزمەتگوزارییەک بۆ مەبەستی کڕینی یان بەکارهێنانی لەلایەن خەڵکەوە).**

بەڵام لە سەردەمی نوێدا سیستەمی ژمارەیی بوو بە گرنگترین دیاردەی جیهانی و بەشێک لە ئامرازەکانی گەیاندن و راگەیاندن، ئەو سیستەمە بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان بە خێرا و بە روونی بەکار هێنرا، هەروەها توانای ئامرازەکانیش بەهێزتر بووە لە گواستنەوەی پەیامەکان بۆ جەماوەرێکی فراوانتر، بەڵام هەندێک لە پسپۆڕانی راگەیاندن، گلەیی خۆیان ئاراستەی ئەم سیستەمە دەکەن، لەبەر نەهێشتنی کات بەدەست جەماوەرەوە یان کەم کردنەوەی کاتی جەماوەر، بە تایبەتی لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، لەبەر ئەوە تاکەکانی خێزان کاتێکی کەمتریان بەدەست ماوە بۆ یەکتر بینین، یان بۆ تێگەیشتن لە یەک و بە رای ئەوان، پەیوەندی کۆمەڵایەتی زۆر لاوازو پەرش بڵاوبۆتەوە و لە دەرەنجامی توێژینەوە زانستییەکانیش دەرکەوتووە کە ئەم ئامرازانە واقیعێکی بەدیل دروست دەکەن و وەکو واقیعێکی راست پێشکەش دەکرێن، بەڵام لە راستیدا ئەم واقیعە واقیعێکی دروستکراووە.

## گەیاندنی جەماوەری..لایەنە زانستی و هونەرییەکەی

گەیاندن، وەکو دیاردەیەکی مرۆیی، سەریهەڵداو مرۆڤ هەر لە سەردەمی کۆنەوە بە کاری هێنا، بەڵام زاراوەی گەیاندن لەلایەن خەڵکەوە درەنگ بەکار هێنراوە، زاراوەی گەیاندن Communication لە زمانی ئینگلیزی لە وشەی یونانی Communis، هاتووە بەمانای گشتی یان بڵاوبو، کەواتە گەیاندن ئەزموونەکانی مرۆڤ دەگوازێتەوەو بە تایبەت دەیکا بە شێوەی گشتی، کە دوو کەس لەگەڵ یەک ئەدوێن، یان کاتی کۆمەڵێک خەڵک دەیانەوێ رایەک دروست بکەن، دەبێ لە یەکتر تێ بگەن.

لە زمانی کوردیدا بەرامبەر ئەم دەستەواژەیە دوو وشە هەیە، بە مانای Communication، بەکار دەهێنرێت کە ئەوانەن: گەیاندن و پەیوەندی، بەڵام هیچ کامیان ئەو مانایە بەتەواوی ناگەیەنن، چونکە **(گەیاندن)** تەنیا بە مانای پەیامی یەک ئاراستە دێت، واتە ناردن، بەڵام لە راستیدا Communication بەمانای بەشداریکردنی نێرەرو وەرگر لە هێماکان بەکار دێت. زاراوەی پەیوەندیش گونجاو نییە، چونکە ئامانجی Communication دروستکردنی پەیوەندی نییە، لەبەر ئەوەی سەدان Communication دەکرێ بێ ئەوەی نێرەرو وەرگر مەبەستی دروستکردنی پەیوەندییان هەبێ.

راگەیاندنی جەماوەری جۆرێکە لە جۆرەکانی گەیاندن و کاریگەرییەکی زۆریش بە هۆی بەکارهێنانی هۆکارەکانی هونەری هەیە، وەکو: موزیک، رەنگ، وێنە، هتد. کە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی دەزگاکانی راگەیاندندا لەلایەن پسپۆڕانی راگەیاندن جێی بایەخ بوونە، لەبەر ئەم هۆیانەی لای خوارەوە:

١. کاریگەری بەسەر جەماوەرەوە.

٢. جەماوەر بایەخێکی زۆری پێدەدا.

٣. شەڕی یەکەمی جیهان کاریگەری ئەم دەزگایانەی تاقی کردەووە.

بۆیە پسپۆڕانی راگەیاندن لە رێگەی توێژینەوەی زانستی کۆمەڵێک دەرەنجامیان بەدەستهێنابوو، لە هەر سێ قوناغەکەی پەرەپێدانی توێژینەوەکانی راگەیاندن، قۆناغی یەکەم: لە ساڵی ١٩٣٨ – ١٩٤٠، کە پێی دەگوترێت قۆناغی کاریگەری

راستەوخۆو، قوناغی دووەم: لە نێوان سالآنی ١٩٤٠-١٩٦٠، کە پێی دەگووترێت قۆناغی کاریگەری دیاریکراوو، سێیەم: کە پێی دەگوترێت قۆناغی کاریگەری کۆکراو، و لە هەر یەک لەم قۆناغانەدا کۆمەڵێک تیۆر دۆزراونەتەوە، هەندێک لەو تیۆرانە، تیۆری کاریگەری راستەوخۆ، تیۆری کاریگەری ناڕاستەوخۆ، تیۆری دانانی ئەجیندا، تیۆری پاسەوانی دەرگا، تیۆری چاندانی رۆشنبیری، ...هتد.

لە نێوان هەردوو شەڕی یەکەم و دووەمی جیهاندا، زۆربەی ئەم تیۆرانە بەهۆی بەکارهێنانی پەیوەری زانستی دۆزرانەوە و بۆ یەکەم جار توانرا باس لە زانستی راگەیاندن بکرێت، "بەلآم دەزگاکانی راگەیاندن پێش دانانی تیۆرەکان بە سەدان ساڵ **(وەکو رۆژنامە و گۆڤار)** یان دەیان ساڵ **(وەکو ئێزگە و تەلەفزیۆن)** ئامانجەکانی سەرەکی خۆیان جێبەجێ دەکرد، چونکە پاش سەرڵهەڵدانی ئەم دەزگایانە گۆڕانێکی سیاسی و مێژووی و کۆمەلآیەتی دەستی پێکرد[٢].

لە لایەکی دیکەوە کارکردن لە دەزگاکانی راگەیاندن لایەنێکی هونەری دەگرێتەخۆ، چونکە نێرەر هەوڵ ئەدات بیروبۆچوون و ئاراستە و رای جەماوەر بگۆڕێت، لە رێگەی بەکارهێنانی بەڵگەو سەرنجڕاکێشانی سۆز و عەقڵ و ترس، چونکە زۆربەی ئەرکەکانی بریتین لە ئەرکی دروست کردن و گۆڕین و چەسپاندن، چ ئاراستە بێ یان را یان بۆچوون یان وێنەی هزری،.....هتد.

## ژینگەی کۆمەلآیەتی نێرەر

دەزگاکانی راگەیاندن لە چوارچێوەی ژینگەی کۆمەلآیەتی کار دەکەن، چونکە نێرەر سەر بەو کۆمەڵگایەیە کە دەزگاکە ئیشی تێدا دەکات، بۆیە لە هەمان کاتدا کاریگەریی لە سەری دەبێ، هەروەها سیستەمی کۆمەڵگا جیاوازە لە نێوان کۆمەڵگاکان و بەم شێوە پێناسە دەکرێت: کۆمەڵێک پێکهاتەیە کە خەڵک رێک دەخات لە نێوان گروپی بچووک و لە رێگەی داب و نەریتیەکان کاریگەری دروست دەکات، لە کاتێکدا تاکەکان رەچاوی دەکەن لە کاتی پەیوەندی کردن. هەروەها سیستەمی کۆمەلآیەتی: کۆمەڵێک رەفتار یان کرداری جۆراوجۆرە، کە تەعبیر لە رۆشنبیری هاوبەشی تاکەکانی ناو سیستەمەکە دەکات[٣].

سیستەمی کۆمەلآیەتی چوار پێکهاتە بەخۆدەگرێ: خێزان: کە بچووکترین یەکەی کۆمەڵگایە، دەزگا کۆمەلآیەتییەکان: وەکو یانە کۆمەلآیەتییەکان کە تواناکانی تاکەکان دروست دەکات، پەیوەندی کۆمەلآیەتی: لە رووی کاتەوە دەبێتە سێ جۆر: پەیوەندی هەمیشەیی، پەیوەندی بەردەوام، پەیوەندی کاتی، دابونەریتییەکان. بۆیە نێرەر هەوڵ دەدات لە کاتی کارکردن لە نێوان سیستەمی کۆمەلآیەتی، هەروەها سیستەمە راگەیاندن خۆی بگونجێنێت، کە ئەویش ئەم پێکهاتانە بەخۆ دەگرێ: فەلسەفەی راگەیاندن، سیاسەتی راگەیاندن، یاسای راگەیاندن، تەکنەلۆژیای راگەیاندن، ئیشکردن لە دەزگاکانی راگەیاندن.

## جەماوەری راگەیاندن

جەماوەر ئەو خەڵکانەن کە هەمان رەفتاریان هەیە، وەکو خوێندنەوەی رۆژنامەو گۆڤار، یان گوێ گرتن لە ئێزگە یان بینینی تەلەفزیۆن و کۆمەڵێ تایبەتمەندی دەگرێتە خۆ[٤].

١. پێک دێ لە تاکەکان کە لە تەمەن و رەگەز و چینی کۆمەلآیەتی و ئابووری و سیاسی و پیشە و ئاستی رۆشنبیری جیاوازن.

٢. هەموویان یەکتر ناناسن.

٣. جەماوەرییەکی ریکخراو نییە، پەیوەندیش لە نێوانیان نییە.

٤. تاکەکانی جەماوەر هەست بە خودی خۆیان دەکەن.

٥. ڕەفتاری جەماوەری بە پێی چالاکی هەر تاکێک دیاری دەکرێت، نەک بە پێی چالاکی کۆمەڵ.

٦. دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاریگەرییان بەسەر ڕۆشنبیری جەماوەر هەیە و لەوەیە لە کەلتووری ڕەسەنی خۆیان دەوریان بکاتەوە.

جەماوەری ڕاگەیاندن فرەجۆرن لە بایەخدان، لە سەردەمی کەناڵەکانی ئاسمانی، کە ژمارەیان گەیشتۆتە ١٣٠٠٠ کەناڵی ئاسمانی لە جیهاندا، لەوانە ٧٥٠٠ کەناڵی بەکۆدکراوو ٥٥٠٠ کەناڵی کراوە، ئەم فرەجۆرە ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە دابەشکردنی کەناڵەکان بە پێی تەمەن، وەکو: کەناڵی ئاسمانی بۆ منداڵ، کەناڵی ئاسمانی بۆ گەنجان، کەناڵی ئاسمان بۆ هەمووان، یان بە پێی ڕەگەز، وەکو: کەناڵی ئاسمانی بۆ پیاوان، کەناڵی ئاسمانی بۆ ئافرەت یان بە پێی جۆر: کەناڵی هەواڵی، کەناڵی هونەری، کەناڵی ڕۆشنبیری....هتد.

## ڕۆڵی سیاسی دەزگاکانی ڕاگەیاندن

"هەموو شتێک لە سیاسەت ڕاگەیاندنە" ئەمە گرنگترین ڕستەیە وتراوەو پەیوەندی لە نێوان سیاسەت ودەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕوون دەکاتەوە، ئەمڕۆ سیاسی ناتوانێ هەڵوێستێکی ئەرێنی وەربگرێ لە شوێنێ دەربارەی پرسێک، لەهەمان کاتدا هەڵوێستییەکی نەرێنی وەربگرێ لە کۆنفرانسییەکی ڕۆژنامەگەری، چونکە جەماوەر لە سەردەمی ڕاگەیاندنی پێشکەوتوو لە ڕێگەی کەناڵەکانی ئاسمانەوە هەست بەم گۆڕانە دەکات، کە پەخشەکانی دەگاتە دوورترین شوێن، چونکە دەزگاکانی ڕاکەیاندن ڕۆڵی چاودێر دەبینن، بۆ مەبەستی چاودێریکردنی ڕەفتاری سیاسییەکان و لێدوانەکانیان و مامەڵەکردنیان لەکەڵ پرسەکان، بە جیاوازی جۆرەکانییەوە.

ئەگەر لەسەر ئاستی دبلۆماسی باس لە ڕۆڵی سیاسی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بکەین، دەبینین ئەم دەزگایانە ڕۆڵی ئامێرە دبلۆماسیەکان دەبینن، بۆ نموونە زۆربەی سەرکردایەتییەکان زانیارییەی پێش ئەوەی لە ڕێگەی باڵیۆزخانەکانیانەوە کە دەربارەی بەرژەوەندی وڵاتەکەیانە لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەکانەوە بەدەست دێنن، تەنانەت باڵیۆزخانەکانیش زانیارییەکان لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە وەردەگرن، بە تایبەت لە ڕێگەی کەناڵە ئاسمانییەکانەوە.

## ئازادی ڕاگەیاندن

ئازادی ڕاگەیاندن ئەوکاتە سەریهەڵدا **(ڕۆژنامە، چونکە ئەو کاتە تەنها ڕۆژنامە سەریهەڵدابوو)** لە ئینگلترا پاش دەسپێکردنی شۆڕشی ئینگلتەرا ساڵی ١٦٨٨، بەتایبەتی پاش دامەزراندنی پەرلەمانی ئینگلتەرا، جۆن لۆک یەکەم کەس بوو کە باسی لە ئازادی ڕاگەیاندن کرد، وەکو مافێک لە مافەکانی هاوڵاتی ئینگلیزی، بۆیە ئازادی ڕۆژنامەگەری ساڵی ١٦٩٤. پەسەندکرا(٥).

هەروەها بیریاری ئینگلیزی میلتین ئاماژەی بەوە کرد کە ئازادی ڕۆژنامەگەری تەواوکەری مافی دەربڕینی ڕا یەو بەبێ ئازادی ڕۆژنامەگەری، ئازادی دەربڕینی ڕا هیچ گرنگیەکی نییە. چونکە تاکەکان کە گفتوگۆ دەکەن زانیاری ڕاستەکان دەردەکەوێ وناراستەکانیش بزر دەبین.

ئەمڕۆ، ئازادی ڕۆژنامەگەری کۆمەڵێک بنەما بەخۆوە دەگرێ، وەکو: ئازادی وەرگرتنی زانیاری و ئازادی وەدەسهێنانی زانیاری و ئازادی ڕخنە گرتن لە دەسەڵات، هەورەها ئازادی بڵاوکردنەوەی زانیاری و ئازادی کارکردن لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ئەم بنەمایانە دەبێ بە چوارچێوەیەک بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووس چاودێری دەزگا سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابورییەکان بکات. چونکە چاودێریکردنی جۆرێکە لە مافەکانی وەکو ڕۆژنامەنووس، **"چونکە دیموکراسی بریتی نییە لە بەشداریکردنی**

**هاوڵاتیان لە هەڵبژاردن، بەڵام چاودێریکردنی ئەم بەرپرسانە کە هەڵبژاردن لە لایەن هاوڵاتیانەوە**(٦).

**سیستەمی راگەیاندن:**

سیستەمی راگەیاندن پێنج پێکهاتە لە دەگرێتەخۆ: فەلسەفەی راگەیاندن: ئەوە بنەمایانەی کە بریتین لە چوارچێوەی راگەیاندن لە وڵاتێک، سیاسەتی راگەیاندن: کۆمەڵێک بنەما کە دەزگای راگەیاندن پابەند دەبێ پێی، یاسای راگەیاندن: کۆمەڵێک یاسایە کە کارکردنی رۆژنامەگەری رێکدەخات، تەکنەلۆجیای راگەیاندن: جۆری ئەو ئامێرانە کە بەکاردەهێنرێت لە دەزگاکانی راگەیاندن، کارکردنی راگەیاندن: بریتیە لە رەفتاری ئەو دەستەیەی کە لە دەزگاکانی راگەیاندن ئیش دەکەن.

فەلسەفەی راگەیاندن تەعبیر لە کەلتووری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری دەکات، چونگە ناکرێ کاریگەری هەر سیستەمێ لەسەر ئەوانەیتر جیا بکرێتەوە، تەنانەت ئەگەر هەوڵ بدرێت لە رێگەی توێژینەوەی زانستی تایبەتمەندییەکانی دیاری بکرێ، بۆیە ئەمرۆ کۆمەڵێک راستی هەن دەبێ دانیان پێ بنرێ، لەوانە:

١. هیچ کەسێ ناتوانێ لە دەزگاکانی راگەیاندن داببڕێ.

٢. ئەم دەزگایانە کۆمەڵێک ئەرک جێبەجێ دەکەن، وەکو: ئەرکی هەواڵی و ئەرکی سیاسی، هەروەها ئەرکی کات بەسەر بردن و ئەرکی رۆشنبیرکردن و ئەرکی فێرکردن.

٣. خۆگونجاندن لە نێوان سیستەمی راگەیاندن، سیفەتییەکە هەموو دەزگاکان هەوڵ دەدەن بەدەستی بێنن.

**پەراوێزەکان:**

(١) د.هادی نعمان الهيتي، شيوع ثقافة الصورة فی ثقافة الشاب العربي، عن طريق شبكة الانترنيت:
www.balagh.com

(٢) د.محمد عبد الحميد، نظريات الإعـلام واتجاهات التأثير، القاهرة، عالم الكتب، ط٣، ٢٠٠٤، ص٢١.

(٣) المصدر نفسه، ص١٩٧.

(٤) د.نبيهة صالح السامرائي، علم النفس الإعلامي: مفاهيم، نظريات، تطبيقات، عمان، دار المناهج للنشر والتوزيع، ٢٠٠٧، ص٢١٨-٢١٩.

(٥) حەبیب کەرکوکی، مێژووی رۆژنامەگەری، گۆڤاری (رۆژی زانکۆ)، کەرکوک، ناوچەی زانکۆ، لقی٣ پ.د.ک، ژمارە ٢، ٢٠٠٧، ل ٣٣.

(٦) توريل بريكه وبيتر نورمان وبرنت هاغتفيت، حرية التعبير الخطيرة، ترجمة: نزار اغري، أربيل، دار ئاراس للطباعة والنشر، ٢٠٠٧، ص٥١-٥٢.

(*) مامۆستا زانکۆی سەلاحەدین/کۆلێژی ئەدەبیات/ بەشی راگەیاندن

# کورتەیەک دەربارەی
# وتاری رۆژنامەنووسیی



تاژان دڵشاد

**چەمکو پێناسەی وتاری رۆژنامەنووسیی:**

وتاری رۆژنامەنووسیی یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی رۆژنامەو گۆڤار، رۆژنامەنوس لەنووسینی وتار، بەتێری لەسەر بابەتێکی دیاریکراو دەنووسێت، لەنووسینی وتاردا بەدوورو درێژی کێشەو راستییەکان دەخاتە روو و بەباشی شییاندەکاتەوە.

**(وتار)** لەشێوەو دارشتندا لە **(هەواڵ)** و **(ریپۆرتاژ)** دەچێت.

مەبەست لە **(وتار)**، شیکردنەوەی پرسیارێکە کە نووسەر دەتوانێت بەهۆی ئەو راستییانەی دەستی کەوتوون بەوردی بۆخوێنەرانی روون بکاتەوە.

ئینسیکلۆپیدیای بریتانی پێناسەی وتاری رۆژنامەنووسی دەکات بەوەی: **"دارشتنێکە، نەکورتەو نەدرێژە، بەو مەبەستە دەنووسرێت کە لەرۆژنامەدا بڵاوبکرێتەوە، بەشێوەیەکی ئاسانو پوخت تاووتوێی بابەتێکی دیاریکراو دەکات، بەمەرجێک نووسەر لەسنووری بابەتەکە دەرنەچێت".**

جەلالەدین حەماسی، بەمجۆرە **(وتار)** دەناسێنێ: "ئەو وتارەیە بەمەبەستی وەڵامدانەوەی هەموو ئەو پرسیارانە، یان بایەخدانە هەنووکەییانەی بەراستیی رووداوەکانەوە یان گیروگرفتەکانەوە یان بەکێشە گرنگەکانی رۆژەوە لەژیانی خوێنەرانیدا پەیوەستە، یان ئەوانەی کە لەداهاتوویەکی نزیکی ژیاندا روودەدەن، وتار بەرەوانبێژی رۆژنامەنووسی جیا دەکرێتەوەو شێوازێکی بەرچاوی مۆرکی ئەو رۆژنامەیەشی پێوەیە کە بڵاوی دەکاتەوە، یان شێوازی بەرچاوی ئەو قوتابخانەیە یان ریبازە رۆژنامەنووسییەی نووسەری وتار لایەنگریەتی".

وتاری رۆژنامەنووسی، بریتیە لەبەرێوەبردنی رۆژنامەنووس کە بەشێوەیەکی گشتی گوزارشت لەسیاسەتی رۆژنامەنووسی دەکات لەبۆچوونە نووسراوەکانی لەرووداوەکانی رۆژانەدا، هەروا لەو پرسانەی کە رایگشتیی ناوخۆیی و جیهانی بەخۆیانەوە خەریک دەکەن.

**ئەرکەکانی وتاری رۆژنامەنووسیی**

**وتاری رۆژنامەنووسی چەند ئەرکێکی بە:**

* **راگەیاندن:** وتاری زانیاری و هزری نوێ لەبارەی رووداوی هەنووکەیی و کێشە گەرماو گەرمەکانەوە دەخاتە بەرچاو.

* راڤەکردنو لێکدانەوەی هەواڵی بڵاوکراوەی رۆژنامە.

* **رۆشنبیرکردن:** بڵاوکردنەوەی زانیارییە مرۆڤایەتییەکان، رۆشنبیریی خوێنەری پێ دەوڵەمەندتر دەبێت.

* **هۆشیارکردنی سیاسی:** بەشیکردنەوەی سیاسیی حکومەت و حزبەکان و هەڵوێستە جیاجیاکانیان لەسەر رووداوەکانی ناوخۆو دەرەوە.

* هەڵخزاندنی جەماوەر لەپێناوی خزمەتکردنی سیستمی سیاسی یان کۆمەڵایەتی و بەشداربوونی لەگەشەسەندنی نیشتمانیدا.

* پێکهێنانی رای گشتی لەکۆمەڵگاداو کارکردنە سەر ئاراستەکانی رای گشتی.

* بەرگریکردن لەبەهاو بنەما و سیفەتە باش و چاک و پیرۆزەکانی کۆمەڵ.

* سەرکردایەتیکردنی جەماوەر لەکاتی قەیرانو تێکچوونی رەوشی کۆمەڵگاو رێنوێنیکردنیان بەرەو سیستم و ئەمان و چاندنی تۆوی هیواو ئومێد لەدەروونیاندا.

* وتاری سەرگەرمی یان گاڵتەجاڕی یا کەیف و خۆشی هەر بەمەبەستی سەرگەرمیکردن و کەیف و خۆشییە، خوێنەر چێژ لەوتارێک وەردەگرێت کە هێزێکی نوێی تێدا بێت، یان هانی خوێنەرانی بدات بەشێوەیەکی جیاواز بیربکاتەوە.

* کات بەسەربردن و خۆشی بەخشین بەخوێنەر، بەمەبەستی سووککردنی باری قورسی بیرو هۆشی مرۆڤ.

**جۆرەکانی وتاری رۆژنامەنووسیی**

**بەلای زۆربەی توێژەکانەوە، چوار جۆر وتاری رۆژنامەنووسی هەیە:**

* **سەروتار.**
* **ستوونی رۆژنامەنووسی.**
* **وتاری شیکاری.**
* **وتاری رەخنەیی.**

**یەکەم: سەروتار**

سەروتار، هەواڵ و رووداوەکانی رۆژانە روونو

> **ئەرکی سەروتار بەپێی سروشتی ئەو کۆمەڵگایەی کە رۆژنامەکەی لێدەردەچێت دەگۆڕێت، لەوڵاتە دیموکراسیو لیبرالییەکاندا، سەروتار دەربڕی رای خاوەن رۆژنامەکەیە، (خاوەنی ئیمتیاز) ئەگەر تاک یان کۆمەڵ یان حزبێکی دیاریکراو بێت، بەڵام لەوڵاتانی سۆسیالیستیو کۆمەڵگە تازە پێگەیشتووەکاندا، سەروتار دەربڕی سیاسەتی وڵات، یان حزبی دەسەڵاتدارە**

شیدەکاتەوە، بەو پێیەی سیاسەتی رۆژنامەکەیە بەئاڕاستەی رووداو و پێشهاتەکان لەکۆمەڵگادا.

سەروتار، دەنگی رۆژنامەیەو دەربڕی رای رۆژنامەکەیە لەبارەی رووداوە هەنووکەییەکانو کێشە گەرماوگەرمە گرنگەکانەوە.. وابـاوە نوسـەرێکی گـەورە دەینووسێ کە لـەوردەکـاریـی هـەواڵـەکە بەئاگایەو بـەدوایـدا چووە پێیداچووەتەوە.

سـەروتـار، مەرجە لەگەڵ سیاسەتی رۆژنامـەکەو ئەو دەزگایەیە کە لێی دەردەچێتو ئەو سیستمە سیاسییەش کە لەقاڵبی دەداتو بایەخ بەو باسو هەواڵانە دەدات کە لای سیاسەتی رۆژنامەکەوە مایەی بایەخن.

دەکرێ بەمجۆرە پێناسەی سەروتار بکرێ: **"دەربڕینی رایـەکـە، پشت بـەهـەواڵـی رووداوێـک دەبـەستێو لەبەر رۆشناییەکی نوێ راستییەک دەخاتە بەرچاو، بەجۆرێک هەموو کەسێک بیزانێ، گەرچی نەزانراویش بووبێ".**

ئەم جۆرە وتارە رۆژانە بەدووی روداوەکاندا دەچێ، ئیدی ناوخۆیی بێ یان نێودەوڵەتی، بایەخی پێدەدات و خوێنەرانیش سەرقاڵ دەکات و بەشیکردنەوەو راڤەکردنییەوە پێشینەیەکی مێژویی رووداوە و کێشەکان دەخاتەڕوو، ئەمەیش بەزمانێکی سادەو پاراو شێوازێکی روون دەبێت، کە بتوانێ بەو بەڵگەو سەلماندنە بەجێ **(مەنتقی)**و تـەواوەی هەیەتی خوێنەر بەکێشەکە یان **(را)**کە رازی بکات، کە رۆژنامە بانگەشەی بۆ دەکات.

ئەرکی سەروتار بەپێی سروشتی ئەو کۆمەڵگایەی کە رۆژنامەکەی لێدەردەچێت دەگۆڕێت، لەوڵاتە دیموکراسی و لیبرالییەکاندا، سەروتار دەربڕی رای خاوەن رۆژنامەکەیە، **(خاوەنی ئیمتیاز)** ئەگەر تـاک یـان کۆمەڵ یـان حزبێکی دیاریکراو بێت، بەڵام لەوڵاتانی سۆسیالیستی و کۆمەڵگە تازە پێگەیشتووەکاندا، سەروتار دەربڕی سیاسەتی وڵات، یان حزبی دەسەڵاتدارە.

**دووەم: ستوونی رۆژنامەنووسی**

د. فاروق ئەبو زەید، پێناسەی ستوونی رۆژنامەنووسی دەکات، بەوەی: **"رووبەرێکی دیاریکراوە، لەیەک ستوون تێناپەڕێت، رۆژنامە بۆ نووسەرێکی گەورەی تەرخان دەکات، تا لەوێوە هەر بیروڕا یان ختورەیەک بەمێشکیدابێت، یان بۆچوونێک بەوشێوازەی بەلای خۆیەوە شیاوەو پەسەندە سەبارەت بەهەر کێشەو بابەتو گیروگرفتێک دەرببڕێت. زۆر جار ستوون شوێنێکی جێگیری دەوێت لەسەر لاپەڕەیەکی**

**"وتاری رەخنەگرانە، بەتایبەتی ئەگەر بەخامەی نووسەرێکی بەتواناو لێهاتوو، بەئاوازێکی بنیاتنەرانەی بەسوودەوە نووسرابێ، لەبژارکردنی بەرهەمی بەهێزو بەپێزدا دەورێکی گرنگی دەبێت"**

**رۆژنـامـەو نـاگـۆڕێت و ناوونیشانێکی جێگیرەو لەوادەیەکی دیاریکراوو نەگۆڕدا بڵاودەکرێتەوە، ستوونی رۆژنامەنووسی دەبێت ئیمزای نوسەرەکەی لەسەربێت".**

سەرەڕای ئەوەی، ستوونی رۆژنامەنووسی سیاسەتی رۆژنامەکەی تێدا رەنگ ناداتەوە، بەڵام دژایەتیشی ناکات.

نووسەری ستوونی رۆژنامە ئازادی لەهەڵبژاردنی بابەتەکاندا هەیە، ئەگەر بابەتەکە سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان ئابووری بێت، کە گرنگ بێت بۆ رای گشتی و بیری بخاتەکار.

**سێیەم: وتاری شیکاری**

د. جان جوبران کەرەم، بەمشێوەیە وەسفی وتاری شیکردنەوەیی دەکات، کەبە**"توێژینەوەی رۆژنامەنووسی"** ناوی دەبات: **"هەوڵێکی فیکری خۆییە، بەمەبەستی وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێکی بە گریمانە (مفترضە) لەبارەی هەر کێشەیەک یا هەڵوێستێک یا رەوشتێکەوە بێت".**

هەروەها دەڵێت: **"مەرج نییە رووپەڕی وتاری شیکردنەوەیی بەرتەسک بێو لەوانەیشە درێژ نەبێت، بەشێوازێکی زۆر سادەو بەمەبەستی شیکردنەوەی کێشەیەکی گرنگی رۆژ دەنووسرێ، یان رۆشنایی خستنەسەر هەندێ هەڵوێست و رووداوی مێژوویە کە هێشتا لەیادەوەریی خەڵکیدا ماوەتەوە، لەمەسەلە بایەخپێدراوەکانی رۆژو چارەنووسسازەکانیانە".**

لەوتاری شیکردنەوەییدا پێویستی بەشیکردنەوەو روونکردنەوەو لێکدانەوەی لایەنە نادیارو شێواوەکانی بەسەرهات و رووداوەکان دەکاتو لەبەخششی تایبەت و کەسێتییەوە، یان لەپەیوەندیی باشی بەو کەسانەوە کە کار دەکەنە سەر رەوتی بەسەرهات و رووداوەکانەوە، سەرچاوە دەگرێ.

**چوارەم: وتاری رەخنەیی**

مەبەست لەوتاری رەخنەگرانە، هەر خستنەبەرچاو و لێکدانەوەو شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی بەرهەمێکی ئەدەبی و زانستییە تا خوێنەر بەبایەخی بەرهەمەکە هۆشیارو ئاشنابکات.

رەنگە بایەخی ئەم جۆرە وتارانە لەم سەردەمەو لەداهاتووشدا زیاتر دەبێ یاریدەی خوێنەر بدات، بەدوای بەرهەمێکی بەسوودەوە بێو لەنێوان ئەو هەموو بەرهەمە ئەدەبیو زانستیو هونەرییانەی لەنێوەندی ئەو لێشاوە زۆرەی بەرهەمدا لەگشت لایەکەوەو لەڕێی هۆکاری زۆرەوە لەسایەی کرانەوەی خوێنەردا بەڕووی بوارو گۆڕەپان و ناوچەو نەتەوەی نوێو بەهۆی هۆکاری نوێیانەی پەیوەندیگرتنەوە شایەنی ئەوەبێت مرۆڤ بەدوایدا بچێت.

هەر بۆیە وتاری رەخنەگرانە، بەتایبەتی ئەگەر بەخامەی نووسەرێکی بەتواناو لێهاتوو، بەئاوازێکی بنیاتنەرانەی بەسوودەوە نووسرابێ، لەبژارکردنی بەرهەمی بەهێزو بەپێزدا دەورێکی گرنگی دەبێت.

ئەم هونەرە لەدیارترین هونەری وتاری رۆژنامەنووسی و زۆرتر کاریگەرە، وتاری رەخنەیی تەنیا روونکردنەوەی رووداوەکانی رابردوو و شیکردنەوەی راستییەکانی ئێستا نییە، بەڵکو پێکەوەبەستنی هەردووکیانە بۆ وەبەرهێنانی رووداوەکانی داهاتوو، لەبەرئەوەی ناوەڕۆکی رووداوەکان شیدەکاتەوەو دەیانخوێنێتەوە، ئەمەیش هەندێ جار هەفتانەیە، یان رۆژانەیە.

**نوسینی وتاری رۆژنامەنووسی**

**بۆ نوسینی وتار لەچاپەمەنییەکاندا پێویستە سەرنج لەکۆمەڵەخاڵێک بدرێت، کە بەشێوەیەکی کورت ئاماژەی بۆ دەکەین:**

*** ئامادەکردنی خستنەڕوویەکی گشتیانە:**
یەکەم خستنەڕووی گشتیی بابەتەکە

ئامادەدەکرێت و پاشان پێویستە جەخت لەسەر پشتبەستن بەبنەچەی وتارو خاڵەگرنگەکەی بکرێتەوەو بەڕوونی و رۆشنی بگەیەنرێتە خوێنەر.

* **باسکردنی خاڵی گرنگ:** پێویستە لەهەر رەهەندێکەوە کە هەبێت ئاماژە بۆ هۆکاری نووسینی وتارەکە بکەین و خاڵەگرنگەکان بنووسین.

* **هۆکاری نوسینی وتارەکەو بزوێنەری هەڵبژاردنی بابەتەکە لەخوێنەر بگەیەنرێت.**

* **دوای خستنەڕووی گشتی،** پێویستە تەنیا پشت بەیادەوەری نەبەسترێتو زانیاری و لایەنی نوێشی بۆ زیادبکرێت.

* **ئاماژەکردن بۆ پێشینەو خاڵەگرنگەکان:** ئاماژە بۆ ئەو بابەتانەی کەپێشتر ئامادەکراون و ئەو کەسانەی کە لەرابردوودا لەسەر ئەم مەسەلەیە کاریان کردووە، بەڵگەنامەیی بەوتارەکە دەبەخشێت.

* **کۆکردنەوەی بەڵگەنامەو زانیارییەکان:** لەنووسینی وتاردا پێویستە بەڵگەنامەو زانیارییە بەڵگەنامەییەکان، دەستنووس، بەڵگەنامەی نووسراو، هەرشتێک لەم بارەیەوە بەدەست بێت، شرۆڤەبکرێت.

* **دەرەنجام:** بۆ کۆبەندی بابەتەکان و خستنەڕووی بۆ خوێنەران پێویستە.


**بۆ ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**

- **بدون اسم کاتب:** فن المقال الصحفی. لەم پێگە ئەلیکترۆنییە وەرگیراوە: http://www.islamlight.net/index.php?option=content&task=view&id=2558&Itemid=47 (212009/2/)
- فاروق ابو زید (ا. د.)، لیلی عبدالمجید (ا. د.): فن التحریر الصحفی، (ب. م.: ب.د.،٢٠٠٠).
- فاروق علی عمر (د.): مفاتیح السلطة الرابعة.
- فاروق محەمەد ابو زید (د): سەرەتایەک لەزانستی رۆژنامەوانی، و: فەرەیدون رەئوف عارف، (سلێمانی: بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان، ٢٠٠٦).
- فریبا سەیاد- عەلی ئەکبەر فەرهەنگی (د.): نەریتی رۆژنامەوانی، و:کارزان محەمەد، (سلێمانی: بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٦).
- کاروان عەلی: هونەری رۆژنامەنووسی، چ١ (سلێمانی: دەزگای خەندان، ٢٠٠٤).
- مەغدید سەپان (د): ژانرەکانی رۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە ١٤٥٠-١٥٠٠، چ١ (هەولێر: کۆڕی زانیاری کوردستان، ٢٠٠٥).
- محەمەد ئەلدروبی (د.): و: سۆزان جەمال و لوقمان غەفور: رۆژنامەگەری و رۆژنامەنوسی هاوچەرخ، چ١ (سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٦).

# دیدارا رۆژنامەڤانی



**حەسەن فەتاح**

*** بۆ هندێ مروڤ بكاریت باش بنڤێسیت فەرە ل وەلاتەكێ ئازاد بژیت** (ولتــەر).

*** رۆژنامەنڤیس پۆلیسێ جڤاكییە نابیت بەراهیكا كارێ وی بهێتە گرتن** (ئەمیل زولا).

**پێشەكی**

هــەر ژ پــەیدابـونـا ژیـانــێ، مـروڤـی حـەزا دیڤچوون و كومكرنا پێزانینان ل سەر دیاردەو روویدانێن جوراوجور هەبوویە، ئەڤەژی بوویە سروشتێ مروڤایەتیێ و هەر كەسەكی د ژیانا خودا ماف هەیە پێزانین ل سەر هندەک پێشهات و گهورینان هەبن.

رەنـگـە ژ كـەڤـن دا مـروڤـی گـەلـەک رێک بكارئینابن بو پەیداكرنا پێزانینان ل سەر دیاردە و لایەنێن جوداجودا یێن ژیانێ.

لێ راگەهاندن بگشتی ئێكەم رێک بویە كو دڤی بیاڤی دا بدروستی خزمەتا مروڤایەتیێ كری.

دگەل دەركەفتنا ئێكەم ڕۆژناما چاپكری و پەیدابوونا ئامیرێ چاپەمەنیێ ل ناڤەراستا سەدێ پازدێ ل ئەوروپا ل سەر دەستێ زانا **(گوتنبێرک)** كو داهێنەرێ ئامیرێ چاپەمەنیێ یە، پتر وەرارو پێشڤەچوون د بیاڤێ ڕۆژنامەڤانیێ ژ لایەكێ ڤە و بساناهی بدەستڤە ئینانا پێزانینان ژ لایەكێ دیڤە پەیدا بوو.

نەمازە دیدارێن ڕۆژنامەڤانی یێن جوراوجور **(سیاسی، ئابوری، جڤاكی، هونەری و...هتد.)** كو مەرەم ژ ئەنجامدانا وان كومڤەكرنا پێزانینێن نوی یە د بوارێن جیاوازدا و پتر خزمەت گەهاندن ب ژیانا مروڤایەتیێ، لەوما هەتا نوكە ژی دیدارا ڕۆژنامەڤانی ژانرەكێ سەرەكیێ هونەرێ ڕۆژنامەڤانیێ یە و ستوینەكا گرنگە بو هەر دەزگەهەكێ راگەهاندنێ.

ڤێ مژارێ دێ كەینە بەرووكا بابەتێ ڤەكۆلینا خو.

د پشكا ئێكێ دا بشێوەكێ گشتی دێ بەحسی ڤی ژانری كەین وەكو تێگەه و زاراڤ و پێناسە و چەند تەوەرێن دی.

د پشكا دووێ دا ئاماژەكرنە ب پەیدابوونا دیدارێ دناڤ ڕۆژنامێن كوردی دا كو وەكی ژانرەک هاتیە دناڤ رۆژنامەڤانیا كوردی دا وەرارو پێشكەفتن بخوڤە دیتی یە.

پشكا سیێ خواندنەكا شلوڤەكاری یە بو چەند نموونە دیدارێن د ناڤ هژمارێن جوداجودا یێن رۆژناما بەهدینان دا هاتینە بەلاڤ كرن دگەل دیاركرنا سەرنج و تێبینی یێن مە ل سەر روخسارو ناڤەرووكا وان دیداران.

باشبەند ژی پێكهاتیە ژ دەقێ وان دیدارێن كو مە شلوڤەكرن ل سەر كری.

**حەسەن فەتاح**

**٢٠٠٩/٥/١**

## پشکا ئێکێ:

* چەمک و زاراڤ .
* پێناسا دیدارا ڕۆژنامەڤانی.
* سەرهلدان و گەشەکرن.
* جۆرێن دیدارا ڕۆژنامەڤانی.
* مەرجێن دیدارا سەرکەفتی.
* جۆرێن کەسان کو دیدار دگەل دهێتە کرن.
* خو بەرهەڤ کرن بو ئەنجامدانا دیداری.
* ڕەوشتێن دیدارا ڕۆژنامەڤانی.
* چەند جۆرە قالبێن دیدارا ڕۆژنامەڤانی.
* قوناغێن پشتی ئەنجامدانا دیدارا ڕۆژنامەڤانی.
* مانشێت.
* جۆرێن مانشێتی.
* وێنە.

### چەمک و زاراڤ

د زمانێ کوردی دا پتر ژ زاراڤەکی بو دیدارا ڕۆژنامەڤانی هاتیە بکارئینان **((هەڤپەیڤین، چاڤپێکەفتن، دیدار، دیالوک))**[١]، هەروەسان د هندەک ژێدەرێن دی دا هەمان ناڤ و زاراڤ هاتینە بکارئینان یان ژی هندەکێن دی ل سەر هاتینە زێدەکرن وەک **((وتوویژ))**[٢]، **((گفتوگۆ))**[٣]، هەردیسان هەڤدیتن، دان و ستاندن و گەلەکێن دی.

هەتا د زمانێ کوردی دا زاراڤێ **((ئینتەرڤیو))**[٤] بخۆژی د هێتە بکارئینان و هەر ژێدەرەکی ب ڕەنگەکی بکارئینایە، لێ بگشتی ئەڤ هەمی ناڤ و زاراڤە دئێک خال دا و بو ئێک مەرەم دهونەرێ ڕۆژنامەڤانیێ دا دهێنە بکارئینان، کو ئەوژی مەبەست پێ دیدارا ڕۆژنامەڤانی یە.

هەتا ڕۆژنامەڤان و دەزگەهێن ڕاگەهاندن و ڕۆژنامەڤانیا کوردی ژی ل سەر ئێک ناڤ و زاراڤ د ڕێککەفتی نینن **((ڕۆژنامە و گوڤارێن کوردی هەرجارەکێ ئێک ژ ڤان زاراڤان بو بکارئینایە))**[٥]، یان هەتا ڕۆژنامەکا دیارکری دێ بینین د هەر هژمارەکا خودا زاراڤەک ژ ڤان بکارئینایە.

هەر ب هەمان شێوە د زمانێ عەرەبی ژی دا ئێک چەمک و زاراڤ بتنێ نەهاتیە بکارئینان، بەلکو پتر ژ زاراڤەکی بویە وەک **((المقابلة الصحفية))**[٦]، **((الحديث الصحفي))**[٧]، **((الحوار الصحفي))**[٨]، **((اللقاء الصحفي))**[٩]، لێ دیسان د ناڤەروکێدا ئێک مەبەست هەیە.

د زمانێ ئینگلیزی ژی دا زاراڤێ ((Interview))[١٠]، هاتیە بکارئینان، مەبەست پێ دیدارە یان چاڤپێکەفتن، لێ دهندەک ژێدەران دا ((Defintion of Interview))[١١]، بەرامبەر چاڤپێکەفتنا ڕۆژنامەڤانی بکار هاتیە.

دەربارەی ڕەە و ڕیشالێن ڤی چەمکی کو ئێکەم جار ژ کیژ زمانی هاتیە وەرگرتن، زاراڤێ Interview **((لە بنچینەدا وشەیەکی فەرەنسییە، هونەرێکە لە هونەرەکانی ڕۆژنامەگەری، بەمانای دانیشتن لەگەڵ کەسایەتییەکی، سیاسی، هونەری، وەرزشی، میللی و...ژ هتد))**[١٢].

### پێناسا دیدارا ڕۆژنامەڤانی

لدەسپێکێ فەرە بزانین کو **(دیدارا ڕۆژنامەڤانی)** بابەتەکێ بەرفرەهە، نەک وەسا یێ چارچوڤەکری و گرتی یە کو بتنێ د گوشەیەکێدا بهێتە دیتن و پێناسەکا ڤەبڕ هەبیت بەلکو بەروڤاژی ڤێ چەندێ دەرفەتا گەلەک بۆچوونێن زانستی ل سەر هەیە.

هەر ژبەر وێ چەندێ دێ بینین شارەزا و بسپۆرێن ڤی بواری ل سەر پێناسەکا دەست نیشانکری د ڕێکەفتی نینن، ئانکو پتر ژ پێناسەکێ بو دیدارا ڕۆژنامەڤانی هاتیە کرن، دێ بزاڤێ کەین هندەک ژ وان بەرچاڤ بکەین و بزانین هەرئێک ژ وان جەختێ ل سەر چ خال دکەت.

**((دیمانە، چاوپێکەوتن، هەڤپەیڤین، گفتوگۆ، وتوویژ... یەکێکی ترە لە هونەرە گرنگەکانی ڕۆژنامەگەری، کە هەڵگری هەندێ بنەما و خەسڵەتی تایبەتە و لە هونەرەکانی تر جیای دەکەنەوە. هاوکات لە ڕووی کارکردن تیایدا،**

**فۆرم و شێوازێکی جیاواز لە هونەرەکانی تری هەیە))** (١٣) .

دڤێ پێناسێ دا گەلەک داکوکی ل سەر گرنگی یا دیدارا ڕۆژنامەڤانی و جوداکرنا وێ ژ هونەرێن دی یێن ڕۆژنامەڤانی هاتیەکرن، هەتا وەکی فورم و شێواز ژێ.

بگشتی دیدارا ڕۆژنامەڤانی ب گرنگی ڤە هاتیە بەحس کرن، لێ د هەمان دەمدا وەکو ناڤەرووک و کارێ وێ نەهاتیە روون کرن و پتر تەکەزی ل سەر بەراوردکرنا وێ دگەل هونەرێن دی یێن ڕۆژنامەڤانی هاتیە کرن.

**((دیدارا ڕۆژنامەڤانی پێرابوونەکا دیالوکی یە د ناڤبەرا ڕۆژنامەڤانی و کەسایەتیەکی ژ کەسایەتیان و ئارمانج ژ وێ دیالوکێ بدەست ڤە ئینانا دەنگوباس و پێزانینێن نوی یە یان شلوڤەکرنا نێرینەکا دیارکری یان وێنەکرنا لایەنێن نامۆ و خۆش دژیانا وی کەسایەتی دا))**(١٤)

ڤێ پێناسەیێ گەلەک داکوکی کریە ل سەر پەیداکرن و بدەستڤە ئینانا وی کەسێ دیدار دگەل دا دهێتە کرن، هەڤدەم کومکرنا پێزانین و دیتنان ژ وی کەسی کو ئەڤ چەندە ژێ برێکا دیدارا ڕۆژنامەڤانی دهێتە کرن، بشێوەکێ گشتی هەردوو کەسێن پشکدار ددیدارێ دا **(ڕۆژنامەڤان + کەس)** و ئەو مژارێن بەحس دکەن ب گرنگی ڤە هاتینە وەرگرتن.

**((ئیبراهیم حاج سالح))**(١٥)، ژ لایێ خوڤە دیدارا ڕۆژنامەڤانی ب ڤی رەنگی پێناسەکریە، **((بەرچاڤترین هونەرێ ڕاگەهاندنێ یە خواندەڤان حەز ژێ دکەن، برێکا وێ دکارین پێزانین و بوچوونان ژ کەسایەتیێن ناڤداروو تایبەتمەند، هەروەسان ژ کەسێن پشکدار د بویەرەکێدا وەک دیدەڤان وەرگرین))**(١٦).

ئەڤ پێناسە خالەکا گرنگ د ناڤ دیدارێ دا بەحس دکەت کو ئەو ژی ئاماژەکرنە بو خواندەڤانی یان وەرگری و حەزو ڤیانا وی بو دیدارا ڕۆژنامەڤانی و زانینا پێزانینان، هەر دیسان ژبلی کەسایەتیێن بەرپرسیار د بویەر و هەلکەفتاندا د پێناسەیا بوری دا خویا دبیت کو هندەک جاران هاولاتی و کەسێن مەدەنی ژی دبنە ژێدەر بو وەرگرتنا پێزانینان، ئەڤەژی لدەمێ کو رویدانەک ب چاڤێت خو دیت د بیت، واتە دیدەڤان بیت و پێزانین ل سەر هەبن.

**((هەڤپەیڤین بریتییە لە کۆمەڵێک پرسیاری ئامانجدار لە کەسێک یان چەند کەسێک، بۆ بەدەست خستنی زانیاری و بیروڕا و تۆمارکردنێکی پێویست بۆ وەڵامەکان، بە مەبەستی بەرچاوکردن))** (١٧)..

د ڤێرێ دا دیار دبیت کو دیدارا ڕۆژنامەڤانی یا ئارمانجدارە بو کومڤەکرنا زانیاری و بیرو بووچونان، زێدەباری وێ چەندێ پێدڤیە ڕۆژنامەڤان هەمی بەرسڤێن وی کەسێ دیدارێ دگەل دا دکەت تومار بکەت، ب مەبەستا بەلاڤکرنێ بشێوەکێ راستگویانە.

**((هونەرێکە بەردەوام لەلایەن ڕۆژنامەنووسان پشتی پێ دەبەستن بۆ بەدەست خستنی هەواڵ و بەرچاوکردنی بۆچوونێک یان هەر مەبەستێکی تر))** (١٨).

واتە، ئەڤ پێناسەیە ژێ خویا دکەت کو دیدارا ڕۆژنامەڤانی ڕێکەکە بو کومڤەکرن و بدەستڤەئینا نووچەیان، یان دیارکرنا بۆچوونان کو ڕۆژنامەڤان پشتا خو پێ گەرم دکەت.

**((دیدارا ڕۆژنامەڤانی جورەکە یان رەنگەکە ژ رەنگێن ڕۆژنامەڤانیێ کو ل دەمێ کاودانێن جڤاکێن پێشکەفتی دا دیار دبیت بو پڕکرن یان تێرکرنا حەزێن ڕاگەهاندنێ یێن نوی))**(١٩).

پێناسەیا سەری دووپاتی کریە لسەر وێ چەندێ کو دیدارا ڕۆژنامەڤانی گرێدایی کاودانێن جڤاکی یە و ڕێژا پێشکەفتنێ پتر جورە سەربەخویەکێ ددەتە دیدارێ و دبیت کو ل دەمێ حەزێن سەرەکیێن مروڤی و جڤاکی دهێنە تێرکرن ئێدی مروڤی حەزا تژی کرنا حەزێن لاوەکی هەیە.

ئەگەر چەند پێناسەکێن دی لدیڤ ئێک بو دیدارا روژنامەڤانی بڤی رەنگێ لخوارێ بەرچاڤ بکەین.

**((ئینتەرڤیو لە ژانرە هەرە گرنگەکانی ڕۆژنامەوانییە،ڕۆژنامەنووس بەشێوەی پرسیار**

**و وەلام لەگەڵ کەسی بەرامبەر لەسەر بابەتێکی دیاریکراو گفتوگۆ دەکات. ئینتەرڤیو دەکرێت بۆ رۆژنامە، گۆڤار، رادیۆ، یان بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی وەرگری، سەرنووسەر، دەستەی نووسین یان رۆژنامەنووس کەسێکی دیاریکراو هەڵدەبژێرێت بۆ گەیاندنی ئەو زانیارییانەی کە بە بۆچوونی ئەو بوخواندەڤان، گوهداران، بینەران، پێویستن))** [٢٠].

**((ئـەو هـونـەرە رۆژنـامـەنـووسـییـە کە هـەڵدەسـتێت بـە دروسـتـکـردنـی ئـاخـاوتـن لەنێوان رۆژنامەنووس و کەسایەتییەکان بۆ بەدەستکەوتنی هـەواڵ و زانـیـاری نـوێ یان لێکدانـەوەی گۆشە نیگایەکی دیـاریـکـراو و بەرچاوکردنی لایەنی کەم و دەگمەن))** [٢١].

**((دیمانە جۆرێکە لە هەواڵگیری راستەوخۆ کە بەو رێگایە بیروڕای کەسایەتییە گرنگەکانی کۆمەڵگا یـان بیری خەڵک لـەبـارەی بابەتە جیاوازەکانی رۆژەڤ بەدەست دەکەون))**[٢٢].

**((چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسی یەکێکە لە هونەرەکانی رۆژنامەنووسی، کە رۆژنامەنووس دیالۆگ لەگەڵ کەسێک دەکرێت بۆ وەرگتنی زانیاری و دەبێتە یەکێک لە ژێدەرەکانی دەنگ و باس))** [٢٣].

دیـــدارا ڕۆژنـامـەڤـانـی **((ئـــەو هـونـەرێ ڕۆژنامەڤانی یە کو رادبیت ب دروستکرنا ئاخفتنێ دناڤبەرا ڕۆژنامەڤان و کەسایەتییەکی دا بو دەستکەفتنا هەواڵ و زانیارییێن نوی یان لێکدانا گوشە نیگایەکا دیارکری و بەرچاڤکرنا لایەنێن کێم ودەگمەن))**[٢٤].

**((دیمانە جۆرەکە ژ هەواڵگیریا راستەوخو کو برێکا وێ بیروڕاییێن کەسایەتییێن گرنگێن جڤاکی یان هزرا خەلکی دەربـارەی بابەتێن جودا جوداییێن روژەڤێ دەست دکەڤن))**[٢٥].

سەر ئەنجام بو مە دیاردبیت کو شارەزاییێن ڤی بیاڤی دهەڤ بوچوون نینن و هەر پێناسەیەک د هندەک خالاندا ژ یا دی جودایە و دەرفەتا گەلەک بوچوون و هزران ل سەر هەیە، هەر ئێک ژ بسپورو شارەزایان لگور نێرینا خو و بشێوەیەکی دیدارا ڕۆژنامەڤانی پێناسەکریە و داکوکی ل سـەر لایەنەکی و خالەکێ یان چەند لایەنان کریە وەک ناڤەرووکا دیدارێ، ئەو کەسێ دیدار دگەل دهێتە کرن، هەبوونا روویدان و بویەران، کەسایەتیا ڕۆژنامەڤانی، بەرچاڤ وەرگرتنا حەزا خواندەڤانی و وەرگری و...هتد.

ئەڤ هەمی پێناسە د خالەکێ دا کومڤەدبن کو ئەوژی ئەوە دیدارا ڕۆژنامەڤانی ژانرەکێ سەرەکی و گرنگ یێ هونەرێ ڕۆژنامەڤانیێ یە و هێژای پویتە پێدانێ یە.

### سەرهلدان و گەشەکرن

بێ گومان هەر زانست و هونەرەکێ بەحس لێ بهێتە کرن دەستپێکەک و سەرهلدانەک بو هەبوویە، ئەو دەستپێک ژی دبیت یا سادە و ساکار بیت و هێدی هێدی و قوناغ ب قوناغ پێشکەفت بیت.

دیـدارا ڕۆژنـامـەڤـانـی ژی وەکـو ژانـرەکێ ڕۆژنامەڤانی چەند بوچوونێن ژ هەڤ جودا لدور سەرهلدانا وێ هەنە و دێ چەندەک ژ وان دەینە بەرچاڤکرن.

**((مێژووی چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسیش دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای چاخی نۆزدەم لە رۆژنامەنووسی ئەمەریکی و ئەو سەردانەی کە رۆژنامەنووس هۆراس گیرلی راسپێراوی رۆژنامەی نیویۆرک تەریبون بۆ بریگهام یۆنج و ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسی لەگەڵ سەرۆکی خێڵی مۆرۆنی))** [٢٦].

هەر ل دور سەرهلدانا دیدارێ و بدەست نیشان وەکو سال کو چاوان سەرهلدایە و ب چ رەنگی بویە **((چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسی لە ساڵی ١٨٦٣ وەک هونەرێکی رۆژنامەنووسی دەرکـەوت، دەتوانین باس لەو چاوپێکەوتنە بکەین کە رۆژنامەنووس بنیت لەگەڵ خانمێک ئەنجامیدا کە لـە مـاڵی خـۆیدا رووداوی کوشتن دەرحەق ئافرەتێکی لادەر** (ئافرەتەکا سەربەردایی ـ حەسەن) روویدابوو، داڕێشتنی چاوپێکەوتن لە شێوەی پرسیار و وەڵام بوو)) [٢٧].

**((لــەبــارەی ســەرهــەڵدانــی گفتوگـۆی رۆژنــامــەنــوســی، هــەرکــاتــێــک و لــە هــەر شوێنێک بـاس لـەو هـونـەرە بـکـەیـن، بـەبێ یەک و دوو دەبێت بگەڕێینەوە بۆلای دیفۆ ـ Defoe،رۆژنامەنووسی ئینگلیزی لەسەدەی هەژدەهەم لەکاتی سالانی هەشتا لەو سەدەیە لەگەڵ جاک شیبەرد ـ J. Shepherd ی ڕێگر کە لەبەردەم خەڵقی لە سێدارەدا بوو کەوتە ئاخاوتن و چەند پرسیار لەبارەی هەست و خواستەکەی لێی کرد. ئەم گفتوگۆیە لەنێوان ئـەو رۆژنـامـەنـووسـە و ئـەو تـاوانـبـارەدا، بە کۆنترین هۆنەری گفتوگۆی رۆژنامەنووسی هـاوچـەرخ دادەنـێـت هـەروەک لـە هەموویان بەناو بانگترە))** [٢٨].

بوچوونەکا دی ژی دڤی بیاڤی دا یا هەی ئەوژی بڤی رەنگی یە **((ئینتەرڤیو وەک ژانرێکی سەربەخۆی رۆژنامەنووسی لە سەدەی هەژدەم لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی بەریتانیا سەری هەڵدا. ئەو ژانرە لەوکاتەدا زیاتر لە دادگا و پۆلیسخانە سودی لێ وەردەگرت. حاکم و پۆلیس پرسیار لە کابرای تاوانبار دەکەن و وەڵامی پێویست بە دەست دەکەوتن، پرسیار و وەڵامی حاکم و تاونبار بۆ خوێنەر وەک خۆی دەگۆستنەوە، ئەوکاتە رۆژنامەنووس پرسیاری خۆی لە کابرای تاوانبار نەدەکرد، بەڵکو بەوە رازی بوون کە پرسیاری حاکم لەگەڵ وەڵامی تاوانبار بخرێتە سەرکاغەز))** [٢٩].

ل ڤێرێ خویا دبیت پتر بوچوون دگەل وێ چەندێ دانە کو بو ئێکەم جار دیدارا رۆژنامەڤانی ل ئەوروپا سەرهلدایە بتایبەت ل وەلاتێ بریتانیا، ژلایەکێ دیڤە وەکو مێژوو ژی دیار دبیت کو وەکو دژێدەران دا ئاماژە پێ هاتیە کرن ل سەدێ (١٨)ێ ل بریتانیا سەرهلدایە و هندەک ژێدەرێن دی دبێژن ل ئەمریکا ل سەدێ (١٩) ێ بوویە، ئانکو وەک دیروک ژی دیدارا رۆژنامەڤانی ل بریتانیا بەری ئەمریکا سەرهلدایە.

لێ بشێوەکێ گشتی ئەو دیدارێن دەستپێکێ ب شێوەکێ سادەو ساکار هاتینە ئەنجامدان یان ژی ب شێوازێ پرسیارکرن و بەرسڤدان بوینە، لێ هێدی هێدی قوناغ دەرباس کرینە، هەتا ئەم دبینین د قوناغا ئەڤروکەدا دگەل پێشکەفتنا تەکنەلوجیایێ هەمی پێدڤی بو ئەنجامدانا دیدارەکا رۆژنامەڤانی ب ساناهی تر بەردەست دکەڤن، دیسان شێوازێ ڤەوژارتن و دریشتنا دیدارێ ژ شێوەیێ پرسیارو بەرسڤدانێ بتنێ دەرباس بویە و گەلەک جاران ب شێوەیەکێ هونەری و سەرنج راکێش دیدارێن رۆژنامەڤانی ل سەر لاپەرێن گوڤارو رۆژنامان دهێنە بەلاڤ کرن، کو ئەڤە ژی پتر گرێدایی شارەزایی و هوستاکاریا وی رۆژنامەڤانی یە کو دیدارێ دگەل کەسەکی یان چەند کەسان ئەنجام ددەت.

**جۆرێن دیدارا رۆژنامەڤانی**

د هەر ژێدەرەکی دا جۆرێن دیدارا رۆژنامەڤانی ل سەر هندەک بنەمایان هاتینە دابەش کرن، مینا دابەش کرن ل سەر بنەمایێ بابەتێ دیدارێ وەک **((دیدارا سیاسی،دیدارا جڤاکی،دیدارا ئابوری،دیدارا هونەری،دیدارا وەرزشی،و...هتد))** [٣٠].

دهندەک ژێدەرێن دی دا ل سەر بنەمایێ شێوازێ دیدارێ هاتینە دابەش کرن وەک **((دیدارا زارەکی،دیدارا نڤیسی،دیدارا بەربەلاڤ، دیدارا ئارمانجدار،دیدارا دائێخستی،دیدارا ڤەکری،دیدارا ئازاد،دیدارا ئاراستەی،دیدارا شیکاری))** [٣١].

لێ پرانیا جاران دیدارا رۆژنامەڤانی،لسەر بنەمایێ ناڤەرووک و رەنگڤەدانا وێ دهێتە دابەش کرن،وەکی د ئەڤان خالان دا دیار دبیت.

١ – دیدارا نوچەی **((خەبەری))** [٣٢]:ئەڤ جۆرە دیدارە دهێتەکرن دگەل کەسایەتیەکێ بەرپرس و خودان دەستهەلات ژ دیاردەکا دیارکری بو مەبەستا بدەسڤە ئینانا نوچەیەکێ ل سەر وێ بویەرێ.

**نموونە / دیدار دگەل وەزیرێ ناڤخوو دەربارەی هاتنا عەرەبان بو کوردستانێ.**

٢- **((دیـدارا زانـیـاری))**[٣٣] : ئەڤ دیـدارە دهێتە کرن دگەل کەسەکی کو یێ بسپور بیت و زۆرترین پێزانین ل سەر بابەتەکێ دیارکری هەبن، مەرج نینە ئەو بابەت یێ گەرم بیت.
**نموونە / دیدار دگەل نوژدارەکێ دەروونی دەربارەی ترس و شەرمێ.**

٣- **((دیدارا ڕۆژنامەگەری))**[٣٤]: بتنێ ڕۆژنامەڤانی دەرفەت هەیە پرسیارەکێ یان دوو پرسیارێن کورت بکەت، مەرج نینە پرسیار ل سەر تەوەرێن دەست نیشانکری بن.
**نموونە/ کونگرێن ڕۆژنامەڤانی.**

٤- **((دیـدارا بیرو بوچوونان))**[٣٥] : دهێتە کرن دگەل دگەل سیاسەتمەدارەکی یان کەسایەتیەکێ ناڤدارو بەرچاڤ، کو دێ بیرو بو چوون و سەرنجێن خو ل سەر بابەتێ دیدارێ دەت.
**نموونە / دیدار دگەل پەرلەمانتارەکی سەبارەت ئەنجامدانا هەلبژارتنان.**

٥- ((دیدارا تایبەت))[٣٦] : ئەڤ جۆرە دیدارە تایبەت دهێتە کرن دگەل کەسەکی کو یێ دەستنیشان کریە و دشیاندا نینە بهێتە گهورین یان ل شوینا وی دیدار دگەل کەسەکێ دی بهێتە کرن.
نموونە / دیدار دگەل هونەرمەند شڤان پەروەر.

٦- **((دیدارا دگەل داهێنەران))**[٣٧] :. دگەل کەسەکی دهێتەکرن کو یێ خودان شیان و داهێنەر بیت دکارەکی دا، رەنگە هەمی کەسەک نەشێت وی کاری بکەت.
**نموونە / دیدار دگەل کەسەکی کو ئامیرەکێ تەکنیکی دروست کربیت.**

٧- **((دیدارا کومێدی و دەم بوراندنێ))**[٣٨] : ئانکو گرنگی ب وی کەسی دهێتە دان یێ دیدار دگەل دا دهێتە کرن سەرکەفتنا دیدارێ ل سەر شیانێن مێهڤانی دمینیت.
نموونە / دیدار دگەل هونەرمەندەکێ کومێدی.

٨- **((دیدار ب رێکا پوست کرنا پرسیاران))**[٣٩]: پرسیارێن بابەتی بو وی کەسێ دیدار دگەل دا دهێتە کرن دهێنە هنارتن، ئەڤەژی ب جۆرەکێ مری یێ دیـدارا ڕۆژنامەڤانی دهێتە هژمارتن.



#### مەرجێن دیدارا سەرکەفتی

هەر چەندە **(سەرکەفتنا دیدارا ڕۆژنامەڤانی هەتا رادەیەکێ زور ل سـەر زیرەکی و ژێهاتنا ڕۆژنامەڤانی دمینیت)**[٤٠]، لێ دگەل وێ چەندێ ژی هندەک خال هەنە وەکو مەرج بو سەرکەفتنا هەر دیدارەکا ڕۆژنامەڤانی :

**١-(کومڤەکرنا پێزانینێن پێش وەخت ل سەر بابەتی و ئەو**

**کەسێ دیدار دگەل دا دهێتە کرن)**(٤١).

٢- **(کلیلا برێڤە برنا دیدارێ پێدڤیە ددەستێ ڕۆژنامەڤانی دا بیت)**(٤٢)،نەک میهڤانی.

٣- بابەتێ دیدارێ یێ گرنگ و **(بایەخدار و واتادار بیت)**(٤٣)،لدەڤ خەلکی و **(دەم و جە و نوییاتی)**(٤٤)، یا مژارا بابەتی لبەر چاڤ بهێتە وەرگرتن.

٤- **(هشیاربون ل سەر بەرسڤێن میهڤانی داکو بزانی هەتا چ رادەیێ راستگویە)**(٤٥).

٥- **(ئەو بەرسڤێن ڕۆژنامەڤانی دڤێت بگەهیتێ پێدڤیە بهێنە گوتن)**(٤٦)، نەک ئەو تشتێ میهڤانی دڤێت وی بتنێ بێژیت.

٦- **(دناڤ ئاخفتنێن میهڤانی دا پرسیارێن نوی پەیدا دبن)**(٤٧) پێدڤیە بهێنە کرن.

٧- **(جل و بەرگێن ڕۆژنامەڤانی دگونجای بن)**(٤٨)، و **(ئامیری ریکوردەرێ و دەفتەرا تێبینی یا دگەل دابیت)**(٤٩).

٨- **(پتر ژ وێنەکی د یدارێ دا بهێتە گرتن)**(٥٠)، چونکی هەبوونا وێنەی دگەل دیدارێ پتر بهای و راستگویێ ددەتە بابەتی.

٩- **(دیدار دێ ب پرسیارەکا سادە)**(٥١) دەست پێ کەت یان **(نوکتەکێ)**(٥٢) داکو کەسایەتیا میهڤانی بزانی.

**جۆرێن کەسان کو دیدار دگەل دهێتە کرن.**

بشێوەکێ گشتی سێ جورێ کەسایەتیان هەنە کو ڕۆژنامەڤان دیدارێ دگەل دا دکەت.

١- **(دەستەیا هاریکار)**(٥٣) : ڕۆژنامەڤان دشێت بساناهی سەرەدەریێ دگەل ڤان جۆرە میهڤانان بکەت، چونکی د هاریکان بو بسەرکەفتنا برێڤە چوونا دیدارێ و حەز دکەت دیدار دگەل دا بهێتە کرن.

٢- **(دەستەیا دوو دل)**(٥٤) : ئەڤ جۆرێن کەسان ب دوو دلی ڤە دیدارێ دکەن، لەوما زیرەکی یا ڕۆژنامەڤانی یا فەرە داکو بشێت ڤان جۆرە کەسان بێخیتە ژێر کونترولا خو و ئەوا وی دڤێت ژێ وەرگریت.

٣- دەستەیا نەهاریکار **((راکردوو))**(٥٥) : فەرە ڕۆژنامەڤان یێ فێری فێلبازیێن ڤان جۆرە کەسایەتیان بیت و ب هشیارانە دیدارێ دگەل دا بکەت و هەمی هێجەتان لێ ببڕیت، بتایبەت ئەگەر بزاڤ کر ژ ئەنجامدانا دیدارێ برەڤیت.



**خو بەرهەڤکرن بو ئەنجامدانا دیدارێ.**

دیارە بو ئەنجامدانا هەر کارەکێ ڕۆژنامەڤانی خو بەرهەڤکرنا پێش وەخت و هزرکرن و دانانا پلانەکێ بو سەرکەفتنا کاری یا گرنگە، بو ئەنجامدانا هەر دیدارەکا ڕۆژنامەڤانی، گرنگە ئەڤ

خالە لبەر چاڤ بهێتە وەرگرتن :

١- **(دەست نیشانکرنا بابەتەکێ گرنگ)**[٥٦]، پاشان کەسەکێ گونجای بهێتە دیارکرن کو رۆژنامەڤان دیدارێ دگەل بکەت.

٢- دیارکرنا دەم و جە و ڤژانێ دیدارێ، **(لدیڤ داخازا مێهڤانی)**[٥٧].

٣- **(ئامادەکرنا تەوەرێن دیدارێ)**[٥٨]، پێدڤیە مێهڤان ژی بزانیت.

٤- بەرهەڤکرنا پرسیاران، لێ **(نابیت بەری ئەنجامدانا دیدارێ مێهڤان پرسیاران ببینیت)**[٥٩].

### رەوشتێن دیدارا رۆژنامەڤانی

بو ئەنجامدانا هەر دیدارەکا رۆژنامەڤانی، هندەک یاساو رەوشت هەنە، پێدڤیە رۆژنامەڤان لبەر چاڤ وەرگریت.

١- پێگیریکرن ب ژ ڤان و دەم و جهێ دیدارێ، کو مێهڤان دیار دکەت، ژ بەرکو رۆژنامەڤان یێ هەوجەیە.

٢- نابیت رۆژنامەڤان بەرتیلێ ژ مێهڤانی وەرگریت، خو ئەگەر وەکو دیاری ژی بیت **(ژبلی دیاریێن هێمایی)**[٦٠].


٣- درەو کرن و بێ سوزی **(هەرچەندە د یاسایێ دا نینە، بەلێ د رەوشتی دا یا هەی)**[٦١]، پێدڤیە رۆوژنامەڤان یێ ژێ دویر بیت.

٤- مێهڤانی ئەو مافە یێ هەی **(پرسیارێن کەسوکی ل سەر ژیانا خو یا تایبەت بەرسڤ نەدەت.)**[٦٢].

٥- هەر بابەت وبویەرەک ب قەبارێ خو دێ هێتە بەحسکرن، **(زێدەرووی و کورتبڕی نابیت تێدا بهێتەکرن)**[٦٣].


### چەند جۆرە قالبێن دیدارا رۆژنامەڤانی

١- **(قالبێ هەرەمی یێ وەرگەریایی)**[٦٤] : دڤی جۆرە قالبی دا **(گرنگترین و مفادارترین نووچە و زانیاری دهێنە دارێتن)**[٦٥]، و بەرەڤ یێن کێمتر گرنگ و ب مفا، تەوەرێن دیدارێ ب ڤی رەنگی دهێنە خارێ.



(٦٦)

٢- قالبێ هەرەمی یێ وەرگەریایی یێ پلەدار **((متدرج))**[٦٧]: دڤی قالبی دا **(گرنگترین بۆچوون دهێنە دەستپێکرن)**[٦٨]، وەکو دەرازینکەکێ بو ناڤ ناڤەرووکا دیدارێ.



(٦٩)


(٧٠)

٣- **(قالبێ هەرەمی)** : ئەڤ جۆرە قالبە ژ سێ بەشان پێک دهێت.

أ- **(دەستپێک)**[٧١] : خواندەڤان دهێتە بەرهەڤ کرن بو خواندنا دیدارێ.

ب- **(ناڤەرووک)**[٧٢]: پێکهاتیە ژ کورت کرن و دیتنا رۆژنامەڤانی.

ج- دوماهیک.




**دوماهیک**

**قوناغێن پشتی ئەنجامدانا دیدارا رۆژنامەڤانی**

پشتی کو دان و ستاندنێن پێدڤی دگەل مێهڤانی بدوماهی هاتن و **(ئەو پرسیارێن رۆژنامەڤانی دڤیان ژ مێهڤانێ خو کرن و پێزانینێن گرنگ بدەستڤەئینان)**(٧٥)، ل قوناغا دیڤدا وان پێزانین و نووچە و **(بۆچوونێن دناڤ ئامیرێ ریکوردەرێ دا هاتینە تومار کرن و زێدەبارێ ئەوێن دناڤ دەفتەرا تێبینی یان دا، دێ دارێژیتە سەر لاپەران)**(٧٦)، دگەل بەر چاڤ وەرگرتنا ڤان خالان :.

١- پترین پێزانین **(دکێمترین پەیڤ و رستە)**(٧٧)، و پارەگرافاندا بگەهن.

٢- **(نابیت پەیڤ و زاراڤێن گران)**(٧٨)، و مژەوی بهێنە بکارئینان کو خواندەڤان تێ نەگەهیت.

٣ - **(زمانەکێ پاقژ)**(٧٩)، یێ دویر بیت ژ پەیڤێن بێ رامان و نەجوان.

٤- **(دەقێ دیدارێ ب راستگوی بگەهیت)**(٨٠)، و بێ زێدەهی و کێماسی.

٥- **(باشترە ئەگەر دەنگێ تومارکری و رەشنڤیسێ دیدارێ، رۆژنامەڤان لدەڤ خو بهێلیت)**(٨١)، هەتا دیدار دهێتە خارێ و ماوەیەک ژێ ب سەر ڤە دچیت.

**مانشێت**

**(مانشێت ب سەنج راکێشترین رەگەزێ هەر ژانرەکا رۆژنامەڤانی دهێتە نیاسین)**(٨٢)، کو خواندەڤانی یان وەرگری بو لایێ خو رادکێشیت، هەروەسان ب کلیلا هەر بابەتەکی دهێتە زانین، کو برێکا وی قفلا ناڤەرووکا هەر بویەرەکێ یان بابەتەکی و لایەنێن گرنگ ژێ، دهێتە ڤەکرن.

**(فەرە بزانین باشترین مانشێت ئەوە یێ سەرنجا خواندەڤانی بو لایێ خو راکێشیت)**(٨٣)، باشترە ئەگەر مانشێت هەتا رادەکی یێ شێلی بیت و ناڤەرووکا بابەتی ئاشکرا نەکەت، لێ دگەل وێ چەندێ ژی **(نابیت مانشێت گەلەک یێ ژ ناڤەرووکا بابەتی دویر بیت)**(٨٤)، و پێدڤیە پێکڤە گرێدانەک دناڤبەرا وان دا هەبیت.

**جۆرێن مانشێتی**

بو هەر ژانرەکا رۆژنامەڤانی **(دیدار،نووچە، راپورت،ریپورتاژ...هتد)** دشیاندایە رۆژنامەڤان پەنایێ ببەتە بەر بکارئینانا جورەک ژڤان مانشێتان کو ب رەنگەکێ گشتی دبنە چەند جورەک.

١-**((مانشێتێ پان))**(٨٥) : ئەڤ جۆرە مانشێتە ژ دوو رێزان یان پتر پێک دهێت، **(گەلەک جاران رۆژنامە و گوڤار پتر ژ مانشێتەکێ پان بکار دئینن، لێ قەبارە و جورێ خەتێ وی دهێتە گهورین)**.(٨٦)

نموونە / ل دهوکێ دێ ڤیستەڤالەک هێتە گێران بو هەلبژارتنا لاوێ سالێ.

٢-**((مانشێتێ کناری))**(٨٧) : رۆژنامەڤان هەول ددەت مانشێتێ وی ژ رێزەکێ دەرباس نەبیت لەوما **(پەنایێ دبەتە بەر دەستپێکەکا کورت و پاشان مانشێتێ سەرەکی ددانیت)**(٨٨)، لێ ب مەرجەکی **(ئەو دەستپێک ژ چەند پەیڤەکێن کێم نەبوریت و قەبارێ وی ژ مانشێتێ سەرەکی کێم تر بیت.)**(٨٩).

نموونە / ب هەلکەفتا چەژنا نەوروزێ: پێرابوون دهێنە کرن بو پاقژ راگرتنا

ژینگەهێ.

٣- **((مانشێتێ بنە جە))** (٩٠): ئەو مانشێتە یە کو بەهرا پتر دگوشەیێن ستوینی دا دهێتە بکار ئینان و **(گەلەک گرێدان و پەیوەندی دگەل دیدارا رۆژنامەڤانی نینە)**(٩١)، بەلکو پتر دگەل گوتارێ دگونجیت وەکو گەلەک جاران دبیتە ناڤێ گوشەیەکێ یان ستوینەکێ د رۆژنامە و گوڤاران دا.

٤- **(مانشێتێ لایەکی)**(٩٢): پتر ژ مانشێتەکی بخو ڤە دگریت و هزروبیرێن جوداجودا یێن بابەتی یێن هەین، ئانکو چەند هزران لسەر بابەتی بو خواندەڤانی ددەتە روون کرن، **(دڤی سەردەمی دا ئەڤ رەنگە مانشێتە دناڤ رۆژنامە و گوڤاران دا)**(٩٣) گەلەک یێ بەر بەلاڤە.

نموونە/ وەزیرێ پەروەردێ:

هەر قوتابیەکێ تێکرایی یا نمرێن وی ژ ٦٠٪ کێمتربیت ناهێتە وەرگرتن.

ماموستایێن نوی دەرچۆی هەمی دێ هێنە دامەزراندن.

٥- **((مانشێتێ بدەست خەتی))**(٩٤): ئانکو نڤیسینا مانشێتێ سەرەکی ب خەتێ دەستی، **(نوکە ئەڤ جۆرێ مانشێتی ناهێتە بکار ئینان)**(٩٥)، ژبەرکو ئامیرێن تەکنەلوجیایێ گەلەک پێشکەفتینە، بو ڤی سەردەمی ناگونجیت.

زێدەباری چەند شێواز و جورە مانشێتن دی هەنە کو زێدەتر گرێدان دگەل نووچەی هەیە وەک مانشێتێن **((نووچەی،کارتێکە ر،هەلویستی،ئازرێنەر،و...هتد))**(٩٦).



دمانشێتی دا فەرە ئەڤ خالێن ل خوارێ بهێنە پەیرەوکرن.

١ – مانشێتێ گرێدان و **(پەیوەندی دگەل ناڤەرووکا بابەتی هەبیت)**(٩٧).

٢ – **(ب زمانەکێ سادەو و رەوان و دویر بیت ژ ئالوزی و جوانکارییێن زمانڤانی)**(٩٨)

٣- **(روون و راست ئاشکرابیت)**.(٩٩)

٤- رۆژنامەڤان پەنایێ بو بکارئینانا **(کێمترین پەیڤ و دەستەواژەیێن واتا بەخش ببەت)** (١٠٠).

٥- مانشێت پێدڤیە یێ **(سەرنج راکێش بیت)**(١٠١).

## وێنـــە

هەبوونا وێنەی دگەل دیدارا رۆژنامەڤانی پتر راستی و باوەری یا دیدارێ دهێتە سەلماندن، لێ د هەلبژارتنا وێنەی دا پێدڤیە رۆژنامەڤان یێ شارەزا بیت، **(بەری یان پشتی ئەنجامدانا دیدارێ رۆژنامەڤان ل چەند قولا چێت جوداجودا وێنەیان بومێهڤانی خو بگریت)**(١٠٢) **(یان ژی ب هاریکاریا کەسەکێ**

**شارەزا ددەمێ دیدارێ دا وێنە بهێنە گرتن)**(١٠٣).

ئەو وێنە یان ژی پتر ژ وێنەکی کو ژ هەمیان سەرنجراکێشتر بن دگەل دەقێ دیداری د ڕۆژنامێ دا دێ هێنە بەلاڤکرن، ئەڤ چەندە ژی

ل دیڤ حەزا ڕۆژنامەڤانی و سیاسەتا ڕۆژنامێ دمینیت، نەک یا مێهڤانی.

ئانکو **(د شیاندایە پتر ژ وێنەکی دگەل دیدارێ د ڕۆژنامێ یان گوڤارێ دا بهێتە بەلاڤکرن)**(١٠٤).

ئەگەر وێنە دگەل دەقێ دیدارێ نەبیت **(ژ بەر هەر ئەگەرەکێ هەبیت)**(١٠٥)، ئەڤ بوشاییە دێ ب چەند رێکان هێتە تژی کرن.

١ – **((وێنەیێ ئەرشیفی))**(١٠٦) :. ئەگەر هەبیت دێ وێنەکێ وی کەسی ژ ئەرشیفێ دەزگەهی دەرئینی و دگەل دەقێ دیدارێ بەلاڤ کەی، **(یان ژی هندەک جاران ڕۆژنامەڤان پەنایێ بو ئینترنێتێ دبەت)**(١٠٧).

٢ – ((وێنەکێ دەربڕ))(١٠٨) : ئەگەر وێنەیێ مێهڤانی یان وی کەسایەتیێ دیدار دگەل دا هاتیە کرن د ئەرشیفی ژی دا نەبوو، دێ وێنەکێ دەربڕ ژ بابەت و ناڤەرووکا دیدارێ دگەل دەقی هێتە بەلاڤکرن.

دیسان **(گەلەک جاران ئەڤ جورە وێنە ژی ژ ئینترنێتێ دهێنە وەرگرتن)**(١٠٩).

١–**((دیدارا بێ وێنە))**(١١٠) : هەر چەندە هندەک جاران دیدار بێ وێنە ژی د ڕۆژنامە و گوڤاران دا دهێنە بەلاڤ کرن، لێ فەرە بزانین نەبوونا وێنەی ژ بهایێ دیدارێ کێم دکەت، **(خواندەڤان ژی پتر حەز ژ دیدارا وێنەدار دکەت)**(١١١).



**پشکا دووێ :**

* دیدار د ڕۆژنامێن کوردی دا.
* گـۆڤــارا هیــوا.
* دیدارا گۆڤارا هیوا دگەل ئەنوەر مایی.
* گـۆڤـارا بلێـسە.
* ناڤەرووکا گۆڤارا بلێسە.

**دیدارا د ڕۆژنامێن کوردی دا**

چ پێ نەڤێت د قوناغا نوکەدا دیدارا ڕۆژنامەڤانی وەکی ژانرەکێ سەرەکی و بەربەلاڤ دناڤ لاپەرێن ڕۆژنامە و گۆڤارێن کوردی دا جهێ خو کریە، ئەڤ چەندەژی هات ژ بەرکو گەلەک بابەت و مژارێن جۆراو جۆرێن، سیاسی،ئەدەبی، ئابوری، رەوشەنبیری، هونەری و...هتد، دڤی سەردەمی دا پێدڤیە دگەل کەس و لایەنێن پەیوەندیدار بهێنە گەنگەشەکرن و بەرچاڤی خواندەڤانی ببن.

لێ ئەگەر ڤەگەرین بو سالێن دەستپێکێ ژ رۆژنامەڤانیا کوردی، **(ئەکەر سەحکەینە گوڤارو رۆژنامێن کوردی دێ بو مە دیار بیت کو ددیروکا رۆژنامەڤانیا کوردی دا ئەڤ شێوە ژانرە گەلەک درەنگ لسەر لاپەرێن گوڤارو رۆژنامێن کوردی دیار دبیت)**(١١٢).

کەواتە دیار دبیت ب درەنگی ڤە دیدارێ جهێ خو لسەر لاپەرێن رۆژنامە و گوڤارێن کوردی کرینە،ئەگەر بەراورد بکەین دگەل ژانرێن دی وەکی **(گوتار و نووچە)**(١١٣) کو زووی جهەک دناڤ رۆژنامەڤانیا کوردی دا پەیداکری.

**(ئەو گوڤارو رۆژنامێن کوردی وەک کوردستان،روژی کورد،روژی کوردستان،بانگی کوردستان،رووناکی،گەلاوێژ و هژمارێن سالا ١٩٤٣ێ، کوردستان،هەولێر،هەتاو،کو من بدەست ئێخستین و ڤەکولین لسەر کری، ئەڤ ژانرە ب تەمامی پشت گوه هاڤێتیە)**(١١٤).

دبیت پەراوێزکرنا دیدارێ دناڤ رۆژنامەڤانیا کوردی دا بو گەلەک سەدەما ڤەدگەریت، بتایبەت سیستەمێ دەستهەلاتا وی سەردەمی کو رێک نەدابیت پەیامنێرو رۆژنامەڤانێن وان رۆژنامە و گوڤاران دیداران دگەل دا ساز بکەن،لێ دگەل وێ چەندێ ژی هەتا دیدارا ئەدەبی و رەوشەنبیری ژی تێدا نەهاتینە بەلاڤ کرن.

هەر چەندە ئەو کەسێن رۆژنامێن ل سەری ئاماژە مە پێکری دەرئێخستین کەسێن شارەزا بووینە، **((دگەل وێ چەندێ ئەوێن مژوویلی دەرکرنا وان گوڤارو رۆژنامان ژبلی زانینا زمانێ زکماکی، عەرەبی،فارسی،یان تورکی و بکێمی شارەزای دزمانەکێ ئەورووپی ژی دا هەبوو))**(١١٥).

ئانکو رامان ئەو نە بوویە کو وان چ ژ گرنگی یا ڤی ژانری نەزانی یە بەلکو بەروڤاژی، لێ دیارە دورهێل و سەردەم د هاریکار نەبوینە.

دەرکەفتنا ئێکەم رۆژناما کوردی بناڤێ **(کوردستان)** ل ٢٢ ی نیسانا سالا ١٨٩٨ز ل قاهیرە یا پایتەختێ مسرێ ژ لایێ مالباتا بەدرخانیان ڤە، ئەگەر بەراورد بکەین دگەل دوماهی یا سالێن (٥٠) یان ژچەرخێ بوری کو لدیف هزرا شارەزایان ژ نوی دیدارێ جهێ خو دناڤ رۆژنامەڤانیا کوردی دا دیتیە، پترە ژ نیڤ چەرخی کو رۆژنامە و گوڤارێن کوردی ژ دیدارا رۆژنامەڤانی بێ بەهر بووینە.



**گۆڤارا هیوا**

**((هیوا گۆڤارەکا زانستی ئەدەبی هەیڤانە بوو ژ ئالیێ یانا سەرکەوتن ل بەغدا دهاتە بەلاڤ کرن، هژمارا ئێکێ ل تیرمەها**

**١٩٥٧ ێ ویا دوماهیێ کو هژمارا ٣٦ ێ یە ل شوباتا ١٩٦٣ ێ هاتینە بەلاڤ کرن))**[١١٦]، واتە ئەڤ گۆڤارە بو ماوێ نێزیکی (٦) سالان یا بـەردەوام بوو، دوی مـاوەی دا ٣٦ هژمار ژێ دەرکەفتن.

**((خـودان ئیمتیازێ گۆڤارێ یانا سەرکەوتن بوو. دهەشت هژمارێن بەراهیێ دا حافز مستەفا قازی و دهژمارێن باشتر دا د.هاشم دوغرمەچی ریڤەبەرێن بەرپسیارێن گوڤارێ بوون، دروشمێ گۆڤارێ لسەر بەرپەرێ ئێکێ بڤان پەیڤان بویە، " گوڤارێکە بو بەختیاری و بـەرزکردنـەوەی پلەی زانیاریت تەرخانکراوە " هاتیە خەملاندن))**[١١٧].


*** (راسـتـتر گـۆڤـاری هـیـوا ٣٨ ژمـــارەی لـێ دەرچـــووە ـ رۆژنامەنووس)**

**دیـدارا گۆڤارا هیوا دگەل ئەنوەر مایی پشتی سەرەدانا وەلاتێ چینێ کری.**

وەکو بەلگەیەک بو سەلماندنا وان بوچوونان کو لدوماهی یا سالێن پێنچی یان ژ چاخێ بوری دیدارێ جهێ خو دناڤ رۆژنامێن کوردستانێ دا کریە، دێ هندەک ژ لایەنێن دیدارا گۆڤارا هیوا دگەل ئەنوەر مایی و دان و ستاندنێن وان دەینە بەرچاڤ.

**((ل مەها چریا ئێکێ سـالا ١٩٥٩ ێ ئـەنوەر مایی دگەل شاندەکێ عیراقێ بو پشکداریێ د چەژنا دەهێ یا دامەزراندنا کومارا چینا مللی دا سەرەدانا وی وەلاتی دکەن، ڤێ سەرەدانێ گرنگیەکا تایبەت هەبوو چونکی مایی ئەگەر کەسێ ئێکێ یێ کورد نەبیت ژ کەسایەتیێن بەراهیێ بوویە ب رەنگەکێ رەسمی سەرا چینێ بدەت و گەلێ کورد ب خەلکێ وی وەلاتی بدەتە نیاسین))**[١١٨].

**((گـۆڤـارا هیوا د هژمارێن ٢ و ٣ ژ کانونا ئێکێ ١٩٥٩ و کانونا دووێ ١٩٦٠ ێ پشتی ڤەگەریانا مایی دیدارەک دگەل سازکر))**[١١٩].




ل دەسـتپێکێ لـدور ئارمانجێن وێ سـەرەدانـێ د بەرسڤا پرسیارەکێ دا ئەنوەر مایی دبێژیت **((ئەز ئێک بووم ژ ئەندامێن کومەلا دوستینی یا چینی و عیراقێ دەمـێ شاندەکێ چینی سەرا عیراقێ دایی ول لیوایێن ژووری گەریاین و دگەل گەلەک کوردان ناسیاری پەیداکری گەلەک حەزدکر کورد ژی بەرسڤا ڤێ سەرەدانا وان بدەنە ڤە، ژ بەرکو ئەز ئەندام بووم د کۆمەلا دوستینی یا چینێ و عیراقێ دا و لدیڤ پێشنیارا ماموستا فاڤل عباس مەهداوی ژ بو پشکداریێ د بیرهاتنا دەهێ یا چینا مللی دا ئەم بەرەڤ وەلاتێ چینێ کەفتینە رێ))**[١٢٠].


سەبارەت هەبوون یان نەبوونا کوردان ل وی وەلاتی و د بەرسڤا پرسیارەکا دی یا گۆڤارا هیوا دا مایی دبێژیت **((٥٢ نەتەوە ل چینێ هەنە. ل وێرێ نەتەوەیەکێ هەی دبێژنێ " نەتەوەیێ کاوەی " من گومان کرن پەیوەندیەک دگەل کوردان هەبیت ل یانەیا من کوڕو کچێن وی نەتەوەی دیتن و هندەک پرسیار ژێکرن. ل شوینا پەیڤا** (بڕو) **دبێژن** (ڕو) **ل شوینا** (دانیشە) **دبێژن** (نشی) **د هژماراندا دبێژن:یەک،دوو،سێ،چوار،پێنچ،شەش ێ،حەفت،هەشت،نهو،دهو، دگوتە من،هەتا پشتی شورشێ ئانکو پشتی دامەزراندنا چینا مللی ئەم دکوچەر بووین،نهو ئەمێ ل گوندا ئاکنجی بوین و پەزی بخودان دکەین و هژمارا مە دگەهیتە ٣٥٠ هزاران و لژوریا چینێ دژین))**[١٢١].

دەربارەی وێ چەندێ کانێ ئایە گەلێ چینێ ژ چ کوردێن عیراقێ و نەتەوێ کورد دزانن، د بەرسڤا پرسیارێ دا ئەنوەر مایی دبێژیت **((دراستی دا تشتەکێ کێم ژ کوردان مێژوویا وان دزانن، دەبارەی عیراقێ تنێ هند دزانن نەتەوەیەکێ کورد دگەل عەرەبان لێ دژین، پشتی شورشا چواردەی تیرمەهێ یێ بزاڤێ دکەن دا نەتەوێ کورد ب نیاسن من ژی لدیڤ داخوازا کار بدەستێت تایبەت و ب رێکا کۆمەلا دوستینیێ ل یانەیا نەتەوەیان ل پەکینێ سمینارەک دەربارەی نەتەوێ کورد پێشکێش کر))**[١٢٢].

دیسان هەر دبەردەوامی یا هەڤپەیڤینا خودا دگەل گۆڤارا هیوا و دپشکەکا دی دا مایی پێڤە دچیت و دبێژیت **((من کاسێتەکا سترانێن کوردی پێشکەشی رادیوا پەکینێ کر و سترانێن شێخێ جانێ –محەمەد عارف جزراوی، هەرێ لەیلێ –شەمال سایب،خەزال خەزال–حەسەن جزراوی،ئازیز بەهارە–شەمال و گەلاوێژ تێدا بوون و چەند جارەکا ل رادیوا پەکین هاتنە لێدان))**[١٢٣].

## گۆڤارا بلێسە و بزاڤەکا دی

پشتی شورەشا چواردەی تیرمەها سالا ١٩٥٨ێ و گهورینا سیستەمێ حوکمرانیا عێراقێ ژ پادشایەتی بو کوماری **((نەقابێن ماموستایان ل کوردستانێ روولەکێ گرنگ دوارێ رەوشەنبیری و پویتەدان ب زمانێ کوردی و پەروەردێ دا گێرا، وەک گرێدانا دوو کونگرێن ماموستایێن کورد ل شەقلاوە ل سالێن ١٩٥٩ و ١٩٦٠ ێ و بەرهەڤکرن و چاپکرنا هندەک کتێبێن رەوشەنبیری وەک دەروازەیەک بو فلکلوری کوردی کو ژلایێ نەقابا ماموستایێن سلێمانیێ ڤە هاتبوو بەرهەڤکرن و ژ لایێ ماموستایێن هەولێر ڤە ل سالا ١٩٦٠ ێ هاتە چاپکرن. گۆڤارا بلێسە ژی بەرهەمێ ڤێ قوناغێ بوو))**[١٢٤]



دەربارەی پێناسە و جورێ ڤێ گوڤارێ ژی وەکو د پێناسەیا وێ بخودا هاتی **((گوڤارێکی ئەدەبی و زانیاری و کومەلایەتی کوردی یە – مانگێ جارێک دەر ئەچێت لە لایـەن نەقابەی ماموستایانەوە لەسلێمانی))**(۱۲۵).

هژمارا ئێکێ یا ڤێ گوڤارێ ل مەها تەباخا سالا ۱۹۵۹ ێ و یادەهێ و دوماهیێ ل گولانا سالا ۱۹٦۰ێ هاتینە بـەلاڤ کـرن، واتـە بلێسە بو مـاوێ نێزیکی دوو سـالان یا بەردەوام بوو دوێ ناڤبەرێ دا بتنێ (۱۰)(*) هژمار ژێ هاتینە بەلاڤ کرن **((لدەستپێکێ ژ لایێ هونەرمەند سەید موحسن و پێنج هژمارێن دیتر ژلایێ هونەرمەند ئەنوەر توڤی ڤە کلێشا بەرگی هاتیە کێشان))**(۱۲٦).

ناڤەرووکا گوڤارا بلێسە

**((وەک ژ پێناسا وێ دیاردبیت گوڤارەکا ئەدەبی و زانیاری و چڤاکی بوویە. ناڤەرووکا وێ ژی ل سەر ڤان بابەتان هاتیە لێکڤەکرن، بابەتێن ئەدەبی،هۆزان،چیروک،ڤەکولین،ناساندنا ئەدیبان و دیدار دگەل ئەدیبان ڤەگرتینە))**(۱۲۷).

ئانکو گوڤارا بلێسە ژی گرنگی دایە دیدارا ڕۆژنامەڤانی و دناڤ لاپەرێن خودا بەلاڤکرینە.

ب رەنگەکێ بەرچاڤ و ئەو دیڤچونا مە لسەر ڕۆژنامە و گوڤارێن کوردی کری پشتی ڤان پێنگاڤان و دسالێن (٦۰) ان و پاشتر دا ئێدی دیدارێ جهێ خو ب رەنگەکێ باش هەتا رادەکێ بەرفرەه دناڤ ڕۆژنامەڤانیا کوردی دا دیتیە و چەندین قوناغ دەرباس کرینە و هەتا ئەڤروکە ئێک ڕۆژنامە یان گوڤارا کوردی ژ ڤێ ژانرێ یا بێ بەهر نینە و بشێوەکێ گەلەک بەرفرەه و سەرەکی دهێتە کرن، هەتا د دارێشتنێ وەرارو پێشکەفتن دیتی یە.

* **(راستتر گۆڤاری بلێسە (۱۱) ژمارەی لێ دەرچووە بەلام کاتی خۆی سانسۆر دەستی بەسەر دواژمـارەی داگرتووە و زۆر بە کەمی بلاوکراوەتەوە ـ رۆژنامەنووس)**



پشکا سیێ :

* ڕۆژناما بەهدینان.

* دیدارەک دگەل جەمال یوسف.

* دیدارەک دگەل سەرۆکێ کومەلا (ژینی کوردستان).

* هەکە هەلبەست نەبا بەهرە نەدبوو.

* ئاریافون : مە ۱۳۲۰۰ پشکدارێن ئەنترنێتێ هەنە.

* شوکریا خان : بدیتنا من ئەڤ جهێن ئەم دگەل کار دکەین وەکی پێتڤی نەدهاریکارن.

ڕۆژناما بەهدینان

بەهدینان ڕۆژنامەکا سیاسی،رەوشەنبیری،گشتی یە دوو حەفتیان جارەکێ ل ڕۆژێن دووشەمبی دەزگەهێ راگەهاندنا ناوەندی یا **(ی.ن.ک)** ل دهوکێ دەردئێخیت،دەربارەی هزرا ڤێ ڕۆژنامێ **(پشتی شاندەک ژ سلێمانیێ ب سەرپەرشتیا ئازاد جوندیانی بەرپرسێ مەکتەبا ناوەندی یا راگەهاندنا** (ی.ن.ک) **سەرەدانا دهوکێ دکەن،ل رۆژا چارشەمبی رێکەفتی ٢٠٠٥/٧/٢٠ کومبوونەک دگەل هژمارەکا ڕۆژنامەڤانان سازکری پێشنیارا دەرئێخستنا ڤێ ڕۆژنامێ هاتە کرن)**[١٢٨].

ل روژا دووشەمبی رێکەفتی ٢٠٠٥/١٢/١٢ ئێکەم هژمارا ڕۆژناما بەهدینان ژ دایک دبیت ب هەشت بەرپەران **(دەه هژمارێن ئێکێ خالد دوسکی سەرنڤیسەر بوویە،دەستەکا نڤیسنێ پێکهاتی بوون ژ سەبیح محەمەد،شوکری شەهباز،سالح سوفی،سیپان باکوزی،قادر حەسەن،زنێر یوسف،لوتفی دوسکی،دەرهێنانا هونەری و کومپیوتەر : رەقیب مەحمود،شێروان محەمەد تاهر)**[١٢٩]

پشتی دەه هژمارێن ئێکێ دەرکەفتین کو هژمارا دەهێ ل رۆژا دووشەمبی ١/٥/ ٢٠٠٦ ێ دەرکەفتی یە، **(هژمارا ١١ ێ ل رۆژا دووشەمبی رێکەفتی ٢٠٠٦/٥/١٥ ێ دەرکەفتی یە ئەو ژی سەرنڤیسەر جەلال مستەفا، سکرتێرێ نڤیسینێ سەبیح محەمەد، دەستەکا نڤیسینێ سالح سوفی، قادر حەسەن، دەرهێنانا هۆنەری و کومپیوتەر : رەقیب مەحمود، ستار عەلی)**[١٣٠] هەروەسا ئەڤ ڕۆژنامە **((ژ هژمار (١) هەتا هژمار (٥٧) ب هەشت لاپەران بویە کو هژمار (٥٧) ل رۆژا دووشەمبی ٢٠٠٨/٣/١٠ دەرکەفتی یە، پشتی هنگی د هژمار (٥٨) دا ل رۆژا دووشەمبی رێکەفتی ٢٠٠٨/٣/٣١ ڕۆژناما بەهدینان بویە (١٢) لاپەر))**[١٣١]، و هەر ژ هژمارە (١) و هەتا نوکە خودانێ ئیمتیازێ **(سەدیق عەلی ئامێدی)** یە و هەتا نوکە یا بەردەوامە و دوماهیک هژمارا وێ کو ڤێ ڤەکولینێ ڤەدگریت ل رۆژا دووشەمبی ٢٠٠٩/٤/١٣ دەرکەفتی و هژمار (٨٣) ێ یە.ل ژێریا لاپەرێ (١١) ێ ب ڤی رەنگێ ستافێ کاری هاتیە دیار کرن **((بەهدینان : ڕۆژنامەکا سیاسی،رەوشەنبیری،گشتی یە دوو حەفتیا جارەکێ دەزگەهێ راگەهاندنا ناوەندی یا** (ی.ن.ک) **ل دهوکێ دەردئێخیت،خودانێ ئیمتیازێ : سەدیق عەلی ئامێدی، سەنڤیسەر : جەلال مستەفا، سکرتێرێ نڤیسینێ سەبیح محەمەد، دەستەکا نڤیسینێ : سالح سوفی، سەعید ئوسمان، دەرهێنانا هۆنەری : رەقیب مەحمود، ستار عەلی))**[١٣٢].



دیدارەک دگەل جەمال یوسف

دهژمارا (٢) یا ڕۆژناما بەهدینان دا ئەوا ل روژا ٢٠٠٥/١٢/٢٧ دەرکەفتی دلاپـەرێ سیێ دا دیدارەک دگەل **(جەمال یوسف)** ئەندامێ سەرکردایەتیا (ی.ن.ک) و بەرپرسێ مەلبەندێ (٤) ێ ڕێکخستنا بەهدینان ل وی سەردەمی ژ لایێ سیپان باکوزی ڤە هاتیە کرن.

ئەگەر ژ مانشێتی دەست پێ بکەین ڕۆژنامەڤانی مانشێتەکێ لایەکی هەلبژارتیە و بڤی رەنگی :

**((جەمال یوسف :**

**پێش هەمی کارا پێتڤیە سەرکردایەتیا کوردی ناڤمالا کوردی ڕێکبێخیت.**

**هیڤیدارم ڕۆژناما بەهدینان ب تەندروسیەکا باش گەشە بکەت و ل گەل ئێش و ئازارێن ملەتی بیت و راستگو وێرەک بیت))**(١٣٣).

بدیتنا مە دڤی مانشێتی دا یا باشتر ئەو بوو بڤی رەنگی هاتبا دارێتن، پێش هەمی کارا پێدڤیە سەرکردایەتیا سیاسی ناڤمالا کوردی ڕێکبێخیت.

چونکی دووبارە بوونا پەیڤا **(کوردی)** د مانشێتی دا لاوازی یە، هەر پەیڤەک د مانشێتی دا بهێتە دووبارەکرن لاوازی یە و یا دروست **(پێدڤیە)** بڤی رەنگی دهێتە نڤێسین، نەک پێتڤیە.

لێ بگشتی مانشێتێ لایەکی یێ دیـدارێ دەربـرین ژدوو تەوەران کریە کارو ئەرکێن سەرکردایەتیا سیاسی یا کوردی و رولێ ڕۆژناما بەهدینان.

ڕۆژنـامـەڤـان سیپان باکوزی ب پێشەکی یـەکا جـوان و دانەنیاسینا مێهڤانێ خو چوویە دناڤ بابەتی دا، لێ دا جوانتر بیت ئەگەر دیدارا خو ب پرسیارەکا سادەتر دەست پێکربا و هندەک جاران ژی زێدەرۆویی **(مبالغة)** د پرسیارێن خودا کریە و و درێژ کرینە بو نموونە د پرسیارا ئێکێ دا دبێژیت **((توو ئێک ژ وان کەسان بوویی یێن کو روولەکێ کاریگەر د هەوا هەلبژارتناندا دیتی دسازکرنا کورو کومبونێن بەرفرەهێن جەماوەری دا، دوان کومبووناندا تو گەلەک ب گەرمی دئاخڤتی، بوچی ؟ و چ نهێنی ل پشت وێ گەرمیێ هەبوون))**(١٣٤).




ئەڤە بو دیدارەکا تێلەڤزیونی یان رادیویی دەست ددەت لێ بۆ ڕۆژنامە یان گوڤارێ ژبەر کو نڤێسینە پێدڤیە کورتبری هەبیت ب کێمترین پەیڤا زۆرترین تێگەها بگەهینی.

بونموونە/ وەک بەشداربوویەک د هەوێن هەلبژارتناندا و دکورو کومبونێن جەماوەری دا ب گەرمی(١٣٥) دئاخڤتی، چ نهێنی لپشت وێ چەندێ هەبوون ؟

دپرسارەکا دی دا ڕۆژنامەڤان دبێژیت : **((پشکداریا عەرەبێن**

**شوڤینی د هەلبژارتناندا...هتد)).**

نابیت رۆژنامەڤان تاگیریێ بکەت و بریاریێ بدەت ئەڤ لایەنە شوفینزمە، هەتا ئەگەر دوژمن ژی بیت ئانکو پێدڤی نەدکر ئەو پەیڤا شوڤینی بکارئینا با بەلکۆ مێهڤانی ئەو ماف هەبو.

ژلایێ هەلبژارتنا وێنەی ڤە سیپان باکوزی یێ سەرکەفتی یە و وێنەکێ دەربرین ژ بابەتێ دیدارێ و ل گوشەیەکا جوان هەلبژارتیە.

و دیسان پێزانین لسەر بابەتێ دیدارێ هەبووینە لێ هندەک جاران ئاگەهداری بەرسڤێن مێهڤانی نەبوویە چونکی فەرە د ئاخفتنێن مێهڤانی دا مروڤ ئانکو رۆژنامەڤان پرسیارێن نوی دروست بکەت لێ ئەڤ چەندە مە د دەقێ وێ دیدارێ دا نەدیت.

دیدارەک دگەل سەروکێ کومەلا (ژینی کوردستان)

دهژمارا (١٤) ێ دا ژ رۆژناما بەهدینان ل رۆژا دووشەمبی ٢٠٠٦/٦/٢٦ دلاپەرێ (٧) ێ دا دیدارەک دگەل سەروکێ کومەلا **((ژینی کوردستان))**[١٣٦]، ژلایێ **((زیاد عەبدلهادی))**[١٣٧] ڤە هاتیە کرن.

مانشێتێ ڤێ دیدارێ بڤی رەنگی یە**((دیدارەک دگەل سەروکێ کومەلا ژینی کوردستان بو پەککەفتیێن دەست و پێیا - لقێ دهوک))**[١٣٨].

ئەڤ مانشێتە ناکەڤیتە لژێر چ رەنگێن مانشێتی دا بەلکو گەلەک یێ لاوازە و ب هیچ رەنگەکێ سەرنجا خواندەڤانی ناراکێشیت، ئەڤە ل دەمەکی کودشیاندابوو گەلەک مانشێتێن سەنج راکێش ژ ڤی بابەتی بهێنە وەرگرتن، چونکی پەککەفتی تەخەکا گرنگا چڤاکینە و یا باشتر ئەو بوو مانشێتەکێ سەرنج راکێش بو هاتبا دانان.

وەکو نموونە **(ل سنورێ پارێزگەها دهوک پتر ژ ٤٠٠٠ پەککەفتیان هەنە)**[١٣٩].

ئەڤە دناڤ بەرسڤێن مێهڤانی دا هاتیە گوتن، رۆژنامەڤان دشیا بکەتە مانشێتێ دیدارێ.

یان **(ل دەمەکێ نێزیک پارچێن عەردی و ٦٠ ملیون دینار دێ ل سەر پەککەفتیان هێنە دابەش کرن)**[١٤٠].

لدیڤدا رۆژنامەڤانی پێشەکیەکا کورت دایە بابەتی و ئێکسەر دەست ب پرسیارێن خو کریە و پرسیارێن خو ل سەر کومەلا ناڤبری کرینە وەکو **((کەنگی ئەڤ کومەلا هاتیە دامەزراندن و ئەگەرێن دامەزراندنی ؟))**[١٤١].**((ل چ دەڤەر هەوە بارەگا هەنە ؟))**[١٤٢].


بەهدینان

و چەند پرسیارێن دی یێن کلاسیکی و سادە، ئەڤە بابەتەکێ گرنگ بوو ئەو دشیا ب گەلەک پرسیارێن سەرنج راکێشتر بابەتی ب ئازرینیت.

لدوماهییێ ژی پتر ژ (٢٥) رێزان هاتیە تەرخانکرن بو پەیڤا دوماهییێ یا **(نەسرەدین محەمەد سەلیم)** سەروکێ کومەلا ژینی کوردستان یا پەککەفتیان، ئەو ژی پێدڤی نەدکر، بەلکو فەر بوو ب چەند رستەیێن گرنگترو فەرتر مفا ژ وی رووبەری هاتبا وەرگرتن بو ئازراندنا تەوەرەکی.

دوو جۆرە وێنە بو دیدارێ هاتینە هەلبژارتن وێنێ مێهڤانی کو ئەو ژی سەروکێ کومەلا **(ژینی کوردستان)**ە، لێ نە ژ دوویر و نە ژ نێزیک وی وێنەی چ گرێدان دگەل دیدارێ نینە، بەلکو وێنەکێ مەعاملانە، ئەڤە ژی لاوازی یا دیدارێ یە.

لێ دوێنێ دووێ دا تشتەکێ جوان دکەڤیتە بەرچاڤ کو وێنێ پەککەفتیەکی هاتیە بەلاڤ کرن.

لێ رەنگە ئەو ژی وێنەکێ ئەرشیڤ بیت، واتە گومان لدەڤ خواندەڤانی پەیدا دبیت کو دبیت ڕۆژنامەڤانی ب رێکا تێلەفونێ یان هنارتنا پرسیاران دیدار ئەنجام دابیت ئەڤە ژی بخۆ لاوازییە بو دیدارا ڕۆژنامەڤانی.

**((هەکە هەلبەست نەبا** (بەهرە) **نەدبوو))**[١٤٣]

ئەڤ مانشێتێ ل سەری ناڤ و نیشانێن دیدارەکێ نە کو ژ لایێ **(غالب جەمیل)** ڤە دگەل هەلبەستڤانەکا باژێرێ سلێمانیێ **(بەهرە عەلی)** هاتیەکرن و دهژمارا (٢٦) یا ڕۆژناما بەهدینان دا ل رۆژا دووشەمبی ٢٠٠٦/١٢/١١ ل لاپەرێ دوماهییێ هاتیە بەلاڤکرن.

مانشێتێ دیدارێ مانشێتەکێ پانە و ب شێوەیەکێ شارەزایی و سەرنج راکێش هاتیە دانان.

لێ دوێنەیی دا ڕوژنامەڤان یێ سەرکەفتی نەبوویە و چ گونجاندن دگەل بابەتێ دیدارێ کو بابەتەکێ ئەدەبی یە، نینە، بەلکو بتنێ جوانی و سەروسیماییێن وێ بەرچاڤ کرینە، ئەڤە ژی د هونەرێ دیدارا ڕۆژنامەڤانی دا نەیا رەوایە، بەلکو پێدڤی بو وێنەکێ دەربڕ ژ بابەتی هەلبژارتبا.

دیدار بخو یا کورتە، لێ پێشەکی بتنێ پترە ژ (٤) رێزێن نڤیسینێ، و پرانیا پێزانینان د پێشەکیێ دا ددەتە خواندەڤانی و پێدڤی نەدکر.

پشتی هنگی ئەو پرسیارێن هاتینە کرن دئێک بازنە و چارچوڤەدا دزڤرن وەکی **((هەلبەست لدەڤ تە چیە ؟))**[١٤٤]، **((هەلبەستێ چ دایە تە ؟))**[١٤٥].

ئەڤ هەمی پرسیارە دشیاندایە دپرسیارەکێدا بهێنە کومڤەکرن و ب رەنگەکێ دی بهێتە دارێتن.

ب رەنگەکێ گشتی بەرسڤ ژی کورت هاتینە وەرگرتن و بزمانەکێ ئەدەبی یێ پاقژ هاتینە نڤیسین.

لێ تشتێ باڵکێشتر ڕوژنامەڤان بەرەڤ هندەک پرسیارێن کەسوکی و مری ڤە چوویە وەکی **((خوشترین وەرز لدەڤ تە ؟))**[١٤٦]، **((خوشترین دەم لدەڤ تە ؟))**[١٤٧] بەهرە عەلی ماف هەبوو، ڤان پرسیاران بەرسڤ نەدەت.

د شیاندا بوو ل شوینا وان هەردو پرسیاران دو پرسیارێن دی یێن ئەدەبی هاتبانە کرن، بتایبەتی کو ئەو خانما هەلبەستڤان ژ باژێرەکێ دی یێ کوردستانێ یە و ب زارێ کرماجیا خوارێ دنڤیسیت، لێ غالب جەمیل مفا ژ ڤان هەمی فاکتەران نەدیتی یە.

**((ئاریافون : مە ١٣٢٠٠ پشکدارێن ئینتەرنێتی هەنە))**[١٤٨]

ئەڤا ل سەری مانشێتێ دیدارەکێ یە د هژمارا "٥٤" یا ڕۆژناما بەهدینان دا ل رۆژا دووشەمبی ٢٠٠٨/١/١٧ ێ ل لاپەرێ (٢) ێ هاتیە بەلاڤکرن، ئێکەمین خالا لاوازا ڤێ دیدارێ ناڤێ وی ڕۆژنامەڤانی یان هەتا ئەو لایەنێ دیدار ئەنجام دایی نەهاتیە دیارکرن، و دیارە مانشێت ژی ژ بەرسڤەکا رێڤەبەرێ کومپانیا ئاریافون هاتیە وەرگرتن.

لەوما پێدڤی بوو دارێتنا مانشێتی بڤی رەنگی با، رێڤەبەرێ کومپانیا ئاریافون :، ژ

نوی مانشێت هاتبا چونکی ئاریافون بتنێ نەیا جوانە یان هەتا گوتبا رێڤەبەرێ ئاریافون، ئەو ژی یادروست بوو. ئەگەر مانشێت بخو هەلبژارتنەکا د جهێ خودایە.

لێ دهەلبژارتنا وێنێ دیدارێ دا رۆژناما بەهدینان یا سەرکەفتی نەبوویە چونکی بهیچ رەنگەکی نابیت ل سەر کورسیکا پشت مێزێ داخویانی ژ رێڤەبەرو بەرپرسان بهێتە وەرگرتن، یان هەتا وێنە ژی بو بهێتە گرتن.

دارێتنا دەقێ دیدارێ پتر پەیوەندی ب نووچەیێ ڤە هەیە ئانکو بو دارێتنا نووچەیەکی مروڤ دشێت ڤی شێوازی بکاربینیت، وەکی چەندین جاران هاتیە گوتن ((**هەروەسا رێڤەبەرێ کومپانیێ گوت :...))**[١٤٩]، و ((**ل سەر بهایێ ئامیرێن ئاریافون ژی (دلێر خدر مەحمود گوت :...))** [١٥٠].

ئانکو ئەڤە پتر شێوازەکێ نووچەیی یە بو دیدارێ فەرە رۆژنامەڤانی پرسیارێن خو هەبن یان بێژیت دەربارەی فلان پرسیارا مە، فلان کەس دبێژیت :.. بگشتی گەلەک خالێن لاوازێ دڤێ دیدارێ دا دهێتە دیتن لێ مە نەڤێت گەلەک ب درێژی ل سەر راوەستین.

**((شوکریا خان : ب دیتنا من ئەڤ جهێن ئەم دگەل کاردکەین وەکی یا پێدڤی نە دهاریکارن))**[١٥١].

دیدارەکا هونەری یە ژ لایێ بەیار ئامێدی ڤە هاتیە کرن و د هژمارا (٥٩) یا رۆژناما بەهدینان دا ل رۆژا دووشەمبی ٢٠٠٨/٤/١٤ ێ ل لاپەرێ (١٢) ێ و دوماهیێ هاتیە بەلاڤ کرن.

بدیتنا مە هەر ژ دەستپێکێ د مانشێتی دا رۆژنامەڤان توشی هندەک خەلەتیان بویە وەکی دبێژیت ((**شوکریان خان :...))**[١٥٢]. پێدڤی نەدکر بلا گوتبا هونەرمەند شوکریا یان هونەرمەندا کچ شوکریا و.. هتد.

پشتی هنگێ رۆژنامەڤانی مانشێتەکێ هەتا رادەیەکی نە یێ رێزمانی دارێتی یە و هندەک پەیڤێن نەلوژیکی تێدانە مینا کو دبێژیت ((**ب دیتنا من ئەڤ جهێن ئەم دگەل کار دکەین وەکی یا پێدڤی نە دهاریکارن))**[١٥٣]. دشیاندابوو بێژیت (.. **وەکی پێدڤی نە دهاریکارن)** ئانکو **(یا)**پەیڤەکا زێدەیە و ل شوینا پێتڤی ژی یا دروست پێدڤی یە.

ژبلی ڤێ چەندێ دناڤ دەقێ دیدارێ دا گەلەک خەلەتێن رێنوسی هەنە وەکی ل جهەکی دبێژیت **((الدور نەبوونا کچا کورد ئەڤروکە دکارێن هونەری دا دبێژیت** (مەبەست یێ شوکریا دبێژیت حەسەن) **ب دیتنا من ئەگەرێ هەرە سەرەکی جڤاکە و ئەزئێک ژ وانا مەیێن کو مالا وی گەلەک هاریکایا وی کری...))** [١٥٤]. مەرەم ژێ شوکریا دبێژیت، مادەم دەقێ ئاخفتنا وێ یە پێدڤی یە ب ڤی رەنگی با (.. **مالا من گەلەک هاریکاریا من کریە...، نەک مالا وی).**

ل جهەکێ دی **((من لبەرە پێشانگەهەکا دی یا رەنگێن زیتی ڤەکەم))**[١٥٥]. یا دروست هونەرێ رەنگێن زەیتی.

د هەلبژارتنا وێنەی دا هەر هیچ بەیارئامێدی یێ سەرکەفتی نینە و بتنێ پشت بەستن دایە ل سەر جوانی و سەرو سیمایێن وێ کچا هونەرمەند، ئەز باوەرم وێنەکێ وێ یێ کەسوکێ ژ ئەلبوما وێ یا مال وەرگرتیە، بەلگەژێ ل سەر ئاخفتنا مە ئەوە کو هێشتا ناڤێ وێ و تاقیگەهێ لسەر وێنەیی یێ دیارە.

دارێتن ژێ بشێوەکێ پرسیار و بەرسڤێ ئانکو دان و ستاندن نەبوویە بەلکو ب شێوازێ نووچەی دیدار هاتیە دارێتن.

یان هەر چ نەبا دهندەک پارەگرافاندا رۆژنامەڤانی ئاماژە ب وان پرسیارێن خو کربا یێن کو ژ هونەرمەندا ناڤبری کرین.

## ئەنجام

١- دیدار ستوینەکا سەرەکی و گرنگە دناڤ هونەرێ رۆژنامەڤانیێ دا.

٢- دگەل بورینا دەمی و پێشکەفتنا تەکنەلوجیایێ دیدارا رۆژنامەڤانی ژی د پێشکەفتنێ دایە.

٣- دیدارا رۆژنامەڤانی پرەکە بو گەهاندنا

دەنگێ هاولاتیان بو دەستهەلاتێ و بەروڤاژی.

٤- چ دەزگەهێن راگەهاندنێ بگشتی نەشێن دڤێ قوناغێ دا دیدارا رۆژنامەڤانی پشت گوه بهاڤێن.

٥- دیدارا رۆژنامەڤانی قوناغ ب قوناغ جهێ خو دناڤ رۆژنامە و گوڤار و دەزگەهێن راگەهاندنا کوردی دا کریە و هێدی هێدی بەرفرەه بویە.

٦- دشیاندایە دیدار دگەل کەسەکی یان پتر ولسەر بابەتێن جودا جودا بهێتە کرن.

٧- رۆژناما بەهدینان گرنگی دایە دیدارا روژنامەڤانی وەکو ژانرەکێ سەرەکی و دناڤ لاپەرێن خودا بەلاڤ کریە.

## لیستا ژێدەرا:


١- هەڤال ناسر، ڕۆژنامەڤان،چاپا ئێکێ، هەولێر -٢٠٠٦ ز،ل٤٩.

٢- د.کازمی موعتەمەد نەژاد، ڕۆژنامەگەری،وەرگێران: مەجید سالّح،ل١٤.

٣- نوری بێخالی،راگەیاندن و کاری ڕۆژنامەگەری، چاپی یەکەم، هەولێر-٢٠٠٦ ز،ل٧٠.

٤ – د. مەغدید سەپان، ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە ١٤٥٠- ١٥٠٠، چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٥ ز،ل٣٧.

٥-نەجات روستی، دیمانەی رۆژنامەنووسی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٦ز، ل١٨.

٦- رضا عباس و عبدالله الملاو، فن کتابه الخبر الصحفی،ل٤٤.

٧- یاسر الفهد، مجلاتنا العربیة وفن التحریر الصحفی، الطبعة الاولی، دمشق – ١٩٩٢ م،ل٩١.

8- www.aljazeera.net

٩- د. فاروق ابوزید،فن الکتابة الصحفیة، الطبعة الرابعة، قاهیرة – ١٩٩٠ م،ص٣٩.

١٠- حەبیب کەرکووکی، هونەری ڕۆنامەنووسی، وەرگێران : سەمیرە ئەحمە، چاپی یەکەم. چاپخانەی، دهوک – ٢٠٠٨ ز، ل١٨.

١١- ژێدەر و لاپەڕێ بەرێ.

١٢- نەجات روستی، ژێدەرێ بەرێ،ل٢١ و ٢٢.

**((د بنجینەدا پەیڤەکا فرەنسی یە، هونەرەکە ژ هونەرێن ڕۆژنامەڤانیێ، ب مانا رونیشتن دگەل کەسایەتیەکێ، سیاسی ،هونەری،وەرزشی،میللی،...هتد))**

١٣- نوری بێخالی، ژێدەرێ بەرێ، ل٧٠.

**((دیمانە، یان چاڤپێکەفتن، هەڤپەیڤین، گفتو گۆ، دیدار، وتوویژ.. ئێکا دی یە ژ هونەرێن گرنگێن ڕۆژنامەگەریێ، کو هەلگرا هندەک بنەما و خەسلەتێن تایبەتە و ژ هونەرێن دی جودا دکەت. هەڤدەم ژ روویێ تەکنیکی ڤە کارکرن تێدا، فۆرم و شێوازەکێ جیاواز ژ هونەرێن دی هەیە))**

١٤- د. فاروق أبو زید، المصدر السابق، ص٤١.

١٥- هەڤال ناسر، ژێدەرێ بەرێ، ل٤٩.

١٦- ژێدەر و لاپەرێ بەرێ.

١٧- بەدرەدین سالّح و فاتمە حوسێن پەناهی، شێوازەکانی هەڤپەیڤینی ڕۆژنامەڤانی، چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠١ ز، ل٣٤.

**((هەڤپەیڤین بریتی یە ژ کومەڵەکا پرسیارێن ئارمانجدار ژ کەسەکی یان چەند کەسەکان دهێنە کرن، بو بدەست خستنا زانیاری و بیروڕا و تومارکرنەکا پێدڤی بو بەرسڤان، ب مەبەستا بەلاڤکرنێ))**

١٨- کاروان عەلی قادر،هونەری ڕۆژنامەنوسی، چاپی یەکەم، سلێمانی – ٢٠٠٤ ز، ل١٦.

**((هونەرەکە بەردەوام ژلایێ ڕۆژنامەڤانان ڤە پشت پێ دهێتە بەستن بو بدەستکەفتنا هەواڵ و دانە بەر چاڤا بوچوونەکێ یان هەر مەبەستەکا دی))**

١٩- د.ابراهیم احمد الشمسی، فنون الکتابة الصحفیة، دیسمبر، ٢٠٠٤ م، ل٤٢.

٢٠- د.مەغدید سەپان، هەمان ژێدەر، ل٣٩.

**((ئینتەرڤیو ژ ژانرێن هەرە گرنگێن رۆژنامەڤانی یە، رۆژنامەڤان ب شێوەیێ پرسیاروبەرسڤ دگەل کەسێ بەرامبەردا ل سەر بابەتەکێ دیارکری دان و ستاندنان دکەت. ئینتەرڤیو دبیت بو رۆژنامێ، گۆڤارێ، رادیویێ، یان بەرنامێن تێلەڤزیونی وەرگری. سەرنڤیسەر، دەستەیا نڤێسینێ یان رۆژنامەڤان بخو دێ کەسەکێ دیارکری هەلبژێریت بو گەهاندنا وان زانیارییێن کو ب بوچوونا وی بو خواندەڤانان، گوهداران، بینەران، د پێدڤینە))**

٢١-خولی ئامادەکردنی کادیری پێشکەوتوی تەلەڤزیون لە ٢١ تا ٣١ /٢٠٠٦/٨، سلێمانی.

**((چاڤپێکەفتنا رۆژنامەڤانی ئێکە ژ هونەرێن ڕۆژنامەڤانیێ کو ڕۆژنامەڤان دیالوکێ دگەل کەسەکی دکەت بو وەرگرتنا پێزانین و زانیاریان و دبیتە ئێک ژ ژێدەرێن دەنگوباسان))**

٢٢- د.فاروق أبو زید : مدخل الی علم الصحافة، قاهیرة – ١٩٨٦م. ل٤٥

**((دیدارا ڕوژنامەڤانی ل ریزا چارێ دهێت دلیستا گرنگی یا ڕۆژنامێن روژانەدا، پشتی نووچە و ریپورتاژ و گوتارا رۆژنامەڤانی، د هەمان دەمدا دیدارا رۆژنامەڤانی ل ریزا دووێ دهێت د لیستا گوڤارێن حەڤتیانەدا پشتی ریپورتاژێ))**

23- Media Role in Publicizing the Princip les of Dem ocracy، Duhok، May،18، 2006

**((دیدارا رۆژنامەڤانی ژ کارێن پێدڤیە بو هەر دەزگەهەکێ بڤێت ئاگەهداری هندەک مژارێن ڤەشارتی ببیت ژ بەرکو ڕۆژنامەڤان دان و ستاندنێ دگەل کەس و لایەنێن پەیوەندیدار دکەت))**

٢٤- حەبیب کەرکوکی، هەمان ژێدەر، ل١.

٢٥ – نەجات روستی، هەمان ژێدەر، ل٤٤.

٢٦- حەبیب کەرکوکی،هەمان ژێدەر،ل٥٧.

**((مێژوویا چاڤپێکەفتنا ڕۆژنامەڤانی ژێ ڤەدگەریت بو دەستپێکا چەرخێ نوزدێ ل ڕۆژنامەڤانیا ئەمریکی و ئەو سەرەدانا کو ڕۆژنامەڤان "هوراس گیرلی " راپێسراوێ**

**ڕۆژناما نیورک تەریبون بو بریگهام یۆنج و ئەنجامدانا چاڤپێکەفتنەکا ڕۆژنامەڤانی دگەل سەروکێ خێلا مۆرۆن))**

٢٧- ژێدەرولاپەرێ بەرێ.

**((چاڤپێکەفتنا ڕۆژنامەڤانی ل سالا ١٨٣٦ ێ وەک هونەرەکێ ڕۆژنامەڤانی دەرکەفت، ئەم دشێین بەحسێ وێ چاڤپێکەفتنێ بکەین کو ڕۆژنامەڤان "بنیت" دگەل خانمەکێ ئەنجامدای کو دمالا وێ دا رویدانا کوشتنێ دەرحەقێ ئافرەتەکا لادەر (ئافرەتەکا سەروبەردای)ڕوویدابوو، داڕێشتنا چاڤپێکەفتنێ ژی بشێوێ پرسیارو بەرسڤ بوو))**

٢٨- کاروان عەلی قادر،هەمان ژێدەر،ل١٧.

**((دەربـــارەی سـەرهـلـدانا گفتووگۆیا ڕۆژنـامـەڤـانی، هەردەمەکی و ل هەر جهەکی بەحس لڤی هونەری بکەین، بێی ئێک و دوو دڤێت ڤەگەرین بو لایێ دیفۆ- DEFOE، ڕۆژنامەڤانێ ئینگلیزی ل سەدێ هەژدێ ل دەمێ ل سالێن هەشتیان ژوی سەدەی دگەل جاک شیبەرد –J.SHEPERD ێ ڕێگر کو ل بەردەم خلفا سێدارێ دابو و کەفتە ئاخفتنێ و چەند پرسیار دەربارەی هەست و خواستێن وی کرن.**

**ئەڤ گفتوگۆیە دناڤبەرا وی ڕۆژنامەڤانی و وی تاوانباری دا، ب کەڤنترین هونەرێ گفتوگۆیا ڕۆژنامەڤانیا هەڤچەرخ دهێتە دانان و هەر وەک ژ هەمیان ب ناڤ و دەنگترە ژی))**

٢٩- د. مەغدید سەپان،هەمان ژێدەر، ل٣٨.

**((ئینتەرڤیو وەک ژانرەکێ سەربەخۆیێ ڕۆژنامەڤانی، ل سەدێ هەژدێ ل ڕۆژنامەو گوڤارێن بەریتانیا دا سەرهلدا، ئەڤ ژانرە ل وی سەر دەمی پتر ل دادگەه و پولیسخانان مفا ژێ دهاتە دیتن، حاکم و پولیسان پرسیار ژ کابرایێ تاوانبار دکرن و بەرسڤێن پێدڤی ب دەست دکەفتن. پرسیار و بەرسڤێن حاکمی و تاوانباری بو خواندەڤانان وەک خۆ دهاتنە بەلاڤ کرن. وی دەمی هێشتا ڕۆژنامەڤانان پرسیارێن خۆ ژ کابرایێ تاوانبار نەدکرن بەلکی ڕۆژنامەڤان ب وێ چەندێ درازی بون کو پرسیارێن حاکمی دگەل بەرسڤێن تاوانباری بێخنە سەر کاغەزێ))**

٣٠- طلعت همـام، مـائـه سـؤال عـن الـصحـافـة، ط ٢- عمان،دارالفرقان- ١٩٨٨ م،ص٦٥.

٣١- نوری بێخاڵی، هەمان ژێدەر، ل٧٢.

٣٢- خۆلی ئامادەکردنی کادیری پێشکەوتووی تەلەڤزیۆن لە ٢٠٠٦/٨/٢١ تا ٢٠٠٦/٨/٣١ – سلێمانی.

٣٣- ژێدەرێ بەرێ.

٣٤- خۆلا پێش ئێخستنا شیانێن ڕۆژنامەڤانێن دەستپێک، ١١-٢٠٠٦/٤/١٣، هولا ڕێکخراوا مافێن مەدەنی – دهوک.

35- Media Role in Publicizing the Principles of Democracy،Duhok-May، 18،2006.

٣٦- ژێدەرێ بەرێ.

٣٧- خۆلی ئامادەکرندنی کادیری پێشکەوتووی تەلەڤزیون لە ٢١ تا ٢٠٠٦/٨/٣١ – سلێمانی.

38- Media Role in Publicizing the Principles of Democy،Duhok،May،18،2006

٣٩- خۆلا پێش ئێخستنا شیانێن ڕۆژنامەڤانێن دەستپێک ١١-٢٠٠٦/٤/١٣،ڕێکخراوا مافێن مەدەنی – دهوک.

40- www.aljazeera.net

٤١- هەڤال ناسر، ژێدەرێ بەرێ،ل ٧٠.

٤٢- ژێدەر و لاپەرێ بەرێ.

٤٣- خۆلی ئامادەکردنی کادیری پێشکەتووی تەلەڤزیون لە ٢١ تا ٢٠٠٦/٨/٣١ – سلێمانی.

٤٤- د.محمود فهمی،فن الصحفی فی العالم، قاهیرة، دار المعارف – ١٩٦٤ م،ص ٦٧.

٤٥- د. فارووق أبوزید،المصدر السابق،ص٢.

٤٦- قسطنطین سیمینوف. کنت وابقی صحفی، موسکو – ١٩٨٩، ترجمه : سلیم توما. ص٤

٤٧- ژێدەرێ بەرێ. ل١٥

48- www.Pertwk.com

٤٩- ژێدەرێ بەرێ.

٥٠- د.کازمی موعتەمەد نەژاد، ژێدەرێ بەرێ،ل٣١.

٥١- ژێدەر و لاپەری بەرێ.

٥٢- نزار جرجیس علی، **حرب الکلمة، أربیل، وزارة الثقافة – ١٩٩٨ م، ل ٣٣ و ٣٤.**

53- www.google.com

٥٤- جون کلیر،کیف تتعامل مع وسائل الاعلام، ترجمه بأعتماد : د.خالد العامری،ل٧٧.

٥٥- خۆلی ئامادەکردنی کادیری پێشکەوتووی تەلەڤزیون لە ٢١ تا٢٠٠٦/٨/٣١ – سلێمانی.

56- www.bbc.co.uk

٥٧- بـەشـێـک لـە بـنـچـیـنـە سـەرەتـایـیـەکـانـی زانـسـتـی ڕۆژنـامـەگـەری، وەرگـێـران لە ئەلمانیەوە : قوباد ڕەسـوڵ گـورون، پـێـداچـوونـەوە ودارشـتـنـەوەی، هەڤال ئەبو بەکر، سلێمانی – ٢٠٠٦، ل١٠٧.

٥٨- د.عبدالستار جواد : فن کتابه الاخبار، ط ٢- عمان – ٢٠٠١ م.ل٧٧

٥٩- ژێدەرێ بەرێ. ل٧٨

٦٠- د. عبداللطیف حمزه، المصدر السابق، ص٦٩.

٦١- خولی ئامادەکردنی کادیری پێشکەوتووی تەلەڤزیون لە ٢١ تا٢٠٠٦/٨/٣١ – سلێمانی.

٦٢- ژێدەرێ بەرێ.

٦٣- حەبیب کەرکوکی، ژێدەرێ چووی، ل٦٦.

٦٤- یاسر الفهد، مجلاتنا العربیة و فن التحریر الصحفی، طبعة الاول، دمشق – ١٩٩٢ م، ص ١١٤.

٦٥- خۆلی ئامادەکردنی کادیری پێشکەوتووی تەلەڤزیون لە ٢١ تا٢٠٠٦/٨/٣١ – سلێمانی.

٦٦- ژێدەرێ بەرێ.

٦٧- د.محمد فهمی، المصدر السابق،ص ١١١.

٦٨- خۆلی ئامادەکردنی کادیری پێشکەوتووی تەلەڤزیون لە ٢١ تا٢٠٠٦/٨/٣١ – سلێمانی.

٦٩- ژێدەرێ بەرێ.

٧٠- خولا پێش ئێخستنا شیانێن ڕۆژنامەڤانێن دەستپێک ١١-٢٠٠٦/٤/١٣، دهوک، ڕێکخراوا مافێن مەدەنی.

٧١- ژێدەرێ بەرێ.

٧٢- ژێدەرێ بەرێ.

٧٣- خۆلی ئامادەکردنی کادیری پێشکەوتووی تەلەڤزیون لە ٢١ تا٢٠٠٦/٨/٣١ – سلێمانی.

٧٤- ژێدەرێ بەرێ.

75- www.aljazeera.com

76- www.bbc.co.uk

٧٧- عبداللطیف حمزه، المصدر السابق، ص٩٢.

78- www.google.com

٧٩- ژێدەرێ بەرێ.

٨٠- نزار جرجيس علي، المصدر السابق، ص٧٩.

٨١- خۆلی ئامادەكردنی كادیری پێشكەوتووی تەلەڤزیون لە ٢١ تا٢٠٠٦/٨/٣١ – سلێمانی.

٨٢- نوری بێخالی، ژێدەرێ بەرێ، ل٧٢.

٨٣- خـۆلا رەوانـبێـژیـێ، سـەردار دوسـكـی، ١٣-٢٠٠٦/٧/٢٢،هولا یانا دهوک.

84- www.dictionary.com

٨٥- هەڤال ناسر، ژێدەرێ بەرێ،ل٣٨.

٨٦- نەجات روستی، ژێدەرێ بەرێ،ل١١٣.

٨٧- هەڤال ناسر، ژێدەرێ بەرێ،ل٣٩.

٨٨- ژێدەرولاپەرێ بەرێ.

٨٩- هەڤال ناسر، ژێدەر و لاپەرێ بەرێ.

٩٠- هەڤال ناسر، ژێدەرێ بەرێ، ل٤٠.

٩١- بەدرەدین سالْح و فاتمە حوسێن پەناهی، ژێدەرێ بەرێ،ل٩٩.

٩٢- هەڤال ناسر، ژێدەرێ بەرێ، ل٤٠.

٩٣- ژێدەرولاپەرێ بەرێ.

٩٤- د.عبدالستارجواد، فن كتابة الاخبار، ط ٢- عمان : دار مجدلاوی – ٢٠٠١ م، ص١٠٢.

٩٥- ژێدەرێ بەرێ، ل١٠٢ و١٠٣.

٩٦- د.عبدالستارجواد، ژێدەرێ بەرێ، ل١٠٣.

٩٧ – نوری بێخالی، ژێدەرێ بەرێ،ل٧٣.

٩٨- خۆلی ئامادەكردنی كادیری پێشكەوتووی تەلەڤزیون لە ٢١ تا٢٠٠٦/٨/٣١ – سلێمانی.

٩٩- قسطنطين سيمينوف. كنت وابقى صحفي، ١٦١.

١٠٠- نوری بێخالی، ژێدەرێ بەرێ،ل٧٩.

١٠١- نوری بێخالی، ژێدەرێ بەرێ،ل٨٠.

١٠٢- د.كازمی موعتەمەد نەژاد، ژێدەرێ بەرێ،ل١٠٢.

١٠٣- ژێدەرێ بەرێ،ل١٠٣.

١٠٤- د.كازمی موعتەمەد نەژاد، ژێدەرێ بەرێ،ل١٠٤.

105- www.Pertwk.com

١٠٦- د.كازمی موعتەمەد نەژاد، ژێدەرێ بەرێ، ل١٠٦.

١٠٧- خۆلی ئامادەكردنی كادیری پێشكەوتووی تەلەڤزیون لە ٢١ تا٢٠٠٦/٨/٣١ – سلێمانی.

١٠٨- د.كازمی موعتەمەد نەژاد، ژێدەر و لاپەرێ بەرێ.

١٠٩- بـەشـێـک لـە بنچینە سـەرەتـاییـەكـانـی زانستی ڕۆژنامەگەری، وەرگێرانی لە ئەلمانییەوە: قوباد رەسوڵ گورون،پێداچوونەوە و
دارشتنەوەی: هەڤال ئەبوبەكر، سلێمانی – ٢٠٠٦ ز،ل٩٢.

١١٠- د.كازمی موعتەمەد نەژاد، ژێدەرێ بەرێ. ل١٢٠.

١١١- خۆلی ئامادەكردنی كادیری پێشكەوتووی تەلەڤزیون لە ٢١ تا٢٠٠٦/٨/٣١ – سلێمانی.

١١٢- د. مەغدید سەپان، ژێدەرێ بەرێ، ل٤٨.

١١٣ – رەفیق حلمی، یادداشـت، بەرگی یـەكـەم، بەغدا – ١٩٥٧ ز، ل٦٨.

١١٤- د. مەغدید سەپان : ژێدەرێ بەرێ،ل٤٩.

١١٥- ژێدەرولاپەرێ بەرێ.

١١٦ – مـصـدق تـوڤـی، چـەنـد بـەرپـەرەک ژ دیـروكـا ڕۆژنامەڤانیا كوردی، چاپخانا كولیژا شەریعێ – ١٩٩٩ز، ل ٨٥.

١١٧ – ژێدەرولاپەرێ بەرێ.

١١٨ – مصدق توڤی : ژێدەرێ بەرێ.ل٨٧

١١٩- مصدق توڤی، ژێدەر و لاپەرێ بەرێ.

١٢٠- مصدق توڤی، ژێدەرێ بەرێ، ل٨٨ و ٨٩.

١٢١١- مصدق توڤی، ژێدەرێ بەرێ، ل٩٠.

١٢٢- مصدق توڤی، ژێدەرێ بەرێ. ل٨٩

١٢٣- مصدق توڤی، ژێدەر و لاپەرێ بەرێ.

١٢٤- مصدق توڤی، ژێدەرێ بەرێ، ل٥٦.

١٢٥- مصدق توڤی، ژێدەرێ بەرێ، ل٥٧.

١٢٦- جەمال خەزنەدار :. رابەری ڕۆژنامەگەری كوردی، بەغدا – ١٩٧٣ز. ل٧٣.

١٢٧- مصدق توڤی، ژێدەری بەرێ، ل٥٧.

١٢٨- خالد دوسكی، دیدار ل روژا ئێک شەمبی ٢٠٠٩/٤/١٢ ل بارەگایێ تێلەڤزیونا گەلێ كوردستان – دهوک، لدەمژمێر ٠٩:٠٠ ی شەڤ.

١٢٩ – رەقـیـب مـەحـمـود، دیـدار ل روژا دووشـەمـبی ٢٠٠٩/٤/١٤، ل بارەگایێ روژناما بەهدینان، ل دەمژمێر ٠٤:٠٠ ی ئێڤاری.

١٣٠ – رەقیب مەحمود، ژێدەرێ بەرێ.

١٣١- رەقیب مەحمود، ژێدەرێ بەرێ.

١٣٢- ڕۆژنـامـا بەهدینان، هـژمـار ٨٣ ێ، دووشەمبی ٢٠٠٩/٤/١٣، ل١١.

١٣٣- بەهدینان، هژمار (٢)، ٢٠٠٥/١٢/٢٧، ل٢.

١٣٤- بەهدینان، هژمار (٢)، ٢٠٠٥/١٢/٢٧، ل٢.

١٣٥- بهدینان،ژێدەرو لاپەرێ بەرێ.

١٣٦- بەهدینان، هژمار (١٤)، ٢٠٠٦/٦/٢٦ ز،ل٧.

١٣٧- بەهدینان، ژێدەر و لاپەرێ بەرێ.

١٣٨- بەهدینان، ژێدەر و لاپەرێ بەرێ.

١٣٩- بەهدینان، ژێدەر و لاپەرێ بەرێ.

١٤٠- بەهدینان، ژێدەر و لاپەرێ بەرێ.

١٤١- بەهدینان، هژمار (١٤)، ٢٠٠٦/٦/٢٦ ز ل٧.

١٤٢- بەهدینان،ژێدەر و لاپەرێ بەرێ.

١٤٣- بەهدینان،هژمار (٢٦)، ٢٠٠٦/١٢/١١ ز، ل٨.

١٤٤- بەهدینان، ژێدەر و لاپەرێ بەرێ.

١٤٥- بەهدینان، ژێدەر و لاپەرێ بەرێ.

١٤٦ – بەهدینان، هژمار (٢٦)، ٢٠٠٦/١٢/١١ ز،ل٨.

١٤٧- بەهدینان، ژێدەر و لاپەرێ بەرێ.

١٤٨- بەهدینان، هژمار (٥٤)، ٢٠٠٨/١/٢٨ ز، ل٢.

١٤٩- بەهدینان، هژمارە (٥٤)، ٢٠٠٨/١/٢٨ ز، ل٢.

١٥٠- بەهدینان، ژێدەر و لاپەرێ بەرێ.

١٥١- بەهدینان، هژمار (٥٩) ژێدەر و لاپەرێ بەرێ.

١٥٢- بەهدینان، هژمار (٥٩) ژێدەر و لاپەرێ بەرێ.

١٥٣- بەهدینان، هژمار (٥٩)، دووشەمبێ ٢٠٠٨/٤/١٤ ز، ل١٢.

١٥٤- بەهدینان، ژێدەر و لاپەرێ بەرێ.

١٥٥- ژێدەرو لاپەڕێ بەرێ.

لیستا چاڤكانیا:

١- پەرتووک

ا- ب زمانێ كوردی.

١- - هەڤال ناسر : رۆژنامەڤان،چاپا ئێکێ، هەولێر -٢٠٠٦ ز.
٢- د.کازمی موعتەمەد نەژاد: رۆژنامەگەری،وەرگێران: مەجید سالح.
٣- نوری بێخالی : راگەیاندن و کاری رۆژنامەگەری، چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٦ ز.
٤- د. مەغدید سەپان: ژانرەکانی رۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە ١٤٥٠- ١٥٠٠، چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٥ ز.
٥- حەبیب کەرکوکی : هونەری رۆژنامەنووسی، وەرگێران : سەمیرە ئەحمەد، چاپی یەکەم. چاپخانەی دهوک – ٢٠٠٨ ز
٦- نەجات روستی : دیمانەی رۆژنامەنووسی، چاپی یەکەم، سلێمانی – ٢٠٠٨ ز.
٧- بەدرەدین سالح و فاتمە حوسێن پەناهی، شێوازەکانی هەڤپەیڤینی رۆژنامەڤانی، چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠١ ز.
٨- کاروان عەلی قادر،هونەری رۆژنامەنووسی، چاپی یەکەم، سلێمانی – ٢٠٠٤ ز.
٩- بەشێک لە بنجینە سەرەتاییەکانی زانستی رۆژنامەگەری، وەرگێرانی لە ئەلمانییەوە: قوباد رەسول گورۆن، پێداچوونەوە و دارشتنەوەی، هەڤال ئەبو بەکر، سلێمانی – ٢٠٠٦ ز.
١٠- رەفیق حلمی، یادداشت، بەرگی یەکەم، بەغدا – ١٩٥٧ ز.
١١-مسەدەق توڤی، چەند بەرپەرەک ژ دیروکا رۆژنامەڤانیا کوردی، چاپخانا کولیژا شەریعی - ١٩٩٩ ز.
١٢- جەمال خەزنەدار،رابەری رۆژنامەگەری کوردی، بەغدا – ١٩٧٣ ز.

ب- ب زمانێ عەرەبی
١- جون كلير، كيف تتعامل مع وسائل الاعلام، ترجمة بأعتماد : د.خالد العامري.
٢- رضا عباس و عبدالله الملاء، فن كتابة الخبر الصحفي.
٣- ياسر الفهد، مجلاتنا العربية و فن التحرير الصحفي، طبعة الاول، دمشق – ١٩٩٢ م.
٤- د. فاروق أبو زيد، فن الكتابة الصحفية، طبعة الرابعة، قاهيرة –١٩٩٠ م.
٥- د.ابراهيم احمد الشمسي، فنون الكتابة الصحفية، ديسمبر – ٢٠٠٤ م.
٦- د. فاروق أبو زيد، مدخل الى علم الصحافة، قاهيرة – ١٩٨٦ م.
٧- طلعت همام، مائه سؤال عن الصحافة، گ٢ – عمان، دار الفرقان – ١٩٨٨ م.
٨- د. محمود فهمي، فن الصحفي فى العالم، قاهيرة، دار المعارف – ١٩٦٤ م.
٩- قسطنطين سيمينوف، كنت وابقى صحفيا، موسكو – ١٩٨٩، ترجمه : سليم توما.
١٠- نزار جرجيس على، حرب الكلمة، أربيل، وزاره الثقافة –١٩٩٨ م.
١١- د.عبدالستار جواد، فن كتابة الاخبار، گ ٢- عمان – ٢٠٠١ م.
١٢- عبداللطيف حمزة، مدخل الى فن التحرير الصحفي، ط ٤، قاهيرة – ٢٠٠٢ م.

ح - دیدار.
١- دیدار دگەل **(خالد دوسکی)**، ئێک شەمبی، ٢٠٠٩/٤/١٢ ز. بارەگایێ تیلەڤزیونا گەلێ کوردستان _ دهوک، لدەمژمێر ٠٩:٠٠ ێ شەڤ.
٢-دیدار دگەل **(رەقیب مەحمود)**، دووشەمبی، ٢٠٠٩/٤/١٣ ز. بارەگایێ رۆژناما بەهدینان، ل دەمژمێر ٠٤:٠٠ ێ ئێڤاری.

د - خۆل
١- خۆلی ئامادەکردنی کادیری پێشکەوتووی تەلەڤزیون لە ٢١ تا٢٠٠٦/٨/٣١ – سلێمانی.
2-. Media Role in Publicizing the Principles of Democy.Duhok.May.18.2006
٣- خۆلا پێش ئێخستنا شیانێن رۆژنامەڤانێن دەستپێک ١١-٢٠٠٦/٤/١٣،رێکخراوا مافێن مەدەنی – دهوک.
٤- خۆلا رەوانبێژی، سەردار دوسکی، ١٣-٢٠٠٦/٧/٢٢، هولا یانا دهوک.

**هـ - رۆژنامە.**
١- رۆژناما بەهدینان،ژ هژمارە (١) هەتا هژمارە (٨٣) ێ.

و - سایتێن ئینترنێتێ.
1-. www.aljazeera.com
2- www.Pertwk.com.
3- . www.google.com
4 - . www.bbc.co.uk
5- www.dictionary.com.

**ژیاننامە ڤەکۆلەری**

* حەسەن فەتاح حەسەن، ١٩٨٦/١/٢٠ ێ ل گوندێ نسرا ژ دایک بویە.
* باوەرناما بەکالوریوس ب زمان وئەدەبێ کوردی ژ زانکویا دهوکێ وەرگرتیە..
* بێژەر و نڤێسەرە ل تیلەڤزیونا گەلێ کوردستان – دهوک، رادیویا دەنگێ بەهدینان، پەیامنێرێ ئێزگێ دەنگێ گەلێ کوردستانە.
* ئەندامێ کارایێ سەندیکا رۆژنامەڤانێن کوردستانێ یە.
* بەرپرسێ پشکا راگەهاندن و رووناکبیری یە ل رێکخراوا ئازادی یا لاوێن کوردستانێ – سەنتەرێ دهوک.
* بابەت و گوتار دگەلەک رۆژنامە و گوڤارێن کوردی دا بەلاڤکرینە.

# بنەماکانی سەردێڕ (تیتر) نووسین

ئامادەکردن و وەرگێڕان: ڕەحیم سورخی

سەردێڕنووسی لەکاری ڕاگەیاندندا بالآترین گەمەی "زەینی"ی ڕۆژنامەنووسانە. هەربۆیە بێ هۆ نییە کە کاتێ دەڵێن: "نەڕاندنێکی بەرز لە شەڕدا، بەتەنیا نیوەی شەڕەکەیە." سەردێڕی باشیش بەتەنیا نیوەی ئەو ڕێگایەیە کە بە نووسینی باسێک دەمانهەوێ بیپێوین.

"سەردێڕی هەواڵ دوو ئەرکی هەیە: سەرنجی خوێنەرەکان ڕادەکێشێ و پوختە و کاکڵی باسەکەشیان دەداتێ. لەبەر ئەوەی کە تایبەتییەکی سەردێڕ لەوانەیە زەمینەخۆشکردن بێت، سەردێڕی هەواڵ ڕوون و شەفافە: بە خوێنەران ئەو شتە دەڵێ، وا دواتر بە دەستی دێنن. هەروەها سەرنجیان ڕادەکێشێ بەرەو دەقی ڕووداوێک کە لەوانەیە پێیان خۆش بێت، ئەوە دەتوانێ لەزەحمەتی دەستپێکردن بەخوێندنەوەی بابەتێک کە لەوانەیە پێیان خۆش نەبێت، ڕزگاریان بکات.

." Wyniford & Tim: Routledge،2002: P.72

سەردێڕ بە تایبەتی لە وتار و یادداشتدا تارادەیەک لە سەرەتادا تەکلیفی خوێنەرمان بۆ یەکلا دەکاتەوە؛ بیخوێنمەوە یان نەیخوێنمەوە؟ سەردێڕ دەبێ سەرنج ڕاکێش، تەکنیکی و هونەرمەندانە بێت. بەوتەی **"بێتسی پی گراهام"**؛ دەبێ لانی کەم چوار تایبەتمەندیی تێدا هەبێ:

- خوێنەر گیرۆدەی خۆی بکات و سەرنجی ڕابکێشێ.
- بابەتەکە پیشان بدات و وتارەکە بناسێنێ.
- خوێنەر بۆ درێژە پێدانی وتارەکە هەڵخڕێنێ و هانی بدات.
- بە شێوەیەکی هونەرمەندانە وێنەیەک یان بیرۆکەیەک لە وتارێکەوە بنوێنێتەوە.

سەرەڕای ئەمانە سەردێڕێکی باش، دەبێ:

١. ورد و دروست بێت.
٢. ڕوون و شیاوی تێگەیشتن بێت.
٣. لەڕووی ڕێزمان و داڕشتنەوە دروست بێت.
٤. بەهێز و کاریگەر بێت.
٥. تازە بێت.
٦. نەزم و ئاهەنگی(**ریتم و ئیقاعی)** هەبێ.

بۆ نووسینی سەردێڕێکی باش دەبێ پێکهاتەی سەردێڕەکان بناسین. بۆچوونێکی تەکنیکی لەم بارەوە هەیە کە دەڵێ:" سەردێڕ دەبێ بتوانێ وتارەکە(**بابەتەکە)** بە خوێنەران بفرۆشێ!" خوێنەرانی ڕۆژنامە لەخۆیان دەپرسن، بۆ دەبێ وتارەکەمان بخوێننەوە. سەردێڕی هەر هەواڵێک دەبێ کارێکی بەهێزی تێدابێت. بەڵام لە وتارە ناهەواڵییەکاندا سەردێڕەکان دەبێ داهێنەرانەتر بن. لە بابەتی ناهەواڵدا سەردێڕ لە ترۆپکیدا دووپات مەکەنەوە. کورت بنووسن. سێ وشە یان تەنانەت یەک وشە، لە هەمان کاتدا ئەگەر دەستپێکردنێکی

باش و سەرنج ڕاکێش بۆتان زەروورەتی هەبێت، ئەم زەروورەتە بۆ سەردێڕ چەند بەرامبەردەبێ. سەردێڕ دەبێ لەگەڵ کەش وهەوای وتارەکەدا بێتەوە**(یەکانگیر بێت):**

١. سەردێڕێکی سووک بۆ وتارێکی جیدی هەڵمەبژێرن.

٢. سەردێڕەکە لەگەڵ گێڕانەوەکەتان هاوئاهەنگ بکەن.

٣. لە نووسینی سەردێڕی کلێشەیی خۆ بپارێزن.

٤. ئەگەر زاراوە و شێوازێکی تایبەتتان بەکار هێناوە، دڵنیا بن کە ئەوانی دیکەش هەمان بۆچوونیان دەبێت.

٥. ئەگەر دەتانهەوێ لە سەردێڕدا ئیهام بەکار بێنن، لەگەڵ خۆتاندا ڕاستگۆ بن، کە ئاخۆ خوێنەر بەخوێندنەوەی ئەو سەردێڕە بزەی دێتێ یان بۆڵەی دێتێ؟

لە ئەنجامدا پێویستە ڕاسپاردەکانی **(داگ سیمپسۆن)** بۆ سەردێڕ نووسین لەبەرچاو بگرین:

١. باشترین نووسەرانی سەردێڕ کەسانی داهێنەرن و باشترین سەردێڕەکان خێراو لەنەکاو بە زەیندا دێن.

٢. نووسەرانی سەردێڕ دەبێ باشترین نووسەرانی ڕۆژنامەکە بن.

٣. هێندێ جار باشترین سەردێڕەکانی ئێوەش بۆ چاپ نابن، کەواتە خەمی لێ مەخۆن.

٤. ئەگەر دەتانهەوێ سەردێڕنووسێکی شارەزا بن، هەوڵ بدەن ڕۆژلەدوای ڕۆژ باشتر بن.

٥. سەردێڕی کەسانی دیکە بخوێننەوە و بیری نوێ بەدەست بێنن. بەڵام لە هەمان کاتدا هەوڵیش بدەن شارەزاییەکانی خۆتان بۆ نووسینی لەوان باشتر، بەهێز بکەن.

٦. ئەوەش بزانن خەڵک سەردێڕی سەمیمییان بەدڵەوە دەنووسێ. **(تەوەکولی، ١١٤. ١١١)**

• **سەردێڕ** headline

پێناسە :سەردێڕ : **«خوێنەر ڕێبەری دەکات بەرەو هەواڵ . ڕستە یان دەستەواژەیەکە، هەواڵ دەناسێنێ. دەتوانێ بۆ خوێندنەوە هانی بدا یان لە خوێندنەوە وازی پێبێنێ (بدیعی وقندی ل١٠٧) ».**

**«ڕستەیەکە لەکورتترین شێوەی گونجاودا، پەیامی پەیوەندیدار بەدەقەکەوە بەوەرگر دەگەیەنێ»** (تەوەکولی –ل٥٤).

※ **ئەرکەکانی سەردێڕ**

سەردێڕ چەند ئەرکێکی دیاریکراوی هەیە کە گرنگترینییان بریتین لە:

١- دەربڕینی هەواڵ لەکورتترین شێوەی گونجاودا.

٢-جیاکردنەوەی باسەکان.

٣- پێشخستن و گرنگیدان بەهەواڵەکان لەڕێگەی باراستایی پوینت (point)کەوە.

واتە دەست نیشان کردن وپێشخستنی گرنگترین هەواڵ لەڕێگەی باراستایی پۆینتی سەردێڕەوە.

٤- ڕێبەری کردنی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی هەواڵەکە.

٥- کاریگەریی و کارتێکەریی لەسەر ڕای گشتی.

٦- بەکارهاتنی لە نەخشەسازی وجوانکاریی لاپەرەکانی ڕۆژنامەدا.

※ **یاساکانی نووسینی سەردێڕ**

١- دەبێ سەردێڕ دوای ئامادەکردنی هەواڵ بنوسرێ و پەیامنێر دەبێ یاساکانی نووسینی سەردێڕ وەک یاساکانی نووسینی هەواڵ بزانێ.

٢- سەردێڕ دەبێ هەواڵی تێدابێ و ڕووی لەداهاتووبێ.

٣- تائەو جێیەی دەکرێ دەبێ لە ترۆپکی هەواڵەکە وەرگیرابێ ولەگەڵی هاوئاهەنگ ویەکانگیر بێ. مەگەر هەواڵەکە بە شێوازی قووچەکی سەراوبن دانەڕێژرابێ.

هەواڵنامەی گزنگ

٤- دەبێ بەوشەی پاراو و پڕ ناوەڕۆک بنووسرێ.

٥- بۆ ئەوەی نەبێ بەدروشم، دەبێ کار/ فرمانی تێدابێ.

٦- هەڵبژاردنی **(کار)**ی شیاو، کلیلی سەرکەوتنە لەنووسینی سەردێڕدا.

٧- لەنووسینی سەردێڕی پرسیاری خۆبپارێزن، مەگەر لەرووی ناچاری بێ.

٨- سەردێڕ نابێ نەرێ **(کار )**ی نەرێ **(نەفی )**ی تێدابێ.

٩- وشەی دووبارەی نابێ تێدابێ.

١٠- وشەکان نابێ بەفۆنتی شکاو **(ئیتالیک)** بنووسرێن.

١١- سەرەتای سەردێڕ نابێ بە ئامرازی وەک **(بۆ، بە، لەبەر، لەسەرو......)** دەست پێبکات. بێجگە لەو شوێنانەی توخمی شوێن **(کوێ where)** بۆ تیشک خستنە سەرو بۆ تەئکید بخرێتە پێشەوە.

١٢- تا ئەو جێی دەکرێ، نابێ ژمارەی وشەکانی سەردێڕ لە (١٠) وشە تێپەڕێ.

١٣- دەبێ گرنگی بەفۆرم و سیمای سەردێڕ بدرێو بۆشایی بۆ سەردێڕ لەبیرنەکرێ.

١٤- سەردێڕ ئەگەر ئەو مەرجانەی سەرەوەی تێدا بێ، بەشێوەی راستەوخۆ لە زمان کەسەکانەوە دەنووسرێ، ئەگینا دەبێ گوتەی راستەوخۆی ئەو هەڵێجێندرێ و بەشێوەی نا راستەوخۆ بنووسرێ.

١٥- سەردێڕ نابێ گشتی و لێڵ بێ، دەبێ وردو روون بێ.

بۆ نموونە: **«پێشەنگای نێودەوڵەتی لەکوردستان»** دەبێ ئەمەی پێ زیاد بکرێ: **« سبەی بەڕێوە دەچێ»** و بەمجۆرەش بنووسرێ:

**سبەی بەڕێوە دەچێ**
**پێشەنگای نێودەوڵەتی لە هەولێر.**

*** بەشەکان /جۆرەکانی سەردێڕ**

**١- سەردێڕی سەرەکی (Main Headline).**

ئەو سەردێڕەیە کە گرنگترین هەواڵی پێ دەردەبڕدرێ. هەر بۆیە بەپیتی درشت تر لەسەردێڕەکانی دیکە دەنووسرێ. لە کۆتایی سەردێڕ خاڵ دانانرێ.

**٢- سەر سەردێڕ (سەر سەردێڕ) (kicker).**

ئەو سەردێڕەیە کە لەسەرووی سەردێڕی سەرەکیدا دێت و بەپیتی بچوکتر **(نزیک بەپیتەکانی دەقی هەواڵ )** دەنووسرێ. سەرسەردێڕ **(کیکەر)**، پێشەکی یان تەواوکەری سەردێڕی سەرەکییە یان سەربەخۆیە.

بەگشتی سەر سەردێڕ بەجۆرێک بێت کە بەلابردنیشی، سەردێڕی سەرەکی واتاکەی تەواوبێ و لەتمەی وێ نەکەوێ .(بەدیعی و قەندی ل١١٢).

**(بەشێکە لەسەردێڕ کە بۆ کورتکردنەوەی سەردێڕ لێی هەڵدەگوێزرێ و بەپیتی وردتر لەسەر سەردێڕی سەرەکییەوە دەنووسرێ)** (تەوەکولی ل٥٥).

وەک :

**ا) سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین:**
**تاقیکردنەوەکانی خوێندنی باڵا ٢٥ ی رەشەممە بەڕێوەدەچێ**

**ب) نیۆرک تایمز:**
**کلینتۆن سبەینی دادگایی دەکرێ**

**٣ - ژێر (سەردێڕ) DEK.**

"رستەیەکە بەپیتی وردتر لەسەردێڕ دەنووسرێ و لەژێر سەردێڕەکەوە دادەنرێ و تەواوکەری سەردێڕەکەیە" (تەوەکولی ل١١٣)

ئەو کاتە بەکاردێت کە **(ویراستار)** گەیاندنی چەمکێک یان واتایەک لەپەیام بەپێویست بزانێ کە لەرێگەی سەردێڕە سەرەکییەکەوە نەگەیشتووە.

**پسولەی کڕینی بەنزین**
**لە ٢٠ی گەلاوێژەوە دابەش دەکرێ**
**هەر سەیارەیەک لە ٤٠ لیتر زیاتری پێ نادرێ**

**٤- سـەردێڕی نیشانەکراو یـان کورتە سەردێڕ:**
ڕستەیەکی گرنگە، **(فرمان/ کار)**ی تێدایە لەناو باس و دەقی هەواڵەکەوە هەڵدەگوێزرێ و بەپیتی وردتر لەسەردێڕو درشت تر لە دەقـەکە دەنـووسـرێ بۆ ئـەم مەبەستانەی خوارەوە:
١- بەرجەستەکردن و گەورەکردنەوەی هەندێ بەشی پەیام کە گرنگن و گەیاندنیان بەوەرگر **(خوێنەر).**
٢- ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەرو هاندانی بۆ خوێندنەوەی پەیامەکە.
٣- جوانکردن و ڕازاندنەوەی باسەکە.
ئەم جۆرە لە سەردێڕ بەهێمای وەک (•، □، √ و.....) نیشان دەکرێ.
**٥- سەردێڕی ناوەڕاست ( میان تیتر):**
هەندێ ڕستەی کورتن و بەزۆری بەبێ **"فرمان /کار"** دێن کە بڕێک لە پیتەکانی دەقەکە گرنگتر دەنووسرێن **( لە ٢ تا ٥ وشە پێکدێن)** بەم مەبەستانەی خوارەوە:
١- جیاکردنەوەی باسی دووروودرێژ، بۆ ئەوەی خوێنەر هەست بەدرێژی باسەکە نەکات.
٢- پۆلێن کردنی تـەوەرەکانی پەیام، بۆ ئەو تاقمە لەخوێنەران کە تەنیا بەدوای بابەتێکی تایبەتدا دەچن.
٣- جوانکردنی لاپەڕەکەو پاراستنی لە یەکدەست بوونی.

*** شێوەو ڕواڵەتی سەردێڕ:**
١- سەردێڕ بەر لەوەی توێکڵێک بێت کە کاکڵی واتای لە خۆگرتبێت، بۆ دەرخستن و سیما بەخشین بە دیزاین و ڕواڵەتی لایەنی گرافیکی، شـێوەو سیمایەکە بۆ دیتن و تێڕوانین.
٢- لەهێندێ لەڕۆژنامەکاندا پیتەکانی ناوەوەی ڕۆژنامەو دەقەکانی هەواڵ هەمان ئەو پیتانەن کە سەردێڕیان پێ نووسراوە جگە لە ئەندازەکەیان نەبێ.

*** ئەو هۆیانەی لەسەر چۆنیەتی نووسینی سەردێڕ کاریگەرییان هەیە:**
١- سیاسەت و ڕێبازی ڕۆژنامەکە.
٢-جۆرو ڕەگەزی ڕۆژنامەکە **(هەر چەندی جەماوەری ترو زەردتر بێ)** دروشمی ترو وروژێنەرترە.
٣- جۆری پەیام **( هـەواڵ، ڕیپۆرتاژ یان وتار).**

*** کاتی (کار) لە سەردێڕدا**
**١- ڕابردووی سادە:**
بۆ نووسینی سەردێڕ ئەگەر ڕووداوەکە لـە ڕابـردوو دابـوو، کـارەکـە بـە شێوەی ڕابردووی سادە دێت.
سەرۆکی هەرێم گەیشتە ئەمریکا
**٢- ئێستای هەواڵدان ( مضارع اخباری):**
ئەگەر ڕووداوەکە لە ئێستا یان لەداهاتوودا بێ بەشێوەی **(ئێستای هەواڵدان)** دەنووسرێ.
چونکە لە زمانی کوردیدا ڕانەبردوو **(ئێستاو داهاتوو)** بەیەک شێوە دەنووسرێ، باشتر وایە لەڕێگەی ئاوەڵکارەکانەوە کاتەکان دیاری بکرێن و کاتی ڕووداوەکان ڕوونتر پیشان بدرێن.
**وەزیری دەرەوەی عێراق هەفتەی داهاتوو دەچێ بۆ ئێران.**

*** سەردێڕ وتێڕوانین بۆ داهاتوو**
سەردێڕ دەبێ هەواڵی تێدا بێو لەهەمان کاتیشدا ڕووی لە داهـاتووبێ، واتـە نابێ لەوشەی سست وسواو دووبارەکراو سوود وەرگیرێ. بۆ ئەوەی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی هەواڵ و بابەتەکە هەڵخرێنێ. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ ئەم خاڵانە لەبەر چاوبگیردرێ.
١- وشـەی یەکەمی سـەردێڕ کە دەبێ بەجۆرێک هەڵبژێردرێ زۆرترین کاریگەری لەسەر خوێنەر هەبێ. هەر بۆیە نابێ لەوشەی بێ گیان و بێ واتـای وەک ئامرازەکان لەسەرەتای سەردێڕدا سوود وەرگیرێ.

وەک: **هەڵمەتی دەریایی و ئاسمانی ئەمریکا بۆ عێراق دەستی پێکرد**

٢- دەبێ لایەنی واتای کاریگەری و سۆزەکی **(عاطفی)** وشەکان لەنووسینی سەردێڕدا لەبەرچاو بگیردرێ. هەر وشەیەک دەتوانێ جۆرێک لە واتا بگەیەنێ. ناسینی وشەکان و لایەنی واتاییان، سەردێڕنووس لەبەکارهێنانی ئاوەڵناو **(صفت)** لەسەردێڕدا دەپارێزێ. چونکە ئاوەڵناو، سەردێڕ لە **(بابەتی)** بوون دەخات و هەڵسەنگاندن و نرخاندنی خۆی پێ زیاد دەکات.

بۆ نموونە هەندێ وشە لە زمانی کوردیدا هەن کە بە **(ت)** دەست پێدەکەن جۆرێک باری واتایی ناخۆش دەگەیەنن وەک:

تەسک، تاریک، تارمایی، تەوژم، توند، تیژ، تاڵو......

یان هەندێکی تریان کە فۆنیمی **(ه)** دەست پێدەکەن بارێکی واتایی نەرمترو هێورتر دەگەیەنن: وەک:

هیوا، هێمن، هێور، هەرزان، هاوڕێ، هەناسە، هەتوانو.......

بەگشتی بەپێی جۆری هەواڵەکە دەکرێ وشەی شیاو بەکار بێت.

٣- تا ئەو جێی بکرێ ئاهەنگ و ئاوازەی سەردێڕ یەکدەست و یەک ئاهەنگ نەبێ.

- هەفتەی داهاتوو سارد، بەباوبۆرانەوە

ئەم سەردێڕە، لەرێگەی وشەکانییەوە مۆسیقایەکی تایبەتی وەرگرتووە. رەوتێکی **(شەپۆڵ ئاسا)**ی هەیە.

بەڵام سەردێڕی:

- سەرۆک کۆمار چوو بۆ ئێران

رەوتێکی یەکسان و یەکدەستی هەیە

* **سیماکانی سەردێڕ:**

١- سەردێڕێک کە لە یەک دێڕ پێکدێت، وەک هێڵێکی راست لەیەک تا چەند ستوونێک تێدەپەڕێ.

٢- سەردێڕێک کە لە دوو دێڕ پێکدێ : بەپێی ستوونەکانی دەقەکە بەشێوەی چوار گۆشەی **(مربع)** یان**(لاکێشە)** دەنووسرێ.

٣- سەردێڕی کە لە چەند دێری یەکسان پێکهاتبێ: ئەم جۆرە لەسەردێڕ بۆ سەردێڕی بچووک وبەپیتی ناسک تا چوار دێڕ دەنووسرێ ستوونەکانی ژێریشی لەیەکەوە تا سێ ستوونە.

٤- سەردێڕی پلیکانی: کە ئاسایی بۆ هەواڵی ٢ تا ٣ ستوونی دەنووسرێ.

**٥- سەردێڕی قووچەکەی سەراوبن،**
**سێەمیین پێشەنگای نێودەوڵەتی لەهەولێر**
**بە بەشداری ٢٤ وڵاتی میوان**
**بەڕێوە چوو**

٦- سەردێڕی سێ گۆشەو.......
**بەغدا**
**لەئاگرو ئاسندا**
**بالوێزخانەکان چۆڵ کران**

**ئەم خشتەیەی خوارەوە باشترین شێوەیە لەرووی ژمارەی دێرەکانی سەردێڕو ژمارەی ستوونەکانەوە:**



*** تێبینی بۆ ئەو سەردێڕانەی بە پۆنیتی ٢٤و باریکتر نووسراون دێرێک کەم بکەنەوە.**

**دەق:**

جۆری پیت و بارستایی (پۆنیت)ەکەی. لەنێوان ٩ پۆنیت تا ١١ پۆینتە (وردی رەش Bold) و ئەمەش بەندە بە ژمارەی ستوونی رۆژنامەکانەوە. پانایی ستوونەکانیش تارادەیەکی زۆر چەسپاوە (٣،٥ cm یان cm ٤) سانتیمەترە کە لە قەبارەی گەورەدا (١٠) ستوون پێکدێنێ و لە رۆژنامەی بچووک دا ٦ ستون پێکدێنێ. بو نموونە ئەگەر باسێکی

( cm٢٤ ) مان هەبێ، دەتوانین دابەشی بکەین بە دوو ستوون ( cm١٢ ) یان ٣ ستونی ( cm٨) یان ٦ ستونی(cm٤) وەیان ٥ ستوونی ( cm٢،٨) کە هەمووی پەیوەندی بە جۆری خشەسازییەکەوە هەیە.

*** خاڵبەندی لەسەردێڕدا:**

چونکە خاڵبەندی لە زمانی کوردیدا پێشینەی زۆر نییە، دانانی خاڵبەندی باش جێ نەکەوتووە، بەڵام لەو جێگایانەی دەبێتە هۆی سڕینەوەی تەم و مژ و لێڵی و سادەکردنەوەی سەردێڕەکان، بەکاردێن. تەنیا لەم دۆخانەی خوارەوەدا:

**١- خاڵ (.):** لەکۆتایی ڕستەدا دێت و دەبێتە هۆی وەستانی تەواو. بەڵام لەسەردێڕدا تەنیا بۆ ناوی کورتکراوە بەکاردێ و لە کۆتایی ڕستەدا نایە، وەک:

- بەشی کوردی رادیۆی بی. بی. سی کرایەوە.

**٢-کاما(فاریزە):** نیشانەی وەستانی کورتە، وەستانێک کە لەسەردێڕدا لەیەک جار زیاتر ناکرێ و هێندێ جار لە جێگەی (و)ی بەستنەوە دێت.

- ئەمریکا، ئێرانی بەدەستێوەردان لە عێراق تۆمەتبار کرد
- ٢٠٠ گوژراو، ١٥٠ بریندارو ٣٠٠ ملیۆن زیانی ماڵی

ئەنجامی تەقینەوەکانی هەفتەی رابردوو لە بەغدا بوو

**٣- دوو خاڵ(:):** پاش قسەکەری ڕاستەوخۆ دادەنرێ ولەجیاتی کار/ فرمان بەکار دێ.

سەر کۆمار: تۆپبارانی گوندەکانی سەر سنوور مەحکووم دەکەین.

**٤- هێمای گێڕانەوە:** دوو کەوانەی بچووک (« ») / ( ’ ,)، لەسەرەتاو کۆتایی گوتەی سەرزاری کەسێک- وا بەشێوەی راستەوخۆ وەرگیراوە،- دا دێت. "ئەمانە جیاوازی دەکەن لەنێوان [رای] بڵاوکراوەکە و بۆچوونە دەربڕاوەکەدا، لەم سەردێڕەدا:

**ئاژانسی پەرستاران" مەترسییەک بۆ نەخۆشان"**

هێمای گێڕانەوە روونی دەکاتەوە کە کەسێک بێجگە لە رۆژنامە یان گۆڤارەکە ئەم بۆچوونە(لێرەدا کۆمیسیۆنی چاوەدێری)ی دەربڕیوە. Wyniford & Tim: Routledge،2002: P.72 " لەسەردێڕدا چونکە گوتەی راستەوخۆ بەتەواوی لەکەسێکەوە ناگوازرێتەوە، زیاتر بۆ دەست نیشان کردنی وشە یان زاراوەیەکیش بەکاردێ .وەک:

کاریگەری **«مافیا»** لەسەر سیاسەتمەدارانی تورکیا

٥- نیشانەی پرسیار (؟) یان سەرسووڕمان(!)

چونکە سەردێڕ دەبێ روون، ئاشکراو پاراو بێت، هەر بۆیە کەمتر لە شێوەی پرسیاردا دێت. بەڵام لە هەندێ حاڵەتی دەگمەندا لەوانەیە بەکاربێت وەک:

- پەرلەمانی عێراق، ئامادەیی نوێنەران بۆ چەسپاندنی مادەی ١٤٠

ئاخۆ تورکیا هەڵوێستی چی دەبێ؟

- جەنابی وەزیری کارەبا ! تاریکی بڕستی لە جەماوەر بڕی

ئەگەر بمانەوێ سەردێڕەکەمان بەشێوەی سێگۆشە دابڕێژین فاریزەکە نامێنێ:

پەرلەمانی عێراق

ئامادەیی نوێنەران بۆ چەسپاندنی مادەی ١٤٠

ئاخۆ تورکیا هەڵوێستی چی دەبێ؟

*** سەرچاوەکان:**

١- الطوهای غیر معیار در زبان مطبوعات، "گزارش تفصیلی": دکتر حسن ذولفقاری و همکاران، تهران: دفتر مطالعات رسانه ها،١٣٥٨

٢- ویراستاریی و مدیریت اخبار،احمد توکلی،تهران: انتشارات خجسته، ١٣٧٩

٣- روزنامه نگاریی نوین،نعیم بدیعی و حسین قندی: تهران: انتشارات دانشگاه علامه طباطبایی، ١٣٨٠

4. subediting for journalists، Wyniford & Tim Holmes، London: Routledge،2002

# بۆچی لەژمارەی پێشووی "رۆژنامەنووس"دا بابەتەکەم شێوێنرا؟



هێرش رەسوڵ

**هەر بابەتێک کە لە** (رۆژنامەنووس)**دا بڵاودەکرێتەوە، جا هی هەر نووسەر و تۆژەرێک بێت، ئێمە بەبێ لایەنی و بە یەک چاو تەماشای دەکەین و بایەخی پێ دەدەین، تەنانەت چەند جارێک دەیانخوێنینەوە و بە مەبەستی زەقکردنەوە** (مانشێت)**ی جوان لە ناوەڕۆکەکەی دەردێنین، وا پێدەچێت ئەو هاوکارەی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەمان هێشتا ئاگاداری شێوازی کاری ئێمە لە گۆڤارەکە نەبووبێ، کە ئێمە وەکو گۆڤار و رۆژنامە گەورەکانی جیهان، بەبێ دەستکاری و رێگە گرتن لە دەربڕینی هەر نووسەرێک، مامەڵە لەگەڵ بابەتەکان دەکەین و پێیاندا دەچینەوە، بۆیە ئەو رەخنە توندەی لێ گرتووین جێگەی هەڵوەستەیە، وا لێرەدا رەخنەکەی هاوکارمان و رەتدانەوەکەی سەرنووسەرمان وەکو خۆی بڵاودەکەینەوە ـ ئەوە جگە لەوەی** (محەمەد وەسمان)**ی رۆژنامەنووس، بەدواداچوونێکی لەسەر بانگەوازەکەی ژمارەی پێشووی لەسەر دەستەواژەی** (ئێتیک) **و** (ئاکار)**ی بۆ ناردووین بە مەبەستی زێدەتر سوود گەیاندن ئەویش بڵاو دەکەینەوە، ئومێدەوارین بەردەوام جێی متمانەی هەموولایەک بین.**

لەژمارەی پێشووی گۆڤاری "رۆژنامەنووس"دا، بابەتێکم بەناونیشانی (یاسای رۆژنامەگەری لەکوردستان لەنێوان ئاکار و ئازادیدا) بڵاوکرایەوە، کە لەراستیدا من وشەی ئاکارم بەکارنەهێنابوو، من نووسیبووم (یاسای رۆژنامەگەری لەکوردستان لەنێوان ئێتیک و ئازادیدا)، هەروەک لەناوەرۆکەیشیدا هەموو ئێتیک-ەکان کرابوونە ئاکار. هەرچەند خۆیشم چەند ژمارەیەکە ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەم، بەڵام ئاگام لەو دەستکاریکردنە نەبوە و تەنها بەتەلەفۆنێکیش ئاگاداریان نەکردووم، بۆیە کاتێک گۆڤارەکەم کەوتە بەردەست، زۆر بەو دەستکاریکردنە نیگەرانبووم و یەکسەر

پەیوەندیم بەسەرنووسەرەوە کرد، ئەویش ڕایگەیاند: ئەمە ڕێنووسی خۆمانە و خۆم دەستکاریمکردوە و دەمانەوێت وشەکە بچەسپێنین، تەنها لەناونیشانیشدا گۆڕیومانە. بەڵام لەڕاستیدا لەتەواوی بابەتەکەدا گۆڕابوو، بۆیە دوای گلەیی وتم من وشە و زاراوەی ئێتیک-م بۆ ئەو مانایە پێ پەسەندترە لەئاکار، بۆیە ڕونکردنەوەم دەبێت و لەوێدا پاساوەکانی بۆچوونەکەم ڕیزدەکەم:

یەکەم: پێشتر و لەباسی سێیەم لەبەشی سێیەمی ماستەرنامەکەمدا (ئازادیی ڕادەربڕین لەڕۆژنامەنووسیی کوردیدا ١٩٩٣ – ٢٠٠٧) کە تایبەتە بە(فاکتەرەکانی ئێتیکی پیشە) نووسیومە: لەکۆی ئەم توێژینەوەیەدا و لەبەرامبەر بەکارهێنانی زاراوەی (Ethic)ی زمانی ئینگلیزی و (أخلاقیات)ی زمانی عەرەبی، توێژەر (ئێتیک)ی بەگونجاوتر زانی، وەک لە(ڕەوشت، ئاکار، ئەخلاق) کەهەندیجار بەو مانایە بەکاردێن، لەسۆنگەی ئەوەی، هەریەک لەو چەمکانە لەزمانی کوردیدا واتای دیکە دەگەیەنن و ئێتیک-ی ناو زمانی ئینگلیزی و بەرەچەڵەک لاتینی، لەو مەبەستە نزیکتر و شیاوترە، وەکچۆن هەر لێرەدا بەرامبەر (Professional Ethics)ی ئینگلیزی، (ئێتیکی پیشە) بەکارهاتوە.

دوەم: لەزۆربەی زمانانی دنیادا هەر ئێتیک-ە بەرەچەڵەک لاتینیەکە بەکاردێت، بەکەمێک جیاوازی لەفۆنەتیکدا، وەکو: زمانی لاتینی، ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی، ئیسپانی، دانیمارکی، سویدی، ڕۆمانی، ڕوسی، ئیتاڵی، هۆڵەندی، عیبری، تورکی.. ئیتر بۆ دەبێت لەکوردیدا بەکارنەیەت؟ زمانی کوردی لەبواری میدیا و کەمیونیکەیشندا لەو زمانانە دەوڵەمەندتربێت؟.

سێیەم: ئێتیک لەزمانی کوردیشدا، بۆ ئەو مانایە مەفهومترە و ڕۆیشتوە و جێی خۆی گرتوە، ئەوەتا لەبەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی نزیکەی ١٠ ساڵە وانەیەک بەناوی ئێتیکی ڕاگەیاندن-ەوە هەیە و چەند توێژینەوەو نووسین و بابەت و وەرگێڕانیش ئەو وشەیان بەکارهێناوە.

چوارەم: داتاشین و دۆزینەوەی وشە بەرامبەر هەموو وشەیەکی زمانی بێگانە (کە زۆرجار بەمجۆرە دروست و تەواو دەرناچێت)، نەک بەبڕوای من، بەڵکو بەپێی پرەنسیپەکانی زانستی زمانی هاوچەرخ، کارێکی هەڵەیە، چونکە زمانەکانی دنیا، بەتایبەت زمانە فراوانەکان لەبەکارهێناندا، لەشوێنی خۆیان چەق نابەستن و بەیارمەتی وشەی زمانی دیکە کار لەسەر دەوڵەمەندکردن و فراوانکردن دەکەن، وەکچۆن دەوترێت: "هەر زمانێک بەر بەچوونەناوەوەی وشەی زمانانی تر بگرێت، ڕێ لەگەشەکردنی خۆی دەگرێت و نەخشەی مەرگی خۆی دەکێشێت". لەو سۆنگەیەوە بەچاوخشاندنێکی خێرای چاپە نوێکانی فەرهەنگی بەناوبانگی ئۆکسفۆردی ئینگلیزی-ئینگلیزی، بۆمان دەردەکەوێت ساڵانە چەندین وشەی تازە لەزمانی ترەوە وەرگیراون و چوونەتە ناو زمانی ئینگلیزییەوەو تەنانەت لەفەرهەنگە پێشکەوتوەکاندا، لەتەنیشتیشیاندا نووسراوە و ئاماژە بەریشەی وشەکە کراوە، وەکو ئەوەی لاتینی، یۆنانی، فەرەنسی... هەر بۆ زانیاریی خوێنەرانیش وشەی پێشمەرگە بەسپێلی peshmarga ئێستا لەو فەرهەنگانەدا هەیە!.

پێنجەم: ئەگەر بەکارهێنانی وشەی ئێتیک بۆ ئێتیکی ڕاگەیاندن یان ڕۆژنامەنووسی هەڵە بێت، یان دروست نەبێت لەکوردیدا بەکاربێت، ئەی بۆ بەکارهێنانی ئەم وشانە دەڵێن چی کە هیچیان لەبنەڕەتەوە کوردی نین، کەچی هاتونەتە ناو زمانی کوردی و بەکاردێن و زمانەکەیشیان دەوڵەمەندکردوە؟: (میدیا، کۆمیونیکەیشن، ڕاپۆرت، ڕیپۆرتاژ، ئینتەرڤیو، سانسۆر، ڕێکلام، کاپشن، لۆگۆ، هێدلاین، ستۆدیۆ، دیزاین، تایپ، تایپۆگراف، فیلم، لایف، دۆکومێنتاری، فاکت، داتا، سەندیکا، تیۆر، پراکتیک، دیالۆگ، ئارگیومێنت، فۆتۆ، ئۆرگان، پۆلیس، پارلەمان، پاڵاس، پرەنسیپ، دیموکراسی، دیکتاتۆری،

تۆتالیتاری، پرێس، سایکۆلۆژیا، سۆسیۆلۆژیا، کۆنسێپت، ستراکتور یان ستراکچەر، کلتور، ریفۆرم، ریفراندۆم، پۆزەتیڤ، نێگەتیڤ، رادیکاڵ، ئەلتەرناتیڤ، ئینتەرناشناڵ، تەلەفۆن، مۆبایل، کۆمپیوتەر، میتۆد، ئۆتۆنۆمی، فیدراڵی، کۆنفیدراڵی، ئایدۆلۆژیا، ئۆتۆماتیک، کاریزما، ئۆتۆکراتی، لیبراڵ، مۆراڵ، دۆکومێنت، دیفاکتۆ، تریبون، ئەنتی، جوگرافیا، ...تاد).

شەشەم: بەبڕوای من رەتکردنەوەی وشەی زمانانی ترو رێلێگرتنیان و داتاشینی وشە بەرامبەریان کلتورێکی رۆژهەڵاتی و عەرەبیانەیە، بۆ نمونە عەرەب بەرامبەر وشەی تەلەفۆن (هاتف) و کۆمپیوتەر و (حاسوب)ی داناوە، لەکاتێکدا ئەمانە داهێنراوی رۆژئاوان و وشەکان خۆیان جێگەی خۆیان گرتوەو پێویست بەو تەعریبە ناکات!.

حەوتەم: نەنگی نیە ئەگەر ددان بەوەدا بنێین زمانی کوردی زمانێکی هەژارەو لەچەند بوارێکی کەم نەبێت لەبەردەم وشەی زمانانی دیکە، بەتایبەت زمانە زیندوەکان دەستەوەستانە، وەکچۆن تا ئێستا ستاندارایزنەکراوە.

هەشتەم: سەرنووسەری بەڕێزی "رۆژنامەنووس" ژمارەی تەلەفۆنی منی لایە و دەیتوانی بەر لەو دەستکارییە رای خۆمی وەربگرتبایە، یان هیچ نەبێت وەکو عورفێکی رۆژنامەنووسی لەخوارەوەی نووسینەکە ئاماژەیەک بدرایە بەوەی کە "گۆڤارەکە ئەو زاراوە یان وشەیەی بەدڵ نیە، بەڵام لەبەر رێزگرتنی زمانی نووسینی نووسەر وەکو خۆی دایدەنێینەوە".

نۆیەم: سەرنووسەری بەڕێز لەگفتوگۆکەماندا لەو بارەیەوە بەمنی وت لەهەموو بابەتەکانی ئەم ژمارەیەدا لەبری هەر وشەیەکی دیکە (ئاکار)مان داناوە، کەچی دەبینین لەچەندین شوێن و لاپەڕەدا (ئەخلاق، رەوشتکار، رەوشت، ئێتیک...) بەکارهاتوە و تەنها لەتەواوی بابەتەکەی مندا هەموو ئێتیک-ەکان ەکراونەتە ئاکار! لەوەشدەچێت هەر بەریپلەیسی ناو کۆمپیوتەرەکە گۆڕیبێتیان!.

دواجار دەڵێم: بابەتەکەی من راستەوخۆ پەیوەندی بەئێتیک و ئازادی یەوە هەبوو، بەڵام بەداخەوە سەرنووسەری بەڕێزی "رۆژنامەنووس" بەدەستکاریکردنی بابەتەکەم، هەم پرەنسیپەکانی ئێتیکی رۆژنامەنووسی رەچاونەکرد، کە بەبێ ئاگاداریی خۆم لەتەواوی بابەتەکە ئەو زاراوەیەی گۆڕی، هەمیش ئازادیی نووسین و زمان و رێنووسکردن و بەکارهێنانی گوزارشتی لێزەوتکردم!!

هەربۆیە پێموایە ئەو دەستکارییکردنە بەتەنها شێواندن بووا!

# دڵنیا بن بابەتی هیچ کەسێک لە ( ڕۆژنامەنووسی )دا نەشێوێنراوە و نەدەشێوێنرێت..!؟

**سەرنووسەر**

کارەساتەکانی میللەتانی ژێردەستە، لەلای من، هەر ئەوەندە نیین کە نیشتمانیان داگیرکرابێ و خەڵکەکەیان لەلایەن دەسەڵاتدارانی داگیرکەرەوە بچەوسێنرێنەوە و کەسێتییان لەکەدار بکرێت و ناچار بەسەردانەواندن بکرێن، بەڵکو لەوە کارەساتتر ئەوەیە، تێکڕای خەڵکی وڵاتەکە وایان لێ بێت خۆیان لە میللەتانی دیکە بە کەمتر بزانن، خۆشیان و کەلتورەکەشیان بە دواکەوتوو و هیچ دابنێن! نەخاسمە کاتێ ئەو هەستە لای لاوانیان پتر بەرجەستە ببێت. یەکێک لە هۆکارەکانی مانەوەی کوردی ئەم بەشەی کوردستانی ئێمە ئەوەبووە لاوانی تا سەرەتای ڕۆژانی ڕاپەڕین، تەنانەت ئەوانەشیان کە بۆیان نەدەلوا ڕوو لە شاخ بکەن بە ناچاری لەژێر دەسەڵاتی ڕژێم دەمانەوە، گیانی بەرەنگاربوونەوەیان ئەوەندە لا بەهێز بووە و خۆڕاگر بوونە، کەم وابووە سازشیان لەسەر کولتووری نەتەوەکەی خۆیان، بەتایبەتی زمانەکەیان، کردبێ. لەم بارەیەشەوە بەڵگە زۆرن، هەر هیچ نەبێ ئێوە بەراوردێکی خیرا لەنێوان گۆڤار و ڕۆژنامەکانی بەر لە ڕاپەڕین، تەنانەت ئەوانەشیان بکەن کە ڕژێم دەری دەکردن، بە نموونە: **(هاوکاری)** و **(بەیان)** و **(ڕۆشنبیری)** هەروەها **(کاروان)**، ئەوە بە چاوپۆشین لەوەی چەند لاپەڕەیەکیان بۆ پیاهەڵدانی سەرۆکی ڕژێم تەرخان دەکرا، دەبینن زمانەکەی ئەوان نەک هەر **(میزاجی کوردەواری)** خوێنەرانییان تێکنەدەدا بەڵکو لە ڕووی داڕشتن و بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی بیانی تێیاندا زۆر لەو زمانە پاراوتر و ڕێکوپێکتر و دەوڵەمەندترە کە ڕۆژانە لەسەر لاپەڕەی هەندێ لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سەردەمی دوای ڕاپەڕین بەکاردەهێندرێن. تاوەکو ئێستاش چەندین جار ئەو دەردەدڵی و بۆچوونەی خۆمان لەگەڵ زۆر لە ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسان باس کردووە.

ئەوەی بەڵگەنەویستە کاری ڕۆژنامەنووسیی لە تێکڕای جیهاندا لەم دوو سێ سەدەیەی دوایی سەری هەڵداوە و دواتر بەرەو پێش چووە. بۆیە دەتوانین بڵێین پێچەوانەی هەموو بوواره زانستی و ڕۆشنبیرییەکانی دیکە، لەم وڵاتەدا کوردیش، جا چ بە زمانی خۆی بووبێ یان بە زمانی نەتەوەکانی دەسەڵاتدار، پشکی خۆی لەم بووارەدا بەردەکەوێت. دیارە لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕاپەڕینیش کاری ڕۆژنامەنووسیی نەک هەر وەکو لافاوێک ئەم

بەشەی کوردستانی گرتەوە، بەڵکو کاریگەری لەسەر بەشەکانی دیکەی ئەو وڵاتەشدا هەبووە، دیارە ئەوەش وای کردووە چاک و خراپ بهێنرێنە سەر لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانمان، کەواتە زۆر وشە و دەستەواژەی ڕۆژنامەوانی وا هەبووە لەگەڵ ئەم لافاوە کەوتوونەتە نێو کاری ڕۆژنامەنووسیی و هەندێ لە ڕۆژنامەنووسانیشمان دەستپێشخەرییان تێیدا کردووە و هەندێ دەستەواژە و زاراوەشیان بۆ کردوینەتە کوردی کە دەبووایە لە زووێکەوە ڕۆژانە لە بووارەکەدا بەکاربهێنرێ. دواتریش هەندێک لە تـوژەران بەخۆکەوتن و چەند کتێبێکیان بە زمانی کوردی بڵاوکردەوە. ئەوەتا هاوکارمان(**بەدران ئەحمەد حەبیب**) لەساڵی ٢٠٠٥دا، کە ئەوسا ئەندامی کۆڕی زانیاری کوردستان بوو، کتێبێکی بە ناوونیشانی **(فەرهەنگی زاراوەگەلی ڕاگەیاندن)** بە هەرسێ زمانی کوردی و ئینگلیزی و عەرەبی نووسیوە، هەروەها مامۆستا **(جەمال عەبدول)**یش لەساڵی ٢٠٠٦دا کتێبی **(فەرهەنگی ڕاگەیاندن)**ی بەهەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی وەکو بڵاوکراوەکانی دەزگای سەردەم بەچاپ گەیاندووە، ئەوە بە چاوپۆشین لەو تێبینی و سەرنجانەی لەسەر هەر یەکێکیان هەبووبێ

ئەم **(ڕۆژنامەنووس)**ـەی ئێمەش چ بەم ناوەی ئێستای و چ بە هەردوو ناوی پێشووتری واتە **(ڕۆژنامەڤانی)** و **(ڕۆژنامەنووسان)** لەم بارەوە درێغی نەکردووە، کەواتە دەتوانین بڵێیین کاری ڕۆژنامەنووسیی لە کوردستاندا، بەچاوپۆشین لە سەرنج و تێبینییەکانی هەر یەکێکمان، دوارۆژێکی گەشاوەی دەبێت، بەڵام ئەو حەزەش کارکردن و بەدواداچوونێکی نەپساوەی دەوێت، ئێمەش هەر لەبەر ئەو بڕوا بەخۆبوونەمانە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بۆ کارەکەمان بە پەرۆشتر دەبین و حەزدەکەین ئەزموونی ڕۆژنامەگەریی هەر ڕۆژنامەنووسێک بێنینە سەر لاپەڕەکانی گۆڤارەکەمان.

ئەو خۆشەویستەی ئێمە کە لەم دوو لاپەڕەی پێشووی ئەم چەند دێڕانە، ئێمە گلەیی و گازندەکەیمان کە زیاتر لە تانە و تەشەر دەکا، نەک ڕەخنە، لە گۆڤارەکەمان بۆ بڵاوکردۆتەوە تیایدا تاوانی ڕەچاونەکردنی بنەماکانی ڕەوشتی ڕۆژنامەنووسیمان دەداتە پاڵ، کە هەر چەندە ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەشمانە نازانین ئەو کولتوورەی لەکوێ هێناوە کە ئاوەها سەنگەرمان لێ بگرێت؟ ئەوەندەی ئێمە ئاگاداری مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردین، قەت نەماندیوە ڕۆژنامەنووسانی کورد، ئەوەندەی ڕۆژنامەنووسانی دوای ڕاپەڕین ئاوەها بەبێ بیرکردنەوە و لەختۆخۆڕایی قەڵەمیان بەسەر کاغەزدا هێنابێ و بیریان لە مانای وشە و دەستەواژەکانیان نەکردبێتەوە، بەمەش دەریدەخەن ئاگایان لەم کولتوورە ڕۆژنامەنووسییە نەبێ کە پێشەنگەکانمان بۆیان بەجێ هێشتووین. ئەوەتا **(عەلائەددین سەجادی)** ڕۆژنامەنووس هەر لە زووێکەوە لەسەر زاری ڕەوەندێکی کورد و بەم پەندەی کە دەڵێ: **(قسە بی گێژە، بی بێژە، بی وێژە)** ئامۆژگاریی کردووین و جوانترین کولتووری ڕۆژنامەنووسیی بۆ بەجێهێشتووین، دیارە هەردوو ڕۆژنامەنووسان: **(پیرەمێرد)** و **(حوسێن حوزنی موکریانی)**، خۆشەویست و هاوکارەکەی ئەم زاتەی پێشوو**(عەلائەددین سەجادی)**، زووتر لەسەر بابەتێکی مەعریفی زەمانی خۆیان لەگەڵ یەکدی دەکەونە ململانێ، ئەوەبوو **(پیرەمێرد)** لە ژمارە (٤٧٥)ی **(ژیان)**ەکەی بابەتێکی توانج ئامێز لەسەر **(حوزنی)** دەنووسێ و هەندێ ئامۆژگاری دەکات، **(حوزنی)**ش لە ژمارە (١١)ی گۆڤاری **(ڕۆناکی)** هەولێری ساڵی ١٩٣٥-١٩٣٦دا، بەناوونیشانی **(ڕاستەکەی)** وەڵامێکی **(پەندئامێز)** بۆ **(پیرەمێرد)** دەنووسێتەوە و (ماوە)ـەکەشی بۆ ژمارەی دواتری گۆڤارەکەی هەڵدەگرێ، بەداخەوە دوای ئەم ژمارەیە گۆڤارەکەی دەرنەچووە، بۆیە نازانرێ کە **(حوزنی)** چیتری لە هەگبەدا بووە، بەڵام نامەکانی دواتری **(پیرەمێرد)** و نووسینەکانی سەر لاپەڕەکانی گۆڤاری **(دەنگی گیتیی**

**تازە)**ی دواتر پێمان دەڵێن کە ئەو زاتانە چەندە پیشەکەی خۆیان خۆشویستووە و بەرامبەر یەکدی ڕۆژنامەنووسیی (**ڕەوشت، ڕەفتار، ئاکار**) بەرز بوونە، لە نامەکانی (**پیرەمێرد**)دا، کە هەندێکیان لەسەر لاپەڕەکانی (**دەنگی گێتی تازە**)دا بڵاوکراونەتەوەدا بە ئاشکرا و بە ڕاشکاوی تێمان دەگەیەنن کە (**پیرەمێرد**)، بەچاوپۆشین لە سەرنج و تێبینییەکانی، (**حوزنی**) هەر بە (**ئوستاذ**)ی خۆی داناوە و بەردەوام کارەکانی بەهەند وەرگرتووە.

بە وردبوونەوەمان لەم دوو لاپەڕە نووسینەی ئەم خۆشەویستەمان دەتوانین بڵێین، ئومێدەواریشین بەهەڵەداچووبین، لەوەدەچێ ئەو هاوکارەمان هیچ ئاگادارییەکی لەسەر بنەماکانی کاری ڕۆژنامەنووسیی ئەو پیشەنگانەمان نەبێ و مامۆستاکانیشی یان بۆیان باس نەکردبێ یان ئەوانیش گاڵتەیان پێی هاتبێ و گوێیان پێی نەدابێ، ئەگەر نا چ ڕەوای هەقە، سەرباری ئەوەندە ماندووبوونەمان بە بابەتەکەی خۆی و (**تاژان خان**)ی هاوسەری بەڕێزی ئاوەها تاوانی ڕەچاونەکردنی ئەو بنەما ڕەوشتیانەمان بخاتە پاڵ کە یاسای کاری ڕۆژنامەنووسیی لە کوردستان لەسەر هەمووانی فەرز کردووە، ڕەچاویان بکەن، دواتر ئەو بنەمایانە چ پەیوەندییەکیان بە گۆڕینی تاقە وشەیەکی وەکو (**ئێتیک**)ەکەی ئەو برادەرەمان هەیە کە بۆ ئەو گوڵەمان بە کوردی نووسراوەتەوە تا ئاوەها لە ڕوونکردنەوەکەیدا تاوانی (**ئازادی نووسین و زمان و ڕێنووسکردن بەکارهێنانی گوزارشتی لێ زەوتکردن**)مان بداتە پاڵ، بەتایبەتیش کە دوای بڵاوبوونەوەی بابەتەکەی و دواتر گلەییەکانی سیاسەتی گۆڤارەکەمان و زۆر شتی دیکەی بە تەلەفۆن بۆ ڕوون کرابێتەوە. وادیارە تاوەکو ئەم دواییەش کە خۆی تێیدا بۆتە ئەندامی دەستەی نووسەرانی (**ڕۆژنامەنووس**) هەوڵی نەداوە سوود لە ئەزموونی گۆڤارێکی وا وەربگرێ کە بەردەوام مەبەستێتی هونەری ڕۆژنامەنووسیی هەموو بڵاوکراوەکانی کوردستان و جیهان، بەبێ جیاوازی، لەخۆبگرێ بخاتە بەردەستی ڕۆژنامەنووسانی (**کوردستان**)!

لەلایەکی دیکەوە ئەو برادەرەمان هەندێ لە گفتوگۆکەی نێوان خۆی و ئێمەی لە ڕوونکردنەوەکەی بەتەواوی نەگێڕاوەتەوە، کە ڕاستییەکەی بەم شێوەیەیە:

ئەو بابەتەی (**ئایدان وایت**)ی سکرتێری گشتی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی جیهان کە پێشتر بەناوونیشانی (**مبادرة الصحافة الاخلاقية**) لە ژمارە (٥٣)ی گۆڤاری (**الصحفي**) بڵاوکرابۆوە، دوای خوێندنەوەی بابەتەکە لای خۆمانەوە بڕیارماندا کە وەربگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی، بۆیە چەند جارێکی دیکە پێیدا چووینەوە، بەڵام هەندێ وشە و دەستەواژەی وای تێدا بوو، وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی کەمێک زەحمەت دەهاتە بەرچاو، بەتایبەتی دەمێک بوو کە دڵمان بە بەکارهێنانی ئەو دەستەواژە و زاراوە بیانیانەی وەکو: (**پرۆفیشناڵ**) **و** (**ئێتیک**) هەموو ئەو دەستەواژانەی کە هاوکارەکەمان لە ڕوونکردەوەکەیدا ڕیزی کردوون دەگوشرا، بەتایبەتیش کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو دەستەواژانە و قسەکردن لەسەریان پەیوەندیی بە هەریەک لە بەڕێزان (**د. کەمال فوئاد**) و (**حەمید بەدرخان**) و (**ڕەحیمە مەلازادە**)ی هاوسەرم، (**کە زۆر جاران شتی لێوە فێر دەبم**) و خۆمانەوە هەبووە. ئەوەتا ئەوکاتەی لە خۆئامادەکردندا بووین بۆ ڤیستیڤاڵی دووەم یان سێیەمی بەدرخان و چەندین جار لەگەڵ ئەو زاتەی یەکەمیان کۆدەبووینەوە، ئەوەبوو لە کۆبوونەوەیەکیاندا (**حەمید بەدرخان**) چەند جار ئەو دەستەواژەی بەکارهێنا، د. کەمال کە بینی وشەکان لە شوێنی خۆیان بەکارناهێنرێن، پرسیاری مانای (**پرۆفێشناڵ**)کەی لە حەمید کرد، ئەویش وەکو نەریتی خۆی، کەوتە لێکدانەوەی دەستەواژەکە. بەڵام وادیار بوو د. کەمال نەک هەر قەناعەتی بە لێکدانەوەکەی ئەو نەهات بەڵکو پێیشی قەڵس بوو بۆیە ئامۆژگاری کرد چیدیکە ئاوەها بەناو نەکەوێ!

تاقیکردنەوەی دووەمیشم، چەند جارێک

لەگەڵ هاوسەرەکەم بووە، کە ئەویش بەم شێوەیەیە: هەندێ کەس هەن تەلەفزیۆنەکانمان زۆر دەیانهێننە سەر شاشەکانیان ئەوانیش جگە لە ریزکردنی وشە و دەستەواژەی قەبە، هیچی تریان پێ نییە، ئەم جارەش وا دیاربوو یەک لە تەلەفزیۆنەکان یەکێکیان هێنابوو لەسەر یەک ئەو دەستەواژەی **(پڕۆفێشناڵ)**ەی دووبارە دەکردەوە، هاوسەرەکەشم پێی گوتم، ئەرێ پێم ناڵێی ئەو **(پڕۆفێشناڵ)**ە مانای چییە؟ دیارە منیش بەپێی زانیاری خۆم گوتم: کارامە، لێهاتوو، پیشەیی، لێزان، دەستڕەنگین، ئەویش هیچ خۆی تێک نەداو لەسەرخۆ گوتی: ئێ دەبڕوا بکە ئەوەندەی حەمید بەدرخانیشی لێ نازانێ کە هەموو جار بۆمی دەگێڕێتەوە د. کەمال پێی قەڵس بووە!!

هەرچی دەستەواژەکەی دووەمە، دیسان پەیوەندی بە بەرنامەکانی تەلەفزیۆن و دانووستان و گفتوگۆی ڕۆژانەیان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان هەیە. پێم وایە دوای ڕۆژانی یادی (١١٠) ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی بوو، کە مامۆستایەکیان هێنابووە سەر تەلەفزیۆن، دیارە قسەکانی بۆ بابایەکی وەکو ئێمە دەبوایە گوێی لێ رابگیرێ، بۆیە ئەوەندە لەگەڵ قسەکانی خۆم تێکەڵ کردبوو تەنانەت ئاگام لەخۆم بڕابروو، کەوا چەند میوانێکی ئافرەت لێم هاتوونەتە ژوور و بەبێ دەنگی لە سەرووممانەوە دانیشتوون تا بزانن ئەو مامۆستایە چ دەبێژێ کە ئاوەها سەرنجی منی راکێشاوە، دیارە ئەو ماوەیەش زۆربەی تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکانمان باسیان لە **(خەتەنە)**کردنی ژنان دەکرد. ژنی کوردەواریش بەم جۆرە بابەتانە دڵگران دەبن ئەوەبوو ژنێکی چاوکراوەیان زۆر بە راشکاوی و گاڵتە پێکردنەوە هەڵیدایە و گوتی: ئەوە دیسان باس لە **(عەرز و عروزی)** ژنان دەکرێ وا بەرامبەری دەمت بستێک کردۆتەوە. هەرچەندە بەپێی زانیاری خۆمان بابەتەکەمان بۆ شرۆڤە کردن و مانای **(ئێتیک)**مان بۆ لێکدانەوە کە پەیوەندی بە **(هین)**ەکەی کچان و خەتەنەکردنیانەوە نییە، یەکێکیان هەڵیدایێ و گوتی: ئەو مامۆستایە کە ئەوەندە زانایە بهێنرێتە سەر شاشە بۆ لە جیانی ئەو **(کەلیمە)** بیانییە قۆڕە یەک لەو کەلیمە جوانانەی کە وەکو تۆ دەڵێی مانای **(رەوشت، ئاکار، رەفتار، ئەخلاق)** دەگەیەنێ، بەکار ناهێنێ تا ئاوەها حەیای خانەوادەی خۆی و ئێمەش نەبا و هەمووشمان تێی بگەین و بزانین چ دەڵێ..؟!.

لەلایەکی دیکەوە دیسان لەبارەی ئەو دەستەواژەیەوە دەڵێم: ڕۆژێکیان برادەرێکی ڕۆژنامەنووسم هاتبووە لا، کە لەوانەیە دەرچووی ئەو بەشی راگەیاندنەش بێت کە هاوکارەکەمان شانازی پێوە دەکات گوایە ماوەی (١٠) ساڵە ئەو دەستەواژەیە لەو بەشەیاندا بەکاردەهێنن، دیاربوو ئەویش بە هەوەسی خۆی دابوویە بەرێ و هەردوو دەستەواژەی **(ئەتیکێت)** و **(ئێتیک)** ی مامۆستاکەیانی لێک جیا نەدەکردەوە و ئەوەی یەکەمیانی لە جیاتی دووەم بەکاردەهێنا.

وادیارە قەدەری ئەو نەتەوەیەی ئێمە دەبێ وابێ..!؟ هەر کاتێ ئەزموونێکی نوێمان بۆ دێتە پێش بە کۆمەڵێک پاساوی بێ بنەما دەکەوینە بنکۆڵ کردنی هەموو شتە جوانەکانی خۆمان، بەداخەوە ئەگەر جاران ئەو سوخەتەمان لایەنی سیاسیی کێشەی نەتەوەکەمانی دەگرتەوە، ئەوەتا ئەمڕۆکە لەسەر بەکارهێنانی زمانی کوردی دەکەوینە کێشەوە کە ئەو زمانە هەر لە **(مەلای جزیری)** و **(ئەحمەدی خانی)** و دواتر **(نالی)** و **(سالم)** و **(کوردی)** و **(حاجی قادری کۆیی)**یەوە، ئینجا **(میقداد مەدحەت بەدرخان)** و **(عەبدولڕەحمان بەدرخان)** و **(مەمدوح سەلیم)** و **(جەلادەت بەدرخان)** و **(حوسێن حوزنی موکریانی)** و زۆرانی دیکە تا دەگاتە **(ڕەشاد موفتی زادە)**ی هەولێری، کە بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٦٩دا دوانی فەریزەی حەجی بە زمانی کوردی لە چیای عەرەفە خوێندۆتەوە، خەمی یەک بەیەکیان بووە، کەچی ئەمڕۆکە گەنجانی ڕۆژنامەنووس ئەوەندە سەرچیغ چووبن و بە کۆمەڵێک پاساوی بێ بنەما

هەوڵ بدەن زمانی کوردی پڕ بکەن لە وشە و دەستەواژەی زمانانی دیکەی بیانی، کە لەوانەیە هەر بابیی ئەوەندە وشە و دەستەواژانە لە زمانە بیانییەکە بزانن.

ئێ کاکی خۆم دەستەبژێری عەرەبی، ئەگەر بە گیانی شوڤێنی نەبێت. قەیدی چی دەکا زمانەکەی خۆیان بپارێزن، زمانێکیش ئەگەر **(هەژار)** بوو بۆ دەبێ خزمەتی نەکرێ، ئەوە نییە زمانی کوردی **(هەژاری موکریانی)** و **(گیو)** و **(سەلاح سەعدوڵڵا)** و **(د. شەفیق قەزاز)** و زۆر کەسی دیکە فەرهەنگی وایان بۆ نووسیوەتەوە کە لەوانەیە سەرەتای فەرهەنگنووسی ئینگلیزیش هەر ئەوەندەی بە بەرەوە بووبێ، لەلایەکی دیکەوە لە زۆر کەسمان بیستووە، دوا شاهێدیش **(د. کەمال مەزهەر)** و مامۆستا **(حەمەی مەلا کەریم)**ن. کە سەرەتای حەفتاکان، هەر یەک لە خوالێخۆشبووان **(مەسعوود محەمەد)** و **(هەژاری موکریانی)**، بە دەرپێ و فانیلەیەکەوە و بە گەرمای چلەی هاوینی بەغدا، بێ هیچ بەرانبەرێک ڕۆژانە تا نیوەشەو لە کۆڕی زانیاری کوردی ماونەتەوە و زاراوەیان بۆ دوکتۆرێکی وەکو ئێوە و نیمچە خوێندەوارێکی وەکو ئێمە دۆزیوەتەوە و نووسیوەتەوە. کەچی وا ئێمە بەو نەخوێندەوارییەی خۆمانەوە کارەکانیان بەهەند هەڵدەگرین و ئێوەش بە فەرهەنگی دواکەوتوویی **(ڕۆژهەلاتی و عەرەبییانە)** دایدەنێن، ئێ بەو خودایە ئەگەر **(سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان)** نەک هەر پۆستی **(سەرنووسەر)**ی **(ڕۆژنامەنووس)**مان لێ وەربگرێتەوە، بەڵکو قەنارەمان لە هەرکام لەو شوێنانەی وەکو **(بەردەرکی سەرا)**ی سلێمانییان یان بازاڕی **(ئەحمەد ئاغا)**ی کەرکووکییان یان بازاڕی **(شێخەڵڵا)**ی هەولێرییان، یان شەقامی **(شمەک زەر)**ی دهۆکی داسنییان بۆ دابنرێ لەمەودوا، ئەوەندەی پێی بزانین لێی ناگەڕێین گیانی ئەو پێشەنگانەمان گوڕەوشار بدرێت.

با خوێنەران ئەوەش بزانن دوای گلەییەکانی ئەو گوڵە جوانەمان، گوایە ئێمە وەکو عورفی ڕۆژنامەنووسیی لە پەراوێزی بابەتەکەی تێبینیمان بۆ گۆڕینی ئەو وشەیەی ناوونیشانی بابەتەکەی نەنووسیوە، دەڵێین: بە تەلەفۆن پێمان گوتووە لە پەراوێزی سەروتاری نەقیبی ڕۆژنامەنووسان کە بەناوونیشانی **(دەستپێشخەری ئاکاری ڕۆژنامەنووسیی)**یە کە لەناوەوەی بەرگی یەکەمی گۆڤارەکەمان بڵاوکراوەتەوە و نووسیومانە:

**((ئەو سەروتارەی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانمان بە ناوونیشانی** (مبادرة الصحافة الأخلاقية) **بۆ هاتبوو، نووسەرەکەیشی سەرپشکی کردبووین لە دانانی ناوونیشانەکەی بە زمانی کوردی - ئێمەش لە** (ڕۆژنامەنووس)**دا ئەو ناوونیشانەی سەرەوەمان بە پەسەند زانیوە، دیارە بابەتەکەی** (ئایدان وایت)**یش کە هەر لەم ژمارەیەی گۆڤارەکەمان بەناوونیشانی** (دەستپێشخەری ڕۆژنامەنووسیی ڕەوشتکار) **لەلایەن هاوکارمان** (تاریق کارێزی) **وەرگێردراوە و لێرەدا بڵاوکراوەتەوە جۆرێک لە تێکەڵ و پێکەڵی و ئاڵۆزی دروست دەکات، بۆیە داوا لە پسپۆران دەکەین ئەو لایەنەمان بۆ ساغ بکەنەوە کە کام دەستەواژە باشتر بەرانبەر** (ئێتیک)**ی ئینگلیزی دێت، دیارە ئەگەر وشە کوردییەکە ئێمە بۆ زمانی کوردی (ئەخلاق)ەکەمان لە وشە بێگانەکە پێ باشترە. ئاگاداری خوێنەرانیش دەکەینەوە کە مامۆستا** (جەمال عەبدول)یش لە **کتێبی** (فەرهەنگی ڕاگەیاندن)دا **دەستەواژەی** (ئاکار)**ی لەجیاتی هەموو وشەکانی دیکە بەکار هێناوە))**.

دوای هەموو ئەو تێبینییانە، ئینجا ئەو هاوکارە خۆشەویستەمان هەڕەشەی لێ کردین و پێی گوتین گوایە ڕوونکردنەوەی دەبێ و لەسەرمان دەنووسێ، بەڕاستی لە حاڵەتی وا مرۆ ئاوەها قەبرغەی بگیرێ، هەقی خۆیەتی هەڵبچێ و کاردانەوەی هەبێت.

بەلام دیسان زۆر بە هێمنی و لەسەرخۆ ئامۆژگاریمان کرد کە ئێمە زۆر بڕوامان بە ڕەتدانەوە هەیە، ئێوە کە گۆڤاری خۆتان هەبێت بۆ لە شوێنێکی دیکە دەنووسن..؟! لە

عورفی ڕۆژنامەنووسیشدا وایە کەسێک روون کردنەوەی لەسەر بابەتێک هەبێت بڵاوکراوەی پەیوەندیدار دەبێ سەرنجەکانی بۆ بڵاوبکاتەوە، لەلایەکی دیکەوە ئێمە خۆمان هەوەسمان بە **(دژەتـەوەر)** و **(دژەبـۆچـوون)** دێت، تەنانەت کاتێ کتێبی **(ڕۆژی کورد)**یشمان بڵاوکردەوە و پێشکەش بە هەریەک لە (د. کەمال مەزهەر) **و (د. مارف خەزنەدار) و (جەمال خەزنەدار) و (کەمال رەئوف محەمەد) و(سدیق ساڵح)** کردووە و لە داوێنی نووسیومانە: (دژە تەوەر) و **(دژە بۆچـوون)**ی ئەو بەڕێزانە نەبووایە لەوانەیە ئەو کتێبە بەرهەم نەهاتبایە، ئێوەش چیمان لەسەر دەنووسن بینووسن، بەڵێن بێ ئێمە وەکو خۆی بڵاوی دەکەینەوە، ئەگەر حەزیش بکەن دەتوانی چەند جوێنێکمان بۆ بنووسن و گەردەنت ئازادبێ و بڵاوی دەکەینەوە. بەداخەوە وا لێرەدا دەبینین لەجیاتی جێبەجێکردنی ئەو داوایانەمان بە رەچاونەکەری رەوشتی ڕۆژنامەنووسیی گوناهبارمان دەکات کە دەستەواژەیەکی بیانی دوور لە میزاجی کوردەواریمان بە **(ئاکار)**ێکی بە ڕەسەن کوردی بۆ گۆڕیوە، بۆیە دەڵێین کاکە دوکتۆری دواڕۆژ، دەمێکە ئێمە لە دەستەی نووسەرانی **(ڕۆژنامەنووس)** کردوومانە بە عادەت بابەت و نووسینی هەر ڕۆژنامەنووس و توێژەرێک بە هەند هەڵدەگرین و تەنانەت پێچەوانەی خەڵکی دیکە پێش بەرهەمەکانی خۆمانی دەخەین، بەو خودایەی بابەتێکی **(د. ئازاد عوبێد)**ی هاوکارت و سکرتێری نووسینی (ڕۆژنامەنووس)مان هەبوو ماوەی دەرچوونی (٨) ژمارەی **(ڕۆژنامەنوس)** دوامانخست بوو، تەنیا بۆ ئەوەی شوێنی بابەتی هاوکارانی دیکە لە گۆڤارەکەمان بکەینەوە، کەچی ڕۆژێ لە ڕۆژان **(دوکتۆر ئازاد)** گلەییەکی لێ نەکردین، کاتێ سەربوردەی ئەو بابەتەیەشمان لە کۆبوونەوەی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەمان کە بەداخەوە جەنابت بە هۆی نەخۆشی دایکت تێیدا ئامادە نەبوویت، لە ٢٠٠٩/٧/٢دا زۆر بە راشکاوی لەگەڵ هاوکارانمان باس کردووە کە ئەو ڕۆژە بووە مایەی قسەی خۆش و نوکتەی نێوان خۆشەویستانمان. ئەوە جگە لەوەی بابەتی تایبەتی خۆمان هەبووە پتر لەو ماوەیە دوامانخستووە.....!!

ئەو رونکردنەوەش کە گفتمان دابوو وەکو خۆی بڵاوی بکەینەوە بڕوابکەن لە کۆبوونەوەی ئاماژە بۆکراودا نیشانی دەستەی نووسەرانمان نەداوە نەبادا لە بڵاوکردنەوەی ڕێگر بن، والێرەدا گفتەکەی خۆمان بەجێ گەیاند و ئومێدەوارین بۆ ژمارە و کۆبوونەوەی داهاتووی گۆڤارەکەمان بە گڕوتینێکی گەرمتر لەگەڵمان بێنەوە مەیدان.

# ئەم هەموو زاراوە بیانیانە چی لێبکەین؟



محەمەد وەسمان

پێشکەوتن و هزرو پێداویستی ژیان و کۆمەڵ، هەمیشە هاندەرن بۆ پەیدابوون و سەرهەڵدانی وشە و زاراوەی نوێ. وشەو زاراوەکان زیندوون، گەشە دەکەن گۆڕانیان بەسەر دادێت، بەفەرامۆشکردن و بەکارنەهێنان دەمرن.

زاراوە دانان گیروگرفتی زۆرە، وەک:

– زیاتر لە زاراوەیەک بۆ واتا یەک یا چەمکێک دانان.
– پەنابردنە بەر زاراوەی بیانی.
– نادروست داڕشتنی زاراوەی نوێ.
– فرەشێوەزاری زمان، دەشێ ببێتە هۆی فرە زاراوەیی.
– فرە زاراوەیی لە زمانی سەرچاوەدا.
– هاوواتایی لەزماندا.
– هاوبێژی لەزماندا.

ئەم زانستەی لەم گیرو گرفتانە دەکۆڵێتەوە، زاراوەسازییە. زاراوەسازی **(علم المصطلح)** (TERMINOLOGY)، زانستێکی- تارادەیەک – نوێیە لە زمانناسییدا. ئامانجی ئەم زانستە دانانی ڕێسا چەسپاوەکان و پێوەرە بۆ چۆنەتی هەڵبژاردن و دۆزینەوە و وەرگێڕان و دانانی زاراوە.

واتە لە پەیوەندی نێوان چەمکە زانستی و تەکنۆلۆجی و زاراوەکانی زمان – کە ئەم چەمکانە دەردەبڕن –دەکۆڵێتەوە.


زاراوەسازی بەشێکە لە فەرهەنگزانی Lexicology و زانستێکی فرە تایبەتمەندییە، لەبەر ئەوەی پەیوەستە بەلۆجیک و زانینگەری و واتاناسی.

**گرنگیی زاراوەسازی**

گۆڕان و پێشکەوتنی بلەزی زانست و تەکنۆلۆژیا هۆیەکی سەرەکین بۆ زێدەبوونی بێ سنووری چەمک و زاراوەکان. ئەوەیش واپێویست دەکات نەخشە ڕێگای درێژخایەن دابندرێت بۆ زاراوە دانان بەپێی بنەماکانی زاراوەسازی، بۆ ئەوەی بەلای کەم ئەوەندە لەم کاروانە دوانەکەوین بەبنبەست بگەین.

**چارەکردنی گیروگرفتەکانی زاراوە دانان:**

بەتایبەتی لە زمانی کوردیدا بەزۆر هۆی–



توانبەدەر – کورد نەیتوانیوە خزمەتێکی فرەوانی ئەم بوارە بکات. سەرەڕای ژێر دەستەیی و نەبوونی دۆزینەوە و داهێنانی گەورەی زانستی لە کوردستان و هورژمی ڕۆژانە و بەردەوامی زاراوەی نوێباوی وڵاتە پێشکەوتووەکان وادەکات زمانی کوردی بەسەختی بتوانێت بەرگەی گیروگرفتەکان بگرێت و ڕێگاچارەیان بۆ بدۆزێتەوە.

چۆنیەتی زاراوەدانان:

کەسانێک هەن دەڵێن، هیچ پێویست بەسل کردنەوە لە وشە بیانییەکان ناکات، بە ئازادی با لە زمانە زیندووەکانی دیکەی جیهان وەربگرین، ئەمڕۆ لیستی وشە بیانییەکانی لە زمانی نووسین و توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و زمانی ڕاگەیاندن **(بینراو و بیستراو و نووسراو)**دا هەیە دوور و درێژ و دەوڵەمەندە، هەر لە زەکاتەوە بگرە تا مۆبایل، بە ژمار لەسەرووی هەزار زاراوە دەبێت.

ئەوانەی ڕێ بەم زاراوانەش دەدەن دەڵێن: زمانی کوردی پێ دەوڵەمەند دەبێت و هەموو زمانە زیندووەکان وشەو زاراوە لە یەکتر وەردەگرن. زمانی کوردیش هیچ مەترسی لەسەر نییە، گەر لە زمانی دیکەوە وەرگرێت، بەرانبەر بەوەش کەسانێک هەن داوادەکەن، بەدوای زاراوەی کوردی لە باردا بگەڕێین لەزمانەکەماندا و بەپێی ڕێبازی زانستی زاراوە دانان ڕەفتار لەگەڵ ئەم زاراوانە بکەین، هەر زاراوەیەکی بە ڕەتبوون بەپاڵوێنەی زاراوەسازی ڕێ بە بەکارهێنانی بدرێت لە توێژینەوە و زمانی ڕاگەیاندندا.

لەو زاراوە نوێیانەش کە بەم زووانە کەوتوونەتە سەر زاراوەنەوە و بەفرەوانی بەکاردێن: بێژەر**(المذیع والمذیعة)**، هەواڵگری بەرانبەر **(الاستخبارات)**. و سەدانی دیکەش.

گیروگرفتەکانی زاراوەدانان:

لەبەر ئەوەی زاراوە بەگشتی کۆمەڵە هێمایەکی زمانین، ئاماژە بەچەندان چەمک یا شت دەکەن، لەچەندان دەنگی زمانیی **(یا پیتەکانی ئەلفوبێی زمان لەباری نووسیندا)** پێکدێن، پێویستە دوو مەرجی سەرەکیان تێدابێت:

**یەک:** پێویستە یەک زاراوە بۆ هەر چەمکێک یا شتێک دابندرێت.

**دوو:** لە بەکارهێناندا ئاڵۆز نەبن و لەسەر زار سووک بن.

گیروگرفتەکانی زاراوە دانان زۆرن گرنگەکانیان:

– گیروگرفتەکانی زمانی کوردی.

– گیروگرفتەکانی زمانی بیانی.

**١- گیروگرفتەکانی زمانی کوردی:**

١- فرەشێوەزاری:

دوو شێوەزار لە زمانی کوردیدا پەرەیان سەندووە و لەرووی ڕێزمان و زاراوە و ڕووبەری جوگرافی بەکارهێنانەوە دەوڵەمەندن و لە نووسین و ڕاگەیاندن بەفرەوانی بەکاردێن زیاتر لە شێوە زاراوەبن زارەکانی دیکە.

٢- زۆری وشەی هاو واتا.

زانستیانە کارناکرێت بۆ پێکهێنانی زمانی فەرمی لە کوردستاندا.

٣- زۆری دانەرانی زاراوە.

٤- پشتگوێ خستنی کوولتوری کوردی.

٥- ئاسان بەکارهێنان و ڕادەی بڵاوبوونەوەی لەنێو خەڵکدا.

**٢- گیروگرفتەکانی زمانی بیانی:**

بەشێک لە گیروگرفتەکانی زاراوەسازی دەگەڕێتەوە بۆ گیروگرفتی زمانی بیانی واتە زمانی سەرچاوە، کە زاراوەکانی لێ وەردەگرێت:

فرە سەرچاوەیی زاراوەکان:

دەشێ سەرچاوەی هەندێ زاراوە کە زیاتر لەسەرچاوەیەک وەرگیرابێت کە دەبێتە هۆی پەیدابوونی دیاردەی فرەزاراوەیی بۆ هەمان چەمک / شت.

فرەزاراوەیی لە زمانی سەرچاوەدا:

دەشێ لە هەمان زمانی سەرچاوە فرەزاراوەیی هەبێت، وەک ئەوەی لە زمانی ئینگلیزیدا زانایانی ئەمەریکی ناوێک لە دیاردەیەک دەنێن، کەچی لە بەریتانیا ناوێکی دیکەی لێ دەنێن.

فرەزاراوەیی بەهۆی ڕیشەی زاراوەکە لە زمانی سەرچاوەدا:

دەشێ ڕیشەی زاراوەکە لە زمانی سەرچاوەدا جیاوازبێت، یاشێوازی دەربڕینی هەمان چەمک بەدەستەواژە و زاراوەی جیاوازبێت کە دەبێتە هۆی فرەزاراوەیی لە کاتی زاراوە بۆ دانانی لە زمانی کوردیدا.

وشەی هاوواتا لە زمانی سەرچاوەدا: ئەوەشیان دژوارییەک دروست دەکات لە گواستنەوەی زاراوەی زانستی و تەکنەلۆژی بۆ زمانی کوردی.

وشەی هاوبێژ لە زمانی سەرچاوەدا: واتا، هاوبەشی لە بێژەردا، کە دەشێ هەر کەسێک بەجۆرێک زاراوەیان بۆ دابنێن و ببێتە مایەی فرەزاراوەیی لە زمانی کوردیدا.

شێوازی زانستی لە دانانی زاراوە:

دۆزینەوەی وشەی کوردی ڕەسەن، بەرانبەر ئەو چەمک و شتانەی بۆیان بەدوای زاراوەدا دەگەڕێن.

دانان، دەکرێتە دووبەش:

**یەک:** وشەی سادە.

**دوو:** وشەی ناسادە، ئەویش چەند بەشێکە.

وشەی داڕێژراو.

وشەی لێکدراو.

وشەی ئاوێتە.

خوازە **(پێچەک=مجاز)**

داتاشین.

وەرگێڕان.

وەرگرتن، دوو جۆرە:

هاوردە.

سازدراو **(گونجێنراو)**

**وەرگێڕان:** واتە گواستنەوەی چەمکی زاراوە بیانییەکە لە ڕێگای وەرگێڕانی واتاکەی، نەک وەرگرتنی بێژەی زاراوەکە.

**وەرگرتن:** هەرچەندە وەرگرتنی زاراوەی بیانی یا **(کوردادن)** فرەواتایە، بەڵام بەگشتی واتە:

گواستنەوەی بێژەی بیانی بۆ زمانی کوردی بێ لێگۆڕین، بەم بێژەیەش دەوترێت هاوردە، گەر بەهەمان بێژەی زمانە بیانییەکەوە بێتە نێو زمانی کوردی وەک: ئۆکسیژن، پەرلەمان، تەلەفۆن، تەلەفزیۆن، ڕادیۆ.. هتد، بەڵام هەندێ وشە هەن لەگەڵ سازگەی دەنگی کوردی نایەن، بۆیە گۆڕانکاری بەسەردادێت، ئەو جۆرە وشانە بەسازدراو یا گونجێنراو دەژمێردرێن وەک:

سەروەت، فەلسەفە، بەنج... لە هۆکارەکانی زاراوەی بیانی:

زمانی نەتەوەی باڵادەست.

زمانی وڵاتانی پێشکەوتوو لە رووی زانست و تەکنەلۆژیا و داهێنان، زاراوە گەلێک دروست دەکەن و دەیسەپێنێتە سەر زمانی نەتەوەکانی دیکە بەهۆی ئەم پێشکەوتنە و داهێنانە.

چەند بنەمایەکی دانانی زاراوە:

پەیوەستی و هاوبەشی یا لە یەکچوونێک هەبێت لەنێوان زاراوەکە و واتا زانستییەکە **(چەمکەکە)**.

یەک زاراوەدانان بۆ یەک چەمکی زانستی، خاوەن یەک ناوەڕۆک و لەیەک بواردا.

خۆپاراستن لە فرەواتایی بۆ یەک زاراوە و لەیەک بواردا، بێژەی تایبەتمەند لە پێشترە لە بێژەی هاوبەش.

گەڕان و بووژاندنەوەی کەلەپووری کوردی، بە تایبەتی زاراوەی زانستی و ناوی ئامێر و نەخۆشی و گیادەرمان.. هتد.

هەوڵدان بۆ نزیک کردنەوەی زاراوەی کوردی و زاراوەی جیهانی بۆ ئاسانکردن و بەرانبەرکردنیان.

دابەشکردن و پێناسەکردن و ڕێکخستنیان بەپێی هەر بوارێک.

هاوبەشی کردنی تایبەتمەندان و بەکاربەرانی زاراوەکە لە کرداری دانانی زاراوە.

پتەوکردنی پەیوەندی نێوان دانەرانی زاراوە و بەکاربەرانی زاراوە زانستییەکان.

ڕەچاوکردنی ئەم ریزبەندییە لە دانانی زاراوە: کولتوور، دانان **(پێچەک - مجاز)**، داڕشتن، داتاشین، لێکدان، **(ئاوێتە)**، وەرگرتن.

هەڵبژاردنی نزیکترین زاراوە لە واتا زانستییەکە و دروستترینیان لە داڕشتندا بەپێی زمانی کوردی.

ڕێژەی ڕەوان و ئاسان لە پێشترە لە ڕێژەی گران و نامۆ.

ئەو بێژەی توانای لێ داڕشتن و داتاشینی زیاتر بێت لە پێشترە لەو بێژەیەی ئاوا بەپێز نەبێت.

زاراوەی **(تاک وشە)** لە پێشترە لە **(وشەی ئاوێتە)**.

زاراوەی ورد و گەیەنەر باشترە لە گشتی و لێڵ.

لەبەرچاوگرتنی ڕێککەوتنی زاراوە کوردییەکە لەگەڵ واتای زانستی زاراوە بیانییەکە، بێ خۆبەستنەوە بەواتا بێژەییەکەی زاراوە بیانییەکە.

لەحاڵەتی هاوواتاییدا یا نزیک لەو، ئەو بێژەیە لە پێشترە کە ڕەگەکەی هێما بۆ چەمکە بنچینەییەکە دەکات.

وشەی باو لەپێشترە لەوشەی نامۆ، بەمەرجێک ئاڵۆزی دروست نەکات.

لەبەرچاوگرتنی ئەو زاراوانەی تایبەتمەندان بەکاریان دێنن، چی خوازراوبێت یا وەرگێڕدراو، لە دانانی زاراوەدا.

لە کۆتاییدا دێینەوە سەر پرسیاری بەراییمان چی لەم هەموو زاراوە بیانیانە بکەین چ پێویستە ئەکادیمیای کوردی بەهاوکاری تایبەتمەندان لە زمانی کوردی و بوارە زانینگە جیاجیاکان بە سەرجەم ئەم بوارانەدا بچینەوە و لە سەرەدوویێژینگی زاراوەسازی بدەن و ئەوەی مایەی ئەوە موڵکی زمانی کوردییە و ڕێی هاتنە ناو زمانی کوردی پێدراوە و بەخێربێت، ئەگەر نا زاراوەی نوێباو جێی ڕەسەنەکە دەگرنەوە و ئەم گەڕەلاوژەیە بەردەوام دەبێت.

# حەمڕەش ڕەشۆ

# ڕچەشکێنی کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردی لە ئەڵمانیا



**ئیسماعیل تەنیا – ئەڵمانیا**

ئەو کوردە تاکو تەرایانەی کە لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی رابردوودا، وڵاتیان بەجێهێشتووە و لە ئەوروپادا گیرساونەتەوە، بەشی زۆریان بەنیازی خوێندن، یان هۆکاری سیاسی، ئەو ڕێگایانەیان گرتۆتەبەر.

دامەزراندنی ڕێکخراوی **(کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی وڵات – ksse)**، هەر لەسەردەستی ئەوانەوە، دامەزراوە.

یەکێک لەو کوردە چالاک و دیارانە، کە لەو کاتانەدا رووی لە ئەڵمانیا کردووە و توانیوویەتی مێژوویەک بۆ خۆی دروست بکات، سیاسەتمەدارو ڕۆژنامەنووس **(حەمرەش رەشۆ)**یە.


**(حەمڕەش) کێیە؟!**

– ناوی دروست و تەواوی **(حەمدی تورانلی)**یە، لە بنەماڵەی (میر محەمەد)ە نەوەی سەرۆک عەشیرەتی **(رەشوان)**ە. رۆڵەی خێزانێک بووە کە رۆڵێکی گرنگیان بینیوە لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا. **(بەدر ئاغا)**ی باپیری یەکێک بووە لەو رێبەرو کەسایەتییانەی کە لە ساڵی (١٩١٩)دا، لەبەردەم **(مستەفا کەمال ئەتاتورک)**دا، داکۆکی لەسەر مافە رەواکانی کورد کردووە.

**(حەمدی تورانلی)** لە ١٩٣٩/٢/١١، لە گوندی **(ساکۆ)**ی سەر بە قەزای (کۆلیک)ی سەر بەویلایەتی ئەدیەمان **(سەمسور)** لە دایک بووە.

خوێندنی سەرەتایی لە ساڵانی (١٩٤٦-١٩٥١)و، خوێندنی ناوەندی لە (١٩٥٤-١٩٥٧)دا لە **(کولیک)** تەواو کردووە. لەساڵی ١٩٦١ دا، بەنیازی خوێندن، روو لە ئەستەنبوڵ دەکات و لە کۆلیژی زانستە سیاسییەکان

وەردەگیرێت، تا ساڵی (١٩٦٣)، درێژە بەخوێندن دەدات و ناتوانێت تەواوی بکات.




لە ساڵی (١٩٦٣)دا، بیست و سێ کورد بەتاوانی دامەزراندن و بانگەشە کردن بۆ دامەزراندنی **(کوردستانێکی سەربەخۆ)**، فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەردەچێت. یەکێک لەوانە **(حەمرەش)** دەبێت. دوای ئەو فەرمانە، هەر لەو ساڵەدا، تورکیا بەجێ دێڵێت و ڕوو لە ئەوروپا دەکات و لە ئەڵمانیادا دەگیرسێتەوە.

ئەو کاتەی ناوبراو دەگاتە ئەڵمانیا، ژمارەی کوردە نیشتەجێکانی ئەو وڵاتە خۆی لە (٢٠–٣٠) کەسێک دەدا، کە لە هەموو پارچەکانەوە هاتبوون.. هەر ئەو ساڵە پەیوەندی بە ڕێکخراوی **(کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی وڵات)** دەکات، کە پێشتر لە ساڵی (١٩٥٦)دا دامەزرابوو.

لە ساڵی (١٩٦٧)دا لە بەشی ئابووری **(زانکۆی ئازاد)** لە بەرلین وەردەگیرێت، لە ساڵی ١٩٧٥یشدا خوێندن تەواو دەکات. لە پاڵ خوێندنەکەشیدا، بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان لە ساڵانی (١٩٧٠–١٩٧٩)دا کاری کردووە.

لە ساڵی (١٩٧٧–١٩٧٩)یش وەک مامۆستایەک لە قوتابخانەی خەڵک (volkshoch Schule)، لە شاری بەرلین لە **(شونە بێرگ)**، وانەی زمانی کوردی، بە منداڵانی ڕەوەندی کورد گوتووە.

**(حەمرەش) و سیاسەت**



کاتێک کە لە زانکۆ دەبێت، تێکەڵ بەکاری سیاسەت دەبێت و هەوڵ دەدات لەو ڕێگایەوە خزمەت بە نەتەوەکەی بکات.. بەڵام لەبەرئەوەی کارەکانیان نهێنی بووەو زوو دەوڵەت پێیزانیوە، ناچار بووە وڵات بەجێبهێڵێت و لە دەرەوە درێژە بەکارەکانی بدات.

هەرچەندە ناوبراو، خەڵکی باکووری کوردستان بووە، بەڵام هەستی بەرزی کوردایەتی وایلێ دەکات، ساڵی ١٩٦٤ لە دەرەوە پەیوەندی بەریزەکانی **(پارتی دیموکراتی کوردستان – عێراق)**ەوە بکات و ببێتە ئەندامێکی چالاکی ئەو پارتە. تا دوا ماڵئاوایشی، یەکێک بووە لە دۆست و هەوادارانی ئەو پارتە و **(مستەفا بارزانی)**یشی زۆر خۆشویستووە.

– لە ١٩٦٣/٨/١٣دا، لە شاری (میونشن)ی ئەڵمانیا، لەگەڵ سێ هەڤاڵی تریدا **(پارتی دیموکراتی کوردستان – باکوور)** دادەمەزرێنن.

– لە ١٩٦٥/٩/٣دا، لە شاری **(شتوتگارت)**ی سەر بەهەرێمی **(بادن ڤۆرتمبێرگ)**، لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی دیکەدا،

ڕێکخراوێکی پیشەیش بۆ ئەندام و لایەنگیرانیان بەناوی **(کۆمەڵەی خوێندکارو کارکەرێن کوردستانی باکوور)**، دادەمەزرێنن. مخابن ئەو کۆمەڵەیە، ئەوەندە تەمەنی درێژ نەبووە، زوو هەڵوەشاوەتەوە.

- لە ١٩٦٨/٩/٢٦دا، لەگەڵ دوو هەڤاڵی دیکەدا،**(کۆمەلا تێکۆشەرێن کوردستان – باهۆز)** یان دامەزراندووە. دواتر، ئەو کۆمەڵەیە، زێتر بە **(باهۆز)** دەناسرێت و خەباتێکی بەرچاویشی هەبووە، لە ریسواکردن و لە قاودانی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر گەلی کورد.. بڵاوکراوە و بەیاننامەکانی ئەوکاتی **(باهۆز)**، گرنگییەکی زۆریان هەبووە، بۆیە ببوو سەرچاوەیەک بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لێکۆڵینەوەیان، بەزمانی ئەڵمانی، لەسەر کورد دەنووسی. من خودی خۆم چەندین گۆڤارو کتێبی ئەڵمانیم بینوە، کە بڵاوکراوەکانی **(باهۆز)** یان وەک سەرچاوە بەکارهێناوە.

لەبەر چالاکییە بەرچاوەکانی ئەو ڕێکخراوە، حکومەتی تورکیا لە هەوڵی ئەوەدا بووە قەدەغەی بکات. ئەگەر هەر نا، لێنەگەڕێت بڵاوکراوەکانی بگاتە تورکیا و بڵاوبێتەوە.

- لەساڵی ١٩٦٨دا، بەنیازی یارمەتیدانی خەڵکی لێقەوماوی کورد، لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا، ڕێکخراوی **(مانگی سووری کوردی)** دامەزراندووە.

- لەساڵی ١٩٧٩دا کۆمەڵەی **(یەکیتیا دیموکراتێن کوردستانێ)**ی دامەزراندووە.

- لە ساڵی ١٩٨٦دا **(پارتی دیموکراتی کوردستان – ڕێکخستنی نەتەوەیی)**، دامەزراندووە.

- لە ساڵی (١٩٨٨)یشدا، لەگەڵ هەشت پارتی کوردستانی دیکە، بەرەیەکی بەرفراوانیان بەناوی **(تەڤگەرا ڕزگاریا کوردستانێ)** دامەزراندووە.

- بۆ ئەوەی خەبات و هەوڵەکانی لە پێناو ناسکردنی ناسنامە و کێشەی کورد، بەرفراوان و کاریگەرتر بێت، پێی باشبووە لە ڕیزەکانی یەکێک لە پارتە سیاسییەکانی ئەڵمانیادا، خەبات بکات. بۆ ئەو مەبەستەش، بەهۆی نزیکی بیروباوەڕی لە پرۆگرامەکانی **(پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی ئەڵمانی – SPD)**، لە ساڵانی (١٩٧٠-٢٠٠٢)دا


حەمرەش ڕەشۆ

وەک ئەندامێک لە ریزەکانی ئەو پارتەدا خەباتی کردووە.

**(حەمڕەش)ی ڕۆژنامەنووس**

حەمڕەش هەر لە تەمەنی هەرزەکاری و لاویتیدا خولیای خوێندنەوە و نووسین دەبێت، هەوڵ دەدات، لەو ڕێگەیەوە، خزمەت بەنەتەوەکەی بکات.. ئەو کاتەش چەند گۆڤارو ڕۆژنامەیەکی تورکی **(سەر بەچەپەکان)** لە تورکیادا بوونیان هەبوو، بواریان بەبڵاوکردنەوەی بیروڕای جیاواز دەدا. **(حەمڕەش ڕەشۆ)**، وەک ڕۆشنبیرێکی نەتەوەخوازی وریا، کۆمەڵێک بابەتی مێژوویی و سیاسی و کولتووریی، لەو بڵاوکراوانەدا، بڵاودەکاتەوە.

کە دەگاتە ئەڵمانیاش، لە ڕێگای دەرکردنی گۆڤاری **(هێڤیا وەلێت)**، دەیەوێت خزمەت بە کولتووری نەتەوەکەی بکات.

– هێڤیا وەلێت، گۆڤارێکی ساڵانەی ڕۆشنبیری و کولتووریی کوردی بوو، لە نێوان ساڵانی (١٩٦٣-١٩٦٥)دا، سێ ژمارەی بە **(کرمانجی ژووروو – ڕێنووسی لاتینی)**، لێدەرچووە.

– دوای وەستانی **(هێڤیا وەلێت)**، لە ساڵانی (١٩٦٥-١٩٧٠)دا گۆڤارێکی دیکە بەناوی **(چیا)**، بەزمانی کوردی **(کرمانجی ژووروو – ڕێنووسی لاتینی)**، بڵاودەکاتەوە، کە دەتوانێت (٨) ژمارەی لێدەربکات.

لە ژمارە (١)یەکی **(چیا)**دا هاتووە، **(چیا ب زاراڤەی کرمانجی دپەیڤی، ئارمانجا وێ زیندو بلندکرنا کورمانجی یەو هون ب چیا ل وەلێت بگەڕێن، دەرکەڤنا سەر چەم و کانیان، دەنگێ خۆ بلند هەلدن.. سنگێ چیا ژ بۆ نڤیسیارێن وە یێن وێژەیی، دیرۆکی، ئەردناسی، ئابوری و جڤاکی ل سەر کورد و کوردستانێ ڤەکرییە)**.

**(حەمڕەش)**،جارێکی دیکە، لە ساڵی (١٩٧٤) هەر هەشت ژمارەکەی **(چیا)** لە بەرگێکدا، دووبارە چاپ دەکاتەوە.. (هێڤیا وەلێت)یش بەهەمان شێوە، لە ساڵی ١٩٧٦دا، هەر سێ ژمارەکەی دووبارە چاپ دەکاتەوە.

– لە ساڵی ١٩٨٣دا، گۆڤارێکی دیکە بەناوی **(دەنگێ یەکێتیێ)** کە ئۆرگانی ڕێکخراوی **(یەکێتیا دەمۆکراتێن کوردستانێ)** بووە، دەردەکات و تا ساڵی ١٩٨٩، بەردەوام دەبێت و یازدە ژمارەی لێدەردەچێت.

– دوای وەستانی **(دەنگی یەکێتی)**، گۆڤاری **(دەنگێ باکور)** دەردەکات، کە ئۆرگانی (پارتیا دیموکراتا کوردستانێ – باکور) بووە.

– زۆر بابەت و وتاری جۆر بەجۆری لە گۆڤاری **(دەنگێ یەکێتیێ) و (تەڤگەر)**دا، بڵاوکردۆتەوە.

–لە ساڵانی (١٩٧٥-١٩٧٩)، لە پاڵ ئەنجامدانی کاری دیکەدا، وەک ڕۆژنامەنووسێکی کورد، وێنەگری تەلەفزیۆنە ئەڵمانییەکان بووە.. چەندین گوتاری لەسەر کێشەی کورد، لە ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەڵمانییەکاندا، بڵاوکردۆتەوە.. هەروەها دیمانەی لەگەڵ رادیۆو تەلەفزیۆنەکاندا کردووە.

– لە ساڵی (١٩٦٧)دا کۆمەڵە شیعرێکی خۆی، وەک دیوانێک، لە **(ئەمستەردام)ی** پایتەختی هۆڵەندا، بەزمانی کوردی و ئەڵمانی، چاپکردووە.

– بە دەیان کورتە چیرۆک و هۆنراوەی خۆی لەو بڵاوکراوانەدا، بڵاوکردۆتەوە.

**دوا وێستگە**

کاتێک کە تووشی نەخۆشی سەختی **(شێرپەنجە)** دەبێت، بۆ ئەوەی بینینی کوردستانی لێ نەبێتە **(گرێی سەردڵ)** و بەو ئازارەوە دوا ماڵئاوایی نەکات، سەردانی کوردستانی کرد. هەرچەندە ناوبراو، ڕەگەزنامەی ئەڵمانیی هەبوو و دەبوایە وەک هاوڵاتییەکی ئەڵمانی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، وەلێ ڕژێمی تورک، لە کانوونی یەکەمی ١٩٩٨دا، لە **(ئەنکەرە)**، دەستگیری دەکەن، بەو نەخۆشییە سەختەوە دەیخەنە کونجی زیندانەوە.. (٤٥) ڕۆژ، دەمێنێتەوە و دواتر

پاش هەوڵی بێ وچانی حکومەتی ئەڵمانیا، ئازاد دەکرێت و دەگەڕێتەوە ئەڵمانیا.

پاش ئازادکردنیشی، **(دادگای ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا لە ئەنکەرە)** حوکمی پێنج ساڵ زیندانی بەسەردا دەسەپێنن.

مخابن، نەخۆشییەکەی ئەوەندە سەخت بوو، تا لە ڕۆژی ٢٠٠٢/١٢/٢٧دا، کاتژمێر (١,١٥)، لە نەخۆشخانەی **(مالتەزێر)**ی شاری **(دیسبۆرگ)**، لە تەمەنی (٦٣) ساڵیدا، کۆچی دوایی دەکات و بۆ دواجار ماڵئاوایی: لە: **(هیڤیا وەلێت)** و **(چیا)** و **(دەنگی یەکێتیی)** و **(تەڤگەر)** و هەڤاڵ و لایەنگرانی لە **(پارتی دیموکراتی کوردستان – باکوور)** دەکات، ئەو خۆزگە و ئاواتە بەدی نەهاتوانە لەگەڵ خۆیدا دەباتە ژێر گل.

لە ڕۆژی ٢٠٠٢/١٢/٣١دا لەڕێورەسمێکی شایستەدا، لە باکووری کوردستان لە **(کۆلیک)** بەخاکی دەسپێرن.

### ئەنجام و مەبەست

ئامانج و مەبەستی ئێمە لە نووسین و بەسەرکردنەوەی **(حەمرەش رەشۆ)**ی ڕۆژنامەنووس و سیاسەتمەدار، ئەوەبووە، کە:

– تا ئێستاکە لە باشووری کوردستان، بەتایبەتیش نەوەی نوێ، لەوانەیە ناوی ئەو کەسایەتییە کوردەیان هەر نەبیستبێت، ئەگەر بیستبێتیشیان لەوانەیە، هەر وەک **(ناو)** بیناسن.

– **(حەمرەش)** کوردێکی چالاک و سەر کاروانی ئەو ڕۆژنامەنووسە کوردانە بووە، کە لە ئەڵمانیادا، کاری کولتووریان ئەنجامداوە، یەکەم بڵاوکراوەی کوردی لە ئەڵمانیا، **(هیڤیا وەلێت)** بەهەوڵ و خەباتی ئەو بڵاوبۆتەوە، کە بۆ ئەو ڕۆژگارە کارێکی گرنگ بووە.

هیوادارین بەو بەسەرکردنەوەیە، توانیبێتمان گیانی **(حەمرەش رەشۆ)**ی نەمر، شاد بکەین، بەو کەسانەی ئاشنا بکەین، کە تائێستاکە شارەزایی و ئاشنایەتیان لەگەڵ ئەو سیاسەتمەدار و ڕۆژنامەنووسە نەمرەدا، نەبووە.

### سەرچاوەو پەڕاوێز

بۆ نووسینی ئەم بابەتە، سەرەڕای سۆراغ و بەدواداچوونەکانم لەگەڵ هەڤاڵانی **(پارتی دیموکراتی کوردستان – باکوور)**، لە ئەڵمانیادا، کە **(حەمرەش)** تا کۆچکردنی سەرۆکی ئەو پارتە بووە.. سوودم لەو دوو سەرچاوەیەش بینووە:

– د. عەبدولمەجید شێخۆ، کۆڤارا چیا ئاوێنا چاندا کوردی ل ئەوروپا ١٩٦٥–١٩٧٠، وەشانا دەنگێ باکور، چاپا یەکەمین، ساڵی ٢٠٠٣، ئەڵمانیا.

– وتاری **(ماتەمینی بۆ حەمرەش رەشۆ)**، کە بەناوی **(ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی لە بۆن)**، **(مەتین ئینجەسوو)**ی سەرۆکی ئەو ناوەندە، لە چلەی ماتەمینی ناوبراو خوێندراوەتەوە.

# ئاسۆ ٧

# یەکەمین گۆڤاری
# کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات- ئەکسا
# ١٩٧٦ تا ١٩٨٣



**نەوزاد عەلی ئەحمەد- سوید**

**سەرەتایەک و ناساندنی گۆڤاری " ئاسۆ"**

کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات " **ئەکسا**"١٩٧٦- ١٩٨٨" خاوەنی سەدان چالاکی و دەیان گۆڤار و بڵاوکراوە و چالاکی ڕێکخراوەیی، سیاسی، ئەدەبی، کۆمەڵایەتییە، کە لە ماوەی ئەو ١٢ ساڵەدا دۆست و دوژمن چالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوەیان بە هەند وەردەگرت، کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات هەر تەنیا بە زمانی کوردی چالاکی نەنواندووە، بەڵکو بە زمانەکانی ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی، عەرەبی، فارسی، تورکی، هۆڵەندی، سویدی، ئیتاڵی، رووسی.. هتد بڵاوکراوە و گۆڤار و بەیاننامە و راگەیەنراوی رۆژنامەگەریی دەرکردووە و خاوەنی چەندان کاری دانسقەیە لە بواری ئافیش " **ملصق**" و رۆژژمێر و پۆستکارتی جەژنانە بە بۆنەی نەورۆز و بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی تر. من ئێستا دەستم بە نووسینی کتێبێکی فراوان کردووە سەبارەت بە مێژووی دامەزراندن و چالاکییە رۆژنامەگەریی و ڕێکخراوییەکانی ڕێکخراوی ناوبراو، لە کاتی نووسین و سەیرکردنی سەرچاوەکاندا هەست دەکەم، کە ئەو ڕێکخراوە خاوەنی گەنجینەیەکی دەوڵەمەندە لە بواری رۆژنامەگەریی و رۆژنامەنووسی کوردیدا، کە بە داخەوە تا ئێستا لە چەند دێڕ و لاپەڕەیەکی پڕ لە هەڵە و کەموکوڕی بترازێت، ئەگەرنا نووسینێکی ورد سەبارەت بەو ڕێکخراوە نەنووسراوە.

گۆڤاری " **ئاسۆ**" یەکێکە لەو کارانەی کە دەستەی دامەزرێنەری ڕێکخراوەکە، پێش کۆنگرەی ١٧ واتە " **کۆنگرەی راگەیاندنی ڕێکخراوەکەیان**" دەریکردووە، ژمارە ١ ی گۆڤاری " **ئاسۆ**" ئەگەرچی ساڵی دەرچوونی لەسەر دانەندراوە، بەڵام هەست بەوە دەکرێت کە چەند مانگێک بەر لە کۆنگرەی ١٧ دەرچووە، کە کۆنگرەی ناوبراو هاوینی ساڵی ١٩٧٦ لە شاری فرانکفۆرتی وڵاتی

ئەڵمانیا سازکراوە، لەسەر بەرگی ژمارە ١ ی گۆڤاری " **ئاسۆ**" نووسراوە: " **ئاسۆ: دەنگی کۆمیتەی ئامادەکردنە**" دوای ئەم ژمارەیە، ئەم دەستەواژەیە بەم شێوەیە دەستکاری کراوە: " دەنگی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانە لە دەرەوەی وڵات".

لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەم بە کورتی هۆکاری دەرچوونی گۆڤارەکە روون بکەمەوە و هەروەها ئیندێکسێکم بۆ ئەو ژمارانە کردووە، کە بینیوومە و کۆمکردوونەتەوە، هەروەها لە بەشی کۆتایی نووسینەکەدا بابەتێکم لە گۆڤارەکە هەڵبژاردووە و نووسیوومەتەوە کە بریتیە لە چالاکییەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات.

**بۆچی گۆڤاری " ئاسۆ" ؟!**

لە ژمارە ١ دا و لە لاپەڕە ٢ و ٣ نووسینێک بە ناونیشانی " **وتاری ئاسۆ**" بڵاوکراوەتەوە، لەو نووسینەدا وەڵامی ئەو ناونیشانەی من دراوەتەوە " **بۆچی گۆڤاری ئاسۆ**"؟! سەرەتای نووسینی ناوبراو بەم رستە دەست پێدەکەن؛ " **هەوالی خۆشەویست، خوێنەری بەڕێز!**

ئەوە ژمارەی یەکەمی ئاسۆ ئۆرگانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بڵاودەبێتەوە و دەگاتە دەستت" لەبەر ئەوەی دەستەی ئامادەکردن هێشتا خۆیان بە بەشێک لە " **کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا- کەی. ئێس . ئێس. ئی**" دەزانی هەر بۆیە گۆڤاری " ئاسۆ' یان بە ئۆرگانی کۆمەڵەی ناوبراو لە قەڵەم داوە، نەک ئۆرگانی ' **کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات- ئەکسا**' لە درێژەی نووسینەکەدا وردتر مەبەستیان روونەدەکەنەوە و نووسیویانە:

" **لە مێژبوو هەست بە پێویستی هەبوونی گووارێکی وا دەکرا. گووارێکی کوردی لە ئەوروپا کە لاپەڕەکانی بۆ بیرو باوەری پێشکەوتوو و نوێ، بۆ پێنووسی خوێندکاری نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز تەرخان کرابێ**" لە درێژەی ئەو نووسینەدا " **ئاسۆ**" دەنووسێت: " **وەزیفەی مێژوویی رووناک بیری شۆڕشگێڕی کوردە کە بە چالاک ترین شێوە لەو ئال و گۆڕی بیر و باوەڕەدا بەشداربێ. " ئاسۆ" دەیەوێ وەک ئۆرگانی کۆمەڵەی خوێندکارانی پێشکەوتوو و ئازادیخوازی کورد لە دەرەوەی وڵات، لەو مەیدانی هەوڵ و تێکۆشانی فیکری یەدا نەخشێکی بەرچاو و خزمەتێکی بە نرخی هەبێ.**

**خوێندەواری خۆشەویست! دەوڵەمەندی و گەشە و نەشەی " ئاسۆ" بە پیت و بەرەکەتی و رەنگا و رەنگی لاپەڕەکانی و سەرکەوتنی لە ڕێگای ئەو خزمەتانەدا کە پێ ی ئەسپێردراوە دەکەوێتە سەرشانی تۆ.**



**هیواداری بەشداری چالاکانە و چاوەڕوانی نووسراو و رەخنە و پێشنیاری تۆین. دەستەی نووسەرانی " ئاسۆ" لە هیچ هەوڵ و تەقەلایەک بۆ بڵاوکردنەوەی رێک و پێکی " ئاسۆ" درێغی ناکا بەڵام باش دەزانێ کە سەرکەوتنی " ئاسۆ" و بە جێ گەیاندنی ئامانجەکانی تەنیا و تەنیا بە هاوکاری و هاوبەشی چالاکانەی هەموو هاوڵاان وەدی دێ"** من لە کاتی نووسینەوەی ئەم وتارەدا هەوڵمداوە دەقاو دەق وشە بە وشە و رستە بە رستە نووسینەکە بگوازمەوە، تەنیا لە چەند شوێنێکدا سەرو، بۆر و ژێرم بۆ چەند وشەیەک داناوە.

ئەگەرچی لە وتارێکی تری هەمان ژمارەدا کە لەژێر ئەم ناوونیشانەدایە " **ئاسۆ.. بۆ؟** " باشتر مەبەستیان لە دەرکردنی گۆڤارەکە روونتر دەکەنەوە، بەڵام هەستم کرد تەنیا چەند ئیزافەیەکیان خستۆتە ئەم نووسینە و لە ناوەڕۆکدا هەمان نووسینە و بە شێواز و کەرەستەی تر داڕێژراوە بۆیە بە پێویستم نەزانی زیاتر لەسەر ئەم ناوونیشانە برۆم.

## زانیاری تر و ئیندێکسی ژمارەکان



ئەوەندەی بۆم روون بۆتەوە، کە گۆڤاری ئاسۆ لە نێوان ساڵی ١٩٧٦ تا ١٩٨٣ لە شاری ئۆپسالای سوید دەرچووە و لەو ماوەیەشدا تەنیا ١٢ ژمارەی لێدەرچووە و پاشان وەستاوە و کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات- ئەکسا، گۆڤارێک " **بڵاوکراوە**" یێکی تری بە ناوی " **دەنگی خوێندکارانی کوردستان**" وەک ئۆرگانی خۆی دەرکردووە، ئەمەی دواییان لە ئەڵمانیا دەرچووە، بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی تا ئێستا کۆم کردوونەتەوە، گۆڤاری " **ئاسۆ**" یەکەمین گۆڤاری " **کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان- ئەکسا**" یە، ئاسۆ بە زمانی کوردی دەرچووە و نووسینی بە هەردوو پیتی " **سۆرانی**" و " **لاتینی**" بڵاوکردۆتەوە، تا ژمارە ٦ لە هەر ژمارەیێکدا نووسینی بە هەردوو پیتەکان بڵاوکردۆتەوە، بەڵام دەبینین لە ژمارە ٨ دا تەنیا ئەو نووسینانە بڵاوکراونەتەوە کە بە پیتی لاتینی نووسراون و لە ژمارە ١١ دا تەنیا ئەو نووسینانە دێنە بەرچاو کە بە تیپی سۆرانی نووسراون.

.ژمارە ١، .......، ٦٢ لاپەڕەیە، لە قەبارەی نیو فۆلسکاب دایە.

## بەشی سۆرانی

١- وتاری ئاسۆ.... ل ١ و ل ٢

٢- ئاسۆ بۆ؟..... ل ٣ تا ل ٥

٣- گێرەشێوێنی و تێک دانی یەکەتی لە ژێر پەردەی قاو و قیژ نانەوە بۆ یەکەتی... ل ٦ تا ل ١١

٤- بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی چەکدارانە لە ئیران..... ل ١٢ تا ل ١٦
٥- لینگەفرە... ل١٧ تا ٢١
٦- نامەیەکی تەواو نەکرا بۆ شیرینەکەم... ل ٢٢ و ل ٢٣
٧- کاروانی نویێ وا بەرەو خۆر ئەچێ... ل ٢٤ تا ل ٢٦
٨- دوا تیری کەوان.. ل ٢٧
٩- خۆشەویستەکەم...... ل٢٨ و ل٢٩
١٠- راپۆرتی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ئامادەکردن دەگەڵ لقەکانی کۆمەڵە...... ل ٣٠ و ل ٣١
به تیپی لاتینی.. دیالێکتی سەروو
١١- مەقالە ل سەر یەکیتیێ ب دیالێکتێ کورمانجی.... ل ٣٢ تا ل ٣٩
١٢- بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی چەکدارانە لە ئیران.... ل٤٠ تا ل٤٥
١٣- شکستن و بازدانا...... ل٤٦ تا ل٦٠
١٤- چەند راستیێ بنگەهی ل سەر رەوشا میللەتێ کورد ل سوریێ... ٦١ و ٦٢
ژمارە ٢، ساڵی ١٩٧٦، ٣٧ لاپەڕەیە، هەمان قەبارەی ژمارە١.

**به تیپی سۆرانی**

١- سیاسەتی تازەی " کوردستانی و دیموکراتی و پێشکەوتووبوونی کۆمەڵە چیە و چۆنە؟ ... ل٢ تا ل٨
٢- بیرەوەری شۆڕشی مەزنی سۆسیالیستی ئۆکتۆبر.... ل٩ تا ل١٤
٣- نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازەکانی کوردستانی عیراق لە زیندانی بەعسی تاوانباری عیراقدا.. ل١٥ و ل١٦
٤- بڕیاری پۆلیسی ئینگلیستان لە دژی ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵە... ل١٧
٥- ئاگاداری... ل١٨
٦- باسی کاروباری کۆمیتەی لقی سوید... ل١٩ تا ل٢٢
به تیپی لاتینی.. دیالێتی سەروو
١- هەمان بابەتی ژمارە ١ ... ل١ تا ل٥
٢- هەمان بابەتی ژمارە ٤.. ل٥
٣- هەمان بابەتی ژمارە ٢... ل٦ تا ل٨
٤- هەمان بابەتی ژمارە ٣.. ل٩
٥- هەمان بابەتی ژمارە ٦... ل١٠ تا ل١٣
٦- هومێن ئیمپریالیستی و پێلا رێیاکسۆنێر رۆژهەڵاتا ناڤین... ل١٤
٧- ئاگاداری.. ل١٥



هەواڵنامەی کتێب

ژمارە ٣، ساڵی ١٩٧٧، ٥٢ لاپەڕەیە، هەمان قەبارەی ژمارە١.

**بەشی تیپی سۆرانی**

١- بیرەوەری دووی ڕێبەندان.. ل٢ و ل٣

٢- دیتنێک لەسەر کۆبوونەوەکانی فرانکفۆرت و سیاسەتی دەرەوەی کۆمەڵە.... ل ٤ تا ل١٠

٣- سروودی هەڵسانەوە... ل١١

٤- گەل و نەتەوە چۆن پێک هاتن؟..... ل١٢ تا ل١٦

٥- هەڵبەستی بەرەو کوردستان.. ل١٧ تا ٢١

٦- بژی یادی کۆماری دیموکراتی مەهاباد.... ل٢٢ تا ل٢٤

٧- بابڕۆخێ... بابڕوخێ. ئەم شانۆیە... ل٢٥ و ل٢٦

٨- ڕۆژی ٨ ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان... ل٢٧ و ل٢٨

**بەشی تیپی لاتینی**

١- بیرەوەریا دودوێ ڕێبەندان... ل٣ و ل٤

٢- خەڵک و میلەت چاوا چێبون.. ل٥ تا ل١٣

٣- ڕۆژا ٨ ێ مارس ڕۆژا جیهانیی ژنان... ل١٤ و ل١٥

٤- دیتنەک ل سەر جڤینا فرانکفورت و سیاسەتا دەرڤەیی کۆمەلە.. ل١٦ تا ل٢٣

ژمارە ٤، ساڵی ١٩٧٧، ٢٣ لاپەڕەیە، لە قەبارەی فۆڵسکابە.

١- جەژنی یەکی مانگی مای، ڕێبوار... ل١ تا ل٣

٢- دۆستەکانی ئەوان و دوژمنەکانی گەل لە سەرانسەری جیهان دا، هەواڵ بەندێکی ئاسۆ.. ل٣ تا ل٥

٣- فاشیستەکان ... ل٥



**بەشی پیتی لاتینی**

١- یەکێ مەها ئادارێ، جەژنا کرێکارێن جیهانێ.... ل١ و ل٢

٢- سەردەما کەپیتالیستێ و میلەت " **دەواما مەقالا بەرێ**" ... ل٣ تا ل١١

٣- ل سەر جیهو شونا هەردو سالێن دوایی د تەڤگەرا خوێندەڤانێن کورد .... ل١٢ تا ل١٨

ژمارە ٥، ساڵی ١٩٧٧، ٢٩ لاپەڕەیە، لە قەبارەی فۆڵسکاب دایە.

١- خوێنەری خۆشەویست، دەستەی نووسەرانی ئاسۆ... ل١ و ل٢

٢- لە جێگا و گرینگی ئەو دوو ساڵەی دوایی لە بزوتنەوەی خوێندکاری دژی ئیمپریالیستی دا، بەرپرسیاری بەشی فەرهەنگی- م... ل٣ تا ل٥

٣- پاشماوەی مەقالە لەسەر مەسەلەی میللی، ک. هەیوان شۆڕش.... ل٦

٤- جەک ئاندرسن... ل٧ تا ل٩

**بابەتەکانی بەشی پیتی لاتینی**

١- ژ بۆ خوێندەڤانێن ئاسۆ
٢- چەندەک ژ وەزیفێن مە ب موناسەبەتا کۆنگرا ١٨
٣- لۆکالیزم تشتەکی خەراب و بخەتەرە کە دڤێ شەڕێ ڤی قەت نەبێ راوەستاندن
٤- ئاورەک ل سەر کۆمەلە ب موناسەبەتا کۆنگرێ ١٨ مین
٥- میلەت چییە؟
٦-ل سەر جیهو شونا هەر دوە سالێن داوی د تەڤگەرا خوەندەڤانێن کورد دە و خەباتا خوەندەڤانێن ئانتی ئیمپریالیست...

ژمارە ٦، ساڵی ١٩٧٩، ٥٠ لاپەرە، قەبارەی نیو فۆڵسکابە.

بەشی پیتی سۆرانی

١- وتەی ژمارە، دەستەی نووسەران... ل٣ و ل٤
٢- چەند سەرنجێکی خێرا دەربارەی کۆنگرەی بیستەمین. ل٥ تا ل٩
٣- بەیانی کۆتایی کۆنگرەی بیستەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات.. ل١٠ تا ل١٨
٤- گۆشەی بیری ئازاد.. ل١٩
٥- پێشەکی دەربارەی پێشکەوتن و رەسەنایەتی، حسێن تەها.. ل٢٠ تا ل٢٤
٦- گۆشەی ئەدەب.. ل٢٥ و ل٢٦
٧- سێبەری تەڵخ، کورتە چیرۆک، سەلام... ل٢٦ تا ٢٩
٨- سروودی رۆژی تازە، شیعر، فەرهاد شاکەلی.. ل٣٠
٩- لە کاروباری لقەکانی کۆمەڵە.... ل٣١ تا ٣٥

بەشی تیپی لاتینی

١- چەند گۆتن دەربارەی ئۆرگانی کۆمەلێ ئاسۆ.. ل ٢ و ل٣
٢- بەیانا خیتامی کۆنگرێ ٢٠ ئا... ل ٤ تا ل٩
٣- ژ شیعرێ جگەر خین .. ل١٠ و ل١١
٤- ژ کار و بارێ لقان... ل١٢ تا ل١٥
٥- مەقالەک ل سەر یەکیتیێ.. ل١٦ تا ل١٩



ژمارە ٨، ساڵی ١٩٨٠، ٢٠ لاپەڕەیە، قەبارەی نیو فۆڵسکابە.

پێشگۆتن.. ل٢
ب هاتنا مای ئەڤا ١٢ سال.. ل٣ و ل٤
دەستنڤیس.. ل٥
بەیان ل سەر شەهیدبوونا عادل.. ل٦ و ل٧
بیرەوەریا ل مای... ل٨ تا ل١١
ئەم شەڕ ناخوازین، جگەر خوێن.. ل١٢ و ل١٣
هێڤیا نوە، ئوسمان سەبری.. ل١٤

هەواڵنامەی کتێب

ئاگەداری... ل١٥
چەند گۆتن ل سەر کۆنگرە... ل١٦
پێشڤەرووبوون و سەربخوەبوونا کۆمەلێ... ل١٧ و ل١٨
رژیمێ دیکتاتۆری ئەسەد.. ل١٩ و ل٢٠

ژمارە ١١، ئەپریل، ساڵی ١٩٨٢. ٤٢ لاپەڕە، قەبارەکەی نیو فوڵسکابە.

وتەی ژمارە... ل٣ و ل٤
تورکیا، ئامار ئەدوێ.... ل٥ و ل٦
ئیران، ئیعدام و کوشتن و گرتن بەردەوامە.. ل٧ و ل٨
بۆ شۆڤێنیم، شیعر، عەبدوڵلا پەشێو.. ل٩
پیتاک بۆ عیراق.. ل١٠
ئەزانی؟... ل١١
لە رۆژنامەکانی سویدیدا.. ل١٢
هێزی سوپایی عیراق.. ل١٣ و ل١٤
دکتۆر قاسملو... ل١٥
شاخ و لۆژیکی فاشیست!.. ل١٦ و ل١٧
کاروانی شەهیدان، شەهید سەلاح مەجید.. ل١٨ تا ل٢٠
هەواڵێکی گرنگ.... ل٢٠
لینین ئەڵێ: ..... ل٢١
سەیرە!! شوان کەریم..... ل٢٢
دیاری ژمارە... ل٢٣
لە شیعرە بڵاونەکراوەکانی سالم، کەمال فوئاد... ل٢٤ تا ل٤١



**بابەتی هەڵبژاردە**

بۆ زیاتر شارەزابوون لەسەر کار و چالاکییەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات **" ئەکسا"** وا ئەم چەند هەواڵە دەقاو دەق دەنووسمەوە کە لە ژمارە ٦ دا بڵاوکراونەتەوە.

**لە کاروباری کۆمەڵە**

**لقی ئەمریکا**

١- کۆمەڵە لە کالیفۆرنیا خۆپیشاندانێکی گەورەی رێکخست کە توانیان دەنگی خۆیان بەرز کەنەوە و هەستی شارەکە راکێشن بە شێوەیەک کە لە تەلەفزیۆن و رادیۆ و رۆژنامەکان دا بڵاوکرایەوە.

٢- کۆمەڵە لە فلۆریدا خۆپیشاندانێکی رێکخست لە شاری " مەیامەی" لە ناو شارەکە بۆ ماوەیەکی زۆر سوڕانەوە و دروشمی پشتگیریکردنیان لە مافە رەواکانی گەلی کوردی ئیران و هەموو گەلانی تری ئیرانیان بەرز کردەوە و چالاکی یەکی زۆریان نواند

بۆ کۆکردنەوەی ئیمزای خەڵکەکە دژی هێرشی ئیران بۆ سەر کوردستان

٣- کۆمەڵە لە واشینتۆن، توانی چەند سیمینارێک رێکخات بۆ روون کردنەوەی کێشەی کوردستانی ئیران، وە خۆپیشاندانێکی رێکخست دژی سیاسەتی رەگەزپەرستانەی رژێمی ئیران. ئەم چالاکیانە لە لایەن چەند رۆژنامەیەکەوە بڵاوکرانەوە.

٤- کۆمەڵە بەرامبەری " **کۆنسلگەری**" دەوڵەتی ئیران لە شیکاگۆ مانگرتنێکی پێک هێنا بۆ ماوەی ٢٤ سەعات وە بە بەشداربوونی نوێنەرانی رێکخراوە پێشکەوتووخوازەکانی ئەو ناوچەیە وەک: " **سازمانی دانشجویانی ئیران، اتحادیەی میللی، لاینگرانی چریکهای فدائی خەلقی ئیران**". لەم مانگرتنەدا بڵاوکراوەیەک بڵاوکرایەوە و نامەیەک بە ناوی کۆمەلەوە بە کۆنسل درا کە ئاراستەکرابوو بۆ دەولەتی ئیران.

**لقی بەرلینی رۆژئاوا**

١- داگیرکردنی کونسلگەری ئیران لە شاری بەلین لە سەعاتی ٩ بەیانی تاکو سەعاتی یەکی پاش نیوەرۆ، ئەم داگیرکردنە لە لایەن زۆربەی رۆژنامە بە ناوبانگەکانی بەرلینی رۆژئاوە بڵاوکرایەوە. ئەمانەش گەورەترین رۆژنامەکان بوون: " دی ڤیلت، دی تاگس چاتبونگ، دیرتاگس شبیگل"

٢- لە ٧٩/٩/٨ خۆپیشاندانێک لەگەڵ رێکخراوە پێشکەوتووخوازەکانی ئیران بە درێژایی شەقامی کوودام پێکهێنرا، لە کاتی خۆنیشاندانەکەدا بەیانێک لەسەربارو زروفی کوردستان بە شێوەیەکی فراوان بڵاوکرایەوە.

٣- دەرکردنی بەیانێک بە زاراوەی کرمانجی، کە تیادا داوای یەکێتی خوێندکارانی پێشکەوتووی کوردستان کرابوو.

٤- ناردنی نامەیەک بۆ یەکێتی خوێندکارانی جیهانی لقی چیکۆسلۆڤاکیا، کە تیادا لقی کۆمەڵە نارەزایی خۆی بەرامبەر بەو کردەوانەی سەفارەتی عیراق و یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراقی بەعسی دەربریبوو، کە دژی قوتابیانی عیراق دەکرێ لە چیکۆسلۆڤاکیا. هەروەک تیادا داوای دەرکردنی قوتابیانی بەعسی یان کردبوو لە ریزی خوێندکارانی جیهانی و وەرگرتنی یەکێتی خوێندکارانی راستەقینەی عیراق.

٥- فۆتۆکۆپی کردن و بڵاوکردنەوە و پاشان بە عەرەبی کردنی بەیانێک کە لە کوردستانی ئیرانەوە پێیان گەیشتبوو.



**لقی ئوتریش " نەمسا"**

لقی نەمسای کۆمەڵەکەمان چەند کاروبار و چالاکییەکیان

ئەنجام داوە، لەوانە:

١- پێشکەش کردنی نامەیەکی پرۆتیست " **مذكرة**" بە بەرواری ١٩٧٩/٨/٢٣ بە سەفارەتی ئیرانی. لە نامەکەدا نارەزایی خۆیان بە توندی لە دژی شەڕی لەناوبردنی کورد دەربڕیبوو.

٢- پێکهێنانی خۆپیشاندانێک لە ١٩٧٩/٨/٢١ دا، دژی رەفتاری دڕندانەکانی حکومەتی ئیران لە کوردستان و پشت گیری کردنی خەباتی رەوای میللەتەکەمان لە کوردستانی ئیران. بەشدارانی ئەم خۆپیشاندانە زیاتر لە" ٣٠٠ " کەس بوون، لەوانە رێکخراوی ' **چریکەهای فدائی خەڵکی ئیران**" و گەلێک خوێندکاری پێشکەتووی ئیرانی و نەمساوی بەشداربوون.

٣- لە رۆژی ١٩٧٩/١٠/٢ لقی ناوبراو لە ناوەڕاستی شاری ڤیەننادا بە هاوکاری چەند ئەندامێکی رێکخراوی " چریکەهای فدائی خەڵکی ئیران" هەستان بە لە خۆراک مانگرتنێک کە ماوەی " ٤٨" سەعاتی خایاند. لەم مانگرتنەدا کە دژی هێرشە دڕندانەکانی سوپا و پاسدارەکانی حکومەتی ئیرانی بوو بۆ سەر کوردستان بڵاوکراوەیەکیان بە شێوەیەکی فراوان بڵاوکردەوە دواجار مانگرتنەکەیان بە خۆپیشاندانێکی گەورە کۆتایی پێ هێنا. ئەم مانگرتنە دەنگێکی گەورەی دایەوە و لە رادیۆ و رۆژنامە نەمساویەکاندا گەلێ جار بڵاوکرایەوە و چەند گۆڤارێکی عەرەبیش لە سەریان نووسی. جگە لەوانەش لە تەلەفزیۆنی نەمسادا پیشان درا.



**لقی هۆڵەندا:**

١- بە شداربوونی ئەم لقە لە خۆپیشاندانێکدا لە دژی رژێمی ئیران و پشتگیری کردن لە خەباتی گەلی کورد و هەموو گەلانی ئیران.

٢- پەیوەندی کردن لەگەڵ رێکخراوە هۆڵەندی یەکان بۆ هاوکاری و پشتگیری لە خەباتی میللەتی کورد.

لقی ئینگلستان:

١- پێکهێنانی خۆپیشاندانێک دژی سەفارەتی ئیرانی و مەحکوم کردنی هێرشە دڕندانەکەی دەوڵەتی ئیران بۆ سەر کوردستان.

٢- گەیاندنی دەنگوباسی کوردستان بە رێکخراو و هێزە پێشکەوتووەکانی ئینگلستان.

**لقی سوید:**

١- ١٩٧٩/٨/٢٠ پێکهێنانی خۆپیشاندانێک لەبەردەم پەرلەمانی سویدی دا بۆ داوالێکردنی حکومەتی سویدی لە پشتگرتنی بۆ گەلی کوردمان و مەحکوم کردنی هێرشە دڕندانەکەی حکومەتی ئیران بۆ سەر کوردستانی ئیران.

٢- هەڵبژاردنی دوو کۆمیتە لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی لقدا بۆ پەیوەندی کردن بە خاچی سووری سویدی و ڕێکخراوە سویدی و بێگانەکان بۆ پشتگیری و یارمەتی دانی گەلی کوردمان لە کوردستانی ئێران.

٣- پێکهێنانی خۆپیشاندانێک دژی سەفارەتی ئێران، کە زیاتر لە " ٤٠٠" کەس تیادا بەشداریان کرد.

٤- بەشداربوونی خۆپیشاندانێک لە دژی سەفارەتی ئێران بۆ پشتگیری لە گەلانی ئێران، کە لە لایەن ڕێکخراوێکی سویدی یەوە پێکهێنرابوو.

٥- ١٩٧٩/٩/١٢ پەیوەندی کردن لەگەڵ وەزیری دەرەوەی سوید دەربارەی مەسەلەی کورد و پشتگیری لێکردنی.

٦- دەرکردنی بەیانێک لەسەر زروفی کوردستان بە گشتی و هەڵوێستی ناڕەوای ئەم دوایی یەی کۆنفدراسیۆنی جیهانی خوێندکارانی ئێران " سیس" .

٧- دەرکردنی بەیانێک لەسەر کوردستانی ئێران بە زمانی سویدی و کوردی.

٨- دەرکردنی بڵاوکراوەیەک بۆ هاوکاری کردن و یارمەتی دانی کوردستانی ئێران بە زمانی سویدی.

٩-چاپکردنەوەی و بڵاوکردنەوەی **"خەبەرنامەی کوردستان"** لە ژمارە یەکەوە تا ژمارە ١٢.

١٠- بەشداری کردنی پارتی کۆمۆنیستی یۆنان لە ئاهەنگی بیرەوەری ٦١ ساڵەی دامەزراندنی دا.

١١- بەشداری کردن لە شەوانی پشتگیری کردن لە گەلی **" نیکاراگوا"** و گەلی "

**ئورگوای".**

١٢- بەشداربوون لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی پەنابەرە سیاسیەکان لە شاری ئوپسالا لە ٧٩/١٢/٨ دا و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتێک لەسەر باری ئێستای کوردستان. وە بەشداری کردن لە کۆبونەوەیەکی گشتی پەنابەرانی سیاسی لە ستۆکهۆڵم.

**فۆڕم و ناوەڕۆکی گۆڤارەکە**

بابەتی هەموو ژمارەکان بە تایپێکی ئاسایی دەستی تایپکراون و بە نەخشەسازییەکی سادەش لەسەر ڕووپەری لاپەڕەکان دابەشکراون، بەڵام ژمارە دوای ژمارە گرنگی بە جوانکاری لاپەڕەکان دراوە، دیزاینی بەرگی زۆربەی هەرە زۆری ژمارەکان هاوشێوەیە، یاخود لە یەکتر نزیکن، ئەوەی من بینیوومە تەنیا لە ژمارە ١١ دا بەرگەکە بە تەواوی گۆڕدراوە، لە سەر بەرگی هەموو ژمارەکاندا سیمبۆلی کۆمەڵەی خوێندکاران کە بریتیە لە مەشخەڵێک داندراوە، زۆر کەم گرنگی بە بڵاوکردنەوەی وێنە دراوە، لە زۆربەی ژمارەکاندا ناوونیشانی بابەتەکان بە هەمان قەبارەی پیتی بابەتەکان نووسراون، تەنیا تۆختر کراون، بەڵام لە ژمارەکانی دوایدا زۆربەی هەرە زۆری ناوونیشانی بابەتەکان خۆشنووسێک نووسیویەتی، ئەوەی بۆم روونبۆتەوە، گۆڤاری ناوبراو دوای نەخشەسازیکردنی بە فۆتۆکۆپی راکێشراوە و چاپخانەی پێشکەوتوو بەکارنەهێنراوە.

زیاتر عومەر شێخمووس و محەمەدی موهتەدی و چەند برادەرێک لە پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا واتە " پەسەکە" سەرپەرشتی دەرچوونی گۆڤارەکەیان کردووە، هەر بۆیە ئەوەندەی دەربڕینی هەڵوێستی سیاسی و حزبی بەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکاندا رەنگی داوەتەوە نیو بە قەد ئەمە ناوەڕۆکی ڕێکخراوەیی پیشەیی بە سەر ناوەڕۆکی بابەتەکاندا دیار نییە، گۆڤاری ئاسۆ، لەسەرەتادا گۆڤاری وتاری سیاسی و راگەیەنراوە رۆژنامەگەرییەکان بووە، پانتاییەکی زۆر بەرتەسکی بۆ هەواڵ تەرخان کردووە، بەڵام لە ژمارەکانی کۆتایدا، بە تایبەتیش لە ژمارە ١١ دا بە تەواوی پەیامی رۆژنامەگەرییانەی خۆی بە جێ گەیاندووە و زیاتر کاری لەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵ و کورتە وتاری رۆژ کردووە.

# بیبلیۆگرافیای گۆڤاری (پێشکەوتن)



ئامەدەكردنی: ئاكۆ ئاكۆیی
Ako_akoiy@yahoo

مێژووی رۆژنامەگەری كوردی، لە سەردەمی خەباتی قۆناغی رزگاری نیشتمانی لە باشوور بەتایبەتی لەساڵانی هەشتایەكاندا مێژوویيەكی درەوشاوەو پڕ لەخۆراگری و قوربانیدان و ماندووبوون بووە، چونكە لەو رۆژگارەدا كە رۆژگاری سەخت ودژوار بوون، رۆژگاری شۆڕش و تیكۆشان بووە، رەوتی رۆژنامەگەری و چاپەمەنی كوردی سەرەڕای كەمی پێداویسییەكان و وسادەیی ئامێرەكانی چاپ كردن ئەم رەوتە لەبەرەو پێشچوون بووە، ئامانجیشی هۆشیاركردنەوەو رۆشنبیركردنی كۆمەڵانی خەڵك بووە.

هەر رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوكراوەیەك كە لە بارەگاكانی پێشمەرگە لە ئەشكەوت و دۆڵ و چیاكان بەسادەترین ئامێری چاپ چاپدەكران و بەكۆڵەپشتی پێشمەرگە دەگەیشتنە دەست خوینەران كاریگەریی بەرچاوی خۆی دەنواند لە هۆشیاركردنەوەو رۆشەنفكری لەوسەردەمەدا.

لەو رۆژگارەدا چاپەمەنی و بڵاوكراوەكانی هەموو حیزب و رێكخراوەكانی گۆڕەپانەكە كەم یان زۆر بەشداریان هەبووە لەو رەوتەدا، هە ر لایەنێک لە رێگای بڵاوكراوەكانی خۆی بەشداری هەبووە لە درەوشانەوەی مێژووی رۆژنامەگەری كوردی لەوێ رۆژێدا.

**(حزبی زەحمەتكیشانی كوردستان)**یش بەشێك لەم بە شداربوونەی بەر دەكەوێت كە لەو رۆژگارەدا ئامادەكیی هە بووە، جگە لە بڵاوكردنەوەی چەندین نامیلكە رۆژنامەیەكی مانگانەی بەناوی **(ئاڵای ئازادی)**كە ئۆرگانی دەركردووە، ئێستاش بەردەوامە هەروا گۆڤارێكی وەرزیشی هەبوو بە ناوی **(پێشكەوتن)**.

گۆڤاری **(پێشكەوتن)** یەكێک بووە لەو دەیان بڵاوكراوانەی كە لەشاخ دەردەچوون، پێنج ژمارەی لێ دەرچووەو ژمارەی یەكەمی لە ئاداری (١٩٨٦) و دوا ژمارەشی لە نیسانی (١٩٨٨) دەرچووە، ژمارە (٦)ی ئامادە بووە بۆ چاپ، بەڵام بە هۆی بارودۆخی ئەنفالەكان،

ئەمیش ئەنفال کراو بە یەکجارەکی لە دەرچوون وەستا. قەبارەکەی (٢٢×١٧ سم)بووە، ژمارەی لاپەرەکانیشی بۆ هەر ژمارەیەک جیاوازی هەبووە، بە تایپی دەستی لەسەر **(ستێنسل)** چاپ دەکراو بە **(رۆنیۆ)** ی دەستی رادەکێشرا، من لە نزیکەوە ئاگادار بووم کارکردن بۆ چاپکردنی ئەم گۆڤارە کارێکی ئاسان نەبوو، لە مەحاڵ دەچوو بە تەنیا بە شرە **(تایپێک و رۆنیۆییێک)** و چەند کەسێک کە لەپەنجەی دەستێک تێپەری نەدەکرد، هەرجارەو لە دۆل و گەلییێک بە چاپیان دەگەیاند، لە ژمارە یەکی ولە لاپەرەی یەکەمی لە بابەتی **(چەند وشەیەک)** دیارە سەرپەرشتیاری گۆڤارەکە ئاماژەی بەم سەختییەی کارکردنی کردووە **(بە تاسەوە بووین زوو ئەم ئەرکە راپەرێنین و لەگەڵ ساڵی نوێدا ژمارەی یەکەمی بکەوێتە بەر دەستان. بەڵام بەداخەوە لەو هەلومەرجەدا بارودۆخێکی نالەبار بۆ حزبمان دروست کرا، هەوڵماندا ئارەقەی رەش و شینمان هەڵرشت رێگای سەخت و پڕ مەترسیشمان گرتە بەر هەر بۆئەوەمان بوو گۆڤارەکە لە وەختی خۆی دەربچێت یان هەرنا زۆر دوا نەکەوێ کەچی بەداخەوە ئەو بارودۆخە زەبری خۆی هەر وەشاندو**((پێشکەوتن)) **بۆ چەند مانگێک دوا کەوت).**

سەرەتا وا بریاربوو یەکەمین ژمارەی **(ئاڵای ئازادی)** و گۆڤاری **(پێشکەوتن)** بە هاریکاری حزبێکی دۆست چاپ بکەن، بۆیە کاک **(ئاسۆ حەسەن)** وەک بەرپرسی راگەیاندن و سەرنووسەر بابەتە دەستنووسەکانی دەکۆڵەپشت ناو لە سپێدەیەکی رۆژێکی نەبارانیدا بناری چیای **(پیرس)** ی جێهێشت، کە ئەو کات بارەگاکانی **(حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان)** ی لێبوو بە نێو جەرگەی دووژمن و زێی **(بادینان و چیای برادۆست و پیران و دەشتی هێرتێ و بەرازگر و گەڵی رەش)** ی بڕی و تا گەیشتە **(خوا کورک)** وچانی نەدا بۆ ئەوەی لە وێ لە راگەیاندنی حزبێکی دۆست چاپی بکات و بە کۆڵە پشتێکی پڕ لە نۆبەرەی گۆڤاری **(پێشکەوتن)** و زەردەخەنەی سەر لێوی بگەڕێتەوە، بەڵام بەداخەوە رێکنەکەوت، بۆیە بریار درا لە بناری چیای **(پیرس)** لە ژێر رەحمەتی تۆپەکانی دووژمن ئەم کارە جێ بەجێ بکرێت.

رێکخستنەکانی شار **(کاغەزو ستێنسل و مەرەکەب)** یان دابین کردو بە نهێنی بە بازگەکان یاخود بە رێگا سەختەکان هێنایان وگەیاندیانە دەست پێشمەرگەوئەوانیش بە کۆلە پشت گەیاندیانە بارەگاکان و هاورێیانی راگەیاندنیش هەردوو ئامێری **(تایپ و رۆنیۆ)** یان بە نەوت شووشتن و چەوریان کردن و دەستیان بەکار کردو لەماوەی چەند رۆژێکدا یەکەم



ژمارەیان بەچاپ گەیاند.

نەخشەسازی بەرگی دەرەوەی هەر پێنج ژمارەی یەک شێوە بووە، بەرگی یەکەمی جگە لە ناوی گۆڤار ژماری گۆڤار بە ژمارەی ئینگلیزی نووسراون، پێناسەی گۆڤار **(گۆڤارێکی سیاسی رۆشنبیری گشتییە)** بووە **(حزبی سۆسیالیستی کوردستان –عیراق/ئیتجاهی دیموکراتی شۆرشگێر دەری دەکات)** مانگ و ساڵیشی لەسەر نووسراوە، بەرگی کۆتایشی بە هەمان شێوە یەک نەخشەساز بووە بە پیتی لاتینی ناوی نووسراوە، هەروا بەعەرەبی ناو پێناسەو ژمارەو مانگ ساڵ و نرخی نووسراون، تەنیا دوا ژمارەی ژمارە (٥) ناوی حزب گۆراوە بە **(حزبی زەحمەتکیشانی کوردستان)**، تەنیا ژمارە یەکی نەبێت ژمارەکانی تر بابەتی عەرەبی تیا بڵاوکراوەتەوە لە هەر پێنج ژمارەشی دووگۆشەی هەمیشەیی بە ناوونیشانی **(لە داستانەکانی پێشمەرگەو لە رۆژژمێری پێشمەرگەدا)** هەن، بەشێوەیەکی گشتی بابەتەکانی هەمە جۆر بووینە سیاسی و هزری و مێژوویی ولێکۆلینەوەو ئەدەبی بووینە، نووسەرەکان هەندێکیان بە ناوی خوازراو نهێنی بابەتەکانیان بڵاوکردۆتەوە، **(ئاسۆ حەسەن وەک سەرنووسەر و مامۆستا دارا وەک نووسەرو نەخشەساز وخەتەکانی لەلایەن ئەوەوە دەنووسراون و سەرپەرشتی دەکران، هاورێیان مامۆستا کاوە و رابەر رشید وخەسرۆ و هۆشمەند و مەریوان)**بە چاپ و رۆنیۆ لەدەرکردنی دەوری کاریگەریان هەبووە، لە بەرگی یەکەمی ناوەوەی هەموو ژمارەیەک وتەیەکی **(لینین)** دووبارە بوویتەوە، کە ئەمە بووە**(ئێمە کۆمەڵەیەکی یەکگرتووین، دەست لەناو دەست بە رێگەیەکی سەخت و دژواردا دەرۆین، دووژمنان لە هەموو لاوە گەمارۆیان داوین، زۆر جاریش کە دەرۆین بە ناچاری دەکەوینە ژێر رەحمەتی ئاگرەکانیان. بە پێی بریارێکی ئازادانە یەکمان گرتووە بۆ ئەوەی دژی دووژمنەکانمان خەبات بکەین، نەک بۆ ئەو زەڵکاوەی تەکمان هەڵخلیسکێن کە ئەوانەی لە وێن دەمێکە بەوە تاوانبارمان دەکەن، کۆمەڵێکی تایبەت بە خۆمان و جیا لەوانمان پێکهێناوە. رێگای خەباتمان گرتۆتە بەر، نەک رێگای سەودا کردن)**.



• ژمارە (١) لە ئازاری ساڵی ١٩٨٦ دەرچووە (١١) بابەتی لە (٤٤) لاپەڕەدا لە خۆ گرتووە

بابەتی یەکەم/ چەند وشەیەک، ل ١

بابەتی دووەم/ فەشەل هێنانی تاقمی لادەر لە سەرکردایەتی کردنی حزب فەشەل بوونی رێبازی دیموکراتی شۆڕشگێر نیە لە کوردستان، **(دەستەی نووسەران)**، ل ٢ تا ل٧.

**بابەتی سێیەم/** لە چ روانگەیەکەوە داوای راگرتنی شەڕ دەکەین، نووسینی **(هێرش)،** ل ٨ تا ل ١٠.

**بابەتی چوارەم /** دیموکراتی شۆڕشگێر دیاردەیەکی بابەتی و مێژووییە / بەشی یەکەم، نووسینی **(ئاسۆ)**، ل ١١ تا ل ٢٥.

**بابەتی پێنجەم /** وڵاتانی سیستەمی سۆسیالیستی لەسەروشیانەوە یەکێتی سۆڤییێت قەڵای ئازادی و سەربەخۆیی گەلانن، **(دارا)** کردوویە بەکوردی، ل ٢٦ تا ل ٢٩.

**بابەتی شەشەم /** رۆڵی ئەدەب لە شۆڕش وگۆڕانە کۆمەڵایەتیەکاندا، ئامەدەکردنی **(ب/ دەوەن)**، ل ٣٠ تا ل ٣٣.

بابەتی حەوتەم / شیعر / هەڵوێست، شیعری **(کاردۆ)**، ل ٣٤ تا ل ٣٥.

**بابەتی هەشتەم /** شیعر / دوو هەڵوێست و هەروەستەیەک، شیعری **(ئومێد)**، ل ٣٦ تا ل ٣٧.

بابەتی نۆیەم/ یەکێتی بیروباوەڕو رێکخستن لە حزبدا، نووسینی **(دلێر)**، ل ٣٨ تا ل ٣٩.

**بابەتی دەیەم** /لە داستانەکانی پێشمەرگە/ داستانی وەڵزێ، ئامەدەکردنی **(ئاشتی)**، ل ٤٠ تا ل ٤٢.

**بابەتی یانزەهەم /** لە رۆژژمێری پێشمەرگەدا / ئەو رێویەی لە مردن رزگاری کردین، نووسینی **(رێباز)**، ل ٤٣ تا ل ٤٤.

نموونەی هەڵبژاردەی بابەتی ژمارە / بابەتی **(رۆڵی ئەدەب لە شۆڕش وگۆڕانە کۆمەڵایەتیەکاندا)** ئامەدەکردنی **(ب/ دەوەن)**، ل ٣٠ تا ل ٣٣.

**(لەپێش هەموو شتێک دەبێت هەست بەوە بکەین، کە لە هەموو کەلەبەرو قوژبنێکی جیهاندا، هەر دەنگێکی ئازادیخوازو سەر بە میللەت دەرکەوتبێ چەوسێنەران و داگیرکەران ئارامیان هەڵگیراوە و هەولی بێ شوماریان داوە بۆ خەفە کردن و لە بارچوواندنی زایەڵەی ئەم دەنگانە، ئەدیبانیش لە ئەنجامی ئەو رێبازە سەختەی گرتوویانەتە بەر توشی گرتن و کوشتن و تۆقاندن هاتوونە. چونکە دیاردەیەکی مێژووییە •لە هەر شوێنێک چەوساندنەوەو زۆرداری هەبێت، ئەوا ئەدەبێکی نوێی بەرگری لە دایک دەبێت وبەرپەرچی ئەو تیرۆرە فاشیستانە دەداتەوە).**



• ژمارە (٢) لە تەشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٦ دەرچووە (١٢) بابەتی لە (٦٠) لاپەڕەدا لە خۆ گرتووە.

**بابەتی یەکەم/** بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان و رێگای دەربازبوون لەو تەنگو چەڵەمەیەی کەدووچاری بووە، نووسینی **(هێرش)**، ل ١ تا ل ٤.

**بابەتی دووەم /** دیموکراتی شۆڕشگێر دیاردەیەکی بابەتی و مێژووییە / بەشی دووەم نووسینی **(ئاسۆ)**، ل ٥ تا ل١٧.

**بابەتی سێیەم /** کوردستانی نیشتمان وکێشە لە بەڵگەنامەو هەڵوێستی نێودەوڵەتاندا / بەشی یەکەم

نووسینی **(د. بیجەرمانی) (هەڵمەت)** لەعەرەبییەوە کردوویە بە کوردی، ل ١٨ تا ل ٢٦.

**بابەتی چوارەم/** بەرنامەی دیراسەکردنی بنیادی کۆمەڵأ / ئامەدەکرن و وەرگێڕانی (ح. م)، ل ٢٧ تا ل ٣٧.

**بابەتی پێنجەم/** لە پێناوی ئەو هونەرەی کەلە خزمەتی پێشکەوتن و ئاشتیدایە، لە نووسینی **(میگس تیودوراکیس)** لە عەرەبییەوە **(رابەر)**کردوویە بەکوردی، ل ٣٨ تا ل ٤٦.

**بابەتی شەشەم/**شیعر/شەهید، شیعری **(سەفین. خ)** ل ٤٧.

بابەتی حەوتەم/شیعر/ب دەنگێ بڵند، شیعری **(هێڤی)** ل٤٨.

**بابەتی هەشتەم/**لە داستانەکانی پێشمەرگە/ داستانی شۆپیران، ئامەدەکردنی **(هەژار دیدەوانی)**، ل ٤٩ تا ل ٥٢.

**بابەتی نۆیەم/**لە بەلگەنامەکانی حزب/ بەیانی رێکخراوی سوێدی حزب، ل٥٣ تا ل ٥٥.

**بابەتی دەیەم/**روونکردنەوەیەک لە لایەن یەکیتی لاوانی سۆسیالیستی کوردستان –عیراق رێکخراوی یەکیتی سۆڤیەت، ل٥٦.



**بابەتی یانزەهەم /**امریکا وجنون سباق التسلح/ اعداد **(فارس)**، ل ٥٧ تا ل ٥٨.

**بابەتی دوانزەهەم /**المراة فی ظل الحرب والفاشیة/ اعداد **(زۆزان)**، ل ٥٩ تا ل ٦٠.

**نموونەی هەڵبژاردەی بابەتی ژمارە /** کوردستانی نیشتمان وکێشە لە بەڵگەنامەو هەڵوێستی نێودەوڵەتاندا / بەشی یەکەم نووسینی **(د. بیجەرمانی) (هەڵمەت)** لەعەرەبییەوە کردوویە بە کوردی، ل ١٨.

**(کوردستان هەر لەکۆنەوە تا ئێستا مەیدانی شەڕو پێکدادان و مانۆرسازی لایەنی جیاجیابووەو مێژووی کوردیش مێژووی خەباتێکی سەخت و بی وچان بووە لە دژی داگیرکەران و تاڵان کەرانی کوردستان و هەمیشە بەرەنگاری** (رۆمانیەکان، سلجووقیەکان، مەغۆلەکان، تورکەکان وفارسەکان و. ..هتد) **بۆتەوەو توانیویەتی نەک هەر تەنها کەلتورو زمان وئەدەبی خۆی بپارێزێ، بەلکو لەئاکامی ئەم جەنگانەدا لەجاران خۆ راگرتروخاوەن ئەدەبێکی تێرو تەسەل وزمانێکی زیندووی پاراوونەبردی قارەمانانەومێژوویکی بە زێر نەخشاو سەری**

**دەرکردووە).**

• ژمارە (٣) لە شوباتی ساڵی ١٩٨٧ دەرچووە (١٣) بابەتی لە (٨٠) لاپەڕەدا لە خۆ گرتووە.

**بابەتی یەکەم/** بۆئەوەی خەڵکی زیاتر لە دەوری دروشمەکانمان کۆبنەوە، **(دەستەی نووسەران)**، ل ١تا ل٦.

**بابەتی دووەم/ مقابلة مع المناضل ((عبدالخالق زەنگەنە))** ئەم چاوپێکەوتنە لە ژمارە (٨)ی گۆڤاری ((الصدی)) کە لە تەشرینی یەکەمی ١٩٨٦ بلاوکراوەتەوە لە سوریا دەردەچـووە، پێشکەوتن بە پێویستی زانیووە دووبارە بڵاوی بکاتەوە، ل ٧ تا ل ١٦.

**بابەتی سێیەم/** چەند لایەنەکی گرنگ لە خەباتی نێوخۆیی حزبدا، نووسینی (خەبات)، ل ١٧ تا ل ٢٣.

**بابەتی چوارەم/** کوردستانی نیشتمان وکێشە لە بەڵگەنامەو هەڵوێستی نێودەوڵەتاندا / بەشی دووەم

نووسینی **(د. بیجەرمانی) (هەڵمەت)** لەعەرەبییەوە کردوویە بە کوردی، ل ٢٤ تا ل ٣٩.

**بابەتی پێنجەم/** هێرشی نارەوای تورکیا بۆسەر کوردستان، لە نووسینی **(عبدالرزاق مەرزەنگ)**، ل٤٠ تا ل ٤٤.

**بابەتی شەشەم/** ستراتیژی ئاژاوەو پەلاماردانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا، ئامادەکردنی**(ر. هۆشەنگ)**، ل ٤٥ تا ل ٥٢.

**بابەتی حەوتەم/** جگەرخوێن شاعیری گەل و پێشکەوتن و ئاشتییە، نووسینی **(رابەر)**، ل٥٣ تا ل٦٢.

**بابەتی هەشتەم /** چیرۆکی ژمارە / ڤەهێل، نووسینی **(ک.حەسەن)**، ل٦٣ تا ل ٦٨.

**بابەتی نۆیەم/** شیعر /بوکی تارا سوور، شیعری **(هەژار دیدەوانی)**، ل٥٩ تا ل ٧١.

**بابەتی دەیەم/** شیعر /لە ئەفریقیای ڕەشەکاندا، شیعری**(باوکی سەیران)**، ل٧٢.

**بابەتی یانزەهەم/**لە داستانەکانی پێشمەرگە/ داستانی دەشتێو، ئامەدەکردنی **(م.سەنگەر)**، ل ٧٣ تال ٧٦.

**بابەتی دووانزەهەم /** لە ڕۆژمێری پێشمەرگەدا / برایەتی، نووسینی پ.م (م.ح)، ل ٧٧ تا ل ٧٨.

**بابەتی سێزەهەم/** لە بەلگەنامەکانی حزب/ ایضاح سیاسی الحزب الاشتراکی الکردستان –العراق

الاتجاه الدیموقراطی الثوری/ منظمة الدنمارک، ل٧٩ تا ل٨٠.



نموونەی هەلبژاردەی بابەتی ژمارە / چەند لایەنەکی گرنگ لە خەباتی نێوخۆیی حزبدا، نووسینی **(خـــەبات)**، ل ١٧.

**(حزبی شۆرشگێر سەرەرای خەباتی ئایدۆلۆژی وئابوری**

**و کۆمەڵایەتی وسیاسی و جەماوەری، لەناو ڕیزەکانی خوودی خۆشیدا، خەباتێکی گەرم و بێ پەروا دەکات، بۆئەوی لە گشت ئەو شێوە خەباتانەی سەرەوە سەرکەوتووبێت، هەروەها لەئاستی لێپرسراویەتی ئەک و فەرمانەکانی دابێ وچالاکانەش سەرکردایەتی خەبات و تێکۆشانی جەماوەر بکات لە پێشەوەی هەموو ئەمانەش دا دەبێ ژیانی نێو خۆیی بەباشی ڕێکبخاو بە هێزی بکات).**

- ژمارە (٤) لە تەشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٧ دەرچووە (١٤) بابەتی لە (٥٦) لاپەڕەدا لە خۆ گرتووە.

**بابەتی یەکەم/** لەچ دیدێکەوە داوای مافی چارەی خۆنووسین دەکەین، ئاماژە بەناوی نووسەر نەدراوە، ل ١ تا ل ٦.

**بابەتی دووەم/** بۆ یادی (٧٠) ساڵەی شۆرشی مەزنی ئۆکتۆبەر، بەناوی گۆڤاری پێشکەوتن بلاوکراوەتەوە، ل ٧ تا ل ٩.

**بابەتی سێیەم/** شۆڤینیزم هەرەشەی نەمان لە گەلەکەمان دەکات، نووسینی **(هێرش)**، ل١٠ تا ل١٥.

**بابەتی چوارەم/** مەرجە بابەتی وخودییەکانی شۆرش، ئامادەکردنی **(ئاشتی)**، ل١٦ تا ل٢١.

بابەتی پێنجەم/ئافرەت لەکۆمەڵی فرەچین و چەوساندنەوەدا، نووسینی **(هاوار)**، ل٢٢ تا ل٢٧.

**بابەتی شەشەم/** ڕێنوێنیەکانی مارکسیزم-لینینیزم و یەکێتیەکانی لاوان، وەر گێرانی **(هۆشەنگ)**، ل٢٨ تا ل٣٣.

**بابەتی حەوتەم/** بە پاکردنەوەی ڕیزەکان لە کەسانی هەلپەرست حزب بە هێزتر دەبێت، ستالین **(بروسک)** کردوویە بە کوردی، ل٣٤ تا ل٣٥.

**بابەتی هەشتەم/** قەناتی کوردۆ ئەستێرەیەکی دیکەی ئاسمانی رۆشنبیری کوردییە /نووسینی **(زۆزان)** ل٣٦ تا ل٣٧.

**بابەتی نۆیەم/** شیعر /گۆرانی پێشمەرگەیێ، شیعری (کاردۆ)، ل٣٨.

**بابەتی دەیەم/** شیعر /خۆری ئەم هەژارەشمان ئاوابوو، شیعری (ڕێکان)، ل٣٩ تا ل٤٠.

**بابەتی یانزەهەم /** چیرۆکی ژمارە / بڕیار، نووسینی (ک.حەسەن)، ل٤١ تا ل ٤٣.

**بابەتی دووانزەهەم /**لە داستانەکانی پێشمەرگەدا /داستانی ترپە سپیان، نووسینی **(ب. پێشمەرگایەتی)**، ل ٤٤ تا ل ٤٨.

بابەتی سێنزەهەم/لە بەلگەنامەکانی حزب/چاوپیاخشاندنێک بە پرۆژەی بەرنامەو پێرەوی نێو خۆی حزب/ ئاماژە بەناوی نووسە نەدراوە، ل ٤٩ تا ل ٥٢.



بابەتی چواردەهەم/البلاغ الختامی لکونفراس منظمات الخارج للحزب الاشتراکی الکردستانی –العراق

الاتجاه الدیموقراطی الثوری، ل ٥٣ تا ل٥٦.

نموونەی هەڵبژاردەی بابەتی ژمارە / شیعر /خۆری ئەم هەژارەشمان ئاوابوو، شیعری (رێکان) ل٣٩

**(هەڤاڵەکەم**
**کاتێ مۆری گوللەی رەوات**
**دەدا لە بەرۆکی دووژمن،**
**کاتێ شالآوی پیرۆزت**
**دەکردە سەر فاشستەکان**
**بە نیازی مۆلگە گرتن،**
**هەر لەو کاتە**
**وشەی پیرۆز**
**دادەرژانە ناو دەروونی**
**پێنووسی داستان و تۆڵە**
**شاکارێکی کۆڵنەدانت دەهۆنیەوە**
**بۆ ئەو پێشمەرگە شەهیدەی**
**تا گیانی دا لەسەنگەرا**
**سوێندی دەخوارد**
**بە رەوەزو لووتکەو نەوال**
**بە مشتێک لەم خاک و خۆڵە**
**هەر پێشمەرگەو چەک لەشان بێ**
**بۆ رزگاری زەحمەتکێشانی کوردستان).**

• ژمارە (٥) لە نیسانی ساڵی ١٩٨٨ دەرچووە (١٢) بابەتی لە (٥٢) لا پەڕەدا لە خۆ گرتووە.

بابەتی یەکەم/ بەر لە لاپەرەی یەک بابەتێک بە ناوونیشانی روونکردنەوەیەکی کورت لە لایەن دەستەی

نووسەران بلاوکراوەتەوە چەند برگەیەک بە نموونە دێنینەوە **(پێشکەوتن لە سەروبەری تەواوبوون دابوو، یەکەمین کۆنفراسی حزب بەستراو بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە کارەکانی تەواو بوو. بەم بۆنەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە سەرکردایەتی حزب و تەواوی کادیرو پێشمەرگەو رێخستنەکانی نێو خۆو دەرەوە دەکەین، بە پێویستمان زانی لەم روونکردنەوەیەدا بە هەموو خوێنەرانی تێکۆشەرو دۆستانی هێژا رابگەینین لەمەودوا ((پێشکەوتن))بە ناوی ((حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان – عێراق)) ە وە دەردەچێ).**

**بابەتی دووەم /** دوو هەنگاوی پێویست لە یەکێتی و یەکبوونی رێزەکانمادا / ئاماژە بەناوی نووسەر نەدراوە، ل ١ تا ل ٤.

**بابەتی سێیەم /** تیۆرو پراکتیک لە حزبی شۆرشگێردا / نووسینی **(ئاشتی)**، ل ٥ تا ل٨.

**بابەتی چوارەم/** کام شۆرش و کام شۆرشگێرمان مەبەستە / نووسینی **(ب.رێگا)**، ل ٩ تا ل ٢١.

**بابەتی پێنجەم/** ئافرەت و شۆرش، نووسینی **(رێکان)**، ل ٢٢ تا ل ٢٧.

**بابەتی شەشەم/** رۆڵ و پایەی لاوان لە پەرەسندنی کۆمەڵگادا، **(هۆشمەند)** کردوویە بەکوردی ل٢٧ تا ل٣٠.

**بابەتی حەوتەم/**لە بیرەوەری تێپەربوونی (٩٥)ساڵ بەسەر کۆچی دوایی کارل مارکس /ئامادەکردنی (گۆران) ل ٣١تا ل ٣٤.

**بابەتی هەشتەم/ (کوردستان)** سەرقافلەی رۆژنامە گەری کوردیە، **(د.جەلیلی جەلیل)، (سۆران)** لە عەرەبییەوە کردوویە کوردی ل٣٥ تا ل ٤٣.

**بابەتی نۆیەم/** شیعر /ئێوارەیەکی پەمەیی، شیعری **(ئاکۆ ئاکۆیی)**، ل٤٤ تا ل٤٥.

**بابەتی دەیەم/**لە داستانەکانی پێشمەرگەدا /داستانی سماقولی، نووسینی **(ب. پێشمەرگایەتی)**، ل ٤٦ تا ل ٤٧.

**بابەتی یانزەهەم /** لە رۆژمێری پێشمەرگەدا / رێگا سەختەکان، نووسینی **(حەسیب)**، ل ٤٨ تا ل ٥٠.

**بابەتی دوانزەهەم /** لە بەلگەنامەکانی حزب/ حلبجە هیروشیما اخری فی تاریخ،ل ٥١ تا ل ٥٢.

نموونەی هەڵبژاردەی بابەتی ژمارە /

بابەتی **((کوردستان))** سەرقافلەی رۆژنامە گەری کوردیە، **(د.جەلیلی جەلیل)**، **(سۆران)** لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی ل٣٥.

**(رۆژنامەی ((کوردستان))** لە ریگای سوریاوە بۆ کوردستان دەنێردراو بە پلەی یەکەم لە بەشەکانی خوارووی کوردستان دابەش دەکرا، هەروەها بەشێکیش رەوانەوی ئەوروپا دەکرا بۆ ئەو کوردانەی کە لە وێ جێنشین بوون، هەروەها بۆ ئەو ئوروپیانەی کە بەیاخیان بە زمان و ئەدەبی کوردی دەدا،ئەم رۆژنامەیە لەلایەن کوردەکانەوە بە گەرمی پێشوازی لێدەکرا، وەکو لەو نامانە بەدیار دەکەوێ کە بۆ دەستەی نووسەرانی دەهاتن و داوای دانەی زیاتریان دەکرد لە ژمارەکانی **(کوردستان)**.

میقداد مەدحەت لە پاشکۆی ژمارە یەکەمدا بە زمانی فەرنسی نووسیویەتی **((لە دەرکردنی ئەم رۆژنامەیەدا مەبەستم ئەوەیە، کە بایەخدان و خولیایی بۆ خوێندەواری لە دڵ و دەرونی رۆلەکانی نەتەوەکەم بچەسپێنم وبوار بۆ گەلەکەم برەخسێنم بۆ شارەزایی پەیداکردن لە سەر پێشکەوتنی شارستانیەتی هاوچەرخ وئەدەبەکەی..لە کاتێکدا لە میسرم، بە هیوای بوونی نیزامم لە کوردستان، مەبەستم لە نووسینی ئەم رۆژنامەیە، هەرچەندە لە دووریشەوەیە، تەنها خزمەتکردنی بەرژەوەندی وئاسوودەیی گەلەکەم و بەرز کردنەوەی ئاستی رۆشنبیری رۆلەکانیەتی))**.

**٣٠ نووسەر بابەتیان لە گۆڤاری (پێشکەوتن) بلاوکردۆتەوە کە ئەمانە بووینە:**

| ژ | ناو | ژ | ناو | ژ | ناو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | [illegible] | ١٢ | [illegible] | ٢٣ | [illegible] |
| ٢ | [illegible] | ١٣ | [illegible] | ٢٤ | [illegible] |
| ٣ | مامۆستا دارا | ١٤ | فارس | ٢٥ | [illegible] |
| ٤ | ئیسماعیل [illegible] | ١٥ | [illegible] | ٢٦ | هۆشمەند |
| ٥ | [illegible] | ١٦ | [illegible] | ٢٧ | گۆران |
| ٦ | [illegible] | ١٧ | [illegible] | ٢٨ | سۆران |
| ٧ | ڕێبوار مستەفا | ١٨ | [illegible] | ٢٩ | [illegible] |
| ٨ | هەڵمەت | ١٩ | [illegible] | ٣٠ | [illegible] |
| ٩ | ع.م | ٢٠ | [illegible] | | |
| ١٠ | [illegible] | ٢١ | م.ع | | |
| ١١ | [illegible] | ٢٢ | هاوار | | |

بەشێک لەو نووسەرانەی کە بەناوی نهێنی وخوازراو بابەتەکانیان لە گۆڤاری **(پێشکەوتن)** بلاو دەکردەوە

* ئیمزای ئەندازیار ئیبراهیم حەمیدەو لە ١ی شوباتی ٢٠٠٣دا شەهید بوو.

## مێژووی دەرچوون و ژمارەی لاپەرەکانی گۆڤاری (پێشکەوتن)

| ژمارەی گۆڤار | مێژووی دەرچوونی | ژمارەی بابەت | ژمارەی لاپەڕەکانی | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئازاری ١٩٨٦ | [illegible] | [illegible] | [illegible] |
| ٢ | تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ | [illegible] | ٩٠ | [illegible] |
| ٣ | شوباتی ١٩٨٧ | [illegible] | [illegible] | [illegible] |
| ٤ | تشرینی یەکەمی ١٩٨٧ | [illegible] | [illegible] | [illegible] |
| ٥ | نیسانی ١٩٨٨ | [illegible] | [illegible] | [illegible] |

| ژ | ناوی خوازراوی نهێنی | ناوی ئاشکرا | ژ | ناوی خوازراوی نهێنی | ناوی ئاشکرا |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | [illegible] | [illegible] | ٩ | [illegible] | [illegible] |
| ٢ | [illegible] | [illegible] | ١٠ | [illegible] | [illegible] |
| | | | ١١ | [illegible] | [illegible] |
| ٣ | [illegible] | [illegible] | ١٢ | [illegible] | [illegible] |
| ٤ | [illegible] | [illegible] | ١٣ | [illegible] | [illegible] |
| ٥ | [illegible] | [illegible] | ١٤ | [illegible] | [illegible] |
| ٦ | [illegible] | [illegible] | ١٥ | [illegible] | [illegible] |
| ٧ | [illegible] | [illegible] | ١٦ | [illegible] | [illegible] |
| ٨ | [illegible] | [illegible] | ١٧ | [illegible] | [illegible] |

**تێبینی/**

١. دووبڵاوکراوەی تر بەهەمان ناوی **(پێشکەوتن)** بەشداریان هەبووە لە ڕەوتی ڕۆژنامەگەری کوردی.

**یەکەمیان /** پێشکەوتن گۆڤارێکی ئەدەبی کۆمەڵایەتی بووە لە بەغدا بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە، یەکەم ژمارەی لە شوباتی ١٩٥٨ لە بەغدا دەرچووە.

**دووەمیان /** پێشکەوتن ئۆرگانی یەکێتی قوتابیان ولاوانی دیموکراتی کوردستان – عێراق یەکەم ژمارەی لە کانونی دووەمی ١٩٨٧ دەرچووە تا پاش ڕاپەڕین بەردەوام بووە.

- بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:

١. هەر پێنج ژمارەی گۆڤاری پێشکەوتن

٢. گۆڤاری چیا ژمارە (١٣) گۆڤارێکی مانگانییە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان دەری دەکات.

٣. ڕابەری ڕۆژنامەگەری نهێنی کوردی /نەوزاد عەلی ئەحمەد

٤. ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی /جەمال خەزنەدار

**سەرنج:**

لەسەر داوای ( [illegible] ) هاوکارمان **(ئاسۆ حەسەن)** بەم بابەتەداچۆتەوە.



هەواڵنامەی کتێب

# ژمارە (٢)ی (ڕێبازی نوێ) و دوو مێژووی جیاواز

**باوکی شانوو – سوید**

**(ڕێبازی نوێ)** یەکەمین ئۆرگانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە کە بەزمانی کوردی دەرچووبێت، دەرچوون و چاپکردنی ڕۆژنامەکە بەسەر چەند قۆناغێکدا دابەش دەکرێت، دەستپێکی دەرچوونی **(ڕێبازی نوێ)** وڵاتی شام – ە و ئەمەش بریتییە لە یەکەمین وێستگەی ڕۆژنامەکە، سەبارەت بە دەرچوونی لە ژمارە (١)، ساڵی (١)، مانگی تشرینی دووەمی ١٩٧٥ لە لاپەڕە ٤ی ڕۆژنامەی **(الشرارة)**دا بە زمانی عەرەبی نووسراوە: **(بەم زووانە یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕۆژنامەی ڕێبازی نوێ بە زمانی کوردی دەردەکات).**

نامەوێت لەم کورتە وتارەدا وردەکاری و خوێندنەوە بۆ ژمارەکانی **(ڕێبازی نوێ)** بکەم، بەڵکو ئەوەی مەبەستمە ڕاستکردنەوەی هەڵەیەکی مێژووییە سەبارەت بەدەرچوونی ژمارە (٢)ی ڕۆژنامەکە، تا ئێستا لە چەندان سەرچاوەدا بەم شێوەیە باس لە مێژووی دەرچوونی ژمارە (٢) کراوە: بۆ نموونە کاک **(نەوشیروان مستەفا)** لە کتێبی **(لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ)** لە لاپەڕە ٧٣ نووسیویەتی: **(ژمارەی یەکەمی ڕێبازی نوێ لە کانونی دووەمی ١٩٧٦ دەرچووە و.. دوای چەند حەفتەیەک ژمارەی دووەمیشمان چاپکرد)** لە پاشکۆی کتێبەکەیدا سکانی ئۆرگیناڵی ژمارە (١) و ژمارە (٢)ی ڕۆژنامەکەی بڵاوکردۆتەوە کە مێژووی دەرچوونیان بەم شێوەیە نووسراوە: ژمارە (١)، کانونی دووەمی ١٩٧٦، ژمارە (٢)، تشرینی دووەمی ١٩٧٦، کەواتە ژمارە (٢) دوای چەند هەفتەیەک بە دوای ژمارە (١) دەرنەچووە و بەڵکو ١٠ مانگ نێوانیانە، بەڵام نازانم بۆچی ئەم بەڕێزە ژمارە دووەمی ئۆرگیناڵە نادەستکاری کراوەکەی دانەناوە، کە ئەو ژمارەیە، لە مانگی ئەیلولی ١٩٧٦ دەرچووە.

زۆربەی هەرە زۆری گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و بەیاننامەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە هەر شوێنێک دەرچووبێت، جارێکی تر لە ئەوروپا و ئەمریکا چاپ و بڵاوکراونەتەوە، بەڕای من ئەو ژمارە دووەش کە کاک نەوشیروان لە پاشکۆی کتێبەکەیدا، دایناوە برتییە لە چاپە ئەوروپییەکەی **(ڕێبازی نوێ)**، لەم چاپەدا لە ناوەڕۆک و بابەتدا هیچ گۆڕانکاریی و ئیزافەیەکی تێدا



ڕێبازی نوێ



ڕێبازی نوێ

نییە، تەنیا چەند سووکە دەستکارییەک لە شێوەی دارشتنی یەک - دوو ناونیشاندا نەبێت، بۆ نموونە لە لاپەڕە (١) بۆ ناونیشانی **(وتەی ژمارە)** وشەی **(وتە)** بە دوو **(و)** نووسراوە، بەڵام کە جارێکی تر لە ئەورووپا چاپکراوەتەوە، یەک **(و)** داندراوە، هەروەها لە چاپی دووەمدا نیشانەی حەوت خراوەتە سەر ئەم دەنگانە: **(ۆ)** و **(ێ)** و **(ڵ)**، هەروەها وەکو لە پێشەوە ئاماژەم پێدا مێژووی دەرچوونەکەشی دوو مانگی خراوەتە سەر.

بۆ ڕاستی و دروستی قسەکانم وا وێنەی هەردوو چاپەکەی ژمارە (٢) دەخەمەڕوو، هیوادارم لێکۆڵەران و پسپۆڕانی بواری ڕۆژنامەگەریی کوردی ئەم هەڵەیە ڕاست بکەنەوە، کە ژمارە (٢)ی ئەسڵی **(ڕێبازی نوێ)** مانگی ئەیلولی ١٩٧٦ دەرچووە، نەک مانگی تشرینی دووەمی ١٩٧٦.

هەواڵنامەی کتێب

# میدیا و دەسەڵات

**ڕاستی باوەکر**



ئەم ناوونیشانەی سەرەوە کتێبێکی **(هێرش ڕەسوول)**ی مامۆستای بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانییە چاپکراوی ژمارە (٢)ی ڕۆژنامەی **(چاودێر)**ە و لەساڵی ٢٠٠٨ لە سلێمانی چاپکراوە.

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە بریتییە لە (٢٢) دیدار لەگەڵ ڕۆژنامەنووس و نووسەر و ڕووناکبیر و سیاسەتمەدارانی کورد، لەکاتی جیاجیا سازدراون. بێگومان کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئەو دیدارانە لە کتێبێکی سەربەخۆ کارێکی ڕێک و پێک و چاکە و خزمەتێکی باش بە ڕووناکبیری نەتەوەکەمان دەگەیەنێ، دەرخستنی بیروڕای جیاواز سەبارەت بە ڕاگەیاندن و دەسەڵات پرسێکی زیندووە و لەگەڵ هەلومەرجی ئەم سەردەمەی ئێستاماندا گونجاوە.

هەر دیدارە و تەوەرێکی جیای لەخۆگرتووە... نووسەر و ڕووناکبیر ئاراس فەتاح سەبارەت بە کایەی سیاسی لە کوردستان و ئازادی ڕۆژنامەنووس دواوە و ئاماژەی بە نەبوونی پسپۆڕی لەکاری ڕۆژنامەنووسی دا دەکات.

بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، **(ئازاد جوندیانی)** **بیروڕای خۆی دەربارەی حیزبی کوردی و ئازادی ڕۆژنامەنووسی (ی.ن.ک) وەک نموونە خستۆتە ڕوو** و دەڵێت: **(ئازادی ڕا دەربڕین لە کوردستاندا، لە ڕۆژنامە حیزبییەکانەوە سەری هەڵداوە).**

بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای ئاوێنە **(ئاسۆس هەردی)**.. ناوونیشانی تەوەرەکەی **(میدیای ئەهلی و ئازادی ڕۆژنامەنووسییە)** تێیدا.. گوتوویەتی: **(گەندەڵی خاوەن بەرژەوەندییە تایبەتەکان ئاستەنگ و گرفتی سەرەکی ڕۆژنامەنووسن).**

**(بەختیار عەلی)**ی نووسەر و ڕووناکبیریش، لە تەوەرەکەی دا بە ناوونیشانی **(لە نێوان ئازادی ڕادەربڕین و کایەی سیاسی لە کوردستاندا)**، ئەوەی دەربڕیوە کەوا لە کوردستاندا تەنیا ئەو خەڵکانە دەتوانن بێ کێشە بنووس کە ڕاستەوخۆ لەسەر دەستەبژێری سیاسی و نهێنییە ئابورییەکان نانووسن.

خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی هەولێریش **(ڕێبوار کەریم وەلی)**.. لەبابەتی **(میدیای**

**ئەهلی و ئازادی رۆژنامەنووسی)دا.** دەڵێت: چەند دروستکردنی پردێک بۆ شارێک گرنگە.. هێندەش تەرخانکردنی بودجەیەک بۆ دەربڕینی ئازاد گرنگە.

**(د. سامان فەوزی)** پسپۆڕ لە یاسای راگەیاندن، لە دیدارەکەیدا کە بە ناوونیشانی **(ئازادی رادەربڕین و لە روانگەی یاسا و ئێتیکەوە)**ە تێیدا دەڵێت: **(بە هەڵە دا دەچین گەر پێمان وابێت تەنها یاسای چاپەمەنی هەرێمی کوردستان، کاروباری رۆژنامەنووسیی لە هەرێمی کوردستاندا رێکدەخات).**

سەرنووسەری گۆڤاری **(هەفتانە)** (ستران عەبدوڵلا)، لە باسی ئازادی رۆژنامەنووسیی لە نێوان میدیای حیزبی و ئەهلییدا، دەڵێ: **(باشتر وایە حیزب لە جێی دەرکردنی رۆژنامە پشتیوانی لە دەرکەوتنی رۆژنامە و میدیای ئەهلی، سەربەخۆ و ناحیزبی بکات و پەیوەندییەکی بنیاتنەرانەیان لەگەڵ دروست بکات).**

(گۆران عەبدوڵلا)سەرنووسەری رۆژنامەی ئەلکترۆنی دەنگەکان، لە دیدارەکەیدا دەڵێت: **(زۆر گرنگە رۆژنامەی ئەلکترۆنی لەسەر پێیەکانی خۆی دابندرێت و بەدەم و چاوێکی شێواوەوە حزور و پەیدا نەکا لە میدیای کوردیدا..).**

**(ڤینۆس فایەق)** نووسەر و رۆژنامەنووس لە تەوەرەکەیدا دەڵێت: **(حکومەت باوەڕی بەوە نییە رۆژنامەنووسی دەسەلات بێت، باوەڕی بەوە نییە رۆژنامەنووسی لە توانایدا بێت بانگەشە بۆ گۆڕین بکات).**

**(عەبد عارف)**ی سەرنووسەری رۆژنامەنووس **(هاوڵاتی)**، لە تەوەری ئازادی رۆژنامەنووسی لە کۆمەڵگای داخراودا، دەڵێت: **(ئەوانەی بە میدیا دەڵێن دەسەلاتی چوارەم بچووکی دەکەنەوە بۆ ئاستی (٣) دەسەلاتەکەی دیکە).**

**(عەدنان عوسمان)**ی سەرنووسەری رۆژنامەی **(رۆژنامە)**، لە دیدارەکەیدا دەڵێت. **(بۆشایی لەنێوەندی سیاسی و رۆژنامەنووسی لە کوردستاندا زۆرە..).** نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان **(فەرهاد عەونی)**، لە دیدرەکەیدا .. دەڵێ **(لە روانگەی را دەربڕیندا هەندێ جار هاوڵاتییان یاخود دەسەلاتی سیاسی تەجاوزیان دەکرێت...).**

نووسەر و لێکۆڵیار **(فەرید ئەسەسەرد)** لە تەوەرەکەیدا دەڵێت: **(هەڵوێست وەرگرتن لە مەسەلەی ئازادی را دەربڕین بەرژەوەندی و ئایدۆلۆژیای لە پشتەوەیە..).**

**(کاوە محەمەد)**ی سەرنووسەری رۆژنامەی **(کوردستانی نوێ)**.. ئاماژەی بەوە دەکات کەوا **(مەرج نییە دەسەلاتی چوارەم لە رێگەی سەندنەوەی ئەو پانتاییە لە رۆژنامەی حیزبی بەجێبێت).**

پ.ی.د. (کەمال سەعدی) پسپۆڕی یاسای رۆژنامەنووسی. بەم جۆرە ئاخاوت: **(بۆ ئەوەی میدیا لە کوردستاندا ئازاد بێت و ببێتە دەسەلاتی چوارەم، باشترین شت ئەوەیە سیستەمی وەرگرتنی مۆڵەتی پێشینە لاببرێت..).**

**(مەریوان وریا قانیع)** نووسەر و رووناکبیر، بەم جۆرە رای خۆی لەسەر ستراژییەتی بێدەنگ کردنی دەنگە رەخنەییەکان کارناکات، بەڵکو لەسەر ستراژییەتی بێ نرخ کردنی دەنگە رەخنەییەکان کار دەکات).

**(د. مەغدید سەپان)**.. بیروراکەی بەم شێوەیە: **(لە قسەکردن تەواو ئازادی .. نەمزانیوە کەسێک لەسەر قسەکردن لەم دووساڵەی دوایی گیرابێت).**

**(مەلا بەختیار)**ی سیاسی و رووناکبیر، لە تەوەرەکەیدا، بەم شێوەیە بیروراکانی دەردەبڕێت: **(دەبێ بزانین چۆن فشار ئازادی رۆژنامەنووسی لەسەر دەسەلاتی بەکاردێنێ، تاوەکو ناچاری بکەین گوێ لە قسەکانت بگرێ...)**

رۆژنامەنووس **(مەم بورهان قانیع)**، لە دیدارەکەیدا. دەڵێت: **(بوونی پەیمانی کاری رۆژنامەنووسی، تاکە پێوەر نییە بۆ چەسپاندنی بنەماکانی ئەخلاقی رۆژنامەنووسیی لە میدیای کوردیدا).**

**(د. محەمەد دلێر ئەمین)**.. لە تەوەرەکەیدا ئاماژە

بەوە دەکات کە ڕۆژنامەی ئازاد ئەرکی گەورە و مێژوویی لە ئەستۆیە.
سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەبات **(نەژاد عەزیز سورمی)** وا ئاخافتووە: **(ئازادی را دەربڕین لە ڕۆژنامەنووسی کوردییدا هەبووە، هەندێ جار چونکە یاسایەک بۆ ئەم مەبەستە لە گۆڕێ نەبووە).**
**(نیهاد جامی)** نووسەر و رووناکبیر.. ئەویش بەم شێوەیە بیروڕای خۆی دەردەبڕێت: **(ئازادی رادەربڕین لای ئێمە هێندە دەستەواژەیەکی سیاسییە بۆ فریودان، نەیتوانیوە چەمکێک بێت بۆ خولقاندنی جیاوازی..)**
شایانی باسە ئەم کتێبە دوای کتێبی **(ڕۆژنامەی ئەهلی باشووری کوردستان)** دووەم کتێبی نووسەرەو دەستخۆشی لێ دەکەین و لەگەڵ هیوای سەرکەوتن و بەرهەمی بەپێزتر.

# گوڵی کێوی ماڵئاوایی لێکردین
# ١٩٣٥ ـ ٢٠٠٨

ئازاد زیارەتی

ئەم ناوونیشانەی سەرەوە لە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان و ئامادەکردنی حەمید ئەبوبەکر بەدرخان بەبۆنەی کۆچی دوایی دوکتۆر ئیحسان فوئاد، بە چاپێکی ڕێک و پێک و جوان کەوتە بەردەستی خوێنەران.

ناوەڕۆکی کتێبەکە سەرەتا بە ژیاننامەی زانستی د. ئیحسان فوئاد دەست پێ دەکات لە ئامادەکردنی حەمید بەدرخان و نەریمان خۆشناوە.


لەو ژیاننامەیەدا دەڵێت: ئیحسان کوڕی کەریم بەگی کوڕی حەمەد بەگی قادر پاشایە و لە ١٩٣٥/٨/٢٣ لەشاری هەولێر لەدایک بووە و هەر لەوێش ئامادەیی تەواوکردووە لەساڵی ١٩٥٣ چۆتە خانەی مامۆستایانی باڵا لەبەشی ئینگلیزی لەبەغدا وەرگیراوە و لەساڵی ١٩٥٧ تەواوی کردووە و بۆتە مامۆستا لە سلێمانی.

- بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا چۆتە یەکێتی سۆڤییەت و ماستەر و دوکتۆرای لە ئەدەبی کوردی تەواوکردووە.
- ساڵی ١٩٦٧ گەڕاوەتەوە و بۆتە سەرۆکی بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا.
- لەدوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ کراوەتە بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری کوردی لە بەغدا.
- لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە



کوردستان و لە زانکۆی سلێمانی دامەزراوە و بۆتە یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ تا ساڵی ٢٠٠٧ خانەنشین بووە.
- لە ڕۆژی ٢٠٠٨/٦/٢ لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد.
- بەرهەمە نووسراوەکانی دوو دیوانە شیعر بەناوی (دواچریکە ١٩٧٣، گوڵی کێوی ١٩٧٣) و دراسات معاصرة ١٩٧٥، لێکۆڵینەوە و فەرهەنگی قوتابیان ١٩٨٥ لەگەڵ نووسەرانی دیکە و زمانی ئەدەبی کوردی ١٩٧١ بۆ پۆلی

یەکەمی ناوەندی و مێژووی نوێ و هاوچەرخی نیشتیمانی عەرەب ١٩٨٣ لەگەڵ نووسەرانی دیکە.
هەروەها چەندین وتارو لێکۆڵینەوەی دیکە.
ئەوەی لێرە جێی بایەخی گۆڤارەکەمانە، دەوری د. ئیحسان لە بمواری رۆژنامەوانییە، کە لەساڵی ١٩٦٠ ئەندامی دەستەی نووسەرانی هەردوو گۆڤاری بڵێسە و **(رۆژی نوێ)** بووە، لەوەی دواییان رۆڵی دیاری هەبوو.
لەساڵی ١٩٦٥یش ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری **(پرشنگ)** بووە لەساڵی ١٩٧٤ ـ ١٩٧٥ سەرنووسەری گۆڤاری رۆشنبیری نوێ و ئەستێرە بووە لە بەغدا.
سەرنووسەری گۆڤاری **(مادیا)** ٢٠٠٤ ـ ٢٠٠٨ بووە.
جگە لەمانە هەمووی بڵاوکراوەیەکی دیکەیان بەناوونیشانی **(الثقافة الكردية)**، کە ژمارەیەکی کراوەتە **(دیاریی ژمارە)**ی ئەم ژمارەیەی گۆڤارەکەمان، دەرکردووە.
ـ ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نووسەرانی کورد بووە. لەساڵی ١٩٧٠.
ـ ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی بوو.
ـ بابەتی دواتر دیدارێکی حەمید بەدرخان لەگەڵ د. ئیحسان کە لە ژیان و ئەدەب و بە دووروودرێژی دواوە.
ـ پاشان ئەو وتارانە دێن کە بۆ کۆچی دوایی د. ئیحسان فوئاد نووسراون بە **(یحسان فوئادی هاوڕێم)**ی د. مارف دەست پێ دەکات کە باس لە رۆژگاری خوێندنیان لە سۆڤییەت و پلەی هاوڕێیەتی خۆی و د. ئیحسان دەکات و لەیەکتر نزیک بوونە و تا کۆچی دوایشی هاوڕێیەتییان هەر بەردەوام بووە.
ـ عومەر مارف بەرزنجیش (لەپلەی خاوەنی ویژدانێکی ئەدەبیدا، وتارێکی نووسیویە پوختی نووسیوە و لە وێستگە رۆشنبیرییەکانی شیعر و رۆژنامەوانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، د. ئیحسان دواوە.
باکووریش بەناوی **(نموونەیەک هەستی شەشەم)** یادگارێکی گێڕاوەتەوە
ـ پاشان ئەم وتارانە خوێندراونەتەوە.
ـ بۆ چلەی مامۆستای ناوبراو هاوڕێی شیرینم د.



ئیحسان فوئاد. محەمەد نوری تۆفیق

- شینی ئەم جارەمان بۆ شاعیری گوڵی **(کێوی)**یە - مستەفا ساڵح کەریم.

- ئاهێکی سەرد بۆ د. ئیحسان فوئاد - د. هیمداد حوسێن

- د. ئیحسان فوئاد: کۆڵەگەیەکی ئەدەبی نوێی کوردی هەردەم دەمێنێتەوە - مومتاز حەیدەری

- گەورەم چیت لەبارەوە بنووسم ..!؟ - عەبدوڵڵا زەنگەنە

- ئیحسانی نەمر - ع.ی. شەونم

- لە چلە و کۆستی بیری کوردایەتی **(دوکتۆر ئیحسان فوئاد)**دا - حەمەسەعید حەمە کەریم جاف

- سەفەر - جەوهەر کرمانج

- هەزار سلاو بۆ گیانی پاکی د. ئیحسان فوئاد

- جەمال عەبدوڵڵا

- د. ئیحسان فوئاد پیاوە روح سووکەکە - عەبدولقادر شکاک

- سەدای گرییەم نییە...! - مەحموود زامدار

- **(دکتۆر ئیحسان فوئاد)** بوو یەکەم ریپۆرتاژی بۆ بلاوکردمەوە- نازم دڵبەند

- چەپکە پەیڤێک بۆ عاشقە گەورەکەی کوردستان **(کاکە شوان)** - باوکی ئامانج

- بەیادی پیاوێک سافتر لە ئاوی کانی - غەفور ساڵح عەبدوڵڵا

- ماڵئاوا . د. ئیحسان فوئاد، د. ئیحسان فوئادی هەولێریش ماڵئاوایی لێکردین حەمید ئەبوبەکر بەردخان

- ٦/٢ و دواچرکەی ماڵئاوایی بۆ گیانی ئارامی د. ئیحسان فوئاد ـ رووناک مەحموود بۆمبا

- دەستە گوڵێک لەسەر مەزاری مامۆستای دوکتۆر ئیحسان فوئاد کۆچ و یاد - د. ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید

- کۆچی دوایی د. ئیحسان فوئاد زیانێکی گەورەبوو بۆ ئەدەب و رۆشنبیری کورد بەهادین نوری

- گوڵی کێوی .. ماڵئاوایی لێ کردین - پ.د وریا عومەر ئەمین

- لەیادی چلەی خوالێخۆشبوو **(د. ئیحسان فوئاد)** - د. عومەر پەتی

-فیلمێکی دیکۆمێنتی لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی

- د. ئیحسسان فوئاد تێیدا کۆمەڵێک رووناکبیر و نووسەر لەبارەی خوالێخۆشبوو دواون

- دواوتاریش وتاری محەمەد سەعید ساڵح بەبۆنەی چلەی د. ئیحسان فوئاد

- تینی بەرگی بەرهەمەکانی نمایش کراون

- ئینجا نۆرەی بەڵگەنامەکان دێت و پاشان ئەو بروسکە و وتارانەی بۆ چلەی نێردراون و نووسراون، کە ژمارەیەکی زۆر بروسکە لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان بۆ بنەماڵەی کۆچکردوو و د. کەمال فوئادی برای نێردراون و خەم و پەژارەی خۆیان بەبۆنەی کۆچی دوایی د. ئیحسان دەربڕیبووە.

- دیداری بابەت لەگەڵ پەروین و کامل ژیر سەبارەت بە ئیحسان فوئاد کە لە گۆڤاری **(مادیا)** بلاوکراوەتەوە.

- پاشان وتاری بنەماڵەی خوالێخۆشبوو لەلایەن د. کەمال فوئاد خوێندراوەتەوە، ئیتر سوپاس و هەستی خۆی بۆ هەموو ئەوانە دەربڕیوە کە بروسکەو وتاریان نووسیوە و سەرەخۆشیان لێ کردووە و دڵنەواییان کردوون.

- چلەی ماتەمی د. ئیحسان فوئاد لە ۲۰۰۸/۷/۹ لە سلێمانی بەڕیوەچووە - مەسعود ئیبراهیم هەمزە نووسیویە.

- دوا وێستگەی ئەلبۆمی وێنەکان کە ژمارەیەکی زۆر وێنەی لەخۆگرتوو، لە هەوارە جیاجیاکانی تەمەنی د. ئیحسان فوئاد بەتایبەتی لەگەڵ قوتابیانی بەشی کوردی و خێزانی و لەگەڵ دۆست و برادەرانی و لەکاتی جیاجیادا.

- بێگومان کۆکردنەوەی ئەم وتار و بەڵگەنامە و وێنە و ژیاننامەی خوالێخۆشبوو کارێکی تا بڵێی شایەنە وەک وەفایەک بۆ گیانی کۆچکردوو.

دەست خۆشی لە دەزگای بەدرخان و حەمید بەدرخان دەکەین.

# خراپی ڕۆڵی رۆژنامەوانی عیراق لە خۆشکردنی ئاگری ڕووداوەکانی سێمێل لە ساڵی ١٩٣٣ دا




ئەکەد موراد
وەرگێڕانی: رابەر ئازاد

ڕووداوەکانی شەڕی یەکەمی جیهان و ئەو ڕووداوانەی کە لەگەڵ خۆی هێنا شوێنەوارێکی زۆر خراپی لەسەر باروذۆخی گەلی کلدۆ سریانی ئاشوری لەو ناوچانەی کە ئەوان تێیدا دەژیان هەبوو کە پتر لە نیو ملیۆن شەهیدی لێ کەوتەوە و زۆربەی ئەو گوندو ناوچانەی کە بەهەزاران ساڵە تێیدا دەژین خاپوور کراوە. لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق ژمارەیەکی زۆری ئەوانە لە ناوچە جیاجیاکاندا لە ناو عیراق لە باروذۆخێکی ناسەقامگیر دەژیان، ئەویش بەهۆی ئەو شەڕو ڕووداوانەی کە بەسەریاندا هات، کە ئەو سەردەمە هەندێ داخوازی درانە کاربەدەستان بەمەبەستی نیشتەجێ کردنیانەوە، بەڵام وەڵامی حکومەتی عیراق زۆر توندبوو، کە لە ئاکامیدا کوشتارگەری دیکەی لە ناوچەکانی دهۆک ڕوویاندا کە گەورەترینیان کوشتارگەی سێمێلی ساڵی ١٩٣٣ بوو.

ئەوەی رۆژنامەوانیی عیراقی لە بارەی ئاشوورییەکانەوە نووسیویانە:

عەلوان ئەبو شەرارە ناوی خوازراوی موسا شابەندەری نووسەرە، کە زنجیرەیەک سەروتارو بابەتی ورووژێنەری لە نێوان ساڵانی ١٩٢٨-١٩٣٣ لە دژی گەلی ئاشووری و داخوازییە ڕەواکانی لە رۆژنامەکانی ئەو سەردەمەی وەک **(الوطن العربي – الطريق)** دەردەچوون، نووسیووە، کە رق و تووڕەییان بەسەر ئاشوورییەکان دارشت و هەولدراوە وا نیشان بدرێت کە ئەوان لەگەڵ ئیستعمارو دەرەوە هاوکاری دەکەن و پیلان لە دژیی دەوڵەتی عیراق دەگێڕن. ئەوە جگە لە نووسەرانی دیکەش.

ئەو بابەتانە بە شێوەیەکی خراپ کاری لە بەشێکی زۆری رای گشتی عیراق کرد بۆ ئەوەی لە دژی داخوازییە سادە ڕەواکانی گەلی ئاشووری بوەستن. جا لەبەر ئەوەی راگەیاندنێکی وانەبوو راستییەکان روون بکاتەوە




و ساختەکاری ئەو نووسینە دوژمنکارانە ریسوا بکات، کە لە بازنەی بۆچوونەکانی دەستەبژێری دەسەڵاتدار لە عیراق دەخولایەوە، ئەوانەی قوتابی قوتابخانەی عوسمانی بوون، کە خاوەنی سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانەبوون لە بەرانبەر ئەو نەتەوانەی کە لە ژێر سایەی حوکمی ئەوان بەیەکەوە دەژیان.

بارودۆخەکەیان، خۆش کرد و لە ئاکامدا ڕووداوەکانی سێمێلی لە دژی خەڵکی بێ تاوانی لێ هاتە دی، کە چوار هەزار هاووڵاتی منداڵ و ئافرەت و پیری تێدا کوژرا، ئەوە جگە لە وێرانکردنی نزیکەی (٨٠) گوندی ئاسووری لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی شاری دهۆکدا.

ئەو ڕووداوەماڵوێرانییە و شوێنەواری خراپی بەسەر گەلی کلدۆسریانی ئاشووری مافی پێویستی خۆی لەلای زۆربەی نووسین عیراقییەکان نەدراوەتێ. ئاماژەکردن بە ڕووداوی داخوازیی ئاشوورییەکان لە نووسینەکاندا وێنەیەکی تەڵخ یان لای کەم نا ڕوونیان نیشانی ڕووناکبیری عیراقی داوە، کە لەسەر ئەو بنەمایە ڕۆشنبیرییەک لای ڕای گشتی دروست بوو کە هەتا هەنووکەش هەوڵدەدرێت خۆی لێ بەدوور بگرن و لەکاتی پێویستیش بەشێوەیەکی ناتەواو باس دەکرێت.

تەنانەت کاریگەریی بەسەر ئەو قانون و دەستورانەی عیراقیشەوە هەبووە یان کە هەر لە ڕۆژگاری دروست بوونی دەوڵەتی عیراقەوە و تا ئەمڕۆکەش فەرامۆشکردنی مافی ڕەوای ئەو نەتەوانەی لە عیراق دەژین. ئەو ئاماژانە کە هەشن لە بارەی کەمینەکانی دیکەی دوای عەرەب و کورد، تەنانەت لە دوای گۆڕانی ڕژێمی پاشایەتی عیراقیش بۆ کۆماری لە ساڵی ١٩٥٨. بۆ ئاماژەکردن بەگرنگترین ئەو بەڵگەنامانەی کە بەر لە ڕووداوەکانی سێمێل دەرچوونە پیاوانی عەشیرەتەکانی ئاشووری و پێشەوای ئایینیان هەندێ داخوازی سادەیان داواکردووە، کە ڕژێم لەڕێی ڕاگەیاندنەوە هەڵیان گێڕانەوە کە ئەوە پیلانگێڕانە بۆ سەر دەوڵەت و هەوڵدانە بۆ لەقکردنی پێگەی حوکم و زۆر لەو درۆو دەلەسەی دیکە کە ڕاستییان تێدا نەبوو و هەروەها بەهەڵەبردنی ڕای گشتی عیراقی لەڕێی ڕاگەیاندنی درۆزنانە.

**بەڵگەنامەی ئامێدی:**

لەناوەڕاستی مانگی حوزەیرانی ١٩٣٢ و لە دوای کۆبوونەوەی پیاوانی ئایینی و عەشیرەتەکانی ئاشووری بەسەرۆکایەتی پەتریک شەمعون لە ناوچەی ئامێدیە ئەو بەڵگەنامەیەی خوارەوە نووسرا کە داخوازیی سادەی تێدا هاتبوو کە لەو برگانەی خوارەوە چڕ دەبنەوە:

١- داننان بەئاشوورییەکان وەک بەشێک لە گەلی عیراق لەسەر بنەمای نەتەوە نەک تایفەی ئایینی.

٢- کارکردن بۆ گێڕانەوەی ناوچەکانیان لە هەرێمی هەکاری و بخرێتە سەر عیراق و تەرخانکردنی پارە بۆ چاککردنەوەی ئەو کەنیسانەی کە وێران کراون لەسەردەمی شەڕ.

٣- لەو کاتەی کە برگەی (٢) سەرەوە جێبەجێ نەکرا، ئاسوورییەکانی هەکاری لە شاری دهۆک و دەوروبەری نیشتەجێ بکرێن.

دانانی لیژنەیەک بۆ دابەشکردنی زەوی بەسەر ئاشوورییەکان بۆ چاندن و بەناویشیان تۆمار بکرێت، بەبێ ئەوەی دەست لە زەوی کوردەکان بدرێت، ئەوانەی لە کۆبوونەوەکە ئامادەبوون دەریان بڕی کە پێویستە بە ئاشتی بەیەکەوە لەگەڵ کوردەکان بژین، پێویستە فەرمانبەری ئاشووری و کورد لە ناوچەکە دابمەزرێنرێن.

٤- حکومەتی عیراق دان بە دەسەڵاتی ڕوحی و دنیای مارشەمعون بەسەر ڕۆڵەکانی بێت هەروەک لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیشدا بوو، هەروەها مارشەمعون نیشانەیەکی بەرزی بدرێتێ.

٥- ئاشوورییەکان نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن و وەک نوێنەر لە پەرلەمانی عیراق بناسرێ.

٦- خوێندنی زمانی سریانی لە پاڵ زمانی دەوڵەت لە یەکێ لە قوتابخانەکانی شاری دهۆک.

٧- تەرخانکردنی یارمەتی دارایی بۆ پیاوانی ئایینی ئاشووری.

٨- دروستکردنی نەخۆشخانەیەک لە دهۆک و تیمارخانەش لە قەزاو ناحیەکانی سەر بەدهۆک.

٩- سەرەڕای ئەو بڕگانە، پێویستە دەستەبەری ئاسایشی سەقامگیری ناوچەکە بکرێ لە ناکۆکی عەشیرەتی و تایفی.

لە کۆتاییدا سڵاو خۆشەویستی بۆ گیانی شەهیدانی سیمێل و شەهیدانی ئازادی لە هەر کوێیەک هەن.

سەرچاوەکان:
- الاشوريون والمسألە الاشوريە ق. ب ماتفييف.
- الاشوريون فی السياسه والتاريخ العام . اپرم شبيرا.
- جريده بهرا اعداد مختلفه.




**دانەیەکی ئەو بڵاوکراوەی کە ڕژێمی ئەوسا بە فڕۆکە بەسەرگوندە ئاشوورییەکاندا، بە مەبەستی خۆ بەدەستەوەدانی خۆیان و چەکەکانیان، بڵاویان کردبۆوە، بەڵام لەدوای خۆبەدەستەوەدانیان ڕژێم شاڵاوی بردە سەر گوندەکانیان و تەفروتونای کردن.**

# من دەزانم ڕۆژنامەنووسم



**ئیدریس عەبدوڵڵا**

بەر لە هەر شتێک ئەو کەسەی بە نیازی کاری ڕۆژنامەنووسییە، دەبێ بزانێ چی دەکات؟ لەوانەیە لێرەدا یەکێک پرسیار بکات، بڵێت: ئەگەر یەکێک کارێک بکات، چۆن نازانێت چ کارێک دەکات؟ بەڵام لە ڕاستیدا ئەم پرسیارە لەجێ نییە، چونکە مەبەست ئەوە نییە، کەسە ئیشکەرەکە وەکو ناونیشان بزانێ چ ئیشێک دەکات؟ بەڵکو مەبەست ئەوەیە کەسە ئیشکەرەکە وەکو ئەرک بزانێ چ ئیشێک دەکات، کە ئەمانەش دوو شتی لەیەک جیان، ئەوەتا دەشێ زۆرکەس هەبێ کار بکات، بەڵام نەزانی چی دەکات! زۆرجار ڕۆژنامەنووس وا دەزانێ تەنیا بۆ ئەو دەزگایەی کاری تیا دەکات، مانگانە بابەتێک، یان دووان و سییان ئامادە بکات، جا بەهەر چۆنێک بێت، ئیتر بەوە دەربازی بێ و کارەکەی لێ پەسند بکرێ. یانیش لەوانەیە ڕۆژنامەنووسەکە خۆی لە کاری ڕۆژنامەنووسی بدزێتەوەو بە سەرپەرشتیکردنی چاپ، یان کارێکی دیکەی کارگێڕی بکات و کارە بنەڕەتییەکەی خۆی نەکات. هەموو ئەوانەش لەوە سەرچاوە دەگرن، کە ڕۆژنامەنووسەکە بەرچاوڕوون نییە لەوەی، چی دەکات و دەبێ چی بکات؟ لەبەرئەوە بۆ کەسێک کە بییەوێت ببێتە ڕۆژنامەنووسێکی سەرکەوتوو، پێویستە هەر زوو بزانێ چی دەکات، چونکە ئەگەر زانی چی دەکات، ئەوسا دەشزانێ بۆ ئەو کارەی چیی پێویستەو چۆن ئەو کارەی ئەدا دەکات.

بێل ڕۆژنامەنووسێکی ئێرلەندییە، دەرچووی پەیمانگای پێگەیاندنی ڕۆژنامەنووسانە، لە ماڵەوە کار دەکات و دەزانێ ئەو کارەی دەیکات، کاری ڕۆژنامەنووسییە، بۆیە ڕاپۆرت و بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانی بۆ هەر کوێیەکیان بنێرێ ڕەواجی هەیە، بە زوویی بۆی بڵاودەبێتەوەو خوێنەرێکی زۆر شتەکانی دەخوێننەوە. کەوابێ بێل ڕۆژنامەنووسێکی سەرکەوتووە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە: لە بەرچی بێل ڕۆژنامەنووسێکی سەرکەوتووە؟ بە واتاییەکی تر: چی وای کرد بێل ببێتە ڕۆژنامەنووسێکی سەرکەوتوو؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارانە، دەبێ بۆ لای بێل بگەڕێینەوە، بزانین خۆی چی دەڵێت، خۆی ئەو سەرکەوتنەی خۆی بۆ چ هۆکارێک دەگەڕێنێتەوە؟

بێل لە وەڵامدا دەڵێت: هۆکارێکی زۆر هەنە وام لێدەکەن وەها لە کاری ڕۆژنامەنووسیم سەرکەوتوو بم، بەڵام هۆکاری بنجی ئەوەیە، کە دەزانم چی دەکەم. بەڵێ: من دەزانم ڕۆژنامەنووسم، کاری سەرەکیم تیشک خستنە سەر ئەو بابەتانەیە کە جەماوەر پێویستییانە، کارم فراوانکردنی ئاسۆی بیر و بەدەمەوە هاتنی هاووڵاتیانە، کارم ڕوونکردنەوەی ڕاستیەکانە، نەک چەواشەکردن، دەستنیشانکردنی

چارەسەری کێشەکانە، نەک بە تەنیا خستنەڕووی کێشەکان، بچووککردنەوەی گرفت و قەیرانەکانە، بە دەرخستنی بەدیلە بەردەستەکان، من نایێم بڵێم: ئایدز بەڵاییکە دەیان ملیۆن کەس بە هۆیەوەی دەناڵێنن. بەڵکو دەڵێم: ئایدز بەڵاییکە دەیان ملیۆن کەس بە دەستیەوە دەناڵێنن، بەڵام هۆکارەکانی خۆ دوورگرتنیش لەو بەڵایە ئەمانەی خوارەوەن. من ناڵێم ئایدز بێ چارەسەرییە، یان لە فڵانە تاقیگا، پزیشکێک چارەسەرێکی تایبەتی بۆ ئایدز دۆزیوەتەوە، کە تێچووەکەی بۆ هەر تووشبوویێک دە ملیۆن یۆرۆیە؟! ئاخەر ئەم جۆرە چارەسەرییە هەبێ و نەبێ تووشبوویێکی کەم دەرامەت چ سوودێکی لێ دەبینێ؟ چۆن دەتوانێ دڵی پێ خۆش بکات؟ من ئەگەر ئەمەم گوت دەبمە ڕیکلامکەر بۆ ئەو جۆرە دەرمانە گرانبەهایەو ڕەواجیش دەدەم بۆ بەردەوام بوونی هاووڵاتیانی میللەتەکەم لەسەر ئەو هۆکارە خراپانەی بەرەو ئەو نەخۆشییەیان دەبەن، بەمە نە پەیامێکم دەمێنێ بیگەینم، نە جەماوەرێکیش دەبێ بۆی ببمە چراییێکی ڕوون و دڵ بە بابەتەکانم خۆش بکات. بۆیە من لەگەڵ چارەسەری واقیعی و گشتیم نەک شتی سنووردارو تایبەت، دەمەوێ خزمەتی هەمووان بکەم، نەک هی چین و توێژێکی جیا لە زۆرینەی جەماوەر. واتە: بە شێوەییێکی گشتی، من دەمەوێت هۆکارێک بم بۆ پاراستنی ئاسایشی دەروونی هاووڵاتی، نەک ببمە هۆکارێک بۆ تێکدانی میزاج و شێواندنی ئاسایشی دەروونی هاووڵاتی، هۆی سەرکەوتنیشم پێم وایە هەر ئەوەیە، بۆیە لەسەر ئەو ئاراستەیە لە خزمەتکردن بەردەوام دەبم و خۆم بە کارەکەم دڵخۆشم و خوێنەریش داوام لێدەکات زیاتر شتیان بۆ بنووسم و کەمتەرخەمی نەکەم.

هەرچی هەڵۆیە ئەو ڕۆژنامەنووسێکی لای خۆمانە، هەڵۆ بە پێچەوانەی بێل کاردەکات، دەزانێ ڕۆژنامەنووسە، بەڵام نازانێ بۆچی ڕۆژنامەنووسە، دەزانێ شت دەنووسێ، بەڵام نازانێ چی دەنووسێ، لەبەرئەوە هەڵۆ یەکێکە لەوانەی خوێنەر نایناسێ، ئەگەر هەزاری وەکو هەڵۆش هەبێ، کەس ناڵێ باری پاقڵەت بە چەندی؟! لە هەڵۆ دەپرسم تۆ بۆچی وەهای؟ هەڵۆ توڕە دەبێ! بە سەیرییەکەوە تەماشم دەکات، کەمێک لێم موڕدەبێتەوە، دوای ئەوە بە دەنگێکی پڕ لە ڕق و ناڕەزاییەوە پێم دەڵێت: بۆچی چیمە؟ تۆ دوێنێ بوویە ڕۆژنامەنووس، ئەمڕۆ ڕەخنە لە من دەگری؟! دەڵێم: ببوورە کاک هەڵۆ، من مەبەستم ئەوە نییە وەکو ڕۆژنامەنووسێک ڕەخنەت لێبگرم، بەڵام من وەکو خوێنەرێک کە تۆ دەناسم و خزمی خۆمی، حەز دەکەم وەکو ئەو ڕۆژنامەنووسە ئێرلەندییە وەها بی، کە ناوی (**بێل**)ەو هەموو ئێرلەندییەکان بە پەرۆشی بەرهەمەکانی دەخوێننەوە. هەڵۆ دوای ئەم ڕوونکردنەوەیەم زیاترم لێ توڕە دەبێ؟! بێل کێیە؟! دەمەوێ باش ئەوە بزانی، کە من خۆم بە هەزاری وەکو (**بێل**)یش ناگۆڕمەوە، تێدەگەی؟! دواتر ئەگەر بێل خوێنەری زۆر بێ، ئەوە لەبەر ئەوە نییە ئەو ڕۆژنامەنووسێکی لە من باشتر بێ، نا نا بڕوا بەوە ناکەم، بەڵام لەبەرئەوەیە خوێنەری وڵاتەکەی ئەو زیرەک و زیندوون و وەکو خوێنەری وڵاتی من ساردو لە تەمبەل نین؟! لێرەدا منیش توڕە دەبم: ئەوە دەڵێی چی هەڵۆ؟! تۆ ڕۆژنامەنووسی و وەها تەماشای میللەتەکەت دەکەیت؟!

هەڵۆ: من وەها تەماشای ناکەم، بەس میللەتەکەم خۆی وەهایە، من چی لێ بکەم، خۆ ئەگەر میللەت خۆی نەجولێ، تۆ بڵێی من بتوانم بیجولێنم.

دەڵێم: دەنا جەناب بە قسەی ئێوە، ڕۆژنامەنووسانن کە لە هەموو جیهاندا ڕای گشتی بۆ جەماوەرەکانیان درووست دەکەن و دەیانجولێنن.

هەڵۆ: ئا ئەوە شتێکی دیکەیە، بەڵام ...

- بەڵام چی؟! نەوەڵڵا بڵێ ئێمە شت

بۆ بەرژەوەندی خۆمان دەگۆڕین و بۆ ئەوەی خۆمان لە گلەییەکی بچووک ڕزگار بکەین، ئامادەین گەورەترین یاساو باوی ڕۆژنامەگری و بەهای ژیاریش هەڵگەڕێنینەوەو بە پێچەوانەوەی بدوێین!

هەلۆ خۆی بێدەنگ دەکات و قسە چیتر فریای ناکەوێت لەم قەیرانەی ڕزگاری بکات؟! منیش تاقەتم نابێ زیاتر بۆ یەکێک بدوێم، کە خۆی بەلاوە لە میللەتەکەی گرنگتر بێ، بۆیە هەرهێندەی پێدەڵێم: بەڵێ برام. جیاوازی نێوان تۆ و بێلی ڕۆژنامەنووس لەوەدایە ئەو میللەتەکەی خۆی بەلاوە لە خۆی گرنگترەو تۆ خۆت بەلاوە لە هەموو میللەتەکەت گرنگترە!!

بێل دڵنیایە میللەتەکەی پڕ لە ڕۆشنبیر و ئەکادیمیایانی زانکۆ و مامۆستایان بە گشتی و ئەندازیار و پزیشک و خاوەن بڕوانامە گەورە زۆرەکانی بوارە مەدەنی و زانستە سیاسی و جەنگییەکانە، پڕ لە جوتیارو کرێکاری وشیارو خاوەن هەست و سۆزی ناسکە، بۆیە ڕەچاوی هەموویان دەکات و ئەگەر شتێکی نەبێ خزمەت بە هەموویان، یان هیچ نەبێ بە زۆربەیان بکات، هیچ بڵاوناکاتەوەو کات و توانای کەس بە فیڕۆ نادات، بەڵام تۆ پێت وایە لە خۆت ڕۆشنبیرتر لە وڵاتەکەت دەست ناکەوێت و هەموو خولیایەکت ئەوەیە هەموو ڕۆژێک، یان زۆربەی ڕۆژەکان شت بنووسیت و ناوت لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان بخەیتە بەرچاوی ئەو جەماوەرەی کە بەم کارانەت مافەکانیان پێشێل دەکەی، ئابوری وڵاتەکەیان لە پێناو حەزەکانی خۆت بە زیان دەبەی!

بەڵێ بەڕێز جیاوازی تۆ و بێلی ڕۆژنامەنووس ئەوەیە، ئەو میللەتەکەی دەناسی و خۆشی دەوێن، بۆیە بۆ ئەوان دەنووسێ و بۆ ئەوان دەکۆشێ، بۆیە خەڵکیش لە دەوری کۆدەبنەوەو متمانەی پێ دەدەن، بە نەمانیشی ڕێزی زۆرتری لێدەگیرێت و ناوی دەچێتە نێو لاپەڕەی دڵسۆزە گەورەکان و پیاوە ناودارەکانی وڵاتەکەی، بەڵام هەرچی تۆی، هەر خۆت دەناسی و خۆت خۆشدەوێ و بۆ خۆت دەژی، بۆیە کەس ناتناسێ و کەس ڕێزت ناگرێ و بە نەمانی هەناسەت، بۆ هەتایە ناویشت نامێنێ و کەس جارێکی تر مەگەر بە گلەیی، دەنا بە سوپاسەوە تیشکێکت ناخاتە سەر!!

تەماشای هەڵۆ دەکەم ئارەقی شین و مۆری کردووەو سەری لە گێژەوە دێت و دونیای لەبەرچاو وەکو تەنێکی نێو دەریا بە نائاسایی دێت و دەهەژێت!! منیش تێدەگەم چیتر بواری قسەم نامێنێ و لەوە زیاتر هەڵۆ ناتوانێ ئیدیکە ببیسێ، بۆیە دەمم تێکدەنێم و بە چاوەکانم ئاماژەی جیابوونەوە بۆ هەڵۆ دەکەم و لەگەڵ گوتنی: بمێنی بەخێر!! هەڵۆ جێدێڵم و جیادەبمەوە!

بەڵام پرسیارێک لە مێشکم دەمێنێتەوەو لێم جیانابێتەوە: ئایا ئەم قسانە هەڵۆ بە هۆش دێنێتەوەو گۆڕانێک دێنێ بەسەر ئەو تێڕوانین و کارانەی دەیانکات و خۆی بەرەوپێش دەبات؟ یانیش وەکو خۆی دەمێنێتەوەو زیاتر لەسەر هەڵەکانی خۆی بەردەوام دەبێت؟! ئەمەم لە ئێستادا لەلا بێ وەڵام دەمێنێتەوەو تا ماوەییک تێدەپەڕێت، ناتوانم وەڵامی بدەمەوە.

**تێبینی: ناوەکان زادەی خەیاڵن و گوزارشت لە هیچ یەکێکی دیاریکراو ناکەن.**

# لە گەڵ جەلال بەرزنجی نووسەری یەکەمی تاراوگە لە کەنەدا

◢ سازدانی: شوان سەرابی



**جەلال بەرزنجی:**

- **شیعر، هەروەها رۆژنامەوانی، رۆڵێکی مەزنیان لە پێناسەکردنی نەتەوە و نووسینەوەی خاکدا هەیە**

- **هەست دەکەم ئەو سەفەرەو ژیانی یانزە ساڵەم لە تاراوگە وەرچەرخانێک بوو لە رامانم بۆ ژیان و نووسین**

- **نووسەران لە دنیا زوو دەبنە برادەر و خاوەنی ئەو "بستە خاکەن کە لە سەری دانیشتوون"**

*** جەلال بەرزنجی لەوە ناسراوترە لەوەی ئێمە بتوانین بە چەند دێرێک بەخوێنەرانی گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس)ی بناسێنین، پێمان خۆشە لەسەر زاری خۆت بزانین جەلال بەرزنجی کێیە؟**

– وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارە ڕەنگە بۆ منیش کەمێک زەحمەت بێت، ئەگەر باسی بایۆگرافی خۆم نەکەم، دەزانم ئێوەش بایۆگرافی منتان مەبەست نییە، ئێستا تەمەنم پەنجاو شەش ساڵە، ڕەنگە بتوانم بڵێم: کەسێکم لەوەتەی لە حەفتاکانەوە دەستم بە نووسین کردووە هەوڵم داوە لە ڕێگەی هێزی وشەوە جوانی و ئارامی بێنمە ناو ژیان، بۆ ئەوەی دنیا جوانتر بکەم، ڕوانینی مرۆڤیش ناسک" .

*** بەرزنجی وەک زۆربەی نووسەرانی دیکەی کورد لە ڕێگەی ئەدەبەوە هاتۆتە ناو دنیای ڕۆژنامەگەری، لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟ ئایا بۆ ئەم سەردەمە و ئەمڕۆی کورد شیعر و ڕۆژنامەنووسی چ ڕۆڵێکیان هەیە لە بەرەو پێشەوە بردنی دۆزەکەمان؟**

– ڕاست دەکەی، ئەوەیش لەبەر نەبوونی کۆلێژی ڕۆژنامەگەری و بنکەی ڕاهێنانی ڕۆژنامەنووسان و پیشینەیەکی دوور و درێژی بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەری کوردی و نووسین لە ژێر ڕەوشی ترس بووە، بۆیە هێشتا ڕۆژنامەگەری وەک کارێکی تایبەت و پیشەیی زۆر جیاواز لە وتاری ئەدەبی و پەخشان، جوان دیار نییە. بۆ وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەتان، هەڵبەتە "شیعر، هەروەها ڕۆژنامەوانی، ڕۆڵێکی مەزنیان هەیە لە پیناسەکردنی نەتەوە و نووسینەوەی خاک". دوای خوێندنەوەی بەرهەمی فیگەرەکانی شیعری نوێی فەرەنسی بۆدلێر، ڕامبۆ و فۆرلین، فەرەنسام ناسی هەستم بە مەزنی خاک و نەتەوەکەیان کرد، کەوا چۆن ئەو بلیمەتانەیان بەرهەم هێناوە. "هۆلۆکۆس" غەدرێکی گەورە بوو هیتلەر لە شەڕی دووەمی جیهانی لە جولەکەکانی ئەورووپای کرد، ئەدەب، هونەر و سینما، ڕۆژنامەگەری کردییانە کێشەی جینۆسایدی ژمارە یەک لەجیهاندا. هەڵبەتە ڕۆژنامەنووسی جەسوور و لێزان دەتوانێ زۆر خێراتر بە وشە، وێنەی دۆزەکەمان بکات و بیگوازێتەوە بۆ دنیا بۆ پەیداکردنی پشتگیری.



بەشداری لە فیستیڤاڵی ساڵانەی شیعری لە (ئیدمنتۆن)




چاوپێکەوتنی لەگەڵ گۆڤاری (ئارت)


*** بەو پێیەی بەڕێزتان لە بواری ڕۆژنامەگەری دوێنێ، واتە ساڵانی حەفتاکان ئەو کاتەی قوتابی بوون لە ئامادەیی کوردستان کارتان لە ڕۆژنامەی "ڕەهێڵە، بیری نوێ و چوارچرا" کردوە، حەزدەکەین باسی ئەزموونی ڕۆژنامەگەری خۆتمان بۆ بکەیت، ئایا لە کەنەدا هیچ چالاکییەکتان لەم بارەیەوە نواندووە؟**

– ئەوکاتەی لەحەفتاکان لە **(ئامادەیی کوردستان)** لەگەڵ چەند هاوڕێیێکی قوتابی **(کاردۆ گەلالی، عەبدوڵڵا زەنگەنە، تاهیر حوسێن، دڵشاد عەبدوڵڵا و ڕەهبەر جەلال)** ئەو بڵاوکراوانەمان دەردەکرد، زۆر نەبوو دەستمان بەنووسین کردبوو، هیچ پێشینەی کاری ڕۆژنامەگەریمان نەبوو، کارکردنم لەسەر بنچینەی بەهرەو خۆشەویستیم بوو بۆ نووسین، دوایی لە هەشتاکان لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەر لە هەولێر گۆڤاری **(هاودەنگ)**مان لە کەشوهەوایەکی ترسناک و پڕ لە مەقەسی سانسۆر دەرکرد، ئەوەیش بە ئەزمونێکی تری کاری ڕۆژنامەگەری دەزانم، لە دوای ڕاپەڕینیش لە ڕۆژنامەی **(نیشتمان)** سەرنووسەر بووم و لە گۆڤاری **(ڕێبازی نوێ)** بەڕێوەبەری نووسین بووم و جێگری سەرنووسەریش بووم لە ڕۆژنامەی **(هەرێم)**، هەروەها ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری **(نووسەری کورد)** بووم. ئەوکات هەندێک ئەزموونی ڕۆژنامەگەریم پەیداکردبوو، بەڵام دیسان وەک لە پرسیارەکەی تر لە سەرەوە ئاماژەت پێدا'' چونکە لە بنچینەدا شاعیر بووم، هەرچەندە هەستی تیژی شاعیرانە یارمەتیان دەدام لە نووسینی ئەو ستوونانەی لەو ڕۆژنامانە دەمنووسی، بەڵام دیسان ڕۆژنامەنووسێکی پیشەیی نەبووم. بە خۆشحاڵییەوە دەڵێم: لە کەنەداش لەکاری ڕۆژنامەنووسی دانەبڕاوم، بەڵام چالاکییە ڕۆژنامەگەرییەکانم زیاتر بریتی بوون لە نووسینی هەندێک ستوون و دەیان چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەگەری، هەڵبەتە ئەوەیان زۆر جیاوازبوو لە ئەزموونەکانی پێشترم و هەست دەکەم ئەو سەفەرە و ژیانی یانزە ساڵەم لە تاراوگە وەرچەرخانێک بوو لە ڕامانم بۆ ژیان و نووسین. ڕۆژنامەگەری لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا بە دەسەڵاتی چوارەم پێناسە دەکرێت.

*** ئایا چی بکرێت بۆئەوەی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان هەمان سەنگ و پێگەی بۆخۆی بەدەست**




لە کۆنفرانسی مافی مرۆڤ لە (ئێدمنتۆن)



خوێندنەوەی شیعر لەگەڵ (تێد بلگێت)ی ناسراوترین شاعیری کەنەدا لە هەفتەی نێونەتەوەیی ئەدەب و هونەر لە کەنەدا

**بهێنێ؟...**

– دەبێ کوردستان لەسەر بنچینەی دەستوورێکی دیموکرات و لیبراڵ ببێتە وڵاتێکی پێشکەوتوو، یاسا بچێتە ناو هەموو وردەکارییەکانی ژیان، ماف و بەرپرسیاریەتی تاک دیاری بکرێت، ئازادی رادەربرین ببێتە مافی هەموو کەسێک، بەها بگەرێتەوە بۆ هێزی وشە و رۆژنامەنووسان ئەوەندە خۆیان بە دەسەڵاتەوە نەلکێنن ببنە دەسەڵاتێکی سەربەخۆ و کارتی فشار و چاودێر لە سەر رەوتی سیاسی دەوڵەت و بەرپرسان بە بەڵگەی سەلمێنراو دوور لە سیناریۆی هەڵبەستراو، زمانی زبرو بریندارکردن.

*** پاش ئەوەی بەرێزتان لە کەنەدا، وەک شاعیرێکی کوردو جیهانیش ناسراون چەند جارێک رێزتان لێگیراوە و خەڵات کراون، هەست بەچی دەکەیت و خۆت بە قەرزاری کێ دەزانی؟**

– هەرچەندە دنیای نووسین رەهاو بێ کۆتاییە و زۆر زەحمەتە خۆشی و لەزەتی نووسەر سنووردار و دابین بکرێت، بەڵام پێشوازی کردن و دانان بە بەرهەمی نووسەرێکی بێ وڵات و خەڵات کردنی لە وڵاتێک هی ئەو نییە، بەزمانێک پێشتر قسەت پێ نەکردووە، پێی نەنووسیوە، یان رێزگرتن لەسەر بنچینەی داهێنان خۆشییەکی گەورە دەبەخشێ، ئەو خەڵات و رێزلێنانانە ئەوەشیان سەلماند، کەوا داهێنان سنوورەکان دەبڕن. لە هەموو رۆژنامەکان وەک شاعیرێکی کورد منیان پێناسە دەکرد و ناوی کورد و کوردستان لە کەنەدا خۆشییەکی تر بوو. ئەنجامدانی ئەو کارانە لە تاراوگە لە تەمەنی چل وپێنجساڵی بێ زمان و بێ جانتا، چونکە "جانتاکانمان لە رێگا لەسەر لاپەرەی رۆژنامەکانی فرۆکەخانە لێ ون بوو" زەحمەت بوو، دەرئەنجامەکانی ئەو کارانە دەگەرێتەوە بۆ ئارەزووی خۆم تەسلیم نەبووم بە ساتەسەخت و ناخۆشەکان و سەر لەنوێ دەست پێ کردنەوەم، سوپاس و پێزانیم بۆ سەباحەتی خێزانم، **(ئێوار)** و **(نیگا)**ی




بلاوکراوەی کتێبخانەی گشتی – ئێدمنتۆن ئاوەها رێکلامی (نووسەر) لە تاراوگە بۆ (جەلال) دەکات



بلاوکراوەی (PEN)، نووسەرانی نێونەتەوەیی لە بارەی (جەلال) نووسیوویانە

کچم و **(جوامێر)**ی کوڕم کە لەو سەفەرە پڕ لە ناخۆشی و خەون بینینەی ڕێگای چوونە تاراوگە لەگەڵمدا بوون، هەروەها نووسەری نـاوداری کەنەدی **"لندا گۆیەت"** کە یەکەمین نووسـەر بـوو لـە شـاری ئیدمنتۆن ناسیم و پشتگیری کردم، **زانیم نووسەران لە دنیا زوو دەبنە برادەر و خاوەنی ئەو "بستە خاکەن کە لە سەری دانیشتوون"**.

*** زانیومانە ماوەیەک چوویتە "داسن" لە نزیک "ئالاسکا" لە جەمسەری بەستەڵەکی باکوور بۆ نووسینەوەی یادەوەرییەکانت، کێ هەناردیتییە وێندەر؟ پرۆژەی لەدایک بوونی نووسینەوەی یادەوەرییەکانت گەیشتە کوێ؟ چۆنە تاکو ئێستا کتێبەکەتان نەکەوتۆتە بازاڕ؟**

– چوونم بۆ "داسن" و ئەو ماڵەی نووسەری نـاوداری کەنەدی "بیرتن" کە خاوەنی پەنجا کتێبی چاپکراوە، پێش ئەوەی بمرێت دای بە **(رایتەرس ترێست ئۆف کەنەدا- نووسەرانی بڕواپێکراوی کەنەدا)** بۆ ئەوەی هەر سێ مانگ جارێک بیدەن بە نووسەرێکی ناسراوی کەنەدی بۆ ئەوەی دەست بەتاڵ بێت بۆ نووسین. منیش وەک ئەندامی نووسەرانی نێونەتەوەی کەنەدا "پێن کـەنـەدا" یەکەمین نـووسـەری تـاراوگـە، ڕێزیان لێنام. لە مانگی بەفرانباری ٢٠٠٩ لە ڕۆژێکی ساردی پەنجا پلە لە ژێر سفر گەیشتمە ئـەو شوێنە، بـەڵام بیرۆکەی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی زیندانم دەمێک بوو لە خەیاڵم بوو، دەرفەتم نەبوو بینووسمەوە، ڕێزلێنانم وەک یەکەمین نووسەری تاراوگە لەلایەن "پێن"، شارەوانی ئیدمنتۆن و زانکۆی ئەلبێرتا و دەست بەتاڵ بوونم بۆ نووسین، ئەو دەرفەتیان پێدام بەشی یەکەمی یادەوەرییەکانم بنووسمەوە، کە ئێستا لەچاپخانەی زانکۆی ئەلبێرتا لەسەر ئەرکی زانکۆ چاپ دەکرێت، پرۆسەی کتێب چاپکردن و کاری ڕۆژنامەنووسیی لە کەنەدا کارێکی سەرپێی نییە، زۆر بە وردی دیقەت و پشت بەستن بە کەسانی خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ بەڕێوەدەچێ بۆیە کە بەرهەمەکە دێتە بازاڕ پوخت و بێ کەموکورتی دێتە بەردەستی



فیستیڤاڵی شیعری سالانەی ئیدمنتۆن



شیعری ماڵێک لە جانتا لە گۆڤاری( لەگەسی)


SCUTTLEBUTT

NEW CANADIANS

چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانی لەگەڵ رۆژنامەی -٢٤- سەعات


Words better blood

چاوپێکەوتن لەگەڵ رۆژنامەی (( هەواڵەکانی یوکون)) لە باکووری کەنەدا ٢٠٠٩

خوێنەران، تا ئێستا کتێبەکەم دراوە بە سێ پسپۆڕی زمان و ئەدەبی جیهانی **(ئەدیتەر)** بۆ ئەوەی را و تێبینی خۆیانی لەسەری بنووسن، منیش دوای ئیش کردن لەسەر راوبۆچوونەکانی ئـەوان، جارێکی تر دامــەوە بـە چاپخانەی زانکۆی ئەلبێرتا، دوای چاپ بوونیشی ئەرکی دابەشکردنیشی بەسەر کتێبخانەکانی ئەمەریکای باکوور و ئەوروپا دەگرنە ئەستۆ، لەبەر ئەوەی کتێبەکەی من زانکۆی ئەلبێرتا چاپی دەکات کۆپی لێ دەدرێتە هەموو زانکۆکانی جیهانی و هەروەها رێکخستنی ئاهەنگی فرۆشتن و ئیمزاکردنی بۆ خوێنەرانی لە ئەستۆی ئەواندا دەبێت. لە "داسن" لەناو دڵی زستان دەستم کرد بە نووسینەوەی بەشی دووەمی یادەوەرییەکانم.

*** لەگەڕانەوەی ئەم دواییەتان بۆ کوردستان، کوردستانتان چۆن بینی؟**

– هەمیشە لــەدوورەوە کە دوای ساڵانێک دێیتەوەماڵەوە، خۆشییەکی گەورەیە، جاران دەبوایە بە یەکێک لە وڵاتەکانی هاوسێدا بێیتەوە نـاوکوردسـتـان، رێگایـەکی پڕ زەحـمـەتی و دڵەڕاوکێ بوو، لەبەر ئەوەی ئەوە جاری یەکەم بوو بە فڕۆکە هەتا ناو هەولێر بێمەوە، هەستم بە خۆشییەکی روحی گەورە کرد، ئەوە چوار رۆژە گەڕاومەتەوە کوردستان، رەنگە هێشتا زووبێت بۆ ئەوەی بتوانم وەڵامێکی دروستت لەسەر روانینی خۆم لەسەر ئەو گۆڕانکارییانە بدەمێ. لە رێگای فڕۆکەخانە تا ماڵی دایکم زۆر باڵەخانە و ساختمانی بەرزم بینی، بازاڕی تازەم بینی، شەقامی فراوانم بینی، هیوادارم ئەو شتانەی خوێندوومەتەوە و بیستوومە لەسەر دیـاردەی گەندەڵی و بەجوانی ئـەدا نەکردنی حکومەت و پەرلەمان هەمووی راست نەبن، لەگەڵ ئەو بزووتنەوە بیناسازییە لەسەر ئەرز روویداوە، بزووتنەوەیەکی روحیش هەبێت بۆ بیناکردنەوەی کەسییەتی تێکشکاوی کورد، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا جووت بێت.

*** چ پێشنیازێکتان هەیە بۆ زیاتر پێشکەوتنی رۆژنامەگەری کوردی؟**

– بـەتـەواوی پێشکەوتنی رۆژنـامـەگـەری




**چاوپێکەوتن لەگەڵ رۆژنامەی (میترۆ) لە ژێر ناونیشانی ماڵەوە ئەو شوێنەی کە لەویوە دەست پێدەکرێ**

کـوردی و بـوونـی بـە پیشەیەکی جـوان و پیشەیی پەیوەستە بە پێشکەوتنی دیمۆکراسی لە کۆمەڵی کـوردەواری و سەقامگیربوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی، وای لێبێت رۆژنامەگەری کۆمپانیای ئەهلی و ئازاد بەڕێوەی ببات و تەنیا دەوڵەت یان حزب سەرچاوەی دابین کردنی پێداویستەکان نەبن، تا بتوانن رۆژنامەکان کۆنترۆڵ بکەن و رۆژنامەنووسەکانیش بەرەو ژێر و کۆیلە بکەن. لەرووی تەکنیکیشەوە دەبێ گرنگی بە نەخشەسازی و جوانی رۆژنامەکان بدرێت و رۆژنامەنووسان خۆیان لە وتار و پەخشانی درێـژدادڕ بە دوور بگرن، زیاتر وێنەی رووداوەکـان بگرن و کەمتر حوکمی لەسەر بدەن، کردنەوەی خولی رۆژنامەگەری و زەماڵەی ناردنە دەرەوەی رۆژنامەنووسان پێشکەوتنی دیـموکراسی و هـۆکـارن بۆ پێشکەوتنی رۆژنامەگەری کوردی.

*** بەرهەمەچاپکراوەکانت جگە لە"سەمای بەفری ئێواران" کە ساڵی ١٩٧٦ چاپ بوو، "گـەرم نـەبوونـەوە" ١٩٨٥ چیدیکەتان چاپ کراوە؟**

– دوای ئەو دوو کۆمەڵە شیعرییە، لە ساڵی ٢٠٠٢ "**بارانی رەحمەت** "دوایش لە ساڵی ٢٠٠٣ " **یادەوەری کەسێکی بەر با**"م چاپ کردو ساڵی ٢٠٠٥ "ناوم بنێن ماڵەوە"م چاپ کرد.

*** حەز دەکەین بزانین دوا پرۆژەی ئەدەبی و رۆشنبیریت چییە، ئایا نیازت نییە لە کوردستان بمێنیتەوە، بۆخزمەت گەیاندن بە بواری رۆژنامەگەری کوردی؟**

– دواپرۆژەی ئەدەبیم چاپ کردنی "یادەوەری زیندانە" هەروەها کۆمەڵە شیعرێکی نوێم لە گەڵ خۆم هێناوەتەوە بۆ چاپکردن و لە کەنەداش لەگەڵ شاعیرو نووسـەری کـەنـەدی "پیتەر ماگیند" ئیش دەکەین بۆ وەرگێرانی ١٠٠ شیعر لە هەر پێنج کۆمەڵە شیعرییەکانم. هەروەها کە لە داسن بووم دەستم کرد بە نووسینەوەی بەشی دووەمـی یادەوەرەییەکانم، تا ئێستا دوانزە بەشم لێی نووسیوەتەوە. بۆ مەسەلەی گەڕانەوەشم بۆ نا، هەمیشە چاوم لە گەڕانەوەیە، پێم خۆشە ئەو شارەزاییەی ئەو چەند ساڵە لە تاراوگە پەیدام کردووە بیهێنمەوە و خزمەتی نەتەوەکەمی پێ بکەم، چاوەڕوانی ئەو رۆژە دەکەم حکوومەتی کوردستان لەسەر بنچینەی لێهاتوویی و بەهرەمەندی رێز لە نووسەران و زانایان و رۆشنبیرانی بگرێت، نەک لەسەر بنچینەی چەندە دوور و نزیکی ئەو کەسە لە حزب، ئەو کات رەنگە بەئاسانی شوێنی منیش ببێتەوە، کۆتایی بە ژیانی تاراوگەییم بێنم.

# چەند دیمەنێک
# لە چالاکییەکانی جەلال بەرزنجی لە کەنەدا و داسن/ئالاسکا

گرتەی ئەو وێنانەی لەم چەند لاپەڕانەی دواتری **(رۆژنامەنووس)** دانراون، زۆربەیان بریتین لە بۆنەی رێزلێنانی رێکخراوەکانی وڵاتی کەنەدا لە هاوکارمان **(جەلال بەرزنجی)**، دڵنیابن ختوکە و خۆشی ئەو ویستگە جیاجیایانەی ژیانی ئەو، چ وەکو شاعیر چ وەکو رۆژنامەنووس، **(کوردستان)**ی زێدی باوباپیرانی لە بیر ئەو نەبردۆتەوە، بۆیە **(جەلال)** بەردەوام خەون دەبینێ. رۆژێک دابێت بگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆی ئەو ئەزموونەی ساڵانی دەربەدەری و خۆپێگەیاندن بۆ لاوان بگێڕێتەوە.


هەر بەم ئومێدەوە ئەم وێنانەمان لێرەدا ریز کردوون.

**سەرنووسەر**




هەواڵنامەی کتێب

**رۆژنامەی (هەواڵەکانی داسن):**
**" کە جەلال بەرزنجی گەیشتە داسن گەرمی پەنجا پلە لە خوار سفر بوو"**




(( نووسەر لە تاراوگە، خۆشییەکی گەورەی پێ دام، پێشتر بە خەیاڵمدا نەدەهات دەرفەتی وام بۆ رێک بکەوێت، جارێکی تر ئەوەیش ئەوە دەردەخات، نابێ بەچۆک دابێن و بەڵکو دەبێ هەمیشە بۆ پێشەوە بڕوانین، تێکۆشین بۆ ئەو ئامانجانەی بڕوامان پێیەتی))




پیرۆزبایی پەرلەمانی کەنەدا لە (کۆمەڵەی دۆستایەتی کوردی کەنەدا) بە بۆنەی بردنەوەی خەڵاتی (رایزئەوارد)



**جەلال لە نووسینگەی (نووسەر لە تاراوگە) کاتی نووسینەوەی یادەوەریەکانی زیندان**




**ئاهەنگی خەلات کردنی (نووسەر لە تاراوگە) بە ئامادەبوونی خاتوون (ئیلزابیت هێری) سەرۆکی نووسەرانی نێونەتەوەیی (PEN)**



**ماڵی (برتن) لە داسن لە زستانی ٢٠٠٩**



**لە بەردەم ماڵی رۆماننووس (جاک لندن) لە داسن/ بەستەلەکی باکوور**




چاوپێکەوتنی گۆڤاری (دنیای هونەر)ی زانکۆی ئەلبیرتا



شیعر خوێندنەوە لە کۆڕێکی جەماوەری لە هۆڵی شارەوانی ئیدمنتۆن

# ڕۆژنامەی کوردستان و عەبدولڕەحمان بەدرخان لە وتووێژێک لەگەڵ (مالمیسانژ)دا

سازدانی: جووتیار تۆفیق هەورامی

لە ژمارە (٨)ی (ڕۆژنامەنووس)ی ساڵی (٢٠٠٦)داو بەناوونیشانی (دیدارەک دگەڵ مالمیسانژ) چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ مامۆستا (محەمەد تەیفۆن) بڵاوکردەوە، وادیاربوو کاتێ بابەتەکە هێنرابووە سەرکاغەز هەندێ وشە و دەستەواژە پەڕیبوو، بۆیە بەڕێزیان بە نامەیەک سەرنووسەری گۆڤارەکەمانی بە کەموکوڕییەکان ئاگادار کردبۆوە و دەقی نامەکەشمان لە ژمارە (٩)ی و لەهەمان ساڵدا وەکو خۆی بڵاوکرادبۆوە، لەوساوە چاوەڕوان بووین بەڕێزیان خۆی بابەتی ئاماژە بۆ کراومان بۆ بێنێتە سەرکاغەز، بەڵام هاوکارمان جووتیاری حاجی تۆفیق ئەو خەمەی لەکۆڵ هەموو لایەک کردۆتەوە و ئەو دیدارە تێروتەسەلەی لەگەڵ کردووە و کۆمەڵێک بەڵگەنامەی لەگەڵ ناردووە، ئەوە جگە لەوەی بەم دوواییە کتێبەکەی (مالمیسانژ)یشمان بەدەست گەیشتووە، ئومێدەوارین هەموو لایەک لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی بەپێز بەردەوام بن، گۆڤارەکەشمان لێیان بێبەش نەبێت.



(مالمیسانژ) لە کتێبخانەی کوردی لە ستوکهۆڵم - بە کامیرای (جووتیار هەورامی) ٢٠٠٧/٧/١١

**کورتەیەک دەربارەی مالمیسانژ:**

**(مالمیسانژ)** نووسەر و لێکۆڵەرێکی چالاکی کوردە. ناوی **(محەمەد)**ە و نازناوی **(مالمیسانژ)**. ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی **«دێـران»**ی نزیک شارۆچکەی پیران، سەربە شاری **(دیاربەکر)** لەدایک بووە. لە دیاربەکر قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی تەواو کردووە، پاشان چووەتە شاری ئەنقەرە و لە کۆلێژی ئیلاهیات خوێندوویەتی. هاوکات وێڕای گەلێک کوردی تێکۆشەری دیکە، بەشداریی بزووتنەوەی کوردایەتی کردووە و لەو ڕێیەدا دووچاری گرتن و ڕاونان بووە. ساڵی ١٩٨٢ خۆی گەیاندووەتە سوریا و چەند مانگێک لەوێ ماوەتەوە. پاشان پەڕیوەتە وڵاتی سوید و وەک پەناهەندەی سیاسی لەوێ نیشتەجێ بووە. ساڵانی ١٩٨٤ ـ ١٩٨٥ لە پاریس لە زانستگای سۆربۆن لە بەشی ئێرانناسی خوێندوویەتی. ساڵی ١٩٩٥ لە زانستگای ئوپسالا زمانی فارسی خوێندووە. ساڵانی ١٩٩٦ـ ١٩٩٨ لە زانستگای یۆتەبۆری زانستی کتێبخانە **(علم المكتبات)**ی خوێندووە و بڕوانامەی ماجیستەری وەرگرتووە.

سەروەختێک لە زانستگای ئوپسالا، لە بەشی ئێرانناسیدا، وانەی مێژوو و ئەدەبی کوردیی بە دەستەیەک خوێندکاری کورد گوتووەتەوە ڕۆڵی لە دەرکردنی گەلێک گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی و تورکیدا هەبووە، خۆی سەرنووسەری هەندێکیان و لە دەستەی نووسەرانی چەندانی دیکە بووە.

لە ساڵی ١٩٧٦ەوە هەتاکو ئەمڕۆ چالاکانە وتـار و لێکۆڵینەوەی مێژوویی، ئەدەبی و زمانـەوانی دەنووسێت و بـڵاو دەکـاتـەوە. نووسین و بەرهەمەکانی زیاتر پەیوەندییان بە زمانی کـوردی و مێژووی نوێی کـورد و کوردستانەوە هەیە.

مالمیسانژ زۆربـەی دیالێکتە سەرەکییە کوردییەکان دەزانێت. هەروەها بە زمانی تورکی دەخوێنێتەوە و دەنووسێت. زمانی فارسی، سـویدی و فەرەنسیش دەزانـێت. ئێستا لە کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم کار دەکات.

**بەرهەمەکانی:**

جیا لـەو وتـار و لێکۆڵینەوانەی کـە لە گۆڤار و ڕۆژنـامـە و سایتەکانی ئینتەرنێتدا بڵاویکردوونەتەوە، چەندین کتێبیشی بە چاپ گەیاندووە و بڵاوکردووەتەوە. لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێک لە کتێبەکانی دەکەین:

١ـ دوکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت، بزووتنەوەی کوردایەتی لە سـەرەتـای ئـەم سـەدەیـەدا و ١٩٨٦. **(بە زمانی تورکی). {شوکور مستەفا کردوویەتی بە عەرەبی}.**

٢ـ فەرهەنگی زازاکی ـ تورکی، ١٩٨٧. **{ئەمە یەکەمین فەرهەنگی دیالێکتی زازاکییە}.**

٣ـ ل کـوردسـتـانـا بـاکـوور و ل ترکیێ ڕۆژنامەگەرییا کـوردی ١٩٠٨ ـ ١٩٩٢، بە هاوکاریی لەگەڵ مەحموود لەوەندی، بەرگی یەکەم ١٩٨٩، بەرگی دووەم ١٩٩٢.

٤ـ سەعید نورسی و کێشەی کورد، ١٩٩١. **(بە زمانی تورکی).**

٥ـ فۆلکلۆرێ مارا چەند نموونەی، ١٩٩١.

٦ـ عەبدولڕەحمان بـەدرخـان و یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی **«کوردستان»**، ژمارەکانی ١٧ و ١٨، ١٩٩٢. **(بە زمانی تورکی).**

٧ـ کـەمـال فـەوزی بەدلیسی و ڕۆڵـی لە ڕێکخراوە کوردییەکاندا، ١٩٩٣. (بە زمانی تورکی). **{زریـان ڕۆژهـەڵاتی کردوویەتی بە کـوردی و سدیق ساڵح پیایدا چـووەتـەوە، ٢٠٠٧}.**

٨ـ بەدرخانییەکانی جـەزیـرەی بـۆتـان و پرۆتۆکۆڵی کۆبوونەوەکانی بنەماڵەی بەدرخان، ١٩٩٤. (بە زمانی تورکی). **{شوکور مستەفا کردوویەتی بە عەرەبی، ١٩٩٨}.**

٩ـ جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان (١٩١٢ ـ ١٩٢٢)، ٢٠٠٢. **(بە زمانی تورکی). {زریـان ڕۆژهەڵاتی کردوویەتی بە کوردی و عەبدوڵڵا زەنگـەنـە پێشەکیی بـۆ نـووسـیـوە و پیایدا چووەتەوە، ٢٠٠٨}.**

١٠ـ جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد و ڕۆژنامەکەی، ١٩٩٨. **(بە زمانی تورکی).**

**{زریان ڕۆژهەڵاتی کردوویەتی بە کوردی و سدیق ساڵح پیایدا چووەتەوە}.**

١١ـ نووسەری کورد و چاپکردنی کتێبی کوردی **(پێشینەی، مەرجەکانی و مانای)**، ١٩٩٨. **(بە زمانی سویدی)**. ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا نامەی ماستەرە و لە زانستگای یۆتەبۆری پێشکەش کراوە.

١٢ـ بنەماڵەی جەمیل پاشای دیاربەکری و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، ٢٠٠٤. **(بە زمانی تورکی)**. ئەم کتێبە بە زمانی کوردی **(هەردوو دیالێکتی کرمانجی سەروو و خواروو)** هەروەها بە عەرەبیش بڵاو کراوەتەوە.



عەبدولڕەحمان بەدرخان و دایکی (ئەو ژنەی کە دانیشتووە)

*** کاک مالمیسانژ، تۆ چەند کتێب و لێکۆڵینەوەیەکت بە زمانی تورکی دەربارەی بنەماڵەی بەدرخان بڵاوکردووەتەوە. ئێستاش وەکو ئاگادارم کتێبێکی نوێت دەربارەی عەبدولڕەحمان بەدرخان نووسیوە و نیازت هەیە بەو نزیکانە چاپی بکەیت. بۆچی ئەوەندە خۆت بە لێکۆڵینەوە بە بنەماڵەی بەدرخانەوە خەریک کردووە؟**

ـ لە مێژووی نوێی نەتەوەی کورددا بنەماڵەی بەدرخان بە گشتی و چەند کەسایەتییەکی نێو ئەو بنەماڵەیە بە تایبەتی، لە بواری سیاسی و ڕۆشنبیریدا ڕۆڵی دیار و کاریگەریان هەبووە. بەدرێژایی ئەو ساڵانەی کە خەریکی لێکۆڵینەوە لە چەند باس و ڕووداوێکی مێژووی نەتەوەی کورد بووم، گەلێک جار ناوی بنەماڵەی بەدرخان و هەندێک لە کەسەکانی ئەو بنەماڵەیە دەکەوتە بەرچاوم. هەموو جارێک لە خۆمم دەپرسی هۆی چییە بنەماڵەی بەدرخان کە لە کاتی خۆیدا ئەوەندە بە دەسەڵات و چالاک و لێهاتوو بوون، وا ئەمڕۆ پەرش و بڵاو و لێک دابڕاوون؟! هاوکات دەمدی کە زۆر لایەنی ژیان و چالاکییان وەکو پێویست نە نووسراوەتەوە و زۆر باسی گرنگ بە ناڕۆشنی ماونەتەوە. ئیتر لای خۆم بڕیارمدا تێبکۆشم بۆ دەستخستنی زانیاریی و دۆکومێنت و وێنە سەبارەت بەو بنەماڵەیە و کەسە چالاک و لێهاتووەکانیان. وردە وردە گەلێک ماتریالی گرنگم لا کۆبووەوە. پاشان توانیم کتێبێکی تایبەتی دەربارەی بنەماڵەی بەدرخان بڵاوبکەمەوە. جیا لەوەش بەر لەو کتێبە و پاشتریش، لە چەند کتێب و لێکۆڵینەوەی خۆمدا دەربارەی کەسە چالاک و هەڵکەوتووەکانی بنەماڵەی بەدرخانم نووسیوە. هێشتا باس و بابەتی دیکەش هەن، کە دەکرێت لە داهاتوودا لێیان بکۆڵرێتەوە.



(Gazette de Francfort)

*** لە مێژووی ڕۆشنبیریی کوردیدا زانیارییەکی ئەوتۆ دەربارەی عەبدولڕەحمان بەدرخان نەنووسراوە. ئایا لەو کتێبەتاندا کە دەربارەی ئەو نووسیوتانە، توانیوتانە هێڵە**

**گشتییەکانی ژیانی ئەو ڕۆشن بکەنەوە؟**

ـ لەم کتێبەمدا هەوڵمداوە بیۆگرافی عەبدولڕەحمان بەدرخان ساغ بکەمەوە. هەروەها گەلێک زانیاریم سەبارەت بەو کۆ کردووەتەوە. بەڵام هێشتا چەند کەلێن لە ژیاننامەکەیدا هەن و چەند قۆناغێک لە ژیانی لای منیش ڕۆشن نین.

*** باشە با لە ناوەکەیەوە دەست پێبکەین. ناوی تەواوی چی بووە؟**

ـ ئەگەرچی ئەو بە عەبدولڕەحمان بەدرخان ناسراوە، بەڵام ناوی تەواوی عەبدولڕەحمان سامی بووە.

*** بەڵگەیەک شک دەبەیت کە مێژووی لەدایکبوونی بسەلمێنێت؟**

ـ بەڵێ، بەپێی بەڵگەی ژنهێنانەکەی ساڵی ١٨٦٨ لەدایک بووە.

*** لە کوێ لەدایک بووە؟**

ـ وای بۆ دەچم کە لە شام **(دیمەشق)** لەدایک بووبێت. چونکە ئەو دەمە میر بەدرخانی باوکی لە شام ژیاوە. میر بەدرخان ساڵێک پاش لەدایکبوونی عەبدولڕەحمان بەدرخان، واتە ساڵی ١٨٦٩ لە شام کۆچی دوایی کردووە.

*** ئێمە دەزانین کە میر بەدرخان چەند ژنێکی هێناوە. ئایا دەزانرێت عەبدولڕەحمان بەدرخان لە کام ژنیان بووە؟**

ـ دایکی ناوی دەلال بووە.

*** لە کوێ خوێندوویەتی؟**

ـ لە مەکتەبی سوڵتانی **(ئامادەیی گالاتا سارای)** چەند ساڵێک خوێندوویەتی. خوێندن لەو خوێندنگایەدا، لەچاو خوێندنگاکانی دیکەی ئەودەمی ئەستەنبوڵدا، لە ئاستێکی بەرزدا بووە و وانەکان تەنها بە زمانی فەرەنسی بوون. ئەو ڕۆژگارانە منداڵی هەندێک خێزان و بنەماڵە ئاریستۆکراتەکان، لەوێ خوێندوویانە.

*** پاش ئەو خوێندنگایە، لە کوێ خوێندوویەتی؟**


ـ پاش مەکتەبی سوڵتانی، چووەتە مەکتەبی موڵکییە. هەر لەو مەکتەبەدا هەندێک مێردمنداڵی کوردی دیکە خوێندوویانە وەک: مەمدوح سەلیم، ئیسماعیل حەقی بابان و هەندێکی دیکە.

*** ئەی دوای ئەو خوێندنگایە؟**

ـ دوای مەکتەبی موڵکییە، لە وەزارەتی مەعاریف، لە بەشی ئیدارەی **(مەکاتبی ئیعدادییە)** کاری کردووە و بە گوتەی خۆی شەش ـ حەوت ساڵ بەو کارەوە خەریک بووە.

*** بەشداریی عەبدولڕەحمان بەدرخان لە دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستاندا چۆن بووە؟**

ـ سەرەتای ساڵی ١٨٩٨ میقداد مەدحەت بەدرخان لە قاهیرە بیری لەوە کردووەتەوە کە ڕۆژنامەیەکی کوردی بە ناوی



**لاپەڕەی یەکەمی عەقدی مارەبڕینی عەبدولڕەحمان بەدرخان، ئەلیزابەت**

کوردستانەوە دەربکات. پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر توانیویەتی دەست بە دەرکردنی بکات و یەکەم ژمارەی لە ١٨٩٨/٤/٢٢دا دەرکردووە. بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی کوردستان لەو دەمەدا بە خێرایی دەنگی داوەتەوە. کوردەکان، چ لە نێو خۆی کوردستان و چ ئەوانەی کە لە شوێنەکانی دیکە ژیاون زۆر بە خۆشحاڵییەوە گوێبیستی ئەو هەواڵە بوون. کوردە ڕووناکبیر و خوێندەوارەکان هەڵپەی ئەوەیان بووە کە ئەو ڕۆژنامەیە دەستبخەن و بیخوێننەوە و وەکو شتێکی گرانبەها لای خۆیان بیپارێزن. هاوکات کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی بە هەواڵی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی کوردستان نیگەران بوون و ویستوویانە بە هەر شێوازێک بێت ڕێ لە بڵاوکردنەوەی بگرن. دواتریش هەموو هەوڵێکیان خستووەتە کار بۆ ئەوەی کە نەهێڵن دەربکرێت. تەنانەت بەر لەوەی دووەمین ژمارەی دەربچێت، بە بڕیارێکی ڕەسمی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکەیان قەدەغە کردووە. بەو حاڵەشەوە **(میقداد مەدحەت بەدرخان)** لە ماوەی دوو مانگدا پێنج ژمارەی لێ دەرکردووە. پاشان بۆ ئەستەنبوڵ گەڕاوەتەوە.

ساڵی ١٨٩٨ عەبدولڕەحمان بەدرخان خۆی گەیاندووەتە وڵاتی سویسرا و لە شاری جێنێڤ نیشتەجێ بووە. پاش ماوەیەک دەستی بە دەرکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان کردووە و لە ژمارە شەشەوە هەتاکو ژمارە ٣١ی لێ دەر کردووە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەوە باس بکەم کە تا ئێستا ٣١ ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان دەستخراوە، ڕەنگە هەر لەو خوولەدا ژمارەی دیکەشی لێ دەرکرابێت و تا ئێستا نە دۆزرابنەوە. لەبەر ئەوە کە دەڵێین ٣١ ژمارە، مەبەستمان ئەو ٣١ ژمارەیەیە کە ئێستا لەبەردەست دان.

*** لێرەدا کە ناوی میقداد مەدحەت بەدرخانت برد، دەمەوێت ئەوە بپرسم کە ئایا زانیارییەکی نوێت دەربارەی بیۆگرافیی ئەو هەیە؟**

ـ بە پێی بەڵگەیەک کە دەست من کەوتووە، میقداد مەدحەت بەدرخان ساڵی ١٢٧٣ (١٨٥٦ ـ ١٨٥٧) لە دوورگەی کریت لەدایک بووە. دواتر لە ئوسکوودار لە مەکتەبی عەسکەری و مەکتەبی سوڵتانی **(ئامادەیی گالاتا سارای)** خوێندوویەتی. ساڵی ١٨٧٨ لە تەحریراتی موتەسەریفییەتی ئوسکوودار، ئنجا لە قەڵەمی دائیرەی جەزای مەحکەمەی تەمییز بە بێ مووچە کاری کردووە. ١٨٨٠ لە قەڵەمی مودەعی عمومی ئیستیئنافی ئەنقەرە بە بێ مووچە کاری



ماڵی باوکی ئەلیزابەت، لە سویسرا

کردووە. هەمان ساڵ لە معاونییەتی مودەعی عمومی مەحکەمەی بیدائی سنجاقی کرشەهر کاری کردووە. لەو دەمەدا تۆمەتی ئەوەی بۆ هەڵبەستراوە کە گوایا لە محاسبی ئەوقافی داوە و گووللەی بەماڵی عوسمان ناوێکی بازرگانەوە ناوە و لەگەڵ ژنی مەحموود ناوێکی خەڵکی حاجی بەکتاشدا دەستی تێکەڵ کردووە. ئیدی دراوە بە دادگا. لە دادگادا بێتاوان دەرچووە. لە ١٨٨٢دا لە وەزیفەکەی دەرکراوە. ١٨٨٣ لە مودەعی عمومی مەحکەمەی بیدائی سنجاقی ئیزمیر، ١٨٨٧ وەکو معاونی مودەعی عمومی سنجاقی ڕوحا **(ئورفا)** و ١٨٨٨ وەکو معاونی مودەعی عمومی سنجاقی ئیسپارتا کاری کردووە. ١٨٨٩ لە وەزیفە دەرکراوە. ١٨٩٠ لە قەڵەمی شارەوانیی ئەستەنبوڵ دامەزراوە. ١٨٩٤ بووەتە ئەندامی مەجلیسی شارەوانیی ئەستەنبوڵ. ساڵی ١٩١٢ لە کاتی دەسەڵاتداریی پارتی حورییەت و ئیئتیلافدا کراوەتە موتەسەریفی شاری مەلاتیا. هەمان ساڵ، دەمێکی کورت جێگری والیی شاری خارپێت **(مەعمورەتولعەزیز)** بووە. کۆتایی ساڵی ١٩١٢ و سەرەتای ١٩١٣ موتەسەریفی سنجاقی دێرسیم بووە. ١٩١٣ جارێکی دیکە موتەسەریفی مەلاتیا و هەمان ساڵ کراوەتە موتەسەریفی سنجاقی ئەرتوغروڵ.


سەبارەت بە ساڵانی دوایی ژیانی میقداد مەدحەت بەدرخان زانیارییەکی ئەوتۆم نییە.

میقداد مەدحەت بەدرخان وێڕای زمانی دایکیی خۆی **(کوردی)**، زمانی تورکی بە خوێندنەوە و نووسینەوە زانیوە، هەروەها زمانەکانی عەرەبی، فارسی و فەڕەنسی زانیوە.

لە بەڵگەیەکی دەوڵەتی عوسمانیدا کە ساڵی ١٩٠٦ نووسراوە، باس لەوە کراوە کە لە شاڵاوی گرتن و ڕاگواستنی بنەماڵەی بەدرخاندا، میقداد مەدحەت بەدرخان بۆ سەنعا **(پایتەختی یەمەن)** دوورخراوەتەوە، بەڵام بەپێی زۆر بەڵگەی دیکە ئێمە دەزانین کە ئەو بۆ تەرابلووس **(لیبیا)** دوورخراوەتەوە و لەوێ لە زینداندا ماوەتەوە هەتاکو ئیعلانی مەشروتییەت.

*** ئایا عەبدولڕەحمان بەدرخان کە لە ئەستەنبوڵەوە چووە بۆ جێنێڤ، بە تایبەتی بۆ درێژەدان بە دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستان چووە یان هۆی دیکە لە ئارادا بووە؟**

ـ عەبدولڕەحمان بەدرخان لە ژمارە ٢٦ی ڕۆژنامەی **«کوردستان»**دا وتارێکی نووسیوە و تیایدا ڕووی کردووەتە سوڵتانی عوسمانی و گوتویەتی: نییەت و ئیدیالی من ئەوە بوو کە خزمەتی میللەتی خۆم بکەم، بەڵام زوڵم و ستەمی لەڕادە بەدەری ئێوە هیچ بوارێکی بۆ نەهێشتبوومەوە، بۆیە ناچار مام کە دەست لە وەزیفە و مووچەکەم هەڵبگرم و فیدای ئەم ئامانجە پیرۆزەی خۆمی بکەم و خۆم بهاوێژمە باوەشی



(Suisse Liberale,1904)

ئازادییەوە.


*** لەو باوەڕەدا نیت کە «جەمعییەتی ئیتیحاد و تەرەقی» بۆ مەرامی ئەودەمی خۆیان هانی عەبدولڕەحمان بەدرخانیان دابێت کە درێژە بە دەرکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان بدات، پاش ئەوەی کە میقدادی برای بۆ ئەستەنبوڵ گەڕاوەتەوە؟**

- بۆ ئەوەی کە وەڵامی ئەم پرسیارە ڕۆشن بێت، باشتر وایە کە سەرەتا بە کورتی و خێرایی ئاماژە بۆ ئەو هەلومەرجە بکەم:

**یەکەم:** ئەو دەمە جەمعییەتی ئیتیحاد و تەرەقی سەرسەختانە دژی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم تێکۆشاوە و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە هەرچی زیاتر بەرەی دژی سوڵتان بەرفراوانتر و کاریگەرتر بکات.

**دووەم:** لەو ڕۆژگارەدا چەند ئەندامێکی چالاک و بە دەسەڵاتی جەمعییەتی ئیتیحاد و تەرەقی کە لە جێنێڤ ژیاون، کورد بوون، وەک: عەبدوڵڵا جەودەت و حیکمەت بابان. ئەم دوو کەسە و ئیسحاق سکووتی ئەگەرچی ڕۆڵی دیاریان لە جەمعییەتی ئیتیحاد و تەرەقیدا هەبووە، هاوکات جۆرە هەست و سۆزێکیشیان بەرامبەر نەتەوەی کورد هەبووە.

ئیدی ئەم فاکتەرانە لە دەرکردنەوەی ڕۆژنامەکەدا یارمەتیدەر بوون. لێرەدا با ئەوەش باس بکەم کە هەر لەو ڕۆژگارەدا عەبدولڕەحمان بەدرخان لە ڕووی دڵسۆزیی بۆ مەسەلەی کوردەوە، بیروڕای ئەوتۆی هەبووە کە لەگەڵ سیاسەت و پرینسیپی جەمعییەتی ئیتیحاد و تەرەقی‌دا کۆک نەبوون. ناوەرۆکی هەندێک لەو وتار و بابەتانەی کە لەو کاتانەدا بڵاوی کردوونەتەوە باشترین بەڵگەن و ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن. بۆ نموونە لە ژمارە ٢٧ی ڕۆژنامەی کوردستان‌دا وتارێکی بە کوردی نووسیوە، لە بەشێکیدا نووسیویەتی: **«از خوه ژی انشا الله فرصت ببینم روژکی بیم سر حدودی کردستانی له ناڤ عجم. به اژنا خدی وی هنکی ازی کردا ژ غلامیا رومی خلاص بکم».** (ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٢٧، یەکشەممە ٢٢ی ذی القعدة ١٣١٨، ل٢، ستوونی یەکەم). هەروەها لە هەمان ئەو وتارەدا نووسیویەتی: **«بری پنج صد سالا تو ترک له ولاتی مه ده نەبی. اڤ ترک حمی ژ توران هاتن ولاتی مه، ولاتی مه ده حاکمی یی له مه دکن».** (ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٢٧، یەکشەممە ٢٢ی ذی القعدة ١٣١٨، ل١، ستوونی یەکەم).



**بەرگی نامیلکەی (کردستان قیامی) واتە (ڕاپەڕینی کوردستان) کە عەبدولڕەحمان بەدرخان بەتورکی ساڵی ١٩٠٠ بڵاوی کردووەتەوە.**


*** پەیوەندیی عەبدولڕەحمان بەدرخان بەو کەسایەتییە کوردانەی نێو جەمعییەتی ئیتیحاد و تەرەقی کە ئەودەم لە جێنێڤ بوون چۆن بووە؟**

- ئەو ساڵانە پەیوەندی و دۆستایەتی عەبدولڕەحمان بەدرخان

و عەبدوڵڵا جەودەت و ئیسحاق سکووتی و حیکمەت بابان زۆر باش و دۆستانە بووە. لەو دۆستایەتییەدا چەند فاکتەرێک ڕۆڵیان هەبووە، وەک: کوردبوونیان و ئەندام بوونیان لە جەمعییەتی ئیتیحاد و تەرەقیدا. هەروەها لە باری کەسێتی و هەڵسوکەوتیشەوە یەکتریان خۆش ویستووە. بۆ نموونە لە کاتی ژن مارە کردنەکەی عەبدولڕەحمان بەدرخاندا، چوار کەس وەک شاهید بەشدار بوون، سیانیان خەڵکی سویسرا و لە بنەماڵەی ژنەکەی عەبدولڕەحمان بەدرخان **(ئەلیزابەت)** بوون، چوارەمیان عەبدوڵڵا جەودەت بووە. ئەوەی لێرەدا شایانی سەرنجدانە ئەوەیە کە دەبوا لەو کات و شوێنەدا چەند کەس لە بنەماڵەی گەورە و ناسراوی بەدرخان ئامادەبوونایە، کەچی کەسی هەرە نزیکی عەبدولڕەحمان بەدرخان لەوێدا عەبدوڵڵا جەدەت بووە. هەروەها پەیوەندیی نێوان عەبدولڕەحمان بەدرخان و حیکمەت بابانیش زۆر خۆش و دۆستانە بووە. دوو کارتی پیرۆزبایی لای من هەن کە عەبدولڕەحمان بەدرخان بۆ حیکمەت بابانی ناردوون، یەکەمیان لە ١٩٠٢/٨/٢٠ و دووەمیان لە ١٩٠٢/١١/١٨دا، لەو کارتانەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە عەبدولڕەحمان بەدرخان و حیکمەت بابان باوەڕیان بەیەکتر زۆر پتەو بووە.

*** وەکو جارێک بۆت باسکردم، مەسەلەی ژنهێنانەکەی عەبدولڕەحمان بەدرخان کاتی خۆی بووەتە باسی نێو ڕۆژنامەکانی سویسرا. ئایا هۆی ئەو دەنگدانەوەیە چی بووە؟**

- پاش ئەوەی کە ساڵی ١٨٩٨ عەبدولڕەحمان بەدرخان چووەتە جێنێڤ و لەوێ ژیاوە، لەگەڵ کچێک بە ناوی ئەلیزابەت حەزیان لە یەک کردووە و ماوەیەک پەیوەندییان هەبووە. لە مانگی سێپتێمبەری ١٩٠٣دا نیشانەی کردووە. کاتێک کە دەستیان بە کارە ڕەسمییەکانی خێزان پێکەوەنان کردووە، لە ڕووی یاساییەوە هەندێک کەموکوڕی لە شناسنامەکەی عەبدولڕەحمان بەدرخاندا بەدی کراوە. یەکەم، عەبدولڕەحمان بەدرخان هاووڵاتی سویسرا نەبووە. دووەم، لەو سەردەمەدا ئەو لە دەوڵەتی عوسمانی قاچاغ بووە، لەبەر ئەوە نەیتوانیوە بە شێوەی ڕەسمی لە لایەن کەسوکارییەوە و لە ڕێگای دەوڵەتی عوسمانییەوە بەڵگەی پێویستی بۆ بنێردرێت. ئیدی ناچار چووەتە شاری **«کۆلۆنژ»** Collonges-Sous-Saleves کە شارێکی فەرەنسایە و نزیک سنووری سویسرایە. لەو شارە لە ١٩٠٤/٧/١٣دا ئەلیزابەتی مارە کردووە. ئەلیزابەت لە بنەماڵەیەکی ناسراو بووە. باوکی ئەندازیارێکی بەناوبانگ و باپیری یەکێک لە نیگارکێشە ناسراوەکانی سویسرا بووە. لەبەر ئەوە کاتێک کە هەواڵی ئەوە بڵاو بووەتەوە کە ئەلیزابەت



**نووسراوێکی سەدری ئەعزەم (سەرۆک وەزیری دەوڵەتی عوسمانی) کە تیایدا نووسراوە کە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لە عەبدولڕەحمان بەدرخان خۆش بووە، ساڵی ١٩٠٥.**

خەریکە ببێتە هاوسەری کەسێکی بێگانە، ڕۆژنامەکان زوو هەواڵەکەیان قۆستووەتەوە و بەشێوەی جۆراوجۆر لەو بارەیەوە نووسیویانە.

*** ئەلیزابەت کەی لە دایک بووە؟**

- ساڵی ١٨٨١ لەدایک بووە.

*** ڕۆڵ و چالاکی عەبدولڕەحمان بەدرخان لە کۆنگرەی جون تورک دا چۆن بووە؟**

- لە یەکەمین کۆنگرەی جون تورک **(واتە: لاوە تورکەکان)**دا کە لە ١٩٠٢دا لە پاریس بەسترا، عەبدولڕەحمان بەدرخان و حیکمەت بابان وەک نوێنەری کورد بەشداربوون.

*** ئایا لەو دەمانەدا دەوڵەتی عوسمانی ئاگاداری چالاکییەکانی عەبدولڕەحمان بەدرخان بووە؟**

- بێگومان. گەلێک بەڵگە کە نیشانی دەدەن کە کاربەدەستانی قونسووڵخانەی دەوڵەتی عوسمانی لە سویسرا، بە بەردەوامی چاودێریی چالاکییەکانی جەمعییەتی ئیتیحاد و تەرەقی بە گشتی و چالاکییەکانی عەبدولڕەحمان بەدرخان و عەبدوڵلا جەودەتیان بە تایبەتی کردووە. بۆ نموونە قونسووڵی دەوڵەتی عوسمانی لە سویسرا، لە نووسراوێکی ڕەسمیدا کە ڕۆژی ١٩٠٤/٥/١٤ نووسیویەتی، باسی ئەوەی کردووە کە عەبدولڕەحمان بەدرخان و عەبدوڵلا جەودەت بە نیازن چاپخانەیەکی گەڕۆک بکڕن و **«چەند کەسی فاسدیش»** لە پاریسەوە بێن بۆ جێنێڤ بۆ هاوکاریی کردنیان.

*** لە ڕۆژنامەی کوردستان دا چ ئەو ژمارانەی کە میقداد مەدحەت بەدرخان دەریکردوون و چ ئەوانەی کە عەبدولڕەحمان بەدرخان دەریکردوون، گەلێک وتار و ئاگادار کردنەوە و بابەتی دیکە بە کوردی و تورکی سەبارەت بە پەیوەندیی کورد و ئەرمەن بڵاو کراونەتەوە. بە بڕوای ئێوە ئەوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ساڵی ١٩٠٠ عەبدولڕەحمان بەدرخان نامیلکەیەکی بە ناوی **«کردستان قیامی»** واتە **«ڕاپەڕینی کوردستان»** بە تورکی بڵاو کردووەتەوە و تیایدا باسی پەیوەندیی کورد و ئەرمەنی کردووە و داوای لە کورد کردووە کە نەبنە ئامێری دەستی دەوڵەتی عوسمانی و بەهیچ جۆرێک بەشداریی لە شاڵاوی دڕندانەی دەوڵەتی عوسمانی بۆ سەر ئەرمەن نەکەن، چونکە کورد لە دژایەتیکردنی ئەرمەندا هیچ قازانجێک ناکات و ئەرمەنیش وەک کورد وا لەژێر ستەمی دەوڵەتی عوسمانیدا. ڕەنگە عەبدولڕەحمان بەدرخان یەکەم کەسی «موسوڵمان» بووبێت کە بە کتێبێک ئاوا بە ڕۆشنی بەرگریی لە ئەرمەن کردووە و بە خاوەن ماف و بە ستەم لێکراو ناساندوونی. (لێرەدا کە من



**ئەلیزابەت و لەیلای کچی (سویسرا، ١٩٠٩)**


باسی ئەم نامیلکەیە دەکەم، جێی خۆیەتی سوپاسی **«سەردار ئۆچار»** بکەم کە کۆپییەکی نامیلکەکەی بە پۆستدا بۆ ناردم).

عەبدولڕەحمان بەدرخان لە ژمارە ٢٧ی ڕۆژنامەی **(کوردستان)**دا ڕووی کردووەتە گەلی کورد و نووسیویەتی: **«بری چند سالا وانی مجلسی ترتیب بی، دا ارمنیا له کردا بدن قتل کرن، وی مجلس ده شیخ عبیدلله مرحوم حاضر بی. شیخ مرحوم مرووک گلک عالم و متقی بی. اعتراض ڤی امری خنکار کر. جواب دا کو هگر ایرو ام ارمنیا بلا سبب بکوژن، روژکی بیت کو ملتک دی وی بی مه بکوژه».** (ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٢٧، یەکشەممە ٢٢ی ذی القعدة ١٣١٨، ل١، ستوونی دووەم).

هەروەها عەبدولڕەحمان بەدرخان ساڵی ١٩٠١ لە ڕۆژنامەی تروشاک **(درووشاک)**دا بابەتێکی بڵاو کردووەتەوە و داوای لە گەلی کورد کردووە کە بە هیچ جۆرێک هاوکاریی دەوڵەتی عوسمانی نەکەن و شەڕ لەگەڵ ئەرمەن نەکەن. هەروەها باسی ئەوەی کردووە کە پێویستە کورد و ئەرمەن دۆست بن و هەرگیز دژایەتی یەکتر نەکەن.

*** عەبدولڕەحمان بەدرخان کەی گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەنبوڵ؟**

ـ ساڵی ١٩٠٥ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لە عەبدولڕەحمان بەدرخان خۆش بووە. پاشان خۆی و ژنەکەی و کچە شەش مانگەکەی بۆ ئەستەنبوڵ گەڕاونەتەوە. لەو سەردەمەدا زۆربەی ئەندامەکانی بنەماڵەی بەدرخان ژیانێکی خۆشیان هەبووە و گەلێکیان کاربەدەستی ناسراوی دەوڵەتی عوسمانی بوون. ڕۆژی ١٩٠٦/٣/٢٣ لە ناکاوێکدا ڕەزوان پاشا کە سەرۆکی شارەوانیی ئوسکوودار **(بەشێک لە شاری ئەستەنبوڵ)** بووە، کوژراوە. تۆمەتی کوشتنەکە خراوەتە پاڵ عەلی شامیل بەدرخان پاشا و عەبدولڕەزاق بەدرخان. ئیتر ئەوە کراوە بە بەهانە و شاڵاوێکی زۆر دڕندانە کراوەتە سەر سەرجەم بنەماڵەی بەدرخان و هەموو ئەو کەسانەی کە لە دوور و نزیک پەیوەندییان بەوانەوە هەبووە. بەپێی چەند بەڵگەیەک توانیومە ناوی ١٧٨ کەس ساغ بکەمەوە کە بەر ئەو شاڵاوە کەوتوون و بۆ تەرابلووسی ڕۆژئاوا **(کە دەکەوێتە وڵاتی لیبیاوە)** و چەند شوێنێکی دیکە دوور خراونەتەوە. لە نێو ئەو ناوانەدا، جیا لە کەسەکانی بنەماڵەی بەدرخان، ناوی گەلێک کورد هەن کە خەڵکی وان، بەدلیس، ئەرزڕووم، مووش و هەکارین. هەروەها ناوی محەمەد ئاغای شکاک **(باوکی سمایل ئاغای شکاک)** و سیان لە پیاوەکانی بەم ناوانە: عومەری کوڕی عەسکەر، حەسەنی کوڕی عومەر و موسای کوڕی محەمەد، بەرچاو دەکەون. کە بۆ تەڕابلوس **(بە پێی هەندێک**



Tribune, 18\ 4\ 1906


**سەرچاوەی دیکە بۆ دوورگەی ڕۆدۆس)** دوور خراونەتەوە. هەروەها ناوی چەند کەسی تورک و یۆنانی و ئەرمەنیش هەن. ئەم کەسانە لە ئەفسەر و پۆلیس و سەرباز و فەرمانبەرەوە هەتاکو حەماڵیشیان تیا بووە. کاتێک کە ئەوانەیان دوور خستووەتەوە، ژن و منداڵەکانیشیان دەستبەسەر کردووە و زۆر بە سەختی چەوساندوویاننەتەوە. تەنانەت ڕێگای ئەوەیان پێ نەداوون کە بە پارەی خۆیان خۆراک و پێویستی بکڕن و ڕێی هەموو هاتووچۆیەکیان لێگرتوون. دیارە ژن و منداڵەکەی عەبدولڕەحمان بەدرخانیش لەو شاڵاوە بە دوور نەبوون و ئەوانیش دووچاری مەینەتییەکی زۆر بوون.

کاتێک باوکی ئەلیزابەت ئەو هەواڵەی پێدەگات، خۆ دەگەیەنێتە ئەستەنبوڵ و هەوڵ دەدات کە ئەلیزابەت و کچەکەی بۆ سویسرا ببات. بەڵام کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی سەرەتا ڕێگای نادەن تەنانەت کچەکەشی ببینێت. ئەویش ناچار لە ئەستەنبوڵەوە حکوومەتی سویسرای لەو کێشەیە ئاگادار کردووە و داوای هاوکاریی کردووە. دەوڵەتی سویسرا بە هاریکاریی قونسووڵی فەڕەنسا لە ئەستەنبوڵ، توانیویەتی ئەلیزابەت و کچەکەی لەو مەینەتییە ڕزگار بکات. دواتر توانیویانە بەرەو سویسرا بگەڕێنەوە.

*** پاش گەڕانەوەی ئەلیزابەت بۆ سویسرا، ڕەوشەکە چۆن بووە؟**

ـ دوای ئەوەی کە گەڕاوەتەوە بۆ سویسرا بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە هەواڵی مێردەکەی بزانێت. نزیکی ٣٠ مانگ ڕێیان بە عەبدولڕەحمان بەدرخان نەداوە کە نامە بۆ ماڵ و منداڵەکەی بنووسێت. کە ئیعلانی مەشرووتیەت کراوە، ئنجا توانیویەتی نامەیان بۆ بنووسێت. لە بەڵگەیەکی دەوڵەتی عوسمانیدا باسی ناوەڕۆکی هەندێک لە نامەکانیان کراوە و نووسراوە کەوا لە نامەکاندا باسی شتی بێزرخیان کردووە. هەروەها نووسراوە ئەگەر چیدیکە نامەکان باسی وا بێزرخیان تیا بێت، نایان گەیەنن. دەبێت ئەوەش بڵێم کە عەبدولڕەحمان بەدرخان لە نامەیەکیدا کە لە ١٩٠٨/٩/١١دا لە تەرابلووسەوە بۆ لەیلای کچی نووسیوە، باسی ئەوەی کردووە کە ٣٠ مانگ لە زینداندا بوون. هەروەها باسی ئەوەی کردووە کە ١٤ کەس لە بەدرخانییەکان بە کەشتییەک لە ئەستەنبوڵەوە بۆ تەڕابلووس براون کە ١٠٠ سەرباز و ئەفسەر چوار دەوریان گرتوون و ١٦ ڕۆژ بەڕێوەبوون. نامەیەکی دیکەشی لە ١٩٠٨/١٠/٥دا نووسیوە و لەویشدا هەندێک لە بەسەرهاتە تاڵەکانی خۆیانی گێڕاوەتەوە.

*** باسی ئەوەت کرد کە عەبدولڕەحمان بەدرخان کچێکی بە**



**دەقی تەلەگرافی وەزارەتی ناوخۆ لە ڕۆژی ٧ی دیسێمبەری ١٩٠٨دا کە بڕیاری ئازادکردنی میقداد مەدحەت بەدرخان و عەبدولڕەحمان بەدرخان و چەند کەسی دیکەی بنەماڵەی بەدرخانی تیا هاتووە.**

**ناوی لەیلا هەبووە و نامەی بۆ نووسیوە، لێرەدا دەمەوێت ئەوە بپرسم کە ئاخۆ منداڵی دیکەیان نەبووە؟**

ـ ئەو دەمە تەنها لەیلایان هەبووە، بەڵام چەند ساڵ دواتر کچێکی دیکەشیان بە ناوی مووەدەت و دوو کوڕ بە ناوەکانی کەریم و فەریدیان بووە.

*** ئێستا ئەوان لە ژیاندان یان کۆچی دواییان کردووە؟**

ـ تەنها مووەدەت لە ژیاندایە و ئەوانی دیکە کۆچی دواییان کردووە. مووەدەت کوڕێکی هەیە کە ناوی **«ئەمرە گوونەن سای»**ە. ئەم ئەمرەیە پرۆفیسۆرە. ساڵی ١٩٩٦، ئەوکاتەی **(تانسۆ چیللەر)** سەرۆک وەزیری تورکیا بوو، ئەو وەزیری دەرەوەی تورکیا بوو. شایانی باسە ئەو ئەمرەیە و هەندێکی دیکە لە نەوەکانی بنەماڵەی بەدرخان وەک نەوەکانی هەندێک بنەماڵەی کوردی دیکە، هیچ هەست و سۆزێکیان بۆ کورد نییە. تەنانەت بە ئاشکراش دەریدەبڕن کە دژی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردن.

*** پاشان چارەنووسی ئەو دوورخراوانە بە کوێ گەیشتووە؟**

ـ پاش ئیعلانی مەشرووتییەت و نەمانی دەسەلاتی سوڵتان عەبدولحەمید، لەگەڵێک لاوە هەوڵ دراوە کە دوورخراوەکان بۆ شوێنی خۆیان بگەڕێنرێنەوە. تا سەرەنجام بە بڕیارێکی ڕەسمی، لێخۆشبوون بۆ زیندانی و دوورخراوە سیاسییەکان دەرچووە. بنەماڵەی بەدرخانیش جگە لە عەلی شامیل و عەبدولڕەزاق بەدرخان و بەدرخانی برای، بەر ئەو لێخۆشبوونە کەوتوون و بۆ شوێنی خۆیان گەڕێنراونەتەوە. لێرەدا باشتر وایە ئەوە ڕوون بکەمەوە کە عەبدولڕەزاق بەدرخان برایەکی هەبووە ناوی **«بەدرخان»** بووە. عەلی شامیل پاشاش مامی عەبدولڕەزاق بەدرخان و ئەو **«بەدرخان»**ە بووە. لە نووسراوێکی ڕەسمیی وەکیلی والی تەرابلووسی ڕۆژئاوا کە لە ١٩٠٨/١٢/١٣دا نووسیویەتی و ئاراستەی وەزیری ناوخۆی کردووە، باسی ئەوەی کردووە کە بنەماڵەی بەدرخان و کەسەکانی دیکە هەموو ئازاد کراون، تەنها عەلی شامیل و عەبدولڕەزاق بەدرخان و بەدرخانی برای نەبێت، چونکە ئەو سێ کەسە تۆمەتی کوشتنیان لەسەرە، لەبەر ئەوە ئازاد نەکراون. ئەڵبەتە پاشتر ئەوانیش ئازادکراون.

*** دوای ئەوەی کە گەڕاونەتەوە ژیانیان چۆن بووە؟**

ـ پاش گەڕانەوەی کەسەکانی بنەماڵەی بەدرخان هێدی هێدی ژیانیان ئاسایی بووەتەوە. هاوکات هەندێکیان خەباتی سیاسی و ڕۆشنبیرییان دەست پێ کردووە.

*** لەو سەردەمەدا عەبدولڕەحمان بەدرخان بە چییەوە**



عەبدولڕەحمان بەدرخان

**خەریک بووە؟**

ـ ساڵی ١٩١٠ عەبدولڕەحمان بەدرخان لەگەڵ ئەمین عالی بەدرخان، کامیل بەدرخان، میقداد مەدحەت بەدرخان، سەید تەهای شەمزینی، تۆفیق بەگ **(باوکی فوئاد تەمۆ)** و خەلیل خەیاڵی لە ئەستەنبوڵ**«کرد نشر معارف جمعیتی»**یان دامەزراندووە. هەروەها خوێندنگایەکی کوردییان دامەزراندووە کە عەبدولڕەحمان بەدرخان کراوەتە بەڕێوەبەری. ئەوە یەکەم جار بووە لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانیدا ڕێ بە کردنەوەی خوێندنگایەک بدرێت کە ناوی کوردی پێوە بوو بێت. عەبدولڕەحمان بەدرخان، (٣٠) لیرەی تورکی بە خوێندنگاکە بەخشیوە. کە لەو ڕۆژگارەدا پارەیەکی زۆر بووە. هەروەها بەڵێنی داوە کە هەموو مانگێک یارمەتی بدات. بەپێی بەڵگەیەک کە ساڵی ١٩١١ لە لایەن ئیسماعیل حەقی بابان **(وەزیری مەعاریفی ئەو دەمە)**وە نووسراوە، ئاماژە بۆ ناوی ١٦ خوێندنگا کراوە کە دەوڵەت کۆمەکی کردوون. لە ڕیزی سیانزەهەمینیاندا ناوی خوێندنگا کوردییەکە نووسراوە و ناوەکەی **«کرد مشروگیت مەکتەبی»** بووە و وەزارەتی مەعاریف ١٩٠٠ قروش یارمەتی داوە. تورکە دەسەڵاتدارەکان، ئەگەرچی ڕاستەوخۆ و بە ڕەسمی خوێندنگاکەیان دانەخستووە، بەڵام بە شێوەی جۆراوجۆر تەگەرەیان بۆ دروست کردووە و کارێکی وایان کردووە کە بە ناچاریی دایبخەن.

دواتر زانیارییەکی ئەوتۆ سەبارەت بە ژیانی عەبدولڕەحمان بەدرخان لە بەر دەستدا نییە. ئەوەندە دەزانم کە لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهاندا لە بویوک ئادا **(واتە: دوورگەی گەورە)** لە ئەستەنبوڵ، موتەسەریف بووە. پاشتر کراوەتە موتەسەریفی شاری ئایدن. ڕۆژی ١٩١٩/٥/٢٥ گەیشتووەتە ئایدن. دوو ڕۆژ دواتر سووپای یۆنان شارەکەیان داگیرکردووە. ڕۆژی ١٩١٩/٦/٢٩ سووپای یۆنان عەبدولڕەحمان بەدرخانیان دەستگیر کردووە. بیست و پێنج ڕۆژ لە زینداندا هێشتوویانەتەوە، پاشان ئازادیان کردووە.

دوای ئەم ڕووداوانە ئیتر زانیاریی من دەربارەی ژیان و چالاکییەکانی عەبدولڕەحمان بەدرخان زۆر کەمە. ئەوەندە دەزانرێت کە لە مانگی ئاپریلی ١٩٢١دا چووەتە بەیرووت



عەبدولڕەحمان بەدرخان و ئەلیزابەت و باوکی (لە ناو جێبەکەی باوکی ئەلیزابەت دا، سویسرا، ١٩٠٩).

و چاوی بە کاربەدەستێکی حکوومەتی فەڕەنسا کەوتووە و سەبارەت بە کێشەی کورد قسەیان کردووە.

ئاشکراشە کاتێک مستەفا کەمال جڵەوی حوکمی کەوتووەتە دەست، زۆر دڕندانە سەرکوتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی کردووە و هەر کەس و بنەماڵە و لایەنێک بچووکترین بەشدارییان لەو بزووتنەوەیەدا هەبووبێت، گرتوونی و خستوونییەتە زیندانەوە. ئەوەشی کە بەر زەبر و زەنگی ئەو ڕژێمە نەکەوتووە، سەری خۆی کز کردووە و چیدیکە نەی وێراوە چالاکی ببێت. وا دیارە عەبدولڕەحمان بەدرخانیش خۆی مت کردووە.

*** کەی کۆچی دوایی کردووە؟**

ـ ساڵی ١٩٣٦ لە ئەستەنبوڵ کۆچی دوایی کردووە.

*** دەزانرێت لە کوێ نێژراوە؟ مەبەستم ئەوەیە کە ئارامگاکەی دیارە؟**

ـ لە ئەستەنبوڵ لە گۆڕستانی قاراجا ئەحمەد نێژراوە.

*** پەیوەندیت لەگەڵ کام لە نەوەکانی بنەماڵەی بەدرخان هەیە؟ کامیان ئامادەبوون زانیاریت سەبارەت بە بنەماڵەکەیان بدەنێ؟**

ـ ڕاستییەکەی نەوەکانی بنەماڵەی بەدرخان و عەبدولڕەحمان بەدرخان، مەبەستم **ئەوانەیانە کە ئێستا لە تورکیا دەژین، باسی بنەماڵەکەیان ئەوەندە بە لاوە گرنگ نییە. تەنانەت گەلێکیان دژی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردن.** بە هەر حاڵێک بوو توانیم چەند کەسێکیان لە نزیکەوە ببینم. یەکێک لەوانە کوڕێکی لەیلای کچی عەبدولڕەحمان بەدرخان بوو. ئەم کەسە لە هەندێک بارەوە هاوکاریی کردم. پاش ماوەیەک دیسان پێکەوە دانیشتین و باسی بنەماڵەی بەدرخانمان کرد، کەچی دیتم وەکو پێشتر نەرم و ئارام نییە. بە گووتەی خۆی کەسوکارەکەی لۆمەیان کردووە کە بۆچی زانیاریی سەبارەت بەوان داوە بە کەسێکی وەک من کە بە کوردایەتییەوە خەریکە!

*** پاش مەرگی عەبدولڕەحمان بەدرخان ژیانی ئەلیزابەت چۆن بووە؟**

ـ ئەلیزابەت هەتاکو ساڵی ١٩٤٦ لە ئەستەنبوڵ لە **«کۆلێژی ئەمریکی بۆ ژنان»** مامۆستا بووە و وانەی زمانی فەڕەنسی و **(مۆسیقا ـ پیانۆ)**ی گووتووەتەوە. ساڵی ١٩٦٣ لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا لە ئەستەنبوڵ کۆچی دوایی کردووە.

*** کاک مالمیسانژ، ئێوە پاش ئەو هەموو گەڕان و سۆراغکردن و لێکۆڵینەوەیە، چۆن عەبدولڕەحمان بەدرخان دەناسێنن؟**

ـ عەبدولڕەحمان بەدرخان میرزادەیەکی کورد، کەسێکی ڕووناکبیر، تێکۆشەر، ئازادیخواز و پێشکەوتنخواز بوو. وەکو




عەبدولڕەحمان بەدرخان و لەیلای کچی لە کەشتییەکدا لە سویسراوە بەرەو ئەستەمبوول (١٩٠٩).



میقداد مەدحەت بەدرخان (کەسی یەکەم لای چەپ، ئەوەی کە منداڵەکە لەبەردەمیدا وەستاوە)، عەبدولڕەحمان بەدرخان (کەسی دووەمی لای چەپ، ئەوەی کە گۆچانەکەی بەدەستەوەیە)، دوو ژنبراکەی میقداد مەدحەت بەدرخان، کەسی یەکەمی لای ڕاست نەناسراوەتەوە.

هەڵوێستی کوردانەشی هەتاکو ئەودەمی کە جەنگی یەکەمی جیهان کۆتایی هات بۆ ئەوە تێدەکۆشا کە کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا بە مافە نەتەوەییەکانی بگات. پاش بڕانەوەی ئەو جەنگە، وا دەردەکەوێت کە ماوەیەکی کورت بۆ سەربەخۆیی کوردستان خەباتی کردووە. لەم ڕووەوە هەندێک بەڵگە هەن. یەکێک لەوانە پرۆتۆکۆڵی دووەمی کۆبوونەوەی بنەماڵەی بەدرخانە کە پاش نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ٤ی حوزەیرانی ١٣٣٦ی ڕۆمی (١٩٢٠) لە ئەستەنبوڵ نووسراوە




بـڕیـاری قـەدەغـەکـردنـی هـاتنـە ناوەوەی ڕۆژنامەی کوردستان بۆ ناو ئیمپراتۆریی دەوڵەتی عوسمانی لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمـەوە لە ١٨٩٨/٤/٣٠.

**چەند سەرنجێک:**

ئەم وتووێژە لە مانگی نۆڤێمبەری ٢٠٠٨دا ئەنجام دراوە. ئـەودەمـە هێشتا کتێبە نوێکەی مالمیسانژ کە دەربـارەی عەبدولڕەحمان بەدرخان نووسیویەتی، چاپ نەکرابوو. نیاز وابوو ئەم وتووێژە بەر لە چاپ کردنی کتێبەکە بڵاوبێتەوە، بەڵام بەهەر هۆیەکەوە بوو، چاپی کتێبەکە پێش کەوت و لە مانگی جێنیوەریی ٢٠٠٩ دا بڵاو بووەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەقی وتووێژەکەمان وەک خۆی هێشتووەتەوە و هیچمان لێ نەگۆڕیوە.

- ئەو چەند پەرەگرافەی کە وەک نموونە لە ڕۆژنامەی کوردستان هێنراونەتەوە، وەکو خۆیان نووسیومانەتەوە و بەهیچ جۆرێک دەستکاریمان نەکردوون.
- پاش نووسینەوە و پاکنووس کردنی وتووێژەکە، مالمیسانژ خۆی بە دەقی وتووێژەکەدا چووەتەوە.




دوا کتێبی چاپکراوی (مالمیسانژ) لە بارەی (ڕۆژنامەی کوردستان) و عەبدولڕەحمان بەدرخان- ٢٠٠٩

## سەرنج:

داوای لێبوردن لە خاوەنی ئەم بابەتانەی خوارەوە دەکەین، لەبەر هەندێ کەموکوڕی لە دیارکردنی سەرچاوەی بابەتەکانیان و هەندێ تێبینی و سەرنج، نەتوانرا بابەتەکانیان بخرێتە ئەم ژمارەیەی ( [illegible] )، بۆیە داواتان لێ دەکەین پەیوەندیمان پێوە بکەن بۆ پڕکردنەوەی کەلەبەری بابەتەکان و بڵاوکردنەوەیان لە ژمارەی داهاتووی گۆڤارەکەمان.

* چەند سەرنجێک سەبارەت بە سنووری بایەخبەندی
* کاریگەریی لایەنە دەروونییەکان لە دەرهێنانی رۆژنامەنووسیی و نەخشەسازیدا
* شێوەی نووسینی راپۆرت لە میدیاکاندا
* عەبدولڕەحمان بەرگی یەکەم رۆژناما کوردی (کوردستان) وەشاندی
* کوردی ئەردەن و رۆژنامەنووسیی
* مرۆڤ لەسەردەمی ئینتەرنێتدا
* کاری رۆژنامەوانی لە بوواری ئاسایشی ناوخۆ
* مێژووی رۆژنامەنووسی عەرەبی لە عیراق
* دەربارەی سەرهەڵدانی مێژوویی رۆژنامەنووسی لە جیهان
* تیۆرەکانی رۆژنامەنووسیی و پەیوەندییان بە دەسەڵاتەوە

# هەواڵ و چالاکییەکان

ئامادەکردنی:
- دیار خالید
- جەمال حوسێن

هەواڵنامەی کتێب

# بەیاننامەی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان به بۆنەی (٢٢)ی نیسان رۆژی رۆژنامەگەری کوردی

له (٢٢)ی نیسانی ١٨٩٨ لەسەر زەمینی تاراوگەو له قاهیرەی پایتەختی میسردا، میقداد مەدحەت بەدرخان یەکەمین رۆژنامـەی کوردی بەناوی کوردستان به چاپ گەیاند، هەربۆیەش رۆژنامەنووسان و رۆشنبیرانی کورد ئەو رۆژه لەمێژووی خۆیان بەبۆنەو یادێکی شکۆدار و ماناداری خۆیان دەزانن و به شێوازی جۆراو جۆر رێزی دەگرن، ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، لەم یاده شکۆدارەدا گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی سەرجەم رۆژنامەنووسانی کورد دەکات و هیوای سەرکەوتن و بەرەو پێش چوونی بەردەوامیان بۆ دەخوازێت له جێ بەجێ کردنی ئەرک و کاری پیشەیی خۆیان.

(٢٢)ی نیسانی (١٨٩٨) سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ و رەنگرێژکردنی سەردەمێکی تازه بوو له ژیانی رۆشنبیری و کەلتوری گەلەکەمان به گشتی و رۆژنامەگەری به تایبەتی، هەروەک دەسپێکی بەرێکەوتنی کاروانی وشه و زانین و مەعریفه و شێوازێکی تری خەبات بوو رووەو گەشەپێدانی هۆشیاری نەتەوەیی و پاراستنی زمان و فەرهەنگ و کلتوری نەتەوایەتیمان لەفەوتان، ئاشکرایه دواتر ئەوکاروانه بەنێو تونێله تاریک و هەورازە سەخت و دژوارەکان و بەسەر پشتی مەترسیدا له رێگای قەڵەم و هزرو توانستی داهێنەراندا بەردەوام بوو لەسەر رێگای برین و گەیاندنی هەگبەی وشەو رسته و پەیڤەکانی خۆی قۆناخ به قۆناخ تاکو به ئێستا دەگات، لەم رێگایەشدا هیلاکی و ماندوو بوون و قوربانیەکی گرانبەهای داوەو لاپەرەکانی مێژووی زێرینی ئەو کاروانەش پره لەو شۆرەسوارانەی که گیانی خۆیان کرده پردو بەردەبازی بەردەوامی دان بەو کاروانه و زاڵبوون بەسەر ئەو کۆسپ و تەگەرانەی هاتوونەته سەر رێگای، دیاره نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت که رەوت و بزوتنەوەی رۆژنامەگەری چەنده لەرووی چلۆنایەتی و چەندایەتی گەشەی کردبێت، ئەوا شانازی ئەو شاکاره هەر دەگەرێتەوه بۆ میقداد مەدحەت بەردخان که لەگەڵ ستافێکی ماندوو نەناسدا یەکەمین بەردی بناغەی ئەو شاکارەیان دانا.

هەڵبەت له قۆناغی ئەمرۆ لەکاتێکدا ئێمەی رۆژنامەنووسانی کوردستان یادی(١١١) ساڵەی رۆژی رۆژنامەگەری کوردی دەکەینەوه جێی خۆیەتی که ئاماژەبەوه بکەین کەئەمرۆ لەژێر سایەی ئەزموونی هەرێمی کوردستان و له دەرئەنجامی بەردەوامی هەوڵ و کۆششی توێژی رۆژنامەنووسان کایەو بزوتنەوەی رۆژنامەگەری رەهەندو ئاستێکی پێشکەوتووی به خۆیەوه بینیوە، تادێت قورسایی ئەو توێژه لەسەر زەمینی واقعی کایه سیاسی و ئیداریەکان زیاتر دەبێت، دیاره ئامادەیی سەدان رۆژنامەنووس و بەچاپ گەیاندن و پەخشی سەدان کەناڵ و بڵاوکراوەی رۆژنامەوانی له هەرێمی کوردستاندا، لەلایەک گوزارشت له نەشونماکردن و گەشەکردنی ئاستی هۆشیاری گەلەکەمان بەگشتی و لەلایەکی تریش رەنگدانەوەی ئەو رەوش و دۆخه پێشکەوتووەدەکات، که رەوت و بزوتنەوەی رۆژنامەگەری پێی گەیشتووە، هەڵبەت سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان که پێداویستی و زەرورەتی رۆژنامەگەری لەوڵاتەکەمان هێناویەته ئاراوه بەشێوەیەکی بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدا بووه که ئاراستەی رۆژنامەگەری لەسەر بنەمایەکی تەندروست

و بابەتیانە رووەو پیشەیی هەنگاو بهاوێژێت و هەڵگری تەواوی مۆرک و رەهەندە بنچینەیەکانی پیشەیی بێت لەسەر زەمینی واقعی خۆیدا کە دەسەڵاتی چوارەمە پایەکانی خۆی بچەسپێنێت.

یاسای ژمارە(٣٥)ی رۆژنامەگەری لە کوردستان کەسەرەتا وەکو پرۆژەیەک لەلایەن ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دارێژراو لە ٢٠٠٨/٩/٢٢ لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندکراو دواتر سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئیمزای لەسەر کرد، یەکێک لەبەرهەم و دەرئەنجام و دەسکەوتەکانی سەندیکایە کە بۆ توێژی رۆژنامەنووسانی دەستەبەر کردووە، کە بێ گومان بە پاڵپشتی خودی ئەو توێژە بەدەستی هێناوە، هەربۆیەش دوای دەرچوونی ئەو یاسایە ئەنجوومەنی سەندیکا هیواو ئومێدێکی زۆری لەسەر یاساکە هەڵچنی و وای بینی کە جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایە دەبێتە ژێرخانی زیاتر بەرفراوان کردنی پانتاییەکانی ئازادی رۆژنامەنووسی و چەسپاندنی ئەو ئازادیە لەنێو کایەکانی واقیعدا، بەڵام ئەوەی جێگەی رەخنەو نیگەرانیە قۆناغی دوای دەرچوونی ئەو یاسایە تارادەیەکی بەرچاو بە پێچەوانەی ئەو خەون و چاوەروانیانە بوو کە سەندیکا و رۆژنامەنووسان بە گشتی لەسەر یاساکە هەیبوو. چونکە هەندێک لەدادوەر و بەرپرس و هێزەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان هەر لەسەر رێچکەی کۆن مامەڵە لەگەڵ توێژی رۆژنامەنووسان دەکەن، بەپێی یاسای سزاکانی عێراق هەڵسوکەوت و رەفتار لەبەرامبەر ئەو توێژەدا دەنوێنن، بۆ نموونە زۆرجار هەندێک بەرپرس و لایەنی پەیوەندیدار بەمەبەستی لاوازکردنی پێگەی رۆژنامەگەری پەنا بۆ هەوڵی شێواندنی کەسایەتی رۆژنامەنووس دەبەن و سیفەتی دژی گەل و نانیشتمانی دەدەنەپاڵ، نەک هەر ئەمەش لەدەرئەنجامی کۆمەڵێک چالاکی مەیدانی کە ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسان بەمەبەستی زانیاری وەرگرتن لەسەر چۆنیەتی جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایە ئەنجامیدا، بۆی دەرکەوت کە هەندێک لە دادوەرانی کوردستان یاسای رژنامەگەریان پێ نەگەیشتووە، بگرە هەندێکیان شتێکی ئەوتۆشیان لەبارەی ئەو یاسایە نەدەزانی، لەم بارەیەوە بە ئامانجی کارکردن لە پێناو جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایە، ئەنجوومەنی سەندیکا لە چوارچێوەی کارو چالاكییەكانی بە بۆنەی (٢٢) ی نیسان، رۆژی ٢٠٠٩/٤/١٨ سیمینارێکی تایبەتی بە**(یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان)** سازکرد.

لەم روانگەوە ئەنجوومەنی سەندیکا لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی خۆیدا بریاریدا کە ئەگەر لە داهاتوو سیاسەتی کارنەکردن بەو یاسایە بەردەوام بێت ئەوا پەرەبەچالاکی مەدەنیانەی خۆی دەدا و رێگا و شێوازی تری ئەو چالاکیانەی دەگوازێتەوە بۆ ئاستی تر لەچوارچێوەی یاسادا. هەربۆیەش ئێمە لەرۆژی رۆژنامەگەری کوردیدا سەرلەنوێ داوا لەو لایەنە پەیوەندیدارانە دەکەینەوە پاڵپشتی و چاودێری ئەو یاسایە بکەن و رێگەنەدەن بە پێ ی هەڵوێست و قەناعەتی تاکەکەسی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت چونکە کارکردن بە پێچەوانەی ئەو یاسایە و درێژەدان بەگرتن و پێشێلکاری مافی رۆژنامەنوسان گومان دەخاتە سەر کۆی یاساکانی تری هەرێمی کوردستان.

سەندیکای رۆژنامەنووسان سەرەرای رەخنەو تێبینی لەسەر جێ بەجێ نەکردنی یاسای رۆژنامەگەری لای هەندێک دادوەر و لایەنی پەیوەندیدار بەڵام دیاردەیەکی تریش کە ئێستا لە نێو کایە و دنیایی رۆژنامەگەری هەرێمی کوردستان بەدی دەکرێت و مایە و هۆکاری گلەیی و رەخنە و بگرە بێزارییە، پابەند نەبوونی هەندێک رۆژنامە و رۆژنامەنووسە بە یاسای رۆژنامەگەری خۆیان و بگرە بنەماکانی ئەخلاقی پیشەی رۆژنامەگەریش، بۆ نموونە وەکو

هەواڵی بێ بناغە و دەست خستنە نێو ژیانی تاكەكانی كۆمەڵگاو باس كردن لە پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكانی خەڵك و هەڵبەستنی تۆمەت و ناوزراندن بەسەریاندا بۆتە بە بەشێك لە نەریت و ئاكاری هەندێك لەوانە، لەپاڵ ئەوەشدا هەندێک میدیاكاری دەزگاكانی رۆژنامەگەری زۆرجار بونی كێشە كۆمەڵایەتیەكانی خۆیان بەسەر كاری پیشەی رۆژنامەوانیدا ساغ دەكەنەوە، دیارە ئەمەش دوورە لە بنەما و هێڵە گشتیەكانی یاسای رۆژنامەگەری لە هەرێمی كوردستان و**(میساقی شرەف)**ی **(فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان)** بۆیە ئێمە ئەو بۆنەیە بە دەرفەتێک دەزانین كەوا داوا لەسەرجەم رۆژنامەنووسان بكەین كە پاڵپشتی ئەو جۆرە رەفتار و ئاكارانە نەكەن و بگرە هەوڵی نەهێشتنی ئەو حاڵەتەبدەن كە بەداخەوە خەریكە دەبێتە دیاردە، چونكە ئەمە لەسەر حیسابی بەهاو شێواندنی بنەماكانی پیشەی رۆژنامەوانییە، لە پاڵ ئەمەشدا ئەنجوومەنی سەندیكا خۆشحاڵی و گەشبینی خۆی بەرامبەر ئیرادەی رۆژنامەنووسانی كوردستان پیشان داوەو دڵنیایە كە بزوتنەوەی رۆژنامەگەری روووەو ئایندەیەكی گەش و درەوشاوە هەنگا و دەهاوێژێت و لە رێگای بوێری و بێ لایەنی و راستگۆییەوە دەبێتە چاودێر بەسەر كایەكانی دەسەڵات.

لەم یادەدا سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاكی پر بەهاو داهێنەرانەی میقداد مەدحەت بەدرخان و بنەماڵەی بەدرخانیان

سڵاو لەو رۆژنامەنووسە داهێنەرانەی كە لێناگەرێن ئەستێرەی گەشی رۆژنامەگەری لە ئاسمانی كوردستان بكوژێتەوە..

سڵاو لەو رۆژنامەنووسە بوێرانەی لە پێناو گەیاندنی راستی و پابەند بوون بە پیشەكەیان شەهید بوون.

**ئەنجوومەنی سەندیكای**
**رۆژنامەنووسانی كوردستان**
**هەولێر- ٢٠٠٩/٤/٢٢**

# چەند بروسکەیەکی پیرۆزبایی بە بۆنەی ساڵیادی رۆژنامەگەری کوردی

## مام جەلال: جێی خۆیەتی ئێوەی رۆژنامەنووسان هەوڵ بدەن بۆ گەیاندنی پەیامە پیرۆزەکەتان



بەبۆنەی ساڵیادی رۆژنامەگەریی کوردییەوە سەرۆک مام جەلال سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە پەیامێکدا پیرۆزبایی لە رۆژنامەنووسانیی کوردستان کرد و ئاماژەی بەوەش کرد کە دەبێت رۆژنامەنووسانی کوردستان هەوڵی جددی بدەن بۆ گەیاندنی پەیامەکەیان بەشێوەیەکی ژیرانەی دوور لە زمانی زبر و ناشیرین، تا بتوانێ ببێتە ئەو دەسەڵاتی چوارەمەی کە ئیعتیبار بۆ خۆی دروست بکات، ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

رۆژنامەنووسانی ئازیزی کوردستان

بەبۆنەی یادی (١١١) ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردییەوە خۆم بەبەختەوەر دەزانم کە گەرمترین پیرۆزباییتان ئاراستە بکەم و جەژنی رۆژنامەگەریی کوردیتان لێ پیرۆز بکەم.

خۆشەویستان.. خوشک و برایانی رۆژنامەنووسانی کوردستان

دەرچوواندنی رۆژنامەی **(کوردستان)** لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ وەک یەکەم رۆژنامەی کوردی لەلایەک رۆژێکی مێژوویی پرشنگداری لەیاد نەچووی رووناکبیرانی کوردستانە، لەلایەکی تریشەوە دەستپێکی کاروانێکی تری تێکۆشانی بواری رۆژنامەگەریی و رووناکبیرییە کە هەموومان بایەخەکەی زۆر باشی پێدەدەین و دەشزانین راپەڕاندنی ئەرکی رۆژنامەنووسی چەندە ئەرکێکی هەستیار و گرنگە، بەتایبەتی لە کوردستانەکەی خۆماندا کە هێشتا دەستکەوتەکانمان بەتەواوی نەچەسپیون و چەندین دەستکەوتیش گرنگیش

ماون کە بەدەستیان بهێنین. بۆیە جێی خۆیەتی کە ئێوەی رۆژنامەنووسانی کوردستان هەوڵی جددی بدەن بۆ گەیاندنی پەیامەکەتان کە پەیامێکی پیرۆزە بەشێوەیەکی ژیرانەی دوور لە زمانی زبر و ناشیرین و ناشارستانییانە بۆ ئەوەی لەپاڵ گەشەکردنە زۆر و زەوەندەکانی تری کوردستاندا بواری رۆژنامەنووسیشمان باشتر گەشە بکات و بتوانێ ببێتە ئەو دەسەڵاتی چوارەمەی کە ئیعتیبار بۆ خۆی دروست بکات و رۆڵی چاوەڕوانکراوی خۆی چاکتر ببینێت لە گەیاندنی هەواڵ و بەدواداچوون و شیکردنەوەی رووداوە جۆراوجۆرەکانی رۆژ بەشێوەیەکی راست و دروست و دوور لە بوختان و شکاندنی ئەم و ناوزڕاندنی ئەو.

رۆژنامەنووسانی خۆشەویست..

ئەم سەردەمە سەردەمی جیهانگیرییە و وەک هەموو بوارەکانی تری ژیان کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر بواری راگەیاندن درووستکردووە و دنیای زۆر بچووک کردووتەوە، بۆیە گرنگە ئێوەش چەند دەکرێت سوود و کەڵک لە خێر و بێرە زۆرەکانی جیهانگیریی وەربگرن و توانا و لێوەشاوەیی و هەڵسوڕانی خۆتانی پێ پەوتر بکەن و کاروانی رۆژنامەگەریی کوردیشی پێ دەوڵەمەندتر بکەن، بەتایبەتی کە هەموو کەرەستە و پێویستییەکانی گەشەپێدانی رۆژنامەگەریی لە کوردستاندا فەراهەمکراون، لەسەروویانەوە ئەو ئازادییەیە کە لە سایەیدا دەیان رۆژنامە و کەناڵی راگەیاندن دەستبەکارن و بەوپەڕی ئازادییەوە کاری راگەیاندنی خۆیان دەکەن.

لەلایەکی تریشەوە، پتەوترکردنی پەیوەندییەکانتان لەگەڵ رۆژنامەنووسانی وڵاتانی جیاجیای دنیا زۆر بایەخدارە و دەهێنێ ئەو پەیوەندییانە فراوانتر بکەن، لەو چوارچێوەیەشدا خۆشحاڵم کە ژمارەیەک لە رۆژنامەنوسانی هەرسێ وڵاتی دۆستمان میسر و ئێران و بەریتانیا میوانتانن و بەشداریی جەژنەکەتان دەکەن.

لەکۆتاییدا، دووبارە جەژنتان پیرۆز و کاروانی رۆژنامەنووسیی کوردستان هەردەم بەرێوەبێت بەرەو سەرکەوتنی کۆتایی.

**هەر شاد و سەربەرز و سەرکەوتوو بن**

**برای دڵسۆزتان**
**مام جەلال**
**٢٢ی نیسانی ٢٠٠٩**

# سەرۆکی هەرێمی کوردستان هیوای خواست راگەیاندنی کوردی خزمەتی ئامانج و خواستە ستراتیژییەکانی گەلەکەمان بکات



بەبۆنەی یادی (١١١) ساڵەی رۆژنامەنووسی کوردییەوە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بروسکەیەکی پیرۆزبایی ئاراستەی رۆژنامەنووسانی کوردستان کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بەبۆنەی یادی (١١١) ساڵەی رۆژنامەنووسیی کوردی و دەرچوونی یەکەمین ژمارەی رۆژنامەی کوردستان (٢٢)ی نیسانی ١٨٩٨، کە بەم کارە نەتەوەییە یەکەمین چرای رۆژنامەنووسی لە قاهیرە لەلایەن خانەوادەی سەربەرز و کوردپەروەری بەدرخانییەکان هەڵگیرسێنرا و ئەو رۆژەش بوو بە دەستپێکی خەباتی قەڵەم لە مێژوووی پڕ سەروەریی گەلی کوردستان و بە رۆشنبیرکردنی بزوتنەوەی نەتەوەییمان، پڕ بەدڵ پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی تێکڕای رۆژنامەنووسانیی کوردستان دەکەم و ئومێدی ئایندەیەکی گەش و سەرکەوتوویان بۆ دەخوازم، بەو هیوایەی کە بەبیربۆچوونە جیاجیاکانیان و لەژێر سایەی ئەو ئازادییەی کە بۆیان رەخساوە، قەڵەمەکانیان لە خزمەتی پێشخستنی کۆمەڵگەی کوردستان و رەخنەگرتنێکی بنیاتنەرانە بەکاربێنن و راگەیاندنی کوردی بەرەو راگەیاندنێکی هاوچەرخ و دوور لەتانە و ناو زراندن ببەن و رۆڵی ئیجابیانەی خۆیان وەک دەسەڵاتی چوارەم لە دروستکردنی رای گشتی و کۆمەڵگەی مەدەنی بگێڕن و کەموکورییەکانیش بە شێوەیەکی شارستانی و بەرەچاوکردنی ئەخلاقییەت و پرەنسیپی رۆژنامەنووسی بەوپەڕی جورئەتەوە دەستنیشان بکەن و بەجددی بەدوای راستیەکاندا بگەڕێن و بە ئەمانەتەوە مامەڵە لەگەڵ زانیارییەکاندا بکەن و بە جوانترین شێوە لە خزمەتی ئامانج و خواستە ستراتیژییەکانی گەلەکەماندا بن و هەمیشە پاڵپشت بن بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەکەمان، بەتایبەتی لەم قۆناغەدا کە رۆژ لە دوای رۆژ هەنگاو بەرەو ئامانجەکانی هەڵدەگرێت.

جارێکی دیکە هیوای گەشەسەندن بۆ رۆژنامەنووسیی کوردی دەخوازم و سەربەرزیش بۆ ئەو رۆژنامەنووسانەی کە شان بەشانی پێشمەرگە خەباتیان کردووە و رێزیشم بۆ گیانی پاکی رۆژنامەنووسە شەهیدەکان.

**لەگەڵ رێز و خۆشەویستیم**

**مەسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**
**٢٢ی نیسانی ٢٠٠٩**

# پەیامی جێگری سەرۆكی هەرێم لەیادی (١١١) ساڵەی ڕۆژنامەنووسی كوردیدا

**ڕۆژنامەنووسانی بەڕێز و بوێری كوردستان**

بەبۆنەی یادی (١١١) ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی كوردییەوە گەرمترین پیرۆزباییتان لێدەكەم و هیوای سەركەوتن و گەشەكردنی زیاترتان بۆ دەخوازم لە ڕاییكردنی ئەركەكانتان و گەیاندنی ڕاستییەكان بۆ كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان.

دیارە لەم یادە پیرۆزەدا، جێگەی خۆیەتی ڕێز و وەفا بۆ بنەماڵەی بەڕێزی بەدرخانییەكان دووپاتبكەینەوە كە توانیان لە ڕۆژگارێكی سەختدا و لە تاراوگە بەر لە (١١١) ساڵ، یەكەمین ڕۆژنامەی كوردی دەربكەن و سەرەتای تێكۆشانی كاروانی ڕۆژنامەنووسی كوردی دەست پێبكەن، كە تا ئێستا بە شانازییەوە ڕۆژنامەنووسی كوردی ڕۆژ دوای ڕۆژ لە گەشەی بەردەوامە.

بەبۆچوونی ئێمە پێویستە ڕۆژنامەنووسانی كوردستان لە قۆناغی ئێستادا بوێرانەتر و ئازایانەتر بێنە مەیدانەكە و ڕووی ڕاستەقینە و ڕاستگۆیانەی شتەكان باسبكەن، دوور لە ناو زڕاندن و بریندار كردن، بەڵكو ڕەخنە و پێشنیازی بنیاتنەر و كاریگەر بخەنە ڕوو لەپێناو بەرژەوەندیی گشتی، كە دیارە ئەمەش ئەركی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەنووسییە.

پێمخۆشە لەم یادەدا، ئەوە دووپات بكەمەوە كە ئەو ئازادییەی ڕاگەیاندن لە كوردستاندا هەیە، هۆكارێكی سەرەكییە



بۆ بەرەو پێشبردنی سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەكانی كۆمەڵگە.

بەتایبەت چاككردنی ژیانی هاوڵاتییان، بۆیە پێویستە ئێوە هەموو كاتێك پێشڕەوی میللەت بن بۆ ئەوەی كاری باشتر پێشكەش بكەن، بەرەچاوكردنی ئیتیكی ڕۆژنامەنووسی دوور لە زمانی زبر و بریندارکەر و ناو زڕاندن، بەڵكو بەپشتبەستن بە بەڵگە وهەقیقەت.

**بەهیوای سەركەوتنتان**

**كۆسرەت ڕەسوڵ عەلی**
**جێگری سەرۆكی هەرێمی كوردستان**
**٢٠٠٩/٤/٢٢**

# سەرۆكی پەرلەمان داوایكرد لایەنە پەیوەندیدارەكان یاسای ڕۆژنامەگەریی لەبەرچاوبگرن

بەبۆنەی یادی (١١١) ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی كوردی، عەدنان موفتی سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان بروسكەیەكی پیرۆزبایی ئاراستەی ڕۆژنامەنووسانیی كوردستان كرد كە ئەمە دەقەكەیەتی:

بەبۆنەی یادی (١١١) ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی كوردی گەرمترین و جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی ڕۆژنامەنووسانیی كوردستان بەگشتی و خانەوادەی سەربەرزی ڕۆژنامەنووسانی شەهید بەتایبەتی دەكەین، هیوای سەركەوتن و پێشكەوتنی زیاترتان بۆ دەخوازین لە بەجێگەیاندنی ئەركە پیشەییەكانتان لەسەر بنەمای ڕاستگۆیی و پابەند بوون بەیاسا و ئیتیكی كاری ڕۆژنامەنووسییەوە. لەپێناو گەیاندنی بابەتیانەی هەواڵ و زانیارییەكان بۆ كۆمەڵانی خەڵك و بەشداریكردنتان لە هەوڵەكانی هەرێم بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و چەسپاندنی حوكمی یاسا و دابینكردنی دادپەروەری و هەنگاونان بۆ دامەزراندنی كۆمەڵێكی مەدەنی و شارستانی لە هەرێمی كوردستاندا، كە تێیدا ڕۆژنامەنووسان و میدیاكان بەگشتی ئازادانە و بوێرانەتر دەستنیشانی كەم و كورِییەكان بكەن.

هەروەها لەم یادە پیرۆزەدا، سڵاوی ڕێز و وەفاداری بۆ گیانی پاكی باوكی ڕۆژنامەنووسیی كوردی **(مقداد مەدحەت بەدرخان)** و تەواوی ماڵباتی بەدرخانییەكان دەنێرین، كە لە ڕۆژگارێكی سەخت و پڕ لە نەهامەتیدا لەسەردەستی ئەو بنەماڵە تێكۆشەر و ڕۆشنبیرەدا ساڵی ١٨٩٨ یەكەم ڕۆژنامەی كوردییان لە قاهیرەی پایتەختی میسر دەرچوواند.

هیواداریـن لەم بۆنە پیرۆزەدا



ڕۆژنامەنووسانی كوردستان بەسود وەرگرتن لەیاسای كاری ڕۆژنامەنووسی و پابەند بوون بە ئیتیك و پەیماننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی، گەشەی زیاتر بە توانای پیشەیی خۆیان بدەن و هەڵسەنگاندنی بابەتی بۆ یاساكە بكەن، هەروەك پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەكانیش لە مامەڵەكردنیان لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا جێبەجێكردنی ناوەڕۆكی یاساكە لەبەرچاوبگرن، بۆ ئەوەی ڕێز لە ڕۆڵ و ئیرادەی ڕۆژنامەنووسان و ئەو ئازادییە بگیرێت كە بۆ میدیاكان رەخساوە تا ئەوانیش بتوانن بە كردەوە مومارەسەی دەسەڵاتی چوارەم بكەن، لەپاڵ دەسەڵاتەكانی تر لە هەرێمی كوردستاندا.

**عەدنان موفتی**
**سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان**
**٢٠٠٩/٤/٢٢**

# جێگری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بارەگای سەندیکا دەکات



پێش نیوەڕۆی ٢٠٠٩/٨/١٢ بەڕێز **(عیماد ئەحمەد)** جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران سەردانی بارەگای ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی کرد لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانداو لەلایەن نەقیب و ئەندامانی ئەنجوومەنەوە پێشوازی لێکرا.. لەمیانەی سەردانەکەدا نەقیبی ڕۆژنامەنووسان وێڕای بەخێرهێنانی بەڕێزیان چەند داوایەکی خستە بەردەمیان کە بریتی بوون لە:

– هەمواركردنی یاسای خانەنشینی ڕۆژنامەنووسان کە لە ساڵی (٢٠٠١)ەوە لەپەرلەمانی کوردستان دەرچووە بەتایبەتی ئەو ماددەیەی کە تایبەتە بە بەبڕی مووچەی خانەنشینی کە سەندیکا داوای کردووە لە (١٠٨) هەزار دینارەوە بکرێتە (٥٠٠) هەزار دینار.

– جەختکردن لەسەر دابینکردنی پارچە زەوی نیشتەجێ بوون بۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بەتایبەتیش ڕۆژنامەنووسانی سنووری لقی سلێمانی و گەرمیان کە تاکو ئێستا بەشی هەرە زۆریان سوودمەند نەبوون، لەم بارەیەوە بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت پشتگیری کردنی تەواوی خۆی بۆ جێبەجێکردنی هەردوو داواکارییەکەدا..

لەلایەکی ترەوە بەڕێزیان ئاماژەی بە ڕۆڵی بەرچاوی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان کرد کە بەراستی چەتری سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە بەبێ هیچ جیاوازییەک، هەروەها جەختی کردەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبایەخەوە تەماشای ڕۆڵی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان لە گواستنەوەی هەواڵ و ڕاستییەکان و دروستکردنی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و چاودێری کردنی دەزگاکانی حکومەتی هەرێم دەکات.

# لقی موسڵ و خولێكی وێنەگرتنی تەلەفزیۆنی و مۆنتاژ

لەچوارچێوەی چالاكییەكانی لقی موسڵی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان، لە رۆژانی (٢٨ - ٣ ـــ ٢٠٠٩/٣/٣١)، خولێكی راهێنان بۆ وێنەگرتن و مۆنتاژی تەلەفزیۆنی لە ناحیەی (قوش)ی سەر بە پارێزگای موسڵ كرایەوە.

خوولەكە لەلایەن ئەكرەم سولەیمان جێگری سكرتێری لق بەڕێوەچووو و كۆمەڵێك لە لاوانی ناوچەكە تیایا بەشداربوون.

لە كۆتایی خوولەكەشدا بڕوانامەی رێزلینان بەسەر بەشداربووان دابەشكرا.

# شاندێكی لقی كەركووك سەردانی ئەمیری كۆمەڵەی ئیسلامی دەكات

شاندێك بەنوێنەرایەتی لقی كەركووكی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان رۆژی (٢٠٠٩/٤/٢) لە هەولێری پایتەختی هەرێمی كوردستان سەردانی بەڕێز عەلی باپیر ئەمیری كۆمەڵی ئیسلامی لە كوردستان كرد.

لە میانی سەردانەكە، گفتوگۆیەكی تێروتەسەل دەربارەی رۆژنامەگەری لە كوردستاندا و رۆژنامەنووسانی كەركووك كرا.



هەواڵنامەی كتێب

# ٢٠ ڕۆژنامەنووس لە سۆران بەشداریان لە خولێکی ڕۆژنامەنووسی کرد

لە ڕۆژانی ٧-٢٠٠٩/٤/٨ ڕێکخراوی ئایرێکسی نێودەوڵەتی بەهاوکاری نووسینگەی سۆرانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەنیستیۆی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ خولێکی ڕۆژنامەوانی بەبەشداری (٢٠) ڕۆژنامەوان و پەیامنێری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سۆران سازدا.

لەو خولەدا **(عەلی کەریم)** ڕاهێنەری بواری ڕاگەیاندن لە ڕێکخراوی ئایرێکسی نێودەوڵەتی، وانەکانی گوتەوە. خولەکە بەسەر چەند تەوەرێک دابەشکرابوو، لەوانە **(نووسینی هەواڵ و ڕەگەزو پێکهاتەکانی هەواڵ، سەرچاوە و کەرەستە و بەدواداچوونی هەواڵ، شێوازی دارشتنەوەی هەواڵ، ڕەگەزو پێکهاتەکانی ڕاپۆرت، پلانی رووماڵکردنی ڕووداوەکان)**.

عەلی کەریم ئامانجی ئەم خولەی بۆ ئاگاداربوون لە ڕەوشی ڕۆژنامەوانی ئەو ناوچەیە و ئەو گرفت و ئاستەنگانەی لەبەردەم کاری ڕۆژنامەوانی بوونیان هەیە، گەڕاندەوە. لەلای خۆشیەوە محەمەد گەلاڵەیی ئەندامی نووسینگەی سۆرانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئەم هەنگاوەی بەرز نرخاند و ئەم جۆرە خولانەشی بۆ ڕاگەیاندنکار و پەیامنێرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ناوچەی سۆران بەگرنگ زانی.

**نووسینگەی سۆران**
**٢٠٠٩/٤/٩**

# ئەنجوومەنی سەندیکا.. پانزەهەمین کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی دەبەستێت

ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان سەرلەبەیانی ڕۆژی (٢٠٠٩/٤/١٠)، پانزەهەمین کۆبوونەوەی بۆ وتاووتوێکردنی چۆنیەتی ڕێکخستنی ڕێوڕەسمی یادی (١١١) ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی تەرخان کرابوو، بڕیاریش درا چەندین چالاکی جۆراوجۆر لەنێوانیاندا: بەستنی کۆڕ سەبارەت جێبەجێکردنی یاسای ڕۆژنامەگەری و ڕێزلێنان لە خانەوادەی ڕۆژنامەنووسانی شەهید و بەستنی کۆڕ بۆ ڕۆژنامەنووسانی میوان بەڕێوەبچێت.



# شاندەکێ لقێ کەرکووک یێ سەندیکایێ سەرا لقێ دهوکێ دا

بۆ پێشڤەبرن و کاراکرن و خورتکرنا پەیوەندیان و ژ نزیک ئاگەهداربوون ب رەوشا کارێ رۆژنامەڤانی لسنۆرێ لقێ دهۆک شاندەکێ لقی کەرکووک یێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ بسەرۆکاتیا **(لەتیف فاتیح فەرەج)** سکرتێری لقێ ناڤبری یێ سەندیکا لرۆژا (١١ – نیسانا ٢٠٠٩)ێ سەرا لقێ دهۆکی دا و هەڤدیتنەک دگەل سکرتێر و ژمارەکا ئەندامێن دەستەیا لقێ دهۆک و ژمارەکا رۆژنامەنێن لقێ دهۆک و هژمارەکا ئەندامێن هەردوو لیژنێن پشتەڤانیکرنا رۆژنامەنڤیسێن مێینە و نوونەی یا رۆژنامەڤانێن وەرزشی کرو ژ نزیک بکار و بەرنامێن سەندیکایێ ئاگەهداربوون و ژ نزیک ب بریڤەچوونا کارێ ئاگەهداربوون و دگەل خوە چەند دیاری و پەرتوکێن گران بوها بۆ لقێ مە و دەزگەهێن رۆشنبیری ل دهۆکێ ئینابوون.

هەر د ڤێ هەڤدیتنێ دا دووپاتی لسەر پێک گهورینا بیروبۆچوونان لسەر گرنگیا خورتکرنا کارێ سەندیکایێ و خورتکرنا پەیوەندیان هاتە کرن و دگەل داخوازنامەکا ڤەکری بۆ لقێ مە کو ئەو ژی هەمان دەست پێشخەری بکەن و سەرەدانا باژێرێ کەرکووکێ بکەن.

سەرباری سەرەدانا لقێ شاندێ لقێ کەرکووک یێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ سەرا موزەخانا دهۆک یا کەلتووری و گەلەریا دهۆک وریڤەبەریا گشتی یا رۆشنبیری و هونەری ل پارێزگەها دهوکێ و رۆژناما ئەڤرۆ وئێکەتیا نڤیسەرێن کورد ل دهوکێ دا.

# سەندیکا.. رێز لە خانەوادەی رۆژنامەنووسانی شەهید دەگرێت

لەچوارچێوەی چالاکییەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بەبۆنەی تێپەڕبوونی (١١١) ساڵ بەسەر دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان، رۆژی (٢٠٠٩/٤/١٧) لە سەندیکای رۆژنامەنووسان لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان،



بەئامادەبوونی میوانانی سەندیکا (سەرۆکی ئەنجوومەنی سنفی رۆژنامەگەری ئێرانی و بەڕێز جێگری ئەنجوومەن و سەرۆکی یەکێتی رۆژنامەنووسانی بەریتانی و ئێرلەندا و بەڕێوبەری نووسینی رۆژنامەی **(الاخبار)**ی میسری و رەجائی فاید رۆژنامەنووسی شارەزا لە رەوشی کورد و نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و سکرتێری سەندیکا و ئەندامانی ئەنجوومەن و سکرتێری مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە، رێوڕەسمی رێزلێنان لە خانەوادەی رۆژنامەنووسانی شەهید بەڕێوەچوو.

لەدەستپێکی ریوڕەسمەکەدا رۆژنامەنووس ئازاد حەمەدەمین سکرتێری لقی هەولێری سەندیکا، لە گوتەیەکیدا بەخێرهاتنی میوانان و ئامادەبووانی کرد.

دواتر رۆژنامەنووس حامید محەمەد عەلی سکرتێری سەندیکا، لە گوتەیەکیدا دوای بەخێرهێنانی میوانان، ئاماژەی بەوەکرد، کەوا ئەمە جاری یەکەم نییە، سەندیکا رێز لە رۆژنامەنووسانی شەهید بگرێت، بەڵکو چەندین جار بەهاوکاری رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و رێکخراوی **(روری بیک تراست)** و فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان ئەم ئەرکە پیرۆزەی بەئەنجام گەیاندووە.

لە کۆتایی رێوڕەسمەکەدا دیاری رێزلێنان بەسەر کەس و کاری شەهیدانی رۆژنامەنووس دابەشکرا.

# سیمینارێک سەبارەت بە یاسای رۆژنامەگەری



کاتژمێر ١٠:٠٠ی سەرلەبەیانی رۆژی ٢٠٠٩/٤/١٨ لە هۆڵی هوتێل چوارچرا لە شاری هەولێر، لەژێر دروشمی **(با یادی "١١١"ی ساڵیادی رۆژنامەگەریی کوردی هاندەری چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی و سەروەری یاسابێت)** لە درێژەی کارو چالاکییەکانی خۆیدا، ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ئامادەبوونی نوێنەرانی پەرلەمان و وەزارەتەکانی داد و ناوخۆ و ژمارەیەک لە داد وەر و یاساناسان، سیمینارێکی تایبەتی بە یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان سازکرد.

سەرەتای سیمینارەکە بە دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی شەهیدانی رۆژنامەنووس دەستی پێکرد.

دواتر **(فەرهاد عونی)** نەقیبی

رۆژنامەنووسانی کوردستان وتاری ئەنجوومەنی سەندیکای پێشکەش کرد و تیایدا ئامانجی سیمینارەکەی بۆ بەشداربووان روون کردەوە پاشان وتاری سەرۆکی پەرلەمان لەلایەن ئاریز عەبدوڵلا پێشکەش کرا، دواتر **(زیرەک کەمال)** سکرتێری لیژنەی داکۆکی لە ئازادی و مافی رۆژنامەنووسان وتاری لیژنەکەی پێشکەشکرد، کە تێیدا ئاماژەی بە چەندین نموونەی پێشێلکاری کرد کە لەلایەن هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش بەرانبەر بە رۆژنامەنووسان ئەنجامدراون دوابەدوای ئەویش هەریەک لە نوێنەرانی و وەزارەتەکانی داد و ناوخۆ وتاری خۆیان پێشکەش کرد.

لەکۆتاییدا لەلایەن ئامادەبووانەوە گفتوگۆی تێروتەسەل لەسەر یاساکە کراو هۆکارەکانی جێ بەجێ نەکردنی دەستنیشان کران بەو ئومێدەی لەداهاتوو برگەو ماددەکانی یاسای رۆژنامەگەری لەکوردستان جێ بەجێ بکرێت.

## سیمینارێک بۆ نوێنەرانی سەندیکاکانی دەرەوەی کوردستان

کاتژمێر ١٠:٠٠ی سەرلەبەیانی رۆژی ٢٠٠٩/٤/١٩ لە هۆڵی هوتێل چوارچرا لە شاری هەولێر، لەژێر دروشمی "پابەندبوون بە یاسای رۆژنامەگەریی زامنی چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسییە لە کوردستان" ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە چوارچێوەی کارو چالاکییەکانی بەبۆنەی یادی ١١١ ساڵەی رۆژی رۆژنامەگەری کوردی بە ئامادەبوونی بەرپرسی راگەیاندنەکان و سەرنووسەری رۆژنامەو گۆڤارەکان و بەڕێوەبەری رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی هەولێر سیمینارێکی بۆ ژمارەیەک لە رۆژنامەنووسان و نوێنەرانی سەندیکاکانی دەرەوەی کوردستان سازکرد.

سەرەتا رۆژنامەنووس **(محمد حەسەن البنا)** جێگری سەرنووسەری رۆژنامەی **(الأخبار)**ی میسری بابەتێکی بە ناوونیشانی **(کاری رۆژنامەگەری)** پێشکەش کرد، کە تیایدا باسی لە رەوتی رۆژنامەگەری لە وڵاتی میسر لەبەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا کرد، هەروەک خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەرانبەر





به یاسای رۆژنامەگەریی لە کوردستان کە سزای گرتنی رۆژنامەنووسانی تێدا نییە کەچی لە یاسای رۆژنامەگەری میسری تا ئێستا نەتوانراوە برگەیەکی تێدا جێگیر بکرێت کە سزای گرتن لەسەر رۆژنامەنووسان هەڵبگرێت.

دواتر **(رەجائی فاید)** نووسەر و شارەزا لە کێشەی کورد بابەتێکی بەناوونیشانی **(تێروانینێک بۆ رۆژنامەگەری کوردستانی)** پێشکەش کرد، نووسەر وێرای ئەوەی باسی لە پەیوەندی و ئەزموونی خۆی کرد وەک شارەزایەک لە پرسی کورد، رەخنەشی لە راگەیاندنی کوردی گرت کە وەک پێویست نەیتوانیوە کێشەی رەوای گەلی کوردستان لە رێگەی کەناڵە جیاجیاکانیەوە بگەیەنێتە جیهانی دەرەوە.

پاشان رۆژنامەنووس **(رەجەب مەزروعی)** سەرۆکی ئەنجوومەنی رۆژنامەگەرانی ئێران وتەیەکی پێشکەش کرد و تێیدا جەختی لەسەر پتەوکردنی پەیوەندی نێوان رۆژنامەنووسانی کوردستان و رۆژنامەنووسانی ئێران کردەوە، هەروەک رۆڵی رۆژنامەنووسانی ئێرانی بەرز نرخاند لەسەرخستنی گۆرانکارییەکاندا.

لە دانیشتنی دووەمی ئێوارەی هەمان رۆژیش، رۆژنامەنووس **(جمیس دوهارتی)** سەرۆکی یەکێتی رۆژنامەنووسانی بەریتانیاو ئایرلەندا بابەتێکی بەناوونیشانی **(دیموکراسیەت و رۆژنامەگەریی)** پێشکەش کرد کە تێیدا ئاماژەی بە گرنگی رۆڵی میدیاو رۆژنامەنووسان لە بەرەوپێشبردن و چەسپاندنی دیموکراسی کرد.

دواتر رۆژنامەنووس **(ماشاء الله شمس الواعظین)** وتەبێژی ئەنجوومەنی رۆژنامەگەرانی ئێران لە وتەیەکدا باسی لە ئەزموونی کاری رۆژنامەنووسیی خۆی و ئاستەنگەکانی بەردەم ئازادی رۆژنامەنووسی لە ناوچەکەدا کرد.

جێگەی باسە لە هەردوو دانیشتنی بەیانی و ئێوارە ئامادەبووان بە چەندین پرسیار و سەرنج سیمینارەکەیان دەوڵەمەندکرد.

# لیژنەی کەرکوکی داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسانی مێیینە و کۆڕێکی فراوان



**فرمێسک خدر- کەرکوک:**
لیژنەی کەرکوکی رۆژنامەنووسانی مێیینە لە هۆڵی خەندان لە کەرکوک لەژێر دروشمی **(بە یادی ١١١ ساڵەی رۆژی رۆژنامەگەری کوردی، هاندەرێک بێت بۆ بۆ برەو پێدانی تواناکانی رۆژنامەنووسانی مێیینە)** کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی رۆژی ٢٠٠٩/٤/١٩ کۆڕێکی سەبارەت بە رۆڵی رۆژنامەنووسانی مێیینە لە راگەیاندندا سازداو تیایدا ژمارەیەک لە رۆژنامەنووسانی مێیینەو کەناڵە راگەیاندنەکان ئامادەبوون. کۆڕەکە دابەشی سەر سێ تەوەر کراو تەوەری یەکەم: لەلایەن بەرپرسی لیژنەکە رۆژنامەنووس سەمیرە ئەحمەدەوە پێشکەش کرا بەناونیشانی **(سەبارەت بە چۆنییەتی پێکهێنانی لیژنەی داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسانی مێیینەو ئامانجەکانی)**.

تەوەری دووەم: **(رۆڵی رۆژنامەنووسانی مێیینە لە رۆژنامەگەریدا)** لەلایەن رۆژنامەنووس **(ژیان عەزیز)** ئەندامی لیژنەکە.

تەوەری سێیەمیش لەلایەن رۆژنامەنووس و ئەندامی لیژنەکە ئاوێزان نوری پێشکەشکرا کە سەبارەت بە **(رۆڵی راگەیاندنی رێکخراوەکان بوو لە خستنەڕووی کێشەی ئافرەتان)**.

# شاندەکێ رادیویا مەتین لئامیدیێ سەرا لقێ دهۆکێ دا

بۆ ژ نزیک هەڤنیاسینێ و کاراکرن و پێشڤەبرنا پەیوەندیان و دیتنا کارێ رۆژانەیێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ و ژ نزیک ئاگەهدابوون ب رەوشا کارێ لقێ دهۆک دبیاڤێن جودا جودا شاندەکێ رادیۆیا مەتین ل باژێرێ ئامێدیێ سەرا لقێ دهۆکێدا و هەڤدیتنەک دگەل سکرتێر و ژمارەکا ئەندامێن دەستەیا لقێ دهۆک و ژمارەکا رۆژنامەڤانێن رۆژانە ئامادەبوون ل لقێ مە هەیی کر و ژ نزیک بکار و بەرنامێن سەندیکایێ ئاگەهداربوون.

هەر دڤێ هەڤدیتنێ دا کو لـرۆژا ١٩- نیسانا – ٢٠٠٩ێ هاتیە کرن دووپاتی لسەر پێک گهوورینا بیر و بۆچوونان لسەر گرنگیا خورتکرنا کارێ سەندیکایێ و خورتکرنا پەیوەندیان و کاراکرنا پیشەیی یا رۆژنامەڤانان و بەردەوام ڤەکرنا ژمارەکا خول و وورکشوپێن پیشەیی یێن تایبەت ب رۆژنامەڤانێن ڤە هاتەکرن.

# كەركووك.. كۆبوونەوەیەكی فراوان لەگەڵ كەناڵەكانی راگەیاندن



لقی كەركووكی سەندیكا سەرلەبەیانی رۆژی (٢٠٠٩/٤/٢٠)، كۆبوونەوەیەكی فراوانی لەگەڵ كەناڵەكانی راگەیاندن، بەبەشداربوونی (٢٠) كەناڵی راگەیاندن لە شاری كەركووك رێكخست.

لەمیانی كۆبوونەوەكە سكرتێری لق گوتەیەكی بەبۆنەیساڵیادی (١١١)ی رۆژی رۆژنامەگەری كوردی پێشكەشكرد و ئاماژەی بەچالاكییەكانی لق كە بەم بۆنەیەوە ئەنجامدەدرێت كرد، لە میانی ئەم چالاكییانە: رێزلێنان لە رۆژنامەنووسە شەهیدەكان، دابەشكردنی بڕوانامەی رێزلێنان بەسەر (١٠) رۆژنامەنووس و دەركردنی رۆژنامەی (١١١) ساڵ) سازدانی كۆربەندێكی رۆشنبیری بۆ نووسەرو رۆژنامەنووس **(شێخ مەعرووف بەرزنجی)** و پێشوازیكردنی میوانان سەر لەبەیانی رۆژی **(٢٢ نیسانی ٢٠٠٩)**.

# بەرنامێ زیندیكرنا ١١١ سالیا رۆژنامەڤانیا كوردی ل دهۆكێ دەست پێكر

**دهۆک – ئیسماعیل تاهیر:**

ب هلكەفتا ١١١ سالیا رۆژا رۆژنامەڤانیا كوردی و ب مێڤانكرنا رۆژنامەڤان "جێمس دوهارتی " سەرۆكێ ئێكەتیا رۆژنامەڤانێن بریتانیا وئیرلەندا و رۆژنامەڤان "محەمەد حەسەن بەننا " جێگرێ سەرنقیسەرێ رۆژناما ئەخبار یا مسری ونقیسەر ورۆژنامەڤانێ مسری ودوستێ كوردان "رەجائی فاید " ئێكەم خەلەكا بەرنامێ لقێ دهۆک یێ سەندیكا رۆژنامەنقیسێن كوردستانێ ل هۆلا سەنتەرێ رۆشنبیری یێ پێشمەرگە ل دهۆكێ لە رۆژا **(٢١ی نیسانێ)** دەستپێكر.

ل بەراهیێ ودپەیڤا بخێر هاتنێ دا سكرتێرێ لقێ دهۆک یێ سەندیكایێ ئاماژە دا گرنگیا ڤێ هلكەفتا پیرۆز كو ژ رۆژا دەركەفتنا



دەركەفتنا رۆژناما كوردستان دایک ل ٢٢ نیسانا ١٨٩٨ ل قاهیرە یا پایتەختێ وەلاتێ مسرێ دەست پێدكەت ودیاركر كو پشكداریا ڤان رۆژنامەڤانێن هێژا ئاڤاكرنەكا هەرە باشە ل سەر بەرنامێ هاتیە دانان و بۆچوونێن وان گرنگ ومفادارن بۆ پاشەرۆژا راگەهاندنێ ل دەڤەرا مە نەخاسم كو وان و رۆژنامەگەریا وەلاتێن وان دیرۆكەكا دێرین وپڕشانازی هەیە.

پاشان هەرسێ سمینار ژلایێ رۆژنامەڤانێن بریتانی ومسری یێن ناڤبری ڤە هاتنە پێشكگێش كرن تێدا چەند تەوەرێن هێژا وگرنگ بەرچاڤكرن ژوان كارتێكرن وگرنگیا راگەهاندن ورۆژنامەڤانی یێ ل سەر جڤاكی وئاڤاكرنا تێگەهێن ژیانا رۆژانە وگەهاندن وبزاڤكرن بۆ چارەكرنا كێشە وگرفتاری یێن جڤاكی وپەیداكرنا پرێن تێكگەهشتنێ دناڤبەرا گەلان دا هاتە كرن.

ل دووماهیێ ژی ژمارەكا ئامادەبوویان پشكداری د دان وستاندنێ دا ل سەر ناڤەرۆكا تەوەرێن سمیناران كر ولایێن وان هاتنە دەولەمەندكرن وژمارەكا دی یا بۆچوونان هاتنە بەرچاڤكرن و ل بەرە ئەڤ زنجیرا رێ ورەسم وچالاكییان بۆ دەمێ "٥ " رۆژان ل چەندین هۆلێن دهۆكێ دبەردەوام بن وچەندین چالاكییان ب خوە دگرن.



# سلێمانی

## بەبۆنەی رۆژی رۆژنامەگەری کوردی .. پێشوازی و پیرۆزبایی و بەستنی کۆبوونەوەیەکی فراوان

بەبۆنەی رۆژی رۆژنامەگەری کوردی . لقی سلێمانی سەندیکا چەندین چالاکی بەئەنجام گەیاند.

سەرلەبەیانی رۆژی (٢٠٠٩/٤/٢٢) سکرتێر و ئەندامانی لق پێشوازییان لە خوشک و برایانی رۆژنامەنووس و بەرپرسی حیزبە کوردستانییەکان و رۆشنبیران و نووسەران کرد کە بە مەبەستی پیرۆزبایی کردن بەبۆنەی رۆژی رۆژنامەگەری کوردی سەردانی بارەگای سەندیکایان کرد بوو.

هەروەها شاندی رۆژنامەنووسی ئێرانی کە پێکهاتبوو لە بەرێزان **(رەجەب مەزروعی)** سەرۆکی رۆژنامەنووسانی ئێرانی و **(ماشا الله شەمس الواعزین)** و خانەوادەی هەردوو شەهید **(دلێر عەلی کەریم)** و **(محەمەد رەزا محەمەد سەنگاوی)** ئامادەی بارەگای لقی سلێمانی سەندیکا بوون....

هەر بەم بۆنەیەوە هەردوو میوانی ئێرانی دیاری تایبەتییان کە لەلایەن سەندیکاوە دابینکرابوون پێشکەش بە خانەوادەی هەردوو شەهید کرد.

لەئێوارەی رۆژی (٢٠٠٩/٤/٢٤)، بە ئامادەبوونی **(فەرهاد عەونی)** نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و جێگری نەقیب مستەفا ساڵح کەریم و ئەنوەر حوسێن و شوان داودی ئەندامانی ئەنجوومەن، کۆبوونەوەیەکی فراوان لە هۆڵی شەهید ـ شەوکەت حاجی موشیر لەشاری سلێمانی رێکخرا،میوانانی سەندیکا لە میسر و کۆماری ئیسلامی ئێران و ژمارەیەک لە سیاسەتمەدار و بەرپرسانی حیزبە کوردستانییەکان ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون.

لە دەسپێکی کۆبوونەوەکەدا محەمەد نوری تۆفیق سکرتێری لقی سلێمانی بەخێرهاتنی ئامادەبووان کرد و کورتەیەک لە تێکۆشانی گەلی کوردستانی خستەروو، هەروەها ئاماژەی بە دامەزراندنی سەنددیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و



بە ئەندامبوونی لە (IFJ) كرد.
دواتر نوێنەری بەڕێز جەلال تاڵەبانی كاك جەوهەر كرمانج پەیامی پیرۆزبایی بەڕێزیانی بەبۆنەی رۆژی رۆژنامەگەری كوردی خوێندەوە.
پاشان محەمەد حەسەن بەنا بەڕێوەبەری نووسینی رۆژنامەی **(الأخبار)** میسری، باسێكی دەربارەی رۆژنامەگەری لە میسردا پێشكەش كرد، هەروەها رۆژنامەنووسی ناسراو **(ماشا الله شەمس ئەلواعزین)** باسێكی سەبارەت رەوشی رۆژنامەگەری لەسەر ئاستی جیهاندا پێشكەش كرد، هەردوو رۆژنامەنووسیش یاسای رۆژنامەگەریان لە كوردستاندا بەرز نرخاند.
دوای ئەمانیش، سەرۆكی رۆژنامەنووسانی ئێران رەجەب مەزروعی گوتەیەكی بە زمانی فارسی پێشكەشكرد، تیایە باسی رەوشی رۆژنامەنووسانی ئێرانی كرد.
هەروەها رەجائی فاید پسپۆڕ لە كاروباری میللەتی كوردا، لە گوتەیەكدا باسی لە رەوشی ئەم گەلە لەسەر ئاستی كوردستاندا كرد.
شایانی باسە **(رەجائی فاید)** چەندین كتێبی دەربارەی گەلی كورد بە چاپ گەیاندووە و چەندین لێكۆڵینەوەشی سەبارەت بە ئێش و ئازارەكانی میللەتی كورد لە رۆژنامەكانی عەرەبیدا بڵاوكردۆتەوە.
گوتەی كۆتایی لە كۆبوونەوەكەدا بۆ نووسەری عێراقی **(عەبدولمنعم ئەعسم)** بوو، كە كورتەیەك لە ژیانی رۆژنامەگەری خۆی خستە روو ئەم نووسەر و رۆژنامەنووسەش چەندین نووسینی سەبارەت ئازارەكانی گەلی كورد هەیە.



# دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی زاری كرمانجی سێیەمین دیداری رۆژنامەگەری سازكرد

لە یادی (١١١) ساڵەی رۆژی رۆژنامەگەری كوردی و لە ژێر دروشمی **(پتر پیشەیی، ئازادی پتر)** رۆژی ٢٠٠٩/٤/٢٢ دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی زاری كرمانجی سێیەمین دیداری رۆژنامەگەری لە ٢٠٠٩/٤/٢٢ لە هاوینەهەواری **(پانك)** لە شاری رواندز سازكرد.

سەرەتای یادەكە بە پەیڤی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی زاری كرمانجی كە لەلایەن بەڕێز **(فەرمان جەوهەر)** بەڕێوەبەری ئەنجوومەنی كارگێری خوێندرایەوە دەستی پێكرد.

دواتر **(جەمال حوسێن)** ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیكای رۆژنامەنووسان گوتەیەكی پێشكەشكرد.

پاشان هەریەك لە رۆژنامەنووسان **(عەبدولسەلام بەرواری، ستران عەبدوڵڵا، عەدنان عوسمان، ئاكۆ محەمەد)** لەسەر تەوەرێكی دیاریكراو بەناوونیشانی **(باری رۆژنامەگەری ئەمڕۆ میدیای ئاڕاستەكراو میدیای ئەهلی)** لە سیمینارێك راوبۆچوونەكانیان خستەڕوو.

دواتر لەلایەن ئامادەبووانەوە بەچەندین پرسیارو سەرنج بابەتەكە دەوڵەمەندكرا.

هەر لەو چوارچێوەیەدا ئێوارەی هەمان رۆژ كۆڕێك بۆ نووسەرو چیرۆكنووس **(شێزراد حەسەن)** لەژێر ناوی **(میدیا و رەهەندەكانی رای گشتی)** بەڕێوەچوو.

جێگەی باسە ژمارەیەكی بەرچاو لە رۆژنامەنووسان و رۆشنبیران كە لە شارەكانی كوردستان بانگهێشت كرابوون بەشداریان لەرێ و رەسمی بەڕێوەچوونی یادەكەدا كرد.





# بەبۆنەی رۆژی رۆژنامەگەری کوردی لقی کەرکووک و چەند چالاکییەک



بەبۆنەی تێپەڕبوونی (١١١) ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی لە مێژوودا، لقی کەرکووکی سەندیکا چەندین چالاکی بەئەنجام گەیاند، لە نێوایاندا. دەرکردنی رۆژنامەیەک بەناوی (١١١) ساڵ و پێشوازیکردن لە میوانان سەر لەبەیانی رۆژی (٢٠٠٩/٤/٢٢).

هەروەها بەئامادەبوونی فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەکەد موراد ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکای ئاهەنگی رێزلێنان لە شەهیدانی رۆژنامەگەری شاری کەرکووک بەڕێوەچوو و رێوڕەسمی بەکۆتاهاتنی خولی **(فوستال)** بۆ دەزگاکانی راگەیاندنی کەرکووک رێکخرا.

## دناڤا زیندیکرنا ١١١ سالیا رۆژنامەڤانیا کوردی

خرڤەبوونا رۆژنامەڤانێن مێینە ل لقێ دهۆک یێ سەندیکایێ هاتە سازکرن.

بهەلکەفتا ١١١ سایا رۆژا رۆژنامەڤانیا کوردی و لدووڤ بەرنامێ لقێ دهۆک یێ سەندیکا رۆژنامەڤانێن کوردستانێ خرڤەبوونەکا بەرفرەه رۆژنامەنڤیسێن مێینە ل لقێ دهۆک یێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ ل هۆلا سەنتەرێ رۆشنبیری یێ زانکۆیا دهۆک هاتە رێکخستن و چەند چالاکی و تەوەر تێدا هاتنە بەرچاڤکرن و د سێیەم رۆژێن ڤان رێ و رەسماندا کو دبۆ رۆژا پێنجشەمبی ٢٣- نیسان – ٢٠٠٩ خرڤەبوونا بەرفرەها رۆژنامەڤانێن ئافرەت دناڤا دەزگەهێن راگەهاندنێ دال سەرانسەری پارێزگەها دهوکێ هاتە گێڕان.

لدۆر ڤێ چالاکیێ **(ڤیان عەباس عومەر)** بەرپرسا لیژنا پشتەڤانیکرنا رۆژنامەنڤیسێن لدهۆکێ ئاشکرا کر کو ب دەستپێشخەری و پشتەڤانیا پارێزگارێ دهۆکێ ئەڤ خرڤەبوونە هاتە ئەنجامدان و مەبەست ژێ خورتکرنا کارێ وان و هەڤنیاسینێ بوو دناڤبەرا واندا و پتری (١٠٠) کچێن رۆژنامەڤان ژ باژارێن دهۆک و ئاکرێ و ئامێدی و شێخان و زاخۆ ئامادەبوون.

# کۆڕبەندێک بۆ ئەدیبی شەهید شێخ مەعرووف بەرزنجی

**لقی کەرکووکی سەندیکا بەهاوکاری بنەماڵەی ئەدیبی شەهید شێخ مەعرووف بەرزنجی رۆژی (٢٠٠٩/٤/٢٥) لە ناوچەی چیمەن لە پارێزگای کەرکووک، کۆربەندێکی بۆ ئەدیبی شەهید سازکرد.**

لە دەستپێکی کۆڕبەندەکەدا رۆژنامەنووس لەتیف فاتیح سکرتێری لقی کەرکووک گوتەیەکی پێشکەشکرد و ئاماژەی بەرۆڵی کاریگەری ئەدیبی شەهید کرد.

دواتر هەردوو بروسکەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێم خوێندرانەوە، پاشان ئەندازیار **(جەمال شوکر)** بەڕێوەبەری شارەوانی کەرکووک لە گوتەیەکیدا، روونیکردەوە کەوا شەهید شێخ مەعروف یەکەم سەرۆک شارەوانی بووە لە کەرکووک، لە ساڵی (١٩٥٩)دا. وەزیری رۆشنبیریش لە حکومەتی هەرێمی کوردستان تیشکی خستە سەر بیرەوەرییەکانی لەگەڵ شێخی شەهید.

پاشان تەوەری باس و توێژینەوەکان دەستپێکرد و د. فەرهاد مەعروف بەباسێک بەشداربوو، هەروەها د. ئیسماعیل ئیبراهیم باسێکی بەناوونیشانی **(بوێری و راستگۆیی لە نووسینەکانی شەهید شێخ مەعروف)** پێشکەش کرد، دواتریش لەلایەن شاعیر دانا عەسکەرو نووسەر سەمەد ئەحمەد دوو باس پێشکەش کران.

هەروەها چەندین باس و لێکۆڵینەوە سەبارەت نووسینەکانی شێخ شەهید لەلایەن **(د. مستەفا زەنگەنە، د. ئازاد عەبدولواحید، سەدار جاف، لەتیف فاتیح، شێخ سەدیق مەحمود)** پێشکەشکران لە کۆتایی کۆربەندەکەدا گوتاری بنەماڵەی شەهید خوێندرایەوە. دواتر دیاری رێزلێنان بەسەر مامۆستایانی بەشداربووی کۆربەندەکە. دابەشکرا.

شایانی باسە. شێخ مەعروف بەرزنجی نووسەرو ئەدیبێکی کوردی ناسراوە و لە ساڵی ١٩٦٣ لەلایەن رژێمی بەعسەوە ئیعدام کرا..



# قارەمانیا تەپا پێیا بچووككری یا دەزگایێن راگەهاندنێ لدهوكێ دەسپێكر

**دهۆک – ئیسماعیل تاهیر**

بهەلكەفتا (١١١) ساليا رۆژنامەڤانیا كوردی و رێزگرتن لدەركەفتنا لێكەم رۆژناما كوردی بناڤێ **(كوردستان)** لسەر دەستێ میر میقداد مدحت بەدرخان لقاهیرە و بۆ بەچاڤكرنا شیانێن وەرزشی دناڤا ئەندامێن سەندیكاییێدا و لدووڤ بەرنامێ سەندیكا رۆژنامە نڤیسێن كوردستانی لقی دهوک – توونەریا دهۆک یا رۆژنامەنڤیسێن وەرزشی و بجاڤدێریا **(تەمەر رەمەزان)** پارێزگارێ دهوكێ و ب بەرهەڤبونا **(ماجد سەید ساڵح)** تونەرێ پارێزگاری قارەمانیا تەپاپێ یا بچووككری بۆ (١٢) دەرگایێن راگەهاندنێ ل راگەهاندنێ ل پارێزگەها دهوكێ دەست پێكر.

دناهەنگا دەست پێكێ دا كو دبەردەواميا بەرنامێ لقێ دهۆک یێ سەندیكایێ دا دهێنە ئەنجامدان ل ئێڤاریا روزا (٢٦) نیسانێ ل یاریگەها ماسیكێ یا گرتیا تەپا پێنا بچوككری هاتیە گێران هەڤنیاسینەک دناڤبەرا یاریكەر و تیمێن پشداربوی دا هاتە كرن و ئێكەم یاریا قارەمانیێ ب یاریا تیمێ (دەزگاییێ دەلال) دگەل تیمێ **(نڤێسینگەها سەتەلایتا كوردسات ل دهوكێ)** دەست پێكر ئەوا ب سەر كەفتنا ئیمای دووێ ب لێدانێن پەنەلتیا ب دوماهی هاتی.

هوگر محەمەد تاهیر بەرپرسێ نوونەریا دهۆک یا رۆژنامەنڤیسێن وەرزشی ل لقێ دهۆک یێ سەندیكایێ راگەهاند كو دیارییێن رۆژا دووێ دا تیما تێلەڤزیونا دهوک ل سەر تیما نڤیسینگەها دهۆک یا سەتەلایتا كوردستان ب دوو گولایێ بەرامبەر سەركەفت و تیما رۆژناما چاڤدێر لسەر تیما رۆژناما ئەڤرۆ سەركەفت ب دوو گولان بێ بەرامبەر سەركەفت.

ئەڤ قارەمانیا ل دویف سیستەمێ كەفتنا جوت بو ماوێ (١١) رۆژان دێ یا بەردەوامیت كو رۆژانە دێ دوو یاری هێنەكرن ل یاریگەها ماسیكێ یا تەپاپێیا بچووككری.

# سەندیكا رۆژنامەنڤیسێن كوردستانێ وریێكخراوا ئایریكس خولەكا هلبژارتنان لدهۆكێ ڤەكر

**دهۆک – ئیسماعیل تاهیر**

ژبزاڤێن لقێ دهۆک یێ سەندیكا رۆژنامەنڤیسێن كوردستانێ بهەڤكاری دگەل رێكخراوا ئاریكس و بسەرپەرشتی یا "٣ " وانەبێژ ومەشقكارێن ئوفیسا دهۆک یا كومسیونا بلندا هەلبژارتنان ل رۆژا ٢٦ی نیسانێ ووركشوپەكا پێک هاتی ژ "٣ " روونشتنان لهۆلا كومبوونان لسەنتەرێ پێشكەفتن یێ رۆشنبیری ڤەكر.

دووركشوپێ دا كو "٣٠ " رۆژنامەڤانان ژگشت دەزگەهێن راگەهاندنێ "سەتەلایت وكەنالێن لوكالێن تێلەڤزیونی ورادیو ورۆژنامە وكوڤاران " پشكداری تێدا كری لسەر "٣ " تەوەرێن جودا جودا هاتبو بەلاڤكرن ودئێكەم روونشتن دا وانەک ب ناڤێ "پێرابوونێن توماركرنا دەنگدەران " ژلایێ مەشقكارا تایبەتمەند ب كارێ هەلبژارتنان ڤە خانم "ئەشواق یاقو شەمعوون " ڤە هاتە پێشكێش كرن.

دروونشتنا دووێ دا مەشقكار وڤەكولەرێ



تایبەتمەند "باوەر ئەحمەد حاجی " ڤە لدۆر "پێرابونێن سكالا وتەعن وپرۆسێن رۆژا هەلبژارتنان " هاتە پێشكێش كرن وتێدا ب شێوێ دان وستاندن وپشكداركرنا ئامادەبوویان ونیشادانان پێزانینان ب ئامیرێ "بروجێكتەر " وانە هاتنە گوتن وچەند ئامار وپێزانین وداتا كو پێشوەخت ژلایێ مەشقكاران ڤە هاتینە ئامادەكرن لسەر پشكداران هاتنە بەلاڤكرن كو دێ دئەنجامدا بنە هاریكار بۆ كارێ راگەهاندنێ دپرۆسێن دەنگدان وهەلبژارتنان دا.

د روونشتنا سیێ یا تایبەت بوو ب ئەركێن راگەهاندنێ وچەوانیا بەرچاڤكرنا رۆلێ دەزگەهێن راگەهاندنێ دپرۆسا دەنگدانێ دا وهەوێن راگەهاندنێ ژلایێ خودانێن كیانێن سیاسی ولیستێن هەلبژارتنان كو ژلایێ مەشقكارێ تایبەتمەند وبەرپرسێ راگەهاندنا ئوفیسا دهۆك یا كومسیونا بلندا هەلبژارتنان "یوسف سەلمان " ڤە هاتە پێشكێش كرن وووركشوپ ب هەرسێ روونشتنێن خوەڤە بۆ دەمێ "٤ " دەمژمێران یا بەردەوام بوو.



# ئاکرێ
## نەقیبی رۆژنامەنووسان.. بەشداری کۆڕێک دەکات



سەرلەبەیانی رۆژی (٢٠٠٩/٤/٢٧)، لقی موسڵی سەندیکا کۆڕێکی سەبارەت یاسای رۆژنامەگەری لە ئاکرێ رێکخست، لە میانی کۆڕەکەدا فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان موحازەرەیەکی پێشکەش کرد.

بەکۆتاهاتنی موحازەرەکە.. چەندین پرسیار و تێبینی رووبەرووی نەقیبی رۆژنامەنووسان کرانەوە، ئەویش لەلایەن خۆیەوە وەڵامی دایەوە و ئەوەشی روونکردەوە کەوا یاساکە دەستکەوتێکی گەورەیە و پێویستە هەموو لایەک پارێزگاری لێبکەن و جێبەجێی بکەن.

شایانی باسە قایمقامی ئاکرێ و ژمارەیەکی بەرچاو لە رۆژنامەنووسان و رۆشنبیران ئامادەی کۆڕەکە بوون.

# سلێمانی
## کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا کە سەر لەبەیانی رۆژی (٢٠٠٩/٤/٢٧) لەبارەگای ئاسایشی سلێمانی بەسترا، بەڕێز قادر حەمە جان بەڕێوبەری گشتی ئاسایش، وەک دەستپێشخەرییەک بڕیاریدا کە هەموو ئەم سکاڵا یاساییانەی دژی هۆیەکانی راگەیاندن لە لایەن ئاسایشەوە تۆمار کراون.. بکێشرێنەوە.

هەروەها بەرنامەی بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی لەچەند خاڵێکدا چڕکردەوە: لەسەرووی هەموویانەوە کارکردن و شەونخوونی بۆ پاراستنی گیان و موڵکی هاوڵاتیان و دامەزراندنی تۆڕێکی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کردنەوەی دەرگای دەزگاکانی ئاسایش بۆ هەموو دەزگاکانی راگەیاندن بۆ ئەوەی بەوپەڕی شەفافیەتەوە زانیارییان پێ بدرێت و جگە لەمانەش جەختی لەسەر هاوکاری لەگەڵ سەندیکای رۆژنامەنووسان و مامەڵەی گونجاو لەگەڵ رۆژنامەنووسان کردەوە.

# راو سەرنجی سەندیكای رۆژنامەنووسان بۆ كۆنگرەی هەولێر بۆ ئازادی رۆژنامەوانی لە ٢٠٠٩/٥/٣

وەكو ئاشكرایە راگەیاندن كۆمەڵێك ئەركی لە ئەستۆدایە، دەتوانێ رۆڵێكی گەورە ببینێ لە گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەكان بەجەماوەر، كە كاریگەریەتی لەسەر رای گشتی دەبێت، هەروەها رۆڵی بەدواداچوونی رووداوەكـــان و بڵاوكردنەوەی بیرورا جیاوازەكان دەگێرێت، كە هەموو ئەمانە دەبێتە هۆكاری پتەوكردنی كلتووری فرەلایەنی و قووڵكردنەوەی بنەماكانی دیموكراسی و مافی مرۆڤ، لەلایەكی دیكەوە راگەیاندن دەتوانێ ئەركی گەورەو بەرچاو ببینێ لە وشیاركردنەوەی هاووڵاتیان بۆ بەشداری كردنی گەرم و گوڕ و ئیجابی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا و دەستنیشان كردنی ئەو كەسایەتی و لیستانەی كە شایەنی هەڵبژاردنن.

بێ گومان هەندێ هۆكار بەربەستن بەرانبەر رۆڵی راگەیاندن لەو پرۆسەیەدا كە لە پێشەوەیان نەبوونی دەستوورو یاسای تایبەت و هاوچەرخ و نەبوونی شەفافییەت لە پێدانی زانیاری پێویست، ئەمە لەلایەك، لەلایەكی دیكەشەوە لاوازی ئاستی پیشەیی رۆژنامەنووسان و كەم ئەزموونیان لەو بوارەداو ئاشنا نەبوونیان بەیاساكان و پابەند نەبوونی تەواو بە ماددەو برگەكان، سەرەرای ئەمانەش هەندێ هۆكاریتر دەبنە لەمپەر لەبەردەم كاریگەری رۆڵی راگەیاندن، لەوانە كاریگەری پارە لە هەموو روویێكەوە، گەندەڵی، بەیەك داداچوونی دەسەڵاتەكان **(تداخل السلطات)**.

وەكو ئاشكرایە ئەمرۆ هەرێمی كوردستان بەرەو قۆناغێكی تر هەنگاو دەنێ، ئەویش بە ئەزموونی هەڵبژاردنەكانی پارێزگاكان و پەرلەمانی كوردستان و پەرلەمانی عێراقی، كە بێ گومان راگەیاندن دەتوانێ پاش زامن كردنی زەمینەی لەبار رۆڵی كاراو كاریگەرتر ببینێ، لێرەدا بەپێویستی دەزانین كە ئاماژە بە یاسای ژمارە (٣٥)ی رۆژنامەگەری لە كوردستان بكەین كە لەمانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٨ دەرچووە، كە تارادەیەكی زۆر ســـەرەرای هەندێ **(تێبینی و سەرنج)** كەشوهەوایەكی لەباری رەخساندووە بۆ زامن كردنی ئازادی كاری رۆژنامەنووسیی و پیادەكردنی پێوەرەكانی كاری رۆژنامەنووسیی كە تارادەیەكی بەرچاو هەرێمی كوردستانی خستۆتە بازنەی ئەو وڵاتانەی كە بە یاسا ئازادی كاری رۆژنامەنووسییان دەستەبەركردووە.

ئێمە بەشداربووانی كۆنگرەی هەولێر ئومێدەوارین كە هەموو لایەكمان چ وەكو دەسەڵاتی سیاسی چ وەكو رۆژنامەنووسان، چ وەكو هاووڵاتیان پابەند بین بە یاسای هەڵبژاردن و یاسای رۆژنامەگەریی لە كوردستان و هەموو ئەو یاساو رێسایانەی كە دەبنە هۆكاری پتەوكردنی بنەماكانی دیموكراسییەت و رەخساندنی كەش و هەوای لەبار بۆ بەشداریكردن لە هەڵبژاردنەكان.

**سەندیكای**
**رۆژنامەنووسانی كوردستان**
**٢٠٠٩/٤/٢٨**

# نووسینگەی گەرمیان و دایەلۆگێکی کراوە

نووسینگەی گەرمیانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دایەلۆگێکی کراوەی بۆ بەرپرسان و رۆژنامەنووسانی گەرمیان سازکرد، لە دایەلۆگە کراوەکەدا کە ئێوارەی ٢٨ ی نیسان لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی کەلار بە رێوەچووسەرەتا رۆژنامەنووس بێستون ژاڵەیی بەرپرسی راگەیاندنی نووسینگەی گەرمیان کە دایەلۆگەکەی بەرێوەبرد هەموولایەکی بەخێرهێناو پاشتر رۆژنامەنووس مەلاتەحسین گەرمیانی سکرتێری نووسینگە خوێندنەوەیەکی رۆژنامەنووسانەی بۆ یاسای رۆژنامەگەری کرد و دواتریش دادوەر فەرهاد حاتەم ئەندامی داواکاری گشتی چەند تێبینیەکی یاسایی لەسەر یاساکە دەربڕی و لەسەر چەند مادەیەکی وەستا و پاشتریش رۆژنامەنووسانی گەرمیان کە ژمارەیەکی بەرچاویان لە کفری و خانەقینەوە هاتبوون گفتوگۆیەکی جدیان لەسەر بابەتەکەکرد و پاشتریش دەرگای دایەلۆگی نێوان بەرپرسان و رۆژنامەنووسان کرایەوە و رۆژنامەنووسانی گەرمیان رەخنەیان لە شێوازی پێدانی زانیاری بە رۆژنامەنووسان لە گەرمیان دا و بەرپرسانیش وەڵامیان دانەوە.





## راگەیەندراوێک

## لە ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە

**(با هەڵمەتی راگەیاندن لە پرۆسەی هەڵبژاردندا لە ئاست بەرپرسیاریەتی نیشتمانی و مێژووییدا بێت)**

پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەموو وڵاتێکدا دەکرێتە رۆژێکی مێژوویی و بۆنەیەکی نیشتمانی و تێکرای پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان وەکو رۆژێکی مێژوویی لێی دەڕوانن، چونکە لەو رۆژەدا ئیرادەی جەماوەر لە رێگای پیادەکردنی مافێکی دیموکراسیانەی خۆی کە ئەویش هەڵبژاردنە، بەرجەستە دەبێت، بەو مەبەستەی کە ئەو هەڵبژاردنە بکاتە زەمینەو دەرفەتێک بۆ ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات و دواتریش ئەو ئاڵوگۆڕە کۆمەڵێک گۆرانکاری و چاکسازی لە دامەزراوەکانی وڵات بهێنێتە ئاراوە..

جێگای سەرنج و ئاماژەیە کە لەم چەند رۆژەی دواییدا بەر لەوەی ماوەو وادەی

یاسایی دەستپێكردنی هەڵمەت و بانگەشەی هەڵبژاردن دیاری بكرێت، هەندێک لە كەناڵەكانی كوردستان ئەو بانگەشەیان دەستپێكردووەو جێی داخیشە كە هەڵمەتی بانگەشەكەیان بەشێوازێكە كە پێچەوانەی بنەماكانی یاساو ڕێسای هەڵبژاردن و پرەنسیپەكانی ڕۆژنامەگەرییەو هەندێک جاریش كێرڤی خۆیان بە ئاراستەیەكدا دەبەن كە ئەگەر بە پەلە بەری پێ نەگیرێت ئاسەوارێكی سلبی لەكۆی پرۆسەی هەڵبژاردن دادەنێت و دەبێتە مایەی بەتاڵكردنەوەی پرۆسەكە لەهەر ماناو بەهایەكی دیموكراسی و سەرنجام كاریگەریشی دەبێت بەسەر ساردكردنەوەی چین و توێژەكانی كۆمەڵگا لە بەشداریكردن لەو بۆنە نیشتمانییە، هەڵبەت ئەگەر بە وردی سەرنج لە هەندێک لەو كەناڵانە بدەین، ڕۆژی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن وەكو ڕۆژی دەستپێكردنی شەڕو پاكۆكردنی حساباتی سیاسی وێنا دەكەن، ئێمە لەئەنجوومەنی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان لە كۆبوونەوەی ئەمڕۆی خۆماندا كە تایبەت بوو بە دیاریكردنی هەڵوێستی خۆمان لەم بارەیەوە داوا لە سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی كوردستان -بەبێ جیاوازی- دەكەین كە بە هەستكردن بە گیانی بەرپرسیارێتی نیشتمانی و مێژوویی و پابەندبوون بە ئاكاری ڕۆژنامەوانی و (**پەیماننامەی شەرەف**)ی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەكان بە گشتی و پرۆسەی هەڵبژادندا بكەن بەتایبەتی.

بێگومان ڕۆڵی ئەوان دەبێتە بەشێک لەسەنگی مەحەک بۆ بەخشینی فۆرمێكی شارستانی و دیموكراسیانە بەو پرۆسەیەو هەروەها ئاراستەكردنی پرۆسەكە بەرووكارێكی دیموكراسییانە، چونكە لەم ڕۆژەدا گەلی كوردستان جارێكی تر ئیرادەی خۆی لەبەردەم سندوقی دەنگداندا تاقی دەكاتەوە، ئەركی سەرشانی هەموومانە لەپێشەوەش ڕۆژنامەنووسان كە ببینە هێزێكی ئیجابی و دەستەبەرێكی بابەتی بۆ سەرخستنی پرۆسەكەو وەستانەوە بەرووی هەر كەس و نێوەندێكدا كە بیەوێت بە پێچەوانەی بنەماكانی دیموكراسییەت و ئازادییە گشتییەكان و مافی مرۆڤ و پرەنسیپەكانی ڕۆژنامەگەری و دژی پرۆسەكە بجوڵێتەوە، هەڵبەت بەشێكی گرنگی لاپەڕەكانی مێژووی ڕۆژنامەنووسانی كوردستان بریتییە لە تۆماركردنی داستانی سەروەری و بەرهەمهێنانی جوانی و كەلتووری دیموكراسی، با ئێمەی ڕۆژنامەنووسانیش لەو پرۆسە هەڵبژاردنە بەردەوامی بەو كەلتوورە بدەین.

سەرەنجام ئێمە وەكو ئەنجوومەنی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان داوا لەسەرجەم كەناڵەكانی ڕاگەیاندن بە بینراو و بیستراو و خوێنراوەوە دەكەین كە لە ئاستی ئەم بەپرسیارییە گەورەیەدابن و كارێ نەكەن كە ببێتە مایەی ئاڵۆزی و شێواندنی پرۆسەكە بەهۆی ناو زڕاندن و سوكایەتی كردن بە كەس و لایەنی بەرامبەر.

جێگای ئاماژە پێكردنە دەمانەوێت ئەوەش ڕابگەیەنین كە ئەنجوومەنی سەندیكا لیژنەی داكۆكیكردن لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسانی ڕاسپاردووە بۆ ئەوەی چاودێری وردی هەڵمەتەكانی ڕاگەیاندن لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بكات و گشت پێشێلكارییەكان تۆماربكات و لە ئاییندەدا لە چوارچێوەی ڕاپۆرتێكی تایبەتدا بڵاوی بكاتەوە.

**ئەنجوومەنی سەندیكای**
**ڕۆژنامەنووسانی كوردستان**
**٢٠٠٩/٤/٣٠**

# لداویا چالاكیێن زیندیكرنا رۆژا رۆژنامەڤانیا كوردی. پیشانگەها فوتوگرافیا بنەمالا بەدرخانیان لدهوكێ هاتە ڤەكرن

دهۆک – ئیسماعیل تاهیر

د بەردەوامیا لقێ دهـۆک یێ سەندیكا رۆژنامەنڤیسێن كوردستانێ كو ب هلكەفتنا (١١١) سالیا رۆژا رۆژنامەڤانیا كوردی دهێنە گێران و ب ئامادەبوونا كەسایەتیا كوردا نـاڤـدار خـانـم **(سینـەم جـەلادەت بەدرخان)** و ئەژمارەكا زۆرا حەژێكەرێن هونەرێ دیكۆمێنتی وێنەیێ فوتۆگرافی لدهۆكێ پدوهی رۆژا ئێكەشەمبی پیشانگەها فوتوگرافیا بنەمالا بەدرخانیان ل دهوكێ یا هونەرمەندێ رۆژنامەڤان **(شڤان توفیق)** لهۆلا شەهید سەلمان لدهوكێ هاتە ڤەكرن.

خودانێ پیشانگەهێ رۆژنامەڤان **(شڤان توفیق)** ئەندامێ دەستەیا لقێ دهـۆک یا سەندیكایێ راگەهاند كو مەبەست ژڤەكرنا پیشـانـگـەهێ ئـەو بـوو رۆل و خـەبـاتـا بەدرخانیان بدەستێ نوو بدەینە نیاسین و تێكۆشانا وان ژ بۆ پاراستنا مافێن كوردان ژلایێن سیاسی و رۆشنبیری و رۆژنامەڤانی ڤە بەرچاڤ بكەین.

هەروەها ناڤبری گوت: لسوریا و چەندی جهێن گەریام و ب هاریكاریا دوست و حەژێكەرێن بەدرخانیان و وەفادارێن رێبازا وان شیام ڤێ كوما باشا وێنەیێن فوتوگرافی و دیكومێنان خرڤەكەم و د پیشانگەهاكا مینا ڤێدا ب هلكەفتنا (١١١) سالیا رۆژا رۆژنامەڤانیا كوردی بەرچاڤ بكەم.

هەژی گوتنێ یە كو ١٦٠ وێنێن فوتوگرافی و ١٢ دیكۆمێنت دپیشانگەهێ دا هاتبونە نیشادان و چاڤەرێ یە بۆ دەمێ رۆژان یا بەردەوام بیت.

# شاندەكێ میسری و بریتانی و ئەنجومەنێ سەندیكاێ سەرا لقێ دهوک دا

بۆ پشكداریێ د ئاهەنگ وساخكرنا هلكەفتا ١١١ سالیا رۆژا رۆژنامـەڤـانیا كـوردی شاندەكێ ئاست بەرزێ رۆژنامەڤانێن بریتانی ومسری و شاندەكێ بلندێ ئەنجوومەنێ سەندیكا رۆژنامەنڤیسێن كوردستانێ سەرا لقێ دهۆكیدا و هوڤدیتنەک دگەل سكرتێر و ئەندامێن دەستەیا كارگێری و ژمارەكا رۆژنامەڤانێن دهوكێ لبارەگایێ مەكر.

دهـوڤـدیـتـنـێ دا ئـامـاژە ب هلكەفتنا رۆژنامەڤانیا كـوردی و بەرنامێ لقێ مە یێ زیندیكردنا ڤێ هلكەفتنێ و ئاستێ ڤی بەرنامەیی دگـەل ڤێ روودانـا پیرۆز هاتە كـرن و بیروبۆچوون لسەر چەند كێشە ل سـەر بابەتێن گرنگ و جهێ پووتەدانا هـەردوولا پێكهاتنە گهوورین و بەحسێ كاراكرنا پەیوەندیان و بەرزكرنا ئاستێ هزری و پیشەیێ رۆژنامەڤان هاتەكرن.

# بهلكەفتنا ١١١ ساليا رۆژا رۆژنامەڤانیا كوردی سكرتێری لقێ دهوك سمينارەک سەنتەرێ پێشكەفتن يێ رۆشنبيری پێشكێش كر

بهەلكەفتنا ١١١ رۆژا رۆژنامەڤانیا كوردی و بمەبەستا ساخكرنا ڤێ بیرەوەرییا پیرۆز و ب ئامادەبونا ژمارەكا زۆرا گەنجان سكرتێرێ لقێ دهۆكێ سمينارەكا ڤەكری بناڤێ **(خواندنەک بۆ رۆژنامەڤانیا بادينان)** لسەنتەرێ پێشكەفتن يێ رۆشنبیری پێشكێش كر و تێدا بكورتی ئاماژەدا مێژوويا رۆژنامەڤانیا جیهانێ و دەستپێكا رۆژنامەڤانیا كوردی هەر ژ دەركەفتنا ئێكەم رۆژناما كوردی بناڤێ **(كوردستان)** لسەر دەستێ **(میر مقداد مدحەت لاوێ بەدرخان)** لسالا ١٨٩٨ێ لقاهیرەیا پايتەختێ مسرێ.

دلايەكێ دی يێ سمينارێ دا بەحسێ دەستپێكرنا رۆژنامەڤانیا كوردی ل دەڤەرا بادينان و وەرار و پێشكەفتنا وێ كر و تێدا بەحسێ كۆڤارا چيايا دكتۆر بدرخان سندی و كۆڤارا رەوشەن يا پەروەردا دهۆكێ و و كۆڤارا پەيڤ يا ئێكەتیا نڤیسەرێن كورد لدهوكێ و كۆڤارا دەنگێ مە وەكی دەست پێک بۆ رۆژنامەڤانیا كوردی لدهوكێ.

د تەوەرەكێ دی يێ سمينارێ دا ئاماژە ب رۆژنامەڤانیا چیایی و رۆلێ حزب و لايەنێن سیاسی لسەردەمێ شورەشا مەزنا ئەيلولێ هاتە دان بۆ خورتكرن و كاراكرنا وێ دگەل ئاماژەكا بەرفرەە بۆ رۆژنامەڤانیا كوردی ل قوناغا پشتی سەرهلدانێ كو بەرو پیاڤەكێ باش و بەرفرەە بخوەڤەديتی.

لدووماهیا سمينارێ ژێ ژمارەكا گەنجێن سنۆرێ سەنتەرێ يێن بەرهەڤی سمينارێ بوین دان و ستاندنەكا بەرفرەە كر و تەوەرێن وێ باشتر هاتنە دەولەمەندكرن.

# بەياننامەی ئەنجوومەنی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان بە بۆنەی ٥/٣ رۆژی جیهانی ئازادی رۆژنامەنووسی

بەبۆنەی ٥/٣ رۆژی جیهانی رۆژنامەنووسیەوە بەناوی ئەنجوومەنی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان بەم بۆنە شكۆدار و مانادارە پیرۆزباییەكی گەرم لەسەرجەم رۆژنامەنووسانی وڵاتەكەمان دەكەین و هیواداریین (٥/٣) هاندەری هەمووان بێت بۆ زیاتر تێگەیشتن و قوڵبونەوە لە مەغزاو واتاو قورسایی مەعنەوی و بابەتی و بزووتنەوەی رۆژنامەگەری، ببێتە مایەی یەكخستنی تواناو وزەكان و كاراكردنی رەوت و رۆڵی ئەو بزووتنەوەیە لە پێناو چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی و دەستەبەركردنی ماف و گوزەرانی رۆژنامەنووسان، كە ئەمەش ئامانجێكی بنەرەتی و ستراتیژی سەندیكایە و هەرلەسەرەتای دامەزراندنی خۆی كردوویەتی بە دروشمی ناوەندی خۆی. دیارە ئێمە لە كاتێكدا یادی ٥/٣ رۆژی جیهانی ئازادی رۆژنامەنووسی دەكەینەوە مایەی خۆشحاڵییە رۆژنامەگەری لە هەرێمی كوردستان كۆمەڵێک وێستگەو قۆناغی گرنگی بڕیووەو دڵنیاشین لەوەی كە پابەندبوون بە ئێتیک و پرەنیسپەكانی كاری رۆژنامەوانی و بوێری و بێ لایەنی

لـەکـاری پیشـەییداو هـەسـت کـردن بە بەپرسیاریتی کۆمەڵێک فاکتەرو داینەمۆی گرنگن بۆ گەیشتنی کاروانی رۆژنامەگەری بە دەسـەڵاتـی ئاسایی خـۆی کەزیاتر لە دووسـەد سـاڵ بەر لە ئێستا فەیلەسوفی سیاسی ئینگلیزی(**ئیدموند بیورکە**) ناوی نا دەسەڵاتی چوارەم چونکە هەر بەدیهێنانی ئەم ئامانجە واتا لەپێگەی ئەو دەسەڵاتەوە رۆژنامەنووسان دەتوانن ئەرکە مێژوویی و بابەتی و بنەرەتیەکانی خۆیان جێ بەجێ بکەن و کاریگەری خۆیان بەسەر رەوت و کایەو رێرەوەکانی دامەزراوەکانی دەسەڵات پیادە بکەن.

کەئەمەش نەک هەر دەرگاو دەروازەیەکی نـوێ بـەڕووی تـوێـژی رۆژنـامـەنـووسـان دەکاتەوە، بەڵکو دەبێتە مایەی پەرەپێدانی بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی و رای گشتی و قوڵکردنەوەی پرۆسەی دیموکراسی و پتەوکردنی کەلتوری تەبایی و بەیەکەوە ژیـان لە نێوان سـەرجـەم چین و توێژو پێکهاتە جیا جیاکانی کۆمەڵگای کوردستان و سـەرەنجامیش پایەکانی سەقامگیری ئەزموونی هەرێمی کوردستان تۆکمەتر دەکات.

ئێمە ٥/٣ دەکەینە بۆنەو دەرفەتێک بۆ ئـەوەی سـەرلەنوێ داوا لە هەموو لایەک بکەین کە پابەندبن بەیاسای رۆژنامەگەری و لـەسـەر بـنـەمـای هێڵەگشتیەکانی ئەو یاسایە مامەڵە لەگەڵ نێوەرۆک و ماناکانی رۆژنامەگەری بکەن.

ئـــازادی رۆژنـــامـــەگـــەری و رایـــەڵـــەی تـــەواوی ئـازادیـەکـانـی تـریـش بـە ئـازادی رۆژنامەگەریەوە بەندن.

ســـڵاو لـــەو رۆژنـــامـــەنـــووســـانـــەی لەسەرانسەری جیهان لە پێناو جێ بەجێ کردنی ئـەرکـی پیشـەیی خـۆیـان گیانیان لەدەستدا، یاخود کەم ئەندام بوون

سڵاو لەو رۆژنامەنووسانەی گوشاری جەسـتـەیی و دەروونـــی وایــان لێناکات لەکاری رۆژنامەگەری سارد ببنەوەو ئەو گوشـارەش وایـان لێناکات دەستبەرداری ئەخلاقی رۆژنامەگەری ببن.

**ئەنجوومەنی سەندیکای**
**رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**٢٠٠٩/٥/١**

# جارنامەی هەولێر بۆ ئازادیی رۆژنامەوانی
# هەولێر – ٢٠٠٩/٥/٣

لەو روانگەیەوە کە جارنامەی جیهانیی مافی مـرۆڤ جەختیکردۆتە سـەر ئـەوەی هەموو کەسێک مافی ئازادیی رادەربرینی هـەیـە، ئـەم مـافـەش ئـازادیـی بـاوەڕبـوون بەهەر راو بۆچوونێک لەخۆدەگرێت بێ هیچ جۆرە دەستێوەردان و گوشارێک، هەروەک مافی بەدەستهێنانی زانیاریشی هەیە لەرێی دەزگاکانی راگەیاندنەوە بێ هیچ سنوور و سانسۆرێک، هەروەها دەستوری عیراقیش لەمادەی (١٥) و (٣٨)دا مافی ژیان و ئازادی بۆ هاوڵاتیان و مافی ئازادیی رۆژنامەوانی و چاپ و بڵاوکردنەوە زامن دەکـات. لەو روانگەیەوە و بەلەبەرچاوگرتنی یاسای کاری رۆژنامەوانی لەهەرێمی کوردستان کە مافی بەدەستهێنانی زانیاری بۆ رۆژنامەنووس زامندەکات و بەرەچاوکردنی ئەو ئاستەنگ و کۆسپانەی بـەرەورووی دیموکراسییە تـازەکـەی هەرێمی کـوردسـتـان و عیراق بۆتـەوە و بەمەبەستی کـاراکـردنی رۆڵـی راگەیاندن لەکاتی هەڵبژاردنە گشتییەکاندا کە لەهەرێمی کوردستان و عیراق سازدەکرێت و وا چاوەرواندەکرێت دەرەنجامەکانی دەرگا بـەرووی قۆناغێکی نوێ لەژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیدا بکەنەوە و ببنە

خاڵێکی وەرچەرخان لەرەوتی ئەزموونە دیموکراتییەکەدا و لەپێناو بەهێزکردنی راگەیاندن وەک دەسەڵاتی چوارەم کە کاریگەریی زۆری لەسەر رای گشتی دەبێت، بەشدارانی کۆنگرەی هەولێر بۆ ئازادیی رۆژنامەوانی کە لەناوەندی کۆنگرەکان – هۆڵی شەهید سەعد عەبدوللا رۆژی ٢٠٠٩/٥/٣ بەبۆنەی رۆژی جیهانیی ئازادیی رۆژنامەوانی سازکرا لەژێر دروشمی **(لەپێناو بەهێزکردنی رۆڵی راگەیاندنی کوردستانی لەهەڵبژاردندا)**، ئەم راسپاردانە دەخەنەروو، سوپاسی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چاودێریکردنی کۆنگرەکە و ئاژانسی سەربەخۆی هەواڵی **(ئەسوات ئەلعیراق)** بۆ رێکخستنی دەکات.

١) بەرپرسیاریی دەزگاکانی راگەیاندن رۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری هەبێت لە قووڵکردنەوەی گیانی پێکەوەژیان و رێزگرتن لە مافەکانی تاک و بیرورا جیاوازەکان لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا و دوورکەوتنەوە لە وروژاندنی رق و کینەی ئەتنی و تائیفی خۆبەدوورگرتن لەهەرەشەکردن و تەشهیرو شێواندنی زانیاریەکان.

٢) پێویستە دەزگاکانی راگەیاندن بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان سیمینار و وۆرکشۆپ سازبکەن بۆ بەخشینی زانیاری یاسایی و پیشەیی بە رۆژنامەنوسان و سازدانی کۆبونەوەی هاوبەش لە نێوان دادوەر و یاساناسەکان لەلایەک و رۆژنامەنوسان لەلایەکی دیکە بەمەبەستی باشتر تێگەیشتن لەسروشتی کاری رۆژنامەوانی و هوشیارکردنەوەی رۆژنامەنووسان سەبارەت یاسا کارپێکراوەکان و دیاریکردنی بەرپرسیاریی یاسایی لەحاڵەتی پێشێلکردنیاندا.

٣) داوا لەحکومەتی هەرێم دەکرێت هێمنی و ئارامیی پرۆسەی هەڵبژاردن بپارێزێت پێش هەڵبژاردن و دوای پرۆسەکەش، هەروەها ئاسانکاری بۆ رۆژنامەنووسان بکات بۆئەوەی بەباشترین شێوە گوزارشت لەرووداو و پێشهاتەکانی هەڵبژاردن بکەن، هەروەها رێنەدرێت دام و دەزگاکانی دەوڵەت بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاربهێنرێن.

٤) پێکهێنانی لیژنەیەک کە نوێنەرانی لایەنە رەسمییەکان و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و دەزگاکانی راگەیاندن لەخۆدەگرێت بۆ بەدواداچوونی هەر پێشێلکارییەک کە بەرامبەر رۆژنامەنووسان ئەنجامدەدرێت لەکاتی هەڵبژاردندا و کاردانەوەی یەکسەر و راستەوخۆی لەسەریان هەبێت.

٥) پێویستە رۆژنامەنووسانیش لای خۆیانەوە پابەندی بنەما و ئیتیکی پیشەیی رۆژنامەوانی و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و رێنماییەکانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بن لەکاتی گواستنەوەی هەواڵ و راپۆرت بۆ کەناڵەکانیان.

٦) پێویستە راگەیاندنی حکومی بەهەموو شێوەیەک بێلایەنیی خۆی بپارێزێت و بەشێوەیەکی هاوتا و یەکسان مامەڵەی هەموو ئەو لایەنانە بکات کە لەهەڵبژاردندا بەشداردەبن؛ چونکە بێلایەنی بنەمایەکی سەرەکیی کاری رۆژنامەوانییە، هەروەک هۆکارێکی سەرخستنی هەڵبژاردنیش دەبێت لەهەموو قۆناغەکاندا.

٧) پێویستە هەموو دەزگاکانی راگەیاندن هاوڵاتیان هانبدەن بۆ بەشداربوون لەهەڵبژاردن و دەنگدان، وەک مافێکی یاسایی و دەستوریی خۆیان.

٨) کۆنگرە ئەو بەیاننامەیەی رەچاوکرد کە لەلایەن سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەبۆنەی رۆژی جیهانیی ئازادیی رۆژنامەوانی دەرچووە.

هەروەها لەبواری فراوانکردنی ئازادیی رۆژنامەوانیدا لەرۆژی جیهانیی ئازادیی رۆژنامەوانیدا کە بەشدارانی کۆنگرە شانبەشانی هاوپیشەکانیان لەسەرانسەری جیهاندا ئاهەنگی بۆ دەگێرن، بەشدارانی

کۆنگرەی هەولێر ئەو لیژنەیەیان راسپارد کە لەکۆنگرەدا پێکهێنران بۆ پێداچوونەوە و دارشتنەوەی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١) پێویستە یاسایەک دابرێژرێت و تیایدا ئەو مافە بەرۆژنامەنوسان بدات کە بەئاستیکی زۆر فراوان دەستیان بەسەرچاوەکانی زانیاری بگات و میکانیزمی گونجاو بۆ زامنکردنی ئەوە دابنرێت بۆ ئەوەی رۆژنامەنوسان نەکەونە هەڵەی پیشەییەوە.

٢) بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی رۆژنامەنوسان پێوستە خولی بەردەوامیان بۆ بکرێتەوە لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات.

٣) دامەزراندنی دەستەیەکی سەربەخۆی راگەیاندن کە پەیوەست بێت بە پەرلەمانەوە بۆ رێکخستنی کاری رۆژنامەوانی و راگەیاندن بەپێی بنەما پیشەییەکان.

٤) دەستبەرکردنی رۆشنبیریی یاسایی و دەستوری بۆ رۆژنامەنووسان، بەتایبەتیش لەبواری ماف و ئازادیی رادەربرین و بەدەستهێنانی زانیاری.

٥) دۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاو بۆ ئەوەی حکومەت بەشێوەیەکی یەکسان و هاوتا کۆمەکی دارایی بۆ دەزگاکانی راگەیاندن دابینبکات، بەدەزگاکانی راگەیاندنی حیزبی و حکومی و سەربەخۆشەوە.

٦) دوورخستنەوەی هەرەشە و گوشاری سیاسی و ئابوری (**بۆ نمونە دەرکردن لەوەزیفە**) لەسەر رۆژنامەنووسان و ریگەدان بە رۆژنامەنووس بۆ تۆمارکردنی داوای یاسایی لەدژی ئەو دەزگایانەی راگەیاندن کە بەهۆی ئازادیی رادەربرینەوە رۆژنامەنووس لەسەر کار لادەدەن و نانبراوی دەکەن.

٧) دابەشکردنی ئاگاداری و ریکلامە رەسمییەکان بەشێوەیەکی یەکسان و دادوەرانە بەسەر گشت دەزگاکانی راگەیاندندا نەک تەنیا بەخشینی بەهەندێک دەزگای راگەیاندنی دیاریکراو.

٨) پێویستە رۆژنامەنووس مافی ئەوەی هەبێت سەرچاوەکانی بپارێزێت و بانکی زانیاری لەسەرجەم دەزگاکانی دەوڵەتدا دروستبکرێن بۆ دابینکردنی زانیاریی پێویست بۆ رۆژنامەنووسان.

**بەشدارانی کۆنگرەی هەولێر بۆ ئازادیی رۆژنامەوانی**
**هەولێر ٢٠٠٩/٥/٣**

# ئەندامێ ئەنجوومەنێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ سمینارەک لدۆر رۆژنامەڤان و رۆژنامەڤانیا ئازاد لزاخۆ پێشکێش کر

هەڤدەم دگەل هلکەفتنا رۆژا ئازادیا رۆژنامەڤانیا جیهانێ لە ٢٠٠٩/٥/٣ و لدووڤ بەرنامێ لقێ دهۆک یێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردنێ سمینارەکا زانستی بناڤێ (**رۆژنامەڤان و رۆژنامەڤانیا ئازاد**) بۆ رۆژنامەڤان بەهجەت هروری ئەندامێ ئەنجومەنێ سەندیکایێ و سەرنڤیسەرێ رۆژناما ئەڤرۆل هولا سەنتەرێ زاخویێ رەوشەنبیری هاتە سازکرن و تێدا نزیکی (٨٠) رۆژنامەڤان و رۆشەنبیرێن دەڤەرا زاخۆ ئامادە ببوون.

کۆرگێری دیار کر کو ل هندەک وەلاتان رۆژنامەڤانی دەسهەلاتا حیزبی و حکومی یە و لکوردستانێ ژی زێدەباری هەبوونا یاسایا کارێ رۆژنامەڤانی هەتا نوکە شێوازێن وێ یان ئەرک و مافێن وێ ژنێک نەهاتینە ڤاڤارتن و گوت (**رۆژنامەڤانی یا د رەوشەکا شەپرزە دا دژیت**) و دووپات ژی کر کو د شیان دا نینە چ جڤاکەک بەرەڤ مەدەنیەتێ ڤە بچیت یێ رۆژنامەڤانیەکا ئازاد.

هەروەسا ب ئاماژە بۆ رۆژنامەڤانیا لسەر کاغەزێ و گرنگیا وێ ناڤبری گوت:

راستە تەلەفزیۆن و رادیۆ دبنە ئەرشیڤ لێ ژبەركو ئەو دەمێ زەورڤی چوو دووبارە نابیتەڤە ژ بەر هندێ دێ بینین هەتا (٩٥٪) كێشێن دهێتە تۆماركرن و دچنە بەر دەستێ دادگەهێ لسەر رۆژنامەڤانێن نڤیستی نە و دیاركر كو پتریا كێشن دچنە دادگەهێ ژنەگەرێ زێدەگاڤیا رۆژنامەڤانان بوویە و ب دیتنا من رۆژنامەڤانی نەشیایە ب رەنگەكێ راستەقینە پەیاما خوە بگەهینت.

د تەوەرەكێ دیترێ سمینارێدا هروری نوێنەرێ پاێزگەها دهۆكێ د ئەنجومەنێ سەندیكایێ دا ئاماژەدا كو گرتن یان ئەشكەنجەدانا رۆژنامەڤانەكی نابیتە بەهانە كو یاسایان ئازادی ل هەرێما كوردستانێ نینە ژبەر كو ل هەمی جیهانێ ل دەمێ یاسا دهێتە دانان بۆ هندێ یە ئەگەر كێشەك چێبوو دێ بزاڤا چارەكرنا وێ هێتە كرن و ئەگەر كێشە نەبوون وی دەمی پێدڤێ ب یاسایێ نابیت.

## رێكخراوا ئەلند ژمارەكا رۆژنامەڤانێن دەڤەرا شێخان خەلات كرن

دبەردەوامیا چالاكیێن بهلكەفتا "١١١ " ساليا رۆژا رۆژنامەڤانیا كوردی دهێنە گێران وهەڤدەم دگەل بیرەوەریا جیهانیا ئازادیا رۆژنامەڤانی ٢٠٠٩/٥/٣ وئامادەبوونا "**دلشاد نەعمان** " نوینەرێ سەندیكا رۆژنامەڤانێن كوردستانێ لقێ دهوك لدەڤەرا شێخان رێكخراوا ئەلند بۆ دیموكراسیكرنا گەنجان نڤیسینگەها شێخان بهەڤكاری دگەل لقێ دهۆك یێ سەندیكا رۆژنامەنڤیسێن كوردستانێ ئاهنگەكا رێزلێینانێ بۆ رۆژنامەڤانێن قەزا شێخان سازكر وتێدا ژمارەكا رۆژنامەنڤیسێن دەڤەرا شێخان ودەوروبەرێن وێ هاتنە خەلاتكرن.

لدۆر ڤێ ئاهەنگێ "**ئیسماعیل تاهر** " سكرتێرێ لقێ دهۆك یێ سەنیكایێ راگەهاند كو دئێكەم رۆونشتنا ڤێ ئاهەنگێ دا ژمارەكا پەیڤان هاتنە خواندن وتێدا ئاماژە ب رۆلێ رۆژنامەڤانێن دەڤەرێ هاتە دان ولبەرچاڤگرتنا ئاستێ وان یێ خزمەتكرنا پەیڤا رەسەنا كوردی وخزمەتكرنا جڤاكی وگەهاندما دەنگێ وان ب دام ودەزگەهێن دەستهەلاتێ وبزاڤكرن بۆ چارەكرنا كێشە وئارێشێن وان.

هەر دڤی بیاڤی دا "شێرزاد پیرمووسا " بەرپرسێ رێكخراوا ئەلند بۆ دیموكراسیكرنا گەنجان لدهۆكێ راگەهاند كو چەند خەلات وباوەرنامێن رێزلێینانێ لسەر ژمارەكا رۆژنامەڤان ونڤیسەرێن بژارە یێن دەڤەرێ هاتنە بەلاڤكرن وەكی رێزگرتن لشیان و خەباتا وان بۆ بەرچاڤكرنا رەنگ ورووێ دەڤەرێ.



# بهلكەفتا رۆژا جیهانیا ئازادیا رۆژنامەڤانی . .
# كونفرانسەكێ ڤەكری لدۆر ئازادیا راهاندنێ لدهۆكێ هاتە گێران

بهلكەفتا جیهانیا رۆژا ئازادیا رۆژنامەڤانی ل ٣/٥ ولـدووڤ بەرنامێ لقێ دهـۆک یێ سەندیكا رۆژنامەنڤیسێن كوردستانێ بهەڤكاری دگەل رێكخراوا "IREX" لدهۆكێ وژبۆ بەرچاڤكرنا رۆلێ رۆژنامەڤانێن كورد دپەیداكرنا پرەنسیپ وتێگەهێن ئازادیێ وخزمەتكرنا جڤاكێ خوە لرۆژا ٣ – گولانێ كونفرانسەكێ ڤەكری لهۆلا كومبوونان لسەنتەرێ رۆشنبیری وكومەلایەتیێ زانكۆیا دهۆک هاتە گێران ودورێن "٥٠ " رۆژنامەڤانان تێدا ئامادەببون.

ئیسماعیل تاهر سكرتێرێ لقێ دهۆک یێ سەندیكایێ ب ئاژانسا پەیامنێر راگەهاند كو دكونفرانسی دا رۆژنامەڤانان "رێبەر فەتاح وسەعید ئوسمان وفەرسەت مستەفا " سێ تەوەر بناڤێن "رۆلێ راگەهاندنێ دنەهێلان وبنبڕكرنا گەندەلیێ وپەیداكرنا ئازادیا رۆژنامەڤانی وبهێزكرنا بازنا هەڤكاریێ دناڤبەرا خەلكی ودەستهەلاتێ ورۆلێ رۆژنامەڤانیێ دپێكهاتنا نیشتیمانی وئاڤاكرنا تێگەهێن دیموكراتی یێ دا لدەڤەرێ " هاتنە پێشكێش كرن.

د دووڤ دا رۆژنامەڤانێن ئامادەبویی گەنگەشە ودان وستاندنەكا تێر وتەسەل وباش لسەر ناڤەرۆكا ڤان هەرسێ تەوەران كر وچەند لایەنێن وان تەوەران هاتنە شرۆڤەكرن.



# لقی سلێمانی دیاریی بەسەر رۆژنامەنووسانی وێنەگردا دابەش دەکات



پاش ئەوەی رۆژی ٤و ٢٠٠٩/٥/٥، لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە بۆنەی ١١١ ساڵەی رۆژنامەنووسی کوردییەوە پێشانگایەکی وێنەیی لە هۆڵی **(تەوار)** بۆ (٢٢) رۆژنامەنووسی فۆتۆگرافەر کردەوە، دەستەی کارگێری لق بڕیاریدا کە دیارییەک لە شێوەی لەوحەیەکی تایبەت کە لۆگۆی سەندیکای رۆژنامەنووسان و ناوی رۆژنامەنووسەکەی لەسەرە ببەخشێتە سەرجەم بەشداربووانی پێشانگاکە، بۆیە رۆژی سێشەممە ٦/١٦ لە لقی سلێمانی سەندیکا بە ئامادەبوونی سکرتێر و ئەندامانی لق دیارییەکان پێشکەش کران.

ئەمە و بە سوپاسەوە پارێزگای سلێمانی کردنەوەی پێشانگاکە و دابینکردنی خەڵاتەکانی لە ئەستۆ گرتبوو.

# لقی موسڵ.. نارەزایی دەردەبڕێت

لەبەیاننامەیەکیدا کە لقی موسڵی سەندیکا لە رۆژی (٢٠٠٩/٥/٨) دەرکردەوە. نارەزایی بەرامبەر گرتنی رۆژنامەنووس **(سەعید مەم و زینی)** لە رۆژی (٢٠٠٩/٥/٧) بۆ چەند سەعاتێک لەلایەن سوپای عیراقەوە و خراپ مامەڵەکردنی دەربڕی...

لەبەیاننامەکەدا.. لقی موسڵ داوای لێکۆڵینەوە و گەڕاندنەوەی ئەم رۆژنامەنووسە کرد.

# ڕێکخراوی ئاشتی خێرخوازی
# ڕێز لە نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەگرێت



بۆ بەرز ڕاگرتنی ڕۆڵی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لە بواری بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری لێبوردەیی و پێکەوە ژیان.. لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگا لەسەر ئاستی نیشتمانی و ئیقلیمیدا، ڕۆژی (٢٠٠٩/٥/١٠) بەڕێز دلێر نەقشبەندی لە ڕێکخراوی ئاشتی خێرخوازییدا، خەڵاتێکی ڕێزلێنانی بەفەرهاد عەونی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەخشی، شایانی باسە ئەم ڕێکخراوە لە پێناو داکۆکیکردن لە مافە مەدەنی و ڕۆشنبیری و ئاینییەکانی تاکەکان کۆمەڵگا لە کوردستان و عیراقدا تێدەکۆشێت.

ڕێزلێنان لە نەقیبی ڕۆژنامەنووسان ڕێزلێنانە لە ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستاندا، دانپێنانیشە بەڕۆڵی ئەم ڕۆژنامەگەرییە لە بواری بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی شارستانی پێشکەوتوو.

# موحازەرەیەک لە قوش

لقی موسڵی سەندیکا بە هاوکاری کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کلدانی لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٥/١٢) لە شارۆچکەی قوش موحازەرەیەکی دەربارەی ڕۆژنامەگەریی ئەخلاقی ڕێکخست.

موحازەرەکە لەلایەن عەدنان ئەحمەد ئەندامی دەستەی کارگێڕی لق گوترایەوە.

سکرتێری لق لە کۆتایی موحازەرەکەدا ئاماژەی بە گرنگی دەستپێشخەری ڕۆژنامەگەریی ئەخلاقی کرد و ئاماژەشی بە ڕاپۆرتەکانی سەندیکا لە بواری داکۆکیکردن لە ڕۆژنامەنووسان دا.

# پەیوەندی نێوان سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان و سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی عیراقی

دەربارەی پەیوەندی نێوان سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان و سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی عیراقی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی كوردستان نامەیەكی ئاڕاستەی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی عیراقی كرد، ئەمەی خوارەوە دەقەكەیەتی:

هاوكارمان موئەیەد لامی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی عیراقی

هاوكارانمان ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی عیراقی

سڵاوێكی گەرم لەگەڵ هیوای سەركەوتن لە كارەپیشییەكانتاندا

هاوكارانی خۆشەویست.. لەبیرتانە كە ئێمە بە بەردەوامی پەرۆشی ئەوەبووین، كەوا پەیوەندی لەنێوان هەردوو سەندیكاكەماندا پتەو و توندوتۆڵ بێت.. هەردوو لاشمان وەك یەك تیپ لە كۆنگرە نێودەوڵەتییەكاندا كارمان دەكرد، هەروەها بە هاوبەشی لە چالاكیەكانی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان بەشداردەبووین، سەرەڕای ئەمەش لێژنەیەكی هەماهەنگی باڵا لەنێوان هەردوو سەندیكادا بوونی هەبوو و ئامادەبوونی شەهید شەهاب تەمیمی لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجوومەن لەو چالاكیانەی كە لە كوردستان ئەنجام دەدران، كاریگەرییەكی زۆری لای ڕۆژنامەنووسان پەیدا كردبوو.

بەڵام ئێستا بەداخەوە هەست بە جۆرە ساردییەك لە پەیوەندییەكاندا دەكەین، بۆ نموونە: بانگهێشتمان كردن بۆ ئامادەبوون لە هەولێر بۆ ئەوەی كۆبوونەوەیی لێژنەی باڵای هەماهەنگی ببەستین، ئەمەش بەهۆی سەرقاڵیتان دواخرا، دواتر ڕێككەوتین كە سەردانەكەتان بۆ دوای نەورۆز دوابخرێت، بەڵام سەردانەكە ئەنجام نەدرا و هۆیەكانی دواخستن و ئەنجامنەدانی سەردانەكەشتان ڕوون نەكردەوە.

هەروەها بەبۆنەی (١١١) ساڵەی ڕۆژنامەگەریی كوردی، بانگهێشتمان كردن و ناوی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی عیراقی لەبەرنامە دانرا، بەڵام ئامادەنەبوون و نوێنەرێكیشتان نەنارد و هۆیەكانی ئامادەنەبووشتان ڕوون نەكردەوە و تەنانەت بروسكەیەكی پیرۆزبایشتان ڕەوانە نەكرد، بۆ زانینیش یەكێك لە ئەندامانی ئەنجوومەنتان پەیوەندی بە جێگری نەقیب كردبوو و پێی ڕاگەیاندبوو كەوا ئامادە دەبن بەڵام چاوەڕێی گەڕانەوەی نەقیب لە قاهیرەوە دەكەن.

ئێستاش كە كاتی بەستنی كۆنگرەیەكی فراوان لە بەغدا دێت، سەندیكای كوردستانیتان پشتگوێ خستووە و كارتی داوەتنامەتان بۆ نەناردووە، لەكاتێكدا فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان ئاگاداری كردینەوە كەوا كاروبارەكانی كۆنگرە كەوتۆتە سەرشانی بەغداد و سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی عیراقی ڕێكخەری كۆنگرەكەیە و لایەنی دارایشی لە ئەستۆ گرتووە.

هیواداریـن ئـەم پشتگوێ خستنـە و دووركەوتنەوە هۆكاری سیاسی لەدوواوە نەبێت

**لەگەڵ هیوای سەركەوتن**

**فەرهاد عەونی**
**نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی كوردستان**
**هەولێر ٢٠٠٩/٥/١٩**

# لەپێناو برەودان بە رۆشنبیری گشتی.. کۆبوونەوەیەک لە کەرکووک

رۆژی (٢٠٠٩/٥/٢٥) لەبارەگای لقی کەرکووکی سەندیکا، کۆبوونەویەک لەنێوان شاندێکی **(خانەی رۆشنبیری)** کە پێکهاتبوو لە جەعفەر نەجم عەباسی بەڕێوبەری خانەکە و فەراس حەمەدانی و خاتوو سۆزان ئەندامانی دەستەی راوێژکاری و هاوکاران لە لقی کەرکووک سەرلەبەیانی رۆژی (٢٠٠٠/٥/٢٥) رێکخرا.

لەمیانی کۆبوونەوەکەدا چۆنیەتی چالاککردنی بواری رۆشنبیری لە کەرکووکدا تاوتۆکرا.

# شاندەکێ لقێ دهوک سالرۆژا رۆژناما خەبات لدهۆکێ پیرۆز کر

بهەلکەفتنا سالرۆژا دەرچوونا ئێکەم ژمارا رۆژناما خەبات وەکی ئێک ژ رۆژنامێن پێشەنگێن کوردی د دیرۆکا سەردەما گەلێ کورد دا شاندەکێ ئاست بلندێ لقێ مە سەرا بارەگایێ رۆژناما خەبات لدهۆکێ دا و ب تاجە گولینەکێ ئەڤ هلکەفتنە ل هەڤالێن نڤیسینگەها رۆژناما خەبات پیرۆزکر.

هەر دڤێ هەڤدیتنێ دا کو ژمارەکا دی یا رۆژنامەڤانان ژێ ئامادەبووین ئاماژە ب دیرۆکا پڕ شانازیا خەبات دبزاڤا رۆژنامەڤانیا کوردی دا هاتە کرن و بەحسێ رۆلێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردی هاتە کرن وەکی مالا سەرەکی یا رۆژنامەڤانان نەخاسم دیباڤێ بەلاڤکرنا هشا یاسایی و قانونا کارێ رۆژنامەڤانی و بەرەڤانیکرنا ژ رۆژنامەڤانان دا.

# نامەیەک بۆ (IFJ)

سەبارەت بە ئامادەنەبوونی نوێنەری سەندیکا لە چالاکییە رۆژنامەوانییەکەی **(ئۆسلۆ)**.. نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان، نامەیەکی ئاراستی هاوکاران لە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان (IFJ) کرد، ئەمەی خوارەوەش دەقی نامەکەیە:

هاوکارانی ئازیزمان لە (IFJ)

سڵاو

بەداخەوە نەمانتوانی لەو چالاکییە رۆژنامەوانییە نێودەوڵەتییەی کە لە **(ئۆسلۆ)** پایتەختی نەرویج لە نێوان (٢ ـ ٢٠٠٩/٦/٤) بەسترا، بەشداری بکەین، ئەویش بەهۆی دەست نەکەوتنی **(فیزا)**، هەرچەندە بەبەردەوامی سەردانی سەفارەتی نەرویجمان لە ئوردون کرد و هەموو بەڵگەنامەی پێویستیمان پێشکەش کرد.

هیوادارین ئەم کۆبوونەوە گەورەیە کە بە سەرپەرشتی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان بەڕێوەدەچێ.. سەرکەوتنی تەواو بەدەست بهێنێت لەپێناو رۆژنامەگەری ئازاد و زامنکردنی زیاتر بۆ ئەو رۆژنامەنووسانەی زۆربەیان لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبی و باکووی ئەفریقیا رووبەڕووی ئاستەنگ لە بواری ئازادی رۆژنامەنووسیدا دەبنەوە و جۆرەها چاودێری دەسەڵاتیان لەسەرە.. لەکاتێکدا ئێمەی رۆژنامەنووسانی کوردستان شانازی بە بوونی یاسای رۆژنامەگەریی لەپێناو چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەگەریی و دەستەبەرکردنی مافی رۆژنامەنووسانی لە کوردستان دەکەین و ئەمەش دوای چەندین دەیە لە پەراوێز کردن و ستمەلێکردن کە لەلایەن رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق گەلی کوردستان رووبەڕوویان ببۆوە.

**فەرهاد عەونی**

**نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان**

# نووسینگەی گەرمیانی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان خولێكی ڕاهێنانی بۆ ڕۆژنامەنووسانی مێینە كردەوە



نووسینگەی گەرمیانی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان بە هەماهەنگی نوێنەری گەرمیان لە لیژنەی ڕۆژنامەنووسانی مێینە و بە هاوكاری ناوەندی گەرمیانی مەكتەبی ڕێكخراوە دیموكراتیەكان خولێكی ڕاهێنانی بۆ ڕۆژنامەنووسانی مێینە كردەوە، خولەكە بە ناونیشانی **"لە پێناوی بەرزكردنەوەی ئاستی زانستی وپیشەیی ڕۆژنامەنووساندا"** ڕۆژی ٣/ ٦ / ٢٠٠٩ لە هۆڵی ڕۆشنبیری منالآنی گەرمیان لە كەلار بەڕێوەچوو، تیایدا نزیكەی ٣٠ ڕۆژنامەنووسی ژن لە كەلار و كفری و خانەقین و ڕزگاریەوە بەشداریانكردبوو، مامۆستا سامان فەوزی مامۆستای یاسای ڕۆژنامەنووسی لە زانكۆی سلێمانی و ئەنوەر حسێن ئەندامی ئەنجومەنی سەندیكا و چیمەن خان خوێندكاری ماستەر لە ڕاگەیاندن لە خولەكەدا وانەیان وتەوە، لە كۆتایی خولەكەدا بڕوانامەی بەشداربوون بەسەر بەشدارانی خولەكەدا دابەشكرا و بەشداربووانیش خولەكەیان بە گرنگ و پێویست و بەسوود وەسفكرد .

# كەركووك

## موحازەرەیەك دەربارەی نەخشەسازی



لیژنەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی لە لقی كەركووكی سەندیكا، ڕۆژی (٢٠٠٩/٦/٦) و لە هۆڵی **(هجری دەدە)**.. موحازەرەیەكی دەربارەی نەخشەسازی لە ڕۆژنامە

وەرزشییەکان ڕێکخست.

موحازەرەکە لەلایەن دڵشاد نوری بەڕێوەبەری هونەری لە دەزگای **(هەواڵ)** گوترایەوە و ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆژنامەنووسانی بواری وەرزشی تیایا ئامادەبوون.

لە موحازەرەکەدا باس لە پرۆگرامە کۆمپیوتەرییەکان لە بواری نەخشەسازییدا و بەرنامەی **(بوبلیش)** کرا و چەندین تێبینی و پرسیار لەم بوارەدا خرانە ڕوو لەلایەن وانەبێژەوە وەڵام درانەوە.

## لقی موسڵ و دیدارێک لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان

بەمەبەستی چالاککردنی ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری لە (٢٠٠٩/٦/١٣) و لە بارەگای لقی موسڵی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، دیدارێک لە نێوان سکرتێرو ئەندامانی لقی موسڵ و سەرنووسەرو نوێنەرانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی پارێزگای نەینەوا ڕێکخرا.

لە دەستپێکی دیدارەکەدا ڕۆژنامەنووس غەسان سالم سکرتێری لقی موسڵ دەربارەی ڕەوشی ئەمنی لە شاری موسڵدا دواو ئاماژەی بەوە کرد کەوا پێویستە هەمووان هەوڵی ئەوە بدەین مەترسییەکان کەم کەینەوە و داوای لە حکومەتی عیراقیش کرد کە ژینگەیەکی ئارام بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی دابین بکات، دواتر هەریەک لە بەڕێوەبەری کارگێڕی لق و بەرپرسی دۆسێی وەرگرتنی ئەندامان گوتەیان پێشکەکرد.

لە کۆتایی دیدارەکەدا ڕۆژنامەنووسە ئامادەبووەکان ئەم دیدارەیان بە گرنگ وەسف کرد و بەهەنگاوێکی باشیان دانا، بۆ ئەوەی بیروڕا ئاڵوگۆڕ بکرێت و پەیوەندییەکانی نێوان لقی موسڵی سەندیکا و ڕۆژنامەنووسانی پارێزگای نەینەوا پتەوتر بکرێت.



# رۆژنامەڤانێ دێرینێ كورد ئەحمەد جزراوی وەغەركر



**دهۆک – ئیسماعیل تاهر**

پشتی ژیەكێ درێژ وخزمەتەكا بەرچاڤ دبیاڤێ رۆشنبیریا كوردی وكەلتوور ونڤیسین وراگەهاندنێ دا كو ژ "٦٥ " سالان دبوری دوهی رۆژا ٢٠٠٩/٦/١٦ نڤیسكار ورۆژنامەڤان ورۆشنبیرێ كوردێ ناڤدار **"ئەحمەد مەحموود جزراوی"** لدهۆكێ وەغەركر وگیانێ وی درێ ورەسمەكێ ژهەژی وشایستە دا لگورستانا باژێرێ ئامیدیێ هاتە ڤەشارتن.

ناڤبری لسالا ١٩٣٥ هاتیە سەر دونیایێ ولسالا ١٩٧٠ ێ لرۆژناما **"التآخي"** لبەغدا كاركریە ولسالا ١٩٧٤ ژلایێ پارتی دیموكراتی كوردستان ڤە هاتە سپارتن بۆ جهێ جێگرێ نەقیبێ رۆژنامەڤانێن عیراقێ وپشتی سەرهلدانا بوهارا ١٩٩١ كوڤارەک بناڤێ **"بشێش"** لئامێدیێ دەرئێخستیە وپاشان رێكخراوەكا گەشت وگوزاری بناڤێ **"كوردستانا جوانتر"** لدهۆكێ دامەزراندیە.

# روونشتنەكا ڤەكری لدۆر رۆژنامەڤانیا لدووڤچۆنێ لدهۆكێ هاتە كرن



دبەردەوامیا چالاكیێن لقێ دهۆک یێ سەندیكا رۆژنامەنڤیسێن كوردستانێ دا بهەڤكاری دگەل رێكخراوا ئایریكس یا دەولەتی "IREX" رۆژا ٢٠٠٩/٦/١٧ روونشتنەكا ڤەكری لدۆر رۆژنامەڤانیا لدووڤچۆنێ لهۆلا كومبوونێن تایبەت لسنەنتەرێ رۆشنبیری وجڤاكیێ

زانکۆیا دهۆک هاتە گێران وتێدا سمینارێن کورت بشێوازێ وورکشوپ هاتنە گوتن.

سەرپەرشتێ خولێ **"شڤان توفیق "** ئەندامێ دەستەیا لقێ دهۆک یێ سەندیکایێ راگەهاند کو دروونشتنێ دا رۆژنامەڤانان **"خەدیجا عەبدولخالق ورەشید عەبدولعەزیز ورەقیب مەحموود "** کو هەرسێ ئەندامێن کاراییێن سەندیکایێ نە ولهەفتیا بوری پشکداری دوورکشوپەکا ئاست بلند دا لهەولێرێ کربوو وبشێوازەکێ پێشکەفتی وانە ودیتنێن خوە لسەر ڤی شێوە وزانستێ نوو یێ راگەهاندنێ بەرچاڤکرن.

هەر وەسا ئاماژە دا کو پەیداکرنا پێزانینان ولددوڤ چۆنا وان پێزانینان وڤەگوهاستنا وان بۆ کەرەستەکێ خەبەری وبەردەوام لدووڤچۆنێ وگەهاندنا وان بۆ دەزگەهێن راگەهاندنێ وبەلاڤکرنا وان بشێوەکێ دوور ژناڤزڕاندنێ وچێکرنا رایەکا گشتی ناڤدارترین تەوەرێن روونشتنێ بوون کو هەرسێ وانەبێژ لسەر رێککەفتین.

# خولا راگەهاندن وهەلبژارتن لئامێدیێ بداوی هات

**دهۆک – ئیسماعیل تاهر**

پشتی پێنج رۆژێن بەردەوام ژپێشکێش کرنا کۆر وسمینارێن تایبەت بکاراکرنا رۆلێ رۆژنامەڤانان دپرۆسا هەلبژارتنان دا ولدووڤ بەرنامێ لقێ دهۆک یێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ بهەڤکاری دگەل نڤیسینگەها کاروبارێن مەندەنی یا بالیوزخانا ئەمریکی لبەغدا دوهی رۆژا ٢٠٠٩/٦/١٨ دووەم خولێن **"رۆلێ رۆژنامەڤانان دپرۆسا هەلبژارتنان دا "** لئامێدیێ هات وتێدا "٧ " وانێن تایبەت لدۆر پرۆسا هەلبژارتنان ورۆلێ رۆژنامەڤانان دکاری مەیدانی ویاسا کارێ رۆژنامەڤانی وئەرکێن راگەهاندنێ دپرۆسێن دەنگدانێ دا هاتنە پێشکێش کرن.

سەرپەرشتێ خولێ رۆژنامەڤان **"شەریف ئامێدی "** نوونەری لقێ دهۆک یێ سەندیکایێ لدەڤەرا ئامێدیێ راگەهاند کو رۆژنامەڤانان **"خدر دۆملی ورەشید عەبدولعەزیز ومحەمەد عەلی ئەترووشی "** وانێن خۆلێ گوتن و ٢٤ رۆژنامەڤان ژگشت دەزگەهێن راگەهاندنێ تێدا بەرهەڤبوون ودئێکەم روونشتنا خولێ دا سکرتێرێ لقێ دهۆک یێ سەندیکایێ دپەیڤەکێ دا ببەرفرەهی ئاماژە دا پرۆسا وەرگرتنا ئەندامان وچەوانیا برێڤەچوونا کارێ پیشەیی دسەندیکایێ دا.

هەمان ژێدەر گوت ژی کو د دوماهی روونشتن دا خەلات وباوەرنامە لسەر پشکدارێن خولێ هاتنە بەلاڤکرن وکەرەستەکێ راگەهاندنێ یێ تایبەت بپشکداریەکا سەرکەفتی دپرۆسا هەلبژارتنان دا وەرگرت نەخاسم کو پتریا پشکداران رۆژنامەڤانێن مەیدانی بوون کو لگشت دەزگەهێن راگەهاندنێ لسنوورێ دەڤەرا کاردکەن.



# شاندێكی لقی هەولێری سەندیكا سەردانی دەزگای هەرمان دەكات



شاندێكی لقی هەولێری سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان، كە پێكهاتبوو لە رۆژنامەنووسان ئازاد حەمەدەمین سكرتێری لق و سمكۆ عەبدولكەریم و هەندرێن ئەحمەد و ئوبان جەوهەر ئەندامانی لق، رۆژی (٢٠٠٩/٦/٢٠) سەردانی دەزگای هەرمان لە دەڤەری بارزان كرد و بەشەكانی دەزگاكەیان كە پێكهاتبوو لە **(ئێستگەیەكی رادیۆو رۆژنامەیەك و تەلەفزیۆنێك)** بەسەركردەوە و لەگەڵ كارمەندان سەبارەت گرفتەكانیان گفتوگۆیان كرد.

# لیژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی سەردانی سلێمانی دەكات

رۆژی (٢٠٠٩/٦/٢٠) شاندێكی لیژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی سەردانی شاری سلێمانی كرد و لەگەڵ ژمارەیەك لە رۆژنامەنووسانی وەرزشی كۆبۆوە.

لە كۆبوونەوەكەدا سكرتێری لیژنە دلشاد عەبدوڵڵا لە گوتەیەكیدا ئاماژەی بەرۆڵی رۆژنامەنووسانی وەرزشی كرد و خوازیاری ئەوەش بوو تواناكانیان پەرە پێبدرێت.

دواتر تێبینی و پێشنیارەكان خرانەڕوو و بڕیاریش درا (workshop)ێك بۆ رۆژنامەنووسانی وەرزشی بكرێتەوە.

# لقی کەرکووک.. ئیدانەی هەردوو کردە تیرۆریستەکەی (کەرکووک) و (تازە) دەکات

لقی کەرکووکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بەبانامەیەکی دەرکرد، تیایا هەردوو کردە تیرۆریستەکەی **(تازەخورماتوو)** لە (٢٠٠٩/٦/٢٠) و گەڕەکی **(شۆڕیجە)** لە شاری کەرکووک لە هەمان رۆژدا کە لە ئەنجامیاندا دەیان بێتاوان شەهید و بریندار بوون ئیدانە و مەحکووم کرد. هەروەها لقی کەرکووک، جەخت لەسەر ئەوە دەکردەوە، کەوا پێویستە یەکریزی لە نێوان پێکهاتەکانی شاری کەرکووک بەمەبەستی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان بپارێزرێت.

# ئەنجوومەن کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بەست

رۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٤ بەسەرپەرشتی فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان (١٦) هەمین کۆبوونەوەی ئاسایی مانگانەی خۆی لە بارەگای ئەنجوومەن لە شاری هەولێر گرێدا.

هەڵسەنگاندنی راپۆرتی شەش مانگی لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووس و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان و پەسەندکردنی راپۆرتی دارایی شەش مانگی سەندیکا و جەختکردنەوە لەسەر رێنماییەکانی ئەنجوومەن لە پاراستنی بێ لایەنی ئۆرگانەکانی سەر بەسەندیکا لە بانگەشەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و دەرکردنی گشتاندێک بۆ سەرجەم میدیاکانی کوردستان بەمەبەستی پابەندبوون بەیاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان تایبەت بە تۆمارکردنی رۆژنامەو گۆڤارەکان لە سەندیکا بۆ پێدانی ژمارەی سپاردن، تەوەری سەرەکی کۆبوونەوەکە بوون کە بەدووردرێژی باسیان لەسەرکراو بڕیارو راسپاردەی پێویستیان لە بارەیەوە وەرگیرا.



# شاندێكی ئەنجومەن لە (workshop)ێک بەشدار دەبێت

شاندێكی ئەنجوومەنی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان كە پێكهاتبوو لە ڕۆژنامەنووسان حامید محەمەد عەلی سكرتێری سەندیكاو ئازاد حەمەدەمین سكرتێری لقی هەولێری سەندیكا لە ڕۆژانی (٢٤-٢٠٠٩/٦/٢٦) لە (workshop)ێكدا كە لەلایەن ڕێكخراوی (ئایریكس) لە هۆڵی ئوتێلی شیراتۆن لە هەولێر بەڕێوەچوو، بەشداربوو.

ناوونیشانی (workshop)، **(یاسای ڕاگەیاندن و ئازادی بیرورا دەربڕین)** بوو، ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسان و ئەكادیمیان و نوێنەرانی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی تیایا بەشداربوون و یاسای ڕۆژنامەگەری لە كوردستاندا وەک نموونەیەک لە یاسا پێشكەوتووەكانی ڕاگەیاندن تێیدا تاوتوێكرا.

لە نێوان دانیشتنەكانی ئەم (workshop)ە، شاندی سەندیكا ڕەهەندەكانی ئەم یاسایەو ڕۆڵی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستانی لە ئامادەكردنی ڕوونكردەوە.

هەروەها سكرتێری سەندیكا هەندێک مادەو بڕگەی یاساكەی خستەڕوو كە پێویستیان بەهەمواركردن هەیە، كە لەم بارەوەش پرۆژەیەک ئامادەكراوە بۆ ئەوەی لە خولی داهاتووی پەرلەمانی كوردستان هەموار بكرێن.



# کۆبوونەوەی فراوانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەڕێوەچوو



بەمەبەستی پەسەندکردنی راپۆرتی شەش مانگی لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان رۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٥ سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کۆبوونەوەیەکی فراوانی ئەنجامدا کە تێیدا ئەندامانی ئەنجوومەن و سکرتێری لق و لیژنەکان و بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا ئامادەبوون.

لە دانیشتنی یەکەمی کۆبوونەوە فراوانەکەدا راپۆرتی شەش مانگی لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لەلایەن **(زیرەک کەمال)** سکرتێری لیژنەکە خوێندرایەوە، دواتر لەلایەن ئامادەبووانەوە بەچەندین سەرنج و تێبینی راپۆرتەکە دەوڵەمەندکراو بەتێکڕای دەنگ پەسەندکرا.

لە دانیشتنی دووەمدا راپۆرتی کاروچالاکییەکانی شەش مانگی لق و نووسینگە و لیژنەکان و پەیوەندییەکانی دەرەوە پێشکەشکران و بڕیادرا لە کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجوومەنی سەندیکا راپۆرتەکان هەڵبسەنگێندرێن و بڕیارو راسپاردەی پێویستیان لە بارەیەوە بدرێت.

# خولا راگەهاندن وهەلبژارتن لشێخان بدووماهی هات

**دهۆک – ئیسماعیل تاهیر**

دبەردەوامیا چالاكیێن لقێ دهۆک یێ سەندیكا رۆژنامەنڤیسێن كوردستانێ دا بهەڤكاری دگەل تیمێ ئاڤەدانكرنا هەرێمی لبالیزخانا ئەمریكی لبەغدا دوهی رۆژا پێنجشەمبی (٢٠٠٩/٧/٢) سێیەمین خولێن تایبەتێن "**راگەهاندن و هەلبژارتن** " لدەڤەرا شێخان بدووماهی هات و چەند وانە لدۆر هەلبژارتنان و كاراكرنا شیانێن رۆژنامەڤانان دپرۆسا دەنگدان و كارێ مەیدانی دا تێدا هاتنە گوتن.

سەرپەرشتێ خولێ نونەرێ لقێ دهۆک یێ سەندیكایێ لدەڤەرا شێخان رۆژنامەڤان "**دلشاد نوعمان** " راگەهاند كو ماموستایان "**خدر دوملی و محەمەد عەلی ئەترووشی و رەشید عەبدولعەزیز** " كو هەرسێ ئەندامێن كارایێن سەندیكا رۆژنامەنڤیسێن كوردستانێ نە وانێن تایبەت دخولێ دا پێشكێش كرن و چەند تەوەر لدۆر "**یاسا كارێ رۆژنامەڤانی** وكارێ مەیدانیێ رۆژانە وڤەگوهاستنا پەیام وراپورتێن هەلبژارتنان وخودووركرن ژناڤزڕاندن وتەشهیرێ وئەنجامدانا كارەكێ پیشەیی گوتن.

هەمان ژێدەر گوت ژی كو "٢٦ " رۆژنامەڤان ژگشت دەزگەهێن راگەهاندنێ لسنوورێ دەڤەرا شێخان دخولێ دا پشكداربوون وڤەكولینەكا چاپكری بناڤێ كارێ دەزگەهێن راگەهاندنێ دپرۆسا هەلبژارتنان دا " لسەر پشكدارێن خولێ هاتە بەلاڤكرن ودئاهەنگەكا تایبەت دا خەلات و باوەرنامە لسەر پشكداران هاتنە بەلاڤكرن.



# کۆڕێک دەربارەی ڕۆڵی ڕۆژنامەنووس لە هەڵبژاردندا



کاتژمێر ٥ی ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٣ لە هۆڵی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لە شاری هەولێر لیژنەی پشتیوانی لە ڕۆژنامەنووسانی مێینە لە درێژەی کارو چالاکییەکانیدا بە ئامادەبوونی سکرتێرو ئەندامانی لیژنەکە، کۆڕێکی بۆ ڕۆژنامەنووس **(شێرکۆ حەبیب)** سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا بەناونیشانی **(ڕۆڵی ڕۆژنامەنووس لە هەڵبژاردنەکان)** سازکرد، لە کۆڕەکەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆژنامەنووسانی مێیینە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن تێیدا ئامادەبوون و ڕۆژنامەنووس **(شێرکۆ حەبیب)** بەدوور و درێژی باسی لە ئەرک و ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسان لەسەرخستنی پرۆسەی هەڵبژاردن کرد، دواتر بەشداربووانی کۆڕەکە بەسەرنج و تێبینییەکانیان کۆڕەکەیان دەوڵەمەندکرد.

# پێنجەم روونشتنا راگەهاندن وهەلبژارتن لدهۆکێ هاتە گێران

**دهۆک – ئیسماعیل تاهیر**

دچارچووڤێ بەرنامێ لقێ دهۆک یێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ دا رۆژا ٩ – ٧ – ٢٠٠٩ پێنجەم روونشتنا "**راگەهاندن وهەلبژارتن** " لدهۆکێ بریڤەچوو وپتری "٣٠" سەرنڤیسەر وریڤەبەرێن کەنالێن تێلەڤزیونێن ناڤخو ورادیو ونڤیسینگەهێن سەتەلایتان تێدا پشکداربوون و "٣" سمینارێن تایبەت برۆلێ دەزگەهێن راگەهاندنێ ڤە دهەلبژارتنان دا هاتنە گوتن.

"**محەمەد عەلی ئەترووشی** " رێکخەرێ روونشتنێ راگەهاند کو روونشتن لهۆلا جڤاتا پارێزگەها دهۆکێ وبچاڤدێریا سەرۆکێ جڤاتێ دکتور فازل عومەر هاتە کرن وسێ تەوەرێن سەرەکی ژلایێ رۆژنامەڤانێ کورد "**دکتور فازل عومەر** " ورۆژنامەڤانا هولەندی "**ئانا زایر** " **ورۆژنامەڤانێ عیراقی یێ عەرەب "ئیسماعیل زایر** " ڤە هاتنە گوتن وگوت : هەر سێ تەوەر گرێدایی دانانا میکانیزمەکێ کارابوون لسەر خورتکرنا رۆلێ رۆژنامەڤانان ودەزگەهێن راگەهاندنێ دپرۆسا هەلبژارتنان دا.

هەمان ژێدەر گوت ژی کو رۆژا شەمبی "١١ – ٧ – ٢٠٠٩ " دێ بازنا دووماهیێ ژزنجیرا ناڤبری کو بهەڤکاری دگەل تیمێ هەرێمی یێ



ئاڤەدانکرنێ یێ بالیوزخانا ئەمریکی لبەغدا "RRT" دهێنە کرن بپشکداریا پتری "٢٥" رۆژنامەڤانان لباژێرێ دهۆکێ هێتە کرن ورۆژنامەڤانێن هەردوو باژێرێن دهۆک وسێمێلێ دێ تێدا پشکداربن وئاماژە دا کو پێشتر چەند روونشتن لباژێرێن **"زاخو وئامێدی وئاکرێ وشێخان"** هاتبونە کرن وسەرکەفتیانە بدووماهی هاتن ورۆژنامەڤانان "محەمەد عەلی ئەترووشی ورەشید عەبدولعەزیز وخدر دوملی وانێن وان روونشتنان پێشکێش کرن.

# خولەکا تایبەت بۆ رۆژنامەنڤیسێن دەسپێکی دهەلبژارتنان دا لدهۆکێ هاتە گێران



**دهۆک – ئیسماعیل تاهیر**

دبەردەوامیا چالاکیێن لقێ دهۆک یێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ وبۆ باشکرنا ئاستێ پیشەیێ رۆژنامەڤانێن دەستپێکی رۆژا ١٠ – تیرمەهێ – ٢٠٠٩ خولەکا ئاست بلندا کاراکرنا شیانێن رۆژنامەڤانان بهەڤکاری دگەل رێکخراوا **"ئایریکس یا دەولەتی"** لهۆلا بنگەهێ رۆشنبیری وجڤاکیێ زانکۆیا دهۆک هاتە گێران وپتری رۆژنامەنڤیس ژهەمی دەزگەهێن راگەهاندنێ ژهەردوو رەگەزان

پشکداری تێدا کربوو.

رۆژنامەڤان "**هندرین وەهبی** " کو ئێک ژپشکدارێن خولێ راگەهاند کو ماموستایێ خولێ "**عوبەید هروری** " دوو وانێن باش لدۆر "**گرنگیا هەلبژارتنان ورۆلێ تاکێ رۆژنامەڤان دڤێ پرۆسێ دا وکاراکرنا ئاستێ پیشەیی یێ رۆژنامەڤانان** " پێشکێش کرن وتێدا چەند تەوەر هاتنە بەحسکرن ژوان : گرنگیا چێکرنا پەیوەندیان دگەل کەسایەتی ودەزگەهێن پەیوەندیدار وکارا وبجهئینانا ئەرکێن کارێ رۆژنامەڤانی درۆژا دەنگدانێ وهەلبژارتنێ دا وڤەگوهاستنا پەیام ونۆچەیێن رۆژانەیێن ڤێ پرۆسا دیموکراتی.

ژلایێ خوەڤە شڤان توفیق سەرپەرشتێ خۆلێ ئاشکراکر کو ٢٥ رۆژنامەڤان ژگشت دەزگەهێن راگەهاندنێ لدهۆکێ ژ رادیو وتێلەڤزیون وکوڤار ورۆژنامان پشکداری دخولێ دا کربوو ودوو وانێن پیشەیی یێن ئاست بەرز بشێوێ وورکشۆپ ودان وستاندن هاتنە پێشکێش کرن وتایبەتمەندێن ڤەگوهاستنا روودانان وکارێ دەنگدانێ درۆژا هەلبژارتنان دا هاتنە گوتن.

# دووماهی روونشتنێن راگەهاندن وهلبژارتن لدهۆکێ هاتە گێران



**دهۆک – ئیسماعیل تاهیر**

پشتی گێرانا پێنج روونشتنێن ئاست بلندێن پیشەیی دگەل رۆژنامەڤانێن زاخو وئامێدی وئاکرێ وشێخان وئەژمارەکا سەنڤیسەر وریڤەبەرێن رادیو وتێلەڤزیون ونڤیسینگەهێن سەتەلایتان لدهۆکێ دوهی رۆژا شەمبی ١١ – تیرمەهێ دووماهی روونشتنا "راگەهاندن وهەلبژارتن " یا تایبەت برۆژنامەڤانان ڤە لهۆلا جڤاتا پارێزگەها دهۆکێ هاتە گێران و "٢٧ " رۆژنامەڤان ژگشت دەزگەهێن راگەهاندنێ ژرادیو وتێلەڤزیون ورۆژنامە وکوڤاران لدهۆکێ وسێمێلێ پشکداری تێدا کربوو ولبەرە بۆ دەمێ "٥ " رۆژان یا بەردەوام بیت.

سەرپەرشتێ خولێ رۆژنامەڤان "**رەقیب مەحموود** " ئەندامێ دەستەیا کارگێریا لقێ دهۆک یێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ راگەهاند کو ئەڤ چالاکیە ژلایێ لقێ دهۆک یێ سەندیکایێ بهەڤکاری دگەل تیمێ ئاڤەدانکرنا هەرێمی لبالیوزخانا ئەمریکی لبەغدا "RRT " ڤە هاتیە ئامادەکرن وئەڤە شەشەم روونشتنە دڤی بیاڤی دا دهێتە گێران وهەرسێ رۆژنامەڤانێن مەشقکار "رەشید

عەبدولعەزیز ومحەمەد عەلی ئەترووشی وخدر دووملی " دێ وانێن وێ پێشکێش کەن وگوت : دئێکەم بازنا ڤێ روونشتنێ دا ودرێ ورەسمەکێ تایبەت دا پەیڤا سەندیکایێ ژلایێ رۆژنامەڤان **"بەهجەت هەروری "** نوونەرێ پارێزگەها دهۆک دئەنجوومەنێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ دا هاتە پێشکێش کرن.

هەر وەسا ژێدەرێ ناڤبری گوت کو دپەیڤا سەندیکایێ دا ببەرفرەهی ئاماژە دا رۆلێ تەخا رۆژنامەڤان دناڤا هەلبژارتنان دا ودیارکر کو ئەڤ تەخە دێ شێن رۆلەکێ بەرچاڤ وئەکتیڤ دڤێ پرۆسا دیموکراتی دا گێرن وئەڤ جورە چالاکیە ببەرزی سەنگاندن، پاشان ئێکەم وانا خولێ ژێ کو یاتایبەت بوو ب رۆلێ رۆژنامەڤانان درۆژا هەلبژارتنان دا بشێوەکێ دایەلووک وهەڤپشک ژلایێ هەردوو رۆژنامەڤانان " **ومحەمەد عەلی ئەترووشی وخدر دووملی** " ڤە هاتە گوتن وچاڤەرێ یە هەتا رۆژا چوارشەمبیا بهێت خول یا بەردەوام بیت وژبلی وانا ئێکێ چەند وانێن دیتر لدۆر یاسا کارێ رۆژنامەڤانی ورەوشتێن کاری وکارێ مەیدانی وچێکرنا پەیام وراپورتێن رۆژنامەڤانی بهێنە گوتن

# رۆڵی میدیا لە هەڵبژاردندا
## مێزگردی هاوبەشی لقی هەولێری سەندیکا و ئۆفیسی هەولێری کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان



لقی هەولێری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، رۆژی ٢٠٠٩/٧/١٥ بە هەماهەنگی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ئۆفیسی هەولێر، مێزگردێکیان دەربارەی **(رۆڵی میدیا لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان)**دا، بۆ سەرجەم میدیا و کەناڵە رۆژنامەوانییەکانی هەولێر، بە کەناڵ و میدیاکانی عەرەبی و بیانیش کە لە کوردستاندا ئۆفیسیان هەیە رێکخست، لە سەرەتای مێزگردەکە، ئازاد حەمەدەمین سکرتێری لقی هەولێر، دوای بەخێرهاتنی ئامادەبووان، ئاماژەی بە رۆڵی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کرد و کە لەو بووارەدا لقی هەولێر هەوڵیداوە هەماهەنگی لەگەڵ سەرجەم میدیاکان دروست بکات بۆ ئەوەی رۆژنامەنووسان بتوانن رۆڵی ئەکتیڤ و کارای خۆیان بگێرن، هەروەک جەخت لەسەر ئەوە کرا کە رۆڵی رۆژنامەنووسان هیچ کەمتر نییە لە رۆڵی چاودێران چونکە

رۆژنامەنووسان هەم چاودێرن هەم پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان و هەموو زانیاری لەم بارەیەوە دەدەنە خەڵک و تەنانەت بۆ رای گشتی ناوەخۆ و دەرەوەی دەگوازنەوە، بۆیە رۆڵی رۆژنامەنووسانی کوردستان زۆر گرنگە لە قوڵترکردنەوە و سەقامگیربوونی کۆڵەگەکانی دیموکراتیزەبوونی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان، کە لەم پێناوەدا سەندیکا هەوڵ دەدات بە وردی چاودێری کاری رۆژنامەنووسان بکات لە رۆژی هەڵبژاردندا، پاشان قەرەنی قادری توێژەری راگەیاندن باسێکی لەبارەی رۆڵی راگەیاندن و ئەزموونی نێودەوڵەتی لە بوواری هەڵبژاردندا پێشکەش کرد و لەم بارەیەوە ئاماژەی بەوەدا کە میدیا زۆر جار بە حوکمی کاری هەستیار و بەشداری لە بڕیاری گرنگ نابێ بێلایەن بمێنێتەوە بەڵکو کاراکتەرێکی سەرەکی پرۆسەی نیشتیمانییە، پاشان هەندرێن محەمەد بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ئاماژەی بەبێلایەنی کۆمیسیۆن کرد و رۆڵ و هاریکاری کۆمیسیۆنی بۆ راپەڕاندنی رۆژنامەنووسان لەو پرۆسەیەدا روون کردەوە، پاشان دەرگای گفتوگۆ کرایەوە و کۆمیسیۆن و کۆڕگێڕ وەڵامی هەموو پرسیاری ئامادەبووانیان دایەوە، ئەوەی شایانی باسە لەم مێزگردەدا لقی هەولیر راگەیاندراوێکی ئامادەکرد کە لەلایەن سمکۆ عەبدولکەریم، ئەندامی لقی هەولێر، خوێندرایەوە و و لێدوانی لەسەر کرا و را و سەرنجی لەسەر گۆڕدرا کە یاداشتنامەکە بۆ ئەوە بوو لە رۆژی هەڵبژاردندا لایەنە بەرپرسەکان بە شەفافیەت هاریکاری رۆژنامەنووسان بکەن و رۆژنامەنووسانیش بە شێوازێکی پیشەیی کاری خۆیان بکەن ئەم مێزگردە لە بەیانی سەعات ١٠ تا کاتژمێر ٢،٥ی خایاند جگە لە ئامادەبوونی میدیاکاران و کەناڵە رۆژنامەوانییەکان نوێنەری پارێزگای هەولێر و سەندیکای پارێزەران و وەزارەتی ناوەخۆی هەرێمی کوردستانیش ئامادەی بوون.

## کۆڕێکی کراوە.. لە سلێمانی

بەبۆنەی (١١١) ساڵەی یادی رۆژنامەگەری کوردیدا، لیژنەی داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسانی مێینەی سەر بەلقی سلێمانی سەندیکا کۆڕێکی کراوەی بۆ ژمارەیەک لە سەرنووسەر و بەرپرسی کەناڵەکانی راگەیاندن رێکخست.

کۆڕەکە دوو تەوەری لەخۆگرتبوو: یەکەمیان: گفتوگۆکردن دەربارەی رۆڵی مێینە لە راگەیاندندا، دووەمیان: رۆڵی راگەیاندن لە کەمکردنەوەی توندوتیژی دژ بە مێینە.

ژمارەیەکی بەرچاو لە رۆژنامەنووسانی مێینە ئامادەی کۆڕەکە بوون.



# بەبەشداری لقی موسڵ.. گۆڤاری (زهرە نیسان) ئاهەنگ دەگێڕێت....

بەبەشداری لقی موسڵی سەندیكا. گۆڤاری **(زهرة نیسان)**، بەبۆنەی تێپەڕبوونی (٦)ساڵ بەسەر دەرچوونیدا، ئاهەنگێكی گێڕا و بڕوانامەی ڕێزلێنان بەسەر نووسەرانی گۆڤارەكە دابەش كرا...شایانی باسە. سەرنووسەری ئەم گۆڤارە ڕۆژنامەنووس **(غەسان سالم)**ە كە سكرتێری لقی موسڵە، لە گوتەیەكیدا گوتی: ڕۆژنامەگەریی بەبێ نووسەری ڕاستگۆ لەگەڵ خودی خۆی و لەگەڵ ئەوانی دیكە.. نابێتە ڕۆژنامەگەرییەكی ڕاستەقینە.

# دینارتە...

## موحازەرەیەک دەربارەی توانا ڕۆژنامەگەرییەكان

لقی موسڵی سەندیكا بە هاوكاری سەنتەری ڕۆشنبیری كوردی لە دینارتە، موحازەرەیەكی دەربارەی توانا ڕۆژنامەگەرییەكان ڕێكخست. موحازەركە لەلایەن ڕۆژنامەنوس موحەمەد عەقراوی ئەندامی دەستەی كارگێڕی گوترایەوە.

زیاتر لە (٤٠) ڕۆژنامەنووس ئامادەی موحازەرەكە بوون، كە چۆنیەتی بەرزكردنەوەی توانا ڕۆژنامەگەرییەكان تیایا ڕوون كرایەوە.

# سەندیكا ڕۆژنامەڤیسێن كوردستانێ – دهۆک . .

## وورکشوپەکا زانستی لدۆر ڕاگەهاندن و هەلبژارتنان لزاخۆ گێرا



بۆ بەرزكرنا شیانێن تەخا ڕۆژنامەڤان لسنۆرێ پارێزگەها دهۆكێ ولدووڤ بەرنامێ لقێ دهۆک یێ سەندیكا ڕۆژنامەڤیسێن كوردستانێ بهەڤكاری دگەل ڕێكخراوا ئایریكس یا دەولەتی یا تایبەتمەند وورکشوپەكا زانستی یا ئاست بلند لدۆر ڕاگەهاندن و هەلبژارتنان

لباژێرێ زاخو گێرا و ٢٤ رۆژنامەنڤیسێن زاخو ژهەردوو رەگەزان تێدا پشکداربوون.

سکرتێرێ لقێ دهۆک یێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ "ئیسماعیل تاهر" راگەهاند کو دهەرسێ روونشتنێن وورکشوپێ دا کو لرۆژا شەمبی هاتیە گێران وانەبێژ "عوبەید هروری" وانێن وێ پێشکێش کرن وتەوەرێن وێ لسەر چەوانیا کاراکرنا رۆلێ رۆژنامەڤانان وهەوێن هەلبژارتنان وسەرئێخستنا وان وئەنجامدانا دەنگدان و ڤەگوهاستنا پەیام و نوچەیێن دەنگدانێ وتێگەهێن رۆژنامەڤانی دپرۆسا دیموکراتیا هەلبژارتنان دا بوون.

هەمان دەم ژێدەرێ ناڤبری گوت ژی کو پشکدارێن وورکشوپێ کو بهەڤکاری دگەل رژونامەڤان "کوڤان حوسێن" ئەندامێ کارایێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ وریڤەبەرێ رادیویا هیزل هاتیە گێران ژئەژمارەکا دەزگەهێن جودا ودایێن راگەهاندنێ بوون لباژێرێ زاخو مینا رادیو وتێلەڤزیونا دەلال وگوڤارا دەلال ورۆژناما رەوشەن ورادیو وکوڤارا هیزل.

# کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجوومەنی سەندیکا

سەعات ٢ی پاش نیوەڕۆی رۆژی ٢٠٠٩/٧/١٩، ئەنجوومەنی سەندیکا بە ئامادەبوونی نەقیب و جێگری نەقیب و سکرتێری سەندیکا و سکرتێری لیژنەی داکۆکی و لێپرسراوی دارایی و بڕیاردەری لیژنەی داکۆکی و ئەندامانی ئەنجوومەن، کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی لە بارەگای ئەنجوومەن گرێدا، کە تێیدا خاڵە سەرەکییەکانی کە بریتیبوون لە: **(پاراستنی سەربەخۆیی و بێلایەنی سەندیکا لە پرۆسسەی هەڵبژاردندا)** وێڕای باسسکردنی هەندێ خاڵی سلبی لەو وتار و ئەو هەواڵانەی کە لەلایەن هەندێ لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاودەکرێنەوە، کە تارادەیەک بۆتە جێگای نیگەرانی گفتوگۆیان دەربارەکرا، ئەنجوومەنی سەندیکا جەختی لەسەر بانگەوازی رۆژی ٢٠٠٩/٤/٣٠ کرد، کە تێیدا داوای کردبوو پێویستە هەموو لایەک پابەندی ڕێنامییەکانی کۆمیسیۆنی باڵا و داواکاری سەندیکا بن، بە خۆپاراستن لە بەشداریکردن لە نانەوەی پشێوی و نەهێشتنی باری هێمنی، ئەنجوومەنی سەندیکا جارێکی دیکە داوا لەسەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکات، کە تەرەفگیری لایەنێک لەسەر حیسابی بریندارکردن و تۆمەتبارکردنی لایەنێکی دیکە نەکەن و لەهەمان کاتیشدا بڕیاری پێشوو دووبارە کرایەوە، کە لەپاش کۆتایی هاتنی پرۆسەی هەڵبژاردن بە ماوەیەک، ئەنجوومەنی سەندیکا بەیاننامەیەک دەربارەی هەڵمەتی راگەیاندن لە پرۆسەی هەڵبژاردن بڵاودەکاتەوە.

ئەمەو سەرەڕای دەرکردنی هەندێ بڕیار و ڕێنمایی پێویست دەربارەی ئیشوکاری سەندیکایی بۆ لق و نووسینگە و لیژنەکانی سەندیکا.

# ئەنجوومەنی سەندیکا.. بەشداری لە کۆبوونەوەی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن دەکات


کاتژمێر ١٠ لە رۆژی ١٩/ ٢٠٠٩/٧ لە هۆڵی هوتێل شیراتۆن لە شاری هەولێر ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەشداری لە کۆنگرە فراوانەکەی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن کرد، کە تێیدا ژمارەیەک زۆر لە رۆژنامەنووسان و دەزگاکانی میدیا ئامادەبوون، سەرەڕای بەشداری وەزیری ناوەخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش و بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر، کە تێیدا فەرەج حەیدەری سەرۆکی کۆمیسیۆن و خاتوو حەمدییە و ئەیاد ئەللامی و حاکم سەردار ئەندامانی کۆمیسیۆن و باسیان لە پرۆسەی هەڵبژاردن و پڕۆپاگەندە کرد، سەرەڕای بەبیرهێنانەوەی ئەو راستییەی کە پێویستە هەموو لایەنەکان پابەندی رێنماییەکانی کۆمیسیۆنی باڵابن، بەو ئومێدەی پرۆسەی هەڵبژاردن بەوپەڕی هێمنی و سەربەخۆیی بەڕێوەبچێت و ئەرکی سەرەکی دەزگاکانی میدیا و رۆژنامەنووسانیش ئەوەیە کە بەشدارییەکی هێمنانە و راستگۆیانە لەم پرۆسەیەدا بکەن، بە گواستنەوە و بانگەشە کردن بەشێوەیەکی شارستانی.

لە وەڵامی پرسیارێکدا سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵا خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەرامبەر رۆڵی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، رایگەیاند: کەوا هەماهەنگییەکی راستەوخۆ هەیە لەنێوان سەندیکا و کۆمیسیۆنی باڵا.

لەکۆتاییدا ئەندامانی ئەنجوومەن هەر یەکەو دەربارەی مەسەلەیەک کە پەیوەندی بە هەڵبژاردن و راگەیاندنەوە هەبوو، پرسیاری جۆراوجۆریان ئاراستەی کۆمیسیۆنی باڵا کرد، کۆنگرەکەش دوو سەعات و نیوی خایاند.

# لقی دهۆک.. پێکهێنانی لێژنەیەک بۆ بەسەرکردنەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن

بەمەبەستی ئاگاداربوون لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان لە رۆژی (٢٠٠٩/٧/٢٥)، لە سنووری لقی دهۆکی



سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، لیژنەیەک کە لە سکرتێری لق و دوو ئەندامی دەستەی کارگێڕی پێکهاتبوو، سەردانی چەند بنکەیەکی هەڵبژاردنی کرد و لە نزیکەوە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی دەنگدانی بەسەر کردەوە.

هەروەها لیژنەکە چەندین دیداری لەگەڵ کەناڵەکانی راگەیاندن رێکخست و لە کۆتایی سەردانەکانیشدا راپۆرتێکی ئامادەکرد، کە تێیدا رەوشی دیموکراسی و ئازادی دەنگدان و سەقامگیری باری ئەمنی بەرز هەڵسەنگێنرا.

شایانی باسە، لەکاتی ئەنجامدانی ئەم سەردانانە، تێبینی ئەوەکرا کە کەناڵەکانی راگەیاندن بەهەموو جۆرەکانییەوە لەسەرتاسەری جیهاندا، بەشێوەیەکی زۆر رێکوپێک ئەرکەکانیان جێبەجێکرد و هەزارەها راپۆرت و بەرنامە سەبارەت هەڵبژاردنەکان و باش بەڕێوەچوونی پرۆسەکە ئامادەکرا و بڵاوکراوە و پەخشکرا.



# سەرۆکی بەشی دبلۆماسی گشتی تیمی ئەمریکی بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان سەردانی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکات



کاتژمێر ١١:٠٠ی پێش نیوەڕۆی رۆژی ٢٠٠٩/٧/٣٠ بەڕێز **(ئار ماديسيۆن كۆنۆلی)** سەرۆکی بەشی دبلۆماسی گشتی تیمی ئەمریکی بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان سەردانی بارەگای ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی لە شاری هەولێردا کرد، بە گەرمییەوە لەلایەن **(فەرهاد عەونی)** نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و سکرتێرو ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەن پێشوازی لێکرا.

لە دیدارێکدا کە زیاتر لە کاتژمێرێکی خایاند، سەرەتا نەقیبی رۆژنامەنووسان بە دوورو درێژی

باسی لەمێژوو و ڕۆڵ و چالاکییەکانی سەندیکای لە تەواوی بوارەکاندا، بەتایبەتی ڕۆڵی سەندیکا لە داکۆکیکردن لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان کرد و ئاماژەی بەڕۆڵی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان لە سەرخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنی کوردستان دا، هەروەها باسی لە یاسای ژمارە (٣٥)ی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان، کە لە ساڵی ٢٠٠٧ هەموار کرا کە بەزامنکردنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان دادەنرێت، کرد.

لە تەوەرێکی دیکەدا نەقیبی ڕۆژنامەنووسان ئاماژەی بەکارو چالاکییەکانی لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان دا، کە هەر شەش مانگ جارێک ڕاپۆرتێک لەسەر ڕەوشی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان بڵاو دەکاتەوە.

لە بەرانبەردا بەڕێز **(ئار مادیسیون کۆنۆلی)** وێڕای خۆشحاڵی دەربڕینی بەرانبەر کارو چالاکی و ڕۆڵی سەندیکا لە خزمەتکردنی ڕۆژنامەنووسان، باسی پلانی تیمی ئەمریکی لە کوردستان بەتایبەتی لە ساڵی ٢٠٠٧ کرد، کە پەیوەست بووە بە پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان لەبوارە جیاجیاکاندا.

لەکۆتاییدا نەقیبی ڕۆژنامەنووسان ئارمی سەندیکای وەکو دیارییەک پێشکەش بە میوانی ناوبراو کرد.

# جێگری قونسولی گشتی بریتانیا بۆ هەرێمی کوردستان و باکووری عیراق سەردانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەکات



سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٣ بەڕێز خاتوو **((بێڤرلی سمپسۆن))** جێگری قونسولی گشتی بریتانیا بۆ هەرێمی کوردستان و باکووری عێراق سەردانی بارەگای ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی لەشاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستاندا کرد.

بەگەرمیەوە لەلایەن**(فەرهاد عەونی)** نەقیبی ڕۆژنامەنووسان و سکرتێر و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەن پێشوازی لێکرا.

لەدیدارێکدا کە زیاتر لە کاتژمێرێکی خایاند سەرەتا نەقیبی ڕۆژنامەنووسان تیشکی خستەسەر مێژوو و پێکهاتەو چالاکی و ئامانجە سەرەکیەکانی سەندیکا، هەروەها باسی لەلایەنی کارکردنی پیشەیی سەندیکاو ڕاپۆرتی شەش مانگی لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان و یاساکانی پەیوەندیدار بەرۆژنامە و ڕۆژنامەنووسان کرد. بەتایبەتیش یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە(٣٥) کە بەزامنی دەستەبەرکردنی ئازادی ڕۆژنامەنووسان دادەنرێت، هەروەها باسی لە سەر گرنگترین پێداویستیە پیشەییەکانی ڕۆژنامە نووسان لەسەروشیانەوە کردنەوەی خول و ورک شۆپی

پیشەیی بەسەرپەرشتی پسپۆر و شارەزاییان بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی رۆژنامەنووسان کرد، لەبەرامبەردا جێگری قونسوڵی بریتانیا وێرای سوپاس و پێزانینی بۆ ئەو پێشوازییە گەرمە، ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ هەمانگی و هاوکاری لەگەڵ سەندیکا بۆ جێبەجێ کردنی پلانی سەندیکا لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی رۆژنامەنووسان و داوای لەسەندیکا کرد کەبەشێوەیەکی فەرمی داخوازی و پێشنیارەکان بەرزبکەنەوە بۆ دراسەکردن و جێبەجێ کردنی لەرێگەی دەزگا پەیوەندیدارەکان لە داهاتوودا.

## سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا سەردانی بارەگای (IFJ) دەکات

لە رۆژی (٢٠٠٩/٨/٤) رۆژنامەنووس شێرکۆ حەبیب سکرتێری نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، سەردانی بارەگای فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان (IFJ) لە برۆکسلی پایتەختی وڵاتی بەلجیکا کرد.

لە دیدارێکدا لەگەڵ مونیر زەعرور و خاتوو سارا بوشتوب باس لە مەسەلە پەیوەندیدارەکان بە سەندیکاوە کرا.

لە میانیاندا کردنەوەی دوو خول بۆ ئەندامانی ئەنجوومەن و سەرنووسەرەکان دەربارەی میساقی شەرەفی رۆژنامەنووسی. هەروەها دیدارێک لەگەڵ کریستیان دینز سکرتێری جێبەجێکاری (IFJ) سازکرا و سەبارەت بە کۆنگرەی داهاتووی فیدراسیۆن کە لە ئیسپانیا دەبەسترێت. گفتوگۆکرا.

## شاندی رۆژنامەنووسانی مێیینە سەردانی سەرجەم دام و دەزگاکانی راگەیاندنی شاری دهۆک دەکات



لەرۆژی ٢٠٠٩/٨/٩ بە مەبەستی زیاتر ئاشنابوون بە رەوشی رۆژنامەنووسانی مێیینە، لێژنەی رۆژنامەنووسانی مێیینە لەسەندیکای رۆژنامەنووسان، سەردانی ژمارەیەک دام و دەزگای راگەیاندنی لەپارێزگای دهۆک کرد وەکو: رادیۆی دهۆک، رۆژنامەی ئەڤرۆ، رادیۆی بادینان و رادیۆی یەکگرتوو.

شاندەکە لە سکرتێری لێژنە حەسیبە ئیبراهیم بابۆڵی و ژمارەیەک لە ئەندامانی لێژنەی هەولێرو دهۆک پێکهاتبوو، لەم سەردانەدا باس لە رۆڵی رۆژنامەنووسانی مێیینەو کاروچالاکییەکانیان کراو باس لە بەرنامەی داهاتووی لێژنەی رۆژنامەنووسانی مێیینە کرا.

# مستەفا ساڵح کەریم: دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵی هاوڕێم نازیشی هەیە و بازیشی هەیە..!!

**بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆشنبیران و نووسەران و کەسایەتی سیاسی، لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/١) لە هۆڵی ئازادی لە بارەگای مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستان، لە ڕێوڕەسمێکی شکۆداردا لەلایەن حیزبی شیوعی کوردستانەوە ڕێز لە پرۆفیسۆر د. عیزەدین مستەفا ڕەسول نراو مەدالیای زێڕینی پێ بەخشرا، دوای خوێندنەوەی چەندین گوتار فیلمێکی دیکۆمێنتی لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی دکتۆری ئەدیب و نووسەرو ڕۆژنامەنووس نمایش کرا.. هەروەها بەڕێز مستەفا ساڵح کەریم جێگری نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەناوی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە گوتەیەکی پێشکەشکرد، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:**



**ئامادەبووانی بەڕێز**
**ئەم کاتەتان شاد**

بەناوی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە و بەناوی سەدان ڕۆژنامەنووسی دڵسۆزی خەمخۆرەوە، بەخێرهاتنی هەمووانتان دەکەین و دەستخۆشیش لە حزبی شیوعی کوردستان دەکەین بۆ ئەم دەستپێشخەرییەی کردی بۆ ڕێزلێنان لە ئەدیبان و نووسەران لە ژیانی خۆیاندا.

سەرەتا بە شاعیری شۆڕشگێڕ ئەحمەد دڵزار و دواتر بە ئەدیبی گەورە مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم دەستی پێ کرد کە ئێستا باری تەندروستی نالەبارە و لە جێگادا کەوتووە هەموانمان بە پەرۆشەوە هیوای لەشساغی و چاکبوونەوەی بۆ دەخوازین و ئێستاش شۆڕەسوارێکی دیکە بمواری ئەدەب و خەبات و فیکر دەستەگوڵی ئەمجارەیە بۆ ڕێزلێنان، ئەویش برای ئازیزم پرۆفیسۆر دکتۆر عزەددین مستەفا ڕەسووڵە کە جێی شانازیمانە بڵێین: یەکێکە لە ئەندامە کاراکانی سەندیکاکەمان/ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.



بەڕێزان . سڵاوتان لێ بێ لە ماڵە ئاوەدانەکەی حزبی شیوعی. سڵاو لە هاوڕێیان و دۆستان و خۆشەویستانی ئەدیب و لێکۆڵەرەوە و توێژەر و نووسەر و تێکۆشەر و پەرلەمانتار و ئەکادیمی و ڕۆژنامەنووس پرۆفیسۆر د. عزەددین مستەفا ڕەسووڵ.

سڵاوی ڕۆژنامەنووسان و نووسەران لە کاکە

عیزەددینی هاوڕێم وەک مرۆڤ وەک ڕووناکبیر وەک تێکۆشەر، وەک نووسەرێکی دەرکەوتووی هەڵکەوتووی گەلەکەمان. سڵاو لەو باڵا بەرزەی تەلاری ئەدەبی کوردی، کە ئەم ساڵ هاوکات لەگەڵ تەمەنی حزبی شیوعی عیراقدا ٧٥ مۆمیش بۆ دکتۆری هاوڕێمان داگیرساند و هیوای تەمەن درێژی بۆ دەخوازین.

ئامادەبووانی ئاهەنگی ڕێزلێنانی د. عزەددین

من لێرەدا دەبینم ئەرکم زۆر گرانە، ئاسان نییە بتوانم ڕێڕەوی ژیانی هاوبەشمان کە دەکاتە ٦٣ ساڵ لێرەدا چڕ بکەمەوە و پێشکەش بە ئێوەی بەڕێزی بکەم، چونکە د. عزەددین یەکێکە لەو کەسە دەگمەنانەی لە گەلێک بواردا ئەسپی خۆی سەرکەوتووانە تاوداوە و لە هەریەکەشیاندا جێ دەستی دیاربووە، بێ گومان ئەم هەموو ساڵانە هەوراز و نشێویشی تێدابووە، چونکە دکتۆری هاوڕێم نازیشی هەیە و بازیشی هەیە، کە میزاجی باش بێ دانیشتنی خۆشە، قسەی خۆش و مزری لایە، بەڵام گلەیی و گازندەشی هەیە. عیزەددینی مەلا مستەفا لە گەڕەکی دەرگەزێنەوە لە شاری سلێمانی بۆ قوتابخانەی غازی و پاشان فەیسەڵییە و لەوێوە بۆ تاقە سانەوییەکەی سلێمانی کە هەر لەوێش بووینە هاوڕێ، قوتابییەکی بچکۆلەی ژیکەڵەی زیرەک کە لەگەڵ تێکۆشەری ناسراو خوالێخۆشبوو **(محەمەد کەریم فەتحوڵا)**دا سێ قۆڵییەکی زۆر دیاربووین، پاش دەرچوونی لە پۆلی سێیەمی ناوەندی بەرەو کۆلێژی شەریعە و جبە و عەمامە و تەربوش. بچووکترین فێست لەسەری شەریعە بوو هەر لەوێش ڕێبازی شیوعییەتی هەڵبژارد و لەژێر جبەکەیدا چەندین بڵاوکراوەی سیاسی تێدا حەشار دەدا. بەر لەوەی فەصڵ بکرێ، گەڕایەوە سلێمانی و ئامادەیی تەواو کرد و بەرەو **(دار ئەلموعەلیمینی عالی)** بە ڕێکەوت لەوێش فەصڵ کرا هاتەوە سلێمانی و کرا بە مامۆستا لە قەڵادزێ، لەدواییدا گوێزرایەوە بۆ سلێمانی و پاشان چووەوە بۆ **(دار ئەلموعەلیمینی عالی)** و ئەمجارەش تەنگی پێ هەڵچنرا و ڕێگای شامی گرتە بەر و لەگەڵ پەنابەرە سیاسییەکانی عیراقدا تێکەڵاوی پەیدا کرد لەوێش نامە لە نێومانا هەبوو، جار جارە هانیشی ئەدام کە منیش ڕووبکەمە شام، بەڵام ئەو خواستە نەهاتە دی، دوای شۆڕشی چواردەی تەمووز گەڕایەوە عیراق و دوا ساڵی **(دار المعلمین)**ی تەواو کرد و بە مامۆستا لە **(ئیعدادیەی مەرکەزی)** دامەزرا پاشان تەنسیب کرا لە دیراسەی کوردی تا ئەو





کاتەی لەگەڵ دەستەیەکی هەڵبژێرراودا بۆ یەکەم جار نێرران بۆ وڵاتی سۆڤیاتی ئەوسا لەوێ لە باکۆ خوێندنی باڵای تەواو کرد و بڕوانامەی دکتۆرای بە دەست هێنا دوای ساڵانێک بە ڕێگای سەختدا گەڕایەوە سلێمانی.

لەگەڵ ئەم دکتۆرەی حازریدا لە زۆر شتدا یەکمان دەگرتەوە، بەڵام دەمەوێ بڵێم لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا زۆر زووتر لە من لەو دەرگایەی دا، ساڵی ١٩٥٢ بە بڕیاری خوالێخۆشبوو نیشتمانپەروەری گەورە **(کامل ئەلچادرچی)** کاک عزەددین بوو بە هەواڵبەری ڕۆژنامەی **(ئەهالی)**، لە بواری نووسینیشدا ساڵانێک پێش من کەوتە نووسین لە ڕۆژنامەی **(ژین)**دا بەناوی **(ز)** و بەناوی هاوار مستەفا دەینووسی، لەبیرمە کە وتارێکی بڵاودەبۆوە بە خۆشییەوە خێرا خۆی ئەگەیاندمێ و دەیگوت: خوێندتەوە چەند جار ناوی **(کوردستان)**م هێنابوو، بۆیە ئەمەی زۆر بەلاوە خۆشبوو چونکە ئەوکاتە وشەی **(کوردستان)** بقەبوو، لەبەر ئەوە خۆش بوو کە ئەو ناوە بخرێتە رستەوە و تێپەڕێنرێ بەڵام لە سیاسەتدا لە یەک کاتدا ڕێکخراین، لە دوو ڕێکخراوی جیاوازدا ئەو لە پارتی دیموکراتی کورد و من لە حزبی شیوعی عیراقدا.

لە گرتنیشیدا بۆ یەکەمین جار هەر پێکەوە بووین لە مەوقیفی گشتی بەغدا یەکمان گرتەوە لە هاوڕێیانی ئەو وێزگەیەمان هاوڕێ کەریم ئەحمەد و کاک د. کەمال فوئاد و ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەرانی ئەو سەردەمە بوون، ڕۆمانسییانە وتەکەی مەکسیم گۆرکی دەوتەوە: "بەندیخانە وێزگەیەکی حەوانەوەیە لە سەفەری ژیاندا".

لە دوای گەڕانەوەی بۆ بەغدا وەک ئەکادیمییەکی شارەزا لە بواری پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەی نوێ، لە بواری نووسین و لێکۆڵینەوە و بەرهەمی بە برشت و بەپێز، لە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی یەکێتی نووسەرانی کورددا و لە بەشداری کردنی دیاری لە میهرەجانی شیعری کوردی لە کەرکووک و لە سلێمانی و دیداری چیرۆکی کوردی لە سەری ڕەش و لە هەولێر، هەروا لە کۆنگرەکانی یەکێتی نوسەرانی کورددا، هەمیشە د. عزەددین دەستەگوڵی ئەم کۆڕ و دیدار و کۆنگرانە بوو.

**بەڕێزان:**

خوێندکارە فێست لەسەرکەی شەریعە، کە چووە ریزی حزبی شیوعی عیراقییەوە چالاکانە ئەرکەکانی رادەپەڕاند، چ لە بەغدا و چ لە سلێمانی، ڕۆژێ لەڕۆژە ساردەکانی سلێمانی کە بەفر گوێژەی دادەپۆشی و شارەکەم پیرەمێرد وتەنی بە وێنەی بەلقیس تارای دەپۆشی. کاکە

عزەددین وەک هەموو تێکۆشەرانی شار دەکەوتە ئەم ماڵ و ئەو ماڵ بۆ دابەشکردنی بڵاوکراوە و گەیاندنی پەیام و ئامادەبوونی کۆنگرە نهێنییەکان . رۆژانی دەوری تێکۆشانی رۆمانسی بۆ ئێمەی لاو ئەوسا رۆژانێک بوون هەرگیز لەبیر ناچنەوە و یادەوەرە ترش و شیرینەکانی هەمیشە تاموچێژی خۆیان هەیە.

لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم ئەو دەستپێشخەرییەی لە سلێمانی رێکخراوی ئیبراهیم ئەحمەد و پاشان بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ کردیان بۆ رێز لێنان لە ئەدیبان و هونەرمەندان لە ژیانی خۆیاندا و ئەوەی حزبی شیوعی کوردستان بۆ سێیەمین جار دەیکات مایەی دڵخۆشی و دەستخۆشییە، رێز گرتن لە پیاوێک کە هەڵبگرن، رێزگرتنە لە تێکۆشانییان، لە قوربانیدانیان، لە شەونخوونیان، لە خودی کەسایەتی خۆیان.

تۆش کاکی رێز گیراو . برا و هاورێم د. عزەددین خاوەنی پتر لە ٨٠ بەرهەمی ئەدەبی و کەلتووری و سامانی نەتەوەیی، پیرۆزت بێ ئەم رێزلێنانە و ئەم قەدر و حورمەتە و تەمەنت درێژ بێ و قەڵەمی بە برشتت هەر بەردەوام بێ بۆ خزمەتی نەتەوەکەت و بەردەوام بێ لە دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی کوردیی و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانیش شادمانە بەو رێزلێنان لە یەکێ لە ئەندامە ناسراوەکانی.

سڵاوی گەرموگوڕ بۆ ئەو حزبە تێکۆشەرەی کوڕە بە ئەمەکەکەی خۆی لە یاد ناکات.

سڵاو لەو قوتابخانە رۆژنامەنووسییە گەورەیەی کە فەهد و صارم و حازم دایانمەزراند و سەلام عادل و نافع یونس و جەمال حەیدەری و ئەبو سەعید و عەدنان براک و ئەبو سامان و دەیان کادری تێکۆشەری تر گەشەیان پێدا.

ئێوەش بەڕێزانی ئامادەبووی ئەم ئاهەنگە هەر شاد و سەرفراز و سەرکەوتوو بن

**مستەفا ساڵح کەریم**
**جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان**

هەولێر ... کتێب

# ڕاپۆرتی سێیەمی
# سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان
# لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسیی و مافی ڕۆژنامەنووسان

١- پێشەکی.
٢- گرتنی ڕۆژنامەنووسان.
٣- پێشێلکارییەکان.
٤- سزادان.
٥- تیرۆرکردن
٦- داوا یاساییەکان.
٧- ناڕەزایی و نووسراوەکانی سەندیکا بۆ لایەنی پەیوەندیدار.
٨- بەدواداچوون.

هوالنامی کتب

# راپۆرتی سێیەمی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
# لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان

**پێشەکی**

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان یاسای کاری رۆژنامەگەری لە کوردستان ژمارە (٣٥) بەیاسایەکی باش و پێشکەوتوو هەڵسەنگاندووە، قەناعەتی پتەوی بەوە هەبووە کە ئەو یاسایە لەم قۆناغە سیاسی و مێژووییەی ئێستا ئەگەر لەسەر زەمین و لەنێو کایە جۆربەجۆرەکانی واقعی سیاسی و یاساییدا جێ بەجێ بکرێت، دەبێتە ژێرخانی بەرەو پێشەوەچوونی بزووتنەوەی رۆژنامەگەری و پاڵپشت و هاندانێکی بەهێز بۆگەشە پێدانی خەباتی دیموکراسیانە و مەدەنیانە لە پێناو چەسپاندی ئازادی رۆژنامەگەری و دەستەبەرکردنی ماف و گوزەرانی رۆژنامەنووسان لەکوردستان، کە ئەوەش دروشمی ناوەندی سەندیکای رۆژنامەنووسانە و ئامادەکردنی ئەو یاسایەش لەسەرەتادا وەکو پرۆژە لەلایەن ئەنجوومەنی سەندیکا هەر لەم پێناوەدا بووە، بەڵام دیسان بەنیگەرانی و دڵگرانییەوە ئەوەی لەراپۆرتی نیوەی دووەمی ساڵی رابردوو لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی بڵاویکردەوە ئێستاش لیژنەکەمان بەناچاری جارێکیتر جەختی لەسەر ئەو بڵاوکردنەوەی دەکاتەوە، کەوا هەندێک لەبەرپرسە یاسایی و سیاسی و حکومییەکان بەپێچەوانەی ئەو یاسایە رەفتار و هەڵسوکەوت لەگەڵ رۆژنامەنووسان دەکەن. ئەمەش بۆتە مایەی چارەسەرنەکردنی ئەو کێشە و گرفتانەی کە یاسای رۆژنامەگەری لە پێناویدا هاتۆتە ئاراوە، چونکە تاکو ئێستا حاڵەتی لێدان و هەڕەشەی جۆراوجۆراو گرتن و چەندین پێشێلکاری تری لێرەو لەوێ لای هەندێک لەبەرپرسانی ئیداری و حزبی لەدژی رۆژنامەنووسان پیادە دەکرێن، کە هەموو ئەوانەش پێچەوانەی یاسای رۆژنامەگەرین. دیارە ئەوەی لەوەش زیاتر نیگەرانییەکەی قوڵتر کردۆتەوە ئەوەیە کەلیژنەی داکۆکی کردن لە ئازادی رۆژنامەنووس و مافی رۆژنامەنووسان هەموو جارێک هەرجۆرە پێشێلکاریەک لە بەرامبەر رۆژنامەنووس کرابێت راستەوخۆ و بەشێوەیەکی رەسمی لایەنی پەیوەندیداری لێ ئاگادار کردۆتەوە و بەوردی بە بەڵگەوە جۆری پێشێلکارییەکانی بۆ خستوونەتەڕوو، بەڵام ئەوان تاک و تەرانەبێت وەڵامی لیژنەکەمانیان نەداوەتەوە. هەڵبەت پابەند نەبوون و جێ بەجێ نەکردنی یاسای رۆژنامەگەری مەترسیەکەی هەر لەوەدانییە کەدەبێتە مایەی درێژەپێدانی پێشێلکاری لەبەرامبەر رۆژنامەنووسان، بەڵکو لەوەشدایە کەخودی یاسا خۆی لە کوردستان دەخاتە بەردەم گومان و چارەنووسێکی نادیار، ئێمە لەم بارەیەوە چەند خاڵێک دەخەینە روو.

١- لەکاتی ئەنجامدانی کۆمەڵێک چالاکی

مەیدانی و سەردانی ڕاستەوخۆ و دیدار و کۆبوونەوەی جۆراوجۆر کە نەقیب و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا و لیژنەکەمان ئەنجامیاندا و بۆمان بەدیار کەوت. کە هەندێک لە دادوەرانی کوردستان یاسای ڕۆژنامەگەرییان پێنەگەیشتووە و هەندێکیشیان سەرسوڕمانی خۆیان هەر لەبوونی ئەو یاسایە نیشاندا.

٢- هەندێک دادوەر و بەرپرسی ئیداری و حزبی هەبووە بە لیژنەکەمانی ڕاگەیاندووە کە ئێمە حیساب بۆ ئەو یاسایە ناکەین.

٣- وەک لەراپۆرتەکەشمان ئاماژەمان پێ کردووە تاکو ئێستا لای هەندێک بەرپرس و لێرە و لەوێ حاڵەتی لێدان و توندوتیژی بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان بوونی هەیە.

٤-ئەو نووسراوانەی کە دادگاکانی هەرێمی کوردستان و بنکەکانی بەشێکی ئاسایش و پۆلیس وەکو ئاگاداری بۆ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەنێرن لەسەر تۆمەتبارکردنی ڕۆژنامەنووسان و لێکۆڵینەوەو دادگایی کردنی ڕۆژنامەنووسان، بەپێی یاسای سزاکانی عیراقی ژمارە (١١١)یە، بۆ نموونە لەنووسراوەکانیان پێمان دەڵێن فلانە ڕۆژنامەنووس تۆمەتبارە بە پێی ماددەی (٤٣٣) لەیاسای سزاکان، لەم بارەیەوە چەندین بەڵگەمان لایە.

٥- سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری تاکو ئێستاش بەپێی پێویست نییەو ئەگەر هەشبێت شەفاف نییە. بۆ نموونە بەشێکی بەرچاو لە بنکەی ئیداریی و حکومی ئامادەنیین هەواڵ و زانیاری لەبارەی کێشە و گرفت و ڕووداوەکان بدەن بەرۆژنامەنووسان.

بە پێویستی دەزانین وەکو چۆن بە بەڵگەوە ئاماژەمان بە هەموو ئەو پێشێلکاریانە کردووە کەبەرامبەر ڕۆژنامەنووسان کراون، ئاواش ئاماژە بەهەندێک پێشێلکاری بکەین کە هەندێک ڕۆژنامەنووس لەبەرامبەر یاسای ڕۆژنامەگەری کردوویانە، ئەمەی خوارەوەش چەند نموونەیەکن لەو پێشێلکارییانە:

١- (لەماددەی شەشەم)ی یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا هاتووە: (ئەگەر ڕۆژنامە زانیاری نادروستی بڵاوکردەوە ئەوا ئەوکەسەی کەبابەتە بڵاوکراوەکەی پێ پەیوەستە یاخود یەکێک لەمیراتگرانی یان ئەوەی لە ڕووی یاساییەوە جێگرییەتی بۆی هەیە داوای ڕاستکردنەوەی بکاو وەڵامی هەواڵ یان وتارەکەی بداتەوە. پێویستە سەرنووسەریش ڕاستکردنەوە، یاخود وەڵامدانەوەکە لە یەکێک لەدوو ژمارەی دوای گەیشتنی وەڵامەکە لەهەمان جێ و بەهەمان پیت و هەمان ئەو قەبارەیەی کە پێی بڵاو کراوەتەوە بڵاو بکاتەوەو بەڵام بەداخەوە هەندێک لە سەرنووسەر و بەرپرسی ڕۆژنامەکان پابەندی ئەو بڕگەیە نابن و پێشێلی دەکەن. چونکە زۆرجار هاووڵاتیان و ئەوانەی کە هەواڵ و نووسینی نادروستیان لەسەر بڵاو کراوەتەوە، وەڵامەکانیان بۆ بڵاوناکرێتەوە و یاخو ئەگەر بلاویش بکرێتەوە لە شوێنێکی دیکە دایە، کە پێی دەڵێن گۆشەی مردوو، کەئەویش کەمترین کەس دەیبینێت کە ئەمەش پێشێلکردنێکی ڕاستەوخۆی ماددەی شەشی یاسای ڕۆژنامەگەرییە، کە لەم بارەیەوە بەڵگەی زۆرمان لایەو لەداهاتووشدا ئەگەر ئەو حاڵەتە بەردەوام بێت ئاماژە بەناوەکانیان دەکەین.

٢- ئەمڕۆ حاڵەتێک هاتۆتە نێو کایەی ڕۆژنامەنووسی ئێمە ئەویش تۆمەتبارکردنی یەکترە بەخیانەتکار، ناوو ناتۆرەیە بەرامبەر یەکتری واتا کۆمەڵێک ڕۆژنامەو ناوەندی ڕۆژنامەوانی بەجۆرێک لەسەر یەکتر دەنووسن و ناوی یەکتر دەهێنن کەدوورە نەک هەر لەیاسای ڕۆژنامەگەری، بەڵکو دوورە لەئاکارو ڕەفتاری ژیانی خەڵکی ئاسایی. کەئەمەش درزێکی خستۆتە نێوریزەکانی ڕۆژنامەنووسان ئەگەر کاربەم شێوەیە بڕوات دوورنییە کەپێگەی مەعنەوی

رۆژنامەنووسان لاوازبکات.

٣- هەندێک رۆژنامەنووس لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و نووسینەکانیاندا دەست دەخەنە نێو ژیانی تایبەتی هاووڵاتیان و بەجۆرێک ناوەرۆکی هەواڵ و نووسینەکانیان دادەرێژن کە سەرەئەنجام دەبێتە مایەی لەکەدارکردنی هاووڵاتیان و شکاندنی کەسایەتی کۆمەڵایەتی و مەعنەوییان. بەبەڵگە لامانە کە هەندیک جار هەواڵ و نووسینی رۆژنامەوانی بۆتە مایە و هۆکاری هەرەشەی جدی لەسەر ژیانی هاووڵاتیان و زۆرجاریش بەتێکدانی شیرازەی خێزان تەواو بووە، ئەمەش پێشێلکردنێکی راستەوخۆی برگەی (٤)ـە، لە ماددەی نۆیەمی یاسای رۆژنامەگەری.

٤- هەواڵی ناراست و نەبوونی سەرچاوەی باوەڕ پێکراوی هەواڵ و رووداوی بەڵگەدار، بەشێکیترە لە کەلتوری رۆژنامەگەری بۆ نموونە ئێمە هەفتانە هەندێک رۆژنامەو گۆڤار بەدی دەکەین کەهەواڵێک بڵاودەکەنەوە کەچی رۆژی دواتر بە بەڵگە و زانیاری راست و باوەرپێکراو ناراستی هەواڵەکە سەلمێنراوەو کەچی رۆژنامەکە نەک داوای لێبووردنی لە لایەنی پەیوەندیدار نەکردووە، بەڵکو بەجۆرێک خۆی لەو مەسەلەیە نەبان کردووە کەوەک بڵێی ئەو خاوەنی هەڵەو ناراستی هەواڵەکە نەبووە. لەکاتێکدا لەبرگەی سێیەمی بەڵێننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان هاتووە (**رۆژنامەنووس هەواڵەکان تەنها بەپێی ئەو راستیانە بڵاودەکاتەوە کە سەرچاوەکانیان دەزانێت و هیچ زانیارییەکی گرنگیش ناشارێتەوە، یاخود بەڵگەنامە ساختە ناکات**).

٥- دیارە لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە دوو راپۆرتیساڵی رابردوویدا ئاماژەی بەوەکردووە، کەیاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان تەنها بۆ ئەوەنییە، کەرێگا نەدات دەزگا حکومییەکان مافی رۆژنامەنووسان پێشێل بکەن و رێگایی ئەنجامدانی کاری رۆژنامەنووسیان لێ بگرن، بەڵکو گرنگی و بەهای یاساکە لەوەشدایە کە دەسەڵات و سنووری کارکردنی رۆژنامەنووسیش بە کۆمەڵێک مادده و رێسا پانتایی و سنووری ئازادییەکەی دیاری دەکات. بۆیەش وەکو چۆن گرنگە و ئەرکی سەر شانی بەرپرسە سیاسی و ئیدارییەکانە کە رێز لە یاساکە بگرن و پێیەوە پابەندبن، ئاواش ئەرکی سەرشانی رۆژنامەنووسانیشە پابەندبن بە سەرجەم ماددەو برگەکانی یاساکە، چونکە بەپێی هەموو یاسا و رێسا جیهانییەکانی تایبەت بەو پرسە، گرنگی و پێگەی مەعنەوی کەسایەتی رۆژنامەنووس چەند لە نێو پانتاییەکانی کاری رۆژنامەوانیە ئەوەندەش لەوەدایە کە پابەندبێت بەو یاسایەی کاروبارەکانی ئەو رێک دەخات.

٦- خاڵێکی دیکەی گرنگ هەیە کە بە پێویستی دەزانین ئاماژەی پێ بکەین، ئەویش خۆی لەچوارچێوەی ئەو هەواڵ و رووداوانە دەبینێتەوە کەوا هەندێ رۆژنامەنووس کاتێ تووشی کێشەیەک دەبن راستەوخۆ ئەم هەواڵە یاخود رووداوەکە بەزانیاری زیاترەوە لەرێگای ئینتەرنێتەوە ئاراستەی چەندین رێکخراوی جۆراوجۆر دەکەن، پێش ئەوەی ئەو زانیارییانە بدەنە لیژنەی داکۆکیکردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، کە زۆرجار سەندیکا لەرێگای ئەو رێکخراوانە ئاگاداری کێشەکان دەبێت، ئێمە وەکو لیژنەی داکۆکی بۆ سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستانی رادەگەیەنین ئەگەر هات و رۆژنامەنووسان تووشی هەر کێشەیەک بن پێویستە راستەوخۆ ئاگاداری لیژنەی داکۆکی بکەنەوە، چونکە دەتوانن راستەوخۆ بەرەنگاری کێشەکان ببنەوەو بچنە ناو خودی رووداوەکان و بەهێزو پێگەی مەعنەوی چارەسەریان بکات و لەکاتی

پێویستیشدا پارێزەری تایبەت بۆ کێشەکە دەستنیشان بکات، بۆیە لێژنەی داکۆکی جارێکی دیکە داوا لە ڕۆژنامەنووسان دەکات بەتایبەتی ئەندامانی سەندیکا، کە ڕاستەوخۆ کێشەکانیان ڕووبەڕووی سەندیکا بکەنەوە، چونکە ڕێکخراوە بیانییەکان تەنیا لە دوورەوە، بێ ئاگاداری بەلای کێشەکاندا دەڕۆن، بەپێچەوانەی سەندیکا کە لەساتی یەکەمەوە تێکەڵاو بەکێشەکان دەبێت، تاکو کۆتاییش لەگەڵیدا دەبێت، ئینجا لەکۆتاییشدا لەراپۆرتی شەش مانگی خۆی بەدرێژی باسی لێوە دەکات.

٧- دوای ئەوەی لە ٢٠٠٩/٤/١٨ ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، سیمینارێکی فراوانی لەبارەی چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاسای ڕۆژنامەگەری بۆ ژمارەیەک پەرلەمانتارو دادوەرو بەرپرسانی وەزارەتی ناوخۆ سازکرد، تاڕادەیەک جۆرە گۆڕانێکی ئیجابی لە هەڵوێستی لایەنە بەرپرسەکان بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان بەدی دەکرێت، بۆ نموونە لە مانگی ڕابردوو ئاسایشی سلێمانی دەرگای زیندانی بەرووی ڕۆژنامەنووساندا کردەوە، هەروەها دوازدە داوای ڕەسمیشی کە لەسەر ڕۆژنامەنووسان تۆمارکرابوو، لەبەرژەوەندی ڕۆژنامەنووسان بەتاڵ کردەوە.

## گرتنی ڕۆژنامەنووسان

١- ڕۆژی ٢٠٠٩/١/٧ ڕۆژنامەنووس **(جاسم محمد حسن)** ئەندامی کارای سەندیکاو بەرپرسی ڕاگەیاندنی مەڵبەندی زاخۆی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بەبڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوەی زاخۆ بۆ ماوەی شەش ڕۆژ زیندانی کرا بەپێی ماددەی (٢٤٠)ی یاسای سزاکانی عیراقی، بە پێی وتەکانی دادوەری زاخۆ ئەمەش لەدەرئەنجامی ئەوە هاتووە کەمەڵبەندی یەکگرتوو بۆ ماوەی دوو کاتژمێر پەخشی تەلەفزیۆنەکەیان بڵاوکردبۆوە، بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی یاسایی، دیارە ئەوەش گوازرشت لەوە دەکات کە نەبوونی یاسایەک بۆ ڕێکخستن و دامەزراندنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کێشەی ئاوای لێ دەکەوێتەوە، دوای ئەوە لقی دهۆکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەندامی لێژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی بۆ ئەم مەبەستە چەندین سەردان و پەیوەندی لەگەڵ لایەنە بەرپرسەکان ئەنجامداو پارێزەریشیان بۆ گرت، دواتر دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی زاخۆ لە ٢٠٠٩/٥/٣ لەبەرژەوەندی ڕۆژنامەنووس **(جاسم محمد)** دۆسییەی کێشەکەی کۆتایی پێ هێنا.

٢- ڕۆژی ٢٠٠٩/١/١٠ بەهۆی نووسینێک لە هەردوو سایتی کوردستان پۆست و سەربەخۆی کوردستان، لەلایەن لق و ناوچەی هەڵەبجەی پارتی دیموکراتی کوردستان داوای یاسایی لەسەر ڕۆژنامەنووس **(ناسیح عبدالرحیم)** تۆمارکرا دواجار دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی هەڵەبجە بەپێی یاسای سزاکانی عیراقی بڕیاری دەستگیرکردنی ئەو ڕۆژنامەنووسەی بۆ ماوەی چوار ڕۆژدا، بەڵام دوای ڕۆژێک مانەوە لە گرتووخانە بەهەوڵ و بەدواداچوون و کۆششی ئەندامی لێژنەی داکۆکی کردن لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان و ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکا ئەو ڕۆژنامەنووسە بە کەفالەتی بڕێک پارە تاکو ڕۆژی دادگایی کردنی ئازادکرا.

٣- ڕۆژی ٢٠٠٩/١/١٠ بەهۆی بڵاوکردنەوەی بابەتێک لە گۆڤاری ڕێگا سەرۆکی شارەوانی حاجیاوا داوایەکی یاسایی لەسەر ڕۆژنامەنووس **(سۆران عومەر)** تۆمار کرد دواتر لەسەر داوای پۆلیسی سەرای سلێمانی هەرلەسەر ئەو کێشەیە دەستگیرکراو ڕەوانەی ڕانیە کرا. دوای یەک شەو مانەوە لە ماڵی قایمقامی ڕانیە بەهەوڵ و بەدواداچوون و

پەیوەندیکردنی نەقیبی رۆژنامەنووسان و جێگری نەقیب و ئەندامێکی ئەنجوومەنی سەندیکا ئەو رۆژنامەنووسە ئازاد کرا.

٤- رۆژی ٢٠٠٩/١/٢٨ پۆلیسی کەلار بەهۆی تۆمارکردنی سێ سکاڵای یاسایی لەسەر رۆژنامەنووس **(کاوە گەرمیانی)** بۆ ماوەی شەش رۆژ دەستگیرکرد، دادگایی کردنی ئەو رۆژنامەنووسە بەپێی ماددەی (٤٣٣) لەیاسای سزاکانی عیراقی بوو، بەر لەوەی ئەو رۆژنامەنووسە دەستگیر بکرێت، بە بەرچاوی خەڵک کەلەپچەیان خستووەتە دەست، ئەمەش لادانە لەیاسا چونکە، ئەوکاتەی ئەو سزایە بەسەر ئەو رۆژنامەنووسەدا سەپێنرا یاسای رۆژنامەگەری لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووبوو.

٥- رۆژی ٢٠٠٩/٢/١٦ رۆژنامەنووس **(ئاکۆ شوانی)** پەیامنێری هەفتەنامەی ئاوێنە دوای سوکایەتی پێ کردن و رێگاگرتن لێی لەئەنجامدانی کاری رۆژنامەنووسی بۆ ماوەی (٥) کاتژمێر دەخرێتە گرتووخانەی شارۆچکەی چەمچەماڵ.

٦- رۆژی ٢٠٠٩/٢/٢٦ رۆژنامەنووس **(جاسم محمد حسن)** بەبریاری دادگای لێکۆڵینەوەی زاخۆ بەپێی ماددەی (٢١١) لەیاسای سزاکانی عیراقی بۆماوەی سێ رۆژ دەستگیرکرا، بیانووی ئەو بریارە واتا دەستگیرکردنی ئەو رۆژنامەنووسە ئەوەبوو کەلەهەفتەنامەی ئاوێنە دیدارێکی لەگەڵ کراوەو دیارە ئەوەش لەکاتێکدابووە کە یاسای رۆژنامەگەری چووبووە واری کردارییەوە، بۆیە بریارەکەی دادوەری زاخۆ پێچەوانەی یاسابوو، ئەندامی لیژنەی داکۆکی کردن لەئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان و ئەندامێکی ئەنجوومەی سەندیکا بۆ ئەم مەبەستە چەندین سەردان و دیداری لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەنجام داو سەرەنجام لەرۆژی ٢٠٠٩/٣/١ ئەو رۆژنامەنووسە بەکەفالەت ئازادکرا، دواتر رۆژی ٢٠٠٩/٣/٧ شاندێکی سەندیکا کەپێکهاتبوو لە **(فەرهاد عەونی)** نەقیبی رۆژنامەنووسان و **(حامد محەمەد عەلی)** سکرتێری سەندیکاو **(زیرەک کەمال)** سکرتێری لیژنەی داکۆکیکردن، بەهجەت هروری ئەندامی لیژنەی داکۆکی سەردانی رۆژنامەنووس **(جاسم محمد)یان** کردو نیگەرانی سەندیکایان لەبەرامبەر دەستگیرکردنەکەی راگەیاند، جێی باسە لیژنەی داکۆکی پارێزەریان بۆ ئەو رۆژنامەنووسە گرت و پێداویستی ماددی و مەعنەویشیان بۆ دابین کرد، دواتریش دادگای تێهەڵچوونەوەی لە رۆژی ٢٠٠٩/٥/٤ دۆسییەی کێشەکەی لەبەرژەوەندی رۆژنامەنووسەکە داخست.

٧. رۆژی ٢٠٠٩/٣/٣١ بەپێی ماددەی (٤٣٣) لەیاسای سزاکانی عیراقی و بەبریاری دادگای لێکۆڵینەوەی دهۆک رۆژنامەنووس**(لەزگین جوقی)** لەشاری دهۆک بۆماوەی شەوێک دەستگیرکرا، دەستگیرکرنی ئەو رۆژنامەنووسە بەهۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵێک بوو لە ئاکانیوز ئەمەش لەدەرئەنجامی ئەوەوە بووە کە ئەفسەرێکی پۆلیس داوای لەسەر هەردوو رۆژنامەنووس **(لەزگین جوقی)** و بەرپرسی ئاکانیوز **(سەباح ئەتروشی)** تۆمارکردبوو، چونکە بەپێی وتەکانی ئەو ئەفسەرە کە هەواڵێکی بەو دوو رۆژنامەنووسەداوەو داوای لێکردوون لەهەواڵەکە ناوی نەدەن، بەڵام هەردوو رۆژنامەنووس بە پێچەوانەی ئەو رێککەوتنە ناوی ئەفسەرەکەیان وەکو سەرچاوەی هەواڵ بڵاوکردەوە، دواتر ئەندامی لیژنەی داکۆکی کردن لەئازادی رۆژنامەنووسی و لقی دهۆکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەدواداچوونی بەردەوامی کردو بەهەوڵی ئەو و پارێزەری سەندیکا لە دهۆک دۆسییەی کێشەکە کۆتایی پێهات.

٨- رۆژی ٢٠٠٩/٥/١١ رۆژنامەنووس

**(شێرکۆ محمد مستەفا)** سەرنووسەری گۆڤاری **(ڕێلاو)** لەلایەن دادگای لێکۆڵینەوەی چەمچەماڵ بەپێی ماددەی (٤٨) لە یاسای سزاکانی عیراقی دەگیرێت و ئەو ڕۆژنامەنووسە بۆ ماوەی هەشت ڕۆژ لە گرتووخانە ئەو شارۆچکەیە دەمێنێتەوە، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ هێرشکردنە سەر ئایین.

٩- ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/١٧ مەفرەزەیەک لەئاسایشی شارۆچکەی خەلیفان ڕۆژنامەنووس **(ئیسماعیل محمد)**ی پەیامنێری ڕادیۆی نەوا دەستگیر دەکەن و دوای سوکایەتی پێکردن دەیگوازنەوە بۆ بارەگای ئاسایشی خەلیفان دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر و دوای ئەوەی ئەو ڕۆژنامەنووسە ناسنامەی سەندیکاش دەخاتەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی، بەڵام دادی نادات و بۆ ماوەی یەک کاتژمێر دەیهێڵنەوە بەرپرسی نووسینگەی سۆرانی سەندیکا **(محمد حاجی کەریم)** بەرەسمی بەدواداچوونی کردو ئاسایشی لەو کارە ئاگادار کردەوە.

١٠- ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٣ ڕۆژنامەنووس **(هەڵۆ خەلیل کاکەوەیس)** سەرنووسەری ڕۆژنامەی گەنجانی سەربەخۆ بەنامە ئاگاداری کردین کە **(ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٢ مەفرەزەیەکی چەکدار کەخۆیان وەکو ئاسایش بەمن ناساند بەبێ ئەوەی داوای ناسنامەم لێ بکەن و یاخود هیچ پرسیارێکم لێ بکەن دەستگیریان کردم و دواتر بردمیان بۆ شوێنێک کەمن پێم وایە بارەگای ئاسایش بوو، دواتر بەگیراوی ناردمیان بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر و هەرئەو شەوە بردمیان بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس و دواتر پێیان گوتم تۆ بەهەڵە گیراوی و ئەو ڕۆژنامەنووسە ئاماژە بەوەدەکات کەلەکاتی دەستگیرکردنەکەی ئازاری دەروونیان داوەو هەڕەشەی جۆراوجۆریشیان لێ کردووە).**

**پێشێلکارییەکان**

١- ڕۆژنامەنووس **(هەڤاڵ شێخە محمود)** کە کارمەندی دەزگای **(عیراقی نوێ)**یە، بەنامەیەک ئاگاداری کردین کە بۆماوەی دوومانگە لەلایەن دەزگایەکەیەوە مووچەی نەدراوەتێ بەبێ هیچ هۆکارێک لەم بارەیەوە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان نووسراوێکی ڕەسمی ئاراستەی دەزگای عیراقیی نوێ کردو بەڵام تاکو ئێستا هیچ جۆرە وەڵامێکیان نەداوەتەوە.

٢-ڕۆژی ٢٠٠٩/١/٢١ ڕۆژنامەنووس**(ئاسۆ سەراوی)** پەیامنێری هەفتەنامەی ئاوێنە لەبنکەی پۆلیسی سلێمانی داوای یاسایی لەسەر هاووڵاتی **(فەرەیدون عبدالقادر)** تۆمارکرد چونکە ناوبراو سوکایەتی و هەڕەشەو جنێوی لەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵێک بەرۆژنامەنووس **(ئاسۆ سەراوی)** کردووە.

٣- ڕۆژی ٢٠٠٩/٢/١٣ ڕۆژنامەنووس **(سەرباز سیامەند)** پەیامنێری ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی و کەناڵی دیجلە، لەکاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک لەلایەن ئاسایشی هەولێر توندوتیژی بەرانبەر دەکرێت و کامێراو ڕیکۆردەری لێدەسێندرێت، پاشان بۆی دەگەڕێننەوە.

٤- ڕۆژی ٢٠٠٩/٢/١٨ ڕۆژنامەنووس **(بەهمەن غەفور ئەحمەد)** لەسەر بڵاوکردنەوەی بابەتێکی شیکاری بەپێی وتەکانی خۆی بەچوار ژمارەی مۆبایل هەڕەشەی لێکراوە، بەبێ پێدانی ژمارەی مۆبایلەکان.

٥- ڕۆژنامەنووس **(عەلی محمود محمد)** ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەنامەیەکی ڕەسمی ئاگاداری کردین کە لەماڵپەڕی (www.chak.info) چەند کەسێک بەنووسین سوکایەتیم پێدەکەن و شتم بۆ هەڵدەبەستن لەوەش خراپتر تۆمەتی ئەوەم دەدەنە پاڵ گوایە من ناوی لایەنێکی کوردیم بەتیرۆریست

هێناوە و ئـەوەش دەبێتە مایـەی ئـەوەی ژیانم کەوتۆتە مەترسی بەپێی نامەکەی رۆژنامەنووس(**عەلی محمود محمد**) ئەوانەی بـەوکارە هەڵساون دژی من بریتیین لە رۆژنامەنووسان (**عومەر محمد، ئەمیری قادر**) کەهەردووکیان ئامۆزای یەکترین، جگەلەوەش تۆمەتی ئەوەشیان داومەتەپاڵ کە من لەکوردستان بۆ بەرژەوەندی خۆم پارەم لەخەڵک کۆکردۆتەوە بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەک لەسەر ئەو تۆمەتانە هەبێت کـەدراوەتـە پاڵم. لەم بارەیـەوە سکرتێری لیژنەی داکۆکی و (**لەتیف فاتح فـەرەج**) سـکـرتـێری لـقـی کـەرکـوکـی سـەندیکا بەدواداچونیان کردووەو ئێستاش خەریکی چارەسەرکردنی مەسەلەکەن.

٦- رۆژی ٢٠٠٩/٣/٣١ (**هەردی ئەبوبەکر**) پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی کوردستان لـەلایـەن بـەرێـوەبـەری شـارۆچـکـەی قەرەهەنجیر لەنزیک کەرکوک هەڕەشەی لیدەکرێت و دواتر لەلایەن پاسەوانەکانی خـودی ئـەو بـەرێـوەبـەرە دارکـاری ئـەو رۆژنامەنووسە دەکرێت و لقی کەرکووکی سەندیکاو (**شوان داودی**) ئەندامی لێژنەی داکۆکی لەکەرکووک لەم بارەیەوە پەیوەندی و بەدواداچوونیان کردووەو بەڵام لەلایەن بەرێوەبەرەکەی قەرەهەنجیر هیچ وەڵامێک نەبوو.

٧- رۆژی ٢٠٠٩/٤/١ رۆژنـامـەنـووس (**فـازڵ رەشید**) ناسراو بە (**رابـەر رەشید**) سـەرنووسـەری رۆژنـامـەی (**پردێی ئـازاد**) و ئـەنـدامـی لقی کـەرکـوکـی سـەندیکای رۆژنـامـەنـووسـانـی کـوردسـتـان لـەسـەر بڵاوکردنەوەی بابەتێک لە (**پردێی ئـازاد**) لـەلایـەن سـەرۆکـی شـارەوانـی پـردێ و لـەبـەرچـاوی قـائیمقامی کـەرکـووک و ژمارەیەک لەبەرپرسان هەڕەشەی جۆراو جۆری لیدەکرێت و پێی دەگوترێت زیندانیت دەکـەیـن. لـەم بـارەیـەوە لقی کەرکووکی سەندیکا و (**شوان داودی**) ئەندامی لێژنەی داکۆکی لـەکـەرکـووک بـەدواداچـونـیـان کـردووەو داکۆکیان لـەو رۆژنامەنووسە کردووە.

٨- شـەوی ٢٠٠٩/٤/١١\١٠ لـەلایـەن کەسانێکی نەناسراو لەسلێمانی هێرش دەکرێتە سـەر ئوتومبێلی رۆژنامەنووس (**ئـازیز محمود**) پەیامنێری هەفتەنامەی رووداو و جامی ئوتومبێلەکەی دەشکێنرێت و گوللەیەکی دەمانچەش وەکو ئاماژەیەک بۆ هـەڕەشـەکـردن لـەنـاو ئوتومبێلەکەی بەجێ دەهێڵرێت، دواتر ئەو رۆژنامەنووسە پەنای بۆ پۆلیسی سلێمانی بردووەو لەو کـردەوەیـەی بـەرامـبـەری ئـەنجام دراوە ئاگاداری کردوونەتەوە.

٩- رۆژی ٢٠٠٩/٥/٣ رۆژنـامـەنـووس (بەکر تەیفور) بەنامەیەک ئاگاداری کردین کە رۆژی ٢٠٠٩/٥/٣ لە کاتێکدا خەریکی ئەنجامدانی کاری رۆژنامەنووسی بووە، لەلایەن چەند چەکدارێک رێگای ئەنجامدانی ئەوکارەی لێ دەگیرێت و دواتر بەزۆری سواری ئوتومبێل دەکرێت و دەیبەنە بەردەم بەرێوەبەری ناحیەی رزگاری لەسنووری هەولێر دواتر ناسنامەکەی کەهی ئەندامیەتی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە بـەزۆری لـێ دەسـەنرێت لـەگـەڵ ژمـارەی مۆبایلەکەی، لیژنەکەمان بـەنـووسـراوی ژمـــارە(٤٧٠) لـە رێـکـەوتـی ٢٠٠٩/٥/١٠ بەرێوەبەرایەتی ناحیەکەی ئاگادار کردەوەو ئیدانە ئەو هەڵوێستەی چەکدارەکانی کردو داوای سزادانیانی کرد، بەڵام تاکو ئێستا هیچ وەڵامێکی لیژنەکەمانی نەداوەتەوە.

١٠- رۆژی ٢٠٠٩/٥/١٧ لـەلایـەن پۆلیسی شاری کەرکووک دەست درێژی کرایـە سـەر رۆژنـامـەنـووس (**کـاروان ستار رەفیق**) ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و پەیامنێری کەناڵی ئازادی لەوشارە، لقی کەرکووکی سەندیکای رۆژنامەنووسان و شوان داودی ئەندامی ئەنجوومەن و لیژنەی داکۆکی

لەئازادی ڕۆژنامەنووسی لەم بارەیەوە بەدواداچوونیان کردو بەپێی یاسا داکۆکیان لەو ڕۆژنامەنووسە کرد.

١١- لقی کەرکووکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەنووسراوی ژمارە(١٥٠) ئاگاداری کردین لە ٢٠٠٩/٥/١٧ ڕۆژنامەنووس **(هەژار رەشید)** ئەندامی کارای سەندیکاو پەیامنێری ڕۆژنامەی هەولێر لەلایەن پۆلیسی کەرکووک دەستدرێژی کراوەتەسەرو لەم بارەیەشەوە لقی کەرکوک بەدواداچوونی کردووەو نارەزایی توندی خۆی گەیاندۆتە لایەنی پەیوەندیدارو تاکو ئێستا بەرەسمی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکووک لەم ڕووەوە هیچ هەنگاوێکی نەناوە.

١٢- بەڕێوەبەرایەتی رادیۆی نەوا و ڕۆژنامەی هاوڵاتی بەنووسراوی رەسمی ئاگاداریان کردین کە شەوی (٣٠-٢٠٠٩/٥/٣١) بەرپرسێکی حزبی لەشارۆچکەی دوکان بەژمارە مۆبایلی (٧٤ ٦٣ ٦٨ ٠٧٧٠) هەڕەشەی لە ڕۆژنامەنووس **(گۆران دوکانی)** پەیامنێری ئەو رادیۆیەو ڕۆژنامەکە کردووەو دواتر گۆران دوکانی خۆشی بەنووسراو ئاگاداری کردین لەسەر هەمان مەسەلەو جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە کەلەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵێک ئەو بەرپرسە ئەو هەموو هەڕەشەیەی لێ کردووەو لەم بارەیەوە سکرتێری لیژنەی داکۆی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و ئەنوەر حوسێن ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکا و ئەندامی لیژنەی داکۆکی پەیوەندیان بەرپرسانی حکومی و حزبییەوە کردو بێزاری و نیگەرانی خۆیان لەم بارەیەوە خستە ڕوو داوایان لێکردوون بەدواداچوون و لێپێچینەوە بکەن دواتر بەسەرپەرشتی **(ئەنوەر حوسێن)** ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکاو بە ئامادەبوونی **(کەمال رەئوف)** سەرنووسەری هاوڵاتی لەبارەگای هاوڵاتی کێشەکە چارەسەرکرا.

١٣- بەڕێوەبەری گۆڤاری لڤین پێی ڕاگەیاندین کە بەژمارە مۆبایلی (٩٤ ٨٧ ٩١٤ ٠٧٧٠) هەڕەشە لەسەرنووسەر و جێگری سەرنووسەری گۆڤاری لڤین کرا.

١٤- ڕۆژنامەنووس **(شاخەوان محمود)** پێی ڕاگەیاندین کە لەسەر بڵاوکردنەوەی بابەتێکی ڕۆژنامەوانی لەلایەن بەڕێوەبەری پۆلیسی تاوانی کۆیە هەڕەشەی لێکراوە، هەر ئەو ڕۆژنامەنووسە ئەوەشی گوت کە بەژمارەیەک مۆبایلیش هەڕەشەم لێکراو.

١٥- ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/١٤ ڕۆژنامەنووس **(ڕێمان ئیحسان سەعدی)** پەیامنێری تەلەفزیۆنی یەکگرتو لەلایەن ئاسایشی ئامێدی لەکاتی ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەنووسی کامێراکەی لێ سەندرا، دواتر بە هەوڵی ئەندامی لیژنەی داکۆکی **(بەهجەت هروری)** کامێراکەیان بۆ گەڕاندەوە.

١٦- مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندی پارتی دیموکراتی کوردستان بەنووسراوی رسمی ئاگاداری کردین کە بەژمارە مۆبایلەکانی (٠ ٧٧ ١٠ ١٩ ٢٨ ٨٦) (٠ ٧٧ ١٠ ٣٨ ٧٩ ٥٤) هەڕەشەی جۆراوجۆر لەجنێو تاکو کوشتن، لە ژمارەیەک ڕۆژنامەنووسانی کادیری ڕاگەیاندنەکەیان کراوە لەوانە سەرۆ قادر بەرپرسی ناوەندی ڕاگەیاندن، **(ئازا حەسیب قەرەداغی)** ئەندامی مەکتەب، بەختیار شاخی ڕۆژنامەنووس، جەواد قادر سەرنووسەری ڕۆژنامەی هەولێر، **(فوئاد سەدیق سابیر)** سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان، شەوی ٢٠-٢٠٠٩/٦/٢١ ڕۆژنامەنووس **(ئازا حەسیب قەرەداغی)** بەمۆبایل پێی ڕاگەیاندین کەوا بەژمارەکانی (٢١ ٦٦ ٠٥٠ ٠٧٧٠ و ٨٣ ٦٩ ٩٨٨ ٠٧٧٠) چەندین جار هەڕەشەی تری لێ کراوەو داوای ئەوەیان لێ کردووە کەئەگەر واز لەنووسین و کاری ڕۆژنامەنووسی نەهێنێت سزای قورسی دەدەن.

١٧- ڕۆژنامەنووس **(سەعید مەم و زینی)** لەناو شاری موسڵ لەکاتی ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەنووسی کەوتە بەر شاڵاوی

لێدانی تاقمێکی چەکداری پۆلیس و دوای سوکایەتی پێکردن و گوشارێکی دەروونی و دەستگیرکردنی بۆ ماوەیەکی کەم، ئینجا ئازادیان کرد، لقی موسڵی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بەیاننامەیەکی ناڕەزایی تایبەت بەو رووداوە دەرکرد، تێیدا داوای لەبەرپرسانی موسڵ کردووە کە ئەرکی پاراستنی رۆژنامەنووسان بخەنە ئەستۆ.

١٨- رۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٣ لیژنەی نەهێشتنی زیادەڕۆیی **(لجنة رفع التجاوزات)** کە پێکهاتبوو لەنوێنەرانی **(شارەوانی، ئاسایش، چاودێری تەندروستی، قائیمقامیەت)** دوای ئەوەی کە بەخاوەنی پەرتووکخانەی **(مەتین) (باوەڕ ئەحمەد میقداد)** رادەگەیەنین کە زیادەڕۆیی بەردەم پەرتووکخانەکەی لاببات، بەڵام وەک لیژنەکە دەڵێت بەگوێی نەکردوون، دواتر لیژنەی ناوبراو ئەو چەند ژمارەیەی گۆڤاری لڤینی حجز کردووەو **(باوەڕ ئەحمەد)**یشی بۆ ماوەی بیست و چوار کاتژمێر دەستگیرکردووە، هەروەها لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشیش بەڵێننامەیان پێ پڕکردۆتەوە کە جارێکی تر ئەو زیادەڕۆییە دووبارە نەکاتەوە.

ئێمە لێرەدا بەوپەڕی نیگەرانییەوە ئیدانەی دەستبەسەرداگرتنی گۆڤارەکە دەکەن، چونکە پێچەوانەی برگەی (٥) ماددەی دووەمە لە یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان کە تیایدا هاتووە:

**(رۆژنامە قەدەغەناکرێت و دەستی بەسەردا ناگیرێت).**

بۆیە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەم بارەیەوە لیژنەیەکی پێکهێناو بەدواداچوونی کردو دەقی وردەکارییەکانیش لە تەوەری **(ناڕەزایی و نووسراوەکانی سەندیکا بۆ لایەنی پەیوەندیدار)**ی راپۆرتی سێیەمی لیژنەی داکۆکی لەئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان دا بڵاوکراوەتەوە.

١٩- رۆژی ٢٠٠٩/٦/٣٠ لەکاتی تەقینەوەی شۆریجە لەشاری کەرکووک تیمێکی تەلەفزیۆنی کەرکووک بە مەبەستی گواستنەوەی رووداوەکە دەچنە ئەوێ رۆژنامەنووس **(سۆران ئیسماعیل)** کە وێنەگری تیمەکەیە کەوتە بەر شاڵاوی ئاسایشەکان و جگە لە لێدان و گوشاری دەروونی هەروەها کامێراکەشی لێدەستێنن.

### سزادان

١- رۆژی ٢٠٠٩/٢/١٥ دادگای کەشفی کۆیە بریاری سزادانی رۆژنامەنووس**(شوان محمد)** سەرنووسەری هەفتەنامەی ئاوێنەیدا بە بری (٣،٠٠٠،٠٠٠) سێ ملیۆن دینار بەبیانووی ئەوەی ئەو رۆژنامەنووسە ئامادەنەبوو سەرچاوەیەکی هەواڵ ئاشکرابکات، بەپێی ماددەی حەوتەم لەیاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان سەرنووسەر بۆی هەیە سەرچاوەی هەواڵ ئاشکرا نەکات. بۆیە ئەم بڕیارە پێچەوانەی یاسای رۆژنامەگەرییە.

٢- پاش ئەوەی **(مام جەلال تاڵەبانی)** سەرۆک کۆماری عیراقی سکاڵایەکی یاسایی لەسەر هەفتەنامەی هاوڵاتی و سەرنووسەرەکەی تۆمارکرد. بەهۆی بڵاوکردنەوەی بابەتێکی مایکل رۆبن، رۆژی ٢٠٠٩/٣/١٥ دادگای سلێمانی بەبڕی (١٣،٠٠٠،٠٠٠) سێزدە ملیۆن دینار هەفتەنامەی هاوڵاتی و سەرنووسەرەکەی بەپێی یاسای رۆژنامەگەری لەکوردستان سزادا. جێی باسە پارێزەری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ئامادەی دادگایی کردنەکەی بوو.

### تیرۆرکردن

١- رۆژی ٢٠٠٩/٢/٥ رۆژنامەنووس **(سەلام عەرەب دۆسکی)** ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان،

لەبەردەم ماڵەکەی خۆی لەگەڕەکی **(وادی حجر)** لەشاری موسڵ شەهید کرا.

لقی موسڵی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەم بارەیەوەو بەیاننامەیەکی دەرکــردو مەحکومی ئـەو کـارەی کردو داوای لەکاربەدەستان کرد سزای تاوانباران بدەن.

**داوا یاساییەکان**

١- رۆژی ٢٠٠٩/١/٤ بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بەنووسراوی ژمـــــارە(٨٦٧) ئـاگـــاداری کـردیـن کە رۆژنامەنووسان**(شوان داودی)** و **(شازین هێرش)** تۆمەتبارن بەپێی ماددەی (٣٧٢)، شایانی باسە ئەم نووسراوە پێچەوانەی یاسای رۆژنامەگەرییە، چونکە رۆژنامەنووس بەپێی یاسای رۆژنامەگەری لەکوردستان دادگای دەکرێت نەک یاسایەکی تر.

٢- رۆژی ٢٠٠٩/١/٤ دادگای لێکۆڵینەوەی رانیە بە نووسراوی ژمارە(٢) ئاگاداری کردین کە رۆژنـامـەنـووس**(شێرزاد عبدالرحمان)** سەرنووسەری گۆڤاری هەرێمی کوردستان تۆمەتبارە بەپێی ماددەی (٤٣٣) لەیاسای سزاکانی عیراقی لەکاتێکدا رۆژنامەنووس بەپێی یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان مامەڵەی یاسایی لەگەڵ دەکرێت.

٣- رۆژی ٢٠٠٩/١/١٨ بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بەنووسراوی ژمـــــارە(٧٧٥) ئـاگـــاداری کـردیـن کە رۆژنامەنووس **(دانا حەمەد قادر)** لەلایەن بـەرێـوەبـەرایـەتـی پۆلـیـسـی شـەقـڵاوە بـریـاری دەسـتـگیرکـردنـی هـەیـە، داوای رەزامەندی لەئێمە دەکات، هۆکاری بڕیاری گرتنەکەی لەنووسراوەکەدا بۆ ئێمە روون نەکراوەتەوە.

٤- رۆژی ٢٠٠٩/١/١٩ دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر بەنووسراوی ژمارە(٢٧٦) ئاگاداری کردین کەرۆژنامەنووس **(نەبەز گۆران)** سەرنووسەری گۆڤاری جیهان تۆمەتبارە بەپێی مـادەی (٤٣٣) لەیاسای سزاکانی عیراقی. ئەو نووسراوە پێچەوانەی یاسای رۆژنامەگەرییە، چونکە رۆژنامەنووس لە سەرکاری رۆژنامەنووسی بەپێی یاسای رۆژنامەگەری لەکوردستان بانگهێشت و دادگای دەکرێت نەک بەیاسایەکی تر.

٥- رۆژی ٢٠٠٩/١/٢٠ دادگای لێکۆڵینەوەی رانیە بەنووسراوی ژمـارە(٣٠) ئاگاداری کردین کە رۆژنامەنووس **(ماکوان کەریم)** و **(سۆران عومەر)** تۆمەتبارن بەپێی ماددەی (٩) لە یاسایی رۆژنامەگەری، چونکە لەلایەن هەردوو هاووڵاتی **(عبدالله ئەحمەد خدر)** و **(عەزیز سەعید شەریف)** داوایـان لەسەر تۆمار کراوە.

٦- رۆژی ٢٠٠٩/١/٢٣ لـەلایـەن بنکەی پۆلیس بێتواتە سکاڵایەکی یاسایی لەسەر رۆژنـامـەنـووس **(سـوارە حـەمـەد عبدالله)** پەیامنێری رۆژنـامـەی پروشە لەرانیە تـۆمـارکراوە بەبیانووی بڵاوکردنـەوەی هەواڵێک لە ژمارە (٤٧) رۆژنامەکە بەناوی **(هاولاتیەک دوو پۆلیس چەک دەکات)**، دواتر بەهەوڵی **(ئەنوەر حوسێن)** ئەندامی لێژنەی داکۆکی کێشەکە کۆتایی هات.

٧- رۆژی ٢٠٠٩/١/٢٦ لەبنکەی پۆلیسی کـەلار هـاووڵاتییەک سکاڵایەکی یاسایی لـەسـەر رۆژنـامـەنـووس **(لاوان ئەحمەد)** سەرنووسەری مانگنامەی ئەمڕۆ تۆمارکرد. بەتۆمەتی ئـەوەی کە لـەژمـارە(٢٩) ئەو رۆژنامەیە **(تشهیر)**ی پێ کـردووە. دواتر **(سامان کەریم)** نوێنەری لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووس لەسنووری گەرمیان لەم بارەیەوە بەدواداچوونی کردو پەیوەندی بەچەند لایەنی پـەیـوەنـدیدار کـرد. دواتـر کێشەکە بە قازانجی ئەو رۆژنامەنووسە کۆتایی هات.

٨- ٢٠٠٩/١/٢٨ بەرێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەولێر بەنووسراوی ژمارە(١١٠٣) ئاگاداری کردین کە رۆژنامەنووس**(هەڵۆ کەرکووکی)** تۆمەتبارە بەپێی ماددەی(٤٣٣)

هەولێرنامەی کورد

لەیاسای سزاکان، چونکە دادخواز **(مجید وەلی سۆفی)** داوای لەسەر تۆمار کردووە. ئەونووسراوە پێچەوانەی یاسای رۆژنامەگەرییە، چونکە رۆژنامەنووس بەپێی یاسای کاری رۆژنامەگەری بانگهێشت و دادگای دەکرێت نەک بەیاساکانی تر.

٩- بەنووسراوی ژمارە (٣٤٤٦) دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر ئاگاداری کردین کە رۆژنامەنووس **(نەبەزگۆران)** سەرنووسەری گۆڤاری جیهان لەداگاکەیان داوای لەسەر تۆمارکراوە، چونکە تۆمەتبارە بەپێی ماددەی (٩) لە یاسایی رۆژنامەگەری.

١٠- رۆژی ٢٠٠٩/٢/٤ دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر بەنووسراوی ژمارە (٥٦٤) ئاگاداری کردین کە رۆژنامەنووس **(فەخری کەریم)** خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری رۆژنامەی **(المدى)** تۆمەتبارە بەپێی ماددەی (٤٣٣) لەیاسای سزاکان ئەو نووسراوەی دادگا پێچەوانەی یاسای رۆژنامەگەرییە، چونکە رۆژنامەنووس بەپێی یاسایی رۆژنامەگەری لە کوردستان بانگهێشت و دادگایی دەکرێت نەک بەپێی یاسای سزاکان.

١١- رۆژی ٢٠٠٩/٢/١٩ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بەنووسراوی ژمارە(٢٨٥٣) ئاگاداری کردین کە رۆژنامەنووس **(ئیبراهیم عەلی)** تۆمەتبارە بۆیە پێویستە لە بنکەی پۆلیسی خانەقا ئامادەبێت. جێی باسە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە هۆکاری تۆمەتبارکردنی ئەو رۆژنامەنووسەی بۆ ئێمە روون نەکردۆتەوە.

١٢- رۆژی ٢٠٠٩/٢/٢٤ لەسەر بڵاوکردنەوەی بابەتێک لەژمارە (٤٢٥)ی رۆژنامەی رۆژنامە بەناوی **(بووجەی شارێک بۆ سەنتەرێک سەرف دەکرێت)**، قائیمقامی دەربەندیخان سکاڵایەکی یاسایی لەسەر رۆژنامەنووس **(حوسێن لەتیف)** تۆمارکرد، دواتر دادوەر بەبڕی (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار بەکەفالەت ئەو رۆژنامەنووسەی تاکو رۆژی دادگایی کردنەکەی ئازاد کرد.

١٣- رۆژی ٢٠٠٩/٣/١٠ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان بەنووسراوی ژمارە(١٧٧٧) ئاگاداری کردین کە بڕیاری دەستگیرکردنی رۆژنامەنووس **(رێبین ئازاد)** سەرنووسەری ماڵپەری **(کوردستان)** یان داوە، دیارە هۆکاری دەستگیرکردنەکەیان بۆ ئێمە روون نەکردۆتەوە.

١٤- دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر بەنووسراوی رسمی ژمارە (٣٨٥٤) ئاگاداری کردین کە **(نەوزاد هادی)** خاوەن ئیمتیاز و **(جەواد قادر)** سەرنووسەری رۆژنامەی هەولێر بەپێی ماددەی (٤) لەیاسای رۆژنامەگەری تۆمەتبارن.

١٥- رۆژی ٢٠٠٩/٣/٢٠ دوای ئەوەی گۆڤاری لڤین لەیەک لە ژمارەکانی خۆیدا راپۆرتێکی بەناوی **(کێ بانقی هەڵەبجەی بڕی)** بڵاوکردەوە لەلایەن خەڵکانێکی جۆراوجۆر وەکو پێشمەرگەی دێرین و بنەماڵەی شەهیدان. پانزە داوای یاسایی لەسەر تۆمار کراوە.

١٦- رۆژی ٢٠٠٩/٣/٢٩ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی بەنووسراوی ژمارە (٦٠٥٧) ئاگاداری کردین، کەبڕیاری دەستگیرکردنی هەردوو رۆژنامەنووس **(عەدنان عوسمان)** و **(تاریق فاتح حەسەن)**یان پێگەیشتووە، چونکە بەپێی ماددەی (٤٣٣) لەیاسای سزاکان تۆمەتبارن، دیارە ئەو نووسراوەی دادگا پێچەوانەی یاسایە، چونکە رۆژنامەنووس بەپێی یاسای رۆژنامەگەری لەکوردستان بانگهێشت و دادگایی دەکرێت.

١٧-رۆژی ٢٠٠٩/٣/٣١دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر بەنووسراوی ژمارە(٦٨٦) ئاگاداری کردین، کەرۆژنامەنووس**(دانا حەمەد قادر)** داوای لەدادگاکەی ئەوان لەسەر تۆمارکراوە بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمانی ئێمەیە ئەوەیە کە دادگا داوا لە ئێمە دەکات کە

رۆژنامەنووس لەوبارەیەوە ئاگادار بکەینەوە لەکاتێکدا ئەوەئیشی دادگا خۆیەتی.!!!

١٨- رۆژی ٢٠٠٩/٤/٥ دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر ـ سۆران بەنووسراوی ژمارە (١٨٩) ئاگاداری کردین کەرۆژنامەنووس **(دانا حەمەد قادر)** تۆمەتبارە بەپێی ماددەی (٤٣٣) لەیاسای سزاکان. نووسراوی دادگا پێچەوانەی یاسایە، چونکە رۆژنامەنووس لەسەر کاری پیشەی رۆژنامەنووسی بەپێی یاسای رۆژنامەگەری لەکوردستان تۆمەتبار دەکرێت نەک یاسایەکی تر.

١٩- بەهۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵێک لە رۆژنامەی **(ئاوێر)** بەناوونیشانی **(تۆمەتبارێک لەدەست حەوت پۆلیس رادەکات)** سکاڵایەکی یاسایی لەسەر سەرنووسەری ئەو رۆژنامەیە تۆمارکراو دواتر بەبڕی (٣,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆن دینار کەفالەت تاکو رۆژی دەستپێکردنی دادگایی کردنەکە ئازادکرا.

٢٠- دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر بەنووسراوی ژمارە(٣٦٥٧) ئاگاداری کردین کە رۆژنامەنووس **(فوئاد سەدیق سابیر)** سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان داوایەکی یاسایی لەسەر تۆمارکراوە کە بەپێی نووسراویان تۆمەتبارە بەپێی ماددەی (٩) لە یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان.

٢١- رۆژی ٢٠٠٩/٤/١٥ دادگای کەتنی سلێمانی بە نووسراوی رسمی ژمارە (١٢١٧) ئاگاداری کردین کە رۆژنامەنووس **(ئومێد عارف محمد ئەمین)** لەلایەن **(محمود حەمە رەشید)** لە دادگاکەی ئەوان داوای لەسەر تۆمارکراوە. کە پەیامنێری رۆژنامەی هاوڵاتییەو لەو رووەشەوە تۆمەتبارە بەپێی یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان.

٢٢- ٢٠٠٩/٤/١٧ دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر بەنووسراوی ژمارە (٣٥٠) ئاگاداری کردین کە هەردوو رۆژنامەنووس **(کوردە حەسەن جەلال و هەوار عەلی)** لە رادیۆی نەوا داوایان لەسەر تۆمار کراوە، چونکە تۆمەتبارن بەپێی ماددەی (٩) لە یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان.

٢٣- رۆژی ٢٠٠٩/٤/٢٢ رۆژنامەنووس **(بورهان قادر)** پەیامنێری رۆژنامەی هاوڵاتی بەنامەیەک ئاگاداری کردین، **(بەبێ ئەوەی هیچ ئاگادارییەکی رسمی بکرێمەوە و هیچ جۆرە زانیارییەکم لەو بارەیەوە هەبێت، یەکەم جار رۆژی ٢٠٠٩/٣/٨ لەلایەن بنکەی پۆلیسی شادی بڕیاری دەستگیرکردنم دراوە. دووەمیان لە ٢٠٠٩/٤/٢٠ ئەو بڕیارە سەرلەنوێ نوێ کراوەتەوەو ئەوجارەشیان بڕیاری گرتنەکەی منیان بەسەر هەموو بازگەو بنکەی پۆلیس بڵاوکردۆتەوە).** (بورهان قادر) لەنامەکەی ئاماژە بەوەدەکات کەتاکو ئێستا هۆکاری بڕیاری دەستگیرکردنەی نازانێت و ناشزانێت کێ داوای لەسەر تۆمارکردووە.

٢٤. رۆژی ٢٠٠٩/٥/١٩ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بەنووسراوی ژمارە(٨٤٥٧) و بە ئیمزای بەڕێوەبەری پۆلیس ئاگاداری کردین کە رۆژنامەنووس **(سەرفراز عەلی غیاس الدین)** دەبێت لە بنکەی پۆلیسی ئازادی ئامادەبێت ئەوەی جێگای سەرسوڕمانی ئێمەیە وەکو لیژنەی داکۆکی ئەوەیە کەداوا لە ئێمە کراوە ئەو رۆژنامەنووسە ئاگادار بکەینەوە.!!!

٢٥- رۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٥ دادگای لێکۆڵینەوەی دەشتی هەولێر بەنووسراوی ژمارە(٥٢٨) ئاگاداری کردین کە رۆژنامەنووس **(ئیسماعیل زایەر)** لەلایەن رۆژنامەنووس **(عبدالرحمان پاشا)** داوای لەسەر تۆمارکراوە.

٢٦- رۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٥ لەسەر بڵاوکردنەوەی بابەتێکی رۆژنامەوانی دەربارەی بەڕێوەبەرایەتی پاسەوانی سنوور لەدەقەری سلێمانی، بەڕێوەبەری پاسەوانی سنوور لە دادگا داوایەکی یاسایی لەسەر گۆڤاری لڤین تۆمارکردووە.

٢٧- رۆژی ٢٠٠٩/٦/١ دادگای لێکۆڵینەوەی

هەولێر پێی راگەیاندین كە رۆژنامەنووس **(كاوە محمد)** سەرنووسەری رۆژنامەی كوردستانی نوێ لەلایەن دادگایەكەیان تۆمەتبارە بەپێی ماددەی (٩) لە یاسای رۆژنامەگەریی لەكوردستان.

٢٨- رۆژی ٢٠٠٩/٦/١٥ **(شاناز ئیبراهیم ئەحمەد)** لە دادگای سلێمانی، داوایەكی یاسایی لەسەر گۆڤاری **(لڤین)** تۆماركرد، لەسەر بڵاوكردنەوەی هەواڵێك لەسەر فڕۆكەوان **(تاریق رەمەزان)**.

٢٩- وەزارەتی مافی مرۆڤ لە رۆژی ٢٠٠٩/٦/١٥ داوایەكی یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر لەسەر **(كەمال رەئووف)** سەرنووسەری رۆژنامەی هاوڵاتی تۆماركرد.

٣٠- رۆژی ٢٠٠٩/٦/٢١ رۆژنامەنووس **(كاوە نادر)** لەلایەن هاوڵاتی **(ئەمەل یاسین)** لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی داوایەكی یاسایی لەسەر تۆمار كراوە.

**ناڕەزایی و نووسراوەكانی سەندیكا بۆ لایەنی پەیوەندیدار**

**بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێمی كوردستان**

**ب/ ناڕەزایی**

رۆژی هەینی رێكەوتی ٢٠٠٩/٢/١٣ ژمارەیەك رۆژنامەنووس كە خەریكی ئامادەكردنی هەواڵ و ئەنجامدانی چالاكی رۆژنامەنووسی بوون لە نێو شاری هەولێر لەلایەن پۆلیسی و هێزەكانی تری ناوخۆ كەوتنە بەرگوشارو كامیرە لێ سەندن.

دیارە ئەوەش پێچەوانەی بنەماكانی یاسای رۆژنامەگەری و ئازادی رۆژنامەنووسییە. ئێمە ئەو رەفتارەی هێزەكانی ناخۆ مەحكوم دەكەین و داخی ئەوەش دەخۆین كە تەنها دوو مانگ بەسەر ئیمزاكردنی یاسایی رۆژنامەگەریدا لەلایەن سەرۆكی هەرێمی كوردستان تێپەڕیوە كەچەندین پێشێلكاری دژی رۆژنامەنووسان ئەنجام دراوە، دەست بەجێ داوای گێڕانەوەی كەرەستەكانی كاری رۆژنامەنووسی و رۆژنامەنووسان دەكەین كە لەلایەن هێزەكانی ناوخۆ لێیان سەنراوەو داوای سزادانی دەستدرێژیكارانیش دەكەین ئەگینا ناچارین پەنا بۆ یاسا ببەین و رای گشتی جیهانیش لەم بارەیەوە ئاگادار بكەینەوە. چاوەڕوانی وەڵامین.

**زیرەك كەمال**

**سكرتێری لیژنەی داكۆكی كردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە كوردستان**

**وێنەك بۆ بەڕێز:**
**سكرتێری سەندیكا**
**لیژنەی داكۆكی**
**دۆسیەی گشتی**

**بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر**

**ب/ ناڕەزایی**

رۆژی هەینی رێكەوتی ٢٠٠٩/٢/١٣ ژمارەیەك رۆژنامەنووس كە خەریكی ئامادەكردنی هەواڵ و ئەنجامدانی چالاكی رۆژنامەنووسی بوون لە نێو شاری هەولێر لەلایەن پۆلیس و هێزەكانی تری ناوخۆ كەوتنە بەرگوشارو كامیرە لێ سەندن.

دیارە ئەوەش پێچەوانەی بنەماكانی یاسایی رۆژنامەگەری و ئازادی رۆژنامەنووسییە. ئێمە ئەو رەفتارەی هێزەكانی ناخۆ مەحكوم دەكەین و داخی ئەوەش دەخۆین كە تەنها دوو مانگ بەسەر ئیمزاكردنی یاسایی رۆژنامەگەریدا لەلایەن سەرۆكی هەرێمی كوردستان تێپەڕیوە كەچەندین پێشێلكاری دژی رۆژنامەنووسان ئەنجام دراوە، دەست بەجێ داوای گێڕانەوەی ئامێرەكانی كاری رۆژنامەنووسی و رۆژنامەنووسان دەكەین كە لەلایەن هێزەكانی ناوخۆ لێیان سەنراوەو داوای سزادانی دەستدرێژی كارانیش دەكەین ئەگینا ناچارین پەنا بۆ یاسا ببەین و رای گشتی جیهانیش لەم بارەیەوە ئاگادار

بکەینەوە. چاوەڕوانی وەڵامین.

**زیرەک کەمال**
**سکرتێری لیژنەی داکۆکی کردن لە**
**ئازادی رۆژنامەنووسی و**
**مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان**

**وێنەک بۆ بەڕێز:**
**سکرتێری سەندیکا**
**لیژنەی داکۆکی**
**دۆسیەی گشتی**

**بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر**
**ب/ نارەزایی**

رۆژی هەینی رێکەوتی ٢٠٠٩/٢/١٣ ژمارەیەک رۆژنامەنووس کە خەریکی ئامادەکردنی هەواڵ و ئەنجامدانی چالاکی رۆژنامەنووسی بوون لە نێو شاری هەولێر لەلایەن پۆلیس و هێزەکانی تری ناوخۆ کەوتنەبەر گوشارو کامیرە لێ سەندن.

دیارە ئەوەش پێچەوانەی بنەماکانی یاسایی رۆژنامەگەری و ئازادی رۆژنامەنووسییە. ئێمە ئەو رەفتارەی هێزەکانی ناخۆ مەحکوم دەکەین و داخی ئەوەش دەخۆین کە تەنها دوو مانگ بەسەر ئیمزاکردنی یاسایی رۆژنامەگەریدا لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان تێپەریوە کەچەندین پێشێلکاری دژی رۆژنامەنووسان ئەنجام دراوە، دەست بەجێ داوای گێرانەوەی ئامێرەکانی کاری رۆژنامەنووسی دەکەین کە لەلایەن هێزەکانی ناوخۆ لێیان سەنراوەو داوای سزادانی دەستدرێژی کارانیش دەکەین ئەگینا ناچارین پەنا بۆ یاسا ببەین و رای گشتی جیهانیش لەم بارەیەوە ئاگادار بکەینەوە. چاوەڕوانی وەڵامین.

**زیرەک کەمال**
**سکرتێری لیژنەی داکۆکی کردن لە**
**ئازادی رۆژنامەنووسی و**
**مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان**

**وێنەک بۆ بەڕێز:**
**سکرتێری سەندیکا**
**لیژنەی داکۆکی**
**دۆسیەی گشتی**

**بەڕێز/ خاوەن ئیمتیازی (عیراقی ی نوێ)**
**ب/ داواکاری**

**سڵاوڕێز...**

داواکار **(هەڤاڵ شێخە محمود)** کە کارمەندی دەزگای (عیراقی ی نوێ)یە، ماوەی دوومانگە(شوبات، نیسان) مووچەی نەدراوەتێ لەلایەن ئێوەوە کە هەرمانگەی (٣٠٠،٠٠٠) هەزار دینارە سەرەرای بەکەم کردنەوەی مووچەکەی بۆ (٨٠،٠٠٠) دینار.

ئێمە پێتان رادەگەیەنین کەئەم هەڵوێستە بەپێچەوەنەی یاسای کاری رۆژنامەگەرییە لە کوردستان، هیوادارین مافی تەواوی خۆی بدرێتێ بۆ ئەوەی ناوی دەزگاکەتان لە راپۆرتی شەش مانگەی سەندیکا تۆمار نەکرێت.

**لەگەڵ رێزماندا**

**فەرهاد عەونی**
**نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان**

**وێنەیەک بۆ بەڕێز:**
**سکرتێری داکۆکی لەمافی رۆژنامەنووسان**
**بۆ ئاگاداریتان**
**دۆسییەی تایبەت**

**بۆ بەڕێز/ بەڕێوەبەری ناحیەی رزگاری**
**ب/ نارەزایی**

رۆژی ٢٠٠٩/٥/٣ رۆژنامەنووس **(بەکر تەیفور)** ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە نێو جەرگەی بازاڕی ناحیەی رزگاری لەلایەن چەند چەکدارێک جگەلەوەی رێگای ئەنجام دانی کاری رۆژنامەگەری لێگیراوە، هەروەها بەزۆر سواری ئۆتومبێل کراوەو

هەولێرنامەی کێتێر

بـراوەتـە بـەڕێوەبـەرایـەتـی ناحیە لـەوەش خـەراپـتر لـەوێ فـۆتـۆکـۆپـی ناسنامەکـەی کراوە و ژمارەی مۆبایلیشی لێ سەندراوە. ئێمە ئـەو هـەڵـسوکـەوتـەو ئـەو جـۆرە مامەڵەیە بە توندی مەحکوم دەکەین داوای بـەدواداچـوون و لێپرسینەوە دەکـەیـن و پێویستە داوای لێبوردن لەو ڕۆژنامەنووسە بکرێت. چونکە هەڵوێستی ئاوا پێچەوانەی یاسای ڕۆژنامەگەرییە و دژی بنەماکانی دیموکراسییەتە.

**زیرەک کەمال**
**سکرتێری لیژنەی داکۆکی کردن لە**
**ئازادی ڕۆژنامەنووسی و**
**مافی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان**

**وێنەک بۆ بەڕێز:**
**سکرتێری سەندیکا**
**لیژنەی داکۆکی**
**دۆسییەی گشتی**

**ڕوونکردنەوەیەک**
**لەسەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە**

١. ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٣ سـەرنووسـەری گۆڤاری **(لڤین)** لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا سکرتـێری لـێژنـەی داکـۆکـی لـەئـازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان، ئاگادارکرد کە چەند دانەیەک لە ژمارە (٩٤)ی گۆڤاری **(لڤین)** لەلایەن ئاسایشی **(زاخۆ)**وە کۆکراونەتەوەو پاشتر سووتێنراون.

٢. ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٤ ئەنجوومـەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ڕۆژنامەنووس **(بەهجەت هروری)** ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکاو ئەندامی لێژنەی داکۆکی ڕاسپارد، بۆ بەدواداچوونێکی وردی ئەو ڕووداوە.

٣. ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٥ لەکۆبوونەوەی گشتی ئەنجوومەنی سەندیکاو سکرتێری لق و نووسینگەو لێژنەکانی سەندیکادا هەردوو ڕۆژنامەنووس **(بەهجەت هروری)** و **(ئیسماعیل تاهیر جانگیر)** سکرتێری لقی دهۆکی سەندیکا، جارێکی دیکە ڕاسپێردران کـە ڕاسـتـەوخـۆ هـەردووکـیـان سـەردانـی شاری زاخۆ بکەن و لەنزیکەوە بەوردی لەڕووداوەکە بکۆڵنەوەو ڕاپۆرتێکی تایبەت لەو بارەیەوە بدەنە ئەنجوومەنی سەندیکا.

٤. ڕۆژی شەممە ٢٠٠٩/٦/٢٧ **(بەهجەت هـروری)** و **(ئیسماعیل تاهیر)** سـەردانی زاخـۆیـان کـردو لـەگـەڵ نـوێـنـەری لقی دهۆکی سەندیکا لەزاخۆ **(فەرهاد حاجی)** بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکـە کراو پاشتر ڕایانگەیاند:

أ. لـەهـەمـوو پـەرتـووکـخـانـەکـانی زاخـۆ **(لڤین)** و گشت ڕۆژنامەو گۆڤارەکان کە لە کوردستان دەردەچێ، دەفرۆشرێت.

ب. خاوەنی پەرتووکخانەی **(مەتین)** **(باوەڕ ئەحمەد میقداد)** لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٣ چەند دانەیەکی لەگۆڤاری **(لڤین)** لەسـەر شۆستە **(رصـیـف)**ی بـەردەرگـای پەرتووکخانەکە دانـابـوو، هەندێکیشی هـەڵـواسـیـبوو، کە پـاشـان لـێـژنـەی نەهێشتنی زیـادەڕەوی **(لجنە رفـع الـتـجـاوزات)** کە پێکهاتووە لە نوێنەری شـارەوانی، ئاسایش، چاودێری تەندروستی، قائیمقامییەت، دوو سێ جار داوایـان لەخاوەنی پەڕاوگەکە کردووە کە ئەو زیادەڕەوییە چارەبکات و گۆڤارەکانی لاببات، بەڵام بەگوێی لێژنەکەی نەکردووە. دواتر لێژنەی ناوبراو ئەو چەند ژمارەیەی گۆڤاری **(لڤین)**ی حیجز کـردووەو **(بـاوەڕ ئـەحـمـەد)**ی خـاوەنـی پـەڕاوگـەکـەش پاش دەستبەسەر کردنی بۆ ماوەی ڕۆژێک، لە ئاسایش بەڵێننامەی پێ پڕ دەکـەنـەوە کە جارێکی تر زیادەڕۆیی نەکات..

لـێرەدا بەپێویستی دەزانـیـن هـەڵـوێـسـتی سـەندیکا بۆ ڕای گشتی ڕوون بکەینەوە:

ئێمە بـەوپـەڕی نـیـگـەرانـیـیـەوە بـێـزاری خۆمان دەردەبڕین بەرامبەر ئەو ڕووداوە، کە بەرامبەر گۆڤاری **(لڤین)** کراوە، چونکە

پێچەوانەی بڕگەی (٥)ی ماددەی **(دووەم)**ی یاسای ڕۆژنامەگەرییە لە کوردستان، کە تێیدا هاتووە: **(ڕۆژنامە قەدەغە ناکرێ و دەستی بەسەرداناگیرێت)**، ئێمە جارێکی دیکە بەهەموولا رایدەگەیەنین کە بەنووسراوی رەسمی **(لیژنەی لابردنی زیادەڕەوی)** لەزاخۆ ئاگادار دەکەینەوە کە ئەو کارەیان پێچەوانەی یاساو کەشوهەوای ئازادییە لە کوردستان و هیوادارین کە ئەم جۆرە ڕووداوانە لەهیچ شوێنێکی هەرێمی کوردستان دووبارە نەکرێتەوە، لە هەمان کاتدا ئێمە ئیدانەی توندی ئەو جۆرە کارانە دەکەین، لەهەر کوێ و لەهەر لایەنێکەوە ڕوویدات.

**فەرهاد عەونی**
**نەقیبی ڕۆژنامەنووسان کوردستان**
**هەولێر ٢٠٠٩/٦/٣٠**

**بۆ بەڕێز/ مەڵبەندی ڕێکخستنی دوکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان**

**ب/ ناڕەزایی**

ڕۆژنامەی هاوڵاتی و ڕادیۆی نەوا بەنووسراوی ڕەسمی ئاگاداری کردین کەشەوی ٢٠٠٩/٥/٣١/٣٠ بەرپرسێکی سەربازی حزبی لەسنووری قەزای دوکان بە ژمارە مۆبایلی(٧٤ ٦٣ ٦٨ ٠٧٧٠) و دواتریش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ چەندین هەڕەشەی جۆراوجۆری لە ڕۆژنامەنووس **(گۆران دوکانی)** پەیامنێری ڕادیۆی نەواو پەیامنێری ڕۆژنامەی هاوڵاتی کردووە.

ئێمە لە لیژنەی داکۆکی کردن لەئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان هەڵوێستی ئەو بەرپرسە مەحکوم دەکەین و داواش لەبەڕێزتان دەکەین لەم بارەیەوە بەدواداچوون و لێپێچینەوە بکەن چونکە ئەمە پێچەوانەی یاسای ڕۆژنامەگەرییە لەکوردستان.

**زیرەک کەمال**
**سکرتێری لیژنەی داکۆکی کردن لە**
**ئازادی ڕۆژنامەنووسی و**
**مافی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان**

**وێنەک بۆ بەڕێز:**
**سکرتێری سەندیکا**
**لیژنەی داکۆکی**
**دۆسییەی گشتی**

**بۆ بەڕێز/ قائیمقامی قەزای دوکان**

**ب/ ناڕەزایی**

ڕۆژنامەی هاوڵاتی و ڕادیۆی نەوا بەنووسراوی ڕەسمی ئاگاداری کردین کەشەوی ٢٠٠٩/٥/٣١/٣٠ بەرپرسێکی سەربازی حزبی لەسنووری قەزای دوکان بە ژمارە مۆبایلی(٧٤ ٦٣ ٦٨ ٠٧٧٠) و دواتریش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ چەندین هەڕەشەی جۆراوجۆری لە ڕۆژنامەنووس **(گۆران دوکانی)** پەیامنێری ڕادیۆی نەواو پەیامنێری ڕۆژنامەی هاوڵاتی کردووە.

ئێمە لە لیژنەی داکۆکی کردن لەئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان هەڵوێستی ئەو بەرپرسە مەحکوم دەکەین و داواش لەبەڕێزتان دەکەین لەم بارەیەوە بەدواداچوون و لێپێچینەوە بکەن چونکە ئەمە پێچەوانەی یاسای ڕۆژنامەگەرییە لەکوردستان.

**زیرەک کەمال**
**سکرتێری لیژنەی داکۆکی کردن لە**
**ئازادی ڕۆژنامەنووسی و**
**مافی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان**

**وێنەک بۆ بەڕێز:**
**سکرتێری سەندیکا**
**لیژنەی داکۆکی**
**دۆسییەی گشتی**

**بەدواداچوون**

١-ڕۆژی ١ی نیسانی ٢٠٠٩ ڕۆژنامەنووس **(عبدالرحمان پاشا)** بەنووسراوێکی خۆی

ئاگاداری کردین کە لەلایەن **(ئیسماعیل زایەر)** سەرنووسەری رۆژنامەی **(الصباح الجدید)** لەگەڵ چەند رۆژنامەنووسێکیتر لەسەر کاردەرکراوە، دواتر نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان **(فەرهاد عەونی)** و سکرتێری لیژنەی داکۆکی کردن چەند جارێک لەم بارەیەوە بەدواداچوونیان کردووە، **(ئیسماعیل زایەر)** بەسەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی راگەیاند کە ئەوان دەرنەکراون، بەڵکو بەبێ مۆڵەت چەند رۆژێک رۆژنامەکەیان جێهێشتووەو خۆیان نەهاتوونەتەوەو بەبێ ئەوەی لەکەڵ من قسەبکەن چەندین جار لەکەناڵی جۆراوجۆر قسەیان دژی من کردووە.

٢- لەراپۆرتی شەش مانگی رابردوو ئەوەمان بڵاوکردەوە کەوا هەوڵێکی تیرۆرستی بۆ تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس**(ئەحمەد میرە)** سەرنووسەری گۆڤاری لڤین و ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە ئارادا بووە، بەڵام لەلایەن دەزگای ئاسایشی شاری سلێمانی پووچەڵ کراوەتەوە، ئەوەبوو رۆژی ٢٠٠٩/٤/٢٩ یەکەمین پرۆسەی دادگایی کردنی ئەو تۆمەتبارانە دەستی پێکرد کەویستویانە ئەو کارە ئەنجام بدەن، لەو دانیشتنەدا **(مستەفا ساڵح کەریم)** جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و **(زیرەک کەمال)** سکرتێری لیژنەی داکۆکی لەئازادی رۆژنامەنووسان و **(ئەنوەر حوسێن)** ئەندامی ئەنجوومەن و بەرپرسی لیژنەکەمان لە سلێمانی ئامادەبوون، دواتریش ژمارەیەک دانیشتنیتر تایبەت بەدادگایی کردنی ئەو تۆمەتبارانە بەرێوەچووە و لەهەمووشیان نوێنەری لیژنەکەمان ئامادەبووە، کاتی خۆشی هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە بە ئیمزای **(فەرهاد عەونی)** نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان نووسراوێک ئاراستەی کاک **(نێچیرڤان بارزانی)** سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراو ئەویش بەبایەخەوە وەریگرت و لەم بارەیەوە بەدواداچوونی کرد.

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1. **زیرەک کەمال** | 0750 448 70 85 | **سکرتێری لیژنە** | |
| 2. **ئەنوەر حوسێن** | 0770 153 05 29 | **ئەندام** | a_bazgr@yahoo.com |
| 3. **بەهجەت هروری** | 0750 445 92 58 | **ئەندام** | behcet.hirori@yahoo.co |
| 4. **شوان داودی** | 0770 153 39 26 | **ئەندام** | shwandaudi@yahoo.com |
| 5. **شوان هەورامی** | 0770 143 21 10 | **ئەندام** | shwan67@yahoo.com |
| 6. **ئاکۆ محەمەد** | 0750 445 09 78 | **ئەندام** | akopress74@yahoo.com |

**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**لیژنەی داکۆکی کردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی و**
**مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان**

# (ژین)یش خەرمان بەرەکەت...!

**سەرنووسەر**

لەم رۆژانەی داهاتوودا گۆڤارێک وەکو یادگاری **(ژین)**ی ئەستەنبۆڵ و رۆژنامەی **(ژین)**ی پیرەمێرد لە سلێمانی، بەشێوە و ناوەڕۆکێکی جیا لەوان، دەکەوێتە بەردەستی دەستەبژێرانی کورد.

**(ژین)** گۆڤارێکە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی تەرخانە بۆ پاراستن و دووبارە بڵاوکردنەوەی سامانی بەڵگەنامەی کوردی و بیانی و تایبەت بە کورد و کوردستان و کتێبی دەستخەتی زانایانی کورد و رۆژنامەوانی کوردی و بەرهەمی پەرش و بڵاوی گەورە نووسەرانی پێشووی کورد، وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی سەرچاوەکانی کوردناسی و هی دیکە، سەبارەت بە مێژووی ناوچەکە و گەلانی دراوسێی کورد و سازکردن و بڵاوکردنەوەی پێڕست **(ئیندێکس)** و بیبلیۆگرافیا لەبواری کارەکانی خۆی. ئەم گۆڤارە هاوکارمان **(سدیق ساڵح)** سەرنووسەریەتی و چاوەڕێ دەکرێ بە قەبارەی (٥٠٠) لاپەڕە دەربچێ، گۆڤارەکە لەلایەن ماندوونەناس **(سیروان خەلیل)** تایپ کراوە، مامۆستا **(حەسەن عەبدولکەریمی مودەڕیس)** هەڵەبڕی تێدا کردووە، خەتی رووبەرگیش **(ئەحمەد سەعید)** نووسیویە.لەچاپخانەی شڤان لە سلێمانی چاپ کراوە، ئەمەش بەشێکە لە دەقی **(وتەی ژمارە)**ی گۆڤارەکە:

((**پێشەکی پێویستی دەبینین بڵێین:** (بنکەی ژین بۆ بوژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و رۆژنامەوانیی کوردی) **ساڵی ٢٠٠٤ بە هیمەتی دڵسۆزان و خەمخۆرانی کەلەپووری شارستانیی کورد دامەزرێنرا، بۆ راپەڕاندنی ئەم ئەرک و ئامانجانە:**

**١ ـ لەچاپدانەوەی گۆڤار و رۆژنامەی کۆنی کوردی،**

**٢ ـ لەچاپدانی بەڵگەنامەی کوردی و هی بیانیی تایبەت بە کورد،**

**٣ ـ زیندووکردنەوەی کتێبی دەستخەتی زانایانی کورد،**

**٤ ـ وەرگێڕانی سەرچاوەی زانستی سەبارەت بە میللەتانی دراوسێی کورد و مێژووی ناوچەکە،**

**٥ ـ کۆکردنەوە و لەچاپدانەوەی بەرهەمی پەرش و بڵاوی یەکەم وەچەی نووسەرانی گەورەی زوومان،**

**٦ ـ سازکردنی بیبلیۆگرافیا و ئیندێکس بۆ سەرچاوە و بابەتەکانی مێژوویی،**

**٧ ـ کۆکردنەوە و لەچاپدانی بیرەوەری)).**

**ئەمەش دەقی فۆتۆکراوی هەردوو پێڕستی کوردی و عەرەبی گۆڤاری (ژین) هەردوو ڕووبەرگەکەیەتی:**

ناوەڕۆک

بەشی کوردی


| ناونیشانی بابەت | نووسەر، وەرگێڕ یا ئامادەکار | لاپەڕە |
|---|---|---|
| وتەی ژمارە | | ٣-٤ |
| بابەتی خانەقوڕ گەرمیان لەبەر ڕۆشنایی سەرچاوە کۆنەکاندا | ئازاد محەمەد ئەحمەد | ٧-١٧ |
| [illegible] | گۆدفری ڕۆلینس درایفەر | ١٨-٣٠ |
| وەقفنامەی مەلا جەلال [illegible] | ئەحمەد محەمەد [illegible] | ٣١-٦٠ |
| ئاسیلەی دەستنیشانکردنی خاڵی دانیشتووی [illegible] سابڵاغی موکری | محەمەد جەرادی قازی | ٦١-٨٢ |
| گەشتەکەی میشێل فێر بۆ کوردستان لە ساڵانی (١٦٦٤-١٦٧٤)دا | [illegible] | ٨٣-٩٦ |
| [illegible] کاروباری [illegible] جەنگی جیهانی لە کوردستانی خوارووی" بەشی یەکەم | [illegible] ساڵح ئەحمەد | ٩٧-١٤٢ |
| (کۆمەڵی سەربەخۆیی کوردستان) لە چەند بەڵگەنامەیەکدا | سدیق ساڵح | ١٤٣-١٧٤ |
| نامە لە ئیبراهیم ئەحمەدەوە بۆ [illegible] شێخ [illegible] | [illegible] ئەحمەد | ١٧٥-١٩٠ |
| بیبلیۆگرافیای کوردناسی | د. [illegible] | ١٩١-٢٠٤ |
| زنجیرەی [illegible] دەستنووس | | |
| ١- (تاریخ [illegible]) سەرچاوەیەکی نوێی مێژووی کورد | ئا: د. [illegible] | ٢٠٥-٢٢٠ |
| ٢- کەشکۆڵی عەزیز [illegible] | ئەنوەر سوڵتانی | ٢٢١-٢٣٤ |
| فایلێکی تایبەت بە "محەمەد ئەمین زەکی بەگ" | | |
| ١) صفحات من دفتر ذكريات العلامة محمد امين زكي بك | أ. د. خليل علي مراد | ٢٣٧-٢٧٢ |
| ٢) محمد امين زكي خلال كتابه "خلاصة تاريخ الكرد وكردستان من اقدم العصور التاريخية حتى الآن" | أ. د. عبدالفتاح علي بوتاني | ٢٧٣-٢٩٤ |



۳. چەند سەرنجێکی ڕەخنەگرانەی مێژوویی سەبارەت بە نووسینەکانی محەمەدئەمین زەکی بەگ لەبارەی مێژووی کورد و کوردستانەوە لە سەردەمی ئیسلامیدا ........ د. عیمادەدین نەقشبەندی ........ ٢٩٥-٣٢٢

٤. مۆزەخانەی ئاشیولۆکیی "محەمەدئەمین زەکی بەگ"ی پرۆژەی فۆتۆگرافیی لە کوردستان ........ خالید ئەمرۆیی ........ ٣٢٣-٣٣٦

## القسم العربي


| عنوان المواضيع | الكاتب، الباحث أو المترجم | الصفحة |
| --- | --- | --- |
| كلمة العدد | | ٣٣٧-٣٥٠ |
| وصية مولانا خالد النقشبندي | حسين حسن الكريم | ٣٥١-٣٦٨ |
| مذكرات محمود المنوفي | محمد علي القرداغي | ٣٦٩-٤٢١ |
| أصل تسمية "شهرزور" ومعناها | د. عماد الدين النقشبندي | ٤٢٩-٤٤١ |


## پاشکۆی
### پێرستی ئەرشیفکراوی ڕۆژنامەوانی


| ناوی گۆڤار | ئامادەکار | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| ... "دەنگی گێتیی تازە" (١٩٤٣-١٩٤٨) | ڕەفیق ساڵح | ٤٤٣-٤٧٩ |




# ڕاگەیێندراوێک
# لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە

بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەریی بە درێژایی مێژووی وڵاتەکەمان، هاوشانی بزووتنەوەی سیاسی و خەباتگێڕانەی گەلەکەمان ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی بینیوە لە پەرەپێدانی ئاستی هۆشیاری و بەشدارییەکی کارای هەبووە لە بەرەوپێشبردنی ڕەوڕەوەی مێژوو لە هەموو ئاستەکاندا، لە دوای ڕاپەڕین کە دواجار ئەزموونی هەرێمی کوردستانی لێوە بەرهەم هات و دۆخی ڕۆژنامەگەریش لە سایەوسێبەری ئەو ئەزموونەدا، گۆڕانێکی چۆنایەتی و گەورەی بەخۆیەوە بینی، هەڵبەت دواتریش سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان وەکو پێداویستی و زەرورەتێکی مێژوویی و پیشەیی لەنێو هەناوی ئەو دۆخە نوێیەدا چاوی هەڵهێناو لەپێناوی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆژنامەگەریی بۆ ئەو ئاستەی کە بتوانێت لەنێو ئەو هەلومەرجە نوێیەدا، ئەرکە بابەتی و مێژووییەکانی خۆی جێبەجێ بکات، هاتە سەر شانۆی خەباتی پیشەیی خۆی، ئەویش لە چوارچێوەی یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٩٨ کە بە یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ناوزەد کراوە، لەوکاتەوە تاکو ئێستا سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان توانیویەتی خزمەتێکی بەرچاو بە توێژی ڕۆژنامەنووسان بکات و لە پێناو داکۆکی کردن لە مافە مەدەنی و پیشەییەکانیان هەموو جۆرە شێوازێکی خەباتی مەدەنیانەو دیموکراسیانەی گرتۆتەبەر، لێرەدا کە ئاماژە بە خەبات و ڕۆڵی مێژوویی خۆمان دەکەین لە داکۆکی کردن و خزمەت کردن بەو توێژە، نامانەوێت وەکو منەت و دیارییەک بە ڕۆژنامەنووسانی بفرۆشینەوە، بەڵکو ئێمە وای دەبینین هەر جۆرە خزمەتێکمان بەوان کردبێت و هەر دەستکەوتێکمان بۆیان بەدی هێنابێت، وەکو جێبەجێ کردنی ئەرکێکی پیشەیی و مێژوویی خۆمان سەیرمان کردووە، چونکە هەر لە بنەڕەتدا سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بۆ ئەوە دامەزراوە، کە ڕێنوێنی توێژی ڕۆژنامەنووسان بکات لە ڕووی پیشەییەوە ڕووەو پێشەوەو لەکاتی پێویستیشدا خەمخۆر و داکۆکیکارێکی ڕاستەقینە بێت لە مافەکانیان لە ڕوانگەی دروشمە ناوەندییەکەی کە بریتییە لە "لەپێناو چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسیی و دابین کردنی ماف و گوزەرانی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان"، ئەم دروشمەش لەسەر ئەرزی واقیعدا سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی گرتۆتەخۆ، بەبێ جیاوازی ڕاوبۆچوونی سیاسی و ئینتیمای نەتەوەیی و ئایینی، هەروەکو لەدەستکەوتەکانی سەندیکادا بۆ ڕۆژنامەنووسان بەڕوونی دەردەکەوێ. دیارە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی خۆیەوە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەلایەن قەڵەمە بوێر و خاوەن ویژدانەکان بەردەوام ڕێنوێنی و سەرنج و پێشنیاری پڕ سوود و بەهای خراوەتە بەردەم و بەردەوام ئەنجوومەنی سەندیکاش بە سوپاس و شانازییەوە ڕەخنەو سەرنج و داواکارییەکانی ئەوانی کردۆتە سەرچاوەو ئەزموون و سەرمەشقی کارکردنی خۆی و سوودێکی زۆریشی لێ بینیون، چونکە سەندیکا لەو هەقیقەتە تێگەیشتووە کە ئەرک و باری ئەو قورسەو پێویستی بەهاوکاری سەرجەم ڕۆژنامەنووسان هەیە، دیارە لێرەشدا

سوپاسی ئەو جۆرە رۆژنامەنووسانە دەکات و هیواخوازە لە داهاتووشدا ئەو بەڕێزانە بەردەوام بن لەسەر هاوکاری کردنی سەندیکاکەی خۆیان.

لێرەدا دەمانەوێت ئاماژە بەوەش بکەین کە لەبەرامبەر ئەوانیشدا هەندێک کەس هەن دوور لە مەنهەجییەتی رەخنەو بێ هەستکردن بە بەرپرسیارێتی مێژوویی و بەبێ ئەوەی لەنزیکەوە ئاگاداری ئەرک و ئیشوکاری سەندیکا بن بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوونە کە وێنەیەکی ناڕاست و شێواو بۆ سەندیکا دابتاشن بەوەی کە تۆمەتی پاشکۆیەتی دەسەڵات و بێلایەن نەبوون، یان کارکردنی سەندیکا لەژێر گوشاری حزبیدا دەدەنە پاڵ سەندیکا، زۆرجاریش لەناوەرۆک و ئاستی قسەو نووسینەکانیاندا بەشێوەیەکی ئاشکرا ویستوویانە پێگەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەنێو کایەو پانتاییەکانی واقیعدا لاواز بکەن.

ئێمە لە ئەنجوومەنی سەندیکا لەژێر رۆشنایی یاسای ژمـارە (٤)ی ساڵی (١٩٩٨)ی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و پەیڕەوی ناوخۆو یاسای رۆژنامەگەریی ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٨)، سەرەڕای ئەندامییەتیمان لە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان IFJ کە ئەویش خاوەن بنەمای پیشەیی و میساقی شەرەفی رۆژنامەنووسییە (کە ئەم میساقە بۆتە پاشکۆی یاسای رۆژنامەگەریی لە کوردستان ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٨ و ئەم رێکخراوە نێودەوڵەتییە ١٢٢ سەندیکاو یەکێتی و رێکخراوی رۆژنامەنووسی لە سەرتاسەری جیهان بە ئەندامیەتی ٦٠٠٠٠٠ شەش سەد هەزار رۆژنامەنووس لەخۆدەگرێت)، هەموو ئەمانە وامان لێدەخوازێ کە بەتەواوی بڕوامان بە هەموو جۆرە ئازادییەک هەبێ و قەناعەتێکی پتەویشمان بەوە هەبووە کە رەخنەی مەنهەجی و تێبینی و سەرنجی توێژی رۆژنامەنووسان پاڵپشتێکی مەعنەوی گەورەیە بۆ زیاتر کارابوونی سەندیکا لە هەموو بوارێکدا، بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە کە لە ئاستی ئەوانە بێدەنگبین کە دەیانەوێت بەپێچەوانەی روخسارو سەنگی راستەقینەی خۆی وێنەو ناوەڕۆکێکی سەلبی بە تەوێڵی سەندیکاوە بلکێنن کە ئەمەشیان ئاشکرایە بە چ هۆکارێک و لە چ روانگەیەکەوە سەرهەڵدەگرێ، کە بێگومان ئەرکی سەرەکی تێدا لێکترازانی ریزی رۆژنامەنووسانی کوردستان و لەباربردنی دەستکەوتەکانیانە..

لەروانگەی ئەو راستییانەی کە باس کران، ئێمە نامانەوێت لەبەرامبەر ئەو جۆرە قسەو نووسینانە لە بنەماکانی رەخنە دووربکەوینەوەو پێشمان وایە نووسینی ئەوان ناتوانێت لەگرنگی رۆڵ و پێگەی مەعنەوی سەندیکای رۆژنامەنووسان کەم بکاتەوە، بۆیە بەپێویستی نازانین کە وەڵامی هیچ لەو نووسینانە بدەینەوە، بەڵکو لێرەدا بەشێک لەهەڵوێست و کارو چالاکی و دەستکەوتەکانی سەندیکا بۆ رۆژنامەنووسان، دەخەینە بەردەم رای گشتی، کە پێمان وایە باشترین وەڵامە بۆ تێکڕای ئەو نووسینانە:

١. بەئەندام بوونی بەشی هـەرەزۆری رۆژنامەنووسان لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەجیاوازی بیروڕای سیاسی و ئینتیمای نەتەوەیی و ئایینی و مەزعەبی، گەواهیدەری ئەو راستییەیە کە سەندیکا بۆتە چەتر و ساباتی ئومێدی ئەوان و بۆیەش ئازادانەو دوور لە گوشار و لەسەر بنەمایەکی ئارەزوومەندانە لەژێر ئەو چەتر و ساباتەدا کۆبوونەتەوە، دیارە ئەو تێگەیشتنەی ئەوان، ئەوە نیشاندەدا کەچۆن سەندیکاکەیان بێ پەرواو بەردەوام بەبێ سڵکردنەوە لە هەر جۆرە ماندووبوون و بەربەستێک لە خزمەتی ئەواندابووە و تەنها رۆژێکیش تێناپەڕێ کە چەندین رۆژنامەنووس سەردانی بارەگاکانی ئەنجوومەن و لقەکان و نووسینگەکانی نەکەن بە مەبەستی بوونە ئەندام لە سەندیکادا، سەرەڕای لە باوەشگرتنی بە دەیان رۆژنامەنووسی پارچەکانی دیکەی کوردستانی دابەشکراو و ئاسانکردنی کارو چالاکییەکانیان و بەیاسا کردنی پێگەی یاسایی رۆژنامەنووسییان لە وڵاتانی خۆیان ئەویش بە دابین کردنی پێناسەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان IFJ کە تاڕادەیەکی یەکجار گەورە زەمانەتی کارە پیشەییەکانیان دەکات.

٢. پرۆژە یاسای سندووقی خانەنشینی رۆژنامەنووسان کە پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠١)ەوە پەسەندی کردووەو بۆتە یاساو زمانەتێکی مێژوویی بۆ توێژی رۆژنامەنووسان،

چونکە رۆژنامەنووس بەبێ ئەوەی فەرمانبەری هیچ فەرمانگەیەک بێت، تەنها لە رێگای جێبەجێ کردنی ئەرکی پیشەیی خۆیەوە کە خزمەتەکەی گەیشتە سنووری خانەنشینی، ئەوا خانەنشین دەبێت، کە ئەمەش بەری رەنج و کارکردنی سەندیکا بووە، دیارە بەمەش لە ئاستی مێژووییدا ئەرکێکی بنەڕەتی خۆمانمان جێبەجێ کردووەو ئێستاکە چەندین رۆژنامەنووس بەپێی ئەم یاسایە مووچەی خانەنیشینی لە سندووق وەردەگرن و ئەنجوومەنی سەندیکاش ماوەیەکە خەریکی هەوڵدانە بە مەبەستی هەموارکردنی یاسای سندووقەکەو زیادکردنی بڕی مووچەکە.

٣. یاسای رۆژنامەگەریی کە زۆری لە بارەوە گوتراوەو زۆری لەسەر نووسراوەو تێکڕای پسپۆڕان و شارەزایانی بواری یاساو چەمکەکانی ئازادی، ئەو یاسایە بە ژێرخانی رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی و پردی رێکخستنی نێوان رۆژنامەنووسان و ناوەندەکانی دەسەڵات و کۆمەڵگا دادەنێن و بە زەمانەتی زیاتر پێشخستنی توێژی رۆژنامەنووسان و چەکێکی مەدەنیانەی داکۆکی کردن لەو توێژەی دەزانن، هەڵبەت سەرەڕای پاڵپشتی راستەوخۆی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەو یاسایەش بەری رەنج و کۆشش و ئیرادەی کارکردنی بەردەوامی سەندیکای رۆژنامەنووسانە لە پێناو خزمەتکردن بە رۆژنامەنووسان و پتەوکردنی بنەماکانی مەدەنیەت و دیموکراسیەت لە کوردستان، کە خاڵە هەرە گرنگەکانی بریتین لە نەهێشتنی حەپسکردنی رۆژنامەنووسان و قەدەغەکردن و داخستنی رۆژنامەو گۆڤارەکان و نەهێشتنی مۆڵەت لە حکومەت و تەنیا تۆمارکردنیان لە سەندیکا.

٤. دابینکردنی سەدان پارچە زەوی نیشتەجێ بوون لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دابەشکردنی بەسەر رۆژنامەنووسانی نیشتەجێی سنووری پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆک، بەبێ بەرامبەر و سەندیکا بەردەوامە لە هەوڵدان بۆ دابینکردنی زەوی بۆ ئەو رۆژنامەنووسانەی کە تاکو ئێستاکە سوودمەند نین.

٥. ئەنجامدانی چەندین خول و وۆرک شۆپ لەبوارەکانی پیشەیی و سەلامەتی رۆژنامەنووسی لەسەرجەم لق و نووسینگەکانی سەندیکا لەماوەی رابردوودا کە بە سەدان رۆژنامەنووس بەشدارییان تێدا کردووە.

٦. هەر شەش مانگ جارێک لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە سەندیکا راپۆرتێک لەسەر رەوشی رۆژنامەنووسیی و هەر جۆرە پێشێلکارییەک لە بەرامبەر رۆژنامەنووس، بڵاودەکاتەوە، تیایدا بەوپەڕی جورئەتەوە بێلایەنانە ئەو راپۆرتە دەکاتە ئاوێنەی خستنەڕووی واقیعی رۆژنامەنووسیی لە هەرێمی کوردستان دێتە پێشەوە، ئەوە سەرەڕای هەڵوێستی رۆژانەی سەندیکا بەرامبەر هەر پێشێلکارییەک و کە ئامادەبوونی ئەندامانی ئەنجوومەن لە دادگاو بنکەکانی پۆلیس، بەمەبەستی پاڵپشتی ئەو رۆژنامەنووسانەی کە لەسەر کاری رۆژنامەنووسیی تووشی کێشە هاتوون..

بۆ بەبیرهێنانەوەی هەموو لایەکیش دوا راپۆرتی لیژنەی داکۆکی لە سەندیکادا لەگەرمەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمدا لە ٢٠٠٩/٧/١دا بڵاوکرایەوە، کە ئەمەیان بەڵگەیەکی روونە لەسەر بێلایەنی و سەربەخۆیی سەندیکا، سەرەڕای هەڵوێستی سەربەخۆی تەواوی سەندیکا، لە پشتگیری نەکردن لە هیچ لیستێک لە پرۆسەی هەڵبژاردندا.

٧. ئەژمارکردنی خزمەتی رۆژنامەنووسی بۆ سەر کاری فەرمانبەری، کاتێک رۆژنامەنووس لە فەرمانگەیەکی حکومەت دادەمەزرێ، ئەوجا لە ساڵێکەوە بۆ دە ساڵ، کە تێیدا بە سەدان رۆژنامەنووس سوودیان لەو بڕگەیەی یاسای سەندیکا بینیوە، بەردەوامیش تاکو رۆژانی ئەمڕۆ ئەم کارە جێبەجێ دەکرێت.

٨. یارمەتیدانی رۆژنامەنووسان بەبڕێک پارە لەکاتی نەخۆشی و حاڵەتی نائاساییان، لە چوارچێوەی یاساو بودجەی سەندیکادا، کە پاش کۆنگرەی دووەم تاکو ئێستا بڕی زیاتر لە

(٥٠) ملیۆن دیناری عێراقی بۆ ئەو مەبەستە لەلایەن ئەنجوومەنی سەندیکاوە خەرج کراوەو زیاتر لە (١٨٠) ڕۆژنامەنووس و خێزانی ڕۆژنامەنووسان و خانەوادەی ڕۆژنامەنووسانی شەهید لێی سوودمەند بوون، ئەوەش سەرەڕای چەندین ملیۆن دیناری دیکە کە لەلایەن لق و نووسینگەکانی سەندیکاوە بۆ ئەم مەبەستە خەرج کراوە.

ڕاپۆرتی پێشووی کۆنگرەکانی سەندیکاو ڕاپۆرتی داهاتووشی لە کۆنگرەی سێیەمدا بەڵگەی بەپیرەوەچوونی سەندیکایە بۆ ڕۆژنامەنووسان، ئەوەو سەرەڕای ئاراستەکردنی نووسراوی ڕاستەوخۆ بۆ سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هاوکاری هەندێ لە ڕۆژنامەنووسان کە چارەسەریی نەخۆشییان لە دەرەوەی وڵاتە و بەهەزاران دۆلاری تێدەچێت، کە تاکو ئێستاکە چەندین حاڵەتی لەمجۆرە جێبەجێ کراوە..

٩. پێدانی پێناسەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان بۆ ئەندامانی کارای سەندیکا لەکاتی داواکردنیان، دیارە ئەمەشیان پێگەیەکی مەعنەوی دەداتە ڕۆژنامەنووسانی کارای کوردستان بەتایبەتیش لەکاتی چوونە دەرەوەیان بۆ وڵاتانی دیکە.

١٠. درێژەدان بەدەرکردنی گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس) کە بۆتە سەرچاوەیەکی زانستی گرنگی بواری ڕۆژنامەنووسیی بۆ توێژەران و قوتابیان و خوێندکارانی بواری ڕاگەیاندن، هەروەها گۆڤاری (الصحفي) کە مانگانە بەزمانی عەرەبی دەردەچێت.

١١. پیادەکردنی بنەماکانی دیموکراسی لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەی گشتی و هەڵبژاردنی لیژنەی لق و نووسینگەو ئەنجوومەنی سەندیکاو نەقیبی ڕۆژنامەنووسان، بەسەرپەرشتی دادوەرو نوێنەرانی دەزگا ئیدارییەکان، لەبەرچاوی سەرجەم ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕەخساندنی کەش و هەوایەکی دیموکراسیانەی ئازادانە کە بۆ هەر تاکێک مافی خۆی زامن کرابوو.

لەکۆتاییدا ئێمە جارێکی دیکە بۆ ڕای گشتی ڕۆژنامەنووسان ڕایدەگەیەنین کە سەندیکا سوور و بەردەوامە لەسەر هەڵوێستی پیشەیی نەگۆڕی خۆی لە داکۆکی کردن لە ئازادی ڕۆژنامەنووسیی و مافی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان، بۆ ئەوەی ڕاگەیاندن بە کردەیی ببێتە دەسەڵاتی چوارەم و ڕۆڵی شارستانی خۆی ببینێ لە ڕەوتی گەشەسەندنی کۆمەڵگای کوردستاندا.

**ئەنجوومەنی**
**سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**
**٢٠٠٩/٨/٢٧**

هەوڵنامەی کتێب

17

# ROZHNĀMANOOS

Aperiodical Magazine Specialized in Press
Issued by Kurdistan Journalist`s Syndicate

2009